# بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد

لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد

## لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە

### بەرگی حەوتەم

**محەمەد عەلی قەرەداغی**

ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردستان



کتێب: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە – بەرگی حەوتەم
دانانی: محەمەد عەلی قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٤٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ئازموودە
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ


من تأليف المولى
الشيخ الإمام الأجل رحلة
الأدب ملك النحاة شيخ العرب
والعجم مجاور البيت والحرم فريد عصره
ووحيد دهره جار الله العلامة
ابو القسم محمود بن عمر الزمخشري
طاب ثراه

## وتەیەک لەسەر حوجرە و مەدرەسە

حەزم دەکرد ئەم کتێبە بەشێوەیەکی زانستییانەی وەها بنووسرایەت -هیچ نەبێ- دڵی خۆم پێی ڕازیی بوایەت، بەڵام وەک لەسەرەتاوە هۆکەی یا هۆکانیم نووسیوە نەکراو نەگونجا.. هەروەها حەزم دەکرد ناوی حوجرە و مەدرەسەکان لەسەر ڕز و زنجیرەیەکی زانستییانەی وەها بوایەت ئەو شکۆمەندییە گەورەیەی دەوری حوجرە و مەدرەسە - یان باشتر بڵێین ئەو دەورە گەورەیەی جەماوەری کوردستانی لە بەرز ڕاگرتنی حوجرە و مەدرەسە و مەلا و فەقێی کوردستاندا - ی وەک شیاویەتی تێدا ڕەنگ بدایەتەوە، بەڵام دووبارە ئەمەیش نەگونجا، هۆی سەرەکی ئەمە بۆ پەرتەوازەیی دەستخەت و شوێنەواری مەلا و فەقێی کورد دەگەڕێتەوە، کە بەرهەمی زێڕینی حوجرە و مەدرەسەن و، ڕەنگە، نەک لەم کتێبەی مندا - ئەگەر کەس ببێ بەدوایدا بچێت - بەچەندین بەرهەم و لە چەندین ساڵی دیدا - ئەگەر لە توانادا بێت - نەگاتە ئەنجامی تەواو.

### نیشانەی دەستخەتەکان:

وەک بەرگەکانی پێشوو لەم بەرگەیشدا چەند سەرچاوەی دەستخەتم بەکارهێناوە کە لەبەرگەکانی پێشوودا نەبوون. بۆ ئەم سەرچاوە نوێیانە و ئەو کەسانەی سوودم لێ وەرگرتوون ئەم نیشانانەم داناوە:

١- ٠٠٠/خ کتێبخانەی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ.

٢- ٠٠٠/س کتێبخانەی بوزورگی شاری سنە.

٣- کاک خالص لە هەولێر

٤- عیرفان - عیرفان جاف

٥- ٠٠٠/ع مەبەست مەلا عوثمانی موفەتیشە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافی سلێمانی.

دەبێ ئەوە بلێم ئەو برا بەڕێزە شەیدای دەستخەتەو، زۆر بەپەرۆشی کۆکردنەوە و بەدەستهێنانیەوەیەو، درێخیش لەوە ناکات هەرچی دەست بکەوێت پیشانی منی بدات بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرم. لەم بەرگەدا ئەنجامی ئەو دڵسۆزییەی ئەم برایە بە ڕوونی دەبینرێت.





**پیتی ئەلف**

١- ٢٦٣/خ حاشیة السید شریف الجرجاني.

ڕەسووڵی کوڕی سەیید محەمەدی بەرزنجیی ساڵی ١٢٤٢ لە **ئەڵەبجە** لە خزمەتی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانیدا نووسیویەتیەوە.

٢- ١٤٢/ع المطول.

عەبدولفەتاح لەبەر خاتری مەلا لوطفوڵڵا ساڵی ١٢٤٧ لە شاری **ئەربیل** نووسیویەتیەوە.

٣- ١٠٣/ع ئیستیعارە و وەضعی مەلا ئەبوبەکری میرڕۆستەمی. پەڕپووتە. قاسمی گراویی ساڵی ١٢٥٠ لە شاری **ئەربیل** نووسیویەتیەوە.

لە کۆتایی حاشیەیەکیشەوە دەڵێ: لە گوندی (شوک) نووسیویەتیەوە.

٤- ١١/خ حاشیە بەسەر (انوار التنزیل)ەوە. محەمەد مەعرووفی کوڕی سەید ڕەسووڵی بەرزنجی ساڵی ١٢٥٦ لە **سلێمانی** لە مزگەوتی مەلا **ئەحمەد** نووسیویەتیەوە.

٥- ٤٨/ع غایة الاختصار - فتح القریب - زوبەیری کوڕی... لە خزمەتی مامۆستای مامۆستا عوثمانی **ئیبنولحاجدا** ساڵی ١٢٨٧ نووسیویەتیەوە.

٦- ٩١/خ فەرائیضی شەرح مەنهەج.

عوثمانی کوڕی شێخ عەبدوصەمەدی چنارەیی ساڵی ١٢٩٢ لە مزگەوتی حاجی **ئەحمەد ئاغا** لە شاری کەرکووک نووسیویەتیەوە.

٧- ٣٥٥/خ حسامکاتی/

عوثمان ساڵی ١٢٩٤ لە گوندی **ئەڵەبجە** نووسیویەتیەوە.

٨- ٢٩٩/خ نامیلکەی وەضعی مەلا ئەبوبەکری میرڕۆستەمی.

شێخ سەمیعی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەلی چنارەیی دانیشتووی ئەربیل لە بەر خاتری خوێندن لە مەدرەسەی **مەلا ئەبوبەکری** ناسراو بە مەلا گچکەی کوڕی حاجی مەلا عومەر ئەفەندیی ئەربیلی ساڵی ١٣٠٢ نووسیویەتیەوە.

٩- ٢٩٠/خ شەرحی هۆنراوەی (تنقیح العبارات)ی شێخ مەعرووفی نۆدێ. سەمیعی کوڕی شێخ ئەحمەدی چنارەیی دانیشتوو لەبەر خاتری عیلم لە شاری **ئەربیل** ساڵی ١٣٠٣ نووسیویەتیەوە.

١٠- ١٨٩أ/خ بەشی دووەمی موحەڕەڕ:

محەمەد ڕەزا لە مزگەوتی **(آقا حبیب الله)** لە خزمەتی مامۆستا شێخ مەحموودی کوڕی

شێخ قادری سلیمانییەیدا ساڵی ١٣٠٤ نووسیویەتیەوە.

هەر لەو لاپەڕەدا نووسراوە: کوڕانی کەدخودا محەمەدی ئەوێهەنگیی کە لە ناو حوکمی نەجەف قولی خاندا دیومە لە مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی ١٢٧٧دا بووە.

ئەمە ساڵی ١٣١١ نووسراوەتەوە.

١١- ٦١٨س المعفوات.

دانراوی مەلا خەلیلی سعرتی کە مامۆستای مامۆستا مەلا یەحیای مزووریی بووە.

فەیضوڵلای خانەقایی ساڵی ١٣١٨ لە شارۆچکەی **ئەڵەبجە** نووسیویەتیەوە.

١٢- عەلادین شێخ حامید

١- شرح الصدر باسماء اصحاب البدر

دانراوی شێخ مەعرووفی نۆدێیی.

شێخ عەزیزی دۆڵپەموویی ساڵی ١٣٢٠ لە گوندی **ئەبوعوبەیدە**، - عەبابەیلێ - لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدوڵلای شێخ قادردا نووسیویەتیەوە.

١٣- ٢٥/ع کۆمەڵێک دانراوی تێدایە بەم شێوە:

١- شافیەی ئیبنولحاجیب

٢- الرسالة العضدیه و شەرحی عیصامی بەسەرەوە.

ئەدیب و نووسەری ناسراوی کورد ئەمین یومنیی ساڵی ١٣٢٣ لە مزگەوتی مەلا **ئەمینی مام** ڕۆستەم لە سلێمانیی نووسیویەتیەوە.

٣- قزڵجیی بەسەر جامیی‌یەوە، هەمان مامۆستا نووسیویەتیەوە.

٤- قزڵجیی بەسەر تەصریفی مەلا عەلییەوە.

١٤- ٢٨٩/خ شرح تنقيح العبارات في توضيح الاستعارات.

محەمەدی عوبەیدی ساڵی ١٣٢٨ لە مەدرەسەی **ئەبوعوبەیدە** نووسیویەتیەوە.

١٥- ٣٧١/خ شرح الگلنبوي على رسالة اثيرالدين الابهري.

محەمەد عەلی کوڕی شێخ محەمەدی چنارەیی ساڵی ١٣٢٩ لە مزگەوتی شێخ **ئەمینی خاڵ** لە خزمەتی مامۆستا شێخ عەبدوڵلادا لە سلێمانیی نووسیویەتیەوە.

١٦- ١٥١/ع گەلەنبەوی شەرح.

عوبەیدوڵلای کوڕی یەحیای کاژاویی ساڵی ١٣٤٧ لە گوندی **ئەڵمانە** لە خزمەتی مامۆستا باباشێخدا نووسیویەتیەوە.





**پیتی بێ**

١- ٣٦٤/خ الرسالة الحنفية فى الآداب.

یوسفی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەد یوسفی عەبدەڵانی مانگی شەوالی ساڵی ١١٣٧ لە گوندی **بانە**، لای مامۆستا مەلا محەمەدی بانەیی نووسیویەتیەوە.

٢- ٤٦٨/خ المناهج الكافية في شرح الشافية لە عیلمی صەرفدا، دانراوی قاضی زەکەریای ئەنصاریی.

ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی حسەینی ڕەشەکانی ساڵی ١٢٢٥ لە گوندی **باغ**، لە خزمەتی مامۆستا سەید صادقدا نووسیویەتیەوە.

٣- ٤٥٩/خ رسالة فى قواعد بعض الكلمات.

ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی حەسەنی ڕەشەکانی، لە گوندی **باغ**، لە ناوچەی سوورداش، ساڵی ١٢٢٦ نووسیویەتیەوە.

٤- ٤٠٥/خ حاشية عبدالحكيم السيالكوتي على حاشية عبدالغفور اللارى على شرح الفوائد الضيائية في النحو.

عەبدوڕەسوولی کوڕی سەید محەمەدی کوڕی سەید عەبدوڕەسوولی بەرزنجی ساڵی ١٢٢٨ لە مەدرەسەی **بەرزنجە** نووسیویەتیەوە، لە کۆتاییەوە نووسیویە:

ئەم کتێبی عەبدولحەکیمە لەگەڵ عەبدولغەفووردا مەگەر هەر خودا بزانێ چۆن بەخوێنی جگەر نووسیومنەوە، بەڵام هیچیانم هێشتا تەصحیح نەکردووە. دوایی دەڵێ: سوپاس بۆ خودا کەمێکیان نەبێ تەصحیحم کردن.

٥- ٩٥/ع

کتێبێکی فەرائیضە لە سەرەتاوە ناتەواوە.

محەمەدی کوڕی ... ساڵی ١٢٢٩ لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی مەلا صاڵحدا لە گوندی (**بیسکا**) نووسیویەتیەوە.

٦- ٢٧٨٣- د/ع شرح المغنى، عليه تملك لمحمد البيتوشى ١٣١.

عەبدولکەریمی کوڕی خضری کوڕی ئەحمەد ساڵی ١٢٣٨ لە گوندی **بست** نووسیویەتیەوە.

٧- ٦/عرفان الربع الثالث - المهلكات من كتاب احياء علوم الدين.

دانراوی ئیمامی غەزالیی، فەخرەدینی کوڕی ئەحمەدی کوڕی خضری کوڕی ئەحمەدی ڕوودباریی ساڵی ١٢٧٤ لە گوندی **بوریدەر** کە موڵکی خۆیان بووە، بەشێکیشی لە

سنە نووسیویەتیەوە.

٨- ٨٥/ع حاشیەی محەممەد حسەینی حەریری لە سەرەتاوە ناتەواوە.

محەمەد صاڵحی کوڕی مەلا محەممەدی کوڕی عەبدوڕەحمانی قازیی ساڵی ١٣٠٢ لە مەدرەسەی **بیارە** لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولقادردا نووسیویەتیەوە.

٩- ٣٦/س گەلەنبەویی بورهان، عەبدولحەمیدی کوڕی عەبدولکەریم ڕۆژی شەمەی ٢٨ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٠٣ لە ئەعظەمییە لە شاری **بەغدا** نووسیویەتیەوە.

١٠- ٦٥/ع الاظهار.

مەحموودی کوڕی مەلا محەممەد ئەمینی کوڕی شێخ ئەحمەدی سەراویی، یان (الراوی)، ساڵی ١٣١١ لە گوندی **بێشوە** لە خزمەتی مامۆستا مەلا صادقدا نووسیویەتیەوە.

١١- عەلادین شێخ حامید دۆڵپەموویی،

١ فیعلی سەعدوڵلا عەبدولفەتاحی دۆڵپەموویی، ساڵی ١٣٣٢ لە مزگەوتی **بازاڕ**، لە شاری **سابلاغ** نووسیویەتیەوە.

١٢- ٣٠/٣/ع شەرحی قەوشەجیی لە نامیلکەی عەضودیی.

عوبەیدوڵلای کەمانتۆیی کوڕی میرزا عەبدوڵلای کوڕی حاجی عەبدولکەریمی کوڕی محەمەدی بانەیی، ساڵی ١٣٣٥ لە گوندی **بزورگ قەلعە** لەسەر شیوی سەقز نووسیویەتیەوە.

١٣- ٣٠/٦/ع شیعری عەرەبیی سەعدیی شیرازیی.

عوبەیدوڵلای کەمانتۆیی ساڵی ١٣٣٥ لە گوندی **بزورگ قەلعە**ی سەرشیوی سەقز نووسیویەتەوە.

١٤- عەلادین/ شێخ حامید دۆڵپەموویی

عەوامیلی جورجانیی. محەممەد ڕەشیدی گەورە قەلایی، ڕۆژی جومعەی شەعبانی ساڵی ١٣٤٥، لە گوندی **بایەوە** کاتی ڕۆیشتنی نووسەرەوە بۆ گوندی پێنجوێن نووسیویەتیەوە.

١٥- ١٢٠/ع غاية التصريف.

شەرحی تەصریفی مەلا عەلی دانراوی مەلا پیرۆت.

مصطەفای کوڕی حاجی مەلا ڕەسوڵی خەرابەیی، ناسراو بە تەلانی، ساڵی ١٣٤٧ لە گوندی **(بانەگلان)** نووسیویەتیەوە.





١٦- ١٢١/ع قزڵجی بەسەر (تەصریفی مەلا عەلی)یەوە،

مصطەفای کوڕی مەلا ڕەسوڵی تەلانی، ساڵی ١٣٤٧ لە گوندی **(بانەگلان)** نووسیویەتیەوە

١٧- ١١٠/ع الاربعين حديثا.

فایەقی کوڕی سەعید ساڵی ١٣٤٨ لە گوندی **بناوەسووتە** نووسیویەتیەوە.

١٨- ٥٣/١/ع الرسالة الحنفية.

ئەحمەدی کوڕی محەممەدی فەقێ عەلی، مەشهوور بەنێوچەوانیی، لە گوندی **بیشاسب** لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەممەد سەعیدا. ساڵی ١٣٥١ نووسیویەتیەوە.

١٩- ٥٥/ع عصام الدين.

محەممەدی دەرگا شێخانیی ساڵی ١٣٥٣ لە گوندی **بناوەسووتە** لە خزمەتی مامۆستایان مەلا محەممەد و مەلا ئەحمەدا نووسیویەتیەوە.

لەدوای ئەم کتێبەوە دوو پارچە شیعر و پارچەیەک شیعری عەبدوڕەحمانی تێدایە.

٢٠- ١٤٨/ع تشريح الافلاك.

عەبدولکەریمی کوڕی مەلا عەبدوڵلای موفتیی بێتووشیی، ساڵی ١٣٥٤ لە گوندی **بێژوە**، لە خزمەتی مامۆستا مەلا صالحی کوڕی مامۆستا مەلا نەجیبدا نووسیویەتیەوە.

٢١- ١٩٨/ع الرسالة الشمسية في القواعد المنطقية.

مەلا ئەحمەدی بێتووشیی ساڵی ١٣٥٥ لە گوندی **بێشیر** لە خزمەتی مامۆستا مەلا خضری گیرەییدا نووسیویەتیەوە.

٢٢- ١١٠/ع كافي التجويد.ی. شێخ عەبدوڵلای شێخ یوسف، حەمەی مەلا کەریم ساڵی ١٣٦٥ لە **بیارە** نووسیویەتیەوە.

٢٣- ٩٢/ع الاعراب عن قواعد الاعراب.

لە کۆتاییەوە ناتەواوە، عەلی بێتووشی، لە گوندی **بێتووش**، نووسیویەتیەوە، حاشیەی مەلا عەبدوڵلای بێتووشیی بەسەرەوەیە.

٢٤- ٩٤/ع تفسير البيضاوي

لە سەرەتاوە پەڕەیەکی کەوتووە، بەدوو سێ خەت نووسراوەتەوە، تا کۆتایی سوورەتی (الكهف)ی تێدایە، مێژووی پێوە نییە، کۆنە، لە کۆتایی حاشیەیەکیەوە نووسراوە:

ئیلیاسی کوڕی مصطەفای کوڕی محەممەد لە گوندی **بالیسان** نووسیویەتیەوە.

٢٥- خالص کتێبێکی ناتەواوە لە نحودا.

سەید محمد لە گوندی **بالیسان** نووسیویەتیەوە. وابزانم ئەو سەید محەمەدەیە کەشکۆڵەکەیم لە بەرگی پێنجەمی مێژوودا باسی کردووە.

### پیتی پێ

١- ٢٣٠/خ (ریاض الخلود)ی مەلا ئەبوبەکری موصەننیف.

حسەینی حسەینیی سیتەکیی ساڵی ١٢٢٥ لە گوندی **پێنجوێن** نووسیویەتیەوە.

٢- ١٦/ع شەرحی تەصریفی مەلا عەلی، دانراوی مەلا پیرۆت.

محەمەد ئەمینی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدی هەنجیرەیی بەردەشانیی لە شارۆچکەی کۆیە لە مزگەوتی **پلکە** لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەد تۆفیقدا ساڵی ١٣٣٠ نووسیویەتیەوە.

٣- ٨٩/ع حاشیەی مەلا عەلی قزلجیی بەسەر تەصریفەوە.

محەمەد ئەمینی ولزوی لەبەر خاتری مامۆستا مەلا ئیسماعیل ساڵی ١٣٣٤ لە گوندی **پاراست** نووسیویەتیەوە.

٤- ١٥٧/ع الفوائد الحمیدة فی کشف نظم الفریدة.

نووسەرەوەکەی لە شاری **پێنجوێن** لە خزمەت مامۆستا مەلا ئیسماعیلدا نووسیویەتیەوە. مێژووی ٢٢/٤/١٩٥٢ی بەخەتێکی نوێ پێوەیە.

٥- ٣٦/س عەبدوڵڵا یەزیدیی، عەبدولحەمید لە مەدرەسەی **پێنجوێن** نووسیویەتیەوە.

٦- ١٣/ع رسالة البیان: ئیستیعارەی مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی.

... لەمزگەوتی **پلک** نووسیویەتیەوە.

٧- ٣٠/س کۆمەڵێک دانراوە، چەند کەس هاوکارییان لە نووسینەوەیدا کردووە.

یەکێکیان کە عیصامەدینە، سەعدەدین لەبەر خاتری مامۆستا عەبدولحەمید لە باخی **پێنجوێن** نووسیویەتیەوە.

### پیتی تێ

١- ٣٧٤/خ رسالة جهة الوحدة لمحمدأمین.

یوسفی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی ناسراو بە مەلا لەرزە، ساڵی ١١٢٨ لە گوندی **تەلە**، لە ناوچەی حەریر، لە مەدرەسەی مامۆستا مەلا محەمەدی گەرەویدا نووسیویەتیەوە.





٢- ٧٦/ع دەستخەتێکی گەورەی ناتەواوی شەرعە لە کۆتایی حاشیەیەکیەوە دەڵێ: ڕەسووڵ لە گوندی **(توژن)** نووسیویەتیەوە.

لە شوێنێکی دیدا محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیم مێژووی لەدایکبوونی دوو سێ منداڵی تێدا نووسیوە لە ساڵانی ١٢٠٢ و ١٢٠٧ و دوای ئەوە، خاوەنی کتێبەکە لەو سەردەمەدا محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیم بووە.

٤- ٤١٠/خ ٣-٤٣٦ /خ حدایق الدقایق في شرح رسالة علامة الحقایق في النحو - الانموذج - لجارالله الزمخشري.

شەرحەکە ناسراوە بەشەرحی سعدالدین - سەعدوڵڵای گەورە - سولەیمانی جوانڕۆیی ساڵی ١٢٦٤ لە گوندی **تورجان** لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەلی قزلجیدا نووسیویەتیەوە.

٤- ٤١٠/خ النهجة المرضیة في شرح الالفیة.

سولەیمانی جوانڕۆیی لە گوندی **(تورجان)** نووسیویەتیەوە.

### پیتی جیم

١- ٧٥/ع مینهاجێکی ناتەواوە.

لە کۆتایی حاشیەکانەوە ناوی ئیبراهیمی کوڕی عەباس هەیە.

حاشیەی مەلا مەحموودی بێتووشی بەسەرەوەیە.

مێژووی لە دایکبوونی محەمەدی بەسەرەوەیە ساڵی ١١٦٧ لە گوندی **(جمبوشە!)** لە دەوری مەرگە.

لە پێش کیتابی صەومدا دەڵێ: بەهەزار زەحمەت و خەفەتەوە لای مەولانا غەزائی خوێندم.

٢- ٤٤٢، ٤٤٣، ٣٦١، ٣٥٤، ٣٥٦، ٤٤٤/خ ئەمانە کە لەیەک بەرگدان و صەدان لاپەڕەن بەشێکن لە نووسراوەکانی سولەیمانی **جوانڕۆیی**، ئەم دەستخەتەی ساڵی ١٢٥٧ لە **بەغدا** نووسیوەتەوە.

٣- ١١٩/ع گەلەنبەوی.

محەمەدی کوڕی مصطەفای کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کانی عوبەیدەیی ساڵی ١٣٥٢ لە گوندی **چرچە قەڵا** نووسیویەتیەوە.

٤- ٤/عرفان الفریدة. دانراوی شێخی سیووطیی.

محەمەد سەعیدی لۆنی لە خزمەتی سەید عەطائوڵلای مودەڕیسی چۆڕدا، کە ئەویش کوڕی حاجی سەید محەمەدی کوڕی عەللامە حاجی سەید حەسەنی چۆڕییە ساڵی ١٣٧١ لە **چۆڕ** نووسیویەتیەوە.

٥- عەلادین شێخ حامید

پارچەیەک شیعری عەرەبییە عەزیزی دۆڵپەموویی لە گوندی **چنارە** لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەدی کۆکۆییدا نووسیویەتیەوە.

## پیتی حێ

١- ١٠٢/ع فناری.

ئیسماعیلی کوڕی عوثمانی کوڕی جونەید ساڵی **١١٥٥** لە گوندی **(حزو...)** نووسیویەتیەوە.

٢- ١٩١/خ نامیلکەی (سیف الله) دانراوی مەلا محەمەدی کەوانە دۆڵیی، عەبدوسەمیعی کوڕی شێخ ئەحمەدی چنارەیی ساڵی ١٣١٠ لە گوندی **(حاجی قەرە)** نووسیویەتیەوە.

## پیتی خێ

١- ٢٦٧٥ - ٢٦٧٨ الشیرانشی.

ساڵی ١٢١١ لەبەر خاتری شێخ عەبدوڵلای خەرپانی لە گوندی **(خەرپانە)** نووسراوەتەوە.

٢- خەرپانی، بەشەکانی نیکاح و جیراحی کتێبی توحفە ئەمیر سلێمان بەگی کوڕی خالید پاشای کوڕی سلێمان پاشای شەهید ساڵی ١٢٢٢ وەقفی کردووە لەسەر مەدرەسەی شێخەولای - شێخ عەبدولای **خەرپانی** و شێخ محەمەدی کوڕی شێخ یوسفی (السمواتی) ئاگاداری وەقفەکە بوون و مۆریشی کردووە.

٣- ١/ع موختەصەری مونتەهاو (تجریدالعقائد) و چەند حاشیەیەک.

محەمەد ناوێک لە مەدرەسەی **(خسروی)** لە شاری (آمد) نووسیویەتیەوە.

## پیتی دال

١- ٥٦/ع محەمەدی کوڕی مصطفا حاشیەی هەیە بەسەریەوە و ساڵی ١١٠٧ لە گوندی **(دری)** نووسیویەتیەوە.

لە شوێنێکی دیشدا دەڵێ: لە گوندی (اسفرنکین).





دەستخەتەکە زۆر شپرزەیە لەوە دەچێ پاشماوەی جامی بێت.

٢- ٤٨١/خ حاشیەی شێخ (ناصرالدین اللقانی) لە صەرفدا. ذەنونی کوڕی بایەزیدی بەرزنجی ساڵی ١١١٧ لە مەدرەسەی گوندی **دەرەشیش** نووسیویەتیەوە.

٣- ٤٤/٣٣٣ دەستخەتێکی کۆنە کۆمەڵێک دانراوی مەنطیقی تێدایە.

بەشی زۆری عەبدوڵلای کوڕی تاجەدین لەبەر خاتری مامۆستا و برای محەمەدی کوڕی فەقێ داودی (گرڤی) نووسیویەتیەوە. لە ساڵی ١١٣٣دا.

لە کۆتایی یەکێک لە دانراوەکانەوە دەڵێ: دوای رۆژێک لە مردنی بایەزید بەگ تەواو بوو.

لە دوای یەکەم نامیلکەوە کە لە باسی (خلق افعال العباد) دایە و لەسەر داوای مەولانا سەعدەدین محەمەدی (استراباد)ی دانراوە و نازانم دانەرەکەی کێیە نووسراوە:

لە قاشان دایناوە. نووسەرەوەکەی کە دەبێ دانەرەکەیشی بێت لە گوندی **(دیڤین - دیوین)** لە ویلایەتی (سهران - سۆران) لەبەر خاتری مەولانا محەمەدی کوڕی داود لە گوندی (ماقران) نووسیویەتیەوە.

٤- ٦٢٢/خ تعلم المتعلیم فی طریق التعلم.

ساڵی ١١٥٩ لە **دیاربەکر** نووسراوەتەوە.

٥- ٥٣٤/خ شەرحی خالیدی ئەزهەریی بەسەر قەصیدەی بوردەی بۆصیریییەوە، ساڵی ١١٥٩ صادق لە **دیاربەکر** نووسیویەتیەوە.

٦- ٨٥٢/خ (سبعة الابواب) لە تەجویددا.

صادق ساڵی ١١٥٩ لە دیاربەکر نووسیویەتیەوە.

٧- ٢/ عیرفان الجزء الثاني من شرح المنهج للقاضي زكريا الانصاري.

محەمەد میرزای کوڕی ڕەمەزانی کوڕی مەلا میرزای دۆلابی لە گوندی **دۆلاب** ساڵی ١٢١٥ نووسیویەتیەوە.

٨- ٦٠/ع (الکفایة)ی بێتووشیی.

قازی زادە محەمەد لە گوندی **دۆڵپەموو** لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەزیزدا نووسیویەتیەوە.

٩- ٢٠٥/١/ع سەعدوڵلای بچووک.

ئیسماعیلی کوڕی محەمەد لە گوندی **دەربەند** لە خزمەتی مامۆستا شێخ حەیدەردا نووسیویەتیەوە.

**پیتی ڕێ**

١- ٣/س نوسخەیەکی نایابی (قاموس المحیط) ساڵی (١٢٠٣) مامۆستا مەلا خدری ڕوایی لە گوندی **ڕوار** بەخەتێکی کەموێنە و نایاب نووسیویەتیەوە. پێشکەشی کردووە بەخوسرەوخانی والیی ئەردەڵان و، زۆر بەرێزەوە باسی خوسرەوخان دەکات.

٢- کاک خالص. لە کۆتایی (جمع الجوامع)ەوە نووسراوە: تمت هذه النسخة المبارکة المسماة بجمع الجوامع لشیخ المحلي بحمد الله وعونه علی ید احقر العباد واحوجهم الی عفو مولاه احمد ابن شیخ صالح العمادي در بلد ساوج! در مسجد **رستم بیك** بعد از وفات شدن ملا محمود کیاني در وقت آمدن ملا حسین کاك احمد گوراني در حجله! ملا حاجی علی الکرکوکی در سنه هزار دوصد شصت نوه بعد از هجرت حضرت رسول الله اللهم اغفر لي ولسایر المسلمین آمین.

٣- ٣ عەلادینی شێخ حامیدی دۆڵپەموویی.

٣ نامیلکەی ئیستیعارە، یان (بیان البیان)ی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمیی. عەبدولفەتاحی دۆڵپەموویی ساڵی ١٣٣٧ لە گوندی **زەنبیل** نووسیویەتیەوە.

**پیتی سین**

١- ٦/س نوسخەیەکی نایابی الفوائد الضیائیة (جامی).

ناوی نووسەرەوەکەی کووژێنراوەتەوە، خەڵکی گوڵعەنبەر بووە، بەیارمەتیی عەبدولقادری کوڕی سەیید مەحموودی بەرزنجی لەسەردەمی حوکوومەتی عەبدوڕەحمان پاشادا لە **سلێمانیی** لە مەدرەسەی مامۆستا مەلا **عەبدولکەریمدا** ساڵی ١٢٠٥ نووسیویەتیەوە. لەو کاتەدا شێخ ئەبوبەکر و فەقێ محەمەدی ئەڵەبجەیی خۆشەویستی کاک ئەحمەد لەوێ بوون.

٢- ٤٤٨/خ موصل الطلاب - خالد الازهري.

محەمەدی کوڕی سەیید زەینەلعابیدین ساڵی ١٢١٩ لە مەدرەسەی **سەنەندەج** نووسیویەتیەوە.

٣- ٢٧١، ٢٨٢، ٢٧٣، ٢٧٨، ٢٧٩/خ

کۆمەڵێک دانراوە عبدالرسولی کوڕی سەیید محەمەدی کوڕی سەیید عبدالرسولی بەرزنجی ساڵی ١٢٢٩و ١٢٣٠ لە خزمەت مامۆستا مەلا عەلیدا لە **سلێمانیی** نووسیویەتیەوە.





٤- ٤٧٦/خ شرح مسعود التفتازاني علی مختصر تصریف الزنجاني.

عەلی کوڕی سەیید ڕەسووڵی بەرزنجی ساڵی ١٢٣٦ لە شاری **سلێمانیی** لە مزگەوتی شێخ مەحموود نووسیویەتیەوە.

٥- ٤٤٩/خ موصل الطلاب الی قواعد الاعراب. ساڵی ١٢٥٥ سولەیمان - ڕەنگە سولەیمانی جوانڕۆیی بێت - لە **سلێمانی** نووسیویەتیەوە.

٦- ٥٢/ع حاشیەی محێدین.

عەلی کوڕی قازیی ئەحمەد لای مامۆستا مەلا محەمەدی برای لە شارۆچکەی **سابلاغ** ٣/ی (ربیع الاول)ی ساڵی ١٢٦١ نووسیویەتیەوە.

لە شوێنێکی دیدا باسی لە دایکبوونی عەبدوڵڵای برازای لە هەمان ساڵدا نووسیوە.

شوێنی نووسینەکە سەر حەوزی بەردە سوورە لە گوندی بێتووش.

٧- ٤٨٢/خ حاشیەی مودەوەنە بەسەر حاشیەی (ناصرالدین اللقاني)وە لە صەرفدا، سولەیمانی جوانڕۆیی ساڵی ١٢٦٤ لە **سلێمانیی** لەکاتی پەژارەی بێ بارانییدا نووسیویەتیەوە.

٨- ٤/س شرح المنهج.

عەبدولغەفووری کوڕی شێخ ئەحمەدی کانی مشکانیی، ساڵی ١٢٧٠ لە شاری **سەنەندەج** نووسیویەتیەوە.

٩- ١٣/س عیصامەدین لەسەر ئیستیعارە.

عەبدوڕەحیمی کوڕی عەبدولکەریمی سنەیی ساڵی ١٢٧٤ لە **سلێمانیی** نووسیویەتیەوە.

١٠- ٤٢/ع عەوامیلی جورجانیی.

محەمەد ئەمین لە مزگەوتی **سەید مصطفا** ساڵی ١٢٩٣ لە شاری سنە نووسیویەتیەوە.

١١- ٣٢٨/خ عبدالحکیم بن شمس الدین علی شرح الشمسیة.

مصطفای کوڕی سەید ئەحمەدی کوڕی سەید ڕەسووڵی بەرزنجی، ساڵی ١٣٠١ لە **سلێمانیی** نووسیویەتیەوە.

نوسخەیەکی نایابە لەبەر نوسخەکانی قزڵجی و خوا هەرزاد موقابەلەی کردووە.

١٢- ١٨٩أ/خ المحرر.

دوو بەشە لە یەک بەرگدا، بەشی یەکەمی محەمەد ڕەزای کوڕی شێخ سەلیم لە شاری **سنە** لە مزگەوتی والی ناسراو بە (دار الامان) ساڵی ١٣٠٤ لە خزمەتی مامۆستا شێخ

حەبیبوڵڵای کانی مشکانیدا نووسیویەتیەوە.

١٣- ١٥٢/ع حاشیەی میصری بەسەر شەرحی عیززییەوە.

ساڵی ١٣٠٤ لە شاری **سلێمانیی** بەدەستی ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم نووسراوەتەوە.

١٤- ١١/ع فەرائیضی شەرح مەنهەج.

محەمەد ئەمین کوڕی محەمەدی کوڕی میکائیل ساڵی ١٣٠٨ لە **سلێمانیی** نووسیویەتیەوە.

١٥- ١٢٢/ع قەصیدە و شیعرە عەرەبییەکانی شێخی سەعدیی، عەلی کوڕی مەلا عەبدوڕەحمان ساڵی ١٣١٩ لە شاری **سنە** نووسیویەتیەوە.

١٦- ٤١/ع هۆنراوەی (جمع الجوامع) دانەرەکەی نەزانرا. ساڵی (٨٧٧) دایناوە.

ساڵی ١٣٢٢ لە دەوروبەری سەردەشت کاتێ ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوثمانی نووسراوەتەوە.

١٧- ٢٥٤٦/س رياض الخلود

دانراوی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موصەننیف.

سەیید محەمەد ئەمینی کوڕی سەیید محەمەد لە گوندی **سەفرە** لەبەر خاتری حسەین ئاغای کوڕی حسەین ئاغای گەلاڵەیی ساڵی ١٣٢٤ نووسیویەتیەوە.

١٨- ٢٩٦/خ شرح رسالة الاستعارة.

دانراوی شێخ عەبدوڕەحمانی ئیبنولخەیاطی قەرەداغی. عارفی سلیمانیەیی کوڕی ئەحمەد صائیب لە **سلێمانی** لە کاتی جەنگکردنی دەوڵەتی عوثمانیدا دژی دەوڵەتەکانی بەڵقان لەبەرخاتری کاکە ڕەشید نووسیویەتیەوە.

**١٣٢٩**

هەروەها **٢٩٧**یش کە نامیلکەی وەضعە هەمان نووسەرەوە نووسیویەتیەوە .

لە شوێنێکیدا محەمەد عەلی کوڕی ئەحمەدی مەلا صابوونچی نووسیویەتی مەلا عارفی کوڕی ئەحمەد صائیب ساڵی ١٣٤٠ ئەم کتێبەی پێ بەخشیم.

١٩- ٢/ع شەرحی سەعدوڵڵای دانراوی مەلا ئەحمەدی گەرەویی.

یوسفی هەورامانی ساڵی ١٣٣٠ لە گوندی **سەروکانی** نووسیویەتیەوە.

٢٠- ٢ عەلادینی شێخ حامیدی دۆڵپەموویی. نامیلکەی وەضع.

ساڵی ١٣٣٢ عەبدولفەتاحی دۆڵپەموویی لە شاری **سابڵاغ** نووسیویەتیەوە.





٢١- ٣/٦٠/ع قەوشەجیی.

عەلی کوڕی مەلا قادری کوڕی گەپلەیی ساڵی ١٣٣٣ لە گوندی **سەردۆش** بۆ خۆی نووسیوەتەوە.

٢٢- ٢/١٠/ع شەرحی ئیستیعارەی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمیی، بەشی دوایی شەرحی مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمانی ئیبنولخەیاطی قەرەداغی.

ڕەسووڵی کۆخە مامۆیی ساڵی ١٣٤١ لە **(سردوش)** لە خزمەتی مامۆستا.. نووسیویەتیەوە.

٢٣- ٨٣/ع تەصریفی مەلا عەلی.

محەمەد وەهبیی عوثمانیی ساڵی ١٣٤٢ لە شاری **سلێمانیی** نووسیویەتیەوە.

دیارە ئەم محەمەد وەهبییەیش شاعیر بووە، بەڵام هیچ شتێکی دەربارە نازانم جگە لە یەک پارچە شیعری فارسیی کە لەکۆتایی دەستخەتەکەیەوەیە.

٢٤- ٥/ع سەعدوڵڵای بچووک.

ساڵی ١٣٤٥ ئەحمەدی کوڕی...

ئاوگرتەیی لە گوندی **سەرگەڵوو** نووسیویەتیەوە.

٢٥- ٣/ع نصاب الصبيان.

محەمەدی نۆدشیی ساڵی ١٣٥١ لە شاری **سنە** لە حوجرەی مزگەوتی مەلا عارف لە خزمەتی مامۆستا مەلا ئەسعەدی کوڕی زەینەلعابیدیندا نووسیویەتیەوە.

٢٦- ١١٧/ع ئیستیعارە و وەضعی مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمیی.

فایەق ساڵی ١٣٧١ لە گوندی **سەعداباد** نووسیویەتیەوە.

٢٧- خالص نامیلکەیەک لە (علم الهیئة)دا.

دانەرەکەیم نەزانی، لە کۆتاییدا دەڵێ: کتبته في شهر **سليمانية** في خدمة مولانا واولانا ملا عبدالله عرفان افندى. انا الحقير بهاءالدين. ئەمەیشی تێدایە:

در این دنیاسی چیز آمد بعلم بار:

غریبی، ره دور، غم یار

غریبی و ره دور هم بهر بار

غم یار و غم یار و غم یار

٢٨- ١٥٢/ع عیصامەدینی ئیستیعارە.

ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی زیندانیی لە **سلێمانیی** نووسیویەتیەوە.

٢٩- ١٥١/ع نامیلکەی وەضع.

لە کۆتاییەوە ناتەواوە، لە دوای حاشیەیەکیەوە دەڵێ: ئەحمەدی مەریوانیی لە **سلێمانیی** نووسیویەتیەوە.

٣٠- ٣٣٠/خ حاشية عبدالحكيم على شرح الشمسية.

عوثمانی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی عەلی، لە گوندی **سوورداش** نووسیویەتیەوە.

عەبدوڕەحمانی کوڕی سەیید عەبدولکەریمی عازەبانی بەدو ڕوبعی ئەنوار لە مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوێنی کڕیوە.

٣١- ٦١٧س کافی التجوید دانراوی شێخ عەبدوڵڵای شێخ یوسف.

فەیضوڵڵای خانەقایی لە شارۆچکەی **سابڵاغ**، لە خزمەتی مامۆستا مەلا مەحموودی مەولان ئابادییدا نووسیویەتیەوە.

٢٣- ٢٢١٦ - ٢٢١٩ (د.ع) کۆمەڵێک دانراوە لەوانە گەلەنبەویی، عەلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەلی لە شاری **سلێمانیی** لە خزمەتی حاجی مەلا ڕەسووڵدا نووسیویەتیەوە.

٢٤- ع/٢ حاشیە بەسەر نامیلکەی وەضعەوە.

ئەحمەدی مەریوانیی لە شاری **سلێمانیی** نووسیویەتیەوە.

**پیتی شین**

١- ٣٢٢/خ شرح الشمسية.

یەعقووبی کوڕی ئەحمەدی نەستانیی لای مەولا ئیبراهیمی قاضی **شموله** ساڵی ١١٢٢ نووسیویەتیەوە

٢- ٤٥١/خ (منظومة كفاية المعاني)ی بێتۆشی.

ساڵی ١٣٠٥ لە گوندی **شەرەفکەند** لە ناوچەی موکریی نووسراوەتەوە.

٣- ٢٧/ع نوسخەیەکی ناتەواوی (تشريح الافلاك).

قادری کوڕی مەلا قادری مەرگەیی ساڵی ١٣٥٤ لە شارۆچکەی **شەقڵاوە** لە خزمەتی مەلا طاهادا نووسیویەتیەوە.

٤- ١/٥١دەستخەتێکی شپەرزەیە پاشماوەی چەند کتێبە، یەکێکیان (مولد النبي)یە





بەزمانی عەرەبی، نازانم دانراوەکەی (جعفر البرزنجي)یە یان نا.

لە شوێنێکیدا نووسراوە (كتبه علي في قريته **شاور** اعراب الكاني)

٥- ٧٩/ع کتێبێکی (فقە)ی گەورەیە.

سولەیمانی کوڕی ڕەسوول لە گوندی **شێخان** (قبل الاجازه) نووسیویەتیەوە.

٦- ٤٧٢/خ شەرحی کەمال بەسەر شافیەوە.

عەلی بەرزنجی لە **شەقڵاوە** نووسیویەتیەوە

**پیتی عەین**

١-١ ١٠/عرفان چغميني.

مصطەفای کوڕی... کوڕی مصطەفا ساڵی ١١٢٠ لە مەدرەسەی مەولانا **عەلی زادە** لە شاری کەرکوک نووسیویەتیەوە.

٢- ٤٦٢/خ باب الحرف من الرسالة السعدية.

یوسفی ناسراو بەیوسفی دووەمی کوڕی مەحەمەدی کوڕی ئەحمەدی عەبدالانیی لە مەدرەسەی شێخ **عەبدوڵڵا** لە خزمەتی مەولانا محەمەدی (بەڵەگی)دا ساڵی ١١٣٥ نووسیویەتیەوە.

٣- ٥٣٦/خ شەرحی قەصیدەی طەنطەرانی.

صادقی پاوەیی ساڵی ١١٥٩ لە مەدرەسەی **عوثمان** پاشا لە شاری حەڵەب نووسیویەتیەوە.

٤- ٣٣٤/خ حاشیەی بورهانەدینی کوڕی کەمالەدینی کوڕی حەیدەر بەسەر دیباجەی شەرح شەمسیەوە.

عەبدوڵڵای کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵڵا ساڵی ١١٨٨ لە مەدرەسەی مەولانا **عەبدوڕەحمانی** جەلیی لە شاری کۆیە نووسیویەتیەوە.

٥- ٤٦/٢/ع قول أحمد

حەیدەری کوڕی.. نەجاڕیی کوردیی قەرەداغیی ساڵی ١٢١٥ لە مەدرەسەی **عادلیە** لە بەغدا نووسیویەتیەوە.

٦- ٤٦٩/خ مناهج الكافية في شرح الشافية

عبدالسلام ساڵی ١٢٢٤ لە مەدرەسەی مەلا **عوثمانی** ڕەشەکانی نووسیویەتیەوە.

٧- ١٠٥/ع حسامكاتی.

عەبدولقادر لە دوای حاشیەیەكیەوە دەڵێ: لە گوندی **عەلی بەبان** نووسیویەتیەوە، مێژووی نووسینەوەی كتێبەكە ساڵی ١٢٦٩ھ.

٨- ١٣٥/ع حەرفی شەرح موغنیی.

فەیضوڵڵای كوڕی خودا مرادی كوڕی حەیدەری كوڕی پیروەیی كوڕی عەلی كوڕی محەمەد، ساڵی ١٢٧٢ لە مەدرەسەی **عەبدولغەنی** ئەفەندیی لە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدولوەهابدا لە شاری كەركووك نووسیویەتیەوە.

٩- ١٣٥/ع ئیستیعارەی مەلا ئەبوبەكری میر ڕۆستەمی.

فەیضوڵڵای كوڕی خودا مرادی كوڕی حەیدەری كوڕی پیروەیس كوڕی عەلی كوڕی محەمەد ساڵی ١٢٧٢ لە مەدرەسەی **عەبدولغەنی** ئەفەندیی لە شاری كەركووك نووسیویەتیەوە.

١٠- گەلەنبەویی شەرح.

حسەینی كاژاویی ساڵی ١٣٠٣ لە شاری ئەربیل لە مەدرەسەی **حاجی عومەر ئەفەندیی** لە خزمەتی مامۆستا مەلا حەسەنی بانەییدا نووسیویەتیەوە.

١١- ٢٩٣/خ نامیلكەی بەیان (الاستعارة)ی مامۆستا مەلا ئەبوبەكری میر ڕۆستەمیی.

سەمیعی شێخ ئەحمەدی چنارەیی لە شاری سلێمانیی لە مزگەوتی شێخ **عەبدوڕەحمانی** شێخ ئەبوبەكر لە خزمەتی شێخ محەمەد ئەمینی خەطیبزا دەدا ساڵی ١٣٠٤ نووسیویەتیەوە.

١٢- ١٢٤/ع (سكرة التحنيك)ی مەلا خالیدی كونەفلووسی.

محەمەدی مەرگەیی ساڵی ١٣٤١ لە خزمەتی مەلا عەبدولكەریمدا لە مزگەوتی حاجی مەلا **عومەر** ئەفەندیی نووسیویەتیەوە.

١٣- /ع منيحة الاحباب على صفيحة الاسطرلاب. دانراوی مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغی.

جەلالەدینی كوڕی مەلا ئەحمەدی كوڕی مەلا صالحی كوڕی مەلا عوثمان لە خانەقای مەلا **عوثمان** لە شاری سلێمانیی ساڵی ١٣٥٩ نووسیویەتیەوە.

١٤- ٣/٣٤/ع المسائل المختلف فيها بين الشافعي والحنفي.

مەحموود نووسیویەتیەوە. لە كۆتایی پەراوێزێكیشیەوە نووسیویە: عەلی لە شاری بانە لە





مەدرەسەی مەلا **عەبدولكەریم** نووسیویەتیەوە.

**پیتی قاف**

١- (لە دەستخەتەكانی بنكەی ژین)

كتێبی (النكاح) لە یەكێك لە كتێبە شەرعەكاندا.

ئەیوبی كوڕی عەلی ساڵی ١١٠٠ لە گوندی قەرەنیی و چەند شوێنی دی نووسیویەتیەوە.

٢- ١٨٦/ع الفرائض.

حەمزەی كوڕی جەمالەدین ساڵی ١١٥١ لە گوندی **(قاڵی بلاغ)**ی نزیكی زەڕین خاك كە موڵكی سەید محەمەد بەگی كوڕی بایەزید بەگە، نووسیویەتیەوە.

٣- ٢٣٢/خ انذار الاخوان، دانراوی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی كوڕی مامۆستا مەلا ئەبوبەكری موصەننیف.

عەبدوللەطیفی كوڕی محەمەد سەعیدی شەریف لە گوندی **قزڵ بلاغ** لە ناوچەی سارالْ لە دەوروبەری كوردستان لە مانگی ذیلقەعدەی ساڵی ١٢٤٦دا نووسیویەتیەوە.

٤- ١٧٥/ع یەك پەڕەی كۆتایی نامیلكەی عیصامەدینی ئیستیعارە.

ساڵی ١٢٧٧ سولەیمان ناوێك كە لەوە دەچێ (زەنگیدەریی) بێت لە مەدرەسەی **قەڵاچوالان** لە خزمەتی مامۆستا (ناوەكەی كووژاوەتەوە لەوە دەچێ مەلا عەبدوڵڵا بێت)دا نووسیویەتیەوە.

٥- ٩٦/ع شەرحی وەضع.

محەمەدی كوڕی صالحی كوڕی عەبدولقادری كوڕی مەلا محەمەد ساڵی ١٣٠١ لە گوندی **قەرەناو** نووسیویەتیەوە.

٦- ١٢/ع حسام كاتی.

عەلی ئابلاخیی ساڵی ١٣٠٩ لە شاری **قەرەداغ** نووسیویەتیەوە.

٧- ١/٧٠/ع

عەبدوڵڵا یەزدیی لە **قەرەداغ** ساڵی ١٣١٠ عەلی ئابلاغیی نووسیویەتیەوە.

٨- ١١/٢/ع ریسالەی (اللزوم)ی سەیید شەریف، مەحموود لە گوندی **(قلعه كهنه)** - كۆنە قەڵا- لەبەر خاتری مامۆستا مەلا مەحموود ساڵی ١٣٢٨ نووسیویەتیەوە.

٩- ٢/٦٠/ع شیعری طاهیر بەگ و بایەزید.

محەمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای نائیب لە ناحیەی **قزڵجە** ساڵی ١٣٣٢ نووسیویەتیەوە.

١٠- ٢٨/٧/ع حاشیەی محیدینی تاڵشیی بەناوبانگ بە حسامکاتی.

محەمەدی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولەتیف ساڵی ١٣٣٢ لە شاری **قەرەداغ** نووسیویەتیەوە.

١١- ٣/٥٣/ع فەنناریی

ئەحمەدی کوڕی محەمەدی فەقێ عەلی ناسراو بەنەوچەوانی لە ناوچەی سۆسنێ ساڵی ١٣٥٠ لە خزمەت مامۆستا مەلا سولەیمانی کاژیدا، لە گوندی **قوڕوچاوی** سەر بە مامش نووسیویەتیەوە.

١٢- ٣٠/ع عەوامیلی جورجانیی.

ئەحمەدی هەرتەلیی ساڵی ١٣٧٦ لە گوندی **(قرەسالم)** نووسیویەتیەوە.

١٣- ٤٠/ع کتێبێکی نەحوی عەرەبیی و کتێبێکی تەجویدی فارسی تێکەڵاوکراون.

لەکۆتایی فارسیەکەوە دەڵێ: محەمەد ئەمینی زەنگنەیی ناسراو بە گەرمیانیی لەخزمەتی مامۆستا مەلاعەبدوڵڵای ناسراو بە تەکیەیی دا لە (قەڵا سوورە) نووسیویەتیەوە.

**پیتی کاف**

١- ٧٨/ع روبعی عیبادات و روبعی موعامەلات لە کتێبی (محلی).

ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی یەزدین بەشی یەکەمی و دووەمی لە ساڵی ١١١٤ دا لە شاری **کۆ** نووسیوەیەتەوە

٢- ٣٣٦ کۆمەڵێک دۆعای شێخ محێدینی عەرەبی و ئیمامی نەوەوییە.

محەمەدی کوڕی داودی کوڕی محەمەدی **گەرەویی** ساڵی ١١٤٣و ١١٤٤و ١١٤٥ لە شارەکانی حەڵەب و مەدینە و مەککە نووسیویەتیەوە.

دیارە لە ڕێگەی حەجدا بووە.

٣- ١/١٩٣ کافیە.

لە سەرەتاوە ناتەواوە. محەمەدی کوڕی طاها ساڵی ١١٥٤ لە شاری **کەرکووک** نووسیویەتیەوە.





٤- ١٨٩/ع حسام کاتی.

مەحموودی کوڕی عەباسی کوڕی حەیدەر ساڵی ١١٩١ لە مزگەوتی **گەورەی** کەرکووک نووسیویەتیەوە.

٥- ٣٤٠/خ حاشیة مدونة علی شرح جلال الدین الدوانی علی تهذیب المنطق.

محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی داودی **گەروەیی** ساڵی ١٢١٩ لە بەغدا نووسیویەتیەوە.

٦- /س قول احمد. فەتحوڵڵا ساڵی ١٢٦١ لە شاری **کۆیە** نووسیویەتیەوە.

لە شوێنێکیدا داخ بۆ دووریی لە مامۆستا (صدرالدین) هەڵئەکێشێ.

٧- ١٩٠/ع نامیلکەی وەضع، دانراوی مامۆستا شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عەبدوللەطیفی قەرەداغیی. ئەحمەد ساڵی ١٢٧٠ لە شاری **کۆیە** دوای کۆچی دوایی مەلا بەکر ئاغاو، کاتی خۆ ئامادەکردنی زۆری مامۆستایانی کۆیە و خەڵکی دەوروبەر و بیانیش بۆ غەزای پیرۆز، نووسیویەتیەوە.

٨- ٦٩/ع حاشیەی قەرەباغیی

مەحموود لە مەدرەسەی... لە شاری **کەرکووک** ساڵی ١٢٧١ نووسیویەتیەوە.

٩- ١٣٥/ع حاشیەی مەلا حەمزە.

فەیضوڵڵای کوڕی خودا مرادی کوڕی حەیدەری کوڕی پیروەیسی کوڕی عەلی کوڕی محەمەد ساڵی ١٢٧١ لە شاری **کەرکووک** نووسیویەتیەوە.

١٠- ٤٢٤١٥ د. ع ربع العبادات

صاڵحی کوڕی ئەبوبەکری قەیتوولیی ساڵی ١٢٧٤ لە مەدرەسەی مەولانا عومەری عەسکەریی لە **کەرکووک** نووسیویەتیەوە.

١١- ٣/١٦٥٩٢ عەقائیدی شێخ مەعرووفی نۆدێیی. ساڵی ١٢٨٤ لە شاری **کەرکووک** نووسراوەتەوە.

ناوی نووسەرەوەکەی کووژێنراوەتەوە.

١٢- ٩/عرفان موصل الطلاب.

عەبدولکەریم ساڵی ١٢٩٣ لەبەر خاتری مامۆستا مەلا عەبدولعەزیز لە مزگەوتی بایز ئاغا لە شاری **کۆیە** نووسیویەتیەوە.

١٣- ٣٧/ع شەرحی وەضعی مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی.

صالحی کوڕی عەبدولقادری کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا سەیفی ئێلنجاخیی لە شاری **کەرکووک** لە مەدرەسەی... ساڵی ١٣٠١ نووسیویەتیەوە.

١٤- ١٢٢/ع قول أحمد.

عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا محەمەدی سنەیی ساڵی ١٣١١ لە مزگەوتی **(کلین)** نووسیویەتیەوە.

١٥- ٣/ع تەصریفی مەلا عەلی.

محەمەدی کوڕی سەید ڕەسووڵی کوڕی سەید ئەحمەدی ئیمامی تەکیەیی[1] ساڵی ١٣١٢ لە گەڕەکی شاترلوو لای مامۆستا مەلا محەمەد نووری عەسکەریی لە **کەرکووک** نووسیویەتیەوە.

١٦- خالص - ایساغوجی

ڕەسوولی ئەصەم - کە لەنەوەی مەلا ڕەسوولی زەکی یە - ساڵی ١٣١٢ لە گوندی **گرگەی** تیرەی شوان نووسیویەتیەوە.

١٧- ٣٨١، ٥٩١، ٥٨٤، ٣٧٩، ٤٣٤/خ

کۆمەڵێک دانراوە لەیەک دەستخەتدا.

عەبدوسەمیعی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەلی چنارەیی، ساڵی ١٣١١و ١٣١٤ لە **کەرکووک** و بیارە و چەند شوێنی دیکە نووسیویەتیەوە.

١٨- ١٤/ع مەکتووباتی کاکە حمەدی شێخ.

کۆمەڵێکی زۆر مەکتووباتی تێدایە، محەمەدی کوڕی مەلا سولەیمانی زەنگیدەریی لە گوندی **(کلین)** ساڵی ١٣١٦و دوای ئەو نووسیویەتیەوە.

١٩- ڕەسوولی کوڕی مەحموودی کوڕی ئەحمەد نەوەی - حەفیدی - قازیی ساڵی ١٣٢٠ لە شاری **کەرکووک** کتێبی (ملتقى الابحر)ی کڕیوە.

٢٠- ١٩/ع شەرحی (اسماء الاربعين) واتە چل ناو لە ناوەکانی خودا، لە گوتەی شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردیی.

عەبدولقادر لە حوجرەی **گەلاڵە** لە مەدرەسەی مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیسی بۆکانی ساڵی ١٣٤٨ نووسیویەتیەوە.

٢١- ٢٣/ع أداب البحث والمناظرة.

(١) ئەم مامۆستا باپیرمە لە سەری دایکمەوە.





عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا ئیبراهیمی مەرگەیی ساڵی ١٣٤٩ لە شاری **کۆیسنجەق** نووسیویەتیەوە.

حاشیەی عەبدوڵڵای زیادیی بەسەرەوەیە، ناوی ئەم مامۆستام کەمتر بیستووە.

٢٢- ١٨٧/ع رسالة الوضع (ناتەواوە)

مووسای کوڕی عیسا لەبەر خاتری مامۆستا مەلا ئیسماعیل لە شاری **کەرکووک** نووسیویەتیەوە.

٢٣- ١٨/ع بەشێک لە شەرحی شافیەی ئیبنولحاجیب، محەمەد لە **کەرکووک** نووسیویەتیەوە.

## پیتی لام

١- ١٤٠/ع شەرحی مەلا ئەحمەدی گەروەیی بەسەر سەعدوڵڵاوە.

یوسفی هەورامانی ساڵی ١٣٣٠ لە **لاهیجان** نووسیویەتیەوە.

## پیتی میم

١- حاشية قرەباغی علی شرح الايساغوجي (حسام كاتي).

محەمەدی کوڕی خضری کوڕی حەسەنی کوڕی حسەین لە مەدرەسەی مەولا شێخ **محەمەدی** کوڕی شێخ عەبدولغەفوور لە خزمەتی مامۆستای دایکی مەلا عەبدوڕەحیمی غەزلانی ساڵی ١٢٠٠ نووسیویەتیەوە.

٢- ٤٨٨/خ تەصریفی مەلا عەلی:

حسەینی کوڕی عەبدوڵڵای دەشتێویی ساڵی ١٢٤٩ لە گوندی حەریر لە مەدرەسەی مەولانا **محەمەدی** قاضی نووسیویەتیەوە.

٣- ٢٨٤/خ عصام الدين بەسەر ئیستیعارەی سەمەرقەندییەوە. عوثمان ساڵی ١٢٩٦ لە مەدرەسەی شێخ **مەحموودی** کوڕی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانیی لە شاری ئەڵەبجە نووسیویەتیەوە.

٤- ٤٥٢/خ منظومة الكفاية للبيتوشي.

ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا جەلالی گوڵعەنبەریی ساڵی ١٢٧٣ لە مەدرەسەی مەلا **مەحموودی موفتیی** ناسراو بەعومەر گومەتی نووسیویەتیەوە.

٥- ک١/١٨٦٥١ بەشێک لە شەرحی (محرر). دانراوی نوورەدینی زیادی. مەحموودی

کوڕی بایەزیدی کوڕی خضری کوڕی بایزی قەڵا سیدیی ساڵی ١٢٨٠ - ئەو ساڵەی ڕۆمیەکانی ویستیان دەربەند بکەن بەشار - لە گوندی ماوەران لە مانگی ڕەمەزاندا لە خزمەتی مامۆستا مەلا حسەینی ناسراو بەئاکۆدا نووسیویەتیەوە.

٦- ٤٨٥/خ شرح منظومة تصريف الزنجاني.

دانراوی صاڵحی کوڕی یەحیای کوڕی یونسی موصڵی. ساڵی ١٢٩٣ عەبدوڕەحمانی ئیمام لە مەدرەسەی شێخ **محەمەدی** نۆدێی نووسیویەتیەوە.

٧- ٢٩٤/خ نامیلکەی (الاستعارة)ی مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی، ساڵی ١٢٩٩ لە مزگەوتی **شێخ محەمەد ئەمین** لە سلێمانی نووسراوەتەوە.

٨- ٤١/ح المطالع السعيدة.

ئەحمەدی کوڕی محەمەدی فەقێ عەلی ئەڵەبجەیی ساڵی ١٣٢٦ لە مەدرەسەی **(المحمودیه)** لە (قزلرباط) نووسیویەتیەوە.

٩- ٦٩/ع شەرحی عەوامیل.

صاڵحی بێتووشیی لە خزمەتی مامۆستا مەلا **محەمەدی جەلیلدا** لە کۆیە ساڵی ١٣٢٨ نووسیویەتیەوە.

١٠- ١٧١/ع اعلال التصريف.

ساڵی ١٣٥٧ لە گوندی **مێولیی** نووسراوەتەوە.

١١- ١٢٥/ع یستیعارەی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمیی.

ڕەسوولی شێنیی لە مەدرەسەی گوندی **میرزا ڕۆستەم** لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەناوییدا ساڵی ١٩٥٨ز ١٣٧٨ک نووسیویەتیەوە.

١٢- ٧٤/ع مینهاجێکی پەرپووتی ناتەواوی دڵۆپە کوتاوە. حسەینی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئیسماعیل لە گوندی **مەرگە** نووسیویەتیەوە.

١٣- ١٠٤/ع کتێبێکی نەحوی ناتەواوە لە هەردوو سەرەوە.

لە پەراوێزەکانیەوە دەردەکەوێ مەحموودی کوڕی ئیبراهیم لە حوجرەی **(مراباد)** نووسیویەتیەوە.

نوسخەیەکی کۆنە.

لە ناو مامۆستایانی عیمادییەدا مەحموودی کوڕی ئیبراهیم هەیە کە دانەر و خاوەنی تەئلیفە نازانم لەتەک ئەمدا یەک کەسن یان نا؟





١٤- ٧٤/ع منهاج

حسەینی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئیسماعیل لە گوندی **مەرگە** مەولان نووسیویەتیەوە.

**پیتی نوون**

١- ١٤/ع

هەندێک شەواهید و شیعری عەرەبیی ئەحمەدی بەرزنجی - سەید ئەحمەدی نەقیب - لە مزگەوتی خاڵی خۆی کە **نەقیبی** سلێمانیی بووە ساڵی ١٢٧٥ لە کاتی مردنی محەمەدی خاڵۆزایدا نووسیویەتیەوە.

شیعری شێخ مەعرووفی نۆدێی تێدایە، لەوانەیە بڵاونەکراوە بێت.

٢- ١٥/ع ئەم کتێبانەی تێدایە:

١- تەرجەمەی (ذات الشفا) بەهۆنراوەی فارسی.

٢- تەجویدی قورئان بە فارسی دانراوی مامۆستا مەلا عەلی قزڵجیی.

٣- فاڵنامە.

ڕەسوولی کوڕی ڕۆستەمی کوڕی ئیسماعیلی بانەیی ساڵی ١٢٩٧ لە گوندی **(نەیزەرو)** نووسیویەتیەوە.

٣- ٢/٥٣/ع الدرة المنجية على الفرائض القزلجية. دانراوی مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغیی.

ئەحمەدی کوڕی محەمەدی فەقێ عەلی مەشهوور بە نێوجەوان ساڵی ١٣٥٢ لە گوندی **نێوجەوان** لە خزمەتی مامۆستا مەلا عومەری باساوییدا نووسیویەتیەوە.

**پیتی واو**

١- ١٠٢/خ المعفوات. دانراوی مەلا خەلیلی سعرتیی مامۆستای مامۆستا مەلا یەحیای مزووریی.

شێخ عەبدوسەمیعی کوڕی ئەحمەدی چنارەیی ساڵی ١٣٠٤ لە گوندی **وەرە** لە ناوچەی خۆشناو نووسیویەتیەوە.

٢- ١٥٤/عاختلاف المذهبين

دانراوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەیید عەبدولکەریمی عازەبانیی ساڵی ١٣٧٥ لە حوجرەی **وەیسە** فایەقی کوڕی محەمەد سەعید نووسیویەتیەوە.

٣- ٩٣/ع حاشیەیەکە ئەحمەدی (القصبی) لە کوێستانی (**وزنە**) یان (عرزنە) لای عەبدوڵڵای (رمک) نووسیویەتیەوە.

ئەم (القصبی)یە (قامیشی)یە و لە شوێنێکی دیدا دەڵێ: ئەحمەدی کوڕی عەباسی قامیشیی شینکیی نووسیویەتیەوە.

### پیتی هێ

١- ٥٨/ع دوو بابەتی (فرائض)ە.

سولەیمان لە گوندی (**هاکنمیش!**) لای مەلا مەحموود ساڵی ١٠٩١ نووسیویەتیەوە.

٢- ٨٥/خ شرح البهجة الصغیر، القاضی زکریا.

مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی ساڵی ١١٨١ نووسیویەتیەوە، بەشێکی لە گوندی **هەزارمێرد** و بەشێکی لە (الاحساء)ی سعوودیە.

٥٠٠ لاپەڕەیە، نوسخەیەکی زۆر نایابە، گەلێ حاشیە و هۆنراوەی بێتووشیی خۆی بەسەرەوەیە.

ئەوەی هەزارمێرد ساڵی ١١٨٦ نووسیویەتیەوە.

٣- ١٦٨/ع عەوامیلی جورجانیی.

صاڵحی کوڕی حاجی ساڵی ١٣٦٩ لە گوندی **هەڵەدن** نووسیویەتیەوە.

دەستخەتێکی کۆمەڵێ دانراوی تێدایە بەم شێوە:

١- حاشیة علی مقدمة تحفة ابن الحجر.

٢- ازالة الالباس عن مسائل المکره والناس.

٣- رسالة الاکراه.

٤- رسالة الحلال والحرام.

٥- تحریر المقال فیما یحتاج الیه مؤدبو الاطفال. دانراوی ئیبنولحەجەر.

عەلی کوڕی عەباسی ئاغجەلەریی لە گوندی **هەزارمێرد** لە مەدرەسەی ئیبنولحاجی دانەریدا نووسیویەتیەوە، هەر لەسەر نوسخەی دانەریشی موقابەلەی کردووە.

لە کتێبخانەی مامۆستا مەلا طەیبدایە.

٤- ٧٢/ع تحریر القواعد المنطقیة فی شرح الرسالة الشمسیة.

ئیسماعیلی کوڕی محەمەد لە گوندی **هرمنک** نووسیویەتیەوە.





چەند تێبینیەک:

١٩٢ خط الانوار (جامع حاجی ملا علی) وفاة الملا احمد التیماری المشهور بملا احمد سرخ (سور) یوم الجمعة ١٦ محرم الحرام ١٢٩٩.

کەشکۆڵ:

کاکە حەمە بۆر دەڵێ: عەلیاغای نەوتچی خاوەنی نایابترین کەشکۆڵی کوردیی بووە، بەڵام دوای خۆی کەشکۆڵەکەی کەوتووەتە لای عەطا ترزی باشی تورکمان.

دەبێ چارەنووسی چی بێت و چی بەسەر هاتبێت؟

٢٠٠٤/٤/٧

خالص کتاب **الفریدة** فی العلم الجفر

سەرەتاکەی:

اما بعد فهذه فریدة جفریة فی بیان قاعدة جفریة جلیلة تتعلق بعلم النقط وقاعدة اخری عجیبة لیس لها تعلق بذلک لخصتهما من الکتب الصعبة المآخذ للطالبین وانا الفقیر الطریح السید ابراهیم فصیح ابن السید صبغة الله ابن السید محمد اسعد الحیدري الصفوي.

کۆتاییەکەی:

تمت الرسالة الجفریة علی ید مؤلفها الطریح السید ابراهیم فصیح بن السید صبغة اللة بن السید محمد اسعد المفتي ببغداد الحیدري. ٢٠٠٤/٩/١٩

٦٧/ع کتێبێکی نەحوی گەورەیە لە هەردوو لاوە ناتەواوە، شپرزەیە.

حاشیەی حەسەنی ڕەشەکانی و، عەبدوڵڵای دووەمی تێدایە، لە شوێنێکیدا دەڵێ:

محەمەدی بێتووشیی ساڵی ١١٨٨ نووسیویەتیەوە، لەوکاتەدا تەمەنی نووسەرەوە ٢٨ ساڵ بووە.

لە شوێنێکی دیدا ناوی ئەحمەدی کوڕی عەلی و، ئەحمەدی شیرین و، ئەحە کەچەڵی پێوەیە.

٢١٦ المجمع

نوسخەیەکی نایابی (شرح الوقایة) ساڵی ١٩٤٧ کەمالی قەرەداغی پێشکەشی توفیق

وەهبی کردووە و ئەویش پێشکەشی کوڕی زانیـاریی کوردی کردووە. سـاڵی ٩٦٣ ک لە قسطنطینیە نووسراوەتەوە.

٢٠٠٤/٦/٥

مامۆستا حسام الدینی مەلا عەبدوڵڵای قەڵاتێ بۆی گێڕامەوە: لە کاتی ڕاگواستن و تەعریبی ناوچەی گەڵاڵەدا کە ئەمان ماڵیان لەوێ بووە کتێبخانەیەکی گەورەیان بووە، لە ناو کتێبەکانیاندا کتێبی (الوسیط)ی ئیمامی غەزالیی تێدا بووە بەخەتی خودی دانەر، لە کاتی بارکردندا بەر دەستی سەربازێکی عەرەب کەوتووە و دەستی پێداگرتووە!!

٢٠٠٤/٦/٥

مامۆستا حسام الدین بۆی گێڕامەوە:

کتێبخانەی گوندی ڕایات باری ٥ هێستر دەستخەتی تێدابووە، لە ناو ئەو دەستخەتانەدا دانراوی ئەبو حەنیفەی تێدابووە بەخەتی خۆی، لەکاتی ڕاگواستن و ئەنفالدا ئەو هەموو دەستخەتانە تێدا چوون.

لە پەنای کتێبێکا کە لە ڕەمڵدایەو بەچاپی بەرد چاپ کراوە ئەم بەیتە نووسراوە:

لە ژێر باری غەریبی شانی صەبرم ڕێشە ئێستاکە

فیراقی یار لەبەر ئاخر شەڕیی لێم بوو بەسەر باری

١٩٢ کشتنی محمد پاشا و عزل شدن رسول آغا سلیم آغا در آنوقت...

قضای آلان و سیویل و شهر بازار و کشتنی کد خدا حسن ولدی رسول مام عبدالله سوره دزەیی ربیع در ١٢٩٩

٣٨٦٥٤ د.ح وفات الشیخ نبي الملقب بقطب مدار. سنه ١٣٠١

١٣/١٢٦٩٦

مامۆستا شێخ نووری شێخ بابا علی:

ئەو مەلایانە کە ئیجازەیان لە منەوە دراوەتێ:

ملا حسێن سوایی ٩٣٥

ملا فتاح جوانڕۆیی ٩٣٥

ملا جلال چمکی ٩٤٠

ملا جلال بانەیی ٩٥١





ملا محمدامین خراجیانی ٩٤٨

شێخ محمد تکیە ٩٥٠

ملا حسن هندی ٩٥٠

ملا محمود گەدانی ٩٥٤

ملا عبدالله سێ تەڵانی ٩٥٣

ملا کامیلی طەویلەیی ٩٥٤

١٥٥/ع قورئانێکە بەخەتێکی نەسخی باش نووسراوەتەوە، کۆتاییەکەی نەماوە. مێژووی لەدایکبوونی چەند کەسی بەسەرەوەیە لەوانە فەقێ ڕەسووڵی چەلەبی کوڕی حاجی فەتحوڵڵای پێنجوێنی ساڵی ١٢٨٠ و مێژووی دروستکردنی مزگەوتی حاجی فەتحوڵڵا ساڵی ١٢٩٤.

لە کۆمەڵە دەستخەتی ٢١٣، ٢١٢، ٢٢١و ٢٢٢ کە بەخەتی ئیسماعیلی کوڕی عومەری ڕەنجوورین خەتی مەلا عومەری باوکی بەسەرەوەیە کە ساڵی ١٢٢٩ نووسیویە وا دیارە ئەم مامۆستا ئەو کاتەیش هەر لە ژیاندا بووە.

هەر لەو دەستخەتەدا لەسەر الدر المنضود في الصلاة علی صاحب المقام المحمود، نووسیویە کە کاکەحمدی شێخ ئیجازەی خوێندنی ئەم صەلاواتەی دا پێم وەک باوکی ئەو ئیجازەی پێ دابوو.

بەشێکیشی خەتی مەلا عومەری ڕەنجووریی خۆیەتی.

بەپێی کۆمەڵە دەستخەتی ٢٦٧٥ - ٢٦٧٨/خ خەرپانیی لە بنەڕەتدا (خەرپانە) بووە، وەک لە وتاری «الشێخ عبدالله الخرپانی من خلال مخطوطات مکتبتە»دا نووسیم نیسبەتی شێخ عەبدوڵڵا بۆ لای ناوی گوندەکە ناوە ئەصلیەکەی لە بیری خەڵک بردوەتەوە و بووە بە (خەرپانیی)

مەکتەبەی کاک خالص

قورئانێکی پیرۆز حاجی ئیبراهیمی کوڕی مەلا خەلیل ساڵی ١٢٨٢ نووسیویەتیەوە.

# خۆشنووسانی کورد

## وتەیەکی کورت و پێویست

ئەم بابەتەی لە باسی قورئانی دەستخەت و ناوی نووسەرەوەکانیان کە لێرەدا دەیبینی و دەیخوێنیتەوە، دەکرا بابەتێکی چڕ و پڕ و تێر و تەسەلی لەسەر خۆشنووسانی کورد لێ پێکهاتایەت و، کتێبێک یا چەند بەرگێکی لە کتێبێکی گەورە لێ بەرهەم بهاتایەت.

بەڵام! لە ترسی بەدبەختیی کورد و تێداچوونی بەرهەم و شوێنەواری زانایانی - وەک لە سەرەتای ئەم کتێبەوە باسم کردووە - نەموێرا باسەکان کۆبکەمەوە و بەشێنەیی بابەتبەندییان بکەم و، شێوازێکی زانستیی وردیان تێدا بگرمە بەر.

هەر لەبەر ئەم ترسەیشە خوێنەری ئازیز لە بەرگەکانی ئەم کتێبەدا - ناو بەناو و لێرەو لەوێ - بێ ڕەچاوکردنی ڕێبازێکی زانستی ورد و شیاو باسی چەند قورئانی دەستخەت و ناوی نووسەرەوەکانیان دەخوێنێتەوە.

لەم بەرگەی ئەم کتێبەدا زیاتر دەستم داگرتووە و، هەوڵەکانم گەرمتر خستوونەتە گەڕو، ژمارەیەکی زیاتر لەوەی لە بەرگەکانی پێشوودا بڵاوبوونەتەوە چەند نوسخەیەکی قورئان لەم بەرگەدا دەبینرێت. ئەگەر خودا یارمەتیی بدات و تەمەن و وزەیش بە بەریانەوە مابێت، هەوڵ دەدەم لە بەرگەکانی داهاتوویشدا چیم پێ بکرێت درێغی نەکەم.

ئەمەیش مانای وانییە دەسبەرداری ئەوە بووبم پرۆژەیەکی جیا و تایبەت و تێر و تەسەل لەسەر خۆشنووسانی کورد بنووسم. هەر بەو هیوایشەوە لێرەدا ژمارەی تایبەتیم داوە بەم نووسراوانەو، لە ژمارەی سەرجەمی بابەتەکانی کتێبەکە جیامکردوونەتەوە. بەڵکو بەیارمەتیی خودا لە هەلێکی لەباردا ئەم بابەتانە و بابەتگەلێکی دیکەش کە دەست بکەون ببنە کەرەستەی پرۆژەی (خۆشنووسانی کورد).

تا ئەو کاتە و لە سەرەتای ئەم باسەدا هەندێک وردە زانیاریی دەخەمە ڕوو، تا بەڵگەی زیانی گەورەی لە ناوچوونی شوێنەوارەکانمان لە دەستدابێت:

*- مامۆستا مەلا ڕەشیدی ڕاوگانیی بۆی گێڕامەوە لە کتێبخانەی بیارەدا قورئانێکی





دەستخەتی کۆن هەبووە ئافرەتێک نووسیویەتیەوە، دەستخەتێک بووە هەتا بڵێی جوان و نایاب بووە، ئافرەتە نووسەرەکەی - کە مامۆستا مەلا ڕەشید ناوەکەی لەبیر نەماوە - لە کۆتاییەوە نووسیویە: ئەگەر کەموکوڕیی بوو بمبەخشن. چونکە لە کاتی نووسینەوەی قورئانەکەدا منداڵبەبەر بووم!

*- مامۆستا مەلا حیسامەدینی کوڕی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای قەڵاتێ بۆی گێڕامەوە کە قورئانێکی دەستخەتی دیوە وەها ڕێکخراوە و گونجێنراوە کە لەفظی (جلاله) لە هەر چوارگۆشەی دەستخەتەکە و ناوەڕاستیدا هەبووە تا کۆتایی قورئانەکە!

*- لەملاو لەو لاو لای مامۆستایان و لە کتێبخانەکاندا دەیان قورئانی دەستخەت هەن کە سەرەتا و کۆتاییان نەماوە و، بەوەیش ئەوەمان لە کیس چووە کە ناوی نووسەرەوەکانیان بخەینە ڕزی خۆشنووسانی کوردەوە.

*- وەک خۆشنووسان لە ڕووی هونەری خۆشنووسییەوە هەوڵی ئەوەیان داوە لە بچووکترین قەوارەی گونجاودا قورئان بنووسنەوە، هەوڵی ئەوەیش هەیە کە قورئانی گەورە بنووسرێتەوە، یەکێک لەو قورئانانەی کە لەم دواییەدا بەخزمەتی گەیشتم قورئانێکی دەستخەتی گەورەیە کە خۆشنووسی گەنجی کورد کاک لوقمانی ئەحمەدیی لە مەریوان لە ماوەی دوو ساڵدا نووسیویەتیەوە و لە داڵانی ئوتێلی زرێواری مەریواندا دانراوە و کێشانەکەی (٣٥) کغم.

کە باسی قورئانی بچووک دەکەم دەربارەی قورئانی بچووک - یان بچووکترین قورئانی دەستخەت - بەسەرهاتێکم بیستوە گێڕانەوەی بۆ مێژووی دەسخەت سوودی خۆی دەبێت.

کاک ژین نەقشبەندی بۆی گێڕامەوە: دوای ئەوەی دەستخەتەکانی (كلية الآداب)یان لە بەغدا گواستەوە بۆ (دار صدام للمخطوظات)ی ئەوسا، لە بەردەرگای کتێبخانەکەدا هەندێک کاغەزە کۆنەم بینی. لە ناویاندا شتێکی خڕم بینی وتم: ئەمانە چین؟ وتیان: ئەو شڕەوپڕەیە وا (ام فلان) نایبا بیسوتێنێ. وتم: ئەی ئەم شتە خڕە چییە؟ وتیان: چوزانین ببیە بۆ خۆت. کە بردمەماڵەوە دیم پێستێکی دووراو بوو کە کردمەوە تەماشا ئەکەم قورئانێکی بچکۆڵەی خڕە کە ئەندازەی بەقەدەر ٥٠ فلسییەک تا صەد فلسییەکی ئەوسا دەبێت بەئەستووریی یەک دووسانتیم. وەک دواییش بیستم ئەو پێستەی قورئانەکەی تێدا نووسراوەتەوە پێستی مار بوە.

کاکە ژین لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دوایی قورئانەکەم بردەوە بۆ کتێبخانەکەو، لەوێ

لەتەک دەستخەتەکانی کوللیەی ئادابدا گوێزرایەوە بۆ کتێبخانەی (د.ص). بەڵام دوایی ئوسامە نەقشبەندیی نکوولی لەوە دەکرد کە ئەو قورئانەیان لەلابێت، بەڵام عەبدوڵڵا حامیدی بەرپرسی کتێبخانەی ناوبراو دەڵێ: بەڵێ ڕاستەو وەرمانگرتوە.

## گەورە خۆشنووسی نەناسراوی کورد شێخ محەمەدی شێخ یوسف

لە چەند کات و بۆنەی جیاجیادا ناوی چەند خۆشنووسی کوردی دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستانم نووسیوە و کەم کەمیش وێنە و نموونەی کارە شاکارەکانیانم خستووەتە ڕوو، بەڵام ئەوەی پێویستە و دەبوو دەمێک بوایە کرابوایەت تەرخانکردنی بەرگێک (یان چەند بەرگێک)ی گەورەی تایبەت بەخۆشنووسانی کورد کە: وێنەیان و مێژووی ژیانیان و، نموونەگەلی هەمەڕەنگ لە شوێنەوارەکانیان لە هەموو جۆرەکانی خەتدا و، مامۆستایانیان و، قوتابییانیان و، لیستی سەرجەمی بەرهەمەکانیان و، هەرچی شتێک پێوەندیی بەخۆیان و کارەکانیانەوە هەیە... لەو کتێبەدا بەناوی (فەرهەنگی خۆشنووسانی کورد)ەوە تۆمار بکرایەت و بگونجێنرایەت و، شایەتی کارامەیی و دەستڕەنگینی زانایان و خۆشنووسانی کورد بوایەت کە لە کتێبخانەکانی جیهاندا شانبەشانی فەرهەنگی خۆشنووسانی گەلانی دیکەی خوداپێداو خۆی بنوانایەت و بیگوتایەت: کوردیش لەم بوارەیشدا لە گەلانی دیکەی جیهان دوا نەکەوتووە و، خاوەنی ئەو خۆشنووسانە بووە کە ئەمانە نموونەی بەرهەمەکانیانن.

بەڵام ئێمەی کوڵۆڵی کورد نەک ئەمەمان بۆ نەکراوە، یان شتێکی وامان بۆ خۆشنووسانمان نەکردووە، دەیان خۆشنووسی زانای کەم وێنە یان بێ وێنەمان هەبووە کەچی نەک مێژوو و فەرهەنگی خۆشنووسانی کورد بەڵکو مێژووی ناوداران و زانایان، یان سەرجەمی مێژووی کورد لێیان بێ ئاگایە.

ئەم بابەتە - بابەتی خۆشنووسانی کورد - ئەگەر کەسی خۆی بۆ هەڵبکەوێت و، وەک پێویست کاری بۆ بکرێت و، ئەوەی لە شوێنەواری خۆشنووسانی کورد ماوە یەک بخرێن و، بەکاوەخۆ و شارەزایانە لەسەریان بنووسرێت... دەکرێ ببێتە باسێکی دەوڵەمەند و گەورە و کتێبێکی چەند بەرگیی لێ پێکبێت.

من - وەک لە سەرەتای ئەم کتێبەیشەوە نووسیومە - هەمیشە مۆتەکەی لە ناوچوون و لە ناوبردنی بەرهەم و شوێنەواری زانایانی کورد چۆکی داوەتە سەر سنگم و، هەر بەرهەمێکم دەست دەکەوێت لە ترسی ئەو مۆتەکە زوو هەوڵی بڵاوکردنەوە و ڕزگارکردنی





دەدەم و چاوەڕێی ئەوە ناکەم بووەستم تا شتی دی لەو بابەتە دەست بخەم و پێکەوە بڵاویان بکەمەوە.

کەلێنی گەورەیش لەم پڕۆژەی مێژووی زانایانی کوردەدا بەلای خۆمەوە ئەو تێکەڵاویی و بێ نەزمییەیە کە هۆکەی ترسی ئەو مۆتەکە نەبێ شتێکی دی نییە.

بابەتی خۆشنووسانی کوردیش لەو ترسە دوور نیە، بۆیە ناو بەناو لە بەرگەکانی دیدا چەند جار لام لە بەرهەمی خۆشنووسان کردووەتەوە، ئەم جارەیش کە کەرەستەی بابەتەکە لە جارانی دی زیاترە، بێ چاوەڕوانی زیاتر، لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە و، ژمارەی سەرجەمی دەستخەتەکانی ناو پڕۆژەکەی نادەمێ، بەهیوای ئەوە بەیارمەتیی خودا پڕۆژەیەکی سەربەخۆی (خۆشنووسانی کورد)ی تێر و تەسەلی لێ پێکبهێنم و لەمەولا شتی زۆرتر و ناوی زیاتری بخەمە سەر.

## بنەماڵەی شێخ محەمەدی شێخ یوسفی سیاگوێزیی:

لە بەرگی شەشەمی ئەم کتێبەدا - بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد - شتێکم لەسەر بنەماڵەی مەردۆخیی سنەیی نووسی و، تیشکم خستە سەر چەند لایەنی نەزانراو لە ناو و ژیان و شوێنەواری زانایانی ئەو بنەماڵە، بەڵام نە ئەوە هەموو شتێک بوو دەربارەی ئەو بنەماڵەو، نە ئەمەیش لێرەدا تۆماری دەکەم شتە نەزانراوەکانە کە بەسەرمدا تێپەڕیون یان پەیم پێ نەبردوون و، نەک هەر ئەو بنەماڵەیش، بەڵکو هیچ بنەماڵەیەکی کۆنی زانیارمان نییە بتوانین دەربارەی بڵێین چی پێویستە کە دەربارەیان بگوترێ یان بزانرێ زانیومانە و نووسیومانە، ئەوەندە هەیە چنگەکوورێ و پەلەقاژە دەکەین و، پەنا بۆ سەرچاوەی پەناو پەسێوکەوتوو، دەبەین و، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی تروسکاییەک دەدەین تیشکێکی با-کزیش بێت - بخاتە سەر هەر لایەنێکی نەزانراو لەو لایەنە زۆرانە کە کەمتەرخەمیکردنی نەوەکانیان لە عاستیانداو، چەپۆکی زەمانەیش سەرباری، هەموو شتێکیان خستۆتە پشتی پەردەی لە ناوچوون و لە بیرچوونەوە.

ئەم لقەی بنەماڵەی مەردۆخیی - لقی سیاگوێز - وەک باسم کرد و لەسەری دەرۆم ناوی دوو مامۆستایانم دۆزییەوە، ئەوانیش ئەو جووتە برا زانا بەڕێزەن کە بەداخەوە هیچیان بۆ نەکراوە و، شوێنەوارە نایاب و کەم وێنەکانیان ون بوون و، بێ ناونیشان لەملا و لەولا - ئەوەیان لە چنگی چەپۆکی زەمانە قوتار بوو بێت - بێ ناز لەبەر مەترسی هەڕەشەی تێداچوونی یەکجاریدان و، خودا یارمەتی دام بەسەرو سۆراخی هەندێکیاندا بگەم و، لە

روویانەوە تیشک بخەمە سەر هونەر و بەهرەی ئەو مامۆستایانە. دوا بەدوای ئەوانەیش ناوی چەند مامۆستایەکی دی و شوێنەواری چەندێکی دییانم دی لەم هەلەدا ناو و ناوی شوێنەوارەکانیان بۆ مێژوو تۆمار دەکەم.

وەک گوتم لە مامۆستایانی بنەماڵەی سیاگوێز ناوی دوو مامۆستام دۆزییەوە و، شوێن شوێنەوار و بەرهەمیان کەوتم و شتێکم لێ سۆراخ کردن کە نیشانەو بەڵگەی هونەرمەندیی و بەهرەوەریی ئەو دوو مامۆستایان بەجۆرێک خستەڕوو کە مایەی شانازیی گەل و وڵاتێک بن کە ڕۆڵەی وەهای تێدا لە دایک بووە و، زانای ئاوای پێشکەشی سەرجەمی مرۆڤایەتیی کردووە، نەک تەنها گوندی سیاگوێز.

بەڵام بەداخەوە جگە لەوەی لە پەڕاوێزی دەستخەتەکان و کۆتاییبیەکانیانەوە نووسراون و تیشک دەخەنە سەر شوێن و سەردەمی ژیانیان، شتێکی ڕوون و دروستمان لە سەرچاوەگەلی دیبەوە نەدی.

مامۆستا شێخ عەبدوڵڵا کە لەو دوانەدا براگەورە بووە جگە لەو دوو دەستخەتە قورئانەی کە لە بەرگی پێنجەمی ئەم کتێبەدا لە سەرم نووسین لە هیچ شوێن و سەرچاوەیەکی دیدا باسی ژیان و بەسەرهاتیم نەدی و، جگە لەو دوو دەستخەتەی لە (د.ع)دا دەستخەتی (الحصن الحصين)م دی کە بەژمارە (١٩٦٤٨) لەو کتێبخانەدا پارێزراوە و دەڵێ شێخ عەبدوڵڵای شێخ یوسف ساڵی (١١٥٠) نووسیوبەتیەوە. هیچ زانیارییەکی دیم دەربارەی دەست نەکەوت و، ساڵ و شوێنی کۆچی دواییم نەزانی، هەروەها بۆم ڕوون نەبووەوە دوای خۆی نەوەی بووە یان نا و؟ ئەگەر بوویەتی زاناو مەلایان تێدا هەڵکەوتووە یان نا؟

دەربارەی نەوە و شوێن و ساڵی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ محەمەدیش جگە لەوەی لە دەستخەتەکان وەرگیران شتێکی دیم لە سەرچاوەی ڕوون و دروستەوە دەست نەکەوت.

## تەمەنی مامۆستا شێخ محەمەد:

وەک وتم دەربارەی ژیانی مامۆستا شێخ محەمەد لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا هیچم دەست نەکەوت. بەڵام ئەو دەستخەتانەی کە ئەو نووسیونی و ماون خۆشبەختانە تیشک دەخەنە سەر چەند ساڵێکی ژیانی؛ چونکە مامۆستا لە کۆتایی هەموو دەستخەتەکانیەوە مێژووی نووسیوە. هەرچەند شوێنی ژیانی خۆی دیاریی نەکردووە.

یەکەم مێژووی زانراو لە دەستخەتەکانیدا ساڵی (١٢٠٠)ە. بەڵام لە ساڵی ١٢٠٠دا





قورئانی یازدەهەمی بەخەت و شێوەیەکی زۆر جوان و زەڕکەفتکارییەکی نایاب نووسیوەتەوە دەبێ لەو ساڵەدا تەمەنی چەند بووبێت؟

بڕوا ناکرێت تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر بوو بێت.

لە دەستخەتی (٨٢٨٢ د.ع)دا لە کۆتایی دانراوی (انموذج اللبيب)ەوە دەڵێ: (وقد بلغ سني و عمري اثنی وستين) واتە تەمەنم گەیوەتە (٦٢)، بەداخەوە وشەی (وستين) لە وێنەکەدا جوان دەرنەچووە و بەڕوونیی ناخوێنرێتەوە و، وەک بۆ (ستين) دەگونجێ بۆ (سبعين) و (تسعين)ش دەشێت.

لە نەوەو بنەماڵەی ئەم مامۆستا شێخ محەمەدە لەگەڵ گەڕان و پشکنینی زۆرمدا تا ئێستە تەنها هەواڵی یەک کوڕیم دیوە، کە ئەویش لە کۆتایی دەستخەتێکدا وەک نووسەرەوەی دەستخەتەکە ناوی هاتووە، دەستخەتەکە شەرحی قەصیدەی خەمریبەی ئیبنولفاریضە. کە بەژمارە (٧٥٣ - ٧٥٤) لە کتێبخانەی ئەوقافدا پارێزراوە. ئەم کوڕەی مامۆستا شێخ محەمەد ناوی شێخ عەبدوڵڵا بووە، ساڵی ١٢١٩ نووسیوبەتیەوە. ئەم مامۆستایەش - کە گومانی زۆر بۆ ئەوە دەچێت لەو سەردەمەدا فەقێ بووبێت - وەک باوکی و مامی خەتخۆش بووە. بەڵام هەروا چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتوو دەبین بەڵکو شتێکمان بۆ دەربخەن.

## شێخ محەمەدی دووەمی سیاگوێزیی

بەڵام کە باسی بنەماڵەی شێخ محەمەدی شێخ یوسفی سیاگوێزیی دەکەم دەبێ بەسەر ئەوەدا نەڕۆم شێخ محەمەدێکی دیکەی سیاگوێزی هەیە، کە مێژوو و سەردەمی ژیانی زۆر لەم مامۆستا شێخ محەمەدەوە دوور نییەو، ئەو شێخ محەمەدەیش نەوە و کوڕ و کوڕەزای زانا و خوێندەواری هەبووە و، شێخانی سیاگوێز خۆیان بەنەوەی ئەم شێخ محەمەدە دەزانن.

بەتەمەنترین پیاوی ئەو بنەماڵە کە ئێستە لە ژیاندایە شێخ قادری کوڕی بابەشێخی سیاگوێزییە، ئەم پیاوە گەلێک زانیاریی و قسەو باسی دەربارەی پیاوانی بنەماڵەکە دەماوەدم لەم و لەو کۆکردووەتەوە و، لە دەفتەرێکدا نووسیونی بە مێژووی ئەو بنەماڵەیان دەزانێ.

ئەو زانیارییانەم لێ وەرگرت و لەتەک هەندێ زانیاریی دروست و باوەڕپێکراودا کە لای خۆم کۆم کردوونەتەوە بەراوردم کردن، سەرەنجام بۆم دەرکەوت هەندێک لە زانیارییەکانی

لای کاک شێخ قادر جێگەی گومانن و لە بەرانبەر زانیارییەکانی لای مندا خۆیان ناگرن.

هەر چۆن هەیە ئەو زانیارییانەیش لێرەدا تۆمار دەکەم:

سەرەتا دەربارەی شێخ محەمەد جگە لەوانەی دەربارەی قورئانە دەستخەتەکەی گوتراوە، دەڵێ: شێخ محەمەد ساڵی ١٢٥٠ لە گوندی سیاگوێز کۆچی دوایی کردووە و، گۆڕەکەی لەوێ دیارە و زیارەتگای نەوەکانی و خەڵکی ناوچەکەیە و، ئەم شێخ محەمەدە گەلێ نەوەی کوڕ و کوڕەزا و کوڕەزازای زانا و خوێندەوار و خاوەن بەرهەم و دانراوی لێ بەجێماوە و، ناوی چەند کەسی لەوانە لەگەڵ هەندێک لە بەسەرهات و نەوە و شوێنەواریان نووسیوە و، ئێمەیش لێرەدا کورتە و پوختەی ئەو زانیارییانە دەخەینە پاڵ ئەم باسەی مامۆستا شێخ محەمەد:

* یەکێک لە نەوەکانی مامۆستا شێخ محەمەد شێخ مەعرووف بووە، دوای تەواوکردنی خوێندن چووەتە پێنجوێن و بووە بەمەلای مزگەوتی (بەرکێو)و پیاوێکی بەدین و زانا و خزمەتگوزاری ئایین بووە.

ئەدیب و شاعیر بووە و شیعری هەبووە. ساڵی ١٣٠٩ لە پێنجوێن کۆچی دوایی کردووە.

ئەم ذاتە وەک لەمەولا دێت ساڵی ١٣١٣ کتێبی داناوە.

* شێخ مەعرووفیش کوڕێکی زانای بووە ناوی شێخ ئەمین بووە. ئەم زاتەیش خوێندەوار بووە و مەلا بووە، بەمەلایەتیی چووە بۆ گوندی (بیستان)ی سەر بەپێنجوێن و لەوێ خزمەتی ئایینی کردووە تا کۆچی دوایی کردووە.

* شێخ محەمەد برایەکی بووە ناوی شێخ ئەحمەد بووە، ئەم شێخ ئەحمەدە دوو کوڕی بووە (شێخ ئەمین و شێخ سەعید) ئەم دوو کوڕەیش لە خزمەتی شێخ محەمەدا خوێندنیان تەواو کردووە، بەڵام بەگەنجیی و لە تەمەنی (٣٠) سیی ساڵیدا کۆچی دواییان کردووە و ئەمەیش لە ساڵی ١٣٥٤دا بووە[1] لە شێخ ئەمین چەند دەستخەتێک بە یادگار بەجێ ماوە لەوانە:

(١) مامۆستا شێخ محەمەد ئەمینی کوڕی شێخ ئەحمەد شوێنەواری دەستخەتی لێ بەجێ ماوە، لەوانە کتێبی (رفع الخفا شرح ذات الشفا) کە ساڵی ١٣٠٣ نووسیویەتیەوە و نوسخەکەی لای بنەماڵەکەیەتی و، بەشی یەکەمی توحفە کە ساڵی ١٢٩٦ نووسیویەتیەوە، بەپێی ئەم دەستخەتە نابێ ئەم مامۆستا لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا مردبێ و، ئەم قسە بێ گومان نابێ، چونکە لەو ساڵەدا توانای نووسینەوەی کتێبی بووە و، ساڵی ١٣٥٤ کۆچی دوایی کردووە، بەم پێیە تەمەنی هەرچۆن بێ لە ٧٠ ساڵ کەمتر نەبووە.





(رفع الخفا فی شرح ذات الشفاء)ی ئیبنولحاج و، چەند نامیلکەی شەرع و مەکتووباتی کاک ئەحمەد و، کوللیاتی حافظ و، کتێبی دۆعا و، تۆمار و، ئیسماعیل نامە و، یەک نوسخە قورئانی پیرۆز.

* شێخ محەمەد کوڕەزایەکیشی بووە بەناوی شێخ فەرەجی کوڕی شێخ عەبدوڵڵا. ئەم زاتەیش خوێندەوار و مەلا بووە و، لە گوندی سیاگوێزدا مەدرەسەی بووە و خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کردووە. بەڵام ئەمیش بەگەنجیی کۆچی دوایی کردوە و، مێژووی کۆچکردنی ساڵی ١٩٠٠ بووە.

* یەکێکی دی لە نەوەکانی شێخ محەمەد شێخ ئەمینی کوڕی شێخ حەسەن بووە لە خزمەتی باوکیا ماوەیەک خوێندوویەو، دوایی لە گوندی چنگنیان لە خزمەتی مامۆستا مەلا عارفی چنگنیاندا خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی مەلایەتیی لە خزمەتیا وەرگرتووە و، بووە بە مەلای نۆدێ و دوای ئەوەی سێ ساڵ مەلایەتیی گوندی نۆدێی کردووە کۆچی دوایی کردووە. مێژووی کۆچی دوایی ئەم زاتەیش ساڵی ١٩٣٠ بووە.

* یەکێکی دی لە نەوەکانی شێخ محەمەد باباشێخ بووە، کە کوڕی شێخ سەعید بووە، ئەم زاتە لە ٢٠ی مانگی مەولوودی ساڵی ١٣١٢ی کۆچیدا هاتووەتە دنیا و، لای شێخ ئەمینی مامی خوێندوویەتی و، دوایی چووەتە خزمەتی مامۆستا مەلا عارفی چنگنیان و لە خزمەتی ئەو مامۆستادا خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی مەلایەتیی لێ وەرگرتووە و، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ سیاگوێز و ماوەی ٥٥ ساڵ مەلایەتیی ئەو گوندەی کردووە و خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کردووە و، فەقێ و مەلای پێگەیاندووە، تا دوایی دووچاری نەخۆشی بووە و ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٣ی مانگی ١٢/ی ساڵی ١٩٧١ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

* یەکێکی دی لە خوێندەوارانی ئەو بنەماڵە و نەوەی مامۆستا شێخ محەمەد شەهید شێخ عومەری کوڕی شێخ ئەبوبەکرە، کە سەرەتای خوێندنی لای مامۆستا بابا شێخی خاڵی بووە و، دوایی لە چەند گوندی ئێران خوێندوویەتی و، دواجار چووەتە مزگەوتی حاجی حان لە سلێمانیی تا شەوی ٢٨ حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ بەدەستی سەربازە دڕندەکانی زەعیم صدیق لە تەک مەلا ئەحمەدی زەهاویدا شەهید کران و، لە گۆڕستانی شەهیدانی سلێمانی بەخاک سپێرران[1].

(١) لە بەخاکسپاردنی تەرمی ئەم دوو شەهیدەدا بەشداربووم لەو کاتەدا سوپاکەی زەعیم صەدیق =

* یەکێکی دی لە مامۆستایانی ئەم بنەماڵەیە مامۆستا شێخ مستەفای کوڕی شێخ ئەبوبەکرە کە برای مامۆستا مەلا شێخ عومەری شەهید بووە کە لە ساڵی ١٩٤٩دا لە دێی سیاگوێز لە دایک بووە و، هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن و فەقێتی بووە و، لە سەرەتاوە لە خزمەتی باباشێخی خاڵیدا خوێندوویەتی، دوای ئەوە بۆ خوێندن گەلێ جێگە گەڕاوە، تا ئەنجام لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەدی ملچەوردا لە دێی (نەوێ)ی بناری شارەزوور ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە و، گەڕاوەتەوە بۆ گوندی سیاگوێز و، دواتر بووە بەمەلای قزلجەو تا گوندەکان داگیراون بۆ کۆمەڵگای (شانەدەربی)و لەوێ بەهۆی کارەساتی ئۆتومبیلەوە ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە.

* یەکێکی دی لە مامۆستایانی ئەم بنەماڵە (مامۆستا شێخ سەعیدی کوڕی بابا شێخە) کە لە ساڵی ١٩٤٣دا لە گوندی سیاگوێز لە دایک بووە.

لە سەرەتاوە لای باوکی خوێندوویەتی و، دواتر چووەتە خزمەتی مامۆستا مەلا عارفی پێنجوێن و ماوەی ساڵێک لەوێ خوێندوویەتی، دوای ئەوە چووەتە سلێمانیی و لە مزگەوتی دوو دەرگا لە خزمەت مامۆستا مەلا عینایەت خوێندوویەتی، دواتر ماوەیەکی کەم لە خزمەتی مامۆستا مەلا عارفی چنگنیانیدا خوێندوویەتی، دوای ئەوەیش ماوەی چوار ساڵ لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەدی شەلدا لە مزگەوتی مەڵکەندیی خوێندوویەتی. دواجار لە مزگەوتی نەقیب لە خزمەتی مامۆستا مەلا ڕەسوولی تەلانیدا گیرساوەتەوە و خوێندنی لای ئەو تەواو کردووە، ئیجازەی مەلایەتیی لێ وەرگرتووە.

دوای ئەوە گەڕاوەتەوە گوندی سیاگوێز و لە سەردەمی باوکیدا تەدریس و خزمەتی ئایینی کردووە، دوای کۆچی باوکیشی لە شوێنەکەیدا خزمەتی ئایینی کرد.

دوای ئەوە گوندەکان داگیران مامۆستا ماوەیەک لە مزگەوتی قازی لە پێنجوێن مەلا بووە، دوای ئەوەیش هەر لە پێنجوێن لە مزگەوتی بنگرد بوو بەئیمام و، دواتر چووەتە سلێمانیی و لە مزگەوتی دارۆغا مەلا بووە، دواتریش لە مزگەوتی حاجی عەبدوڕەحمانی بۆسکانیی دوا وێستگەی ژیانی بوو، کە لە ڕۆژی ٤ی ٦/١٩٨٣دا کۆچی دوایی کردووە.

=هێرشی ئەبرد بەرەو چوارتاو تا عەسری ئەو ڕۆژە هێرش بەردەوام بوو، عەسرەو دوا سوپاکە لە بەرانبەری خۆ گرتوویی هێزی پێشمەرگەدا چۆکی داداو، ئێوارە بەسەر شۆڕیی و زیانێکی زۆرەوە بەرەو ناو شار لێژ بوونەوە. ئەوە بوو دوای ئەو شکستە (مەنعەتەجەولە)کەی سلێمانییان ئەنجام داو، ئەو کارەساتە گەورەیەیان بەسەر سلێمانیی هێناو، شاریان لە خاک و خوێن هەڵکێشاو، زیندان و تەویلەکانی سلێمانییان لە گەنج و پیری ئەو شارە قارەمانە پڕکرد.





دوای ئەمانە زانیارییەکانی لای خۆم تۆمار دەکەم، کە لە دەست و قەڵەمی خودی مامۆستایانی ئەم بنەماڵەوە وەرمگرتوون و، ئەمانەیش دروستترین زانیارین و، لە باوەڕپێکراوترین سەرچاوەوە وەرگیراون:

١- دەستخەتی ژمارە (٧٢٥٧)ی (د،ع) کتێبێکە بەناوی میصری لەسەر سەعدەدین محەمەدی کوڕی بارامی کوڕی ئەحمەدی سیاگوێزیی ساڵی ١٢٠٧ لە مەدرەسەی عەبدوڕەحمان پاشا لای مەولانا عوثمان نووسیویەتیەوە.

٢- دەستخەتی ژمارە (١٢٦٩٨)ی (د.ع)ش کتێبی (الزواجر عن اقتراف الكبائر)ەو ئەم دەقەیش دوای تەواوبوونی دەستخەتەکە نووسراوە:

شکر کە این نسخە بعنوان رسید
پیشتر از مرگ بپایان رسید

قد تمت الكتاب بعون الله الملك العليم العلام، المسمى بزواجر، بحسب الاشارە: بندگان نواب مستطاب فلکجناب سپهر رکاب عالی، میر میران سلیمان پاشا خلدالله تعالی ملکه وسلطنه! الی مدید الزمان، علی ید الفقير المعترف بالذنب والتقصير داعی اقل خلق الله عبدالقادر السیاگویزی فی سنة ست واربعين ومائتين بعد الالف من الهجرة النبوية المصطفوية في يوم الجمعة من شهر شوال.

٣- ژمارە (١٧٠١٢) (د.ع)ش دەستخەتی (سعدالله)یە. مەحموودی سیاگوێزی ساڵی ١٢٩٣ نووسیویەتیەوە.

٤- دەستخەتی ژمارە (٢٢٢٤٩ د.ع)ش بەشی یەکەمی توحفەیە بەسەر مینهاجەوە محەمەد ئەمینی کوڕی شێخ ئەحمەدی سیاگوێزیی مەردۆخیی ساڵی ١٢٩٦ لە مەدرەسەی پێنجوێن لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەد صاڵحی کوڕی سەیید بابا عەلی تیماریدا نووسیویەتیەوە.

هەروەها دەستخەتی (٢٢٢٤٨ د.ع)ش دەستخەتی هەمان مامۆستایە ساڵی ١٣٠٥ لە سیاگوێز نووسیویەتیەوە.

٥- دەستخەتی (١٣٩٣٩ د.ع)ش نیوەی قورئانی پیرۆزە لە سوورەتی مەریەمەوە تا کۆتایی قورئان شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ محەمەدی سیاگوێزیی ساڵی ١٣١٢ نووسیویەتیەوە.

هەروەها دەستخەتەکانی (٧٨٦٣و ٢١٩٧٠و ٣٣٦٤٦ د.ع)ش دەستخەتی هەمان مامۆستان.

٦- دەستخەتی (٢٢٣س)ش شێخ مستەفای کوڕی شێخ عەبدولعەزیزی سیاگوێزیی ساڵی ١٣٦٨ لە مزگەوتی سەیید عەبدولکەریم لە شاری بانە نووسیویەتیەوە.

دوای بەراوردکردن و دوای ئەوەی لە نووسراوەکانی مامۆستا شێخ مەعرووفی سیاگوێزییەوە دەرکەوت کە لەمەولا باسەکەی دێت، دەرکەوت شێخ محەمەدی دووەم کوڕی شێخ عەبدولقادر بووە و شێخ عەبدولقادریش خوێندەوار بووە و شوێنەواری هەیە، بەڵام تا ئێستە بۆم ڕوون نەبووەتەوە شێخ عەبدولقادر کوڕی کێیە.

دەستخەتی ژمارە (٧٠/ع) حاشیەیەکە بەسەر سەعدولڵلای بچووکەوە، ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ یوسف نووسیویەتیەوە. ئەگەر ئەم شێخ یوسفە باوکی مامۆستایان شێخ عەبدولڵلاو شێخ محەمەد بێت ئەوا دیارە کوڕێکی دیشی هەبووە بەناوی شێخ ئەحمەدەوە، لەوانەیە ئەم شێخ ئەحمەدەیش باوکی شێخ عەبدولقادری باپیری شێخ مەعرووفی سیاگوێزی بێت.

یەکێکی دیش لە شوێنەوارەکانی شێخ مەعرووفی سیاگوێزیی کتێبی (تنویر الضمیر)ی شێخ مەعرووفی نۆدێیە کە ساڵی ١٣٠٠ نووسیویەتیەوە.

ئەم دەستخەتە بەژمارە (٦٠١/خ) لە کتێبخانەی مامۆستای خاڵدا پارێزراوە.

(دقائق الأخبار)

لەبەر ئەوەی ئەم دانراوە دانراوی یەکێک لە زانایانی ئەم بنەماڵەیە و، باش وایە نەیبوێرین - هەر چەند ئەم باسە زیاتر لەسەر قورئانی دەستخەت سەنگ دادەنێت - وام بەباش زانی لە تەک باسی زانایانی بنەماڵەکەدا ناوی ئەم کتێبەیش بخەمە بەرباس:

**(دقائق الأخبار)ی مامۆستا شێخ مەعرووفی سیاگوێزیی**

ئەو دەستخەتەی یەکەم جار سەرنجی ڕاکێشام و دواتر پێی ڕاکێشامە (د.ع)و، کەوتمە داوی گەنجینەی دەسخەتەکانیەوە و، لەو زەمینگیرییەم لەو شوێنەدا پرۆژەی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە) دەستی پێکردو - سوپاس بۆ خودا - تا ئیستەیش بەردەوامە.. دەستخەتێک بوو بەناوی دەستخەتی فارسییەوە پارێزرا بوو، کە داوام کرد و سەیرم کرد بینیم دەستخەتێکی مامۆستایەکی کوردە، پێنج دانراوی مامۆستایانی کوردی بەکوردیی لە خۆ گرتووە. ئەو کاتە گەشتێکی خێرام بەو دەستخەتەدا کرد و شتێکم لەسەر ناوەرۆکەکەی نووسیی و، دەربارەی دانەری عەقیدەی کوردیی شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوت و، لە کۆتاییەوە نووسیم:





«حەزم ئەکرد لەم دەرفەتەدا شتێک - با کورتیش بێت - دەربارەی شێخ سەمیع و شێخ مەعرووف و ئەوانەی دیکە کە لەم دەستخەتەدا ناویان هاتووە، بنووسم، بەڵام شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوت، ئەگەر خودا یارمەتیم بدات بەهیوام لە هەل و دەرفەتێکی دیکەدا بگەڕێمەوە سەر (بیت الحشر)ەکەی (شەوقی)و بەڵکو تا ئەو کاتە شتێکم دەستبکەوێ»[1] بەڵام تا ئێستە چونکە شتێکی نوێم دەربارەی شەوقیی دەست نەکەوت نەگەڕامەوە سەر ئەم باسە. لەم ماوەدا لە هەر شوێنێک سووسەی دەستخەتێکم کردبێت ویستوومە بیبینم و بزانم چییە و چی تێدایە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر لە سەردانێکی ماڵی مامۆستا ڕەفیق صاڵحدا کە کتێبخانەیەکی باشی هەیە، چەند شتی پێشان دام، یەکێک لەوانە دەستخەتێک بوو لە یەکەم سەرنجدانیدا بۆم دەرکەوت چەند دانراوی لەوانە تێدایە پێشتر لە سەریانم نووسیوە، بەڵام ئەو کاتە من لە بەغدا بووم و بردنی دەستخەت بۆ ئەوێ جێگەی مەترسیی بوو، لەبەر ئەوە هەندێ زانیاریم لێ یادداشت کردو، دەستخەتەکەم دانایەوە.

لەم دواییەدا کە بارودۆخ گۆڕا و هاتمەوە سلێمانیی داوام لە مامۆستا ڕەفیق کرد ماوەیەک دەستخەتەکەم بداتێ بۆ ئەوەی بەشێنەیی لەسەری بنووسم. مامۆستا ڕەفیق - ماڵی ئاوا بێت - خۆی دەستخەتەکەی بۆ هێنام و ڕێگەی ئەوەیشی دام لەسەری بنووسم. ئەوا منیش ئەم هەلەم قۆستەوە و، ئەم گەشتە خێرام بەناو دەستخەتەکەدا کرد.

باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم دەستخەتە ٢٢٨ لاپەڕەیە.

لەبەر ئەوەی دەستخەتەکە - بەیاسای کۆن - ژمارە بۆ لاپەڕەکانی دانەنرابوو شیرازەی جزوبەندەکەیشی پسابوو، پەڕەکانی تێکەڵ و پێکەڵ و پاش و پێش بووبوون، ماوەیەکم لە تەکدا بردەسەر تا توانیم - هەندێک - ڕێکمخستنەوە و، ژمارەم بۆ لاپەڕەکانی دانا، بەڵام چەند پەڕەیەک مانەوە بەهۆی ئەوەوە لە خودی کتێبەکەدا نەبوون و، لە کاغەزێکی جیادا وەک (زوائد) نووسرابوون و، منیش شوێنەکانیانم بەدروستیی بۆ نەدۆزرایەوە، لە دوای دانراوەکانی ناو دەستخەتەکەوە دامنان.

دەبێ پێش هەموو شتێک ئەوە بڵێم: ئەم دەستخەتە بەخەتی مامۆستا شێخ مەعرووفی

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی (ومیض) ل:١١٤

سیاگوێزی دانەری دووان لە دانراوەکانی ناوپەتی و، ساڵی ١٣١٣ نووسیویەتیەوە.

دەستخەتەکە ئەم دانراوانەی گرتۆتە خۆی:

یەکەم: (تذکرة الاخوان) دانراوی محەمەدی (علیجی قلهانی)یە، ئەم دانراوە هەشت لاپەڕەیە. ساڵی ١٣٥٠ نووسراوەتەوە، دیارە ئەمە دوای کتێبەکانی دی نووسراوەتەوە و، لەوەیش ناچێ خەتی مامۆستا شێخ مەعرووف بێت و، لەوە دەچێ دوایی خرابێتە ناوی.

دووەم: مەهدی نامەی مامۆستا مەلا محەمەدی ئیبنولحاج.

بەڵام پێش ئەمە کۆتایی نوسخەیەکی (عەقیدەی کوردی)یە، پێنج بەیتە، ساڵی ١٣١٦ نووسراوەتەوە. واتە دوای نوسخەکەی دی کە لەمەولا باسی دەکەین، بەڵام ناوی نووسەرەوەی پێوە نییە.

سێیەم: لە لاپەڕە ١٨دا سەرەتای (بیت الحشر)ی شەوقیی ناسراو بەعەبازادە دێت. ئەمە لە لاپەڕە ٢١دا تەواو دەبێت.

چوارەم: نامیلکەی (تذکرة العوام - یان بەیتی ئەوەڵ و ئاخر)ی مامۆستا مەلا محەمەدی سیوچیی. ئەوەندە هەیە لێرەدا لەسەری نووسراوە (رسالەء مهدی نامە ملا محمد سیوچی از محال بانە - رحمە اللە - برای تفهیم عامە). هەروەها ئەمە سەرەتا عەرەبییەکەی لە پێشەوە نییە کە لە نوسخەکەی دیدا هەیەو، لەو نوسخەیشدا هەیە کە من زوو بڵاومکردەوە.

ئەمەیش تا لاپەڕە ٣٢ دەگرێتەوە و، ناوی کەس لە کۆتاییەکەیدا نییە، بەڵام نووسراوە: یەک شەمەی یەکی موحەڕەمی ساڵی ١٣١٦ نووسراوەتەوە.

پێنجەم: نامیلکەیەکی پەخشانی کوردییە لە عەقائیددا لەسەری نووسراوە:

«هذا رسالة عقیدەء کردیەء نثر از کلام سید طه شمزینی - رحمە اللە - کە برای تفهیم عوام انشا فرمودە»

ئەمە لە چەند دەستخەتدا من بەم شێوە دیومە، بەڵام کاکە حەمەی مامۆستا مەلا کەریم نوسخەیەکی دەست کەوتبوو، لەوێدا بۆ مەولانا خالید دانرابوو، ئەویش بەهەمان ناوەوە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراقدا - دەستەی کورد - بڵاوی کردەوە[٢].

(٢) بڕوانە: گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق، دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، ساڵی ١٩٨١، ل: ١٩٩.
دەبێ ئەوە بڵێم: چەند دەقی دی - یان چەند نوسخەی دی - ئەم نامیلکەم دیوە و نوسخەیەکیانم بۆ چاپیش ئامادە کردووە، ئەم نوسخە لەتەک زۆریاندا جیاوازیی ئاشکرای هەیە و، وا پێ دەچێت ئەمە لەگەڵ نوسخەکەی مەولانادا زۆر لەیەک جیاواز بن.





ئەمەیش تا لاپەڕە ٣٧ دەگرێتەوە و، لێرەدا نووسراوە: مەعرووف لە ساڵی ١٣١٦دا نووسیویەتیەوە.

شەشەم: عەقیدەی کوردی:

ئەم عەقیدە هەر ئەو عەقیدەیە کە لە مێژووی زانایاندا لەسەریم نووسیوە.

بەڵام ئەم نوسخە - وەک نووسیم - تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە کە بەخەتی دانەرەکەیەتی. جگە لەوەیش بایەخێکی زۆری پێ داوە و، گەلێ پەراوێزی عەرەبی بەسەرەوە نووسیوە و، سەر و بۆری بۆ گەلێ شوێنی کردووە و، سەرباسەکانی بەمەرەکەبی سوور جیاکردووەتەوە. لەسەر هەندێ جێگە گۆڕانکاریی وشەی کردووە و لەسەری نووسیوە (نسخە). لەتەک ئەوەیشدا کە مێژووی نووسینەوەی ئەم نوسخە دوای نوسخەکەی دییە لێرەدا گەلێ جیاوازی هەیە، وا پێدەچێت دانەر خۆی جارێکی دیکە بەکتێبەکەیدا چووبێتەوە و ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت.

یەکێک لەو جیاوازییانەی لە کۆتایی ئەم نوسخەوە هەیە ئەوەیە کە مامۆستا مێژووی کۆچی دوایی باوکی خۆی دەنووسێت. ئەمەیش دەقی نووسینەکەیەتی:

تأریخ وفات مرحومی پدرم رحمە اللّه١٣١٣

ساڵی هەزار و سێصەد و سێزدە
(جمادي الآخر) لە ڕۆژی سێزدە
ڕۆژی دووشەمە صاحیبی پەدەر
هاوناوی (حضرة سید البشر)
(محمد ابن) شێخ عەبدولقادر
وەفاتی فەرموو لەم دنیای غادر
یا خودا عەفوی کەی تۆ بە مەرحەمەت
پێی عەطا بکەی بەهەشت و نیعمەت
بیکەی بەرەفیق ئەنبیاو پیاو چاک
بە (جنة العدن) بیکەی فەرەحناک

دەبێ لە دوای ئەم مێژووەوە شتێک نەبوێرم، ئەویش ئەوەیە کە نووسەرەوەی نوسخەکەی دی کە پێشتر باسمان کردووە ناوی محەمەدی کوڕی عەبدولقادری حەسەنییە و ساڵی ١٣١٢ نووسیویەتیەوە، مامۆستای باوکی مامۆستا شێخ مەعرووفیش ناوی محەمەدی کوڕی عەبدولقادرە و، دوای ئەم مێژووە بەساڵێک کۆچی دوایی کردووە، جا تۆ بڵێی ئەم

دوو مامۆستا یەک کەس بن و، باوک کتێبی کوڕی خۆی نووسیبێتەوە؟

لە دوای نووسینی ئەو باسەی پێشووەوە کە دەربارەی مامۆستای ناوبراو نووسیمان هەندێ زانیاریی نوێم دەربارەی مامۆستا شێخ مەعرووف دەستکەوتووە، لێرەدا نووسینیان دەبێتە مایەی تەسەلکردنی باسەکە:

یەکەم: لە کۆتایی ئەم نوسخەوە مامۆستا دوو سێ بەیتی نووسیوە کە لە نوسخەکەی دیدا نین و، نووسینیان ڕوونکەرەوەی لایەنێکی ژیانی مامۆستایە:

مەعرووفم ناوە قادرە پیرم
جێیان سیاگوێزە باوک و باپیرم
ئیبنی شێخ محەمەد شافیعی مەذهەب
ئیبنی شێخ قادر مەردۆخیی نەسەب

هەروەها قزڵجیش بووە.

دووەم: لە چەند کەسم بیستووە کە مامۆستا شێخ مەعرووف پیاوێکی بەتوانا و نووسەرەوەیەکی قەڵەم ڕەسابووە و، بەقەڵەمەکەی زیاتر لە (٣٠)سی دانە قورئانی پیرۆزی نووسیوەتەوە.

سێیەم: جگە لە هۆنراوەی ئایینی شیعری دیکەیشی بووە و، دوور نییە دیوانی شیعریشی بووبێ، بەڵام لە دەستدا نییەو یان تێدا چووە، یان دەبێ چاوەڕوان بین بەڵکو لەمەولا شتێکمان دەست بکەوێت. لەم بارەوە پارچەیەک شیعری درێژیم دەست کەوت کە بۆ شیوەنی کوڕێکی نووسیویەتی، لە بەرگی پێنجەمی بووژاندنەوەی مێژوودا... بڵاوم کردەوە[٣].

بەپێی ئەو شیعرانە و مردنی کوڕەکەی - کە لە ساڵی ١٣١٢دا بووە - مامۆستامان لەو سەردەمەدا خاوەنی ماڵ و منداڵ بووە و پیاوێکی کامڵ بووە، بەڵام لەوە بەولاوە شتێکی دیمان لەسەر ژیانی و کۆچی دوایی لە دەستدا نییە.

دەبێ لێرەدا ئەوە نەبوێرم کە مامۆستا ئیسماعیل کەریم مستەفا سپیدارەیی هەوڵێکی باشی داوە و ساڵی ١٩٩٢ نوسخەیەکی (عەقیدەی کوردی)یەکەی مامۆستا شێخ

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو بەرگی پێنجەم، چاپخانەی (الخنساء) بەغدا، ١٤٢٣ک - ٢٠٠٣ز ل: ٣٠٣.





مەعرووفی بڵاوکردەوە، بەڵام نوسخەکەی ناتەواوە و، هەڵەی تێدایە و، ئەویش دەربارەی ژیانی شتێکی باوەڕپێکراوی بەدەستەوە نەبووە.

هەروەها دەبێ ئەوەیش بڵێم: هۆنراوەی عەقیدەی شێخ سەمیع کە مامۆستا شێخ مەعرووف لێی زیاد کردووە و فراوانی کردووە لە (د.ع)دا چەند نوسخەی دی هەیە بەم ژمارانە: (٣٣٦٤٦، ٧٨٦٣، ٢١٩٧٠ د.ع).

## تەرجەمەی (دقائق الأخبار)

یەکێکی دی لە دانراوەکانی مامۆستا شێخ مەعرووف کە بەخەتی خۆی لەم دەستخەتەیدا هەیەو، لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی نەبووە، تەرجەمەی کتێبی (دقائق الأخبار)ە، کە لێرەدا بەکورتی بەخوێنەرانی دەناسێنین.

ئەم دانراوە لە لاپەڕە ١٥٥ وە تا ٢٢٨ی دەستخەتەکەی گرتووەتەوە و، تێکڕا (١٣١٠) هەزار و سێصەد و دە بەیتە. ئەمە سەرەتاکەیەتی:

بینای بێ زەوال بینای بێ زەوال
پادشای شاهان بینای بێ زەوال
ئاگاهداری حاڵ تەمامی ئەحواڵ
قەههاری قەییووم شاهی ذولجەلال
واحید و ئەحەد بێ شیبهو لارەیب
عالیم و دانای پشتی پەردەی غەیب
تەوفیقم بدەی تۆی صاحیب تەوفیق
مەعانیی حەدیث بۆم بکەی تەحقیق
تەرجەمەی کیتاب (دقایق أخبار)
حەدیثی صەحیح ڕەسووڵی موختار
ئەر تەوفیق بدا حەییی نوورانیی
تەرجەمەی دەکەم من بە گۆرانیی
لە بۆ دۆستان و یارانی جانیی
وای گوت محەمەد ئەو ئارەندانیی
لە دوای هەژدە ساڵ بەدەست ئاوێزیی
نوسخەی کەوتە دەس مەعرووف سیاگوێزیی

کردی بەکوردی لێی مەبن مەلوول
(کلم الناس بقدر العقول)

ئەمەیش کۆتاییەکەی:

بەڕەحمەتی خوت پادشای غوفران
داخلمان بکەی بەڕەوضەی ڕیضوان
هەزار و دووصەد هەم نەوەد و شەش
لەگەڵ چوار مانگ کیتابی بێ غەش
دەهەمی ئاخر (ربیع الآخر)
لە بۆم تەواو بوو کیتابی فاخیر
گۆیای محەمەد ئارەندانییە
گیرۆدەی طەلیسم دنیای فانییە
مەعروف سیاگوێزیی تەواو دڵ سارده
سالی هەزار و سێصەد و چوارده
یەک شەممەی غورەی (جمادي الآخر)
کردی بەکوردیی ئەوەڵ تا ئاخر
ئەهلی جەماعەت هەموو بەدڵشاد
بەیەک فاتیحە ئێمە بکەن یاد
بەڵکە موستەوجیب عەفوی خودا بین
نەوەک رووسیای ڕۆژی عوقبابین
(الهی هرانکس کە اینرا نوشت
نویسی تو اورا ز أهل بهشت)
(هزاران درودو هزاران سلام
ز ما بر محمد علیە السلام)
من گونەهکارم نیمە توشەی راه
جوز (لا تقنطوا من رحمة الله)

١٣١٤
(عدد ابیات ١٣١٠)





لە کۆتایی ئەم ناساندنە کورتەی ئەم دەستخەتەوە یەک دوو شت دەڵێم:

یەکەم: دەبێ مامۆستا مەلا محەمەدی ئارەندانیی کە دانەری دەقی عەرەبی کتێبی (دقائق الأخبار)ە کە مامۆستا شێخ مەعرووف کردوویە بەکوردی کێ بێت؟ دەبێ مامۆستایەکی مەزنی کورد بێت لە سەدەی سێزدەمدا لە ژیاندا بوو بێت بەڵام لە کوێ بووە تا کەی ژیاوە؟ بەرهەمی دی چی هەبووە؟ ئەمانە – جارێ – پرسیاری بێ وەڵامن.

دووەم: لەو دانراوانەی لەم دەستخەتەدان و باسمان کردن یەک دوانێکیان بڵاوکراونەتەوە و کتێبخانەی کوردیی ئاگای لێیانە، ئەوانی دیکە هێشتا بێ ناز و بێ خەمخۆر لەبەر گەلێ مەترسیدا چاوەڕێی دەستی دۆستانێکی زمان و کەلەپووری کوردیین بەهانایانەوە بچن و سووچێک لە سووچ و کەلێنە گەورە و زۆرەکانی کتێبخانەی کوردییان پێ پڕبکەنەوە.

ئەم دانراوانە ناوەرۆکیان هەرچی بێ، بەشێکن لە سامانی کەلەپووری نەتەوەی کورد و، دەبێ بەچاوی ڕێز و بایەخەوە تەماشایان بکەین و، هەوڵی ئەوە بدەین هەر بابەتێکیان لە هەرشوێنێک هەبێت چنگی بخەین و، لێی بکۆڵینەوە و بیبووژێنینەوە و، سەیری شێوەی داڕشتن و ناوەرۆک و ڕەسایی و باڵایی یان نزمیی و کرچیی شێوەی داڕشتنەکەیان نەکەین.

بەڵێ گەلێ لەو دەقانە ناوەرۆکێکی ئاینییان هەیە لە باس و بابەتێکدا کە ئەگەر ئەمڕۆ خوێندەوارێکی شارەزای کورد بیەوێ لە هەمان بابەت و ناوەرۆکدا شتێک بنووسێت ڕەنگە زۆر لەوانە ڕەساتر بێت و، زمانەکەی پاراوتر بێت و، بابەتەکەیش بەم شێوە تازە زیاتر لەبەر باری دڵی خوێنەری ئەمڕۆدا بێت، بەڵام ئەو بایەخە مێژووییە و، ئەو ڕچەشکاننەی لەو دەقە کۆنانەدا هەیە ڕەنگ و ڕواڵەتێکیان دەداتێ کە هەمیشە زیندوو بن و بایەخی خۆیان هەبێت و، شیاوی جێگەی دیار و بڵند بن.

بۆیە جێگەی خۆیەتی لێرەدا ڕووی دەممان بکەینەوە پرۆفیسۆران و دوکتۆران و لێپرسراوانی زانکۆکانی کوردستان و بڵێین: زۆر جێگەی خۆیەتی سەیری گەلانی دراوسێمان بکەین و لە کارە چاک و بەسوودەکانیاندا لاساییان بکەینەوە. بەرنامە و پرۆگرامی زانکۆکانیان وەربگرین بزانین چ کارێکی چاکیان کردووە، چ پرۆژەیەکی بەنرخیان ڕۆناوە و بەڕێوەیان بردووە، قوتابییەکانیان لەسەر چ کارگەلێکی نوێ ڕاهێناوە، ئێمەیش شوێنیان بکەوین و هەنگاو بەهەنگاو شوێنپێیان هەڵگرین.

بۆ نموونە گەلی عەرەبی دراوسێمان بۆ دەقە کۆنەکانیان چییان کردووە و چییان ئەنجام داوە؟ ئەگەر سەرنجێکی کتێبخانە عەرەبییەکان بدەین دەبینین – لەتەک ئەو مشەیی و زۆریی دەقی عەرەبییەدا کە هەیانە – وا خەریکە دەقی عەرەبیی نەمێنێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، لەتەک ئەوەیشدا دەقی وایان هەیە چەندین لێکۆڵینەوەی لە لایەن چەند خوێندەواری کارامە و لێهاتووەوە لەسەر کراوە.

ئەی کە بەلای کتێبخانەی کوردییدا با دەدەینەوە چی دەبینین؟

بەداخەوە دەبینین زۆر زۆر لە دواوەین و، بگرە هێشتا ڕێگەی خەڵکی خواپێداومان نەدۆزیوەتەوە. بۆ بەڵگەی ئەمە سەرژمێرێکی کتێبە چاپکراوەکانمان بکەن بزانن چەند دەقی کۆنمان هەیە بەلێکۆڵینەوەوە چاپ و بلاو بووبنەوە. تەنانەت دیوانی شاعیرانمان – کە لە چاو دیوانی شاعیرانی دراوسێیانماندا زۆر نین – چەندیان لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسەر کراوە و ساغ کراونەتەوە و خراونەتە بەردەستی خوێنەران؟

بۆیە دەڵێین: تا زوو دەسبەکاربین و، تا زووتر کۆمەڵێ زرنگ و شیاو ڕێکبخەین بۆ دۆزینەوە و کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دەقە کۆنە کوردییەکان – بێ جیاوازیی و جیاکردنەوە – درەنگەو دواخستنی هەر ڕۆژێک زیانگەلێکی بەدواوەیە کە دوایی قەرەبوو ناکرێنەوە.

## شێخ محەمەدی شێخ یوسف خۆشنووسێکی نەناسراوی کوردە(*)

کە بمانەوێ سەرنجێکی ئەو بوارانەی کەلەپوور و ڕۆشنبیریی و هونەر و... ی کورد بدەین کە پێویستییان بەلەسەر نووسین و لێکۆڵینەوە هەیە و، بزانین چەندیان کاریان بۆ کراوە و، چەندیان لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلیان بۆ ئەنجام دراوە و، کامیان ماوە پێویستی بەوە بێت زوو خەمی بخورێت، ئەوا لیستەی کارە ئەنجام نەدراوەکان زۆرن و، ئەوانەیش کاریان بۆ کراوە گەلێکیان کون و کەلێنیان زۆر تێدایە و، دەبێ پێداچوونەوەی ڕەساو نوێ و وردیان بۆ بکرێت.

لەوانەیە جێگەی سەرسوڕمانی هەندێ کەس بێت ئەگەر بڵێم: بابەتی (خۆشنووسانی کورد) یەکێکە لەو بابەتە ڕەسەن و نەوازە و شکۆدارانەی لایان لێ نەکراوەتەوە و، بابەتێکی دێرین و، دەوڵەمەند و، فرە کەرەسەیە و، ئەگەر نووسەری شارەزا و کارامە و بە

(*) ئەم باسە لە ژمارە (٢٦)ی – گۆڤاری هەزار مێرددا بلاوکرایەوە. لێرەیشدا وەک خۆی بلاوی دەکەمەوە، ڕەنگە لەهەندێ مەبەستدا دووپاتبوونەوە هەبێت.





پشووی خۆی هەبێت، لەسەرخۆ بەسەرچاوەکانی مێژووی بابەتەکەدا شۆڕبێتەوە، بۆ کۆنترین نموونە و، جوانترین بەڵگە بگەڕێت، بەدەستەبارەی ڕەنگین و، نموونەگەلی شادیئاوەرەوە بگەڕێتەوە.

دیاریی ئەم جارەیشم لاپەڕە هەڵدانەوەی مێژووی زیانی نەزانراو و قەرەبوونەکراوەی ئەندازەی ئەو سامانە لەناوچوو و تێداچووەی خەرمانی کەلەپوور و ڕۆشنبیری کوردییە و، پشتگیریی ئەو قسانەی پێشوویشمە کە هەمیشە دەربارەی گەورەیی قەوارەی زیانی کەلەپوور و ڕۆشنبیریی کوردیی کردوومن و ئێستەیش هەروا لەسەریان دەڕۆم.

مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ یوسف، کە مامۆستا ئیسماعیل سپیدارەیی[1] پێی دەڵێ شێخ محەمەدی سیاگوێزیی، باو بووە و دیارە دەماو دەم ئەم قسە وەک تەواتور هاتووە کە (٣٠)سی نوسخە قورئانی پیرۆزی بەخەتی خۆی نووسیوەتەوە، قورئانیش کە پیرۆزترین کتێبە لای موسوڵمانان، ئایا چەند دانە لەو سی نوسخە پارێزراوە و، چەندیان لە دەستدایە و ئێمە هەواڵیان دەزانین؟ دەتوانین بڵێین: بەداخەوە هیچ!

خۆشبەختانە ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/١٨ لە ڕێگەی مامۆستایەکەوە بەخزمەت قورئانێکی دەستخەت گەیشتم، کە هەندێک سەرنجیم دا بینیم دەستخەتی مامۆستا شێخ محەمەدە، واتە ئەمە یەک لەو سی دانە قورئانەی ئەو مامۆستا نووسیوبەتییەوە.

لە ڕێگەی ئەم قورئانە و یەک دوو دەستخەتی دییەوە کە لە بەرگی چوارەمی مێژووی زانایاندا باسم کردوون[2] چەند زانیارییەک لەسەر ژیانی ئەم مامۆستا کۆدەکرێتەوە:

یەکەم: ئەم قورئانەی ساڵی ١٢٠٠ک نووسیوەتەوە.

دووەم: ئەم قورئانە (١١) یازدەهەمین قورئانی دەستخەتی ئەم مامۆستایە کە نووسیویەتییەوە.

سێیەم: ئەم مامۆستا شێخ محەمەدە تا ساڵی ١٢٤٢ک لە ژیاندا بووە و، لەو سەردەمەیشدا بەتوانا و وزە بووە و، کتێبی بەخەتە خۆشەکەی بۆ کاربەدەستانی میرنشینی بابان نووسیوەتەوە.

چوارەم: ئەم مامۆستا برای مامۆستا شێخ عەبدوڵلایە کە لە بەرگی پێنجەمی

(١) بڕوانە: عەقیدەی کوردی دانەر شێخ مەعروفی سیاگوێزیی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی ئیسماعیل کەریم سپیدارەیی، چاپ و فۆتۆکۆپی ئەزمەڕ، چاپی یەکەم سلێمانی ١٩٩٢.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو ل: ٦٠.

(بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە)دا باسی دوو قورئانی دەستخەتیم کرد.

پێنجەم: مامۆستا شێخ محەمەد لە کۆتایی قورئانە دەستخەتەکەیەوە دەفەرمووێ:

خەڵکی سیاگوێزە و هەر لەوێیش لە دایک بووە، بەڵام مامۆستا شێخ عەبدوڵڵای برای دەفەرمووێ: لەدایک بووی شاری بەغدام. لێرەدا ئەوە دێتە پێش: ئەم بنەماڵە کەی چوونەتە بەغدا؟ چۆن چوون؟ تا کەی لەوێ ماونەتەوە؟ دوای ئەوەی گەڕاونەتەوە کوردستان کەسیان لە بەغدا ماوەتەوە؟ ئەگەر وایە دوای خۆی - یان خۆیان - نەوەیان لە بەغدا ماوەتەوە؟

شەشەم: هەرچەند بەدروستیی ژیانی هیچ کام لەم دوو مامۆستا نازانین دەتوانین لە ڕووی هەندێ بەڵگەوە بڵێین - لەم دوو مامۆستایە:

شێخ عەبدوڵڵا برا گەورە بووە، چونکە شێخ عەبدوڵڵا ساڵی ١١٥٥ کەڵە مەلا بووە و لە پلەیەکی وادا بووە کتێبی (کافی التجوید)ی نووسیوە و پێشکەشی کردووە بە(خالید پاشای بابان) بەڵام مامۆستا شێخ محەمەدی برای ساڵی ١٢٠٠ قورئانی یازدەهەمی لە سەرجەمی (٣٠) قورئان نووسیوەتەوە و، ئەوەیش زانرابێت، تا ساڵی ١٢٤٢ک لە ژیاندا بووە، بەڵام مامۆستا شێخ عەبدوڵڵا ساڵی ١١٢٩ یەکەم قورئانی نووسیوەتەوە و، بەڵگەی لەژیاندابوونی تا ساڵی ١١٧٩یان لە دەست دایە، ئەمانە ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە مامۆستا شێخ عەبدوڵڵا برا گەورە بووە و، هەردووکیشیان لە پیاوە بەتەمەنەکان بوون.

حەوتەم: لەو سەردەمەدا لەناو بنەماڵە زانیارییەکاندا - و لەناو ئەوانیشدا بنەماڵەی مەردۆخیی - وا باو بووە کە بنەماڵەکە بەزۆریی بەخوێندنەوە خەریک بوون و پیشەی دیکەیان نەبووە، جا دەبێ لە بنەماڵەی شێخ یوسف هەر ئەم جووتە کەڵە مەولا و کەڵە خۆشنووسە هەڵکەوتبن و، برای دیکەیان وەک خۆیان یان مەلاتر و خەتخۆشتر نەبووبێت؟ ئەمەیش پرسیارێکە وەڵامەکەی بۆ ڕۆژانی داهاتووی پشکنینی زانا و پسپۆڕانی کورد بەجێ دێڵین.

هەشتەم: گومان لەوەدا نییە کە شێخ یوسفی باوکی ئەم جووتە کەڵە مەلایش کەڵە مەلای چەرخی خۆی بووە؛ چونکە شێخ محەمەدی کوڕی دەنووسێ (ابن الشیخ الاجل) واتە کوڕی زانای ڕێزدار، کە مەبەستی باوکیەتی، ئایا ئەم زانا ڕێزدارە هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ نەماوە؟ ئایا لە کوێ کۆتایی ژیانی بەسەربردووە؟





نۆیەم: لە پاڵ باسی ئەوەدا کە مامۆستا شێخ محەمەد دەنووسێ:

سیاگوێزیی، یان لە سیاگوێز لە دایک بووە، دەیشنووسێ (ئەردەڵانیی) واتە لە بنەڕەتدا لە ئەردەڵانەوە، لە کوردستانی ئێرانەوە، هاتوون بۆ وڵاتی بابان. ئەمەیش خۆی ئەوە پتەوتر دەکات کە چەند جار گوتوومانە: وڵاتی بابان لەو سەردەمانەدا لانەی کەڵە مەلاو گەورە زانایان و، لانکەی خوێندەواری بووە و، هەرکەس شتێکی لە زانست و هونەر شک بردبێ ڕووی کردووەتە ئەو لانکە، تا خۆی بنوێنێت و لە هونەرەکەی بەهرەوەر بێت، وەک میرانی بابان خۆیشیان بەشوێن ئەوەدا گەڕاون لە هەر شوێنێک زانایەکی ناودار هەبووبێت هێناویانە بۆ میرنشینەکەیان و بازاڕی زانستیان پێ گەرمتر و، کۆڕی زانایانیان پێ ڕازاوەتر کردووە.

بەڵگەی ڕوونی ئەم قسەیش بەرهەم و هونەرەکانی ئەم مامۆستایانەیە، ئەوەتا مامۆستا شێخ عەبدوڵڵا کە نامیلکەیەکی جوانی بەهۆنراوەی فارسیی لە باسی تەجویدی قورئاندا داناوە پێشکەشی (خالید پاشای بابان)ی کردووە.

مامۆستا شێخ محەمەدی برایشی بەو خەتە نایابەی خۆی کتێبی (المنح المكية في شرح الهمزية)ی بۆ عەبدوڕەحمان پاشای بابان نووسیوەتەوە و، کتێبی (اللمعة في خصائص الجمعة)ی[1] بۆ یونس ئاغای خەزێنەداری میرنشینی بابان نووسیوەتەوە و کارەکەی بۆ ئەو بووە.

بنەماڵەی مامۆستا شێخ یوسفیش یەکەم بنەماڵەی ئەردەڵانیی نەبووە لە وڵاتی باباندا ئەو زەمینەی بۆ فەراهەم کراوە و، ئەویش ئەو خزمەتە گەورەی کردووە. بنەماڵەی شێخ، شێخ محەمەد وەسیمی گەورە و، شێخ عەبدولقادری موهاجیر و، شێخ ئەحمەدی گۆرانیی دانیشتووی - دواتر - بەغدا... نموونەگەلێکی زانایانی ئەردەڵان و سنە و مەردۆخیین لە لای میرانی بابانەوە بەجۆرێک دڵنەوایی کراون زێدی باو باپیرانیان گۆڕیوەتەوە بەم خاکە و، بۆ هەتا هەتایی تیایدا نیشتەجێ بوون.

دەیەم: ئەم جووتە برا وەک جووتە خۆشنووسی میرنشینی بابان بوون، لەو هونەرەیاندا تەنانەت لە ڕواڵەتی کۆتایی پێهێنانی نووسینەوەی دەستخەتەکەیان و، بەکاربردنی هەندێ وشە و ڕستەدا، پەیڕەویی یەکیان کردووە، یان دروستتر بڵێین: مامۆستا شێخ محەمەد لاسایی مامۆستا شێخ عەبدوڵڵای کاکی کردووەتەوە. ئەوەتا هەردووکیان لە دوو قورئانی

(١) بڕوانە: لاپەڕە (٦٠)ی بەرگی چوارەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد....

دەستخەتدا لاپەڕەی کۆتاییبیان کووپەیی یان گۆزەیی - واتە لەسەر شێوەی گۆزەو کووپە - نووسیوەتەوە، (ئەگەر گونجا وێنەی هەردووکیان لەتەک وتارەکەدا بڵاو دەکەینەوە). ئەمەیش دەقی نووسینەکانی هەردووکیان:

دەقی نووسینەکەی مامۆستا شێخ عەبدوڵڵا:

«هو الموفق والمعين.

الحمدلله على الاتمام، والصلاة والسلام على محمد خير الانام، وعلى آله الكرام، وصحبه العظام. قد تشرف باختتام كتابة كلام الله المجيد الملك المنان، على رسم مصاحف امير المؤمنين وامام المتقين عثمان بن عفان. رضى الله عنه وأسكنه في اعلى الجنان، العبد المذنب الراجي الى رحمة الله، ابن المرحوم شيخ يوسف، عبدالله... عنهما في سنة الف ومائة وتسع وسبعين، من هجرة النبي سيد المرسلين، عليه الف صلاة وتحية من رب العالمين. ١١٧٩»

دەقی نووسینەکەی مامۆستا شێخ محەمەد:

«هو الموفق والمعين

لله الحمد جملة وتفصيلا، وله الشكر بكرة وأصيلا، على ما شرفنا بكتابه تنزيلا، وامرنا بقراءته ترتيلا، وصدق الله ومن أصدق من الله قيلا؟ قد وقع الفراغ من تنميق كتابة الجلد الحادي عشر من كلام الله المجيد الملك المنان على وفق ترتيب رسم مصاحف أمير المؤمنين وامام المتقين عثمان بن عفان، رضى الله عنه وأسكنه في اعلى الجنان، بيدي العبد المذنب الراجي الى رحمة الله، ابن المرحوم الشيخ الاجل المغفور الشيخ يوسف محمد الاردلاني اصلا، والسياهگويزى مولدا وموطنا ومسكنا، عفى الله عنهم وغفر ذنوبهم، في سنة الف ومائتين من هجرة سيد المرسلين عليه الف صلاة وتحيات من رب العالمين.

الحمدلله وحده والصلاة على من لا نبي بعده ١٢٠٠.

صدق الله العظيم، وبلغ رسوله النبي الكريم ونحن على ما قال خالقنا من الشاهدين، والحمدلله رب العالمين.»













باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم قورئانە دەستخەتە – وەک گوتمان – یازدەهەمین قورئانە لە کۆی (٣٠) قورئان کە ئەم مامۆستا نووسیویەتیەوە، قەوارە و پێوانەی قورئانەکە (١٢×١٩)ە، لاپەڕەی (١٥) دێری تێدایە.

سەرەتاکەی سوورەتی فاتیحە و لاپەڕەی یەکەمی سوورەتی (البقرة) بەشێوەیەکی زۆر جوان زەڕکەفتکاریی کراوە و، نەخشێکی گەلێ نایابی لەو دوو لاپەڕەدا نواندووە. بەداخەوە لاپەڕەی یەکەمیان بەهۆی ئەوەوە باش نەپارێزراوە و، بەچەسپی نایلۆن پینە کراوە بەشێکی تێدا چووە و لاپەڕەی دووەمیشی دڕاویی پێوەیە، بەگوێرەی زانین و توانای خۆم هەندێک شوێنیم چاک کردەوە.

لە نووسینەوەی قورئانەکەدا (ئایەت کەنار)ی بەکارهێناوە، واتە کۆتایی هەر لاپەڕەیەک کۆتایی ئایەت و، سەرەتای لاپەڕەی نوێ سەرەتای ئایەتە. بەڵام ژمارە و شوێنی کۆتایی ئایەتەکانی بەڕوونیی وەک لە گەلێ جێگەی قورئانانی دەستخەتی دیدایە دیاریی نەکردووە.

وەک گوتمان ساڵی (١٢٠٠)ک نووسیویەتیەوە، دیارە لەو ساڵەدا بووە کە شاری سلێمانیی دروست کراوە و پایتەختی میرنشینی بابان لە قەڵاچوالانەوە گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانیی. بەڵام مامۆستا نالێ قورئانەکەی لە کوێ نووسیوەتەوە. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەیش نەکردووە بۆ کێی نووسیوەتەوە.

لە دوای پەڕەی کۆتاییەوە هەندێک هێما و یاساکانی تەجویدی قورئانی تێدایە، دوور نییە دوای ئەوەیش بەش و پەڕەی دی تێدا چووبێت.

دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین: لە ڕشتەی ناوی ئەم دوو مامۆستادا لە دوای سێ پشت لە ناوی باپیرە گەورەکانیاندا کەمێک جیاوازیی هەیە هەر چەند ڕشتەی هەردوو لا هەر دەچێتەوە سەر شێخ عەبدولغەفار و مەلا گوشایش.

## مامۆستا شێخ محەمەد و نووسینەوەی قورئانی پیرۆز

ئەوەی باو بووە و بیستراوە و دەماودەم گێڕراوەتەوە ئەوەیە:

ئەم مامۆستا لە تەمەنی پیرۆزیدا جگە لە دەیان بەرگی گەورەی بوخاریی شەریف و کتێبی دیکە (٣٠) دانە قورئانی پیرۆزی بەو خەتە جوانەیی و لەوپەڕی وردەکاریی و زەڕکەفتکاریی و دەربڕینی جۆرەها هونەری دەستڕەنگینیدا نووسیوەتەوە.

من بەخزمەت دووان لەو قورئانە پیرۆزانە گەیشتووم. لە یەکێکیاندا مامۆستا خۆی لە کۆتاییەکەیەوە نووسیویە: ئەمە (١١)ەمین قورئانە نووسیومەتەوە. باسی ئەو قورئانەم بەجیا کردووە.

لە ڕێکەوتێکی مایەی شادمانیدا لەتەک برای بەنرخم کاک شێخ عەبدوڵڵای کوڕی مامۆستا شێخ سەعیدی سیاگوێزیدا بووم بەناسراو، دوای هەندێک گفتوگۆ و قسەوباس، باسی دەستخەت و مامۆستایانی سیاگوێزیی هاتە ناو و باسی چەند دەستخەتیان کرا. کاک شێخ عەبدوڵڵایش باسی قورئانێکی کرد کە بەقورئانەکەی بابەشێخی سیاگوێز ناسراوە.

دوای ئەوەی کە باسی ئەوەم کرد لە خزمەت قورئانێکی دیکەی ئەو مامۆستادام و بەهیوام شتێک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی بنووسم کاک شێخ عەبدوڵڵا دەستی نەنا بەڕوومەوە و، خۆی قورئانەکەی بۆ هێنام بۆ ماڵەوە، ڕەنگیشە ئەوە یەکەم جار بێت ئەو قورئانەی بەو شێوە دابێتە دەست کەسێک کە ماوەیەک لەلای بمێنێتەوە. منیش ئەو هەلەم قۆستەوە و بێ وەستان - دوای زیارەتکردنی قورئانەکە - دەستم کرد بەگەڕان بەناو لاپەڕەکانی قورئانەکەدا و ئەنجام ئەم چەند زانیاریی و وردە تێبینییەم لەسەر نووسی:

پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێم: قورئانەکە بەخەتێکی ( ثلث )ی خۆش و لەسەر کاغەزێکی تورمەی چاک نووسراوەتەوە. سێ ڕەنگ مەرەکەبی - ڕەش و سوور و پیرۆزەیی - تێدا بەکاربراوە. گەلێ لە پیتەکان بەتایبەتی (ن) و (ی) خاڵ - نقطە - یان بۆ دانەنراوە. لەسەر شێوەی (آیة الكنار - دركنار) واتە کۆتایی هەموو لاپەڕەیەک کۆتایی ئایەت و، سەرەتای هەموو لاپەڕەیەک سەرەتای ئایەتە.. نووسراوەتەوە.

لە پەراوێزەوە گەلێ ئەحکامی تەجوید و شتی نایابی نووسیوە، جیاوازیی قیرائەتەکانی باس کردووە.

گەلێک لەو حوکمانەی کە کەم دووپات دەبنەوە، یان یەکجار لە قورئاندا هاتوون لە پاڵ شوێنەکەدا نووسیوە. بۆ نموونە لەسەر (يلهث ذلک) نووسیویە: (بادغام الثاء في الذال، وصلا. عاصم).

لە سەرەتای هەموو سوورەتێکەوە دوای ناوی سوورەتەکە ژمارەی ئایەت و وشە و پیتەکانی سوورەتەکەی نووسیوە.

لەسەر هەموو لاپەڕەیەک ناوی سوورەتەکەی نووسیوە.





ژمارەی جزمەکانی - بێجگە لە ژمارەی (روبع) و (سوبع) و وردەکارییەکانی دی - نووسیوە.

گەلێ جار ئاماژە بۆ سەرچاوەی ئەو زانیارییە نایابانە دەکات کە لە شوێنی خۆیاندا دەیاننووسێ. وەک لە سوورەتی (یوسف)دا کە دەگاتە سەر ئایەتی (قال: الله على مانقول وكيل) دەنووسێ:

«والأحسن أن يفرق بين قال واسم الله بقوة النغمة، لئلا يوهم ان فاعل قال هو الله، بل يعقوب. خلاصة) واتە ئەم زانیارییەی لە کتێبی (خلاصە) وەرگرتووە.

ژمارەی هەموو سوجدەکانی قورئانی نووسیوە. لە پەنای هەموو سوجدەیەکدا دۆعایەکی تایبەتی بەسوجدەکەی نووسیوە، ئەم شێوەیش لە نووسینەوە و چاپی قورئاندا کارێکی نایابەو، لەو قورئانانەدا من بەخزمەتیان گەیشتووم شتی وام نەدیوە. بۆ نموونە چەند شوێنێکیان لێرەدا تۆمار دەکەین:

* لە سوورەتی (الاعراف)دا نووسیویە:

«السجدة الاولى. سبحان الله العلي العظيم. خمس مرات»

* لەسەر سوجدەی سوورەتی (رعد) نووسیویە:

«سبحان الله العلي الاكبر. قبل سجد وجهي»

* لەسەر سوجدەی سوورەتی (النحل) نووسیویە:

«السجدة الثالثة. سبحان الواحد الحي العظيم. ثلاثا. ثم سجد وجهي»

* لەسەر سوجدەی سوورەتی (الاسراء) نووسیویە:

«السجدة الرابعة. اللهم اجعلني من الباكين إليک، والخاشعين لک. ثم سجد وجهي...»

* لەسەر سوجدەی سوورەتی (مریم) نووسیویە:

«اللهم اجعلنا من التوابين سبحان الله يا الهي. خمس مرات»

* لەسەر سوجدەی (الحج) نووسیویە:

«السجدة السادسة. سبحان الخالق الاكبر»

* لەسەر سوجدەی سوورەتی (فصلت) نووسیویە:

«السجدة الحادي العشر(!) اللهم اجعلنا من الساجدين لوجهک والمسبحين بحمدک. وأعوذ بک ان اكون من المستكبرين عن امرک رضا.»



سورة البقرة مدنية وهي مائتان وست وثمانون آية

بسم الله الرحمن الرحيم

الم ذلك الكتب لا ريب فيه هدى
للمتقين الذين يؤمنون بالغيب ويقيمون
الصلوة ومما رزقنهم ينفقون والذين
يؤمنون بما أنزل إليك وما أنزل من
قبلك وبالآخرة هم يوقنون أولئك
على هدى من ربهم وأولئك هم المفلحون







بلاد المسلمين والصلوة والسلام على خير خلقه محمد
وعلى آله وأصحابه الطيبين الطاهرين سبحان ربك
رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين و
الحمد لله رب العالمين
لا إله إلا الله محمد رسول الله

هەر لەسەر ئەم شوێنە نووسیویە:

«وفي رواية: سبحان الله الخالق الأعظم. ثلاثا».

* لەسەر سوجدەی سوورەتی (والنجم) نووسیویە:

«السجدة الثاني عشر[1] سبحان ربي الاعلى. سبع مرات»

* لەسەر سوجدەی سوورەتی (انشقاق) نووسیویە:

«السجدة الثالثة عشر. سبحان العلي الاكبر. ثلاثا»

* لەسەر سوجدەی سوورەتی (علق) نووسیویە:

«السجدة الرابعة عشر. سجد وجهي لوجهك الكريم».

* لەسەر سوجدەی دووهەمی سوورەتی (الحج) نووسیویە:

«السجدة السابعة عند الشافعي. سبحان الله الخالق الاكبر».

چەند تێبینیەکی دی لەسەر قورئانە دەستخەتەکە:

* بنەماڵەی شێخانی سیاگوێز، کە ئەم قورئانەیان دەستاو دەست بۆ هاتووە و پاراستوویانە، بە پشتەسوورییەوە دەڵێن: خەتی باباشێخ – واتە شێخ محەمەدی کوڕی شێخ یوسف –ە، لە پەنای باسی دەستخەتی قورئانەکەدا چەند شت دەگێڕنەوە لەوانە:

١- کاتێک شێخ محەمەدی نووسەرەوەی قورئانەکە لە مزگەوت خەریکی نووسینەوەی قورئانەکە بووە زەلامێکی نەناسراو هاتووە بۆ لای و ماوەیەک لەلای دانیشتووە، شێخ محەمەد لەو کاتەدا چووە بۆ سەر حەوز بۆ دەزنوێژ تازەکردنەوە، زەلامەکە لە مزگەوت لای شوێنەکەی دانیشتووە، بەڵام کاتێ شێخ محەمەد گەڕاوەتەوە دەبینێ زەلامەکە نەماوە و، یەک پەڕەی بەخەتێکی جوان لە قورئانەکە نووسیوەتەوە. ئەو پەڕە لە سوورەتی (الاحزاب)دایە و، بە سەرنجدانی هەست بەجیاوازیی شێوەی نووسینەوە و قەڵەم و مەرەکەبەکەی دەکرێ. بەڵام خەتەکەی خۆش و جوانە و لەتەک خەتی ئەو دوای قورئانەکەدا جیاوازییەکی زۆری نییە.

٢- قورئانەکە بۆنێکی تایبەتی هەیە. بەڵێ هەر بەکردنەوەی قورئانەکە، یان دەستدان لێی و دەرهێنانی لە بەرگەکەی هەست بەبۆنێکی خۆشی تایبەتی نزیک بەبۆنی مێخەک و میسک و شتی وا دەکرێت و، ئەو بۆنە هەمیشە هەیە.

(١) هەندێ هەڵەی زمانی عەرەبی لێرەدا هەیە چاکم نەکردن. وەک دەبێ بنووسرێت: (السجدة الثانية عشرة).





گومان بۆ ئەوە دەچێت بەشێک بێت لە هونەری ئەو سەردەمەوە، بۆنێکیان تێکەڵاوی مەرەکەبەکانی کردبێت و، ئەو بۆنە بەردەوام تا ئێستە و دوای ئێمەیش مابێتەوە و بیشمێنێتەوە.

٣- قورئانەکە ماوەیەک بێ نازیی بەخۆیەوە دیوە و لە چەند جێگەی سوورەتی (انعام)دا خەتخەتێن و یاریی مناڵانەی پێوە دیارە.

٤- جۆرە بەشکردنێک لە لاپەڕەکانی قورئانەکەدا هەیە لە دەستخەتەکانی دیدا کەم دیومەو نازانم مەبەست لەم کارە چییە ئەگەر بۆ بەشکردنی دەورکردنەوەی ڕۆژانەی قورئانی پیرۆز نەبێت.

بەشکردنەکە بەم شێوەیە: لە شوێنێکدا نووسیویە: (فجر) دوو پەڕە دوای ئەوە نووسیویە: (ظهر) دوو پەڕە دوای ئەوە نووسیویە: (عصر) دوو پەڕەیش دوای ئەوە نووسیویە: (مغرب) دوای ئەوەیش بەدوو پەڕە نووسیویە: (عشا) ئەم بەشکردنە لە قورئانەکەدا پەیڕەویی کراوە.

٥- مێژووی نووسینەوەی قورئانەکە دیار نییە، لە کۆتایی قورئانەکەوە دۆعای (ختم القرآن) بە خەتێک نووسراوە لە خەتی نووسەرەوەی قورئانەکە ناچێت.

لە کۆتاییەوە دەڵێت: (راقمه محمد لاخويم فقيه محمد) دیارە لە خوار ئەوەوە مێژووی نووسینەوەی بووە بەڵام پەڕەکە پینە کراوەتەوە و بەوە مێژووەکە تێدا چووە.

بەڵام لە ناو دۆعای خەتمەکەدا شتێکی زۆر بەبایەخ هەیە کە گەلێ شت یەکلا دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە دۆعا بۆ سوڵتانی عوثمانی مەحموودی کوڕی مصطفا دەکات، ئەم سوڵتانەیش لە دەوروبەری ساڵی ١١٤٣ی کۆچیدا هەبووە[1]، واتە بەم پێیە یان نووسینەوەی قورئانەکە یان نووسینەوەی دۆعاکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە.

لە کاتێکدا ئەم باس و زانیارییانە دەربارەی دەستخەتی ئەو قورئانە لێرەدا تۆمار دەکەم گومانی خۆم لە سەرتاسەری باسەکە – جگە لەو زانیارییانەی لە خودی دەستخەتەکە وەرم گرتوون – ناشارمەوە؛ چونکە بەهیچ شێوەیەک مێژووی جێگە مەزندەی نووسینەوەی قورئانە دەستخەتەکە لەتەک ژیانی هیچ کام لەو دوو شێخ محەمەدەدا ناگونجێ کە لێرەدا لەسەریان نووسرا.

هەرچی وەک شێخ محەمەدی دووەم کە باوکی شێخ مەعرووفی سیاگوێزییە ئەوە ڕوونە

(١) بڕوانە: التأريخ الاسلامی، محمود شاكر، المجلد الثامن، ص: ١٤٣.

کە شێخ مەعرووف لە ١٣١٣دا لە ژیاندا بووە و کتێبی داناوە، ئەگەر مێژووی باوکی زۆر بگێڕینەوە ئەوا دەیگێڕینەوە بۆ سەرەتای سەدەی ١٣ی کۆچی. کە قورئانەکە ساڵی ١١٤٣ نووسرابێتەوە بەدووری دەگرم نووسراوەی ئەم شێخ محەمەدی دووەمە بێت.

هەرچی وەکو شێخ محەمەدی یەکەمیش لە ساڵی (١٢٠٠)ەوە مێژووی ژیانیمان لە دەستدایە و، کوڕیشی لە ساڵی ١٢١٩دا خوێندەوار و موستەعید یان مەلا بووە، دیارە گێڕانەوەی مێژووی سەردەمی ژیانی ئەمیش - کە لەو سەردەمەدا مەلا و بەتوانا و خەتخۆش بووبێت - بۆ ساڵی ١١٤٣ جێگەی گومانە.

**مامۆستا شێخ محەمەد و نووسینەوەی حەدیثەکانی پێغەمبەر (د.خ)، یان نووسینەوەی بوخاریی شەریف:**

بەداخەوە ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک تائێستە هیچ سەرچاوەیەک باسی ئەوەی نەکردووە چەند قورئانی پیرۆزی نووسیەتەوە و، نموونەی ئەو قورئانانەیان نەخستووەتە ڕوو و تەنها قسەیەک کە ئاماژەمان بۆکرد قسەکەی مامۆستا ئیسماعیل بوو کە ڕابورد: دەربارەی ئەوەیش کە ئەم مامۆستا چەند کتێبی حەدیثی پێغەمبەری (د.خ) نووسیوەتەوە شتێکی ئەوتۆ لە دەستدا نییە و، تەنها ئاماژەیەک بۆ ئەم لایەنەیش ئەوەیە کە وێنەی لاپەڕەیەک دەستخەتی بوخاریی شەریف کە بەخەتی ئەم مامۆستا مەزنەیە لەبەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورددا بڵاوکراوەتەوە، ئەویش بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی مامۆستا و ئەرک و دەست ڕەنگینیی و خزمەتە فرە و کەموێنەکانی بکرێت.

پاش ئەوەی پەیم بەدەست ڕەنگینیی و توانا و وزە و بەهرەی ئەم مامۆستا بەڕێزە برد.. کەوتمە سۆراخکردنی شوێنەوارەکانی لە بوارەکانی دیدا و، سوپاس بۆ خودا لەم ڕووەیشەوە بەدەستی بەتاڵ نەگەڕامەوە و گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە مامۆستا لە بواری نووسینەوەی بوخاریی شەریفیشدا لە قورئانی پیرۆزدا چی کردووە لەمیشدا زیاتری نەکردبێ کەمتری نەکردووە و، ئەوەی من دۆزیومەتەوە و سۆراخیم کردووە مامۆستا شێخ محەمەد پێنج تا شەش دەورە بوخاریی نووسیوەتەوە کە ئەوانیش دەبنە نزیکی (٣٠) بەرگ. لێرەدا نموونە و وێنەی دەستخەتی ئەو ڕەنجانەی مامۆستا لەم بوارەیشدا دەخەینە ڕوو و گومانمان بۆ ئەوەیش دەچێت مامۆستا گەلێ شوێنەواری دیکەی بووبێت و هیوا بڕاویش نین و، چاوەڕوانی دۆزینەوە و دۆزرانەوەی بەرهەم و شوێنەواری زیاتری ئەم مامۆستا مەزنەین.





**شوێنەوارێکی دیکەی مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ یوسف**

یەکێکی دی لە شوێنەوارە نایابەکانی ئەم مامۆستا مەزنە نوسخەیەکی دیکەی صەحیحی بوخارییە کە بۆ عەبدوڕەحمان پاشای بابانی نووسیوەتەوە و ئەویش وەقفی کردووە لەسەر (بنەماڵەی جەلیی) کۆیە.

وێنەی دوو لاپەڕەی ئەم دەستخەتە نایابە لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام نەیاننووسیوە وێنەکەیان چۆن دەست کەوتووە یان لای کێیە؟ ئەگەر لەوانەبێ کە وەک پۆیلانە پێشکەشی کۆڕی زانیاریی کورد کراوە، ئەوا بەپێی ئەو لیستەی من دیومە لە پاشماوەی شوێنەوارەکانی دەستخەتەکانی کۆڕی زانیاریی کورد ئەم دەستخەتەیش لەوانەیە بزربوون یان هەر تێداچوون.

چونکە شوێنەوارەکانی ئەم مامۆستا پرژ و بڵاوبوونەتەوە و، هەواڵێکی ئەوتۆ لە زۆریان لە دەستدا نییە، وا بەباش دەزانین هەرچیمان لە بەڵگەی شوێنەوارەکانی دەست دەکەوێت وەک خۆیان لەم هەلەدا، وەک نموونەیەکی بلیمەتیی ئەو پیاوە مەزنە بیانخەینە ڕوو، بەڵکو هەر هیچ نەبێ وێنەیەکی ناتەواوی لە چوارچێوەی ئەو بەڵگانەوە بخەینە سەر لاپەڕەکانی مێژووی زانایان و خەتخۆشانی کورد:

لاپەڕەی یەکەم:

«عن ابي زرعة عن ابي هريرة رضى الله عنه قال: قال النبي - صلى الله عليه وسلم -: كلمتان حبيبتان الى الرحمن خفيفتان على اللسان، ثقيلتان في الميزان: سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم.

الحمدلله الذى علم بالقلم، علم الانسان ما لم يعلم، والصلاة والسلام على رسوله الهادي للعرب والعجم، وعلى آله واصحابه مصابيح الظلم، ومجاريح الكرم.

وبعد: فقد أتممت بعون الله الملك البارى، هذه النسخة من كتاب صحيح البخاري، امتثالا لأمر من اوجب الله علينا اطاعة امره، واشتغالا بخدمة من فرض الله علينا إدامة شكره. أعني به حضرة من انام الانام في ظل الامان، وسدّ بسياسته طرق العدوان على يأجوج الزمان، وافاض على اهل الفضل سجال الأفضال والإحسان، حتى استقبلت من اياديه أيدى الفقراء إلى السماء، واستوطنت من لطف نواله الافواه على الدعاء والرجاء ، لا زال ظلاً على بريته ظليلا، مستظلا بحمايته اثيلا، وهو الامير الاعلى، والسلطانِ الاسنى، زبدة

نتيجة الخوانين الفخام، خلاصة سلالة السلاطين الكرام. عبدالرحمن پاشا بن المرحوم محمود پاشا، يسر الله له من الخير مايشاء. فاستراح القلم من نسخه سلخ شهر رمضان المبارک في سنة الف ومائتين واحدى عشر من الهجرة النبوية المصطفوية، على هاجرها الفَ الفَ الاف صلاة وتحية.

وانا الحقير الضعيف محمد ابن الشيخ يوسف ابن المرحوم الشيخ مولان ابن الشيخ عمر من اولاد أويس القرني عفى الله عنهما وغفر ذنوبهما.

الواقف خاصة لوجه الله عبدالرحمن پاشا».






عن أبي زرعة عن أبي هريرة رضي الله عنه قال قال النبي صلى الله عليه وسلم كلمتان حبيبتان
إلى الرحمن خفيفتان على اللسان ثقيلتان في الميزان سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم

لاپەڕەی دووەم:

«بسم الله الرحمن الرحيم.

الحمدلله الواقف على الجليّات والخفيات، العالم بالكليات والجزئيات، والصلاة والسلام، على رسوله المؤيد باوضح البينات، وأبهر المعجزات، وعلى آله واصحابه الذين حازوا قصبات السبق فى مضمار المآثر والخيرات.

أما بعد: فلما انعم الله عليّ بان جعلني من أمة من كان علّةً غائية لايجاد النشأتين، وسببا لانتظام الكونين، صلعم.

واوقع في قلبي محبّةَ اصح الكتب بعد كتاب الله المجيد، وهو كتاب صحيح البخاري، الذي اشتمل على كلام تلك العلة، فقد ألزمتُ على نفسي استنساخ واشتراء ذلك الكتاب ووقفه، ما امكن، رجاء لشفاعة صاحبه يوم الحساب. فها أنا قد وقفت ذلک الكتاب وقفا صحيحا شرعيا، على العالم الرباني، والعارف الصمدانى ملا عبدالرحمن الجلي، ثمّ على أولاده الذكور الأفقه فالافقه، ما تناسلوا بطنا بعد بطن، ثم على أولاد اخوته الاعلم فالأعلم، ما توالدوا، ثم على عشيرته الاعلمين. ثم على العلماء الذين كانوا في **ناحية كردستان من الموصل إلى بغداد وسنندج،** وجعلت ثوابَه هدية وتحفة لضريح أفضل الكائنات وخلاصة الموجودات، عليه افضل الصلاة واكمل التحيات، رجاء ان يشفع لي يوم العرصات، وجعلت مثل ثوابه تحفة لروحَي والدي واخى المرحومين.

وانا الراجي عفو ربه الكريم. عبدالرحمن پاشا.»

له کۆتایی هەردوو لاپەڕەکەوە مۆرەکەی دانراوە کە ئەمە ناوەرۆکەکەیەتی:

«وافوض امرى الى الله. عبده عبدالرحمن».







## نوسخەی بوخاریی کتێبخانەی مەرکەزیی (بزورگی سنە)

وەک گوتمان چۆن لە توانامان‌دا نییە بزانین ئەم مامۆستا مەزنە لە ژیانیدا چەند کتێبی گەورەی نووسیوەتەوە و، چەند شوێنەواری گرانبەهای دوای خۆی بەجێهێشتووە، نەیشمانتوانیوە بزانین، لەوانەی کە ماون و نەهەنگی لەناوبردن لووشی نەداون، لە چ کتێبخانەیەک لە کتێبخانە تایبەتی و گشتییەکانی جیهاندان لەنگەریان گرتووە و پارێزراون.

خۆشبەختانە لەم ڕۆژانەدا لە ڕێگەی بەڕێز مامۆستا مەلا جەلالی مامۆستا مەلا عارفی پێنجوێنەوە وێنەی دوو لاپەڕە دەستخەتی ئەم مامۆستام دەست کەوت کە مامۆستا مەلا جەلال لە ڕێگەی مامۆستایەکی دۆستییەوە لە سنەوە بۆی هاتبوو.

ئەم دوو لاپەڕە کلیلی گەنجینەیەکی کەموێنە لە گەنجینە شاراوەکانی مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ یوسفن کە هیوادارین زیاتر و زۆرتریان بدۆزینەوە.

ئەوەندەی – ئێستە – دەربارەی ئەم گەنجینە دەیزانین لێرەدا دەیخەینە ڕوو، بەڵکو لەمەولا زیاتری دەربارە دەستبخەین.

ئەو مامۆستای فۆتۆی دوو لاپەڕەکەی بۆ مامۆستا مەلا جەلال ناردووە لە پەنای لاپەڕەیەکیاندا نووسیویە:

«بۆ ئاگاداری: لە پشت بەرگی شەشەمی ئەم کتێبەوە نووسراوە:

الحمدلله والصلاة والسلام على خير خلق الله. وبعد: فقد وقفت جميع كتبى مع هذا الجلد من صحيح البخارى على علماء كردستان، وجعلت توليتها بيدي مادامت الحياة باقية، ثم بيد الفاضل صاحب خانقا السليمانية بحيث يستفاد بالمطالعة فيها، ولا يخرج منها ابدا، ولا يباع ولا يوهب، وجعلت ثوابه لروح ولدي وفلذة كبدى احمد المبرور المعصوم. تقبل الله منا ومنه بكرمه آمين. وانا أفقر الوري محمود ابن عبدالرحمن پاشا. ١٢٣٦.»

هەر ئەم مامۆستا لە هەمان لاپەڕەدا لە شوێنێکی دیدا نووسیویە:

بۆ ئاگاداریی:

ئەم کتێبە شەش جەڵدە – صەحیحی بوخاریی – بەخەتی ئەم خوالێخۆشبووە، بۆ ئەم مەحموود پاشای خوالێخۆشبووە نووسیوە. ئێستە لە کتێبخانەکەی مەرکەزیی بوزورگی ئیسلامیی سنەیە. من ئەم دوو بەرگە فۆتۆکۆپییەم لە ئاخرەکەی جەلدی





دوو گرت، هەموو جەڵدەکانی ئەو عیبارەتەیان لێ نووسراوە».

دوو لاپەڕە فۆتۆکۆپییەکە لەلایەکیان ئەمە نووسراوە:

«الحمدلله على الاتمام والصلاة والسلام على سيدنا محمد ختم الانام، وعلى اله واصحابه النجباء البررة الكرام. قد تم الربع الثاني من صحيح البخاري بيمن حضرة الباري، برسم الوالي العالي، مولى الأنعام المتوالي، معطي الإحسان المتعالي، مقبول الدولة السلطانية، منظور الحضرة الخاقانية، جامع المناقب الزكية، نظام العباد بالعدالة، قوام البلاد بحسن الايالة، مفخر الحكام والامراء، تابع الملوك والوزراء، والى ولاية كردستان، الملقب بمير ميران بأمر السلطان محمود پاشا بن المرحوم المغفور عبدالرحمان پاشا، يسر الله له من امور الدين والدنيا كما يحب ويرضى ويشاء.

بيد الحقير الضعيف محمد بن المرحوم الشيخ يوسف، بن الشيخ مولان، بن الشيخ عمر، بن الشيخ شمس الدين، بن الشيخ محمود الملقب بمولانا، من اولاد حضرة ويس القرن. عفى الله عنهم، وغفر ذنوبهم، في غرة شهر جمادي الآخرة، سنة ثلاث وثلاثين بعد الألف والمأتين، من هجرة خير البرية عليه الف الف صلاة وتحية.»



الحمد لله على الانعام والصلوة والسلام على سيدنا محمد خير الانام وعلى آله واصحابه النجباء البررة الكرام
قد تم الربع الثاني من صحيح البخاري بيمن حضرة البارى برسم الوالي العالي مولى الانعام المتوالي
معطي الاحسان المتعالي مقبول الدولة السلطانية منظور الحضرة الخاقانية
جامع المناقب الزكية نظام العباد بالعدالة قوام البلاد بحسن الايالة
مفخر الحكام والامراء تاج الملوك والوزراء والي ولاية كردستان الملقب
بميران بام السلطان محمود پاشا ابن المرحوم المغفور عبد الرحمن پاشا
يسر الله له من امور الدين والدنيا كما يحب ويرضى ما يشاء
بيد الحقير الضعيف محمد ابن المرحوم الشيخ يوسف ابن الشيخ مولان
الشيخ عمر ابن الشيخ شمس الدين ابن الشيخ محمود الملقب بمولانا
من اولاد حضرت ونيل القرن عفى الله عنهم
وعشرة نوبهم في غرة شهر جمادي الآخرة
سنة ثلث وثلاثين بعد
الالف والمائتين من هجرة
خير البرية عليه الف
الف صلوة
وتحية





لەسەر لاپەڕەکەی دیش ئەمە نووسراوە:

«الحمدلله رب العالمين وحده. والصلاة والسلام على محمد الذي لا نبيّ بعده. وعلى آله وصحبه. وبعد:

«فقد وقف هذا المجلد من صحيح البخاري العبد الفقير الى رحمة ربه محمود پاشا، ولد المرحوم المبرور عبدالرحمان پاشا على عامة علماء ناحية الكرد، وجعل نظره لنفسه مادام. ثمّ للعالم السيد معروف النودهي، ثم لولده الشيخ احمد، ثم لأعلم اولاده، ثم لعلماء السادة البرزنجية، فكما حرّر وزبر، نطق به الواقف المذكور، ساعده الله بألطافه، تقبل الله منه بمنّه ويمنه، وذلک كان في عشرين شهر ربيع الاول من شهور سنة الف ومائتين وست وثلاثين من سنى هجرة خير الانام على مهاجرها الف صلاة وسلام».

لەسەر ئەم خەتەیان نەنووسراوە خەتی کێیە، هەرچەند بەدووری ناگرم کە خەتی مامۆستا شێخ محەمەدی نووسەرەوەی کتێبەکە بێت.



الحمد لله رب العالمين وحده والصلاة والسلام على محمد الذي لا نبي بعده وعلى آله وصحبه
وبعد فقد وقفت هذا المجلد من صحيح البخاري العبد الفقير الى ربه عزيز محمود باشا
ولد المرحوم المبرور عبد الرحمن باشا على عامة علماء ناحية الكرد وجعل نظره
لنفسه ما دام ثم للعالم السيد معروف النودهي ثم لولده الشيخ احمد ثم
لاعلم اولاده ثم لعلماء السادة البرزنجية فكلما [illegible]
نظروا الواقف المذكور ساعده الله بالطافه
تقبل الله منه عمله ومنهم وذلك كان في
عشري شهر ربيع الاول من شهور سنة
الف ومائتين وست وثلاثين
من سنين هجرة خير الانام
على مهاجرها الف
صلاة و
سلام





## نوسخەی بوخاریی کتێبخانەی بیارە

وەک لە دەقەکەی وەقفنامەی کتێبخانەی (مەلا عەبدوڕەحمانی جەلی)دا عەبدوڕەحمان پاشای بابان نووسیویەتی: لەسەر خۆم بەپێویست گێڕاوە تا پێم بکرێ هەوڵ بدەم بۆ کڕین و نووسینەوەی بوخاریی شەریف و، وەقفکردنی بەهیوای تکای خاوەن شەفاعەت... ئەم کردە و گفتەی عەبدوڕەحمان پاشا بووە بەکەلەپوور و میرات بۆ نەوەکانی و، نوسخەکانی وەقف کرا و بۆ کتێبخانەکانی دیش بەڵگەی ئەم بۆچوونەن و، لێرەیشدا نوسخەی کتێبخانەی بیارە دەکەین بەنموونە. بەداخەوە ئەم چوار بەرگەکەی دی نازانین و، دەقی وەقفنامەی ئەم دوو بەرگەیش دەخەینە پاڵ ئەوانی دی:

دەقی یەکەم:

«فلما كان في الثالثة ذكرت له فقال: يا ام سلمة لا تؤذيني في عائشة، فانه والله ما نزل عليّ الوحي وانا في لحاف امرأة منكن غيرها.

الحمدلله على الاتمام والصلاة والسلام على سيدنا ونبينا محمد خير الانام، وعلى آله واصحابه النجباء البررة الكرام.

قد تم الربع الثاني بيمن حضرة الباري من صحيح الامام محمد بن اسماعيل البخاري - رضى الله عنه - خدمة لاميرنا الواجب الامتثال، صاحب السيف والهيبة والجاه والجلال، منبع الجود والكرم والاحسان والنوال، قالع قواعد اهالى البدعة والإضلال، مكرم العلماء والفضلاء وارباب الكمال، الامير الاكرم الافخم عثمان بيک ابن المرحوم المغفور عبدالرحمن پاشا.

قد ختمت هذا الكتاب بالدعاء له بالسعادة والسلامة ومزيد الإقبال، ولوالده المرحوم بالرحمة والغفران من جميع الاهوال، بيد الحقير الضعيف محمد بن المرحوم الشيخ يوسف بن المغفور الشيخ مولان، ابن الشيخ عمر، بن الشيخ شمس الدين، بن المرحوم الشيخ محمود الملقب بمولانا، من اولاد حضرة ويس القرن. عفى الله عنهم وغفر ذنوبهم، فى سنة الف ومأتين وثلاث وثلاثون من هجرة النبوية المصطفوية عليه الف الف صلاة وتحية. في غرة شهر صفر المظفر.»

«وقف مدرسة خانقاه بياره»

لە ناو مۆرەکەدا ئەمە هەڵکەنراوە:

(ضيا ءالدين العثمانى النقشبندي)


فلما كان في الثالثة ذكرت له فقال يا ام سلمة لا تؤذيني في عائشة
فانه والله ما نزل علي الوحي وانا في لحاف امرأة منكن غيرها
الحمد لله على الاتمام والصلوة والسلام على سيدنا ونبينا محمد خير الانام وعلى آله واصحابه النجباء البررة الكرام
قد تم الربع الثاني بيمن حضرة الباري من صحيح الامام محمد بن اسمعيل البخاري رضي الله عنه خدمة
لاميرنا الواجب الامتثال صاحب السيف والهيبة والجاه والجلال منبع الجود والكرم
والاحسان والنوال قالع قواعد اهالي البدعة والاضلال مكرم العلماء والفضلاء
وارباب الكمال الامير الاكرم الافخم عثمان بيك ابن المرحوم المغفور عبد الرحمن پاشا
قد ختمت هذا الكتاب بالدعاء له بالسعادة والسلامة ومزيد الاقبال
ولوالده المرحوم بالرحمة والغفران من جميع الاهوال بيد الحقير
الضعيف محمد بن المرحوم الشيخ يوسف بن المغفور الشيخ مولان
ابن الشيخ عمر بن الشيخ شمس الدين ابن المرحوم الشيخ محمود الملقب
بمولانا من اولاد حضرة ويس القرن عفى الله
عنهم وغفر ذنوبهم في سنة الف
ومائتين وثلث وثلثون من هجرة
النبوية المصطفوية عليه
الف الف صلوة وتحية
في غرة شهر صفر
المظفر
وقف مدرسه خانقاه بياره





دەقی دووەم:

«احمد بن اشكاب، حدثنا محمد بن فضيل عن عمارة بن القعقاع عن ابي زرعة عن ابي هريرة - رضى الله عنه - قال: قال النبي - صلى الله عليه وسلم -: كلمتان حبيبتان الى الرحمن، خفيفتان على اللسان، ثقيلتان في الميزان: سبحان اللّه وبحمده، سبحان الله العظيم.

نجز بحمدالله وتوفيقه تحرير هذه النسخة الشريفة من صحيح الامام محمد بن اسماعيل البخاري بيمن حضرة الباري، امتثالا بأمر من وجب عليّ طاعته، وامتثال امره لما كان له عندي من اياد جزيلة، وصنائع جميلة، الامير الاعظم، صاحب المجد والكرم، اسد الهيجاء، ومعقل ارباب الرجاء، مفيض الايادي، ومشتت كتائب الاعادي، عالى الجاه، الناطق بمكارم الافواه، عثمان بيک، بن المرحوم المغفور عبدالرحمن پاشا، بن المرحوم محمود پاشا.

وانا الفقير الضعيف الداعي لازدياد عمره وإقباله، محمد بن المرحوم الشيخ يوسف بن المرحوم الشيخ مولان بن الشيخ عمر بن الشيخ شمس الدين ابن الشيخ محمود الملقب بمولانا، من اولاد حضرة ويس القرن. عفى الله عنهم، وغفر ذنوبهم، يوم الأربعاء الثالث من شهر صفر سنة الف ومأتين واربع وثلاثون، من هجرة خير البرية عليه الف الف الف صلاة وسلام وتحية، آمين يارب العالمين.»

«وقف مدرسه خانقاه بياره»

مۆرەکەیش ئەمەی لێ هەڵکەنراوە:

(ضياء الدين النقشبندى العثماني)


احمد بن اشكاب حدثنا محمد بن فضيل عن عمارة بن القعقاع
عن ابي زرعة عن ابي هريرة رضي الله عنه قال قال النبي صلى الله عليه وسلم
كلمتان حبيبتان الى الرحمن خفيفتان على اللسان ثقيلتان في الميزان
سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم





**نووسراوەی دیکەی: (مامۆستامان - شێخ محەمەدی شێخ یوسف)**

وەک ئەو دەورە دیار و گەورەی لە نووسینەوەی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا (د.خ) بووە، لایەنەکانی دیکەیشی فەرامۆش نەکردووە و، لەوانەیە ئەوانەیشی لە بوارەکانی دیدا نووسیونی لەم دوو بوارەی دی کەمتر نەبووبن، بەڵام ئێمە لەم رووەیانەوە زۆرمان لە دەستدا نییە، ئەوەندە هەیە ئەوەی پەیمان پێ بردووە بەڵگەی گشتگیریی کارەکانی ئەم مامۆستایە لە بواری کتێب نووسینەوەدا و، کە ئەم دوو نموونەیش دەخەینە بەرچاو ناڵێین ئەمانە هەموو شتێکن و، وەک ئەو نموونانەی پێشتر دەیەکی نموونەی ئەو دوو بوارە نەبوون ئەمیش هەر وایە و، چاوەڕوانی زیاترین لە ڕۆژانی داهاتوودا دەربکەون.

نموونەی یەکەم:

(المنح المكية في شرح الهمزية) ئەم دەستخەتە لە (د.ع)دا بەژمارە (١٠٠٩٨) پارێزراوە.

مامۆستا شێخ محەمەد دوای ئەوەی بە خەتە خۆشەکەی خۆی تەواوی کردووە لە کۆتاییەوە نووسیویە:

«نجز بحمدالله وتوفيقه تحرير (كتاب المنح المكية في شرح الهمزية) وهوكتاب حافل في السنن النبوية، له على سائر كتبها مزية، في اول شهر جمادى الاولى من شهور سنة اربع وعشرين بعد مائتين والف، بقلم الفقير محمد بن المرحوم الشيخ يوسف، بن المغفور الشيخ مولان، بن الشيخ عمر، بن الشيخ شمس الدين، بن الشيخ محمود الملقب بمولانا غفرالله له ولوالديه مافرط منهم من عمل او حرف. خدمة لوالينا الملك الجحجاح، المتنافس فى العلم والصلاح، الذى طار صيت جوده وشجاعته الى الاقطار والامصار، المبالغ في توقير السادة الاشراف، واجلاء الاحبار، الحاكم العادل والبطل الباسل، ممهد البلاد، وقامع اهل الفساد، الذى انتظمت بتدابيره امور مملكة الاكراد، عبدالرحمن پاشا ابن المرحوم محمود پاشا، بن خالد پاشا يسرالله له من الخير مايشا. عفى الله عنهم وغفر ذنوبهم بحق محمد وآله وصحبه اجمعين آمين.»

ئەم دەستخەتە (٦١٠) لاپەڕەیە بەپێوانەی (٢٩×١٧سم) لاپەڕەی (١٩) دێڕی تێدایە.


بسم الله الرحمن الرحيم





نموونەی دووەم:

دەستخەتی ژمارە (٥٨٧١) دەستخەتێکە کۆمەڵێ دانراوی لەخۆی گرتووە، سەرەتای هەر دانراوێکیان بەشێوەیەکی جوان زەرکەفتکاریی کراوە، لە کۆتایی یەکەم کتێبەوە ئەمەی نووسیوە:

«تمت النسخة الشريفة الموسومة باللمعة في خصائص الجمعة، يوم الاحد، غرة شهر رمضان المبارك في سنة الف ومأتين وإحدى وأربعين من هجرة سيد المرسلين. عليه الف الف صلاة وسلام وتحية من رب العالمين، لاجل عاليشان، معلى مكان، حافظ القرآن، صاحب الخير والاحسان، مستوفي ولاية بابان، يونس آغا ابن المرحوم ميرزا آغا، على يد الحقير الفقير المذنب العاصي، محمد ابن المرحوم الشيخ يوسف، ابن المرحوم الشيخ مولان، ابن المرحوم الشيخ عمر، ابن المرحوم الشيخ عمر (ايضا) ابن الشيخ شمس الدين، ابن المرحوم المغفور الاجل الشيخ الفاضل الكامل الشيخ محمود الملقب بمولانا، من سلسلة حضرة ويس القرن».

دەبێ ئەوەیش نەبوێرم کە ئەم دەستخەتەی سەرەوە تەنها کتێبی (اللمعة في خصائص الجمعة)ی تێدانییە و، کۆمەڵێ دانراوی دیکەی تێدایە بەم شێوە:

١- اللمعة في خصائص الجمعة. دانراوی جەلالەدینی سیوطیی.

٢- انموذج اللبيب في خصائص الحبيب. دانراوی جەلالەدینی سیوطیی.

٣- الاربعين. دانراوی (الحافظ المنذري)

٤- مجمع البحرين فيمن يؤتى اجره مرتين. دانراوی سیووطیی.

٥- الاربعين وترجمته باللغة الفارسية. دانراوی جامیی.

٦- ارجوزة في فتنة القبر. دانراوی سیووطیی.

٧- قصيدة البردة مع ترجمتها بالفارسية.

٨- قصيدة بانت سعاد. مع ترجمتها بالفارسية.

٩- ذات الشفا في سيرة المصطفى. دانراوی جەزەریی.

١٠- تحفة الملوك في النصايح.

١١- فرض وسنة. شیعری فارسیی.

١٢- نەصیحەتنامەی لوقمان.

ئەم دەستخەتە تێکڕا ٢٨٤ لاپەڕەیە.







لە کۆتاییەکەیشیدا نووسیویە:

«نصیحت نامه ء لقمان حکیم تمام شد والسلام. ١٢٤٢»

دەبێ ئەوەیش بڵێین: کە کتێب و نامیلکە عەرەبییەکانی بەخەتێکی نەسخی جوان نووسیوەتەوە، دەقە فارسییەکانیشی بەخەتێکی (تعلیق) فارسیی زۆر جوان نووسیوەتەوە.

**شوێنەوارێکی دیکەی:**

دەستخەتی ژمارە (٨٢٨٢ د.ع)یش شاکارێکی دیکەی مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ یوسفە.

ئەم دەستخەتەی مامۆستا شێخ محەمەد بەڵگەیەکی گەورەی ئەوەیە کە مامۆستا تەنها قورئانی پیرۆز و حەدیثی شەریفی نەنووسیوەتەوە و، بەرهەمی شیرین و شوێنەواری شاکاری سنووریان بەئاسانیی دیاریی ناکرێت. بەگەشتێکی خێرا بەناو ئەم دەستخەتەدا لایەنێکی دیکەی توانای ئەم مامۆستا مەزنە دەردەکەوێ.

ئەم دەستخەتە کۆمەڵێ دانراوی تێدایە لەم گەشتەدا ناوەکانیان دەنووسم و، ئەگەر لە کۆتاییەکانیشیانەوە مێژوو هەبێت تۆماری دەکەم.

دەبێ لە پێش ئەوەدا ناوی دانراوەکان بنووسم بەسەر ئەوەدا نەڕۆم کە ئەم دەستخەتە دەستا و دەستی کردووە و، گەلێ خەت و باس و بابەتی تێدا نووسراوە، لە هەندێکیاندا وەقفنامە و ناوی کەسانێکی پێوەیە، بەڵام دەستێکی چەپەڵ ئەو نووسراوانەی ڕەشکردووەتەوە و شێواندوونی. هەروەها مۆری چەند کەسێشی پێوەیە کە باش ناخوێنرێنەوە، یەکێکیان (عبدالقادر)ناوێکە کە گەلێ نووسینی جۆراو جۆری لەملاو لەولای دەستخەتەکەدا هەیە و، دەنووسێ: (عبدالقادر الكوى)

١- الجوهر الاسنى في الصلوات المشتملة على اسماء الله الحسنى.

ئەم کتێبە کە دانراوی شێخ مەعرووفی نۆدێیە یەکەم دانراوی ناو دەستخەتەکەیە.

١٤ لاپەڕەیە. لە کۆتاییەوە تێکەڵییەک ڕوویداوە و، کۆتایی کتێبێکی دیکە لێرەدا دانراوە کە کۆتاییەکەی ئاوایە:

«قد تمت النسخة الشريفة المسماة بجلاء الصدر في الصلوات المتضمنة لاسماء أهل البدر، في يوم الخميس الثانى من شهر جمادي الأول، في سنة الف ومائتين وثلاث واربعون(!) من هجرة خير البرية، عليه الف الف

صلاة وسلام وتحية، بيد الحقير محمد بن المرحوم الشيخ يوسف بن المرحوم الشيخ مولان، ابن الشيخ عمر، بن الشيخ عمر، بن الشيخ شمس الدين ابن المرحوم الشيخ محمود الملقب بمولانا عفى الله عنهم.»

٢- هۆنراوەیەکە لە باسی صەلەواتی سوننەت و فەرزا. ٣ لاپەڕەیە، لە ڕزی دانراوەکانی شێخ مەعرووفی نۆدێییدایە، ڕەنگە دانراوی ئەو بێت.

٤- منظومة اسماء النبي. ئەمیش دانراوی شێخ مەعرووفی نۆدێییە. (٥) لاپەڕەیە.

٥- درة الفريدة لطالب العقيدة. ئەمیش دانراوی شێخ مەعرووفی نۆدێیە. ٧٧ بەیتە.

٦- القصيدة الهمزية. دانراوی شێخ مەعرووفی نۆدێیی.

٧- فتح المجيد في قواعد التجويد. دانراوی شێخ مەعرووفی نۆدێ، بەپەخشان و بەزمانی فارسیی.

لە کۆتاییدا نووسیویە:

«تم الكتاب بيد الحقير الضعيف محمد بن المرحوم الشيخ يوسف غفرالله له ولوالديه واولاده واخوانه واحبّائة وخلاّنه وساير المسلمين. والحمدلله رب العالمين. والصلاة والسلام على سيدنا ومولانا محمد وعلى آله واصحابه اجمعين، كلما ذكره الذاكرون وغفل عن ذكره الغافلون، وعلى جميع الانبياء والمرسلين، والملائكة اجمعين، والحمدلله رب العالمين. سنه ١٢٣٨.»

٨- عقد الجوهر. هۆنراوەی دانراوی شێخ مەعرووفی نۆدێ.

دوای ئەمانە لە لاپەڕە (٦٦)ەوە دانراوی

٩- انموذج اللبيب فی خصائص الحبيب. دانراوی شێخ جەلالەدینی سیووطیی دێت.

کۆتایی ئەم دانراوە ئاوایە:

«تمت النسخة الشريفة الموسومة - بأنموذج اللبيب فی خصائص الحبيب، يوم الخميس العاشر من شهر جمادى الآخر بيد الحقير الفقير المحتاج الى رحمة الله محمد بن المرحوم الشيخ يوسف، بن المرحوم المغفور الشيخ مولان، بن المرحوم الشيخ عمر، بن الشيخ عمر، بن المرحوم الشيخ شمس الدين، بن المرحوم الاجل الشيخ محمود الملقب بمولانا[1].

(١) لێرەدا بەخەتێکی دی پەراوێزێک کراوە و تیایدا نووسراوە:

«ابن المرحوم الحاجی الغازی الشهيد فی سبيل الله الحاجی نور بخش، ابن ملا ابوبكر، ابن شيخ ابراهيم، ابن مولانا محمد، كذا رأيته فی كتب المعتبره. عبدالقادر طبيب و كوی!.





في سنة الف ومأتين واحدى واربعون، من هجرة النبوية المصطفوية، عليه الف الف الف صلاة وسلام وبركات وتحية، غفرالله لنا ولهم ولجميع المؤمنين والمسلمين. والحمدلله رب العالمين.

اللهم اغفر لنا ولوالدينا ولاحبائنا ولاصدقائنا ولجميع المؤمنين والمؤمنات والمسلمين والمسلمات. الاحياء منهم والاموات. وقد بلغ سنى وعمرى اثنى وستين[2] اللهم شبنى على دين الاسلام والايمان بحرمة سيد ولد عدنان. آمين.»

١٠- كتاب اللمعة في خصائص الجمعة. دانراوی (جلال الدين السيوطي).

ئەمە لە پەڕەی (٤٨)وە تا پەڕەی (٨٥) دەخایەنێ. لە کۆتاییدا هیچی نەنووسیوە.

١١- الاربعون. واتە چل فەرمایشتی پێغەمبەر - د - کۆکراوەی ئیمامی مونذیریی.

ئەمەیش تا پەڕەی (٩١) دەخایەنێت و هیچی لە کۆتاییەوە نەنووسیوە.

١٢- كتاب الكشف عن مجاوزة هذه الامة الالف. دانراوی شێخی سیووطیی کۆتایی ئەمەیش هیچی تێدا نەنووسراوە و، لە لاپەڕە (٩٨)دا تەواو دەبێت.

١٣- سەرەتای پەڕە (٩٩) کتێبی (المنحة في السبحة)ی شێخی سیووطییە.

لە پەڕە ١٠٣دا تەواو دەبێت و، لە کۆتاییەوە نووسیویە:

«وهذا آخر كتابا المنحة في السبحة يوم الاثنين، بيد الحقير الفقير المحتاج إلى رحمة الله محمد بن المرحوم الشيخ يوسف، بن المرحوم الشيخ مولان. سنة الف ومائتين واحدى واربعون من هجرة النبوية. صلى الله عليه وآله.

١٤- كتاب ثلج الفؤاد في أحاديث لبس السواد. دانراوی شێخی سیووطی.

ئەمە سێ لاپەڕەیە. لە کۆتاییەوە نووسیویە:

(تمت كتاب ثلج الفؤاد من احاديث لبس السواد يوم الاثنين، وانا الحقير محمد بن المرحوم شيخ يوسف. غفرالله لهم.

١٥- لە پەڕەی (١٠٦)دا ئەم ناونیشانە هەیە:

«المورد الثانی في الاحاديث القدسية»

ئەمەیش لە پەڕەی (١٢٨)دا تەواو دەبێت. دوای ئەمە و لە چەند شوێنی دیشدا وردە بابەت بەزمانی فارسیی بەخەتی (عبدالقادر)ی کۆیی نووسراوە.

(٢) ئەم وشە لە وێنەکەدا باش ناخوێنرێتەوە. وەک بۆ (ستين) ئەبێ بۆ (تسعين) و (سبعين)ش دەست دەدا.

١٦- لە پەڕەی (١٣٠)دا کتێبی (حصول الرفق باصول الرزق)ی شێخی سیوطیی دێت. بەکۆتایی هاتنی ئەمە دەستخەتەکە لە پەڕەی ١٣٧دا کۆتایی دێت و، ئەمەی لە کۆتاییەوە نووسیوە:

«تمت النسخة الشريفة الموسومة حصول الرفق باصول الرزق، كلام الشيخ الامام جلال الدين السيوطى، يوم السبت بيد العبد الحقير محمد بن المرحوم الشيخ يوسف. بن شيخ مولان، بن شيخ عمر، بن شيخ عمر، بن الشيخ شمس الدين، بن المرحوم...»

لێرەدا دەستێکی چەپەڵ هەندێک ناو و مێژووی ڕەشکردووەتەوە. بەمەیش دەستخەتەکە کۆتایی دێت.

من ئەمەم لە ڕووی وێنەی دەستخەتەکەوە نووسیوە و، وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد سەرەتاکەی ناتەواویی و ئاڵۆزیی تێدایە.

**دوا وتەی باسەکە:**

پاش گەڕان و کەو و بێژنگکردنی دەستخەت و سەرچاوە و باسەکانی پێوەندیدار بەژیان و شوێنەوار و بەسەرهاتی ئەم مامۆستاوە شتێکی ڕوون و باوەڕپێکراوم دەست نەکەوت. کۆنترین مێژووی سەرەتای لە ژیاندابوونی ئەم مامۆستا کە لە دەستی مندایە ساڵی ١٢٠٠ک ە کە یازدەهەمین قورئانی تێدا نووسیوەتەوە. تازەترین مێژوویش کە دوای ئەوە هیچی دیم نەدیوە و، شوێنەواری دیکەی دوای ئەوە لە دەستدا نییە مێژووی ساڵی ١٢٤١ک ە کە دەستخەتی ژمارە (٥٨٧١ د.ع)ی تێدا نووسیوەتەوە. بەڵام ئاشکرایە کە توانیویەتی ئەو کتێبەی بەو خەتە جوان و وردەکارییەوە لەو کاتەدا نووسیوەتەوە، لەو کاتەدا وزەی لەش و توانای بیر و چاوی لە ئاستێکی باشدا بووە و، نازانین دوای ئەوە کار، یان کارگەلی دیکەی چی ئەنجام داوە.





## قورئانێکی دەستخەتی شێخ مەعرووفی قەرەداغی(*)

### ١

یەک دوو جار لەگەڵ جەنابی دوکتۆر کەمال فوئاددا باسی دەستخەتی قورئانی پیرۆزم کردووە، هەموو جارێک ئەیفەرموو: قورئانێکی دەستخەتی نایابی باپیرم لەلایە. منیش داوام لێ کرد وتم: بەڵکو زیارەتێکی قورئانەکە بکەم و، شتێکیشی لەسەر بنووسم. بەڵێنی دامێ کە ئەو کارە بکات.

ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٦ وێنەی چەند لاپەڕەیەکی قورئانە دەستخەتەکەی بۆ ناردم، کە سەرەتا و کۆتایی و چەند لاپەڕەیەکیش لە ناوەوەی تێدایە.

بەڵێ بەڕاستیی دەستخەتێکی نایابە و، شاکارێکی کەم وێنەی دەستخەتی مامۆستایەکی کوردە، کە لەم چەرخەی ئێمەدا ناوی و باسی نییەو، ناوی خۆی و شوێنەواری وەک پێویست لە سەرچاوەکاندا نەهاتووە.

مامۆستایش تەنها ناوی خۆی نووسیوە و، ناوی باوک و باپیری نەنووسیوە. ناوی شێخ مەعرووفی قەرەداغییە.

لە بنەماڵەی مەردۆخییەکانی قەرەداغدا ناوی دوو شێخ مەعرووف هەیە:

یەکەم: شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ عەبدوللەطیفی کوڕی شێخ حەسەن.

دووەم: شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ عومەری کوڕی شێخ عەبدوللەطیف.

ئەم شێخ مەعرووفە شێخ مەعرووفی دووەمە. بەگوێرەی نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس شێخ عەبدوللەطیف ساڵی هەزار و صەد و شەصت و سێی کۆچیی چووە بۆ قەرەداغ و بووە بەمامۆستای ئەوێ(١).

---

(*) لە ژمارە (٦٩)ی گۆڤاری سلێمانیدا بلاوبوەتەوە.

(١) بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٤٠٤ک - ١٩٨٤ز. ل: ١٥٠.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم ئەفەرموێ: شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ عومەر لە قەرەداغەوە هاتووە بۆ شاری سلێمانیی و، بووە بەئیمام و مودەڕیسی ئەو مزگەوتە کە ئێستە پێی دەوترێ: مزگەوتی =

جا ئەگەر شێخ مەعرووفی نووسەرەوەی قورئانەکە لە بنەماڵەی مەردۆخیی بێت دەبێ شێخ مەعرووفی دووەم بێت؛ چونکە قورئانەکەی لە ساڵی ١٢٣٨ک دا نووسیوەتەوە و، ئەمە بۆ شێخ مەعرووفی یەکەم دەست نادات.

ئەگەر وایش بێت ئەوا خۆشنووسێکی دیکەیش دەچێتە پاڵ دوو خۆشنووسەکەی دیکەی مەردۆخیی کە: شێخ عەبدوڵڵای شێخ یوسف و، شێخ محەمەدی شێخ یوسفن.

دوای ئەمەیش ئەو پرسیارە دێتەوە پێشەوە کە: دەبێ ئەم پیاوە بەو خەتخۆشیی و دەست ڕەنگینییەوە تەنها ئەو قورئانەی نووسیبێتەوە؟ بڕوا ناکرێ؛ چونکە ئەمیش - وەک شێخ محەمەدی شێخ یوسف - قورئانەکەی بۆ گەورەیەکی ئەو سەردەمە نووسیوەتەوە و، دوور نییە ئەمیش وەک ئەو پیشەی نووسینەوەی قورئان و حەدیثی بووبێت، بەڵام ئەگەر وابێ دەبێ شوێنەواری دیکەی مابێت؟ ئەگەر ماوە لە کوێیە؟ ئەمانەیش پرسیار گەلێکن چاوی چاوەڕوانییان بەدواوەیە.

دوای گەڕان و پشکنینی گەلێک سەرچاوە یەک نووسینم دەست کەوت کە ئاماژەیەکی بۆ ژیانی مامۆستا شێخ مەعرووف تێدایە، ئەو ئاماژە لە دەستخەتی ژمارە (٢٦٦٠ - ٢٦٦٥ مجامیع)ی کتێبخانەی مەرکەزیی ئەوقافی سلێمانیدایە، دەستخەتەکە کۆمەڵێ دانراوی تێدایە، بەشێکیان کە حاشیەی محەمەد حسەینی حەریریی حەیدەرییە بەسەر (میر ابو الفتح)ەوە، ساڵی ١٢٦١ مصطەفای کوڕی محەمەد جەسیمی قەرەداغیی لە مەدرەسەی زەردیاوا نووسیویەتیەوە، لەو کاتەدا مامۆستا شێخ مەعرووفی کوڕی مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغیی مامۆستا بووە تیایدا.

لە مەیشەوە دوو زانیاریی کورتی پڕ بایەخمان دەست کەوت:

یەکەم: مامۆستا شێخ مەعرووفی کوڕی مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغیی لەو ساڵەدا

---

=شێخ مارف.

جا کە ئەو شێخ مارفە ساڵی ١٢٣٨ک ئەو خۆشنووسە بووبێت ئەو قورئانەی بۆ ئیسماعیل بەگ نووسیبێتەوە و، تا ساڵی ١٢٦١ لە شاری قەرەداغ مامۆستا بوو بێت و، دوای ئەوە هاتبێت بۆ سلێمانیی و بووبێ بەمامۆستای مزگەوتەکەی - مزگەوتی شێخ مارف - دەبێ لەو ماوەدا و، دوای ئەو ماوەیش، چەند شاکاری نایابی بەیادگار بۆ خۆی و بۆ مامۆستایان و میران و ناوداران نووسیبێتەوە؟ گومان لەوەدا نییە کەم نەبوون، بەڵام ئایا وەک زۆربەی شوێنەوارەکانی دی زانایان و خەتخۆشانمان تێدا چوون؟ یان دەبێ چاوەڕوان بین لەملا و لاوە بەڵکو ئەوانەیان مابن سەرهەڵبدەن و دەربکەون؟





لە ژیاندا بووە و مامۆستای شارۆچکەی قەرەداغ بووە.

دووەم: شێخ محەمەد جەسیمی قەرەداغیی کوڕێکی خوێندەواری بووە کە ناوی مصطەفا بووە و لەو مێژووەدا فەقێ بووە، لەوە زیاتری دەربارە نازانرێت.

دەستخەتی ئەم قورئانە - وەک وتم - لەلای د. کەمال فوئاد پارێزراوە و، ئەویش لە (محەمەد بەگی قادر پاشای) باپیریەوە بۆی ماوەتەوە و، وەک لە وێنەکەدا دیارە، لە سووچێکی لاپەڕەی کۆتاییدا ناوی ئەو پیاوە دەخوێنرێتەوە. لەو لاپەڕەدا ئەمە نووسراوە:

«والحمدلله على الاتمام والصلاة والسلام على سيدنا محمد خير الانام. قد وقع الفراغ من تسويد وتنميق كلام الله الملك المنان، على رسم المصاحف أمير المؤمنين، وامام المتقين عثمان ابن عفان، اسكنه فى اعلى الجنان، حسب الاشارة عاليشان معلى مكان اسماعيل بيک، ابن المرحوم المغفور ميران بيک. غفرالله له آمين يارب العالمين، بيد العبد المذنب الراجى الى رحمة الله معروف الملهوف المعروف بالقرەداغى، في سنة الف ومأتين ثمان وثلاثين، من هجرة سيد المرسلين، عليه الف تحية صلاة من رب العالمين.»









سەرەتا و کۆتایی قورئانەکە زەڕکەفتکارییەکی زۆر جوان کراوە، بەخەتێکی نەسخی جوان نووسراوەتەوە. هەموو لاپەڕەکانی خراونەتە ناو چوارچێوەی تەڵاییەوە، کۆتایی ئایەتەکانیش بەئەستێرەیەکی تەڵایی دیاریکراون، نیشانەکانی تەجویدی بەمەرەکەبی سوور لەسەر نووسراون، ناوی سوورەتەکان بەمەرەکەبێکی سوور بەخەتی ثولث لە ناو دێڕێکی تەڵاییدا دانراوە.

هەروەها ناوی سوورەتەکان لە سەرەتای لاپەڕەکانەوە بەمەرەکەبی سوور نووسراوە.

ئەو شێوەی بەشکردنی جزمە بەسەر کاتی نوێژەکانی پێنج فەرزەدا، وەک لە چەند قورئانی دەستخەتی دیکەیشدا باسمان کردووە، لەم دەستخەتەیشدا بەمەرەکەبی سوور پەیڕەویی کراوە. لەسەر یەکێک لە لاپەڕەکانیش - کە وادیارە دوالاپەڕەیە - زەخرەفە و زەڕکەفتکارییەکی جوان بەئاوی زێڕ و ڕەنگی ڕەش و سوور نەخشێنراوە.

**ئیسماعیل بەگ کێیە؟**

باو بووە لە وڵاتانی جیهاندا - و بەکوردستانی ئێمەیشەوە - کەسێک هەندێ دەستڕۆیشتوو بووبێت و، حەزیشی لەوە بووبێت شتی عەنتیکە و نایابی هەبێت، ئەوە هەوڵی ئەوەی داوە ئەو حەز و ئارەزووەی بێنێتە جێ و، بۆ ئەو مەبەستەیش گوێیان لە پارە و پوول نەبووە.

لەم ڕووەوە گەلێک لە ناوداران و میران و دەستڕۆیشتووانی پێشوو، ئەوانەیان بەش و بارەیەکیان لە ڕۆشنبیریدا بووبێت، هەوڵی ئەوەیان داوە دەستخەتی جوانی قورئانی پیرۆز، یان بوخاریی شەریف، یان (دلائل الخيرات)، یان (الاذكار)ی ئیمامی نەوەویی... بەدەست بهێنن، بۆ ئەمەیش گەلێ جار ڕێگەیان لە دەستخەتی جوانی ئەو قورئان و کتێبانە کەوتووە و، بەهەرچەند بووبێت کڕیویانە و، ناوی خۆیان ناوەتە سەر یان وەقفیان کردووە لەسەر خۆیان و نەوەکانیان، یان لەسەر مەدرەسە و قوتابخانەکان.

گەلێ جاریش بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەستخەتانە خۆشنووسی دیار و شارەزای وڵاتیان بۆ دەستنیشان کراوە و، ئەوانیش داوایان لێ کردوون، سا ئیتر بەرانبەر بەنرخی دیاریکراو، یان بەرانبەر بەخەڵاتێک، یان بەرانبەر بەوەی کە ئەو خەتخۆشە مووچە و بەراتی دیاریکراویی لە لای ئەو ناودارەوە بووە... داواکەی لە نووسینەوەی دەستخەتەکەدا جێبەجێ کراوە و، لە کۆتایی دەستخەتەکەوە ئەوە نووسراوە کە بەفەرمانی فلان و لەسەر داوای فلان ئەو دەستخەتە نووسراوەتەوە. بەو دەستخەتانەیش دەوترێ (خزائی - گەنجینەیی) واتە بۆ گەنجینەی فلان کەس نووسراوەتەوە.





ئەم قورئانە دەستخەتەیش بۆ ئیسماعیل بەگی کوڕی میران بەگ نووسراوەتەوە، زۆر گەڕام و پرسیاریشم کرد بزانم ئەم ئیسماعیل بەگە کێیە، بەڵام هیچم بەدەست نەهێنا.

دەمێنێتەوە ئەوەمان بیر نەچێتەوە کە ئەم مامۆستا شێخ مەعرووفەیش، وەک گەلێ مامۆستای دیمان، وەک خۆشنووس بوون، زانای گەورە و، مامۆستای زانا و، ناوداری سەردەمی خۆیان بوون و، خۆشنووس و زانا و مودەڕیس بوون.

## قورئانێکی دیکەی دەستخەتی شێخ مەعرووفی قەرەداغیی:

٢

باسی قورئانە دەستخەتەکەی شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ عەبدوللەطیفی قەرەداغییم نووسی، ئەو قورئانەی کە لە لای بەڕێز د. کەمال فوئاد پارێزراوە. باسەکەم نارد بۆ گۆڤاری سلێمانیی و وتارەکە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی گرتە بەر.

دوای ئەوە سەردانی کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانیم کردو، وێنەی سەرەتا و کۆتایی هەندێک لەو قورئانە دەستخەتانەم گرت کە لەوێ پارێزراون.

نووسینێکی زۆر ورد لە پەراوێزی دەستخەتی ژمارە (٢٤٤٢)ەوە سەرنجی ڕاکێشام. کە بەوردیی خوێندمەوە بۆم دەرکەوت ئەمەیش قورئانێکی دیکەی دەستخەتی مامۆستا شێخ مەعرووفی قەرەداغییە.

دەقی ئەم نووسراوە وردە ئەمەیە:

«تم يوم الاحد الخامس والعشرين من شهر المحرم لسنة مائة وسبع واربعين بعد الالف، بيد الأقل المعروف بابن الشيخ عبدللطيف الكردستانى المهربانى الدرهردى»

دوای ئەوە لاپەڕەیەکی وردی جوانی لە کتێبی «التبيان من آداب حملة القرآن» گواستووەتەوە ئەوێ و، مێژووی ساڵی ١١٤٨ی پێوەیە.



سوره تبت مكية خمس آيات وركوع

بسم الله الرحمن الرحيم

تبت يدا ابي لهب وتب ما اغنى عنه ماله وما كسب سيصلى نارا

ذات لهب وامراته حمالة الحطب في جيدها حبل من مسد

سوره الاخلاص مكية اربع آيات وركوع

بسم الله الرحمن الرحيم

قل هو الله احد الله الصمد لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا احد

سوره الفلق مكية ... خمس آيات وركوع

بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الفلق من شر ما خلق ومن شر غاسق اذا وقب ومن

شر النفثت في العقد ومن شر حاسد اذا حسد

سوره الناس مكية ... ست آيات وركوع

بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الناس ملك الناس اله الناس من شر

الوسواس الخناس الذي يوسوس في صدور الناس من الجنة والناس

## قورئانە دەستخەتەکانی کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانیی:

لەو ژمارە زۆرەی – کە مەگەر هەر خودا بزانێ چەند بووە – قورئانی دەستخەت کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام لە کوردستاندا نووسراونەتەوە و، دوایی تێداچوون و پەرتەوازە بوون و لە گەلێ لە کتێبخانەکانی جیهاندا لەنگەریان گرتووە، یان لە کتێبخانە تایبەتییەکاندا ماونەتەوە.. لەو لێشاوە زۆرە نزیکەی (١١٠) نوسخەی جۆراوجۆر لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا پارێزراون، بێگومان – ئەگەر نەڵێین هەموویان – بەشی زۆریان بەدەست و پەنجەی مامۆستا و خۆشنووسانی کورد نووسراونەتەوە، بەڵام بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێ کەسیان ناوی خۆیان لە کۆتایی کارەکانیانەوە نەنووسیوە.

ئەمەیش بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ویستوویانە کارەکانیان تەنها بۆ خودا بێت و ڕوپامایی و ڕیایی تێدا نەبێت. هەر چۆن هەیە، خودا پاداشیان بداتەوە، ئێمەیان لەوە بێ بەش کردووە کە ناویان بزانین و، ناویان لە تەک ناوی خۆشنووسانی کورددا تۆمار بکەین.

لەو ژمارە دەستخەتەی قورئانی پیرۆزی ئەو کتێبخانە تەنها نووسەرەوەی (٦) دانەیان کەمێک باسی خۆیان و باو باپیری خۆیان نووسیوە. ئێمەیش لەم بوارەدا ناوی ئەو شەش نووسەرەوە بەرێزە و وێنەی لاپەڕەگەلێک لە کارەکانیان دەکەین بەنموونەگەلێک بۆ ڕازاندنەوەی باسەکەمان.

### ٣

یەکەم قورئانی کتێبخانەی ئەوقاف لە ڕووی جوانیی و ڕازاوەیی و زەرکەفتکاریکراوییەوە قورئانێکە موصطەفا وەصفیی قوتابیی حەکاکی زادە موصطەفا حیلمیی قوتابی مامۆستای خەتخۆشان عومەر وەصفیی ساڵی ١٢٨٠ نووسیویەتیەوە.

دەستخەتێکی زۆر نایابە. بەخەتی نوسخ لەسەر کاغەزێکی تورمەی جوان نووسراوەتەوە. ٢٩٦ لاپەڕەیە. پێوانەکەی (٤٦×٣١)ە. لە کتێبخانەی ناوبراودا بەژمارە (٤٤٢) پارێزراوە.

شێخ مەعرووفی کوڕی سەید ئەحمەدی بەرزنجیی دۆعایەکی درێژی خەتمی قورئانی لە کۆتاییەوە ساڵی ١٣٢٢ لە خزمەتی ئارامگای کاک ئەحمەدی شێخی باپیریدا نووسیوە.








خاصة لأقاربنا ولمن علمنا وخدمنا وأوصانا ولمن وصيناه ولمن أحسن إلينا خيرا
ولجماعة الحاضرين والغائبين ولوالدينا ولوالديهم ولكافة المسلمين أجمعين
اللهم أيد الإسلام والمسلمين وانصر كلمة الحق والدين بدوام أيام دولة عبدك
وابن عبدك الخاضع لعزك وجلالك السلطان ابن السلطان والخاقان ابن الخاقان
السلطان عبد الحميد الخان الغازي ابن السلطان عبد المجيد خان الغازي
نصره الرحمن اللهم انصره وانصر عساكره أينما كان والحجاج والغزاة و
المسافرين في برك وبحرك من أمة محمد صلى الله عليه وسلم أجمعين واجعل
اللهم هذه الولاية آمنة عامرة رخيصة مطمئنة وسائر بلاد المسلمين والصلاة والسلام
على خير خلقه محمد وعلى آله وأصحابه الطيبين الطاهرين أجمعين
سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين
كتبه الفقير السيد معروف ابن السيد أحمد البرزنجي
في خدمة مرقد حضرة جدنا الأمجد السيد
كاك أحمد قدس سره
٥٩٤





٤

ئەم قورئانە دەستخەتە بەخەتێکی مامناوەندیی نووسراوەتەوە، لاپەڕەکانی جۆگەلە – جۆگەلە کراون و چوارچێوەی خەتیان هەیە، یوسفی کوڕی محەمەد ڕەزا ساڵی ١١٩٨ نووسیویەتیەوە.

بەژمارە ٢٢١٥ لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا پارێزراوە.

٢٦٥ لاپەڕەیە. پێوانەکەی (١٥×١٠)ەو لاپەڕەی چواردە دێڕی تێدا نووسراوە.


سورة البقرة وهي مدنية
بسم الله الرحمن الرحيم
الم ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى للمتقين
الذين يؤمنون بالغيب ويقيمون الصلاة ومما رزقناهم
ينفقون والذين يؤمنون بما أنزل إليك وما أنزل
من قبلك وبالآخرة هم يوقنون أولئك على
هدى من ربهم وأولئك هم المفلحون







**٥**

ئەم دەستخەتەیش نوسخەیەکی جوانی قورئانی پیرۆزە. محەمەدی کوڕی شێخ محەمەد سەعیدی هەرشەلیی نووسیویەتیەوە، بەخەتێکی (ثلث)ی جوان، دوو لاپەڕەی سەرەتای زەڕکەفتێکی جوان کراون، سەرەتای سوورەتەکانیش جوانکارییان تێدا کراوە. سەرەتا و کۆتایی (جزء) و (حزب) و نیو (جزء) و نیو (حزب)ەکانیش بەئەستێرەی جوان و ئاوی تەلا دیاریی کراون.

بەرگەکەیشی قاوەییەکی نەخشێنراوی جوانە.

ئەم قورئانە دەستخەتە پاشماوەی کتێبخانەی طالەبانیی بووە لە سلێمانیی، پێشنوێژی مزگەوتی طالەبانیی داویەتی بەکتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیی.

(٣٩٢) لاپەڕەیە. پێوانەکەی (٣٠×١٨)ەیە. لاپەڕەی دوانزە دێڕی تێدایە.

بەژمارە (١٢٥٧) لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا پارێزراوە.




بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن الرحيم مالك
يوم الدين اياك نعبد واياك نستعين اهدنا
الصراط المستقيم صراط الذين انعمت عليهم
غير المغضوب عليهم ولا الضالين





## ٦

ئەم دەستخەتە قورئانێکە محەممەد یوسفی کوڕی شێخ محەممەد صادقی غەفاریی مەردۆخیی باقلابادیی ئەردەڵانیی ساڵی ١٢٠٠ نووسیویەتیەوە.

بەخەتی (ثلث) نووسیویەتیەوە. ناوی سوورەتەکانی بەمەرەکەبی سوور نووسیوە.

(٣٠٨) لاپەڕەیە، پێوانەکەی (٢٩×١٧)ەیە. لاپەڕەی (١٥) دێڕی تێدایە. لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا بەژمارە (٤٦٥) پارێزراوە.


بسم الله الرحمن الرحيم
الم ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى
للمتقين الذين يؤمنون بالغيب ويقيمون
الصلوة ومما رزقناهم ينفقون
والذين يؤمنون بما انزل اليك وما انزل
من قبلك وبالاخرة هم يوقنون اولئك








## ٧

ئەم دەستخەتەیش نوسخەیەکی دیکەی نایابی قورئانی پیرۆزە مەلا محەمەدی کوڕی نیظامەدین نووسیویەتیەوە.

دوو لاپەڕەی سەرەتای زەڕکەفتکاریی کراوە، هەموو لاپەڕەکانی لە چوارچێوەی تەلایی نراون، بەخەتی (ثلث) نووسراوەتەوە. تەرجەمەی فارسیی لەژێر کەلیمەکانیەوە کراوە. جوانکاریی لە بەرگەکەیدا کراوە.

(٤٦١) لاپەڕەیە. پێوانەی لاپەڕەکانی (٢٧×١٧)ەیە. لاپەڕەی (١١) دێڕی تێدایە.

بەژمارە (٢٨١٢) پارێزراوە.


بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن الرحيم
مالك يوم الدين اياك نعبد
واياك نستعين اهدنا الصراط
المستقيم صراط الذين انعمت عليهم
غير المغضوب عليهم ولا الضالين






ومن شر حاسد اذا حسد
بسم الله الرحمن الرحيم
قل اعوذ برب الناس ملك الناس اله

## شێخ حەسەنی گڵەزەردە

**٨**

یەکێکی دی لە مامۆستا مەزنەکانی کورد کە لەتەک ئەوەدا زانایەکی بەتوانا و، ئەستێرەناسێکی کەم وێنە و، خواناسێکی بەرچاو ڕوون و پێگەیشتووی ڕێبازی خواناسیی و دنیا نەویستیی بووە.. خەتخۆش و خۆشنووسێکی بەهرەمەند و بەتوانایش بووە.. شێخ حەسەنی ناسراو بەشێخ حەسەنی گڵەزەردەیە.

ئەم مامۆستا بەڕێزە ئەگەر لە شوێنێکی چەپەک و دوور لە شارستانییەت و پایتەختەکانی زانیاریی وەک کوردستاندا نەبوایەت و، بۆی بلوایەت ڕێگەی بکەوتایەتە ناو زانایانی وڵاتی ئاوەدان بەزانیاریی و، مەدرەسە گەورەکانی ئاوەدان بەفەقێ و مەلای وڵاتانی دی و، فەقێ و مەلا بیانناسیایە وزە و توانای زانیاریی دەربکەوتایەت و، شوێنەوارەکانی بزانرایەن، شیاوی ئەوە بوو لە شوێنی دیاردا سەردەستەیی و سەرکردایەتیی گەورە قوتابخانەکانی جیهانی بکردایەت و، بەرپرس و گەورە مامۆستای بڵندترین و باڵاترین بورج و مەرصەدی ئەستێرەناسیی سەردەمی خۆی بوایەت. بەڵام داخ و مخابن لە کوردستاندا بووە و، نەوەی گەلێک بووە لە کەمتەرخەمیکردن لە عاستی زانایانیان و شوێنەوارەکانیاندا کەم کەسیان دەگاتێ!

ئەم ذاتە – شێخ حەسەن – کە بەناوبانگ بووە لە سەردەمی خۆیدا بە (الحافظ) بەبۆنەی ئەوەوە قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری (د.خ) لەبەر بووە.. ناوی شێخ حەسەنی کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێی ناسراو بە (الكبريت الاحمر – گۆگردی سوور)ە. ڕشتەیان دەچێتەوە سەر شێخ عیسای بەرزنجەیی.

لە دەوروبەری ساڵی (١٠٨٨ک) لە گوندی نۆدێی سەر بەقەزای شارباژێڕی نزیکی شارۆچکەی قەڵاچوالانی پایتەختی ئەو سەردەمەی میرنشینی بابان لە دایک بووە.

شێخ حەسەن لەو بنەماڵەدا چاوی بەدنیادا هەڵهێناوە و لە کۆشی دایکێکی داوێنپاکی میهرەبان و، باوەشی باوکێکی پیرۆز و زانا و لە خودا ترسدا گەشەی کردووە و پەروەردە بووە و، هەر لەو بنەماڵە پیرۆزەدا خوێندوویە و، مێشکی بەڕەوشتی بەرز و زانیاریی سەردەمی خۆی زاخاو دراوە و، لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە ڕۆیشتووە تا گەیوەتە پلەی زانایان و، ئیجازەی زانیاریی و تەریقەتی (نووربەخشیی) و (عەلوانیی) لە باوکی وەرگرتووە.







دوای ئەوە ماوەیەکی باش لە دنیا دابڕاوە و سەرگەرمی پەروەردەکردن و پاڵفتەکردنی نەفس و ئارەزووی بووە لە خەوش و تۆزی دنیا و، پلەی بڵندی لە ڕێبازی خوداناسییدا بەدەست هێناوە.

دواتر تەریقەتی قادریی لە شێخ ئیسماعیلی ولیانیی برای ناسراو بە (الغوث الثانی - غەوثی دووەم) وەرگرتووە و، شێخ ئیسماعیل خەرقەو پەستەکی ئیرشادی لەبەر کردووە.

دوای ئەمە شێخ حەسەن گوندی گڵەزەردەی کرد بەبنکەیەکی زانیاریی و پەروەردەکردنی پیاوان لەسەر هەردوو ڕێگاکە: ڕێگای ئایین و خودا پەرستی و، ڕێگای زانستیی و ڕۆشنبیریی و، گەلێ پیاوی زانای خودا ناسی لەسەر ئەم دوو شاڕێگە پیرۆزە پێگەیاند بۆ نموونە: شێخ مصطەفای نۆدێی کوڕی شێخ ئەحمەدی غەزائیی باپیری کاک ئەحمەدی شێخ و، شێخ جەعفەری مەجذووب و، مەلا جەلالی خورماڵیی و، حاجی عەبدوڕەحیمی دەرگەزێنیی و، مەلا مەحموودی غەزائیی و، مەلا ئەحمەدی غەزائیی، کە مامۆستاکانی مەدرەسەی قەڵاچوالان بوون و، شێخ عەبدوڵڵای هەراتیی و، شێخ موئمینی سازانیی و، ... چەندین زانا و پیاو چاکی دیکە.

شێخ حەسەن بەهۆی ئەوەوە لە دنیا دابڕابوو  و بۆ خودای خۆی سازابوو، خودا گەلێ کەرامەتی لەسەر دەستیدا دەرخستووە و، بەوانەیش بووەتە ڕێگە پیشاندەرێکی بەرچاو ڕوون بۆ قوتابیی و مورید و مەنسووبانی.

لەتەک ئەمانەدا کە گوتمان شێخ حەسەن زانایەکی گەردوونیی و ئەستێرەناسێکی کەم وێنەی چەرخی خۆی بووە و، دەستێکی باڵای لە زانینی هاتوچۆ و گەردشی ئەستێرەکاندا هەبووە و، لەسەر چیای گڵەزەردە بورج و مەرصەدێکی تایبەتی دروست کردووە. لەڕێگەی ئەو مەرصەدەوە سەرنجی ئەستێرەکان و بار و دۆخی کەش و هەوای داوە و، وەرزەکانی ساڵیی دیاریی کردووە و، سەری مانگەکان و، کاتی جەژنەکانی دۆزیوەتەوە و، مەرصەدەکەی بووە بە تاکە سەرچاوەی ناوچەکە بۆ دۆزینەوەی سەری مانگەکان و زانینی جەژن و بۆنە ئایینییەکان و، بۆ هەر بۆنەیەک لەسەر چیای گڵەزەردە ئاگرێکی گەورەی کردووەتەوە، بەوە خەڵکی دەوروبەری لەسەری مانگی ڕەمەزان یان جەژن، یان هەر بۆنەیەکی دیی ئاگادار کردووەتەوە و، ئێستەیش کە باسی وەرز و کەش و هەوا دەکرێت خەڵکی دەڵێن: بەحسابی گڵەزەردە، یان شێخ حەسەنی گڵەزەردە، ئەمڕۆ ئەوەندەی چلەیە، یان ئەوەندە ڕۆژ هاوین یان زستان ماوە.

هەر لەبەر بایەخی ئەم زانیارییە وردانەی مامۆستای گڵەزەردە بووە لە ئەستێرەناسیدا





دادگای شەرعیی سلێمانیی حسابی گڵەزەردەی کردووە بەسەرچاوەی بڕیارەکانی دەربارەی کارە ئایینییەکانی وەک: جەژن و، سەری مانگ و، شتی لەو جۆرە.

مامۆستا (عبدالرقیب یوسف)یش لە ڕێگەی ئەو بڕیارانەوە کە لە دادگای شەرعیی سلێمانیی دەرچوون و پشتیان بەحسابی شێخ حەسەنی گڵەزەردە بەستووە، باسێکی وردی لەسەر ئەو بابەتە بەناونیشانی (حسابی گڵەزەردە) نووسیوە.

وەک لە سەرەتای ئەم چەند دێڕەوە گوتمان شێخ حەسەنی گڵەزەردە لەتەک ئەوەدا پیاو چاک و زانا و ئەستێرەناس بووە، خەتخۆش و خۆشنووسیش بووە و، لەبەری ڕەنج و کۆششی گەلێ شوێنەواری نایابی لێ بەجێماوە، بەڵام بەداخەوە بەشی زۆریان تێدا چوون و بێ سەر و شوێنن. ئەوانەی هەواڵێکی کەمیان لێ زانراوە ئەمانەن:

١- قورئانێکی دەستخەت کە بەخەتێکی خۆش و جوان و هونەرکاریی و وردەکاریی نووسیویەتیەوە و، بە (قورئانەکەی گڵەزەردە) ناسراوە.

٢- (احكام الفرائض والوصايا)ی قاضیی زەکەریا بەخەتی شێخی گڵەزەردە کە گەلێ پەراوێز و تەعلیقاتی بەعەرەبیی و کوردیی بەسەرەوەیە.

گەلێ دانراوی دی لە زانیارییەکانی نەحو و صەرف و شەرع و بابەتگەلی دیکەدا.

بەتایبەتی کە ئەو ئەو ئەستێرەناسە زانا و باڵا دەستەی چەرخی خۆی بووبێ بڕوا ناکرێ دانراوی باشی لەو بوارەدا نەبووبێت و، ناگونجێ تاقیکردنەوەکانی خۆی لەو جۆرە زانیارییانەدا تۆمار نەکردبێت، بەڵام ئێمە هەر داخ و مخابنمان بۆ دەمێنێتەوە!

ئەم مامۆستا بەڕێزە ساڵی (١١٧٥ک) لە گوندی گڵەزەردە ماڵئاوایی لە جیهان کردووە و، هەر لەوێ چووەتەوەباوەشی ئەو خاکەی تیایدا چاوی هەڵهێناوە و، لەسەر پشتی ژیانی بەسەر بردووە و، خزمەتی ئایین و ڕۆشنبیریی و گەل و وڵاتی کردووە[١].

(١) بۆ ئەم باسە سوود لە وتارێکی مامۆستا محەمەد سالاری کەسنەزانیی وەرگیراوە کە لە ژمارە ٤٣٣ی ڕۆژی ٢٠٠١/٨/١٠ی هەفتەنامەی (الاتحاد)دا بڵاوبووەتەوە.

## قورئانە دەستخەتەکەی مامۆستا مەلا حەمید

### ٩

یەکێکی دی لەو قورئانە دەستخەتە دێرینانەی کە لە کوردستانان و، کاتی خۆی بەدەستی مامۆستایان و خۆشنووسانی کورد نووسراونەتەوە، قورئانێکە کە لە لای مامۆستا مەلا حەمید لە شارۆچکەی دووزخورماتوو پارێزراوە.

ماوەیەکە باسی ئەم دەستخەتەم بیستووە و، لە پەیجۆری ئەوەدا بووم زیارەتی قورئانەکە بکەم و، سوودیش لەو زانیارییانە وەربگرم کە لەملا و لایدا نووسراون، چەند کەسم ڕاسپارد، بەڵام هیچم دەسگیر نەبوو، تا ئەنجام مامۆستا مەلا عەبدولحەمیدی ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوای سلێمانیم بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپارد، مامۆستا مەلا عەبدولحەمید –ماڵی ئاوابێت – مشوورێکی باشی بۆ خواردم و، زۆری نەخایاند وێنەی سەرەتا و کۆتایی و چەند لاپەڕەیەکی قورئانە دەستخەتەکەی بۆ هێنام. ئەوەی لێرەدا دەینووسم بەشێکی بۆ ئەو خەمخۆرییەی مامۆستا عەبدولحەمید دەگەڕێتەوە:

باسێکی دەستخەتەکە:

لە دوای سوورەتی (الناس)ەوە نووسراوە:

«کتبه حسن في قرية نمەشير الهى عفو كن گناهان كثير، تمت هذه(!) المصحف في يوم الخميس من شهر ذي قعدة الحرام، في وقت صلاة الظهر، سنة اربعة وثمانين وتسعمائة من الهجرة النبوية المصطفوية المكية والمدنية. على يد الاضعف العباد واحوجهم وافقرهم واذنبهم الراجي الى غفران رب العالمين، اذا حضر لم يعرف، واذا غاب لم يذكر: حسن ابن عبدالله، ابن حسن، غفرالله له ولوالديه ولأجداده ولجداته ولأخيه وأخواته، ولعمه وعماته، ولأخواله وخالاته بحق النبي الأمي وبركاته، وصلى الله على سيدنا محمد وآله الطيبين الطاهرين أمين برحمتك يا ارحم الراحمين.

اللهم اغفر لكاتبه ولقارئه ولناظره ولمن دعا بالخير لكاتبه وصواحبه آمين يا ارحم الراحمين. تمت»

لە لاپەڕەیەکی دی جیادا نووسراوە:

«اعلم يا اخي حفظك الله بتأييده من مكر الشيطان، وفقك الله لطاعته واجتناب معصيته، بأنه كتب فی هذه (!) المصحف الشريف قراءة عاصم برواية حفص، وكتب في حواشيه قراءة القراء المشهورين الذين اعتبرت واشتهرت قراءتهم...»

لێرەدا باسی ئەو قیرائەتانە دەکات کە لە پەراوێزی لاپەڕەکانی دەستخەتەکەوە نووسراون. کە قیرائەتی ئەو قورئان خوێنانەن:

(نافع مدني، ابن كثير مكي، ابو عمرو بصري، ابن عامر شاميّ، عاصم كوفي، حمزة كوفي، كسائي كوفي).

هەروەها لە پەراوێزی لاپەڕەکانەوە تەفسیر و مانای گەلێ لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز نووسراوە.

خەتی قورئانەکە زۆر خۆش نییەو، هونەری زەرکەفتکاریی و چوارچێوەگیریی تێدا نەکراوە.

وەقفنامە:

لەپێش سەرەتای سوورەتی (البقرة)ەیشەوە وەقفنامەیەک نووسراوە، بەپێویستی دەزانم لێرەدا دەقەکەی بنووسم:

«الحمدلله الذي جعل الدنيا دار الغرور والفناء، وجعل الآخرة دار السرور والبقاء، والصلاة والسلام على سيدنا محمد سيد الورى، وآله واصحابه هم نجوم الدجى.

وبعد: فهذا مصحف عزيز لطيف شريف مرعي. انه قد وقف وحبس وسبّل حسن بن عبدالله، طلبا لمرضاته ليوم لا ينفع مال ولا بنون الا من اتى الله بقلب سليم، وقفا صحيحا شرعيا عاما على كافة المسلمين، لا تباع ولا توهب ولا توجر ولا تورث ولا ترهن، بشرط ان يكون التولية بيده مادام حيا، ثم بيد من هو اصلح من الأقرأ الوارع فمن بدل... بعد ما سمعه فانما إثمه على الذين يبدلونه، ان الله سميع عليم.

شهد بذلك مولانا إلياس بن محمد على، وفقيه رسول بن صوفى شيره، وفقيه عباس بن ويس»





زانیاریی دی:

جگە لەو زانیارییانەی لەملا و لای دەستخەتی قورئانەکەوە تۆمارکراون و وەک خۆیان گواستمنەوە ئێرە شتێکی دیم دەست نەکەوت، ئەوەندە نەبێ مامۆستا مەلا حەمیدی خاوەنی ئێستای دەستخەتەکە هەندێک زانیاریی دەربارەی بنەماڵەی نووسەرەوەی دەستخەتەکە لەخۆیەوە دەست پێکردووە، بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە ئەو زانیاریانەیش لێرەدا دەنووسم: مامۆستا مەلا حەمید دەڵێ:

«ئێمە پێمان دەڵێن: تائیفەی مەلا زادە، ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە چەند پشتمان یەک لەدوای یەک مەلا و مەلا زادە بوون و، ناوی هەموویان دیارە و، ئەم قورئانە شاهیدە و، لەبەر خاتری ئەم قورئانە نەخوێندەوار لە ناو ئەم پشتانەدا نەبووە، ئەمەیش ڕشتەی بنەماڵەکەیە:

«مەلا حەمید، کوڕی مەلا عومەر، کوڕی مەلا عەبدوڵڵا، کوڕی مەلا محەمەد، کوڕی مەلا هەواس، کوڕی مەلا ئەییووب، کوڕی مەلا محەمەد، کوڕی مەلا حەسەن، کوڕی مەلا عەبدوڵڵای حەسەنە. ئەم قورئانە دەستخەتی مەلا حەسەنە، ئەو کاتە مەلا حەسەن لە نمەشێر بووە، کە دێیەکە لە ئێران نزیکی شارۆچکەی بانە، قورئانەکەی ساڵی ٩٨٤ی کۆچیی نووسراوەتەوە.

ئەوکاتە عێراق لە ژێر دەستەڵاتی ئێراندا بووە. لە پاش کۆچی دوایی مەلا حەسەن مەلا محەمەد هاتووە بۆ ئاوباریک بەمەلایەتیی. کاتێ تورک عیراقی وەرگرتەوە چەن پشت لە باتی مووچە و بەرات ئاوباریکی داوە بەباو باپیری ئێمە. کە ئینگلیز هات بناری گل هەمووی بەش کرا و، لە دەستی ئێمە دەرچوو.

هەموویان قەبریان لە قەبرسانی ئاوباریکە، مەلا عەبدوڵڵا نەبێ کە قەبری لە ئیمام ئەحمەدە لە (قون پلک) ئێستە خۆم لە دووزخورماتووم.

١٩٦٤/١٢/٢٧»

من تەواوی دەستخەتی قورئانەکەم نەدیوە و، هەر ئەو چەند لاپەڕەم دیوە کە مامۆستا مەلا حەمید وێنەکەی بۆ ناردووم. وادیارە شتێک لە کۆتاییەکەی لە ناو چووبێت. چونکە بەخەتێکی نوێ دۆعای (ختم القرآن) لە دوای نووسینەکەی نووسەرەوەی قورئانەکەوە – کە مامۆستا مەلا حەسەنە – نووسراوە، خەتەکەی خۆشە، ناوی خۆی نەنووسیوە، بەڵام دەڵێ: ساڵی ١٢٨٨ نووسیویەتیەوە.

لە کۆتایی وەقفنامەکەوە ناوی چەند کەسێکی تێدایە، لەوانە مامۆستا مەلا ئیلیاس ناوێکە، بەڕوونی نەمزانی ئەو مەلا ئیلیاسە کێیە، چەند مامۆستا ئیلیاس ناوێکمان هەیە، یەکێکیان مەولانا ئیلیاسی کەلاتییە، لە مێژووی زانایاندا شتێکم دەربارەیان نووسیوە[١].

## ١٠

ئەم قورئانە کە ئەم ژمارەیەم دایێ قورئانێکی جوان نووسراوەی نایابە. بەخەتێکی (ثلث)ی خۆش نووسراوەتەوە. لە دوو لاپەڕەی یەکەمیدا زەخرەفە و ڕازاندنەوەیەکی جوان بەپێنج ڕەنگ مەرەکەب: ڕەش و، شین و، ئاڵتوونی و، سوور و، پەمەیی کراوە. هەموو لاپەڕەکانی دی لە چوارچێوەیەکی زێڕیندا دانراون، هەموو دێڕێکیشی لە ناو گۆلی زێڕیندا نووسراوە و، کۆتایی ئایەتەکان بەئەستێرەیەکی زێڕین هاتووە و، نیشانەکانی تەجوید بەمەرەکەبی سوور نووسراون و، سەرەتای (حزب) و (جزء)ەکان لە ناو خڕکەیەکی زێڕیندا دانراوە، کە سەر و خواری بەدوو دەستەوانەی بەمەرەکەبی شین و سوور نەخشێنراو گیراوە.

سەرەتای هەموو سوورەتەکان بەمەرەکەبی شین و سوور و ڕەش لە تەک نووسینی ناوی سوورەتەکە و، ژمارەی ئایەتەکانی و، شوێنی هاتنە خوارەوەی سوورەتەکەدا نەخشێنراوە.

لە سەرووی لاپەڕەکانەوە ناوی سوورەتەکان بەمەرەکەبی سوور نووسراوە.

لەم قورئانەیشدا – وەک لە چەند قورئانێکی دیدا وەهایە – بەشکردنێکی تێدایە کە بەباشیی نازانم ئەم بەشکردنە بەمەبەستی چییە و، شێوەی بەشکردنەکە وەهایە کە دوای هەردوو پەڕە کاتێک نووسراوە، وەک: (فجر، ظهر، عصر، مغرب، عشا).

لە کۆتاییەوە دوعایەکی درێژی خەتمی قورئان نووسراوە، بەداخەوە نووسەرەوە بەڕێزەکەی نە ناوی خۆی و، نە شوێن و مێژووی نووسینەوەی قورئانەکەی نەنووسیوە، بەڵام دەستخەتەکە دەستخەتێکی کوردستانییە و، نووسەرەوەکەی دوعای بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی عوثمانیی کردووە.

بەرگەکەی لە پێستێکی قاوەیی نەخشێنراوی جوان دروست کراوە.

پێوانەکەی (٢٨×١٧)ەیە.

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەرگی شەشەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل: ٤٧.







## قورئانەکەی سەیید ئەحمەدی قەیتوولیی تاوگۆزیی[*]

## ١١

یەکێکی دی لەو قورئانە دەستخەتانەی بەخزمەتیان گەیشتووم، قورئانێکە کە ناونیشانی (قورئانەکەی سەیید ئەحمەدی قەیتوولیی تاوگۆزیی)م بۆ دانا.

ئەم قورئانەیش یەکێکە لەو دەستخەتانەی بایەخێکی باشی پێ دراوە و، بەخەتێکی جوان نووسراوەتەوە و، دوای گەلێ دەستاودەستکردن پارێزراوە و، دوو سێ پەڕەی کۆتایی نەبێت، ئەوانی دیکەی ساغ و باشن و، جارێکی دی - نازانم دوای چەندەمین جارە - بەرگی تێ گیراوەتەوە.

لە چەند جێگەیدا نووسین هەیە، هەندێکیان لێیان کووژێنراوەتەوە، بەڵام تێکرا تیشکی بایەخدان بەقورئانەکە دەخەنە سەر لاپەڕەکانی و، ئێمەیش ئەوەی لەو نووسینانەی وەردەگرین دەینووسین و، دواییش دەقی نووسینەکانی وەک خۆیان و، بەزمانەکەی خۆیان کە عەرەبیی و فارسین دەنووسینەوە.

ساڵی نووسینەوەی و ناوی نووسەرەوەکەی:

ئەم قورئانە ساڵی ١٢٧٠ بەدەستی محەمەدی کوڕی خەلیفە عەلیی دانیشتووی....[١] نووسراوەتەوە.

دوای ئەمە ساڵی ١٢٧٠ سەیید ئەحمەدی کوڕی سەیید حەیدەری قەیتوولیی تاوگۆزیی وەقفی کردووە.

دوای ئەویش ساڵی ١٢٧١ بەفەرمانی سەیید ئەحمەدی مامی، ئەحمەدی دەرگا شێخانیی دوو جار تەصحیحی کردووە، (سەجاوەندیی) کردووە و، نیشانە و هێماکانی تەجویدی بەسەرەوە نووسیوە.

دوای ئەمە مەولەویی کراوە بەشایەتی ئەم وەقفە و، مەولەویی بەخەتی خۆی شایەتییەکەی خۆی نووسیوە.

ئەمەیش ئەو دەقانە وەک خۆیان لە سەرەتاوە دەستیان پێ دەکەم:

---

(*) لە ژمارە (٣٠)ی گۆڤاری (خۆری ئیسلام)دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) لێرەدا ناوی گوندەکە کووژێنراوەتەوە.













دەقی وەقفنامەکە بەعەرەبیی:

« بسم الله الرحمن الرحيم»

حامدا لحقيق الحمد على توفيق عباده باكتساب الخيرات، وشاكرا لأنعمه اجتباه وهداه الى سواء الصراط، وأصلي على نبيک المحمود المبعوث إلى الخلق بأقوى الدلائل وهو القرآن العظيم، وبسائر الآيات والمعجزات. وعلي آله واصحابه الطاهرين وازواجه الطاهرات.

وبعد: فقد وقف المصحف المجيد الشريف الرباني، العبد المذنب الضعيف الجاني، زبدة اولاد سيدة النساء فاطمة البتول، السيد أحمد الشهير بقيتولي، ابن السيد حيدر المرحوم المشهور الآن بالتايجوزى والپيرخضرى الأصل، طالبا لمرضاة الله... مؤبّدا، بحيث يصل ثوابه أولا إلى روضة المنورة سيدنا محمد رسول الملک المنان. وثانيا الى نفسي العاصي الذليل في الخطأ والنسيان، وتوليته بعد قطع حياتي ومرادي، بيد قرة عيني، وقوة ظهري، السيد محمد أمين، وهو أسنّ اولادي، وبعده لاولاده الأعلم فالأعلم، على ماتناسلوا بطنا بعد بطن، حيث لا تباع، ولا توهب، ولا توجر، ولا تملک بأى وجه كان. (فمن بدله بعدما سمعه فإنما إثمه على الذين يبدلونه، والله سميع عليم).

جرى ذلک في شهر ذي القعدة الحرام، سنة سبعين ومأتين بعد الالف خلت من هجرة سيد المرسلين. والحمدلله رب العالمين. ١٢٧٠»

هەڵەکانی ڕێزمانی عەرەبیم چاک نەکردەوە و وەک خۆیان هێشتمنەوە.

دەقی شایەتییەکەی مەولەویی وەک خۆی نووسیویەتی:

«پوشيده نماند بر هر كه بخواند وهركس بداند آنچه درين وقفنامهء عربيه نوشته شده... عليه را نه باجمال ونه بتفصيل معين ننموده.

بنا بران اين فقير دوباره ازعم مهربان سيد احمد كه واقف بود پرسيدم، گفت: اين كلام الله را وقف نمودام بر هركس كه دراين كلام الله بخواند، وتوليهاش بدست فرزندى محمد امين وبعد از و بدست اولاد او بطنا بعد بطن، ذكورا، ما تناسلوا باشد، نه بخشيده، و نه فروخته، ونه به اجاره داده شود. والسلام على تابع الهدى.

نمقه المعدوم عبد الرحيم الحسينى.»

ئەمانە لە لاپەڕەی یەکەمی دەستخەتەکەدان. ئەمانەی خوارەوەیش لە لاپەڕەی کۆتاییدان:

«تمت شد از دست حقیر الفقیر سراپا تقصیر درویش محمد ولد خلیفه علی ساکن...[1] فی سنه ١٢٧٠»

لە تەنیشتی ئەمەیشەوە بەمەرەکەبی سوور نووسراوە:

«قد وقع الفراغ بحمدالله وتوفيقه من تصحيح هذا المصحف الشريف، مرتين، مع ترقيم قواعد تجويده، ورموز سجاونديه، بدقة التام، امتثالا لامر العم المجّد السيد أحمد...[2] لله الملك الصمد.

وانا العبد الجاني أحمد الدرگاشيخاني. عفا عنهما القادر الرباني، في سنة ١٢٧١».

دەبێ لێرەدا یەک دوو وشە بنووسین:

یەکەم: ئەم ئەحمەدەی کە دوو جار قورئانەکەی تەصحیح کردووە خۆشنووس بووە و، خەتەکەی جوان و خۆشە.

بەپێی ئەوەی دەنووسێ: بەفەرمانی مامم ئەوەم کرد، دەبێ برازای سەیید ئەحمەدی قەیتوولیی خاوەنی قورئانەکە بێت.

هەروەها وەک (مەولەویی)یش دەنووسێت: دواتر لە مامم پرسی. دەبێ مەولەویی و سەیید ئەحمەدی دووەم کە قورئانەکەی تەصحیح کردووە یان برابن. یان ئامۆزا بن.

دواییش کە دەچینە سەر باسی نووسەرەوەی قورئانەکە( کە دەروێش محەمەدی کوڕی خەلیفە عەلی)یە دەبێ بیر لە هەندێ شت بکەینەوە، کە بۆ کەسانی وەک ئەم جێگەی خۆیەتی: چونکە ئەم پیاوە خۆشنووس بووە و قورئانی نووسیوەتەوە، ئەوانەیش کە وەک ئەم بوون، کەم وا بووە بەیەک دوو قورئان نووسینەوە دەسبەردار بووبن و، بیستوومانە خۆشنووسی وا هەبووە پتر لە (٣٠) سی قورئانی نووسیوەتەوە. جادەبێ ئەم مامۆستا خەتخۆشە لە چ تەمەنێکدا بووبێ کە ئەم قورئانەی نووسیوەتەوە؟ دەبێ دوای ئەم قورئانە چەند قورئانی دیکەی نووسیبێتەوە؟ دەبێ شوێنەوارەکانی دیکەی مابن یان ئەمە تاکە شوێنەواری بێ کە لە دەستدا بێت؟

(١) لێرەدا وشەیەک کووژێنراوەتەوە و دوایی بەمەرەکەبی سوور شتێک نووسراوە وەک (بلده السنندج) دەچێ.

(٢) لێرەیشدا وشەیەک کووژێنراوەتەوە.





هەرچوون بێت لە پەنای ئەم قورئانە پیرۆزەوە ئەم زانیارییانەمان دەستکەوت و، ناوی خۆشنووسێکی دیکەی کوردمان خستە ڕزی ڕێبوارانی سەر ڕێگەی پیرۆزی کاروانی خەتخۆشان و خۆشنووسانی کورد.

جگە لەوەیش کە ئەم خۆشنووسە لە ساڵی ١٢٧٠دا لە ژیاندا بووە شتێکی دیکە دەربارەی ژیانی نازانین.

باسێکی دەستخەتەکە:

قورئانەکە بەخەتێکی نوسخی جوان نووسراوەتەوە. لاپەڕەی (١٤) دێڕی تێدایە، سەرەتای سوورەتەکانی بەخەتی سوور نووسراوەتەوە.

ژمارە و شوێنی سەرەتا و کۆتایی ئایەتەکان دیاریی نەکراون. سەرەتای قورئانەکە زەڕکەفتکاریی نەکراوە. لە سوورەتی (یس)دا پەڕەکانی لە شوێنەکانی دیکە زیاتر پەرپووت بوون، وا دیارە ئەو سوورەتە لە سوورەتەکانی دی زیاتر دەور کرابێتەوە. لە پێش کۆتایی سوورەتی (الزمر)یشەوە پەڕەیەکی لە ناوچووە و، بەخەتێکی نوێ تەواوکراوەتەوە.

قەوارەی قورئانەکە مامناوەندییە، پێوانەکەی (١٤×٢٠)ە.

## شێخ محەمەدی نۆدێی بەرزنجیی

١٢

تا ئەو ڕۆژەی نووسەرێکی کارامە و لێهاتوو بەپشوویەکی قووڵەوە خۆی تەیار دەکات بۆ نووسینی باسێکی فراوان لەسەر (خۆشنووسانی کورد) هەوڵ دەدەم هەرچیم دەست بکەوێت لە زانیاریی دەربارەی خۆشنووسانی دێرینمان کۆی بکەمەوە و، ئەو ترووسکاییە کەمەی کە ماوە و لە ڕێگەی شوێنەوارەکانیانەوە دەستمان دەکەون تۆماریان بکەین.

یەکێکی دی لەو مامۆستا مەزنانەمان کە زانا و پیاو چاک و شێخ و ڕێنموونیکەر و شێخی تەریقەت بووە و، لە پەنای ئەوانیشدا خەتخۆشێکی دەستڕەنگینی سەردەمی خۆی بووە، مامۆستا شێخ محەممەدی نۆدێیە.

دوور نییە ئەم مامۆستا – وەک خۆشنووسەکانی دیمان – چەندین نوسخەی نایابی قورئانی پیرۆز و (دلائل الخيرات) و شتی دیکەی دانسقەی نووسیبێتەوە، بەڵام دەبێ وەک شوێنەواری ئەو مامۆستایانەی دی کە شوێنەواریان تێدا چووە شوێنەواری ئەمیش تێدا چووبێت.

ئەوەی لە شوێنەواری ئەم مامۆستا لە لەناو چوون قوتار بووە یەک نوسخە قورئانی پیرۆزە، کە خۆشبەختانە باش پارێزراوە و، تیشک دەخاتە سەر سووچێکی ژیانی مامۆستامان و، لایەنگەلێکی دەسترەنگینیو هونەرمەندیی مامۆستایشمان بۆ مێژووی خۆشنووسانی کورد دەگێڕێتەوە.

مامۆستامان ناوی شێخ محەمەد ئەمینی نوور بەخشیی کوڕی شێخ عەلی وندەرێنیی کوڕی شێخ بابا ڕەسوولی گەورەیە و، ڕشتەی باو باپیرانی دەچێتەوە سەر شێخ عیسای گۆرانیی بەرزنجی.

دوای ئەوەی لەلای باوکی و مامۆستایانی دەوروبەری سەرەتای خوێندنی تەواوکردووە، گەلێ شار و جێگە بۆ خوێندن گەڕاوە و، تا بەغدادیش چووە و، سوودی لە شێخ صادقی بەغدادیی وەرگرتووە. دوای ئەوە لە هەموو زانیارییە باوەکانی سەردەمی خۆیدا بەتەواویی بەهرەمەند بووە و، پلەی باڵای بەدەست هێناوە لە گوندی (نۆدێ) نیشتەجێ بووە و، بووە بەمامۆستا و، مەدرەسەکەی ئاوەدان کردووەتەوە و، دەیان فەقێ لە خزمەتیدا دەرسی زانیارییە جۆراو جۆرەکانیان خوێندووە.

هەروەها لە ڕێبازی تەریقەتیشدا چەند کەسی پێگەیاندووە لەوانە:

شێخ ئیسماعیلی ولیانی، زانا و پیاو چاک و خاوەنی تەریقەت.

شێخ حەسەنی گڵەزەردەیی، زانا و ئەستێرەناس و پیاو چاک.

شێخ ئەحمەدی غەزائیی.

شێخ عەلی دۆڵپەموویی.

شێخ محەمەدە سوورە...

هەروەها شێخ حەسەنی مەولانایی و چەند کەسی دیکە.

ئەم مامۆستا مەزنە - شێخ محەمەدی نۆدێ - ساڵی ١١٢٦ک کۆچی دوایی کردووە و، لە گۆڕستانی نۆدێ بەخاک سپێرراوە.

مەبەستی سەرەکیمان لەم هەلەدا ناساندنی شوێنەوارە بەنرخەکەیەتی کە قورئانی پیرۆزی بەخەتە جوانەکەی خۆی نووسیوەتەوە و، دێڕ بەدێڕیش لە پەنای قورئانەکەدا تەرجەمەکەیشی بەفارسیی نووسیوە. واتە دوو کاری گەورە لەیەک کاتدا: لەلایەکەوە تەرجەمەی قورئان بەفارسیی و، لەولایشەوە نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بەو شێوە جوانە.

قورئانەکەی بەخەتی (نسخ) نووسیوەتەوە. مەرەکەبی ڕەش و سووری لە





نووسینەوەکەیدا بەکارهێناوە. لە ژێر هەموو دێڕێکیدا، وەک لەسەرەوە وتمان، تەرجەمەکەی بەفارسیی نووسیوە. جیاوازیی بیروڕای زانایانی بەصرەیی و کووفەیی و... لە ژمارەی ئایەتەکانی سوورەتەکاندا دیاریی کردووە. لە هەموو سوورەتێک لە سوورەتەکانیشدا مانای (بسم الله الرحمن الرحیم)ی وا کردووە لەگەڵ ئەو سوورەتە و ناوەرۆکەکەیدا بگونجێ(١).

مامۆستا شێخ محەمەد ئەمینی نووربەخش ساڵی ١١٩٢ک لە نووسینەوەی قورئانەکە بووەتەوە، لەم بارەوە لە کۆتایی قورئانەکەوە نووسیویە:

«تم بعون الله في يوم الغدير من جملة شهور سنة اثنتين وتسعين بعد الالف من الهجرة النبوية عليه وآله الصلاة والسلام. كاتبه الفقير محمد امين ابن سيد على الحسينى النوربخشى عفى عنهما بمحمد وآله أجمعين.»

دیارە مامۆستا لە پێشدا قورئانەکەی نووسیوەتەوە و، دوایی تەرجەمەی کردووە، لەم بارەیشەوە هەر لە کۆتایی قورئانەکەوە نووسیویەتی:

«تمت ترجمة القرآن الحميد المجيد في يوم الخميس الثاني عشر جمادي الاولي سنة ثلاث وتسعين والف الهجرية. كتبه العبد المذنب محمد امين الحسيني النوربخشى ابن السيد على غفرالله لهما أمين.»

(١) مامۆستا محەمەد سالار شێخ عەلی لە ژمارە ٢٨٧ی ڕۆژی ٣/١٠/١٩٩٨ی حەفتەنامەی (الاتحاد)دا وتارێکی لەسەر مامۆستای ناوبراو نووسیوە. جگە لە دەستخەتی قورئانەکە سوودم لەم وتارەیش وەرگرتووە.


بسم الله الرحمن الرحيم
الم ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى للمتقين
الذين يؤمنون بالغيب ويقيمون الصلوة ومما رزقناهم ينفقون
والذين يؤمنون بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك وبالآخرة
هم يوقنون أولئك على هدى من ربهم وأولئك هم






صدق الله العظيم وصدق رسوله النبي الكريم
ونحن على ذلك من الشاهدين الشاكرين والحمد لله
رب العالمين

ئەم قورئانە لەلای بەڕێز شێخ طاهای دۆڵانی پارێزراوە، بەدەستی خۆی قورئانەکەی بۆ هێنام و، ماوەی ئەوەی دام دوای ئەوەی زیارەتیم کرد، وێنەی بگرم و سوودی لێ وەربگرم.

## قورئانەکەی مامۆستا مەلا مووسای تەوەکەڵیی

## ١٣

یەکێک لەو قورئانە پیرۆزانەی لە کوردستاندا و، لە شوێنەواری مامۆستا و خۆشنووسانی کورد بەخزمەتی گەیشتووم، قورئانەکەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا مووسای تەوەکەڵییە، کە وابزانم - جگە لە قورئانەکەی نگڵ و قورئانەکەی سەرگەت - کۆنترین قورئانی دەستخەتە لە کوردستاندا مابێت و هەواڵی و زانرابێت.

ئەم قورئانە بەهۆی ئەوەوە ناسراوە و ناوبانگی لە ناو خەڵکدا هەیە، لەوە دەچێت زۆری لەسەر نووسرابێت، بەڵام ئەو نووسراوانە پەرتەوازەن و، بەهۆی ئەوەیشەوە دەمەوێ - بەگوێرەی توانا - کورتە مێژوویەکی خۆشنووسانی کورد و، ئەوانەی قورئانی پیرۆزیان نووسیوەتەوە تۆمار بکەم.. دەمەوێ دەستم بەهەرچیدا بگات بەسەریدا نەڕۆم، بۆیە زانیارییەکانی ناو ئەم قورئانە پیرۆزەیش تۆمار دەکەم:

ئەم قورئانە کە دەستخەتی مامۆستا مەلا مووسایە و، خەتەکەی مامناوەندییە، ساڵی ٩٨٣ی ک. لە نووسینەوەی بووەتەوە و، لە کۆتایی و ئەملا و لای قورئانەکەدا گەلێ زانیاریی نووسیوە، تۆمارکردنیان بێ سوود نییە.

یەکەم: دەربارەی لە دایکبوونی خۆی نووسیویەتی لە دەوروبەری ساڵی ٩٥٠دا لە دایک بووە.

لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی تەوەکەڵی سەر بەکوردستانی ئێران بووە، دوایی هاتووەتە گوندی (شابەدین)ی سەر بە(ماوەت).

ساڵی ٩٨١ فاطیمەی کچی شێخ عیسای مارە کردووە، لە بەری ئەم خێزانەی چەند کوڕ و کچی بووە کە ناوی نووسیون لەوانە:

١- ئاسیە ساڵی ٩٨٢ لە دایک بووە.

٢- ئەحمەد ساڵی ٩٨٥ لە دایک بووە.

٣- ئەبو یەزید -بایز- ٩٩١.

٤- یوسف ساڵی ٩٩٤ لە دایک بووە.





٥- یەحیا ساڵی ٩٩٧ لە دایک بووە.

٦- خەدیجە و مەریەم ٩٨٨.

یەکێک لە کچەکانی لە ژیانی خۆیدا مردووە.

مامۆستا مەلا مووسا خۆی ڕشتەی پشتی خۆی ئاوا نووسیوە:

> مووسای کوڕی ئەبو یەزیدی، کوڕی ئەبو یەزیدی، کوڕی عەلی، کوڕی خەسرەوی، کوڕی حەمزەی، کوڕی عەلادینی، کوڕی عەبدولموطەلیبی، کوڕی محەمەدی، کوڕی ئەحمەدی کوڕی حسەینی، کوڕی طاهیری، کوڕی حسەینی، کوڕی عەلی، کوڕی محەمەدی، کوڕی مووسای، کوڕی جەعفەری، کوڕی محەمەدی، کوڕی ئیسماعیلی، کوڕی ئەحمەدی، کوڕی محەمەدی، کوڕی ئەحمەدی، کوڕی محەمەدی، کوڕی قاسمی، کوڕی حەمزەی، کوڕی محەمەدی ناسراو بە (پیر خضری شاهۆ).

دەڵێ ئەو دوایشی وەک لە شەجەرەکەدایە.

مامۆستا عەبدوڕەقیب یوسف دەڵێ: دوان لە نەوەی مەلا مووسا کە شێخ صەدیق و شێخ جەمیلی ئامۆزایمن هان دا بۆ ئەوەی وێنەی شەجەرەکەیان بگرنەوە، ئەوانیش شەجەرەکەیان لە تەکما هێنا بۆ سلێمانیی (١١) دانەمان لەبەر گرتەوە، دانەیەکیان لە کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانیدا پارێزراوە.
















مامۆستا هاوچەرخی مامۆستا مەلا نەبی بارێ بووە، کە تەقویمی فەلەکیی ساڵانەی لەسەر کێوەکەی بەرانبەر گوندی (بارێی بچووک) داناوە.

هەندێکیش دەڵێن: مامۆستا مەلا مووسا فەقێی مەلا نەبی بووە.

مامۆستا مەلا مووسا مزگەوتێکی لە گوندی شابەدین دروست کردووە.

مزگەوتەکەی مابوو تا ڕژێمی بەعس لەتەک مزگەوت و گوندەکاندا وێرانی کرد!

مامۆستا مەلا مووسا – وەک دوای خۆی لە لاپەڕەیەکی قورئانەکەیدا نووسراوە – ساڵی ١٠٢٧ی ک. کۆچی دوایی کردووە.

هەروەها لە قورئانێکی دەستخەتی دیشدا کە لە (د.ع)دا بەژمارە (١٥٦٤٩) پارێزراوە هەمان زانیاریی نووسراوە(١).

## قورئانە دەستخەتەکەی مامۆستا شێخ خالیدی دارۆغا

١٤

لە کۆتایی ئەم قورئانەوە نووسراوە:

«قد تم الجلد السابع من مصحف الشريف والختمة اللطيف في شهر سفر المظفر على يد حقير الفقير المحتاج الى عفو الملك القدير عبدالرحيم الموصلي اصلا، والشافعي مذهبا، والقادري طريقة، والنقشبندي مشربا غفرالله لكتابه ولقاريه آمين. سنة ١٢٩٠»

ئەم قورئانە بەخەتێکی نوسخی جوان بەمەرەکەبی ڕەش نووسراوەتەوە، سەرەتای سوورەتەکان بەمەرەکەبی سوورە، نەخراوەتە چوارچێوە، زەرکەفتکاریی نەکراوە.

قەوارەی گەورەیە، پێوانەی (٢٩×١٩)یە، لاپەڕەی ١٣ دێڕی تێدایە. کەوتووەتە ئاوەوە، بەڵام نەکوژاوەتەوە.

ئەم قورئانە بۆ مامۆستا شێخ حەسەنی کوڕی ئەحمەدی سردی لە ساداتی شێخانی عەودالان نووسراوەتەوە. ئەم مامۆستا شێخ حەسەنە باپیری مامۆستا شێخ خالیدی دارۆغایە.

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی پێنجەم. ل: ٥٣.


بسم الله الرحمن الرحيم
الم ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى للمتقين
الذين يؤمنون بالغيب ويقيمون الصلوة
ومما رزقناهم ينفقون والذين يؤمنون
بما انزل اليك وما انزل من قبلك وبالآخرة
هم يوقنون






اللهم له ولوالديه ولمجاوره وسكان
على خيلاف سمايهم كافة عامة مولانا رب
العالمين اللهم ومن بعد ذلك الى ارواح جميع المسلمين
والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات الاحياء منهم والاموات
من اهل السنة والجماعات جمع الله بيننا وبينهم في روضات
الجنات في اعلى الدرجات انك مجيب الدعوات ربنا تقبل
منا انك انت السميع العليم وتب علينا انك انت التواب
الرحيم سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام
على المرسلين والحمد لله
رب العالمين

## قورئانی دەستخەتی ئاغا سەید محەمەدی چۆڕ

١٥

لەڕێگەی برای خۆشەویستم کاک عیرفانەوە بەخزمەت قورئانێکی دەستخەت گەیشتم کە کۆتایی و سەرەتای نەماوە. لە سەرەتاوە سوورەتی (الفاتحە)ی کەوتووە، لە کۆتاییشیەوە دوای سوورەتی (الفیل)ی نەماوە، دیارە جگە لەو چەند سوورەتە، ئەگەر کۆتایی و دۆعای (ختم القرآن) و شتی دیشی تێدا بووبێت هەموویان تێداچوون و، نازانین کێ نووسیویەتیەوە.

بەڵام کاک عیرفان دەڵێ: قورئانەکە دەستخەتی ئاغا سەید محەمەدی کوڕی مامۆستا سەید حەسەنی چۆڕییە و، ئاغا عەطای کوڕی وەک یادگار پێشکەشی کاک عیرفانی کردووە.

ئەم قورئانە بەخەتێکی – تائەندازێک – خۆشی نوسخ نووسراوەتەوە، زەڕکەفتکاریی نەکراوە، هونەری چوارچێوەکاریی و نەخشاندنی تێدا نییە.

## قورئانەکەی محەمەدی مامۆیی

١٦

ئەم قورئانە یەکێکە لەو قورئانە دەستخەتانەی لای مامۆستایەک بەخزمەتی گەیشتم. قورئانەکە لە هەردوو لاوە تەواوە، بەخەتێکی نوسخی مام ناوەندیی نووسراوەتەوە. ناوی سوورەتەکان و ژمارەی جزمەکانی بەمەرەکەبی سوور نووسراوە ،ژمارەی ئایەتەکان نەنووسراوە، خاڵی سوور لە شوێنیان دانراوە، لەسەر شێوەی (آیة الکنار) نووسراوەتەوە تەواوە.

ناوی نووسەرەوەکەی کوژێنراوەتەوە، تەنها ناوی محەمەدێک ماوە و، لە کۆتایی ناوەکەوە شتێک ماوە، وەک (مامۆیی) دەخوێنرێتەوە.

مێژووی حەوتی (جمادي الآخر)ی ساڵی ١٢٣٣ی پێوەیە.

دیارە قورئانەکە دەستاودەستی زۆری کردووە و، گەلێ کەس ناو و مێژووی لە دایکبوونی منداڵیان لە سەرەتا و کۆتایی دەستخەتەکەوە نووسیوە، یەکێک لەوانە کە دوایی ناوی خۆی نووسیوە مێژووی لە دایکبونی محەمەد ئەمینی کوڕی نووسیووە و، لە دوایەوە نووسیوبەتی محێدینی کوڕی شێخ عەبدوڵڵا.





بۆ ئەم قورئانە لەوانەی کە سەرچاوەی دیاریان نییە و خاوەنەکانیان نەیانویست ناویان بەرم ژمارە -١- م دانا.

هەوڵ دەدەم وێنەی لاپەڕەی کۆتاییبیان بخەمە بەرچاو.

## قورئانەکەی شێخ ڕەزای دێلێژە

١٧

برای خۆشەویست شێخ بابا ڕەسوولی دێلێژەیی بۆی گێڕامەوە:

ساڵی ١٩٨٨ پێش ئەنفال لە کتێبخانەکەیاندا چەند شتێکی نایابی دەرهێناوە و شاردوونیەوە، لە ناویاندا قورئانێکی دەستخەت و دەلائیلێکی دەستخەت بووە. دوای تالانکردن و ئەنفال بەدزییەوە گەڕاوەتەوە بۆ دێلێژە بۆ زانینی هەواڵی قورئان و دەلائیلەکە، وتی: هەر لە دوورەوە بەرگی دەلائیلەکەم بینی زانیم کە ئەو شتانەیان دۆزیوەتەوە و، هەر لەوێوە دەستم کرد بەگریان.

شێخ بابا ڕەسووڵ دەڵێ: قورئانەکە دەستخەتێکی نایابی زۆر جوان و زەڕکەفتکراو بوو ساڵی ١١٨٠ نووسرابووەوە، ئیتر دوای ئەوە هەواڵم دەربارەی دەست نەکەوت.

هەروەها شێخ بابا ڕەسووڵ گوتی: ناوی نووسەرەوەی قورئانەکە مەلا عەبدولقادری کونەکۆتریی بوو، لەتەک دەلائیلەکەدا بەیەکەوە نووسیبوونیەوە.

٢٠٠٥/١٢/١٥

## قورئانی فارس ئاغای زێباریی:

١٨

دەستخەتی (د،ع ١٧ ١٠٨) قورئانێکی دەستخەتی نایابە و، لە سەرەتاوە کەمێکی تێداچووە، لە سووچێکی دوا لاپەڕەیدا نووسراوە: قورئانی فارس ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی فەیرۆز بەگ بووە.

بەپێی نووسینی سولەیمان عەزیز سولەیمان – کە ئەو قورئانەکەی بردووە بۆ (د.ع) – ئەو فارس ئاغا سەرۆکی هۆزی زێباریی بووە.

ئەم زانیارییانەم زوو تۆمار کردووە و، ئێستە دەستخەتی قورئانەکە دوورە و نەگونجا جارێکی دی ببینم و وێنەی چەند لاپەڕەیەکی بخەمە ڕوو.

## مامۆستا محەمەد طاهیری کوردیی(*)

**١٩**

**(١٣٢١ - ١٤٠٠ك = ١٩٠٠ - ١٩٨٠ز)**



کەم کەسمان هەیە کە سەر و ساختەیەکی لە تەک خۆشنووسیدا هەبێت و، هەواڵی خۆشنووسانی بیستبێت و ناوی مامۆستا محەمەد طاهیری کوردیی خۆشنووسی شاری مەککەی پیرۆزی بەگوێدا نەدرابێت.

بەڵێ ئەم مامۆستا لە دوو ڕووەوە زانا و خەتخۆشێکی کەم وێنەیە:

یەکەم: خەتخۆشێک بووە چۆن ویستبێتی و بەدڵیدا هاتبێت قەڵەمەکەی وەهای نووسیوە و، شوێنەواری وەهای لێ بەجێ ماوە نیشانەی ئەوەن خۆشنووسێکی بێ هاوتا یان کەمتا بووە.

دووەم: لەتەک خەتخۆشییەکەیدا بایەخێکی باشیشی بەمێژووی خەت و قەڵەم داوە و، کتێبە شاکارەکەی کە (تأریخ الخط العربی)یەیە کە سەرچاوەی بابەتی خۆیەتی و، دەست پێشخەرییەکە پێش ئەو وێنەی نابینرێت.

جا ئایا کورد تەنها ئەم پیاوەی لەم بوارەدا هەبووە؟ بێ دوودڵی و تێڕامان دەتوانم بڵێم: نەخەیر. بەڵام تەنها ئەم خەتخۆشەمان لەم بوارەدا بۆی لواوە لە کوردستان دەربچێت و بەهۆی ئەو شوێنە پیرۆزەوە، کە ڕێی تێی کەوتووە، بتوانێ خۆی و هونەرە باڵاکەی بەجیهان بناسێنێت و، سەروەریی و نەمریی بۆ خۆی بەدەست بهێنێت.

(*) لە ژمارە (٧٦)ی پەیامی ڕاستیدا بڵاوبوەتەوە.





لەم باسەدا کە لێرەدا دەیبینی بەهەوڵێکی تاکە کەسیی، لە سنوورێکی تەسکدا، لە ماوەیەکی زۆردا نا، ناو و بەرهەمی چەندین خۆشنووسی کورد دەخوێنیتەوە و دەبینی، ناڵێم هەر یەکەیان مامۆستا شێخ طاهیرێک بوون بۆ خۆیان، بەڵام گومان لەوەدانییە کە چەند بلیمەتی وایان تێدا بووە، ئەگەر ئەو بار و دۆخەی بۆ مامۆستا شێخ طاهیر گونجاوە بۆ ئەمانیش بگونجایەت، ئەگەر لەو پێشنەکەوتایەن لە دواوەی نەدەبوون، بەڵام وڵاتی چەپەک و دوور لە جیهانی ئاوەدانیی کوردستان ناو و شۆرەت و شوێنەواریانی کوێرکردووەتەوە و، وەک هەر نەبووبن وایە.

مامۆستا شێخ محەمەد طاهیر وەک خۆی ئەستێرەیەکی دیار و ناسراوی ناو ئاسمانی خەتخۆشانی جیهانە، لە دڵ و پرۆژەی منیشدا جێگەی تایبەتی هەبووە و حەزم کردووە شتێکی باشی بۆ بکەم و زیاتر بەگەلی کوردی بناسێنم، هەر لەبەر ئەمەیش بووە لە بەرگی یەکەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا لە ناو ئەو چەند وێنە دەگمەنەدا بڵاوم کردوونەتەوە یەکێکیان مامۆستا محەمەد طاهیری کوردیی بوو.

زیاد لەمە حەزم دەکرد بە شتێک خزمەتی بکەم کە لە سەرچاوەکانی چاپدا ناوی نەهاتبێت، بەڵام شتێکی ئەوتۆم نەدی، جگە لە هەندێک نامە و پێوەندیی کە لە تەک خواڵێخۆشبوو مامۆستا (کاظم المشایخی)دا بوویەتی و پێوەندییەکیشی کە لە ڕووی دیاریی و نامەیەوە لەتەک (دار العراق)دا بوویەتی.



محمد طاهر الكردي

عضو اللجنة التنفيذية لتوسعة وعمارة المسجد الحرام

بمكة المكرمة

بسم الله الرحمن الرحيم

حضرة الأخ العزيز السيد كاظم السيد احمد أمين مكتبة الكاظمية العامة ببغداد

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته وبعد تشرفت بخطابكم الكريم وحمدت الله تعالى على رجوعكم بالسلامة والفرح بعد الحج المبرور والسعي المشكور وأسأل الله تعالى أن لا يجعله آخر العهد بكم وأن يسهل لكم الأسباب حتى تأتوا الى هذه البلاد المقدسة مراراً وتكراراً ونجتمع بكم على أسر الأحوال، وشكراً لكم على حسن ظنكم بي مع أني في غاية الخجل منكم لعدم قيامي بالواجب نحوكم وتقصيري العظيم في خدمتكم ونحن في أيام الحج يحصل منا تقصير كبير نحو أحبابنا الحجاج وذلك لضيق الوقت وكثرة الحجاج وازدحام الناس خصوصاً إذا كان الإنسان مريضاً كما رأيتموني فأرجو كثيراً عفوكم وسماحكم كما أرجو دعاءكم في كل وقت ولكم مني مثل ذلك عند بيت الله الحرام والمشاعر العظام — أما صحتي في تقدم مستمر ولله الحمد فهي أحسن من أيام الحج السابقة ونظري أحسن من الأول لكن لا أقدر على الخروج من البيت ولا على القراءة والكتابة والأمل في الله عز وجل عظيم وإن شاء الله تعالى [illegible] أرجو الله تعالى أن لا يريكم مكروهاً وأني شاكر لكم على إرسال مجلة التربية وأرجو أن لا تكلفوا نفسكم بإرسالها اللهم إن كان فيها بعض البحوث القيمة.

هذا ومن حسن الحظ ان [illegible] اليوم بعد وصول خطابكم الكريم بساعة واحدة شيء قليل من بعض مؤلفاتي فأرسلت لكم بالبريد المسجل وللأستاذ وليد الأعظمي شيئاً منها وأرجو قبوله لبعض الأشياء وأخبارنا بوصوله.

وأرجو لتبليغ تحياتي لجميع رفقائكم ولا أخص الأستاذ وليد الأعظمي ومن عندنا يهديكم عاطر تحياته ولدنا عبد الرحمن طاهر الكردي والسلام

المخلص

محمد طاهر الكردي

١٢ صفر ١٣٨٤ هـ





لەپێشدا پوختەی ئەوەی لە سەرچاوەکاندا لەسەری نووسراوە دەگوێزمەوە ئێرە و دواییش باسی ئەو شتانەی دی دەکەم:

د. محەمەد عەلی سویرکیی دەربارەی نووسیویەتی[1]:

محەمەد طاهیری کوڕی عەبدولقادری کوردیی. خۆشنووس و، لێکۆڵەرەوە بووە، زانا و ڕۆشنبیر و مامۆستای ناوداری وڵاتی عەرەبیی سعوودیی بووە. تەمەنی لاویی لە پەروەردەدا لە وڵاتی عەرەبیی سعوودیدا بەسەر بردووە.

لە شاری مەککەی پیرۆز لە دایک بووە. لە مەدرەسەی خەتخۆشیی عەرەبیی شاهانە لە قاهیرە دەرچووە. ساڵی ١٩٢٩ لە دادگای شەرعیی باڵای شاری مەککەدا کاری کردووە. دواتر چووەتە شاری جیددە و لە مەدرەسەی (الفلاح)دا چوار ساڵ مامۆستای خەتی عەرەبیی بووە. چووە بۆ قاهیرە بۆ چاپکردنی هەندێک لە دانراوەکانی. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ سعوودیە و لە چەند شوێندا مامۆستا و ڕاوێژکار بووە.

بەشداریی کردووە لە دانانی بەردی بناغەی تەعمیر کردنەوەی کەعبەی پیرۆزدا و، سەرپەرشتیشی کردووە.

لە دوا دوایی ژیانیدا بینایی زیانی هێنا، بەو بۆنەوە دەستی لە کاری میریی هەڵگرت و، سەرپەرشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی دانراوەکانی خۆی کرد.

بەخەتی نوسخی جوان (المصحف المکی) نووسییەوە.

نزیکی (٤٣) دانراوی هەیە، لەوانە:

١- التأريخ القويم لمكة وبيت الله الكريم. شەش بەرگە، چواریان چاپ کراوە.

٢- حسن الدعابة فيما ورد في الخط وادوات الكتابة.

٣- تأريخ الخط العربي وآدابه.

٤- مجموعة الحرمين، في تعليم الخط النسخ.

٥- مجموعة الحرمين في تعليم الخط الرقعة.

٦- تبرک الصحابة بآثار رسول الله -ص- وبيان فضله العظيم.

٧- تحفة الحرمين في بدائع الخطوط العربية.

(١) بڕوانە: معجم اعلام الكرد فی التأريخ الاسلامی والعصر الحديث فی کردستان وخارجها. تأليف الدكتور محمد علی الصويركی. بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦. لاپەڕە (٦٥٦).

٨- أدبيات الشاى والقهوة والدخان.

٩- رسالة النسب الطاهر الشريف.

١٠- ارشاد الزمرة لمناسك الحج والعمرة.

١١- بدائع الشعر ولطائف الفن.

١٢- تحفة العباد في حقوق الزوجين والوالدين والأولاد.

١٣- دعاء عرفة

١٤- مقام ابراهيم - عليه السلام -

١٥- الادعية المختارة.

١٦- التفسير المكى. ٤مج.

١٧- زهرة التفاسير.

١٨- تأريخ القرآن وغرائب رسمه وحكمه.

١٩- حفظ التنزيل من التغيير والتبديل.

٢٠- الاحاديث النبوية في الاداب الدينية والتربية الاسلامية.

٢١- الشوق والرغبة في معرفة ما حصل في الكعبة، في العهد السعودي.

٢٢- كتاب عيش الرسول -ص- واصحابه الكرام.

٢٣- رسالة في انتقال رسول الله -ص- الى الرفيق الاعلى.

٢٤- استحالة الاقامة في القمر والكواكب.

٢٥- تعليق مختصر على تأريخ مكة القطبية.

٢٦- نفحة الحرمين في تعليم خط النسخ والثلث.

٢٧- لوحات في الخطوط العربية.

٢٨- لوحة فنية جميلة فيها صور الكعبة المشرفة لأشهر بناياتها.

٢٩- رسالة في الدفاع عن الكتابة العربية في الحروف والحركات.

٣٠- الهندسة المدرسية (كان مقررا في مدارس السعودية)

ئەمانە یەک جار و چەند جار چاپ کراون. ئەمانەی خوارەوەیش چاپ نەکراون:

١- مختصر المصباح والمختار في اللغة.

٢- الموعظة الحسنة في عدم اليأس وفي الصبر والتفويض.





٣- المقارن بين خط المصحف العثماني واصطلاحنا في الإملاء.

٤- تراجم من لهم قوة الحافظة.

٥- عجائب ماوراه التأريخ.

٦- المحفوظات الأدبية المختارة.

٧- منظومة في التعاريف الفقهية.

٨- حسن البساط في ديوان محمد طاهر الكردي الخطاط.

٩- البحث والتحقيق في معرفة معنى الصديق.

وەک دەبینی ئەم مامۆستایش وەک گەلێ لە مامۆستایانی دیکەی کورد تەنها خۆشنووس نەبووە، بەڵکو زانایەکی مەزنی وایش بووە لە فرە لایەندا دانراوی بووە و، پەلی بۆ بابەتە جۆرا و جۆرەکان کوتاوە.

ئەوەی ئەم مامۆستا لە مامۆستاکانی دیکەی کورد جیادەکاتەوە ئەوەیە کە دانراوەکانی پارێزراون و بەشی زۆریشیان چاپ کراون، دیارە ئەمەیش هۆی ئەوەیە کە مامۆستا محەمەد طاهیر لە شوێنێکی وەک شاری مەککەی پیرۆزدا لەنگەری گرتووە و، لە کوردستاندا نەبووە.

بەڵام بێگومان هێشتا ئەمانە تەواوی بەرهەمی ئەم مامۆستا هونەرمەند و بلیمەتە نەبووە؛ چونکە هونەری هەرە نایاب و بێ وێنەی هەبووە، کە کەم کەس توانیویەتی لەو هونەرەدا شان لە شانی بدات، کەچیی بەرهەمی ئەو هونەرەی لە ناو ئەم دانراوانەیدا نابینرێت. من نموونەی ئەو بەرهەمەیم لە ناو شتە نایابەکانی (د.ع)دا بینیوە کە خۆی لە تەک نامەی دەستخەتی خۆیدا بەدیاریی بۆ ئەو شوێنەی ناردووە، ئەو بەرهەمە بریتییە لە دوو دەنک برنج لەسەر یەکێکیان سوورەتی (الاخلاص) و لەسەر ئەوەکەیان سوورەتی (قریش)ی بەتەواویی نووسیوە و، هەردووکیان لە دەزگای ناوبراودا لەناو دوو قوتووی شووشەی تایبەتیی گەورەکەر (مكبرة)دا پارێزراون.

ئەم مامۆستا وەک مامۆستا کاظم مەشایخیی لەسەری نووسیوە:(١)

ئەوەی پێشتر نووسیم ئەو زانیارییانە بوو کە د. محەمەد عەلی سوێرکیی لە چەند سەرچاوە وەری گرتبوون. بەڵام وەک گوتم خوالێخۆشبوو (كاظم المشايخى) لە نزیکەوە

(١) باسەکەی مامۆستا (كاظم المشايخى) و چەند نامەی مامۆستا (محمد طاهر)م بە خەتی خۆیان لەلایە.

مامۆستا محەمەد طاهیری ناسیوە و پێوەندیی گەرم لە نێوانیاندا بووە و، لەو ڕێگەوە مامۆستا کاظم ژینامەیەکی بۆ مامۆستا محەمەد طاهیر نووسیوە، گەلێ زانیاریی و، چەند جیاوازییەکیشی لەتەک نووسراوەکەی سوێرکیدا هەیە، بۆیە لێرەدا پوختەی نووسراوەکەی مامۆستا کاظمیش دەنووسم:

ژیانی:

محەمەد طاهیر لە شاری ئەربیل لە باوک و دایکێکی کورد لە دایک بووە، ساڵی ١٣٢٠ لەتەک باوکیدا چووە بۆ شاری مەککە بۆ حەجی ماڵی خودا و خوێندن و مانەوە لەوێ.

خوێندنی:

لە مەدرەسەی فەلاح لە شاری مەککە خوێندوویەتی، ساڵی ١٣٤٠ چووە بۆ میسر بۆ خوێندن لە (الازهر)و، ساڵی ١٣٤١ لە سەرەتای کردنەوەی (مدرسة تحسين الخطوط العربية)دا چووەتە ئەو مەدرەسە و، پێش ئەوەی بچێت بۆ میسر بەهیچ شێوەیەک بەتەمای ئەوە نەبووە ببێ بەخۆشنووس، بەڵام لەوێ کە چووەتە ئەو مەدرەسەیە فێری خەتەکانی (الثلث، النسخ، الرقعە، جلي الثلث) لە محەمەد ئەفەندیی ئیبراهیمی میسریی ناسراو بە ئەفەندیی، بوو.

هەروەها خەتی فارسیی و دیوانیی و زەخرەفە و وێنە لە محەمەد عەبدولعەزیزی ڕیفاعیی تورکییەوە فێربوو.

ساڵی ١٣٤٥ لەو قوتابخانە دەرچوو، دوای ئەوەی شەهادەی دیبلۆمی لە خەتدا وەرگرت. دوای ئەوە لە هەمان مەدرەسەدا دوو ساڵ مایەوە بۆ فێربوونی زەڕکەفتکاریی و، ساڵی ١٣٤٨ گەڕایەوە بۆ حیجاز و لە دادگای گەورەی شەرعیدا بوو بەفەرمانبەر. دوای ئەوە مەدرەسەی فەلاح داوایان کرد و سەرەتای ساڵی ١٣٤٩ لەو مەدرەسەدا بوو بەمامۆستای خەت و چوارساڵ لەو مەدرەسەیەدا مامۆستا بوو، لەو ماوەدا حەوت نامیلکەی فێرکردنی خەتی دانا.

لای چەند مامۆستای خەت خوێندوویەتی. ئیجازەی خەتیشی داوە بە:

١- محەمەد مەرزووق لە ئەسکەندەرییە.

٢- محەمەد عەلی حەمجووم لە جیددە.

٣- وەلیدلئەعزەمی لە عێراق.





مامۆستا شێخ محەمەد طاهیر جگە لەوەی کە خۆشنووس بووە لە خۆشنووسییەکەیدا دەتوانین بڵێین (وردنووس) بووە و ئەوەی ئەو بەکاری هێناوە یان بێ وێنەیە، یان زۆر کەم وێنەیە، بەداخەوە نموونەی ئەو هونەرەی باش نەپارێزراوە و، لەو مێژووەیدا ئێمە دیومانە باسی ئەو نموونە نایابانە ناخوێنینەوە. مامۆستا کاظم خوا لێی خۆش بێت باسی چەند نموونەیەکی بۆ کردووین، لەوانە:

١- لەسەر دەنکە برنجێ نووسیویە:

دخل الدنيا اناس قبلنا    وجلوا عنها وخلوها لنا
ودخلناها كما قد دخلوا    ونخليها لقوم بعدنا

٢- ساڵی ١٣٦٦ لەسەر دەنکە برنجێ نووسیویە:

ما الدهر الا ليلة ويوم    ويقظة بينهما ونوم
يموت قوم ويعيش قوم    والدهر قاض ما عليه لوم

٣- لەسەر دەنکە گەنمێک نووسیویە:

قل لمن ابصر حالا منكره    ورای فی دهره ما حيره:
ليس بالمنكر ما ابصرته    ان من عاش يری مالم يره

٤- هەروەها ساڵی ١٣٦٦ لەسەر دەنکە گەنمێک نووسیویە:

وللخير اهل يعرفون بهديهم    اذا اجتمعت عند الخطوب المجامع
وللشر اهل يعرفون بشكلهم    تشير إليهم بالفجور الاصابع

ئەم چوار دەنکە گەنم و برنجە لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا پارێزراون.

مامۆستا محەمەد طاهیر هەرچەند گەلێ دانراوی لە بواری جۆرا و جۆری ئایینیدا هەیە، قورسایی کاری خستووەتە سەرباری خەت و مێژووی خەت و خەتخۆشان. بۆ ئەم مەبەستە ساڵی ١٣٥٣ چووەتەوە بۆ میسر و ساڵێک لە (قاهیرە) و ساڵێک لە (ئەسکەندەریە) ماوەتەوە و، لەو ماوەدا کۆششێکی زۆری کردووە و گەلێ کاری ئەنجام داوە لەوانە:

حەوت نامیلکەی فێرکردنی خەتی چاپ کردووە.

کتێبی (تحفة العباد في حقوق الزوجين والوالدين والاولاد)ی لەگەڵ زیادەدا چاپی دووەم کردووەتەوە.

کاری کردووە بۆ دانانی کتێبە گەورە بەناوبانگەکەی (تأريخ الخط العربي وآدابه)و سێ ساڵ خەریکی بووە.

چەند کتێبی دیکەی داناوە.

شێوەیەکی خەتی تایبەتی داهێناوە.

هەروەها تابلۆیەکی نایابی داهێناوە، جۆرەکانی خەتی عەرەبیی لە شێوەیەکی هەندەسیی زۆر نایابدا تیاگونجاندووە و ناوی ناوە (تحفة الحرمين في بدائع الخط العربي).

قورئانە دەستخەتەکەی کە ساڵی ١٣٥٨ نووسیویەتیەوە یەکەم قورئانە کە لە مەککەدا چاپ کراوە.

یەکێکی دی لە کارە نایابەکانی نەخشەی وڵاتە عەرەبییەکانە کە لە قاڵبێکی بچووکدا کە لە پوولێکی بەرید زیاتر نییە کێشاویەتی.

ژنهێنانی:

بەبۆنەی ئەوەوە ماوەیەکی زۆر سەرگەرمی خوێندن و گەڕان بەدوای نووسین و دانانی کتێبدا بووە، ژنهێنانی دواکەوتووە. درەنگانێک ژنێکی میصریی هێناوە، سێ کچ و عەبدوڕەحمانی کوڕی لێی بووە.

کار و فرمانەکانی:

چەند کار و بارێکی میریی لە سعوودیە بینیوە، لەوانە:

١- فەرمانبەر لە دادگای شەرعیی باڵای مەککەدا.

٢- مامۆستای قوتابخانەی فەلاح لە جیددە.

٣- بەڕێوەبەری قوتابخانەی (الآلة الكاتبة)

٤- ئەندام لە لیژنەی چاککردنەوە و گەورە و فراوانکردنی (المسجد الحرام)دا.

لەو ماوەدا بەهۆی ڕەخنەگرتنی لە هەندێ کار و بارەوە سێ جار داوای دەست لە کارکێشانەوەی کردووە، تا دواجار داواکەی قبووڵ کراوە.





**قورئانێکی بچووک:**

جگە لەوەی -وەک گوتم- دەیان قورئانی دەستخەت هەن نووسەرەوەکانیان دوای لێبوونەوەیان لە نووسینەوەی هیچیان دەربارەی خۆیان و مێژووی نووسینەوەی نەنووسیوە، دەیان و زیاتریش قورئانی دەستخەتی وا هەیە سەرەتاکەیان، یان کۆتاییەکەیان، یان هەردوو لایان تێداچووە و لەوانەیە کاتی خۆی پێش تێداچوونی ئەو بەشانە ناوی نووسەرەوە و شوێن و کاتی نووسینەوەیشی زانرابێت، بەڵام بەهۆی ئەو تێداچوونەوە ئەو هەلەمان لە کیس چووبێت کە ناوی نووسەرەوەکەی لە ڕزی ناو زانراوەکاندا بخەینە ڕوو.

هەروەها ئەوانەی کە قورئانیان نووسیوەتەوە گەلێ هونەریان لە نووسینەوەکانیاندا بەکارهێناوە کە ئەگەر وێنە و نموونەی ئەوانەمان لە دەستدا بوایەت ڕوویەکی دیکەی هونەری خۆشنووسی خۆشنووسانی کوردمان دەزانی.

یەکێک لە ڕووی ئەو هونەرانە ئەوەیە کە هەوڵیان داوە لە حەجم و قەوارەی زۆر بچووکدا قورئان بنووسنەوە، بەداخەوە زۆری ئەمانەیش تێداچوون، یەکێک لەو نموونانە قورئانێکی دەستخەتە کە لەلای برای خۆشەویستم عەبدولباسیط شێخ فەتاحی دۆڵانەوە دەستم کەوت کە قەوارەکەی (% × ٨/٥)سم ە، کاتی خۆی بەخەتێکی نوسخی جوان نووسراوەتەوە، چوارچێوە بۆ هەموو لاپەڕەکانی کراوە، ئایەتەکانی بەئەستێرەیەک لەیەک جیاکراونەتەوە کە بەئاوی تەڵا پڕکراوەتەوە. هەروەها سەرەتای سوورەتەکانیش بەئاوی تەڵا نەخشێنراون، نیشانەکانی تەجوید و شوێنی دابەشکردن و سەرەتای جزمەکان بەمەرەکەبی سوور نووسراون.

لە سەرەتاوە لێی لەناو چووە کۆتاییەکەی ماوە، بەڵام ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەی پێوەنییە. ئەوەندە هەیە لە دوا لاپەڕەیدا نووسراوە (الجلد مائة واحدى وخمسون) کە دەکرێ لەمەوە مێژوویەک وەربگیرێت.









# نموونەیەکی دیکە لە بایەخدانی مامۆستایان و رۆشنبیرانی کورد بەشیعری مەلای جزیری

**٤٥٣ (*)**

پێشتر لە وتارگەلێکدا باسی بایەخدانی مامۆستایانمانم بەدیوانی مەلای جزیریی نووسی[1]. بەڵام وا دیارە ئەم بایەخپێدانە گەلێ لەوەی زانیومانە زیاترە و، دوور نییە ئەگەر بەشێکی ئەو هەوڵانە بزانرێت بگەینە ئەوەی بڵێین: مامۆستایانمان ئەو بایەخەیان بەدیوانی مەلای جزیری داوە کە شیاویەتی، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا -وەک دەردەکەوێت- گەلێک لەو هەوڵانە نادیاریی و پێچکەوتوون، ئەگەر هەر بۆ یەکجاریی سەریان تێدا نەچووبێت.

ئەم جارەیش دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەم بایەخپێدانە لە ڕێگەی مامۆستایەکەوە تا ئێستە من بزانم پەی بەهەوڵ و کۆششی لەم ڕووەوە نەبراوە و، ئەوەی کە سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کردووە ئەوەیە ئەم مامۆستا جگە لەوەی زانایەکی پایەبەرزی چەرخی خۆی بووە شاعیریش بووە و، چەند تاکێکیان لە شیعری عەرەبیی تۆمارکردووە[2].

دەتوانین بڵێین: خۆشبەختانە ئەم مامۆستامان یەکێکە لەو مامۆستا کوردانەی کە لە شارە گەورەکاندا ژیاوە و، مامۆستایان لە زانیاریی و بلیمەتیی بەهرەمەند بوون و، پاش کۆچی دوایی ستایشی زۆریان کردووە و، بەتوانا و پلەی زانیارییاندا هەڵداوە.

بەڵام بەداخەوە سەرجەم دەڵێن: دانراوی نەبووە و، دەنووسن: تەنها شوێنەوارێک کە لێی بەجێ ماوە دیوانێکی شیعری عەرەبییە بەناوی (دیوان وصاف الكامل الأوصاف)

---

(*) ئەمە بابەتێکە چەند ساڵە نوسراوە و ئامادە کراوە، دوایی خودا یارمەتیی دام کتێبێکم لەسەر ئەم بابەتە نووسی و بەناوی بایەخدانی میرانی ئامێدیی بەرۆشنبیریی لە دەڤەرەکەیاندا بڵاوبوەوە، ئێستەش ئەم بابەتەم نەگۆڕیی و وەک خۆی هێشتمەوە.

(١) بۆ نموونە بڕوانە بەرگی چوارەمی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. ل: ٣٧٥.

(٢) بڕوانە: گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد بەرگی -٣/٢/١٩٧٥ الشيخ جرجيس الاربلی، سعيد الديوەچی. لەم سەرچاوەوە دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ سەرچاوەکانی دیکەیش.





کە کۆی کردووەتەوە و شیعری گەلێ کەسی تێدایە و، لەوانەیە بەشێکیشی شیعری خۆی بێت، ئیتر باس لە بەرهەم و دانراوی نەکراوە و، دیارە ئەمیش -بەتایبەتی کە خێزان و منداڵیشی نەبووە- دوای خۆی خەمخۆری نەبووە و، کتێبخانە و پاشماوە و شوێنەوارەکانی تێدا چوون، بەڵگەیش ئەم باس و بەرهەمەیەتی کە لێرەدا بۆ یەکەم جار لە دەرگای دەدرێت.

ئەم باسە جگە لەوەی بایەخدانی گەورەی میران و مامۆستا و زانایانی کورد بەدیوان و شیعری مەلا جزیری دەردەخات، ئاسۆی ئەوەیش دەکاتەوە کە بکەوینە پرسیار لەسەر بەرهەمی ئەم مامۆستا و، بیرمان بۆ ئەوەیش بچێت بەرهەمی کوردیشی بووبێت و، هیوابڕاویش نەبین لەوەی لەملا لاوە سەروسۆراغی شتێ بکرێت، ئێستە جارێ بەو هیواوە شتێکی کورت لەسەر ژیانی مامۆستا بەکوردیی دەنووسین و، دوای ئەوە دەقی دیباجە و پێشەکی شەرحی قەسیدەکەی مەلای جزیریی کە مامۆستامان بەفارسیی شەرحی کردووە دەخەینە ڕوو.

وەک گوتم ئەم مامۆستامان بەزمانی عەرەبی گەلێکی لەسەر نووسراوە و، لە فرە سەرچاوەدا -کەم تا زۆر- ئاماژە بۆ ژیان و ڕێز و پلەوپایەی زانیاریی کراوە، بەڵام مامۆستا سەعید دەیوەچی -کاری ڕاست بێت و خودا پاداشی چاکی بداتەوە- پوختەی ئەو زانیارییانە و زانیاریگەلێکی دیکەیش کە خۆی کۆی کردوونەتەوە، کردووە بە باسێکی تێروتەسەل و، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردی ژمارە (٣-٢)دا بەناونیشانی(الشيخ جرجيس الاربلی) بڵاوی کردووەتەوە و، ئەم باسە تەسەلترین نووسراوە دەربارەی ئەم مامۆستا و ژیانی نووسرا بێت کە ئەمە پوختەکەیەتی بەکوردیی:

شاری موسڵ لە سەدەی دوازدەی کۆچیدا یەکێک بووە لەو شارە گەورانە کە بایەخی زۆری تێدا بەزانیاریی دراوە و، خێرۆمەندان مەدرەسە و مزگەوتیان تێدا دروست کردووە و، زانا و مامۆستای باشیان لە شوێنانی دیکەوە بۆ هێناوە کە دەرسیان تێدا بڵێنەوە، یەکێک لە مامۆستایانی ناوداری ئەو چەرخە مامۆستا مەلا جەرجیسی کوڕی محەمەدی ئەربیلیی ڕەشادیی بووە، کە بۆ ئەم کارە هەڵبژێراوە و هێنراوە بۆ موسڵ.

ئەم مامۆستا... لای مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای ئەسعەمی بەناوبانگ بەئەسکەندەریی و، لای مامۆستا مەلا فەتحوڵڵای کوڕی مەلا ئیبراهیمی حەیدەریی و، دواتریش لای مامۆستا صیبغەتوڵڵای حەیدەریی خوێندنی تەواوکردووە و، هەر لەلای ئەویش ئیجازەی زانیارییەکانی وەرگرتووە.

مامۆستا مەلا جەرجیس مامۆستایەکی خوداناسی ڕاست و دنیا نەویست و خۆ بۆ ئایین و خزمەتی زانیاریی تەرخانکردووە بووە. بۆ ئەم مەبەستەیش گەلێ جێگە گەڕاوە و، حەجی ماڵی خودای کردووە و، دوایی هاتووەتەوە ئەربیل و، لەوێ سەرگەرمی دەرسوتنەوە و زانیاریی بڵاوکردنەوە بووە، ساڵی ١١٨٠ چووەتە موسڵ و ماوەیەک لەوێ دەرسی گوتووەتەوە و مامۆستای پێگەیاندووە دوایی هاتووەتەوە ئەربیل و پاش ماوەیەک لەوێوە ڕووی کردووەتە بەغدا و، لەوێ ڕێبازی نەقشبەندیی وەرگرتووە و، گەڕاوەتەوە بۆ ئەربیل و، دوایی – منیش م، ع، ق دەڵێم:- ساڵی ١١٨٥ چووە بۆ عیمادییە و – وەک لەمەولا دەیخوێنیتەوە – گەلێ جێگە گەڕاوە و، ئەم دانراوەیشی کە باسی دەکەین لەو سەفەرەیدا داناوە – چووە بۆ عەقرە و خەڵکی ئەوێ تەریقەت و زانیارییان لێ وەرگرتووە.

کە لە ساڵی ١١٨٦دا شێخ مووسای حەددادیی زانای بەناوبانگی شاری موسڵ بەچاوەقووڵە کۆچی دوایی دەکات، سولەیمان پاشای جەلیلی ویستوویەتی شوێنەکەی پڕ بکاتەوە و، بۆ ئەم مەبەستەیش لە مامۆستا مەلا جەرجیس باشتری دەست نەکەوتووە، بۆیە ناردوویەتی بەشوێنیدا و لە عەقرەوە هێناویە بۆ موسڵ و، شوێنی مامۆستای کۆچکردووی پێ پڕ کردووەتەوە و، مامۆستامان بووە بەجێگەی سوود و مایەی پێگەیاندنی مامۆستایان و، کە لە ساڵی ١٢٠٣دا محەمەد ئەمینی خەتیبی عومەریی پێگەیشتووی بەردەستی مامۆستا مەلا جەرجیس خۆی کۆچی دوایی کردووە، دەرسوتنەوەی شوێنەکەی ئەویش لە مەدرەسەی محەمەد پاشای جەلیلیدا بەم سپێرراوە و، بەم جۆرە زۆری کاتی بەدەرسوتنەوەوە بەسەربردووە و زانایانی پێگەیاندووە، هەر بۆیەشە زنجیرەی ئیجازەی زۆربەی زانایانی مووسڵ و ئەو دەوروبەرە دەگەڕێتەوە سەر مامۆستا مەلا جەرجیس و، لەوێشەوە بۆ زنجیرەی زێڕینی مامۆستایانی حەیدەری.

مامۆستا مەلا جەرجیس –وەک گوتمان– دنیا نەویست بووە و، خۆی بۆ خزمەتی ئایین و زانیاریی تەرخان کردووە و، تەنانەت لەبەر ئەمە خۆی بەدنیاوە نەبەستووە و ژنی نەهێناوە و، خێزانی پێکەوە نەناوە و، بەو خزمەتەی کردوویەتی جگە لە پاداشی لای خودا هیچی نەویستووە و، لەبەر ئەمەیش ڕێبازی صۆفیگەریی ڕاست و بێگەردی بۆ پێگەیاندنی خۆی و خەڵک هەڵبژاردووە و، ڕێبازی قادری لە شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ محەمەدی بەرزنجی وەرگرتووە و، ڕێبازی نەقشبەندیشی لە شێخ ئەحمەد ئەویش لە شێخ ئەحمەدی خانیی وەرگرتووە.

ئەو ئەندازە کەمەیش کە لە شیعری عەرەبیی ئەم مامۆستا بەجێماوە بەڵگەی





تەڕدەستیی و شیعر سواریی و زمانپاراوییەتی و، لەتەک ئەوەیشدا لە گوتن و دەرهێنانی مێژوودا بە (حسابی ئەبجەد) دەستێکی باڵای هەبووە و بەڕستەگەلی ناسک مێژووی جوانی دەرهێناوە.

ئەم مامۆستا بەڕێزە تەمەنێکی پیرۆزی لەسەر ئەم ڕێبازە –ڕێبازی خزمەتی ئایین و پێگەیاندنی زانایان – بەسەر برد، تەنانەت لە دوادوایی ژیانیدا چاوی کز بووبوو و بینایی لە دەست دابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەر لەسەر ڕێبازی خۆی دەڕۆیشت و، لەبەر دەرسی دەگوتەوە، تا لەناکاو لە ڕۆژێ لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٢٠٦دا کە لە ماڵی سولەیمان پاشای جەلیلیدا بوو گیانی پاکی بەخودای پەروەردگار سپاردەوە.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

ئەم دەستخەتە کە لە (دار العراق للمخطوطات)دا بەژمارە (٤٣٨٥٦) پارێزراوە تێکڕا (٢٥٨) لاپەڕەیە.

سەرەتاکەی بەشەرحی قەسیدەی (حدوث)ی مەلای جزیریی دەست پێ دەکات کە مامۆستا مەلا جەرجیسی کوڕی محەمەد ئەفەندیی شەرحی کردووە و، ناوی ناوە (الفتحیة). ئەم شەرحەی لەسەر داوای مامۆستا مەلا ڕەشید ناوێک کردووە کە هاوچەرخی خۆی و کەڵەزانای ئەو سەردەمە بووە. دواییش شەرحەکەی پێشکەشی ئیسماعیل خانی کوڕی ئیبراهیم پاشای میری عیمادییە کردووە.

لە سەرەتاوە دیباجە و پێشەکیی و ڕوونکردنەوەی نووسیوە. ئەمانە هەشت لاپەڕەی دەستخەتەکەیان گرتووەتەوە. دوای ئەوە سەرەتای کتێبی (فەتحییە) دێت و، تا لاپەڕە ٤٢ دەخایەنێت.

دوای ئەوە جارێکی دیکە هەر مامۆستا مەلا جەرجیس ئەو نامیلکەی خۆی کورت کردووەتەوە و لە لاپەڕە ٤٨دا کورتکردنەوەکە تەواو دەبێت. دوای ئەوە مێژووی ساڵی ١٢٣٨ نووسراوە بێ ناوی نووسەرەوە.

دوای ئەوە کۆمەڵێک حیکایەتی لە (عجائب المخلوقات) و سەرچاوەگەلی دیکە وەرگیراو دێت بێ ناوی کەس. ئەم بابەتانەیش لە لاپەڕە ٦٥دا تەواو دەبن.

لە لاپەڕە ٦٦ەوە کەشکۆڵئاسا شیعری زۆری شاعیرانی فارسی لە سلیم و خضری و هادی و خسرو و کمال و فضولی و سعدی و آزر و عراقی و جفایی و شفائی و صائب و فضولی و موشتاق و وحشی و حافظ و خاکی و وفایی و... ئاخنیوە. لە لاپەڕە ١٩٧دا




مۆری میری عیمادییە لەسەر وەقفی کتێبێک بۆ کتێبخانەی قوببەهان







شیوەنێک بۆ زانایەکی حەیدەری لەگەڵ باسی زاخۆ و خاپوور

قەسیدەیەکی درێژی پیر محەمەدی شنۆیی تێدایە و، دواتر جامی و... دوای ئەوانەیش قەسیدەی بوردییە و شەرحی فارسی تێدایە.

## پێشەکی (الفتحیە) دوای وەرگێڕانی بۆ کوردی:

دوای سوپاس و ستایشی خودا و داوای ڕەحمەت بۆ سەر پێغەمبەر و یارانی دەفەرمووێ:

پاش ئەمانە: هەژاری بێچارەی سەرگەرم بەدنیای بێبارە و، داماوی دەستی نەفسی بەد و، لە بێدەسەڵاتیدا ڕازیی بەهەموو پۆخڵەوات و گەندێ، جەرجیسی کوڕی محەمەد خودا لە خۆی و باوک و هەموو برایانی خۆش بێت، دەڵێ: لە مانگی پیرۆزی ذیلحەجەی ساڵی ١١٨٥دا لە چارەی ئەم بێچارە نووسرا کە بچێ بۆ قەڵای عیمادییە کە بارەگای فەرمانڕەواییە و، بەکۆڕی پیرۆزی ئالی عەباس - خودا لە هەموو خراپە و نابارییەک بیانپارێزێ - مەبەست ئیسماعیل خانی کوڕی بارام پاشای نەوەی بەڕێز میر سەیفەدینە خودا لێی خۆش بێت، شەرەفیاب و سەرفراز بووم. بەگەڵێ بەخشندەیی و چاکە و میهرەبانی ئەو سەربەرز بووم و، لەگەڵ کۆمەڵی پیاوچاکان و زانایانی ئەو شوێنەدا گفتوگۆ و هاوڕێتیی و ناسیاویی و خۆشەویستی پەیدابوو و، لە ڕێز و پلەیان بەهرەمەند بووم، بەڕاستیی هەر یەکێکیان بۆ خۆی ئەدیب و زانا و مەرد بوو، خودا پاداشی خێریان بداتەوە.

کە لەوێ گەڕامەوە و لە عەقرەی پیرۆز بەخزمەتی میر فەتحوڵڵا بەگ شادبووم و، بەگەلێ ڕێز و میهرەبانی سەری گەیاندمە ئاسمان. کاتی گەڕانەوەم لەوێ نامەیەکی پیرۆزم لە نەوەی سەرۆکی زانایانی کارامە و ئەدیبی ئەدیبان و، سەرۆکی ڕەوانبێژان و، پاشماوەی بنەمای چاک گۆیان کوڕەزای مەلا عللامە تاقانەی چەرخ مەلا ڕەشیدەوە پێگەیشت و، چاوی ڕەنجیدەم بەڕەشی سوورمەی گەوهەری کلی ڕشت و، لە ناوەرۆکی هاوتای دۆستایەتیی و برایەتی گەیشتم و، کاکڵەی نامەکەی ئەوە بوو کە ئەو لە چاوی خۆیەوە و، لە دڵپاکی خۆیەوە بەرانبەر بەم بێچارە لەو چاوەوە کە هەر دەفرێک چی تێدا بێت ئەوە دەدەڵێنێ - (وای زانی بوو کە من شیاوی ئەوەم) داوای لێ کردبووم کە چامەی (حدوثییە)ی شێخ ئەحمەدی جزیری شەرح و ڕاڤە بکەم.

جا هەرچەند منی بێچارەی ناتەواوی بێ دەسەڵات، توانای ئەو جۆرە کارانەم نییە، بەتایبەتی شەرح و لێکدانەوەی وتە و شیعری بەرزی عاریفانەی شێخی جزیریی و، خۆدان لە مانای ورد و هەستی بەرزی ئەو لە توانای ئادەمیزاد بەدەرە، بەڵام ترسام ئەگەر





بەدەنگییەوە نەچم ئەو زانا پایە بەرزە ئەمەم بە سەرپێچیکردن بداتە قەڵەم و، بەبێ وەفایی لە ئەرکی سەرشانمدا بەرانبەری دابنێت و، ببێتە مایەی پچڕانی ڕشتەی پێوەندیی نێوانمان.

بۆیە داوای یارمەتیم لە گیانی پاکی شێخانی گەورە و پیاوچاکان کرد و، بەیتەکانی ئەو غەزەلەم بەجۆرێ شەرح کرد کە مانای (لغوی) وشەکانی یەکەیەکە ڕوون و ئاشکرا بێت و، هیواداریشم بەیتەکانی دیوانی شێخی جزیریی کە حەقیقی و تەصەووفین بەهۆی ئەم لێکدانەوەوە ڕوون ببنەوە و بزانرێن.

ئەم نامیلکەیشم بەناوی بەڕێز و پایەبەرز و بەخشندە و ڕەوشت بەرز و تاقانەی چەرخی خۆی ئیسماعیل خانەوە ناونا و، پڕکێشیی ئەوەم کرد کە ئەم نامیلکەم پێشکەشی ئەو ذاتە بڵندە کرد، هیوام وایە مسی بێ بایەخی من لەلای زانایان و پیاوچاکان و عاریفان بەزێڕی سوور بچێت و، ناویشیم نا (فتحیە)، ئومێدم وایە هەر کەسێ ئەم نامیلکە بەدڵی پاک و دوور لە کینە و خەوش بەرانبەری عیلمی یەکتاپەرستیی بخوێنێتەوە، لە بەرەکەتی عیرفان بەش و بارە ببات و بەهرەمەند بێت.

چاوەڕوانیشم لە برایانی بەوەفا و، زانایانی پاکدڵ، بەتایبەتی دۆستانی گیانیی مەلا مەحموود و مەلا ڕەشید، ئەوەیە کە چاو لە کەموکوڕییەکانم بپۆشن و، چەوتیی و نابارییەکانیش بەخێری خۆیان چاک بکەن و، لە دووپاتبوونەوەی وتە و، درێژ دادڕیم نەکۆڵنەوە؛ چونکە مەبەستم لەم کارەم سوودی گشتیی و ڕوونکردنەوەیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی.

پێشەکیی: بزانە خودا یارمەتیت بدات، کە زانیاریی تەوحید -خودا بەیەکناسیی- زانیارییەکی بێ پایان و دەریایەکی بێ سنوورە و، گەیشتن بەبنی ئەو دەریایە لە تواناداا نییە و، دۆزینەوەی گەوهەری مەبەستیش گونجاو نییە. بەڵام کەسانێک باوەڕیان بەگوفتاری ئەهلی (حال) هەیە و، بیری ورد و تیژیان هەیە و، باوەڕیان بەزاراوەکانی پیاوە گەورەکانی تەصەووف هەیە و، کتێبەکانی ئەوان ئەخوێننەوە و، لە پیرۆزیی ئەوان بەهرەمەند دەبن و، دەگەنە ئەو مانا بەرزانە و، بەبەرچاو ڕوونییەوە دەیانبینن و، وا دەبێ یەک یەک مەسەلەی تەوحید کە زانایانی ئێرەتیی بەساڵەها ئەوسا دەیانزانن و پێی دەگەن، ئەمان بەماوەیەکی کورت تێی دەگەن و بڕوای پێ دەکەن.

هەر لەبەر ئەمەیشە کە شێخ محیدینی عەرەبیی مورید و مەنسووبە کارامە و لێهاتووەکان بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەهلی تەصەووف هان دەدات و، زاراوگەلێک کە

بەزوبانی ئەواندا دێت و لە کتێبەکانیاندا نووسراون بەڕاست و دروست دادەنێت.

هەر بۆیەشە شێخی ئیبنوحەجەر لە توحفەدا خەڵک بۆ زانینی زانیارییەکانی تەصەوف هان دەدات، نەوەک زاراوەکانی ئەوان بەیەکجاریی تێدا بچن، بیروڕای صۆفیانی شارەزا و زانایش لە جیاوازیکاریی لەتەک شەریعەتی پێغەمبەردا پاکە و، لە حوکمکردن بە (قدم حوادث) دوورە و، حاڵیشیان لە (اتحاد) و (تجزی) و (مشابهة) خاڵییە و، ئەگەر شتێک لەمانە ناوببرێت و بەبیری بیرتەسکان بگات، یەکەم لەبەر تێنەگەیشتوویی و کەم دەستەڵاتیی ئەو کەسانەیە. دووەمیش لەبەر مەیدانتەنگیی عیبارەت و پێدا ڕانەگەیشتنی وشە و رستەیە، کە فراوانیی و گونجاویی ئەوەیان تێدا نییە بەتەواویی و بێ کەموکووڕیی مانا و مەبەستی عاریفانەی ئەوان بەیان بکەن و، ئەگەر شتێک وا دیاربێ جیاوازیی ناجۆریی لەتەک شەرعدا هەیە لەمەوە سەرهەڵدەدات.

مامۆستا مەلا جەرجیس دوای ئەمانە چەپکێک زاراوەی ئەهلی تەصەووف دێنێت و بەیانیان دەکات و، پاکیی و خاوێنیی ئەو ڕێبازە دەردەخات و، مانا و مەبەستی وشە و زاراوەکانی ڕیبازی تەصەووف بەجۆرێک ڕووندەکاتەوە هەر وشەیەک مانای دروستی خۆی هەیە و هیچ کامیان لەتەک شەریعەتدا ناجۆر و نەگونجاو نابینرێت.

دوای ئەمانەیش مامۆستای ئەربیلیی بەنووسینی ڕوونکردنەوەیەک نەخشە و شێوەی کارکردنی لە شەرحکردنی قەسیدەکەدا دەخاتە ڕوو و دەفەرموێت:

با شاراوە نەبێت کە لە شەرحی هەر بەیتێکدا دوعایەکی وەرگیراو لە پیاوچاکانی ئەهلی ظاهیر یان ئەهلی تەصەووف دەنووسرێت، بەهیوای ئەوەی ئەو کەسانەی ئەم دوعایانە دەکەن لە پیرۆزیی خاوەنەکانیان بەهرەمەند بن و تەئثیری ئەو دوعایانە ئاوێنەی دڵیان لە ژەنگی گوناه پاک بکاتەوە. وە ئەگەر کەموکووڕییەک یان کارنەکردنێک لەو دوعایانەدا بوو ئەوە بەهۆی دوعاکانەوە نییە و کەموکووڕیی لە خۆماندایە.

دوای ئەمانە مامۆستامان دێتە سەر شەرحی قەسیدەکە و یەکەیەکە بەیتەکان دەداتە بەر لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و، شەرحەکەی لەلاپەڕە ٨ی دەستخەتەکەوە تا لاپەڕە ٤١ی دەستخەتەکە دەگرێتەوە و ،لەم ئەندازەدا شەرحێکی تێروتەسەلی بەیتەکان لەسەر ڕێبازی تەصەووف دەکات و، باسەکە لێواو لێوە لە مانای ورد و ناسک و زاراوەی بەپێز و، بەڵگەی بەهێز و... تا لە کۆتایی ئەم شەرحەدا دەفەرموێت:

لە ڕۆژی نۆیەمی مانگی موحەڕەمی ساڵی هەزار و سەد و هەشتا و شەشدا ئەم شەرحە





کەمبایەخە پاکنووس کرا، ئەم شەرحە بەپێی ئەو دەقەیە کە لای من هەیە و گەیوەتە دەستی من. لەوانەیە هەندێ لە بەیتەکان لە ئەسڵدا بەجۆرێکی دی بن و ماناکانیشیان دوور و نزیک و کەم یان زۆر جیاوازییان هەبێت.

مامۆستامان دوای ئەوەی ئەم شەرحەی تەواوکردووە، سەرنجی داوە کەمێک بەدرێژ هاتووەتە بەرچاوی، لەم ڕووەوە دەفەرموێ: ئەم شەرحە هەرچەند لەخۆیدا گەلێ کورتە بەنیسبەت زانایان و عاریفانەوە، بەڵام بەلای هەندێ لە کەمتوانا و دەستکورتانی ئەم بوارەوە درێژ دێتە پێش چاو... بۆیە شەرحێکی دی کورت و ئاسان و دەستپێگەیشتووی هەموو کەسێکم نووسی.

ئەم شەرحەیان حەوت لاپەڕەیە و لە کۆتاییەوە هیچی باس نەکردووە و مێژووی دانانی نەنووسیوە، بەڵام نووسەرەوەکەی - کە دیارە دانەرەکەی نییە - دەڵێ ساڵی ١٢٣٨ نووسیویەتیەوە، ئەمیش ناوی خۆی نەنووسیوە.

**دەقی شیعرەکان:**

مامۆستا مەلا جەرجیس لە کۆتایی شەرحی یەکەمی پارچە شیعرەکەوە، زیرەکانە ئاماژەی بۆ جیاوازیی نوسخە و ئیحتیمالی بوونی هەڵە و ناتەواویی و جیاوازیی کردووە کە ئەوانەیش دەبنە هۆی جیاوازیی مانای بەیتەکان. ئەمە زۆر ڕاستە و تا نوسخەی دەستخەتی شاعیر خۆیمان دەست نەکەوێت، یان نوسخەیەکی باوەڕپێکراو و جێگەی متمانەی تەواو سەرهەڵنەدات، دەبێ لە بیری ئەوەدا بین هەر نوسخەیەکمان دەستکەوت بەچاوی بایەخەوە بۆی بڕوانین و، بەوەی دابنێین کە دەکرێ سوودگەلێکی لێ وەربگیرێت کە لەوانەیە لە نوسخەکانی دیدا نەبن.

جا ئێمەیش بەو چاوە ڕوانیومانە بۆ هەموو دەقێک و، بۆ ئەم دەقەیش هەروا دەڕوانین، بۆیە ئەم دەقە لێرەدا بەرێنووسەکەی خۆی دەخەینە پێش چاو بەڵکو سوودی خۆی هەبێت.

تو سحرگه بتماشا وره بازار حدوث
لته بی فائده آزار ندت خار حدوث
دا ژ بل غنچه لبک نازک و تردانه بژیری
به تبسم بته رابیت ژ گلزار حدوث
بل ژ سلطان قدم من بتو اقرار نیه
گر لکابا مه رنهن مشقب منقار حدوث

صد گره من تدلن ژیکو چپ و ڕاست تکت
شاهد حسن قدم زلف گرەدار حدوث
دل ته دریای قدم قافه بثابت قدمی
گر چه دایم لسر فرق مه منشار حدوث
بلکه دیوار بکه بن بخدی کی بخدی
بتو رنگی نکری اشکره اسرار حدوث
لمعیک گر ژ کناری قدمی پرتو دت
دی ژ بر ڤی سعتی محو بن أنوار حدوث
مر بصد پنجره یان دایه شعاع قدمی
گنبد عشق لسر کرسی دیوار حدوث
تو حدوثی و مبین قنج نظر که جارەک
لاساس قدم دا نییه دیوار حدوث
هره اصلی خو وترتیب قیاسی ژیکه
گر نزانی چیه یکجار بر دار حدوث
آتش عشق شبه زیر وجودی حل کت
چیه ممکن نفرت زیبق فرار حدوث
(الله الله) مه و عمری خوته جارک بنهی
چه صدا تیت ژ ڤی گنبد دوار حدوث
تو ژ بر پردەء وهمی وره در تا ببهی
چه نوا تیت بصد نغمه ژ اوتار حدوث
حال و مستقبل و ماضی د خودا هرد و یکن
صبح موجوده بعین خو د ایڤار حدوث
ڕاست و چوب گاڤ سعت هو لُولَه دا تنیت
ذوالفقار قدَم حیدر کرار حدوث
ڕاست و اڤرازِ و نشیڤ و مه بواران یک یک
لی تنی ڤی لمه بو دایره بردار حدوث
دی بقلب مه چه وت لامعیا اسلامی
کو لجان مه بخف بستیه زنار حدوث





رنگ ژنگ حدث نقش حدوث مه تدل
بده بر رندش عشقی اڤه قصّار حدوث
جان لسر دست نهانی دریا جانان دا
روح صف صف کو ڤوستانه د بازار حدوث
دی ژ غفلت بیه بر سایه زوالی ای دل
رون تنی دا تو امانت لسها دار حدوث
دا نگاری خو بصد رنگ بەبینی ایرو
وره سیری بکه جارک تو د اطوار حدوث
تو بحال مه نزانی چیه هر لحظه (ملا)
مه تدل تیت درت خنچر غدار حدوث

## لاپەڕەیەکی نەزانراو لە ژیانی باوکی موفتیی زەهاوی

-٤٥٤-

گەلێ جار وا دەبێت کوڕ بەبۆنەی باوکییەوە ناوبانگ دەردەکات و دەناسرێت؛ چونکە باوکی خوێندەوار و ناسراو دەبێت و، کوڕەیش هەوڵ دەدات جێگەی باوکی بگرێتەوە و، بەو بۆنەوە خۆی دەردەخات. بەڵام جارجاریش بەپێچەوانەوە دەبێت و، وا دەبێت کوڕ ناوی لە ناوی باوک ناسراوتر و بەرزتر دەبێت و، باوکی دەشارێتەوە. ئەم لایەنەیان لە مامۆستا محەمەد فەیضی زەهاویی -موفتیی زەهاویی- و مامۆستا مەلا ئەحمەدی باوکیدا ڕوویداوە. ئەو سەرچاوانەی لە دەستی ئێمەدان و باسی موفتیی زەهاوییان تێدایە لە عاستی باوکیدا تەنها ئەوەندە دەڵێن کە مەلا بووە و محەمەد فەیضی کوڕی لەلای خوێندوویەتی، ئیتر باسێکی ئەوتۆی ژیانی نییە.

ئەوەندەیش نووسراوە کە موفتی دایکی زەهاوی وە خۆی لە سلێمانیی بووە، بەڵام بەهۆی زویربوونی مەلا ئەحمەدی باوکی لە حاکمی بابان چەنساڵێ سلێمانییان بەجێهێشتووە و بەخاووخێزانەوە چوون بۆ زەهاو بۆ لای خاڵوانی موفتی و، بەم بۆنەوە موفتیی ئەم ناوەی وەرگرتووە، وە لەپاش هاتنەوەی لە زەهاو پێی وتراوە (زەهاوی)[1].

(١) بڕوانە: مفتی زەهاوی، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپخانەی معارف بەغدا، ١٣٧٣ک، ١٩٥٣ز، ل: ٨. خوالێخۆشبوو مامۆستای خاڵ باسی ئەوە ناکات ئەم زانیارییانەی لە کێ وەرگرتووە، لەوانەیە ڕاست بن و لەوانەیشە وا نەبن.

## قسەکانی باوکی موفتیی زەهاویی

هەروەها مامۆستای خاڵ دوو مێژوو بۆ لە دایکبوونی موفتی زەهاویی دادەنێت، یەکەمیان ساڵی ٢٠٨ بەقسەی ئەمین زەکی بەگ، دووەمیان ١٢١٨ بەپێی (سجلی حوکوومەتی عوثمانی).

ئێمە لێرەدا یەک دوو قسەی ڕاست و دروست دەخەینە سەر باسەکە و، لەوانەیە لە ڕوویانەوە هەندێ شت بزانرێت.

یەکەم: مامۆستا مەلا ئەحمەدی باوکی موفتی زەهاویی بەفەقێتی لە زەهاو خوێندوویە.

دووەم: ساڵی ١٢٠٩ لە زەهاو بووە.

کێ دەڵێ بەشی زۆری خوێندنی مامۆستا مەلا ئەحمەد لە لای مامۆستای پایەبەرز مەلا ئەحمەدی عوثمان ئاغا نەبووە و، دواییش ئەو مامۆستا - وەک گەلێ لە مامۆستایانمان وایان کردووە - کچی خۆی نەداوە بەمەلا ئەحمەد و، وەک دەیشڵێن لە زەلامێکیان پرسی: خەڵکی کوێیت؟ وتی هێشتا ژنم نەهێناوە، ئەم ناو و شۆرەتە لەوەوە نەهاتبێت؟ هەرچۆن بێت ئەمانە هەر بۆچوونن، بەڵام ئەوەی گومان لە مێژووی لە دایکبوونی موفتیدا دروست دەکات ئەوەیە مامۆستا مەلا ئەحمەد ساڵی ١٢٠٩ لە زەهاو فەقێ بووە، بەپێی ئەوەیش کە کتێبی (نصاب الصبیان)ی نووسیوەتەوە و، لەوانەیشە بۆ خۆی نووسیبێتەوە و (نصاب الصبیان)ش لە خوار پلەی (مستعدی)وە خوێنراوە... دەبێ مامۆستا مەلا ئەحمەد ماوەیەک دوای ئەوە ژنی هێنابێت و موفتی زەهاویش (مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ئەحمەد) دواتر لەدایکبووبێت. ئەم زانیارییانە لە کۆتایی دەستخەتێکی نایابەوەن کە مامۆستا مەلا ئەحمەد بەخەتێکی جوان نووسیویەتیەوە و دەستخەتەکە کتێبی (نصاب الصبیان)ە بەفارسی. ئەمەیش پوختەی نووسینەکەی:

لە خوێنەران شاراوە نەبێت کە ئەم کتێبە کە (نصاب الصبیان)ی دانراوی شێخ محەمەدی ناسراو بەئەبو نەصری فەراهییە، بەقەڵەمی شکستەی بێچارەی هەژار ئەحمەدی کوڕی حەسەن بەگی ڕۆستەم بەگی خوسرەو بەگی کوڕی ئەمیر سولەیمانی ناسراو، بە (بەبە) لە ساڵی ١٢٠٩دا، لە زەهاو لە خزمەتی مامۆستای تاقانەی چەرخی خۆی مامۆستا مەلا ئەحمەدی کوڕی عوثمان ئاغادا نووسیویەتیەوە.

دەمێنێتەوە ئەوە بپرسین: دەبێ مامۆستا مەلا ئەحمەدی مامۆستای مامۆستا مەلا ئەحمەدی باوکی موفتیی زەهاویی کێ بووبێت؟ لە سەردەمی خۆیدا چ ڕۆڵێکی گێڕابێت؟





چەند مامۆستای پێگەیاندبێت؟ دانراو و کتێبی هەبووبێت یان نا؟؟ و چەندین پرسیاری دیش کە هەموویان ئێستە بێ وەڵامن، هەر چاوەڕوانین بەڵکو!

لە کۆتاییدا بەسەر ئەوەدا نارۆم دەستخەتەکەی مامۆستا مەلا ئەحمەدی باوکی موفتی زەهاوی گەلێک جیاوازیی لەتەک فرە دەستخەتی دیکەی مامۆستایان و فەقێیاندا هەیە و، دەستخەتێکی پوخت و بێ هەڵە و پڕ لە زانیاریی و لێکۆڵینەوەیە و، لە سەرووی هەموویشیانەوە نووسین و ئینشای مامۆستا خۆی زۆر بەرز و ڕەوانە و، گەلێ شیعری فارسیشی تێدایە دوور نییە شیعری خۆی بن.



دەستخەتی باوکی موفتیی زەهاویی





## دەبێ مەلازادەی کوردیی سۆرانیی کێ بێت؟(*)

٤٥٥

گەلێ جار نووسیومە و ئاواتم خواستووە: خۆزگە یەکێک لە سەرخۆ و ورد کاری پشکنینی کتێبخانەکانی پایتەختی ڕۆشنبیریی وڵاتانی وەک تورکیا و ئێران و سووریا و میسر و...ی دەگرتە ئەستۆی خۆی و، ئەوەی لە توانادا بێت بەو کتێبخانە و شوێنانەدا بگەڕایەت کە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی کتێبە دەستخەتەکان دانراون، ئەوسا دەمانزانی چەند مامۆستای مەزن و پایەبەرزمان هەبووە و ناوی گەلێک هێشتا لەتەک هەندێک لە شوێنەواریاندا ماوە!

هەروەها چەند جاریش باسی ئەوەم کردووە تەنها سەرچاوەی بەپێز و دروست و جێگەی متمانە بۆ ئێمە مابێتەوە لە ئاسۆ و عاستیەوە بەمێژووی زانیاریی و زانایانی کورددا بچینەوە و، ئەو مێژووە پڕ شانازییەی پێ ببووژێنینەوە دەستخەتی شوێنەواری مامۆستا و فەقێیانی کوردستانە و بەس!

کەمجار هەیە چاو بەچەند دەستخەتدا بگێڕین و نەکەوین بەسەر زانیارییەکی نوێدا لە: ناوی کتێبێک، یان مامۆستایەک، یان مەدرەسەیەک، یان... کە تا ئێستە هیچ سەرچاوەیەکی زانیاریی لە خۆی نەگرتوون و ئێمەیش لێیان بێ ئاگاین.

لەم ڕۆژانەدا چەند دەستخەت هاتن بۆ (دار العراق للمخطوطات) لە ناویاندا شوێنەواری چەند مامۆستایەکی گومناو -و ناسراو-ی کوردیان تێدابوو، زانیاریگەلی نەوازە و بەبایەخیان لە دووتوێدا بوو، هەموویانم تۆمار کردووە -بەیارمەتیی خودا- لە شوێنی خۆیاندا سوودیان لێ وەردەگرم.

ئەوەی لە هەموویان زیاتر سەرنجی ڕاکێشام دەستخەتێکی گەورەی نایابی سەرەتا زەڕکەفتکاریی کراوبوو کە مامۆستای دانەری لە سەرەتاکەیەوە نووسیویەتی:

وبعد: فيقول العبد الفقير الى الله الغني الكردي السهراني الشهير بملا زاده.

یەکێکی دیش لەو بابەتانەی لە نووسینەکانمدا چەندجار ئاماژەم بۆ کردووە ئەوەیە دەیان - و بگرە زیاتریش - بنەماڵەی زانیاریی پان و درێژ لە کوردستاندا بوون، بەڵام گەلێکیان ناویشیان کوێربووەتەوە، ئەوە شوێنەواریان هەر هیچ!

(*) لە ژمارە (١٩)ی خۆری ئیسلامیدا بڵاوبوەتەوە.

ئەم مامۆستایش کە ئێستە ناوی دەخەینە ناو ناوان و، بەمێژووی زانایانی کوردی دەناسێنین یەکێکە لە مامۆستایانی بنەماڵەیەکی ناوونبووی کوردستان و، سەرچاوەکان لێی بێ ئاگان و، بەگوێرەی ئاگادارییی من و ئەنجامی پشکنین و گەڕانم، ئەمە یەکەمجارە ناوی دەخرێتە سەر لاپەڕەکانی مێژووی زانایانی کورد.

لێرەدا لەکوێوە دەستپێدەکەین؟

یەکەم: دەبێ بۆ سەردەمی ژیانی بگەڕێین و بزانین کەی ژیاوە. بۆ ئەمەیش هیچمان لە دەستدا نییە جگە لە دەستخەتی ئەو دانراوەی ناوی دەبەین. لە دەستخەتەکەوە ئەوەندەمان دەست دەکەوێت کە مامۆستای باسەکەمان پێش ساڵی (١٠٦٢ک) لە ژیاندا بووە. بەڵام ئەمە ئەوە نییە دڵ پێی ئاو بخواتەوە کە بزانین ئەم مامۆستا کەی ژیاوە؛ چونکە کە پێش ئەو مێژووە لە ژیاندا بووە و کتێبی داناوە ئەو (پێش)ە نازانین و، ناتوانین بڵێین چەند ساڵ پێش ئەو سەردەمە بووە.

دووەم: مامۆستامان لە کوێ و لە چ ناوچەیەکی کوردستاندا بووە و، لە کوێ چاوی بەدنیادا هەڵهێناوە؟ ئەمەیش بەدروستیی نازانین و، خۆی دەفەرموێ (السهراني - سۆرانی) سۆرانیش ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بووە و، سنووری کۆنی باش نازانین و، نەخشەیمان لە دەستدا نییە، بۆیە نایشزانین لە چ گوندێکدا هاتووەتە جیهان.

سێیەم: ئەم دەستخەتە لە تورکیای پایتەختی دەوڵەتی عوثمانیی نووسراوەتەوە.

ئەمەیش کە دانراوێکی مامۆستایەکی کورد بگاتە ئەو پایتەختە و لەوێ بنووسرێتەوە و نوسخەی لێ بگیرێتەوە، خۆی بۆ خۆی جێگەی قسە و باس و پرسیارە و، چەند ڕاوبۆچوون هەڵدەگرێت.

یەکێک لەوانە ئەوەیە: مامۆستامان دانراوەکەی پێشکەشی خەلیفەی ئەو سەردەمە کردبێت و، لەناو خەڵکدا ناسراوبێت و بڵاوبووبێتەوە و لای مەلا و فەقێیان بووبێت بەجێگەی بایەخ.

یان لەوانەیە مامۆستای دانەر خۆی لەبەر زانایی و ناسراویی چووبێتە -یان برابێتە- مەرکەزی خەلافەتی ئیسلامیی و، لەوێ پلەوپایەی دەرسوتنەوەی یان قەزاوەت و موفتێتیی بووبێت و کتێبیشی دانابێت و کتێب و دانراوەکانی لای فەقێ و مەلا ناسرا بن و بڵاوبووبنەوە.

بەڵام بڕوا ناکرێت مامۆستا خۆی لە کوردستاندا بووبێت و، نەناسراوبێت و کتێب و





دانراوی گەیشتبێتە تورکیا و، لەوێ بڵاوبووبێتەوە. ئەم کتێبەیشی کە هاتووەتەوە بۆ عێراق و گەیشتووەتە بەغدا -وای بۆ دەچم- لە ڕێگەی مامۆستایەکی کوردەوە بووبێت - زەهاوی یان ڕۆژبەیانی- بەسەفەر چووبێتە تورکیا و لەوێ ڕێی لێی کەوتبێت و، بەشێوەیەک چنگی خستبێت و هێنابێتیەوە.

چوارەم: توانا و پلە و ڕێزی ئەم مامۆستا: بۆ ئەمەیش جگە لەم دانراوەی شتێکی دیمان لە دەستدا نییە، بڕوا ناکرێ ئەم مامۆستا خاوەنی ئەو توانا بووبێت کە لەمەولا باسی دەکەین تەنها بەم دانراوە داکەوتبێت و، پەلی بۆ گەلێ جۆر و بابەتی دیکەی زانیاریی نەهاوێشتبێت. بەڵام بەداخەوە ئێمە (جارێ) ئاگامان لە هیچی دیکەی نییە.

مامۆستا مەلازادە لەم دانراوەیدا، کە حاشیەیە بەسەر حاشیەی عیصامەدینەوە، وەک زانایەکی پایەبڵندی بەتوانای هەڵکەوتووی چەرخی خۆی دەدوێت و، خۆی لە پلەیەکدا دادەنێت بەکار و کردەی گەلێ لە زانایانی پێش خۆی قایل نەبێت و، ڕەخنە لە شێواز و ڕەوتی نووسین و فێرکردنیان دەگرێت. پیاوێکی زانای وەک عیصامەدین کە حاشیەی بەسەر گەلێ کتێبەوە هەیە و، دانراو و حاشیەکانی لە کوردستاندا بوون بەکتێبی مەنهەجی و لە حوجرەکاندا خوێنراون، ئەم ڕەخنەی توند لە دانراوەکانی دەگرێت و لەم ڕووەوە دەفەرموێت:

«وليكن هذا آخر التحشية للحاشية العصامية التي اشتهرت اشتهار الشمس في الآفاق، وتطالبْ(!) اليها من الاصاغر والأكابر الأيدي والأعناق، لكنهم لم يصلوا اليها لما فيها من كثرة الخلط والخبط والغلط والرموز والإغلاق، زعماًمن مصنفها أنها علم وفضل وإعماق، ولم يدر أنها في الحقيقة تشويش وتشوير واحماق! جزاه الله تعالى عما يستوجبه خيراً ولم يرد به ضيرا...»

هەر لە پەنای ئەم ڕەخنەیدا ڕەخنە لە پیاوێکی دیکەی کەڵەزانای چەرخی خۆی دەگرێت و دەفەرموێت:

«وقد اقتدى في ذلك الصنيع أثر المولى الشهير بأبي القاسم السمرقندي الليثي، فإنه في مصنفاته قد توغل في خلط الكلام كثيراً، واقتفاه المحشي في هذه الحاشية وغيرها من مصنفاته فجاء كلامه عسيراً، وقد أفسد بذلك العلم على الناس من حيث لايعلمون والامر الى الله...»

دیارە ئەگەر مامۆستا پیاوێکی لێهاتوو لێوەشاوە نەبووبێت بەم شێوە نەدواوە و

نەینووسیوە. جگە لەمەیش مامۆستا دڵسۆزیی خۆی بۆ خوێندکار و قوتابییان دەردەبڕێت و هۆی نووسینی ئەم کتێبەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کار بۆ قوتابییان ئاسان بکات و، لەسەرئێشەی حاشیەی ڕەقوتەق و تێکەڵ و پێکەڵ ڕزگاریان بکات. هەروەها مامۆستامان باسی ئەوەیش دەکات کە جگە لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی مامۆستا عیصامەدین گەلێ زانیاریی نوێیشی لە دووتوێی کتێبەکەیدا جێ کردووەتەوە کە پێشتر لە سەرچاوەکاندا نەبوون و، ئەم وەک میراتی زانیاریی پشتاوپشت و سنگاوسنگ لەم زاناوە بۆ ئەو زانا تا گەیشتوونەتە سنگی ئەم، هاتوون و، ئەم لە سنگیەوە خستوونیە سەر لاپەڕەی کتێب.

### باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم دەستخەتە کە لە (دار العراق للمخطوطات)دا بەژمارە (٤٤٠٣٧) پارێزراوە، دەستخەتێکی گەورەی نایابی جوانی پوخت هەڵگیراوە و، سەرەتا و کۆتایی ماوە و، بەخەتێکی وردی خۆش نووسراوەتەوە. لاپەڕەی ٢٥ دێڕی تێدایە. سەرەتای لاپەڕەی یەکەمی زەڕکەفتکاریی کراوە. ساڵی ١٠٦٢ لە مەدرەسەی (سلیمانیة) لە شاری (قسطنطینیة) نووسراوەتەوە.

بڕوا ناکرێت ئەم نوسخە دەستخەتی دانەر بێت؛ چونکە لەتەک ئەوەدا خەتەکەی خۆشە و بەشێوەیەکی ڕێک و جوان نووسراوەتەوە، گەلێ هەڵەی زمان و ڕێنووسی تێدایە کە لە دانەرەکەی ناوەشێنەوە.






بسم الله الرحمن الرحيم

دانراوی مەلازادەی سۆرانیی

## (تذکرە الادباء)ی شارەبانیی[*]

## ٤٥٦

لە سەردەمی والییێتی داود پاشای والیی بەغدادا کتێبێک - سا یان لەسەر داوای داود پاشا یان بۆ ئەو - دانراوە. ئەم کتێبە پیاوێک بەناوی (عبدالقادر الخطیبي)یەوە دایناوە، ئەم عەبدولقادرە کوڕی مەلا موختاری خەتیبی شارەبان بووە و، کتێبەکەی بەتورکیی داناوە، دوای ئەو زەلامێک - کە تا ئێستا نەناسراوە - کتێبە تورکییەکەی کردووە بەعەرەبیی و، وەک کەرملی[1] نووسیویە دەقە عەرەبییەکە لەلای مەحموود شوکریی ئالووسی[2] بووە و، کەرملی لێی وەرگرتووە و نووسیویەتیەوە و، یەعقووب سەرکیس بایەخێکی باشی بەکتێبەکە داوە و، لێی کۆڵیوەتەوە و، هەڵی سەنگاندووە و، گومانی لەوە بووە کە دەقە عەرەبییەکە دانراوی عەبدولقادر خەطیبی بێت و، کە لەناو خەڵکدا وا باوبووە دەقە عەرەبییەکە دانراوی ئەوە، یەعقووب سەرکیس هاتووە بەوردیی کتێبەکەی چەند جار لە تەک بەراورددا خوێندووەتەوە، تا ئەنجام گەیوەتە ئەو بڕوایە کە دەقە عەربییەکە دانراوی عەبدولقادر نییە و، لە تورکییەوە کراوە بەعەرەبی و، دوای ئەوە ئەم هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیوە، دەقە عەرەبییەکە لە لایەنی (أنستاس کرملی)یەوە ساڵی ١٩٣٦ بەناوی (تذکرە الشعراء. أو شعراء بغداد وکتابها أیام وزارە المرحوم داود پاشا) لە چاپخانەی (دار الطباعە الحدیثە - بغداد) چاپکراوە.

ئیتر لەو کاتەوە ئەم دەقە عەرەبییە لە دەستدا بووە و، دەستاودەستی کردووە و، وەک سەرچاوە سوودی لێ وەرگیراوە، بەڵام هەوڵێکی دیار بۆ دۆزینەوە و بەراورد و

(*) لە ژمارە (١٤٩)ی ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوبوەتەوە.

(١) کەرملیی، ناوی: ئەنستاس ماری کوڕی میخائیل جوبرائیل عەوادی کەرملییە. ساڵی ١٢٨٣ک - ١٨٦٦ز لە بەغدا لە دایک بووە، لە بەغدا خوێندوویە و دوایی لەسەر خوێندن ڕۆیشتووە و گەلێ زمان فێر بووە. گۆڤاری (لغة العرب)ی دەرکرد. ساڵی ١٣٦٦ک - ١٩٤٧م هەر لە بەغدا مردووە. (معجم المؤلفین. ٣/١٧).

(٢) مەحموود شوکری ئالووسی ساڵی ١٢٧٢ک - ١٨٥٧ز لە بەغدا لە دایک بووە، زانا و خوێندەوار و پێشکەوتنخواز بوە و، گەلێ قوتابی پێگەیاندووە، ساڵی ١٣٤٢ک - ١٩٢٤ز لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە. (المسک الأذفر/ ١٦).





لێکۆڵینەوەی دەقە تورکییەکە نەدراوە.

لەملاو لەولادا دەمبیست دەقە تورکییەکەی لای زەلامێک هەیە و، لە هۆڵی ئەوەدایە شتێکی بۆ بکات، بەڵام ماوەیەکی زۆر ئەم دەنگوباسە هەر بە وتی و دەنگی بێ ڕەنگ مایەوە. تا لەم ماوەدا خوا و ڕاسان. لە (دار العراق للمخطوطات) ڕێگەم لە دەقێکی پوخت و جوان و تەواوی ئەم کتێبە کەوت، وا دیارە بەختی دانەرەکەیەتی. جا با لەپێشدا باسێکی دەستخەتەکە بۆ خوێنەری ئازیز بکەم.

**دەستخەتەکە:**

لە (د.ع)دا بەژمارە (٤١٦٩٤) پارێزراوە، (١٩٥) لاپەڕەیە، بەخەتێکی وردی جوان نووسراوەتەوە. لاپەڕەی (٢٥) دێری تێدایە، بەپێوانەی (٢٠×١٢سم)ە، ناوی (٦٩) ئەدیب و شاعیری تێدایە، ناوەکان بەمەرەکەبی سوور لە قەراخی دەستخەتەکەوە بەجیا نووسراون.

زەلامێک - دیارە ماوەیەک دەستخەتەکەی لابووە و ناوی خۆی نەنووسیوە و نایناسین - هاتووە - کاری ڕاست بێت - لەسەر لاپەڕەی یەکەم چەند دێڕێکی زێڕینی پڕ لە زانیاریی ورد و بەسوودی بۆ نووسیوین کە ئەمە دەقەکەیانە -بەکوردیی-:

«(تذکرة الادباء) دانراوی عەبدولقادر ئەفەندیی خەتیبزادەی شەهرەبانیی. بۆ داود پاشای والیی بەغدای داناوە - خودا بەزەیی بەهەردووکیانا بێتەوە - ئەم نوسخە بەخەتی دانەرەکەیەتی.

دانەیەکی تری لەماڵی ئیسماعیل ئەفەندیی دەفتەرییزادەیە. دانەیەکی دیشی لە شاری مەدینەی پیرۆزە - دروودی خودا لەسەر نیشتەجێکەی بێت، کە مەبەستی پێغەمبەرە (د.خ) - لە کتێبخانەی داود پاشادا. دەقی موسوەدەکەیشی لای قاسم ئەفەندیی کاتبی تەحریراتی خۆراسانە».

لەمەوە دەردەکەوێ کە ئەم نوسخە پاکنووسکراوی دەستی دانەرەکەیەتی. ئەم نوسخە مێژووی نووسینەوەی وا دیارە مێژووی تەواوبوونی دانانی کتێبەکەیشە - ساڵی (١٢٤٥)ە. لە بەرو دواوە چەند کەس بەتورکیی شتیان تێدا نووسیوە. لە لاپەڕەیەکیشیدا بەفارسی باسی هەڵامەتی خاوەن پایەیەک نووسراوە کە دەرمانی بۆ نوێنراوە و، مامۆستایەکیش کە لەوانەیە لە بنەماڵەی سنەییەکانی بەغدا بێت لەو کۆڕەدا بووە و، باسەکەی نووسیوە، کە ئەمە پوختەکەیەتی:

کاتێک بەهۆی ساردیی هەواوە جەنابی وەلیی نیعمەت - خودا یارمەتی بدات و ئاگای لێی بێت - تووشی هەڵامەت بووبوو، یەکێک لە پێوەندیدارانی عەرزی کرد: لەناو پزیشکاندا باوە و خەڵکیش دەیزانن کە دەرمانی هەڵامەت یەکەم کەڵەشاخگرتن و دوایی خۆ شۆردنە، کە بەفارسی بەم جۆرەی دەربڕی بوو: «اولش فصدو آخرش حمام» ئەو زاتەیش کوتوپڕ گوتوویە ئەم نیوە بەیتە نیو بەیتی دیکەی دەخرێتە سەر و ئاوای لێ دێت:

این دوچیز آمده علاج زکام    اولش فصدو آخرش حمام

نووسەرەوەکە دەڵێ:

دوای بیستنی ئەمە منیش هەژاری سەنەندەجی ئەم یادگارەم تۆمار کرد.

ناوی کتێبەکە:

ئەم کتێبە لەسەر دەقە عەرەبییەکەی ئاوا نووسراوە:

**شعراء بغداد وكتابها**

**في ايام وزارة المرحوم داود پاشا والي بغداد في حدود سنة ١٢٠٠ الى سنة ١٢٤٦**

**تأليف**

**الفاضل والنبيه الكامل عبدالقادر أفندي الخطيبي الشهرباني رحمه الله رحمة واسعة بمنه وكرمه آمين**

بەڵام لە دەقە تورکییەکەیدا - وەک پێشتر نووسیم - نووسراوە: (تذکره الادباء) دیارە ئەمەیش بەشێکی دیکەیە لەو گۆڕانکارییەی بەسەر دەقەکەدا هێنراوە.

**بایەخی ئەم کتێبە:**

ئەم کتێبە بۆ مێژووی زانیاریی و ڕۆشنبیری کوردی بایەخێکی تایبەتیی هەیە؛ چونکە گەلێک لەوانەی ناویان تێیدا هاتووە و شتێک لەسەر ژیان و بەرهەمیان نووسراوە بەڕەچەڵەک و ناو و شوێن کوردن و، زۆر نزیکە کاتی خۆیشی بەرهەمی کوردییان هەبووبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەوە لەو سەردەمەدا بایەخ بەئەدەبیاتی تورکی دراوە، ئەم لایەنەی ئەدەبی ئەوانیش خرابێتە بەر باس و ئەو لایەنەکەیان پشتگوێ خرابێت و، دووریش نییە شوێنەواریان مابێت و لەملاو لەولا بێناز کەوتبن، یان لە شوێنی چەپەک و دوورە دەستدا پارێزرابن و، بەڵکو لەمەولا سەرهەڵ بدەن و ببووژێنرێنەوە و، لەتەک





بەرهەمەکانی دییاندا یەک بخرێن.

دوای خوێندنەوەیەکی ناوی ئەو شاعیر و نووسەرانەی لەم کتێبەدا ناویان هاتووە قسەیەکم بیر دەکەوێتەوە کە گەلێ جار کردوومە و، لە گەلێ وتاردا نووسیومە و، ئەمجارەیش - ڕەنگە دواجاریش نەبێت - دەیڵێمەوە، قسەکە ئەوەیە کە: هەرگیز ناتوانین و نەمانتوانیوە قەوارە و ئەندازەی زیانێ کە لە ئەدەب و کەلەپووری ئایینی و زانیاریی و ڕۆشنبیریمان کەوتووە، بزانین و، سنوور و مەودای ئەو زیانەمان بۆ نەخشە ناکێشرێت. بەڵام تا خەریکی لێکۆڵینەوە بین و، تا ئاگاداریمان بەسەر بەرهەم و شوێنەواری زانایاندا زیاتر بێت، باشتر و ڕوونتر دەزانین قەوارە و بارستایی زیانەکانمان لە کێشدا نین و، بیر و خەیاڵ پەییان پێ نابات!

لەم بەرهەمەی بەردەستماندا کە تەمەنی ٢٠٠ ساڵی تەواو نابێت و، بۆ بەرهەمی زانایان و ڕۆشنبیرانی کورد تەرخان نەکراوە و، لە شوێنێکی دوور لە کوردستاندا دانراوە و، بەرهەمەکە لە پایتەختی زانیاریی ئەو سەردەمەدا دانراوە و لەنگەری گرتووە و، حەق وایە خاوەنی و ناوەڕۆکی نادیار و نەناسراو نەبن، ناوی چەند ڕۆشنبیری کوردی تێدا دەبینین، کە تا ئێستە مێژووی زانیاریی ڕۆشنبیری کورد ئاگا و هەواڵێکی ئەوتۆی لێیان نییە!.

کێمان و کامان لەمەوپێش ناوی (ناریی) - جگە لە کاکە حەمەی ناریی -مان بیستووە و زانیوە، یان شتێکمان دەربارەی خوێندووەتەوە؟ (خانە بەگ)[3] کە ماوەیەک حاکمی سلێمانی بووە و شاعیریش بووە چیمان دەربارەی لە دەستدایە؟ ئەوە باسی (یەعقووب ئەفەندیی) باوکی (ڕەسووڵ حاویی) و (ثاقیب ئەفەندیی) برای ڕەسووڵ حاویی و، یەعقووب ئەفەندیی کوڕی ڕەسووڵ حاویی و، (عوثمان ئاغای ئەربیلی) و (مەلا ئیلیاس) و (عەبدوڵڵا ئەفەندیی) و کێ و کێ با هەر بوەستێ!

لەمەوە پرسیارەکانی پێشتر - و پرسیارگەلی دیش - سەرقوت دەکەنەوە و، دەڵێین و دەڵێینەوە: دەبێ ئەوانەی پێش ئەمانە و زۆر پێش ئەمانە بوون و نەگەیشتوونەتە پایتەختەکان و، لە کوێرە دێ و دوورە شار و دوور لە شارستانییەتی ژیاون و شیعرەکانیان

(٣) (خانە پاشا)ی کوڕی تەیموورخان بەگمان هەیە. بەڵام ئەم خانە پاشا لە خانە بەگی ئێرە کۆنترە و، جیان و، خانە پاشا لە دەوروبەری (١١٣٩)دا کۆچی دوایی کردووە، (مشاهیر الكرد وكردستان ج/١، ص: ١٩٦).

لە پەڕەپەڕە کاغەز و یەک نوسخەی بێنازدا نووسێبێتەوە، دوای خۆیان (مەجموعەی فەرد)[٤]یان چی بەسەرهاتبێت؟

بێگومان لە وتارێکی وادا ناتوانین –وەک پێویست– لە ناوەرۆکی کتێبێکی (٢٠٠) لاپەڕەیی بدوێین و، زانیاریی و بابەتی نەوازەی ناو کتێبەکە شی بکەینەوە و دەکرێ لە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەرخۆ و ورددا گەلێ زانیاریی بەپێز و نەبیستراو کۆبکرێتەوە و، چەند لایەنی نەزانراو ڕوون بکرێتەوە. بۆ نموونە:

– تا دوێنێ گومانمان لە ڕەگەز و نیشتمانی ڕەسووڵ حاویی ماهوویی خاوەنی (دوحة الوزراء)دا هەبوو نەماندەزانی خەڵکی کوێیە، ئەوەتا لەم کتێبەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە شاری سنە لە دایک بووە.

وەک لە وتارێکی وا کورتدا ناتوانین لە ناوەرۆکی ئەم کتێبە بکۆڵینەوە و هیچی نەبوێرین، دەتوانین یەک دوو شتی پێویست و زەق و دیار نەبوێرین، لەوانە:

وەک گوتم گەلێک لە شاعیر و ڕۆشنبیرانی ناو ئەم کتێبە بەڕەچەڵەک کورد و کوردزمان بوون و، ئاشکرایشە ئەوانەی ئەم کتێبەیان بۆ تەرخان کراوە کەڵە شاعیر و ڕۆشنبیری ناودار و ناسراوی ئەو سەردەمە بوون، کە سەرنجی کاروبار و ئەرکی پێ سپێرراویشیان دەدەین دەبینین بەزۆریی دەفتەردار و نووسەری مەسرەفخانە و بەڕێوەبەری دیاری دەربار و

(٤) شاعیرانی کۆنمان ئەگەر بەهەزار زەحمەت و ناری عەلی شیعرەکانی خۆیان کۆکردبێتەوە، ئەوە ئەو بەری ڕەنجە بەبایەخترین شتیان بووە و، وەک بیبیلەی چاو پاراستوویانە و، دواییش وەسیەت و ئاواتیان ئەوە بووە، ئەو کۆرپەی ئاوات و، جگەرگۆشەی هیوایان بپارێزرێ، یەکێک لەوانەی وەسیەتیان کردووە کە دوای خۆیان دیوانەکەی باش بپارێزرێت (وەلی دیوانە) بووە کە گوتوویە:

میلێ وە ئەنداز بەژن و باڵای شەم
بکەن نە فەرقم بێ زیاد و کەم
طاقێ هەر نەطەرح طاق ئەبرۆی ئەو
بسازان نە فەرق مەزارم جە نەو
بنیان نە ڕووی طاق (مەجمووع فەرد)م
بنویسان: وە دەست شەصت ئەو مەردم

(بڕوانە: بەرەو هەنگاوێکی ڕێکتر لە لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی وەلی دێوانەدا، ساماڵ – کە نووسەری ئەم وتارەیشە – بەیان، ژمارە: ٤٤، تشرینی یەکەمی ١٩٧٧).
جێگەی داخە ئەم مەبەستە بەبایەخە لە دیوانی وەلی دێوانە و وەرگێڕاوەکەیشیدا شێواوە و بزرکراوە!





پێوەندیدار و نزیک لە داود پاشاوە بوون، لەمەیشەوە دەزانین کە ڕۆشنبیرانی کورد بەتوانایی و بلیمەتی خۆیان، هەر مەچەکیان چەرخا بێت و، ڕێگەیان کەوتبێتە شوێنی جێگەی مەبەست، زۆری نەبردووە خۆیان چەسپاندووە و ئەستێرەیان دەرەوشاوەتەوە و، بەلێهاتوویییەوە کاری گەورەیان ڕاپەڕاندووە.

لە دامێنی ئەم خاڵەوە ئەوە دەڵێم: هێشتا بەڕوونی بۆم دەرنەکەوتووە دانەری کتێبەکە (عەبدولقادری شارەبانی) کورد بووە یان نا؟ لە دەقە تورکییەکەدا خۆی باسی خۆی نەکردووە، لە دەقە عەرەبییەکەیشدا باسێکی کورت و سەرپێی کراوە و، لەوەیشدا هیچ دەربارەی ڕەگەز و بنەچەی نەنووسراوە. نووسەری دەقە عەرەبییەکە دەڵێ: لە خێزانە بەغدایییەکانە، لەولایشەوە باوکی بەشارەبانیی ناسراوە. باوکی ساڵی ١٢٢٦ کۆچی دوایی کردووە. دوایی لە باسی ژیانی عەبدولقادردا دەڵێ: لە چاوەقووڵەی بەسرەدا لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. بۆ سەردەمی ژیانی منداڵیشی دەڵێ: بەهەتیوی لە بەغدا لای خاڵەکانی گەورە بووە.

دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵانە چاوەڕوانی لێکۆڵینەوە و زانیاریی زیاتر بین، بەڵکو شتی دروستمان دەست بکەوێت.

مەبەستی سەرەکیم لەم وتارە ئەوەیە ناوی ئەم کتێبە بەگوێی ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا بدەم بەڵکو لێهاتوویەک قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵێ و ئەم سەرچاوە بەپێزە بخاتە بەردەستی لێکۆڵەرەوان و مێژوونووسانی کورد دوای ئەوەی بەشێوەیەکی پوخت و دروست بیکات بەکوردی.

## ناوەرۆکی هەردوو دەقەکە:

دوای ئەوەی ئەم کتێبەمان بەخوێنەری ئازیز ناساند و باسێکی کورتمان دەربارەی دانەرەکەی کرد، بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز هیچ نەبێ لە دوورەوە بزانێ ناوی کێ و کێ لەم کتێبەدا تۆمار کراوە و، لەبەر ئەوەیش ناوەکان لە هەردوو دەقەکەدا جیاوازیی زۆریان هەیە وام بەباش زانی لە پێشدا زنجیرەی ناوەکان نزیک بەڕێنووسەکەی ناو دەقەکە بنووسم و، بۆ ئەم مەبەستەیش ناوەکانی ناو دەقە تورکییەکەم لە پێشدا نووسی و، دوا بەدوای ئەویش ناوەکانم بەگوێرەی دەقە عەرەبییەکە تۆمار کرد.

پاش ناونووسکردنی ناوەکان بەگوێرەی هەردوو دەقەکە بەراوردێکی کورتم لە نێوان ناوەکاندا کرد و کێ لەملا هەیە و لەولا نییە بەجیا نووسیم و، دواییش کێ لەولا هەیە و

لەملا نییە بەدوای ئەواندا نووسیم، هیوادارم بەم کارە بچووکە توانیبێتم خزمەتێکی بچووکم بەم کتێبە کەمیابە کردبێت.

بەسەر ئەوەیشدا نارۆم کە مامۆستای دانەری ئەم کتێبە جگە لەوەی شاعیر و ئەدیب و ڕۆشنبیرێکی باڵادەستی چەرخی خۆی بووە و، سەجعئارایی و وشەسازییەکی بەرزی لە کتێبەکەیدا کردووە، خەتخۆش و خۆشنووسێکی شیاوی ئەوە بووە خەتەکەی نامەی شاهانەی پێ بنووسرێتەوە و، دیاریی کۆڕ و کۆمەڵی والیی و سوڵتان بێت، لە پەنای ئەمانەیشدا نیگارکێش و دەست ڕەنگین بووە و، لەناو دێڕەکانی دەستخەتەکەیدا، لە یەک دوو جێگەدا وێنەی ورد و جوان و وەستایانەی کێشاوە، کە نیشانەی لێهاتووییەکی باڵای پێوە دیارە.

**ناوەڕۆکی کتێبەکە بەگوێرەی دەقە تورکییەکە:**

١- داود پاشا
٢- كاتب ديوان فخري زاده أسعد أفندي
٣- موصل واليسي أحمد پاشا
٤- آصف ملا محمد صالح مكتبدار
٥- بدري مصطفى أفندي
٦- ابوبكر أفندي
٧- بكتاش أفندي النائب -ملتقى الأبحر-
٨- خليل أفندي البصيري
٩- تقي الدين أفندي قاضي بغداد
١٠- ثاقب خضر أفندي
١١- عبدالله آغا ابن إدريس آغا
١٢- حسبي ابوبكر أفندي
١٣- حاوي رسول أفندي
١٤- الحاج حسن أفندي
١٥- سيد محمد حلمي أفندي
١٦- حاكم خانه بگ
١٧- حمدي ملا محمد امين





١٨- خاكي عمر أفندي
١٩- ملا مختار أفندي
٢٠- كاتب فارسي ميرزا محمد دبير
٢١- ملا خليل
٢٢- عبداللطيف آغا حفيد اسماعيل كهيه
٢٣- محمد أفندي كاتب الديوان
٢٤- سيد علي البندنيجي
٢٥- صالح أفندي السعدي
٢٦- سلوم چلبي
٢٧- باغر زاده الحاج عمر أفندي
٢٨- سليمان بك فخري زاده
٢٩- الحاجي محمد أفندي
٣٠- السيد أحمد أفندي
٣١- شوكت محمد سعيد آغا
٣٢- عيسى أفندي البندنيجي
٣٣- مصطفى أفندي النعلبند
٣٤- صالح أفندي كاتب الباب الكردي نجل رستم آغا
٣٥- ملا مصطفى صافي
٣٦- يعقوب أفندي
٣٧- ولي أفندي
٣٨- طفلي محمود
٣٩- الحاجي عبدالله آغا
٤٠- ملا علي كاتب نظام
٤١- عناية الله آغا
٤٢- محمد عارف آغا
٤٣- السيد محمد أفندي
٤٤- عثمان آغا
٤٥- عاطف حاجي أحمد آغا

٤٦- غريبي يوسف أفندي
٤٧- فضل الله أفندي كاتب الديوان
٤٨- فوزي محمد أمين أفندي نجل علي افندي عرضحالچي
٤٩- فوزي محمود أفندي
٥٠- قبولى احمد أفندي
٥١- ملا عبدالله بن مولود الاربلي
٥٢- حسين كامي أفندي
٥٣- كاتب ملا الياس
٥٤- لطف الله أفندي كاتب الديوان نجل ولى أفندي
٥٥- مكتوبى لطف الله أفندي نجل نائب ابوبكر
٥٦- مكى اسماعيل أفندي
٥٧- عمر أفندي نجل شيخ نظامي
٥٨- عبدالله أفندي نامي
٥٩- ابراهيم بگ
٦٠- احمد آغا مملوك داود پاشا
٦١- اوسته صالح النجار
٦٢- ملا علي نصرت أفندي عرضحالچي
٦٣- نارى محمد أفندي
٦٤- واثق محمد أفندي كاتب ينكچريه
٦٥- وجهي عبدالله أفندي
٦٦- اسحاق أفندي
٦٧- الحاجي ولي أفندي
٦٨- كتخدا احمد پاشا
٦٩- يسرى اسماعيل آغا

**ناوەڕۆکی کتێبەکە بەگوێرەی دەقە عەرەبییەکە**

١- عبدالقادر أفندي الخطيبي
٢- ترجمة المرحوم داود پاشا





٣- أسعد أفندي
٤- احمد پاشا الموصلي
٥- آصف زادة محمد صالح أفندي
٦- خليل أفندي البصيري
٧- بدري مصطفى أفندي نجل كركوكي علي أفندي
٨- نائب أفندي الملقب بملتقى الابحر
٩- ثاقب خضر أفندي نجل ملا يعقوب الماهوني
١٠- حاوي رسول أفندي نجل منلا يعقوب الماهوني اصلاً وكركوكي وطناً
١١- منلا مختار أفندي خطيب قرية شهربان نجل فتحي أفندي
١٢- ميرزه محمد كاتب الفارسية
١٣- عبداللطيف آغا نجل أحمد آغا نجل اسماعيل كهيه
١٤- محمد أفندي نجل المرحوم لطف الله أفندي
١٥- السيد علي البندنيجي
١٦- صالح أفندي السعدي نجل المرحوم سلام آغاسي يحيى أفندي
١٧- الحاج عمر أفندي باقر زاده
١٨- فخر زاده سليمان بيك
١٩- أحمد افندي نجل السيد عبدالله
٢٠- صفائي أفندي
٢١- ولي أفندي الطيبي نجل الحاج عمر آغا
٢٢- علي أفندي ظلمي نجل الحاج حسن أفندي
٢٣- عناية الله آغا نجل أحمد أفندي القبولي
٢٤- محمد أمين فوزي نجل عرضحالچي علي أفندي
٢٥- محمد امين فوزي
٢٦- لطفي أفندي نجل كركوكي نائب أبوبكر أفندي
٢٧- مكى اسماعيل أفندي
٢٨- موسى أفندي البندنيجي نجل الشيخ جعفر
٢٩- مائل أفندي أربيلي عبدي أفندي نجل گول حسن زاده
٣٠- مفتي أبوبكر أفندي نجل كركوكي اسماعيل أفندي

٣١- نائل عمر أفندي نجل ولي أفندي طيبي
٣٢- نامي عبدالله أفندي
٣٣- ابراهيم نجيب
٣٤- صالح النجار نجل ابراهيم
٣٥- علي أفندي العرضحالچي نجل عبدالله
٣٦- اسماعيل آغا اليسرى نجل ملا عمر الحمامچي
٣٧- أحمد آغا مملوك المرحوم داود پاشا
٣٨- عبدالله آغا المخلص نجل محمود آغا الكروي
٣٩- عارف آغا نجل المرحوم عبدالله أفندي
٤٠- الحاج عبدالله ظاهري نجل المرحوم سليمان آغا
٤١- لطف الله نجل ولي أفندي
٤٢- صافي مصطفى خروس أفندي نجل أمين البيطار
٤٣- الحاج حسن أفندي حسني نجل بكر أفندي حسني
٤٤- عمر أفندي الكركوكي نجل قاسم أفندي
٤٥- شوكت محمد سعيد آغا نجل عبدالوهاب آغا
٤٦- صالح أفندي الكردي نجل رستم آغا
٤٧- يعقوب أفندي الصياني نجل حاوي الرسول أفندي
٤٨- كاتب ديوان فضل الله أفندي نجل المرحوم ولي أفندي
٤٩- عاطف الحاج أحمد آغا نجل كاتب الكمرك الحاج صالح آغا كريم العين
٥٠- غريبي أفندي يوسف أفندي نجل خليل الچبوقچي الأربلي
٥١- الحاج علي أفندي السويدي المحدث نجل المرحوم محمد سعيد أفندي السويدي
٥٢- الحاج أسعد أفندي الحيدري
٥٣- أحمد أفندي المدرس بمدرسة سليمان پاشا

**بەراوردێک:**

پاش ئەوەی بەگەشتێک بەناو ئەم گەنجینەدا شاد بووم، وتم: با بەراوردێکی لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەدا بکەم بزانم چۆن کراوە بەعەرەبی؟ پاش هەڵسەنگاندن و ئەمدیو و ئەودیوکردنی دەقە عەرەبیەکە و بەراووردکردنی لەتەک دەقە تورکییەکەدا کۆمەڵێک





جیاوازیی جێگەی سەرنج و پرسیار دەرکەوتن. کە بەکورتی لەم خاڵانەدا جێیان دەکەمەوە:

یەکەم: دەقە عەرەبییەکە زۆر کورت و کورتکراوەیە و، چواریەکی دەقە تورکییەکە ئەگەر ببێ.

دووەم: کۆمەڵێک ناوی زانا و ئەدیب و شاعیر لە دەقە تورکیەکەدا هەن کەچی لە دەقە عەرەبییەکەدا نابینرێن.

سێیەم: هەروەها کۆمەڵێک ناو لە دەقە عەرەبییەکەدا هەن لە دەقە تورکییەکەدا نەبوون.

چوارەم: دەقە تورکییەکە ناوی ٦٩ ئەدیب و شاعیری تێدایە، بەڵام دەقە عەرەبییەکە ناوی ٥٣ کەسی تێدایە(٥).

پێنجەم: زنجیرەی ناوەکان لە دەقە عەرەبییەکەدا وەک زنجیرەی دەقە تورکییەکە نییە(٦).

هەوڵ دەدەین لێرەدا زیادەی ناوەکانی هەردوولا بەرو دوا بخەینە ڕوو.

**زیادەی دەقە تورکییەکە:**

١- ابوبكر أفندي
٢- تقي الدين افندي قاضي بغداد.
٣- عبدالله آغا ابن ادريس آغا
٤- حسبي ابوبكر أفندي
٥- الحاج حسن افندي
٦- سيد محمد حلمي افندي
٧- حمدي ملا محمد امين
٨- خاكي عمر أفندي
٩- ملا خليل
١٠- سلوم چلبي

(٥) جگە لەمەیش دەقی تەرجەمەی ژیان و مێژووی ناوی ئەو کەسانەی ناویان هاتووە، لە دەقە تورکییەکەدا زۆر بەدرێژیی هاتوون، کەچی لە دەقە عەرەبییەکەدا وا نییە، وا ئەبێ بەشی تەرجەمەی شاعیرێک لە تورکییەکەدا دوو سێ لاپەڕەیە، بەڵام لە عەرەبییەکەدا بەدوو سێ دێڕ لێی بووەتەوە.

(٦) لەوانەیشە تیکەڵاوبوون لەناو ناو و نازناوەکاندا ڕوویدابێت و، زەلامێک بووبێت بەدووان و، دووان بووبن بەیەکێک.

١١- الحاج محمد أفندي
١٢- عيسى أفندي البندنيجي
١٣- مصطفى افندي النعلبند
١٤- طفلي محمود
١٥- ملا علي كاتب نظام
١٦- السيد محمد أفندي
١٧- عثمان آغا
١٨- فوزي محمود أفندي
١٩- ملا عبدالله بن مولود الاربلي
٢٠- حسين كامي أفندي
٢١- كاتب ملا الياس
٢٢- ناري محمد أفندي
٢٣- واثق محمد أفندي كاتب ينكچريه.
٢٤- وجهي عبدالله أفندي
٢٥- اسحاق أفندي
٢٦- كتخدا أحمد پاشا

**زیادەی نوسخە عەرەبییەکە:**

١- عبدالقادر افندي الخطيبي
٢- صفائي افندي
٣- علي أفندي ظلمي نجل الحاج حسن أفندي
٤- محمد امين فوزي.
٥- موسى افندي البندنيجي نجل الشيخ جعفر
٦- مائل أفندي اربيلي عبدي أفندي نجل گول حسن زاده
٧- مفتي ابوبكر أفندي نجل كركوكي اسماعيل افندي
٨- نائل عمر أفندي نجل ولي أفندي طيبي.
٩- الحاج حسن أفندي حسني نجل بكر أفندي حسني
١٠- الحاج علي أفندي السويدي المحدث نجل المرحوم محمد سعيد أفندي السويدي





١١- الحاج أسعد أفندي الحيدري

ئەم جیاوازییانە چۆن پەیدا بوون؟

خوێنەر یان لێکۆڵەرەوە کە لە بەراوردکردن و سەرنجدانی ئەم دوو دەقە دەبێتەوە، گومانی بۆ ئەوە دەچێت کە هەریەکەیان دانراوی یەکێک بێت؛ چونکە جیاوازییەکان ئەوەندە زۆرن لەوانە نییە بەوەرگێڕان وایان لێ بێت. جا ئەگەر بڵێین هەردووکیان هەر یەکێکن و دەقە عەرەبییەکە تەرجەمەی تورکییەکەیە ئەمە چۆن پەیدابووە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گەلێ شت بەبیری بیرکەرەوە لەم کارەدا دێت، لەوانە:

لەوانەیە دانەر دوو موسوەدەی بووبێت و یەکێکیان لای خۆی نەمابێت و دەست یەکێک کەوتبێت و تەرجەمەی کردبێت. یان هەر دانەر خۆی دوای موسوەدەی یەکەم پاکنووسی کردبێت و هەر خۆی کەم و زیادی تێدا کردبێت. یان زەلامێک هاتبێت بەئارەزووی خۆی – کە ئەمەیش ڕەوا نییە – ئەم کەم و زیاد و گۆڕینەی کردبێت. لەوانەیە ئەگەر موسوەدەکەی دانەرمان دەست بکەوتایەت شتێکمان لە وەڵامی ئەم (یا) و (ئایا)نە دەست بکەوتایەت.

هەر چۆن هەیە چاوەڕوان دەبین بەڵکو بەدۆزینەوەی دەقێکی دی عەرەبییەکە، یان هەر زانیارییەکی دی کە لەم بارانەوە چنگ بکەوێ، ڕووی دروستی ئەم باسە بدۆزرێتەوە!

سەرەتای دەستخەتی (تذکرة الأدباء)





## (صاحیب)ش شاعیرێکی نەناسراوی کوردە

### ٤٥٧

دەستخەتی ژمارە (٦٨٨٤ د.ع) دیوانێکی نایابی جوان نووسراوەی لەخۆ گرتووە. لە سەرەتاوە ناتەواو دیارە و لەسەر لاپەڕەی دووەمی نووسراوە (تألیف کتاب الثاني من دیوان صاحب ردیف خواجة شیراز، رحمه الله). سەرەتاکەی وەک (ساقی نامە)کەی حافظ وایە. بەگوێرەی ئەوەی یەکێک لەسەر دیوانەکەی نووسیوە، بەبێ ساقی نامە و روباعییات و، تەرجیعبەند و عەرەبی و... ٣٦١ غەزەلە.

مامۆستا محەمەدی عویوونی بەرزنجی ساڵی ١٢٥٧ بەخەتە جوانەکەی خۆی نووسیویەتیەوە.

مامۆستا صاحیب خۆیشی وا دیارە هەر لەو ساڵەدا دیوانەکەی تەواوکردووە، کە سەردەمی خەلافەتی سوڵتان عەبدولمەجید و فەرمانڕەوایی عەلی ڕەزا پاشا بەسەر بەغداوە بووە.

لە دیوانەکەوە شتێکمان لەبارەی ژیانی مامۆستا صاحیب یان بنەچە و ڕەگەزییەوە دەست ناکەوێت، بەڵام خۆشبەختانە یەکێک - کە نازانین کێیە و خودا پاداشی بداتەوە - نووسیویە:

ناوی دانەری کتێبی دیوانی صاحیب: عەبدوڕەحمان ئاغای دزەیی، کوڕی حەوێز ئاغای، کوڕی حەمزەئاغای، کوڕی حاجی ئاغای، کوڕی عەبدولقادر ئاغای، کوڕی حاجی ئاغای گەورەی، کوڕی زەینەدینی میر ئاخوڕی سوڵتان موڕادی دووەمە.

ئەم دیوانەیش کە تائێستە لە کوولەکەی تەڕیشدا ناوی نەهاتووە و، مێژووی ئەدەبی کوردی هەواڵێکی لە خۆی و خاوەنەکەی نییە، بەڵگەیەکی دیکەی ئەوەیە کە هەرگیز ناتوانین بزانین چیمان لە سامانی کەلەپووری ئەدەبیی و نەتەوایەتیمان لەناوچووە.

بەداخەوە لەم دیوانەوە جگە لەوەی کە شوێنەواری مامۆستا و شاعیرێکی کوردمان دەست دەکەوێت، لە دیوانەکەوە هیچ هەواڵ و بەسەرهات و. مێژووی ڕووداوێ یان ڕووداوگەلێک نابینین کە لێرەدا بیکەین بەدیاریی دەستمان و پێشکەشی خوێندەوارانی بکەین.

دیوانەکە وەک لە سەرەتاوە نووسیمان ٣٦١ غەزەلی تێدایە، کە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردیی بایەخێکی ئەوتۆیان نییە.

ئەوەی لێرەدا بەسوودە ئەوەیە شاعیرێکی کورد بەمێژووی ئەدەبی کوردی دەناسێنین و هیوابڕاوی ئەوەیش نین کە شیعری کوردی، یان دیوانی کوردی، ئەم شاعیرەیشمان دەست بکەوێت، چونکە نووسەرەوەی دیوانە فارسییەکەی لە سەرەتاوە نووسیویە (کتاب الثانی) و لەمەیشەوە گومانی زۆرمان بۆ ئەوە دەچێت کیتابی یەکەم دیوانی کوردی شاعیرمان (صاحیب) بێت و، ئەو کاتەیش ماوە و مەودای لێکۆڵینەوەی شیعری کوردی شاعیرمان لە دەستدا دەبێت و، دەتوانین بزانین شاعیر لە چ پلەیەکی شیعرییدا بووە و توانای شیعریی تا چەند بووە.

## دەستخەتێکی دیکەی مامۆستا عەزاوی

٤٥٨

لە کاتی لێکۆڵینەوەی کتێبی (شهرزور – السلیمانیة)ی خوالێخۆشبوو عەباس عەزاویدا گەلێ بەشوێن شوێنەوار و دانراوەکانی ئەم مامۆستادا گەڕام و، بەگوێرەی توانا هەوڵی باشم بۆ کۆکردنەوەی ناو و شوێنیان و زانینی هەر زانیارییەک دەربارەیان دا. ئەو کاتە دوای ئەو هەوڵ و کۆششە گوتم: لەوانەیە گەلێ شتی دیکەی ئەم مامۆستا لەناوچوونی، یان مابن و بەڵام دوورەدەست و لە شوێنی نەزانراودا مابنەوە.

هەر لەو نووسینانەدا کە دەربارەی ئەم مامۆستا بەڕێزە نووسیم ئاماژەم بۆ باسێک کرد کە مامۆستا عەزاویی خۆی ناوی هێناوە و، منیش بۆی گەڕام و لەناو دانراوەکانیدا نەمدۆزییەوە، باسەکە لەسەر مامۆستای مەزنی کورد شێخ عەبدوڕەحمانی ئیبنولخەیاتی قەرەداغییە.

ئێستەیش هەر عەودالی دوای ئەم باسەم و، لەم ڕۆژانەدا سەرم لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق دا بەڵکو سۆراخی شتێک بکەم. لێپرسراوی بەشی دەستخەتەکانی ئەو کتێبخانە گوتی: هەندێک (مسودە) و شتی عەزاویی هەیە لەناو تۆمارکراوەکاندا ناویان نییە، تەماشایەکیان بکە. بەڵێ یەک دوو کیس پەڕەپەڕە و (مسودە)ی خستە بەردەستم. بەشی زۆریان لەسەر تیرە کوردەکان و شوێن و سەرۆکەکانیان و، بەشێکی باشیشیان لەسەر تیرەکانی جافن.

لەناو ئەو پەڕەپەڕانەدا دەفتەرێک سەرنجی ڕاکێشام، لەسەر بەرگی یەکەمی نووسراوە (کردستان – الثانی) ژمارە (٩)ی دراوەتێ.





ئەم دەفتەرە تێکڕا بەخەتی خوالێخۆشبوو عەزاویی خۆیەتی. کاتی خۆی – نازانم چۆن و لەگەڵ چی دیکەدا – کەوتووەتە کۆڕی زانیاریی کورد و، دەفتەرەکە لە چەند جێگەدا بەمۆری:

«کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد
مكتبة المجمع العلمي الكردي»

مۆرکراوە، سەرەتاکەی ناتەواوە و، باس لە مێژووگەلێک دەکات کە لە دەفتەری- یان دەفتەرانی – پێشوودا لەسەری نووسیون. ئەم دەفتەرە (٢٧) لاپەڕەیە و باسی (ماهی دەشت) و فەرمانڕەوایانی (سوبدی) کە دەیانگێڕێتەوە بۆ بەرمەکییەکان و، فەرمانڕەوایانی عیمادییە و فەرمانڕەوایانی لوڕ، دەکات.

دیارە ئەم دەفتەرەیش بەشێکە لە ڕەنجێکی دیکەی ئەم مامۆستا بەڕێزە کە دەربارەی مێژووی گەلی کورد داویەتی و، دوور نییە هەر نۆ دەفتەرەکە –پێکەوە- کتێبێک بووبن لەو باسەدا، بەڵام پێش ئەوە دەستی دڵسۆزێکیان بگاتێ، یان هەر لە کتێبخانەی کۆڕدا دەستیان تێخرابێت و پەرتەوازە بووبن و زۆریان لەناوچووبن، یان مابن و لەملاو لەولا دوورەدەست بن و، دەبێ چاوەڕوان بین بزانین چییان بەسەر دێت و، هەروەها دەبێ چاوەڕوانی زیاتریش لە بەرهەمەکانی ئەم مامۆستا مەزنە بین بەڵکو لەمەولا بدۆزرێنەوە و بیووژێنرێنەوە.

دیارە لە هەلێکی وادا ناکرێ لە ناوەڕۆکی ئەم دەفتەرە بەگشتیی بدوێین و هەمووی بنووسینەوە، بەڵام لە باسی لوڕ و میرانی لوڕدا شتێکی تێدایە دەکرێ لێرەدا ئەم بابەتەی پێ برازێنینەوە.

**سەگێکی بەوەفا:**

لەمەوپێش زۆر لەسەر سەگ نووسراوە و، ئێستەیش لە وڵاتانی دەرەوە بایەخێکی زۆر بەسەگ دەدرێت و، زۆر خەرج و دەرامەتیان لەسەر بەکار دەبرێت و، گەلێ جار –لە هەندێ شوێندا– خەرج و دەرامەتی سەگێک لە خەرج و دەرامەتی دانراو بۆ زەلامێک –یان چەند زەلامێک–ی وڵاتانی دیکە زیاترە و، ئەو بایەخەی بەسەگەل دەدرێت بەگەلێ مرۆڤ نادرێت! ئێمە نامانەوێ لەسەر ئەم بابەتە بڕۆین، تەنیا ئەوەندە هەیە لەو دەستخەتەی مامۆستا عەزاویدا هەڵوێستێکی سەگێکم خوێندەوە کە جێگەی سەرنجە و، شیاوی ئەوەیە – ئەگەر لە سەگنامەیشدا نەبێ – لەسەر لاپەڕەی وەفا و زیرەکیی و خزمەتگوزاری تۆمار

بکرێت، ئەمەیش ڕووداوەکە:

یەکێک لە سەردارەکانی لوڕ کە ناوی ئەبولحەسەنی (فضلوی) دەبێ کوڕێکی دەبێ ناوی عەلی دەبێ، ڕۆژێ دەچێ بۆ ڕاو، سەگێکی دەبێ زۆری خۆش دەوێ[١] لەگەڵی دەچێ بۆ ڕاو. کۆمەڵێک چەتە و ڕێگر ڕێگە لە عەلی دەگرن و، عەلی شەڕیان لەتەکدا دەکات، تا ئەنجام بەسەختی بریندراری دەکەن. بەبۆنەی ئەوەوە برینەکانی سەخت دەبن، عەلی لە هۆشی خۆی دەچێت و، چەتەکان وا دەزانن مردووە. بۆیە فڕێی دەدەنە ئەشکەوتێک و بەجێی دێڵن.

سەگەکەی عەلی چاوی لەم کارەساتە دەبێت و، بەوردیی سەرنجی هەمووی دەدات، تا ئەنجام شوێنی تاقمە چەتەکە هەڵدەگرێت و شوێنیان دەکەوێت، شەو کاتێ هەموو چەتەکان خەوتوون دەچێتە سەر ماڵی سەرۆکەکەیان و، لە خەودا دەیدۆزێتەوە و، هەردوو گونی[٢]

(١) دیارە لە کۆنەوە سەگ لە لادێ و ژیانی گوندنیشیناندا کاریگەرییێکی گەورەی هەبووە و، ئەو سەگەیش بەدەردی کاری ئەوانی خواردبێت و، بەدەم ئیش و کاریانەوە بووبێت جێگەی بایەخی تایبەتی بووە و، گەلێ خزمەتی شیاوی کراوە. لە وتارێکدا بەزمانی عەرەبی ٢٠ساڵێک لەمەوبەر باسی ئەوەم نووسی کە گەنجێک لەوانەی سەگیان پەروەردە دەکرد بۆ ڕاو و شکار و، بەتایبەتی بۆ ڕاوە بەراز، سەگێکی چاکی دەبێ، ڕۆژێ لە کاتی ڕاوە بەرازدا یەکانەیەک شفرەیەک دەدا لە سکی سەگەکەی، سکی دەدڕێ و ورگ و ڕیخۆڵەی دەخاتە سەر زەوی، گەنجەکەیش کە سەگەکەی زۆر خۆش دەوێت - دیارە کاری پێشتریشی دەبێت - دەرسیی و دەزووی پێ دەبێت، دەرسیی و دەزوو دەردێنێ و ورگ و ڕیخۆڵەی سەگەکە دەخاتەوە جێگەی خۆی و، بێ بەنج و ژووری عەمەلیات ورگی سەگەکەی دەدوورێتەوە و، دێنێ چەپەرەیەکی لە شێوەی (تابووت) لە دار بۆ دەتەنێ و لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بەچوارقۆڵیی دەیخەنە سەرشانیان و، لەناو قۆپییەوە دەیهێننەوە بۆ گوندی تەکیە! خەڵکی گوندیش کە بەزۆریی ماڵی گەنجێک و دووانیان لەناو ڕاوە بەرازکەردایە دەبینن وا لە دوورەوە دارە تەرمێک بەرەو دێ دێت، هەر یەکێکیان بیری بۆ ئەوە دەچێت کەسێکی دووچاری کارەساتێک بووبێت. کە دێنە پێشەوە دەبینن وا گەماڵەکەی... بەعەمەلیاتکراوی لەسەر دارە تەرمەکەیە!! دواییش سەگەکە چاک دەبێتەوە و لە جاران باشتر و بەقین و خەشمتریش لە بەرازان دەکەوێتەوە ڕاوکردن. (بڕوانە: العراق، العدد: ١١٨٩، ٢٤/١/١٩٨٠، تعقيب حول الصيد والألعاب في المنطقة الكردية).

(٢) دیارە ئەمەیش ڕەفتارێکی کۆنی سەگە بۆ بەربەرەکانی کردنی دوژمنانی. لەبیرمە لە منداڵیمدا گەلێ جار گوێم لێ بووە کە باسی سەگێکی خیرا و چەشی ڕاوە بەرازیان بکردایەت دەیانوت: سەگەکەی فلان بۆ هەل دەگەڕا تا بۆی ڕێدەکەوت فرسەتی دەهێنا و گونی بەرازەکەی دەگرت ئیتر تا نەیکوتایە بەزەویدا بەری نەدەدا.





دەردێنێ و، گونەکان دەگرێ بەدەمیەوە و، دەچێتەوە بۆ ماڵی عەلی. کاتێ دەست و پێوەند و کەسوکاری عەلی ئەمە دەبینن دەزانن کارەساتێک قەوماوە. گورج شوێن سەگەکەی عەلی دەکەون و دەڕۆن تا دەیانباتە ناو ئەشکەوتەکە و لای لاشەکەی عەلی! دەبینن عەلی زۆر پەرێشانە و بەئاستەم گیانی تێدا ماوە، هەڵی دەگرن دەیهێننەوە بۆ ماڵەوە، تیماری دەکەن پاش ماوەیەک چاک دەبێتەوە، بەڵام لەولاوە سەرۆکی ڕێگرەکان دوای گون دەرهاتنەکەی دەمرێ!

دەبێ لە کۆتایی ئەم باسە بچووکەوە ئەوە لە بیر نەکەم کە مامۆستا عەزاویی باسی سەرچاوەی ئەم نووسینانەی نەکردووە، گەڕامەوە بۆ شەرەفنامە دەبینم باسەکەی لەوێ وەرگرتووە و، دیارە لە فارسییەکەی وەرگرتووە و خۆی کردوویەتی بەعەرەبی و هەندێک هەڵەی تێداکردووە. ئەمەیش دەقەکە وەک لە شەرەفنامەدا هاتووە:

«ئەبولحەسەن کوڕێکی هەبوو ناوی عەلی بوو، ڕۆژێک چووبووە ڕاو، سەگێکیشی دەگەڵ خۆی بردبوو، تووشی هێندێک دز و چەتان هات و بوو بەشەڕیان و عەلی بریندار کرا و لە هۆش خۆی چوو. دزەکان نەیاندەزانی بووراوەتەوە. وایانزانی مردووە. لە لینگی نەوین و ڕەکێشیان کرد و لەناو ئەشکەوتێکدا ڕایانکێشا و بەجێیان هێشت. سەگەکە بەرەودوا کەوتە شوێن دزان و شوێنی ون نەکردن و دە نیوەشەودا کە دز دەخەودا بوون پەلاماری کابرای سەرتەریدەی دا و گازی لە باتوونی گرت و تا نەیکوشت بەری نەدا. ئەمجار بەهەڵەداوان ڕای کرد و خۆی بەماڵە عەلیدا کردەوە. نۆکەرانی عەلی کە سەگیان بەدەمی خوێناوییەوە دیت ترسان کە عەلی شتێکی بەسەرهاتبێ، سەگیان دایە پێش خۆیان و ڕاست بردنیە سەر ئەو ئەشکەوتەی کە عەلی تێدابوو. عەلییان بەبریندراری هێنایەوە و دەرمانیان کرد و لە مردن خەلەست و، لەپاش ئەو کارەساتەش گوایە ماوەیەکی زۆر هەر ماوە.»

ئەمە دەقی کوردی شەرەفنامە بوو. دەقە عەرەبییەکەیش نزیکە لەمەوە و، دیارە وەک گوتمان مامۆستا عەزاوی لە فارسییەکەوە کردوویە بەعەرەبی.

## شێخ محێدینی دووەمی گڵەزەردەیی

**٤٥٩**

برای بەڕێزم مامۆستا شێخ حسەینی بەرزنجەیی[١] بەوتارێک باسی شێخ محێدینی یەکەمی کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیی نووسیوە، بەڵام ئیشارەی بۆ ئەوە نەکردووە کە هەر لەو بنەماڵەیەدا زانایەکی دی هەیە بەهەمان ناو و، ئەمیش زانا و خاوەنی دانراوی نایابی بابەتی پزیشکی و دەرمانگەریی بووە.

خۆشبەختانە لە (د.ع)دا دوو دانراوی ئەم مامۆستام دۆزییەوە ناساندنیان بەکتێبخانەی کوردیی پەردە لادانە لەسەر لاپەڕەیەکی نەزانراوی مامۆستایەکی مەزنی کورد.

بەداخەوە لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا شتێکی وەهام دەربارەی ژیانی ئەم مامۆستا بەڕێزە دەست نەکەوت و، ئەوەی لە دانراوەکانییەوە وەردەگیرێن - کە بەخەتی خۆیین - ئەوەیە ئەم پیاوە کوڕەزای فەزلەدین شێخ عەبدوسەمەدی کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە - دەبێ کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدوصەمەد بێت -. ئەم مامۆستا مەزنە ساڵی ١٣١٦ک لە کەرکوکدا لە ژیاندا بووە، دوور نییە دانراوی دیکەیشی هەبووبێت بەڵام یان تێدا چوون، یان هێشتا لە دەستدا نین و دەبێ چاوەڕوان بین بەڵکو لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی شتی دیمان دەست بکەوێت.[٢]

١- کتێبی (دستورات) یان (مختصر التحفة) ئەم دانراوە لە باسی پزیشکیدایە و بەشی زۆری لە کتێبی (تحفة المؤمنین) وەرگرتووە و، کتێبەکە بریتییە لە دوو (فەصل) و (خاتمة)یەک.

فەصلی یەکەم: ناوی دەرمانەکان و قازانج و زیانیان و هەندێ دەرمان و بەکارهێنانیان، دەکات.

فەصلی دووەم: باسی دەرمانەکان و گرتنەوەیان و... بەکورتی، خاتیمەکەیش باسی کێش و پێوانەی گەورە و بچووک و جیاوازییەکانیان، دەکات.

ئەم کتێبە ١٠٢٤ لاپەڕەی قەوارە بچووکە و ئەندازەکەی (١٦×١٠) هەمووی بەخەتی دانەرەکەیەتی و لە کۆتاییدا نووسیویە:

---

(١) بڕوانە: حسەین بەرزنجی، شێخ محی الدینی کەرکووکی بەیان، ژمارە: ١٩، ١٩٧٤.

(٢) الرسالة الاشرافیة، دانراوی شێخ مەحموودی شۆڕیجە، (٣٨٦١٦ د.ع).





«لله الحمد جملة وتفصیلا، وله الشکر بکرة وأصیلا، که بإعانة أو بوجه اختصار قسم اول از دستورات (تحفة المؤمنین) ما تشخیص، چهارم و پنجم در حیز تحریر آوردیم، اوهمه ء کتابرا در دست این داعی گلەزردی محی الدین حفید فضل الدین شیخ عبدالصمد رحمهم الله در سنهء هزار و سیصد و سیازده نهم ماه شوال کتابت گردید واتمام ورزید...»

ئەم دەستخەتە بەژمارە (٥٩٤٧) لە (د.ع)دا پارێزراوە.

٢- جامع الحکمة: ئەمەیش کتێبێکی دیکەی مامۆستای گڵەزەردەیی بەخەتی خۆیەتی و، ئەمیش هەر بەزمانی فارسییە.

لە سەرەتادا دەڵێت: ئەم کتێبە بریتییە لە پێشەکییەک و دوو (باب) و یەک (خاتمة).

پێشەکییەکەی باسی ئەو شتانە دەکات کە پێویستن بۆ پاراستنی لەش و تەندروستی.

بابی یەکەم: باسی ناوی دەرمانەکان و چی پێوەندیی بەوانەوە هەیە لە زیان و قازانج و... دەکات

بابی دووەم: باسی نەخۆشییەکان و، ناوەکانیان و، وەسفەکانیان و، شێوەی چارەسەرکردنیان... دەکات.

کۆتایی (خاتمة)ی کتێبەکە باسی زەهر و شێوەکانی و بەرگریکردن لە زیانیان... دەکات.

ئەم کتێبە ساڵی ١٣١٦ تەواو بووە و، تێکڕا (٨٢٤) لاپەڕەی (١٦×١٠)ە و، هەمووی بەخەتی مامۆستای دانەریەتی. بەژمارە (٥٩٤٨ د.ص) پارێزراوە.

هەر لە پێوەندیی بەشێخانی گڵەزەردە و مامۆستای گڵەزەردەییەوە دوو دەستخەتی دیکەم لە (د.ع)دا دی ئاماژە بۆ کردنیان لێرەدا بێ سوود نییە.

یەکەمیان کتێبی (الاعلام بقواطع الاسلام)ی ئیبنوحەجەرە و لە کۆتاییدا نووسراوە:

لە کۆتایی مانگی «محرم الحرام في قصبة کرکوك سنة ١١٨٨. نمقه الحقیر الفقیر المحتاج الی عفو الملك القدیر أحمد ابن سید عبدالجبار ابن سید شیخ حسن الگله زردەء لأجل شیخي واستادي عمي الاکرم السید شیخ محي الدین ابن سید شیخ حسن المذکور...»

ئەم دەستخەتە بەژمارە (٢٨٨٣٨) پارێزراوە و (١٤٠) لاپەڕەی قەوارە ناوەنجییە.

دووەمیان: کتێبی (ترغیب المشتاق في أحکام الطلاق)ی (عبدالمعطي السملاوي)یە. کە لە کۆتاییەوە نووسراوە:

«... على انامل الحقير العلوي الحزين راجي نصرة ربه المعين. حفيد فضل الدين الگلە زردي محي الدين في سنة ١٣٢٩ من هجرة النبوية).

ئەم کتێبە ٨٩ لاپەڕەیە و بەژمارە (٩٤٨٣) پارێزراوە.

## (زوبدەی عەقیدە)م خوێندەوە[*]

## ٤٦٠

ماوەیەکی زۆرە شەیدای شیعر و بەرهەمی شاعیری نەمر (مەولەویی)م و دەمێکیش گەڕاوم و هەوڵم داوە چی دەربارەی ئەم مامۆستا نەمرە مابێ و لەملاو لەولاو لای ئەم و ئەو چنگ بکەوێت دەستی بخەم و بیخەمە سەر خەرمانی بەبەرەکەت و پێزی مەولەویی و، خۆشبەختانەیش لەم ڕێگەدا تا ئەندازێکی باش سەرکەوتوو بووم و ڕەنجم بێهوودە نەبووە و، بەدەستی خاڵییەوە نەگەڕاومەتەوە و، وردە -وردە بەری ئەو کۆششەم - بەگوێرەی دەرفەت و بۆ لوان - بەنامیلکە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە و، توانیومە خزمەتێکی کەمی شوێنەواری ئەم زانا مەزنە بکەم[1].

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە مەولەویی لە زۆر لە شاعیرانی کورد بەختەوەرتر بووە و، لە زۆریان زیاتر ڕەنجی بۆ دراوە و، لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی نووسراوە و کراوە - هێشتا بەرهەمەکانی - ئەوانەیشیان کە لە لەناوچوون ڕزگار بوون -وەک پێویست- بۆیان نەکراوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و چاپ و بڵاو بکرێنەوە و، جێگەی خۆیان لە کتێبخانەی کوردیدا بگرن.

لەم ماوەدا ڕێگەم کەوتەوە سلێمانی و چاوم بەبڵاوبوونەوەی بەرهەمێکی دی مەولەویی -بۆ یەکەمجار- ڕوون بووەوە و، هیوا و ئاواتێکی دیم هاتە دی. چونکە لە وتارێکمدا کە

(*) لەژمارە (١٠)ی (پەیڤین)دا بڵاوبوەتەوە.

(١) بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەمجار نامیلکەی (عەقیدەی مەولەویی)م بڵاوکردەوە و، ساڵی ١٩٩٣ بەلێکۆڵینەوەیەکی نوێوە لە ژمارە ١٣٠ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا هەمان نامیلکەم بڵاوکردەوە. هەروەها لە ژمارە ٦ی گۆڤاری کوڕی زانیارییدا وتارێکم بەناونیشانی شارۆیەک لە باخچەی ئەدەبی مەولەویدا بڵاوکردەوە. جێگەی شانازیشمە یەکەم بابەتی پێوەندیدار بەکوردەوە کە لە گۆڤاری (الادب الاسلامي)دا بڵاوبووەوە وتارێکی نووسەری ئەم چەند دێڕە بوو بە ناونیشانی (عبدالرحيم المولوي شاعر العقيدة والطبيعة والتصوف). ئەمە جگە لە چەندین وتار و پارچە شیعری بڵاونەکراوەی کە بۆ یەکەمجار بڵاوم کردوونەتەوە.





لەسەر ئەم کتێبە نووسیومە و لە بەرگی دووەمی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە)یشدا بڵاوبووەتەوە، لە کۆتاییەوە نووسیومە:

«... کە ئەمە زانرا جێگەی خۆیەتی هەوڵی لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەیش بدرێت و، ڕەوانی مەولەویی نەمر بەبووژاندنەوەی ئەم بەرهەمەیش جارێکی دیکە شاد ببێتەوە و، موسوڵمانانی کوردیش سەرچاوەیەکی دیکە و، عەقیدە و باوەڕی خۆیان بەزمانی خۆیان و، بەشێوەیەکی سادە و، لە دەم و زمانی زانایەکی خوداناسی پیرۆزی مەزنی گەلەکەی خۆیانەوە لە دەستدا بێت»[2].

جێگەی شادمانییە بایەخێکی باش بەبڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە دراوە و، -دیارە- خەرجێکی باشیشی بۆ فەراهەم کراوە و، یەکەم کاری چاک لە بڵاوکردنەوەکەیدا ئەوەیە کە وێنەی تەواوی دەستخەتەکە لاپەڕە بەلاپەڕە لە بەرانبەری دەقە ساغکراوەکەدا -یان دەقە دووبارە نووسراوەکەدا- بڵاوکراوەتەوە و، ئەمە دووەم کاری تەواوی لەم شێوەیە من دیبێتم[3].

کە کتێبەکەم دی هەرچەند لە سەفەردا بووم و سەرقاڵی دیدەنیی خزمان و میوان و هاتوچۆ بووم و، دووریش لە کتێبخانەی خۆم و سەرچاوەکانی لای خۆم بووم... وتم: با چاوێک بەم کارە تازەدا بخشێنم و بزانم چی بۆ ئەم بەرهەمە نوێیەی مەولەویی کراوە؟[4]

وابزانم ئەو هەلەی بۆ مامۆستا حەمە ساڵحی مامۆستای گەلاڵە ڕەخساوە کە ئەرکی ساغکردنەوەی ئەم کتێبەی مەولەویی گرتۆتە ئەستۆی و پێشی سپێراوە، تا ئێستە بۆ هیچ

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو ل: ٣٧٨.

(٣) یەکەم کاری ئەم شێوە من دیومە کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمینی مەردۆخییە کە مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی دوای کۆششی ١٠ ساڵ تیایدا لە بەرگێکی قەشەنگدا لە لەندەن بڵاوی کردووەتەوە و، منیش وتارێکم لەسەر نووسیوە، لە بەرگی پێنجەمی ئەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە.
کە باسی ئەم کارە دەکەم و من نەمکردووە لەبەر بێ دەرامەتی و دەست نەڕۆیین بووە، کە نەمکردووە، ئەگینا بڕوا ناکەم نووسەرێکی دیکەی کورد بەقەدەر من هەوڵی دابێت لە ڕێگەی وێنەی دەستخەت و بەڵگەنامەوە ڕاستی دەقی بڵاوکراوە دەربخات و، بۆ یەکەمجاریش کە نامیلکەی عەقیدەی مەولەویم لە ڕێگەی کۆڕی زانیاریی کوردەوە، بڵاوکردەوە دەقی دەستخەتەکەم لەگەڵ ساغکردنەوەکەی خۆمدا پێشکەش کرد، بەڵام دەستخەتەکەیان بزر کردم و ئێستەیش و ئەوسایش نەمدییەوە.

(٤) بڕوانە: عەقیدەی مەرضیە دانانی سەید عەبدوڕەحیمی مەولەویی، شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس. ١٤٠٧هـ - ١٩٨٨ز، چاپخانەی (الخلود) بەغدا. ل: ١١.

لێکۆڵەرەوە و نووسەرێکی کورد نەگونجاوە. ئەمەیش لە دوو لاوە:

یەکەم: ئەو دەق و دەستخەتەی دەستی کەوتووە دەستخەتێکی پوختی جوانی دروستی بێ هەڵەی لەبەر دەستخەتی مەولەویدا نووسراوەی زەلامێکی دڵسۆزی بەتەنگی کارەکەوەی هاتوو... بووە و، زیاد لەوەیش -وەک قورئان بنووسرێتەوە- سەر و بۆری بۆ هەموو وشەکانی کردووە و، دەستخەتەکەی وەک پاروویەکی چەوری بێ گرێ و قورت داوەتە دەست ئەو کەسەی بیەوێ بینووسێتەوە.

دووەم: دەقی تەواوی ئەم کتێبە بەیت بەبەیت بەڕاڤە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەوە لە کارە شاکارەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا «خودا لێی خۆش بێت» بەڕێنووسێکی ڕاست و دروست و پوختەوە نووسراوەتەوە.

بەڵام -بەداخەوە- مامۆستا حەمە ساڵح ئەم هەلە زێڕینەی لە کیسی خۆی و کتێبخانەی کوردیی داوە و، کارەکەی نا بەکام و، ڕەنجەکەی نافەرجام بووە و، کتێبەکەی بەکۆمەڵێ هەڵەی جۆراوجۆرەوە بڵاوکردووەتەوە و، من لەم کاتەدا ماوەی ئەوەم نییە هەموو هەڵەکان تۆمار بکەم و، خوێنەرەوەی بەڕێزیش دەتوانێ بەبەراوردکردنێکی کارەکەی مامۆستا حەمە ساڵح لەتەک دەقی عەقیدە مەرضییەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمدا بگاتە ئەو ئەنجامەی ئاماژەمان بۆ کردووە.

بۆیە لێرەدا من بەنموونە هێنانەوە لەو هەڵانە دەسبەردار دەبم، بەهیوای ئەوەی جارێکی دی ئەم کتێبە وەک شیاویەتی -بەدروستیی- بنووسرێتەوە و چاپ بکرێتەوە.

**ڕێنووسی کتێبەکە:**

دەکرێ مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە بەدوو خاڵی سەرەکی کورت بکرێتەوە:

یەکەم: زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی دەقێکی کەلەپووری.

دووەم: بڵاوکردنەوەی سەرچاوەیەکی ئایینی بۆ موسڵمانانی کورد.

بۆ خاڵی یەکەم دەڵێین: ڕێبازێکی جیهانی تایبەتی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دەقی کۆن کە پوختەکەی ئەوەیە: دەبێ لێکۆڵەرەوە هەوڵ بدات دەقەکە وەک چۆن دانەرەکەی دایناوە و نووسیویەتی، ئەمیش وەها بینووسێتەوە و بڵاوی بکاتەوە. تەنانەت ئەگەر هەڵە لە دەقەکەدا هەبوو بەهەڵەکەوە بینووسێتەوە و، لە پەراوێزەوە -بەبەڵگەوە- ڕاستەکەی دیاریی بکات.

جا لەم حاڵەتانەیشدا ئەگەر دەقی دەستخەتی دانەر خۆی یان دەقێکی وەها





پێداچوونەوەی خۆی بەسەرەوە بوو، یا لەبەر دەستخەتی دانەر نووسرابووەوە.. ئەوە لێکۆڵەرەوە لە عاستی دەقێکدا کار دەکات بۆی نییە بەهیچ کلۆجێک لێی لابدات و، دەبێ کوتومت وەک خۆی بینووسێتەوە. بەڵام مامۆستا حەمە ساڵح هاتووە - بەبیانووی هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی ئێستەوە - بژاری دەستخەتەکەی -بەئارەزووی خۆی- لە پیتی عەرەبی کردووە و، هەموو پیتەکانی کردوون بەکوردی و، مەولەویی چۆنی نەوتبێ و چۆنی پێ ناخۆش بێ ئەم وای نووسیوەتەوە!

خۆ ئەگەر ئەم کارەی مامۆستا حەمە ساڵح ئاسانکارییەکی بۆ خوێندنەوەی دەقەکە یان خوێنەری دەقەکە تێدا بوایەت دەمانگوت بەهەر حاڵ قەیناکا، بەڵام لەلایەکەوە ئەگەر مەولەویی خۆی زیندوو ببێتەوە و ئەم دەقەی لەمەڕ مامۆستا حەمە ساڵحی پیشان بدەن و بڵێین: ئەمە کتێبەکەی تۆیە بۆمان چاپکردوویت، دەفەرموێ: (حاشا من چتی وام نەوتگە). لەولایشەوە خوێنەر وا سەراسیمە و سەرگەردان دەبێت نازانێ چی دەخوێنێتەوە؛ چونکە مامۆستا حەمە ساڵح دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردووە و دەیەوێ خوێنەری بێچارە لەیەکیان جیاکاتەوە، دیارە ئەمەیش کاری کردەنی نییە.

بڕوام پێ بکەن لە کاتی بەراوردکردندا گەلێ لە نووسراوەکانی مامۆستا حەمە ساڵحم بەدەستخەتەکەدا خوێندووەتەوە و، تا تەماشای دەستخەتەکەم نەکردووە مانا و مەبەستی وشەکەم نەزانیوە. کەچیی مەبەست لە نووسینەوە ئاسانکارییە و دەبێ بەدەقە ساغکراوەکە دەقە دەستخەتەکە بزانرێت.

لێرەدا چەند نموونەیەک - لە هەزاران نموونە - دێنمەوە:

ل: ١٣٠ دوا بەیت: قوتبی زەمان و زەمانی ئەمان.

ئەم دوو (زەمان)ە یەک مانایان هەیە؟ ئەگەر یەک مانایان نییە خوێنەر چووزانێ یەکێکیان (ضمان)ە و ئەوەکەیان (زمان)؟

ل: ١٦٢ بەیتەکانی ٣، ٤:

ئەگەر دەڵێی ئەو کەسب زەعیف بەو تەورە...

دەڵێم ئەو کەسبی زەعیف و بەو تەورە...

(تەور) لێرەدا مانای چییە؟ کێ دەڵێ مەبەست (تەور)ی داربڕینەوە نییە؟ خوێنەر چووزانێ مەبەست (طەور)ە.

ل: ١٦٤ بەیتی حەوتەم: هەر دەشێ بووبێ [هەڵەیە بۆی ڕاستە] بەو تەرزە و حاڵە...

لێرەیشدا خوێنەر پێش هەموو شتێ بیری بۆ (تەرزە)ی بەهار یان تەرزی مێو و شووتی و کوولەکە دەچێت نەک (طەرز).

بۆ نموونە هێنانەوە ئەمەندە بەسە و لەوانەیە دێڕ نەبێت چەند نموونەی وای تێدا نەبێت و، بۆ ئەم جۆرە دەقە دروستترین ڕێباز ئەوەیە لە عەقیدەی مەرضیەکەدا گیراوەتە بەرو، دەبوو لێرەیشدا وا بکرایەت و پیتی عەرەبی وەک خۆی و بێ هیچ گۆڕین و شێواندنێک بنووسرایەت و (طەرز، طەور، ثەواب، عەذاب، ثیقات، صیراط، ضەلال، ظەریف، نەذیر...) نەگۆڕدرایەن.

بۆ خاڵی دووەمیش دەتوانین بڵێین: ئەگەر بێتو ئەم جۆرە کتێبانە بۆ مەبەستی خزمەتی ئایین و بووژاندنەوەی سەرچاوەی ئایینی چاپ بکرێن و، ئەم کارەیش دەچێتە ئەو خانەوە... ئەوا بەدڵنیاییەوە دەڵێم: ئەم چاپە لەم شێوەی ئێستەیدا هیچ سوودێک بەم لایەنە ناگەیەنێت و، ئەو خوێنەوارانەی دەیانەوێ بابەتی عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامی بەزمانەکەی خۆیان فێر ببن هیچ لەم چاپە هەڵناکرێن و، وەک هەڵەق مەلەق بخوێننەوە وایە؛ چونکە ئەم کتێبە پڕیەتی لە وشە و زاراوە و موستەلەحاتی ئایینی وەها ئەگەر بەپیتی عەرەبیی و وەک خۆیان نەنووسرێنەوە مومکین نییە خوێنەر -با شارەزای ئەو زاراوانەیش بێ - بەدروستی لە مانا و مەبەستیان بگات.

### منهواتەکان:

وەک نووسەرەوەی دەستخەتەکە -ژیرانە- لە کۆتایی نووسینەوەکەیەوە ئاماژەی بۆ کردووە، ئەم دانراوەی لەبەر دەستخەتی خودی دانەر و نوسخەی دانەر نووسیوەتەوە. دیارە نوسخەکەی دانەریش نوسخەیەکی پوخت و پاکنووسکراو بووە و، دیارە چەند جاریش خۆی پێیدا چووەتەوە و، حاشیە و پەراوێزی لەسەر نووسیوە و، گەلێ جار بەمانە وتراوە (منهوات) چونکە دانەری کتێبەکە لە دوای هەر پەراوێزێک لەوانەوە نووسیویەتی (منە) واتە ئەمەیش لە کتێبەکەیە و بەشێکە لەو مەبەستانەی لەو دانراوەی بەردەستدان.

مامۆستای نەمرمان -مەولەویی- بۆ ئاسانکاریی و تێگەیاندنی خوێنەر لە مەبەستی لە نووسینەکانیدا گەلێ جار کە بەکتێبێکی خۆیدا چووەتەوە (منهواتی) زۆری بەسەرەوە نووسیوە.

کتێبی (فوائح)ەکەیشی کە بەزمانی فارسییە و نووسەری ئەم وتارە نوسخەیەکی بەخەتی مەولەویی لە کتێبخانەی (دار العراق للمخطوطات)دا دۆزییەوە و، لە چاپی





کتێبەکەدا سوودێکی باشی لێ وەرگیرا... هەمان کاری تێدا کراوە.

وەک گوتم ئەم نوسخەی زوبدەی عەقیدەی لەبەر نووسراوەتەوە و چاپکراوە گەلێ ئاسانکاریی و (منهواتی) بەسەرەوەیە، بەڵام -بەداخەوە- مامۆستا حەمە ساڵح لای لەمانەیش نەکردووەتەوە و، کەلێنێکی دیکەی خستووەتە کارەکەی.

### پابەند نەبوون بەدەستخەتەکەوە:

وەک پێشتر باسم کرد، بەگوێرەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی دەقی کۆن کاری لێکۆڵەرەوە ئەوەیە بتوانێ دەقەکە وەک خۆی بنووسێتەوە و، چەندە توانی دەقەکە وەک خۆی بنووسێتەوە و، چەندە توانی بەدەقەکەوە پابەند بێ بەو ئەندازە سەرکەوتوویی لە کارەکەیدا بۆ حساب دەکرێت و، بەپێچەوانەیشەوە پێچەوانەکەی. مامۆستا حەمە ساڵح لەم خاڵەیشدا کەموکوڕی زۆری هەیە. چەند نموونەیەکیان دەخەینە ڕوو:

| لاپەڕە | دێڕ | وەک دەستخەتەکە | وەک چاپەکە |
|---|---|---|---|
| ٤ | ٧ | مستفاد | موستەفا |
| ٨ | ٦ | داس | واس |
| ١٤ | ٨ | خەلقەن | حەلقەن |
| ١٦ | ١١ | بکەم | ئەکەم |
| ١٨ | ٧ | مەذکوورەن | مەشهوورەن |
| ١٨ | ٩ | ئەسما | ئەسا |
| ٢٢ | ٤ | یفعل ما یشا | لایفعل ما یشا |
| ٢٢ | ٧ | نا زانیە و | نازاینیەو |
| ٢٤ | ٦ | بێوەی | بە وەی |
| ٢٢ | ٨ | حەسەن | حوسن |
| ٢٤ | ٧ | بەعیصیان | بەعسیان |
| ٢٦ | ٥ | ناوینی | نابینی |
| ٣٢ | ٢ | نابێ و | ناوێ و |
| ٣٦ | ٤ | نەزدیکی | نزیکی |
| ٤٠ | ١ | تاقی | تاقیق |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢ | ٢ | وێ | بێ |
| ٤٤ | ٨ | گشتی شەوی قەدر | گشت شەوی قەدری |
| ٤٨ | ٦ | مەعنایێک | مەعنایەک |
| ٤٨ | ٩ | تەغبیر | تەعبیر |
| ٥٠ | ٧ | عەریی | عاری |
| ٥٦ | ٤ | موحکەم | مەحکەم |
| ٥٦ | ٦ | بیدوی | بتوێ |
| ٥٨ | ٤ | مەلەک | فەلەکی |
| ٥٨ | ٩ | وە بێ | بەبێ |
| ٦٠ | ٨ | او لا | ام لا |
| ٦٢ | ٢ | بەرپوایەتێ | بەڕوایەتی |
| ٦٤ | ١١ | هەمووی | هەموو |
| ٦٦ | ٨ | نەیگە و ناگات ئەروتبەی | نەگەیوە و ناگات ئەو روتبەی |
| ٦٨ | ٩ | پەس | بەس |
| ٧٨ | ٦ | کیتاب گشت پێی تێرن | ئیمان گشت پێی تێژن |
| ٨٢ | ٩ | گەڕیا | کریا |
| ٨٢ | ١٠ | تەیکەی پەیکەی | تێی گەی پێی کەی |
| ٨٢ | ٤ | نازانێ | ئەزانێ |
| ٨٦ | ٦ | کونی | کەونی |
| ٨٨ | ٥ | ڕەقتەری | ڕەقتر |
| ٨٨ | ٩ | تەرەققیاتی | تورەقیاتی |
| ٩٢ | دوا دێڕ | کەرواس | کیرواس |
| ١٠٦ | یەکەم دێڕ | بێ | وێ |
| ١٠٦ | یەکەم دێڕ | خواه نەسلی عەلی خواه | خوا نەسلی عەلی خوا |
| ١٠٨ | ١٠ | وا گرت | داگرت |
| ١١٠ | ١ | یەک یەک | بە یەک |





| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١٦ | ٢ | واسە | راسە |
| ١١٨ | ٢ | لە سەرمان | لەسەر زمان |
| ١١٨ | ١٠ | شێخ ئەبی | شێخ ئەبوو |
| ١٢٢ | دوا دێڕ | ئەجلا | ئەجل |
| ١٢٤ | ٥ | ئەرچە شەریکن | ئەرچی شەریکی |
| ١٢٦ | ٤ | باب الولایت | باب الولایات |
| ١٣٠ | ٨ | چاو بەڕێگەی | چاو بڕیگەی |
| ١٣٢ | ٨ | ولدی | وەلدی |
| ١٣٤ | ٦ | یەک لە لای مەشریق... | یەک لەلای مەغریب لەلای مەشریق |
| ١٣٤ | ١٠ | پێدا تێتەوە | پیبیا دێتەوە |
| ١٤٤ | ٤ | صەریح | سەریچ |
| ١٦٠ | ٨ | ئەر نەیێ | ئەر نەبێ |
| ١٦٠ | دوا دێڕ | رەبط | رەب |
| ١٦٤ | یەکەم دێڕ | ما یفعله | ما لا یفعله |
| ١٦٤ | ٧ | بوێ | بوبێ |
| ١٧٠ | ٧ | بەم تەقریرە و | بەم تەقریرەوە و |
| ١٧٠ | ٨ | وەلێ | دەڵێ |
| ١٧٢ | ٣ | پەی | پێی |

**گوێنەدان بەدەقی دەستخەتەکە:**

لە باسی دەستخەتەکانی سەرچاوەکانی عەقیدەی مەرضییەدا گلەیی لەوە کراوە کە نووسەرەوەی دەستخەتەکان سەرباس و بابەتەکانیان جیا نەکردووەتەوە و ناونیشانیان بۆ دانەناون. بەڵام لەم دەستخەتەدا وا نییە و، لەگەڵێ جێگەدا بەڕوونیی سەرباسەکان نووسراون و جیاکراونەتەوە، کەچی مامۆستا حەمە ساڵح گوێی پێنەداون و پشتگوێی خستوون. بۆ نموونە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی کتێبەکەوە پێش یەکەم بەیت لە سەرەتای لاپەڕەکەوە نووسراوە:

«کتاب موسوم بزبدة العقيدة بزبان كردي وبالله نستعين»

بەڵام ئەم ناونیشانە زلە بوێرراوە.

لە شوێنەکانی دیشدا -بەزۆریی- کاتێ سەرباسێکی تازە هاتووە بەدوای باسی پێشوودا نووسەرەوەی دەستخەتەکە بەیتێکی بەشێوەیەکی جیا لە بەیتەکانی دی نووسیوە و، بەوە ئاماژەی بۆ سەرباسی تازە کردووە وەک لە لاپەڕە (٥)دا نووسیویە:

ئەصڵێ ئەوەڵمان بزان بەیەقین

باوەڕە بەحەق (رب العالمين)

لە شوێنەکانی دیدا گەلێ جار لەملاو لای بەیتەکانەوە، سەرباسەکانی بەڕوونیی دیاریی کردووە. وەک لە لاپەڕە (١٣)دا نووسیویە:

(عیلم، ئیرادە، قودرەت)... ئەم ڕێبازە تا کۆتایی کتێبەکە بەزۆریی پەیڕەویی کراوە و، بواردنی ئەمانە ناتەواویەکی زەقە بەناوچاوانی کارەکەی مامۆستا حەمە ساڵحەوە.

بۆ ئەوەی سەرباسێکی دی دروست نەکەین و جارێکی دیش نەگەڕێینەوە بۆ ئەم لایەنە دەڵێین: دەبوو مامۆستا حەمە ساڵح دوای ئەوەی ئەو سەرباسانەی بەوردیی نووسی لە کۆتایی کتێبەکەیشەوە فیهرەستی ئەو بابەتانەی بنووسیایە؛ چونکە ئەمە کارێکە لەبیر ناکرێت و، نەبوونی چاوپۆشی لێ کردنی نییە.

هەر لەژێر ناونیشانی ئەم گوێنەدان بەدەقەدا دەڵێین: مامۆستا حەمە ساڵح وەک سەرەتای کتێبەکەی قرتاندووە لە کۆتایی کتێبەکەیشەوە چەند دێڕێکی زێڕینی نووسەرەوەی دەستخەتەکەی بواردووە کە هەر وشە و ڕستەیەکیان بۆ دەستخەتەکە و کارەکەی مامۆستا حەمە ساڵح گەنجێکی گرانبەها و لە نرخ نەهاتووە و، دەکرا بەتێروتەسەلی لەسەریان بنووسرێت و مانا و مەبەست و زانیاریی جۆراوجۆریان - پاش بەراورد و لێکۆڵینەوە - لێ وەربگیرێت، بەڵام ئەم هەڵەیش بەنەنووسینی ئەو دەقە لەکیسی خوێنەر و مێژووی لێکۆڵینەوەی دەقی کوردی دراوە.

## هەڵەی چاپ:

من - بەشبەحاڵی خۆم - تا ئێستە، نەمتوانیوە هیچ بەرهەمێکی خۆم بەتەواوی لە هەڵەی چاپ قوتار بکەم و، بێ سێ و دوو بڵێم: ئەم کارەم لە گیاکەڵەی هەڵە بژار کردووە و، هەر کاتێکیش دوای تەواوبوونی چاپی بەرهەمەکەم هەڵەیەکم دیبێت لەوانە بووە (تا)م لێ بێت.





بەڵام کە ناتوانین کتێب بەتەواویی لە هەڵەی چاپ ڕزگار بکەین نایشبێت ئەوەندە کەمتەرخەمیی و خەمساردیی بکەین کتێب و چاپەمەنی بەبیانووی هەڵەی چاپەوە بشێوێت و ڕاست و ناڕاست تێکەڵاو ببن. لەم کتێبەدا هەڵەی چاپیش زۆرن و بارێکی دیکەی لەکەدارکردنن بەتەختی تەوێڵی کتێبەکەوە و، لێرەدا لیستەی هەڵە و ڕاست بۆ هەڵەی چاپ دروست ناکەم و، تەنها ئاماژە بۆ یەک دوو جێگە دەکەم:

لە لاپەڕە (١٠)دا پێش دوا بەیت بەیتێک کەوتووە کە ئەمەیە:

وەلحاصل یانی زیندەگیی هەیە

هەر ئەوە زیندگ بەذاتی خۆیە

لاپەڕەکانی ١٢٥ و ١٢٦ دووبارە بوونەتەوە بێ هیچ هۆ و سوودێک. هەڵەی چاپ لەم کتێبەدا کەم نین و بەپێویستم نەزانی لێرەدا -وەک گوتم- لیستەیان بۆ بکەم.

**لایەنێکی دیکەی گوێنەدان بەدەقی کتێبەکە یان بەڕێنووسی کتێبەکە:**

دەقی کتێبی زوبدەی عەقیدە و عەقیدە مەرضیەکەیش دەقێکە - هەر چەند زۆر بەلای زاراوە و شێوەی زمانی ناوچەی زێد و مەڵبەندی مەولەویدا دەشکێتەوە - گۆرانی و هەورامی ئامێزە و لەگەلێ جێگەدا پەیڕەویی ڕێبازی نووسینی شێوەی گۆرانی تێدا کراوە و، نووسەرەوەی دەستخەتەکەیش بەوردی -بەسەر و بۆر- پەیڕەوی ئەوەیشی کردووە، بەڵام مامۆستا حەمە ساڵح ئەمەیشی پشتگوێ خستووە و، نموونەی ئەمەیش گەلێک زۆرە و چەند وێنەیەکیان دەخەینە ڕوو:

| لاپەڕە | دێڕ | دەستخەتەکە | چاپەکە |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ٨ | شەرەفناکەن | شەرەفناکن |
| ١٠ | ٨ | پاکەن | پاکن |
| ١٨ | ٥ | ئەفعالەدا | ئەفعالدا |
| ١٨ | ٥ | حاڵەدا | حاڵدا |
| ٤٢ | ٣ | مەخلووقەن | مەخلووقن |
| ٦٢ | ١٠ | ئاوردەن | ئاوردن |
| ٦٢ | ١٠ | بژاردەن | بژاردن |
| ٧٢ | ٥ | مەردەن | مردن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٢ | ٥ | کەردەن | کردن |
| ١٥٠ | ٦ | کەرد | کرد |

**باسەکردنی دەستخەتەکە:**

بۆ بڵاوکردنەوەی کاری وەها کە دەربارەی شاعیرێکی مەزنی وەک مەولەویی بێت و باس لە دانراوێکی بکرێت کە بۆ یەکەمجار بڵاوبێتەوە و دەستخەتێکی نایابی وەهای لە دەستدا بێت، ناکرێ ئەو کەسەی کاری بووژاندنەوەی ئەو بەرهەمە لە ئەستۆ دەگرێت باسێکی وردی دەستخەتەکە نەکات و، سەرەتا و کۆتایی و ساڵی نووسینەوە و، ناوی نووسەرەوە و، چی زانیارییەکی دی کە لە دەستخەتەکە وەردەگیرێن... پشتگوێ بخات و لایان لێ نەکاتەوە.

مامۆستا حەمە ساڵح ئەم کارەیشی نەکردووە و، تەنانەت ئەوەی کە لە کۆتایی دەستخەتەکەوە نووسراوە و وێنەکەی دووجار بڵاوکراوەتەوە و، باسی ئەوەیشی تێدایە کە لەبەر دەستخەتی خودی دانەر نووسراوەتەوە... بوێرراوە.

***

## مامۆستا مەلا محەممەدی ئالانیش
## مامۆستایەکی دیکەی نەناسراوی کوردە

٤٦١

لە ڕزی ئەو مامۆستا گومناو و نەناسراوە کوردانەدا کە ناو بەناو لێرە و لەوێ سۆراخیان دەکەین و شتێک لە ناو و بەرهەم و شوێنەواریان دەدۆزینەوە، لەم ماوەدا ڕێگەم لە ناوی مامۆستا مەلا محەممەدی کوڕی سەعدی کوڕی یوسفی ئالانیی کەوت، ڕێگە لێکەوتنەکەیش دۆزینەوەی ناوی بەرهەمێکی بوو، کە خۆشبەختانە نوسخەیەکی پەڕیوەتە کتێبخانەی شێخ عەبدولقادری گەیلانیی لە بەغدا و، لەوێ لەنگەری گرتووە و پارێزراوە.

دانراوەکەی شەرحی قەصیدەی بوردییەیە بەزمانی عەرەبیی.

کە دانراوەکەییم بینی و چاوم پێداگێڕا و دیم مامۆستای دانەری یەکێک لە مامۆستا پایە بەرزەکانی سەردەمی خۆی بووە، کەوتمە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی شتێک لە مێژوو و بەسەرهاتی، بەڵام دوای پشکنینی ئەو شوێنانەی جێگەی گومانن و، دوای گەڕان





بەسەرچاوەکانی بەردەستمدا هاتمە سەر ئەوە ئەم مامۆستایش تا ئێستە بەمێژووی زانا و ناودارانی کورد نەناسێنراوە و، ئەمە یەکەم جارە ناوی دەچێتە سەر لاپەڕەی مێژووی زانایانی کورد.

بەڵام دووبارە و چەند بارە دەڵێینەوە: دەبێ ئەم مامۆستا کە لە خۆی ڕابینیوە خۆی لە بابەتی ئاوا بدات دەبێ بەم تەنها کتێبە داکەوتبێت؟

ئەگەر وانییە دەبێ بەرهەمەکانی دیکەی چیی بن و چییان بەسەر هاتبێت و ...؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە بێ وەڵام چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتوو و هەوڵ و پشکنینی مامۆستایانن.

ئەوەندە لە دەستخەتەکە وەردەگیرێ کە مامۆستا پێش ساڵی ١١٨٨ک لە ژیاندا بووە، چونکە لەو سەردەمەدا دەستخەتەکە نووسراوەتەوە و، ئەو نوسخەیەش نوسخەی دەستخەتی دانەر نییە، بەڵام نازانین مامۆستای ئالانیی چەند پێش ئەو کاتە ژیاوە و کەی کۆچی دوایی کردووە.

شەرحی قەصیدەی بوردییە.

دانراوی: محەممەدی کوڕی سەعدی کوڕی یوسفی ئالانیی.

سەرەتاکەی: (دوای پێشەکی) «وبعد فيقول أقل خلق الله تعالى محمد بن سعد يوسف الآلاني: لما كانت القصيدة الموسومة بالبردة النبوية ع م المنسوبة إلى العالم العلامة شرف الملة والدين الشيخ العارف الكامل ابو عبدالله محمد سعد بن حماد بن محسن بن عبدالله بن صنهاج... البوصيري»

کۆتاییەکەی:

«... متعلق باطرب، ومن لفظ الطرب ختم كتابنا، وارجو من الله ان يطربنا بالنظر إلى وجهه ووجه نبيه الكريم آمين برحمتك يا ارحم الراحمين.

الحمدلله رب العالمين. تمت (!) الكتاب بعون الملک الوهاب على يد اضعف العباد وأحوجهم إلى ملک الرزاق زين الدين ابن عبدالله ابن شاى المشهور بكلهر.»

دەستخەتەکە – واتە شەرحی بوردە – ٧٦ لاپەڕەیە بەخەتێکی ورد نووسراوەتەوە. لاپەڕەی ٢٨ دێڕ و زیاتر و کەمتری تێدایە.

وەک لە دوای دانراوێکی دییەوە نووسیویە ساڵی ١١٨٨ لە گوندی بێتووش، لە مەدرەسەی جووتە برا و جووتە مەلای تاقانەی چەرخی خۆیان مامۆستایان مەلا عەبدوڵڵا و مەلا مەحموودی بێتووشیی نووسیویەتیەوە.

دەبێ لێرەدا بەسەر ئەوەدا نەڕۆین کە ئەم مامۆستا یەکەم مامۆستای کورد نییە شەرحی قەصیدەی بوردەی کردووە و، پێش ئەمیش چەند مامۆستای دی لایان لەم قەصیدە و قەصیدەی (بانت سعاد) و قەصیدەی (همزیە) کردووەتەوە و، شەرحیان کردوون و، کردوونیان بە (پێنج خشتەکیی)و لەسەریان زیاد کردوون و، ژمارەی ئەو مامۆستایانەیش کەم نین.

ئەوەی ئێستە لە بەردەستمدایە و - بەیارمەتیی خودا - لەم بەرگەی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا شتێکی لەسەر دەنووسم دانراوی مامۆستایەکی دیکەی نەناسراومانە و، ئەوەندەی دەربارە دەزانین ناوی (سولەیمانی خانیی)یەو، ساڵی ١٢٠٤ک لە ژیاندا بووە و، ئەو ساڵە دانراوەکەی کە (شەرحی قەصیدەی بوردییە)یە بەعەرەبیی کردووە و، دەڵێ لە (خوشاب) دایناوە.

ئەم دەستخەتە لە کتێبخانەی مەرکەزیی ئەوقافی قادریەدا لە بەغدا بەژمارە (١٤٣٤) پارێزراوە.

***

## دانراوێکی دیکەی (یوسف الاصم)

## ٤٦٢

لە ناو ئەو پەڕە کاغەزانەدا کە مامۆستا عوثمانی موفەتیشی ئەوقاف پیشانی دام یەک پەڕە کاغەز هەیە کە سەرەتای کتێبێکی نەزانراو و نەبیسراوی مامۆستا (یوسف الاصم)ە.

بەگوێرەی گەڕان و پشکنینی من ئەمە یەکەم جارە ناوی ئەم کتێبە بێتە ناو و سەرچاوەی مێژووی زانایانی کورد و دانراوەکانیانی لێ ئاگادار بکرێت.

بەداخەوە تەنها یەک پەڕە لەم کتێبە نایابە ماوە.

ئەوەی کە پێش هەموو شت سەرنجی بۆ لا ڕادەکێشم ئەوەیە کە مامۆستا (یوسف الاصم) بەم دانراوەی دەچێتە ڕزی ئەو زانایانەی کە کاریان لە زانیاریی (حەدیث)دا کردووە و دانراویان تیادا هەیە و، بەمەیش مامۆستا دەبێ بەیەکێ لەو زانا دێرینانەمان کە لەسێکوچکەی: (تەفسیر و، حەدیث و، فیقه)دا جگە لە زانیارییەکانی دی دانراوی هەیە.





مامۆستا وەک خۆی دەڵێت: دانراوەکەی حاشیەیە بەسەر (دیباجە)ی کتێبی (شرح الایجاز)ی دانراوی مامۆستا مەلا حسەینی کوڕی مەولانا سلێمانییەوە. هەروەها باسی حاشیەی مامۆستا مەلا عەلیی جزیریی بەسەر هەمان کتێبەوە. سەرم لە سەرچاوەکانی وەک (معجم المؤلفین) و (کشف الظنون)دا بەڵام شتێکم دەربارەی کتێبەکە و ئەو دوو زانایە دەست نەکەوت، دەبێ ئەوانیش کورد بن، بۆیە ئاوا بێ ناز و بێ ناون!

جا بۆ ناساندنی ئەم کتێبە نەناسراوەی مامۆستا (یوسف الاصم) لەوە باشترم لە دەستدا نییە کە پێشەکییەکەی وەک خۆی بنووسم:

«بسم الله الرحمن الرحيم وبه نستعين.

الحمدلله رب العالمين. والصلاة والسلام على خير خلقه وعلى آله أجمعين.

وبعد: فيقول العبد الفقير الى الله الغني، يوسف بن خضر الكلاسي: لما رأيت حاشية ديباجة شرح الايجاز التى ألّفها مولانا حسين ابن مولانا محمود المولانا سليمانى طويلةً مشتملة على احاديث كثيرة منها بدٌّ نظرا الى هذا المقام، وحاشية مولانا سيد على الجزيري، مشتملا على الاستعارات ونكات علم المعاني التى يشوش ذكرُها اذهانَ اكثر الفقهاء، مع أنها ليست مما لابدّ منه في هذا المقام.. اردت ان أؤلف لها حاشية قصيرة مجردة مستنبطة منهما مع ما صدر من ذهني القاصر، ومن الله التوفيق والهداية، وعليه التوكل في البداية والنهاية، وهو حسبي ونعم الوكيل.


بسم الله الرحمن الرحيم وبه نستعين الحمد لله رب العالمين
والصلوة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله اجمعين وبعد فيقول
العبد الفقير الى الله الغني يوسف بن خضر الكلاتية لما رايت حاشية
ديباجة شرح الايجاز التي الفها مولانا حسين ابن مولانا محمود الملا
سليمان طويلة مشتملة على احاديث كثيرة منها بل نظرا الى هذا المقام
وحاشية مولانا سيد علي الجزيري مشتملة على الاستعارات ونكات علم
المعاني التي يشوش ذكرها اذهان اكثر الفقراء مع انها ليست مما
لابد منه في هذا المقام اردت ان اولف لها حاشية قصيرة
مجردة مستنبطة منهما مع ما صدر من ذهني القاصر ومن الله
التوفيق والهداية وعليه التوكل في البداية والنهاية وهو حسبي
ونعم الوكيل الحمد لله الذي قوم من قومت الشيء اذا جعلته قويما اي
مستقيما عند ائمة قواعد جمع قاعدة البيت اي اساسه واصله قال
الله تعالى واذ يرفع ابراهيم القواعد من البيت اي اسسه وقال الكسائي
حد البيت الدين وهو والملة والشريعة متحدات بالذات ومختلفات
بالاعتبار فان المشروعات من حيث الاطاعة لها تسمى دينا ومن حيث
الاجتماع عليها ملة ومن حيث شرعها للعمل بها شريعة فالدين من

لاپەڕەیەک لە دانراوی یوسف الأصم





## مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی

٤٦٣

ساڵی (١٩٨٥) وتارێکم لەسەر کەشکۆڵە ڕەنگینەکەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی نووسی.

دوای نووسینی ئەو وتارە کە لە گۆڤاری (کاروان)دا بڵاوبووەوە، خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا حەمەمینی کوڕی تەشریفی هات بۆ بەغدا و بە دیداری شاد بووم و، فەرمووی: باوکی من مردبوو تۆ زیندووت کردووەتەوە. دوو بەیاضی بچکۆلەیشی بەدیاری بۆ هێنابووم، کە ئێستەیش وەک یادگارێکی پیرۆز لە خزمەتیاندام.

مامۆستا دوای ئەوە تا ماوەیەکی زۆر پێی لێ نەبڕیم و هەرچەند تەشریفی بهاتایەتە بەغدا پێش سەردانی ماڵی مامۆستا مەلا سەعدوڵڵا کە کوڕی مامۆستا مەلا عارفی قزراباتە و لەتەک مامۆستا مەلا عەبدوڵڵادا پوورزان سەردانی منی دەکرد.

مامۆستا گەلێ قسەی دەربارەی باوکی و مەولەویی و کەسانی دی بۆ دەکردم و، چەند شتێکیشی لەو بارەوە بۆ نووسیوم. ئەو کاتە دەستم بەنووسینی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد نەکردبوو، بە هیوای چاپکردنەوەی باسەکەی لەمەڕ مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی باوکی نەبووم. بۆیە کەمتر سوودم لەو دانیشتنانە وەردەگرت و، هەموو قسە و باسەکانم تۆمار نەدەکرد.

کە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا گەڕامەوە سلێمانی لەتەک مامۆستا ئەحمەدی کوڕی مامۆستا مەلا حەمەمیندا ناسراویی و ئاشنایەتیم پەیدا کرد، فەرمووی: هەندێک زانیاریی نوێم دەربارەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای باپیرم کۆکردۆتەوە. منیش داوام لێ کرد ئەو زانیارییانەم بۆ تۆمار بکات تا لەتەک وتارەکەی خۆمدا کە لە

سووچێکی گۆڤارێکی کۆندا بڵاو بووەتەوە و، زۆر کەس ئاگایان لێی نییە و، هەموو کەسیش دەستی پێی ناگات... وام بەباش زانی باسی ئەو سەرچاوە بێ وێنە لەتەک ئەم زانیارییە نوێیانەدا یەک بخەم و، لەم بەرگەی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا جێگەی بکەمەوە.

ئەو وتارەی کە ئەو کاتە نووسیومە چونکە باسی سەرچاوەیەکی مێژوویی و ئەدەبیی دەکات و، بەهەمان چێژ و تەڕ و پاراویی ئەو سەردەمەی کە پێی نووسراوە بایەخی خۆی پاراستووە، منیش وەک خۆی دەینووسمەوە و، دواییش زانیارییە نوێکانی مامۆستا ئەحمەدی بە کەمێک دەسکارییەوە دەخەمە سەر.

## گەنجینەیەکی دیکەی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی

کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی ڕەنجی بەری چل
ساڵ گوڵچنیی لە باخچەی ئەدەبی کوردیدا

لە ژمارە (٣١٢)ی ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٨ ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا وتارێکم بە ناونیشانی: «بۆ ئەبێ کەشکۆڵی شاعیرانی کورد لە زیندانی سنووقە کۆنەکان دەرنەچێ؟» نووسی. پێش ئەو وتارە و دوای ئەو وتارەیش وەک هەر نووسەرێکی کورد کە لە مەیدانی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا خەریک بووبێ، هەستم بەدەردێکی کوشندە کردووە، هەرکەسیش دەستی دابێتە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیی وەک من سزای لەدەست ئەو دەردە چەشتووە.

کێمان هەیە کە خەریکی لێکۆڵینەوەی دیوانی شاعیرێک بووبێت و بێ ئەرک و ماندوو بوونێکی زۆر دەستخەت و نوسخەی پێویستی ئەو دیوانەی چنگ کەوتبێ؟ نەک هەر ئەوەیش، کێمان هەیە دوای گەڕان و پشکنین و پرسیار و ماندووبوونی زۆر گەیبێتە ئەو ئەنجامە؟ بێ گومان و بە متمانەوە دەڵێم: کەس! هۆی سەرەکی ئەم بەئەنجام نەگەیشتنەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستە کەشکۆڵ و دەستخەتە پێوەندیدارەکان بەئەدەبی کوردییەوە کۆ نەکراونەتەوە و، لە کتێبخانە گشتییەکاندا جێگەی خۆیان نەکردۆتەوە. کە ئەمەیش نەکرا دیارە ئەوەیش نەکراوە کە فیهرەست و بیبلیۆگرافیا بۆ دەستخەتی کوردی و کەشکۆڵ و دیوانی شاعیرانی کورد بکرێت. وەک ئەمانەیش نەکراوە ئەوەیش نییە کە ئەوانەی دەستخەتەکانیان لایە بە هانای نووسەرانەوە بێن و وەڵامی





بانگەوازیان بدەنەوە و کاریان مەیسەر بکەن. بەڵکو زۆر لەوانەی ئەو سەرچاوانەیان لایە وەک ئەسپێی مشتی کوێر کەوتوو دەستیان پیا گرتوون و، بە ئامان و زەمان لەدەستیان دەرناچن و هەر هەوڵێک بدرێت و، هەر کۆششێک بۆ چنگخستنیان بکرێ بێ هوودە ئەبێ!

دیارە ئەوانەی ئەمە پیشەیانە بە زیانی ئەم کارەی خۆیان نازانن و، نازانن لەباتی هێشتنەوە و پارازتنی دەستخەتەکان ئەبنە هۆی مردن و لەناوچوونیان! ڕەنگە تا ئێستەیش دەیان دەستخەت و کەشکۆڵی شاعیرانیان لای ئەم و ئەو بەندی زیندانی سنووقە کۆنەکان بن و کەس هیچ هەواڵێکیان نەزانێ.

لەم دەرفەتەدا وەک موژدەیەک بەڵگەیەکی ئەم ڕاستییە پێش چاوی خوێنەرانی کورد دەخەم.

لەم ڕۆژانەدا چوومە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەهۆی پرسیارێکەوە لەتەنیشت خۆیەوە بەناو کتێبەکانیدا گەڕا، لەپڕ کەشکۆڵێکی کۆنم بەرچاو کەوت. یەکسەر خۆم پێ نەگیرا و پرسیم: مامۆستا گیان ئەو کەشکۆڵە چییە؟ فەرمووی: ئەوە کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانییە، مەلا حەمەئەمینی کوڕی بە ئەمانەت بۆی هێناوم.

درێژەی نەدەینێ کەشکۆڵەکەم لە مامۆستا وەرگرت، بەڵام چیم دی؟ ئەوە چەند وەختە هاوار ئەکرێ و، بانگەواز بڵاو دەکرێتەوە و، پەیتا پەیتا دیوانی کوردی دەردەچێت، ئایا کەس بەم کەشکۆڵەی زانیوە؟ بەداخەوە نەء! دیارە نەبوونی ئەم سەرچاوە لەبەردەستی ئەوانەدا ئەو دیوانانەیان بڵاوکردووەتەوە بووە بەهۆی زیانێک کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە.

جا با دوور نەڕۆین و وەڵامی پرسیارەکە (چیم دی؟) بدەینەوە: نازانم چۆن باسی ئەوە بکەم دوای تۆزێک کەشکۆڵەکەم پەڕە پەڕە کرد چ تەزوویەک بەلەشمدا هات، وەک دەڵێن لە تەوقی سەرمەوە هات و لە پەنجەی پێمەوە دەرچوو! لەلایەکەوە لەخۆشی ئەو کەشکۆڵە جوانەوە کە دیم. لەولایشەوە لە داخ و خەفەتی ئەو زیانەی کە لە ئەدەبی کوردیی کەوتووە بە بۆنەی دوورەدەستی ئەم گەنجینەوە.

ئەم کەشکۆڵە دەستخەتی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانییە کە پیاوێکی شارەزا و، ئەدەب دۆست و، مەلایەکی چالاک و دڵسۆز و شارەزا و، خەتخۆش بووە. گوڵچنێکی بەزەوق و هەست و بیر ناسکی باخچەی ئەدەبی کوردیی بووە و، زانیویەتی چی دەکا و چ گوڵێک

دەچنێتەوە! بۆیە لەئەنجامی گوڵچنییەکەدا سامانێکی ئەوتۆی کۆکردۆتەوە کە کەم وێنەیە، هاتووە لە سەرەتای کەشکۆڵەکەیەوە بەم جۆرە دەستی پێ کردووە:

«فهرست کلام افصح الشعراء الاکراد ملا عبدالرحیم متخلص بمعدوم - علیه الرحمة»

لەم فیهرستەدا سەرەتای (١١٦) پارچە شیعری مەولەویی نووسیوە. دوای ئەمە لە لاپەڕە (٦)ەوە دەست بەنووسینی شیعرەکانی مەولەویی دەکات و، ئەم دیوانە تا لاپەڕەی (٩٥) دەخایەنێ.

دوای ئەمە لە لاپەڕە (٩٦)دا دوو پارچە شیعری سەیید یەعقووب دەنووسێ.

لە لاپەڕە (٩٧)دا بەخەتی مەلا حەمەمین لە ٢٨ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٥٥دا پارچەیەک شیعری میرزا قادری پاوەیی و پارچەیەک شیعری فارسیی نووسراوە.

لە لاپەڕە (٩٨)دا شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانیی دەست پێ دەکات و، لە لاپەڕە (١٠٠)دا کۆتایی پێ دەهێنێ.

لە لاپەڕە (١٠١)ەوە تا لاپەڕە (١١٤) شیعری فیردەوسیی و، ئازەریی و، ئەحمەدیی و، ئومێدیی و، ذەوقیی و، جامیی و،... چەند شاعیری دیکە دەنووسێ.

لە لاپەڕە (١١٥)دا نووسیویە:

«فهرست کلام فصاحت نظام مشکل مولانا خضر متخلص بنالی - رحمه الله -»

دوای ئەمەیش سەرەتای (٩٣) پارچە شیعری (نالی) نووسیوە و لە لاپەڕە (١١٦)ەوە دەستی کردووە بەدیوانی نالی. کوللیاتی نالی و، تا لاپەڕە (١٨٥) دەخایەنێ.

هەر لەو لاپەڕەدا پارچەیەک شیعری (کەیفی) نووسراوە. لە لاپەڕە (١٨٦)دا شیعری سالم دەست پێ دەکات و لە لاپەڕە (١٨٧)دا تەواو دەبێت.

ل: ١٨٨ و ١٨٩ شیعری (مەحوی)یە.

ل: ١٩٠ شیعری (کەیفی)یە.

لە ل: (١٩١)ەوە شیعری کوردی دەست پێ دەکات تا ل: (٢٠٢) دەڕوات.

لە ل: (٢٠٣)ەوە هەمە چیزە شیعری فارسی دەست پێ دەکات و، شیعری شاعیرانی وەک: مەغریبی و، شەرەفی قەزوینی و، کرمانیی و، سەلمانی ساوجیی و، جامی و، حافظ و، صائیب و، عیصمەت و، .. دەیانی دیکە دەنووسێ و، ئەو هەمە چیزە تا کۆتایی ل: ٢٣٠ دەگرێتەوە، لە ل: ٢٣١ دا دوو پارچەی دیکە شیعری سالم دەنووسێ، کە لە ل:٢٣٢ دا (تەرجیع بەندی) کوردیی دەست پێ دەکات و تا (٢٣٨) دەخایەنێ و،





هەر لەم لاپەڕەیەدا پارچەیەکی دی شیعری سالم نووسراوە.

لە ل: (٢٣٩)وە (مثمن)ی عیصمەت دەست پێدەکات و، ئەمیش تا (٢٤٧) درێژە دەکێشێ. دوای ئەمە شیعری چەند شاعیرێکی دیکەی فارس دەنووسێ و، تا ل: (٢٥٣) لەسەریان دەڕوات، لەم لاپەڕەدا دیسان لا لە سالم دەکاتەوە و پارچەیەکی دیکە لە شیعرەکانی دەنووسێ.

لە ل: (٢٥٤) و (٢٥٥)دا ئیجازەی مامۆستا مەلا ئەبو بەکری بە (مەلا گیچکە) بەناوبانگی تیایە بۆ مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی - خاوەن و نووسەرەوەی ئەم کەشکۆڵەی کە باسی دەکەین - دوای ئەمانە جارێکی دیکە شیعری مەولەویی دەست پێ دەکاتەوە و تا (٢٥٩) دەڕوا. دوای ئەمە دوو پەڕە بە قەیچی بڕراوە و کۆتایی پارچە شیعرێکی ناتەواو ماوە.

لە ل: (٢٦١)ەوە شیعری هەمە چیزە و نوکتە و قسە دەنووسرێ و لە ناو ئەو بابەتانەدا هەندێک ڕوخسار ناسیی دەنووسرێ. دوابەدوای ئەمانە نامیلکەی (حقایق الحدایق) دەنووسێ تا کۆتایی کەشکۆڵەکە، واتە تا لاپەڕە (٣٣١) دەگرێتەوە.

بە پێویستی دەزانم لێرەدا تۆزێک بگەڕێمەوە سەر باسی لایەنێکی دیکەی کەشکۆڵەکە:

ئەم کەشکۆڵە لەسەر شێوەی (بیاض) نووسراوەتەوە و پێوانەکەی (١٠ × ٢٢)ە. مامۆستای نووسەرەوەی زۆر بەتەنگ کارەکەیەوە هاتووە و، ئەم کەشکۆڵەی هاوڕێی هەمیشەیی بووە؛ بۆیە دەبینین گەلێ شار و دێهاتی دیوە و، لەچەند ساڵدا نووسراوەتەوە. لە دەوروبەری ساڵی (١٣٠٧ک) دەستی بە نووسینەوەی کردووە و، وردە وردە لەگەڵی خەریک بووە و پتر لە (٣٣) ساڵ بەدەستییەوە بووە لێرەدا بە کورتی هەندێ لەو ساڵ و شوێنانە دەنووسم:

دێی چۆڕ (بێ دیاری کردنی ساڵ)

دێی قەڵاتێ (بێ دیاری کردنی ساڵ)

(کرشمانی) ١٣٢٤ ، لەکاتی قاتیی و گرانیی سەختدا.

(١٣٠٧) و (١٣٠٨) بێ دیاری کردنی شوێن.

(١٣٢٩) طەوێڵە.

(١٣٤٠) طەوێڵە.

(١٣١٤) قەڵای هەولێر.

ئەم مێژووانە چەندین جار نووسراون، بەڵام دوو جاریان لە جارەکانی دیکە زیاتر جێگەی بایەخن:

١- لە ساڵی (١٣٤٠)دا لە طەوێڵە نووسیویە.

لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا ئەمەم نووسیوە. خوایە ماوەم بدە تا (٦٣) ئەمەیش بە تەفەئول بە ساڵ و تەمەنی پێغەمبەر(د.خ)[١].

هەر لەم شوێنەدا نووسیویە:

ئەمەم لە دێی طەوێڵە نووسی، لەکاتێکدا گۆشەگیر لە ماڵی خۆمدا دانیشتبووم و خۆم لەخەڵک دابڕیبوو. خوایە لە زیانیان بمپارێزە.

لەو مێژووەی سەرەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خوالێخۆشبوو لە ساڵی (١٢٨٨)دا لەدایک بووە.

٢- هەر لە طەوێڵە بێ دیاریکردنی ساڵ شیعرێکی (میر معصوم) دەنووسێ و لەدوای شیعرەکەوە دەڵێ:

ئەم بەیتە پڕ بە پێست و سەربەسەری ژیانی منە، چونکە لەگەڵ ئەوەدا دەستم بەتاڵە و لە (ماسوی) واتە لە خودا بەولاوە، گوێ بەکەس نادەم و، لەگەڵ ئەوەدا خێزاندار و دەستڕووتم هیمەتم بەرزە و، پشت بە خودا لە دێی طەوێڵەی پیرۆزدا لەتەنیشت ئارامگای پیرۆزان (سیراجەدین) و (بەهادین)ەوە لەگەڵ منداڵەکانم: تووبا و، بەدیعە و، محەمەد مەعرووف و، محەمەد عارف و دایکیاندا، بێ پشت و پەنا - جگە لە خودا- لە خانوویەکدا دانیشتووین و. بەژیانی دەروێشی ڕۆژگار دەگوزەرێنین.

لەدامێنی ئەم باسی ژیانەی مامۆستای مەریوانییەوە، نووسراوێکی مامۆستای سەججادیی دەگوێزمەوە ئێرە و، دواییش هەڵەیەکی مێژوویی ڕاست دەکەمەوە. مامۆستا سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێت:

«مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی (١٨٦٠ - ١٩٣٨) لە دێی (ولە ژێر)ی مەریوان هاتۆتە دنیاوە و لە شاری سولەیمانی کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانایە کوڕی مەلا مەعرووفی، کوڕی سۆفی قادری، کوڕی مەلا ئەحمەدی، کوڕی سلیمان و، دایکی ناوی خاتوو زبیدەی

(١) پێغەمبەر(د.خ) لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا لە جیهان دەرچووە و، ئەمیش بەپیرۆزیی تەمەنی پێغەمبەرەوە ئەو ئاواتەی خواستووە.





کچی شێخ محەمدی هەرگێنە بووە. مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی مەولەویی تاوەگۆزی بە وڵاتی سولەیمانی ناساند. تا ئەو نەهاتبووە سولەیمانی ئەدیب و شاعیرانی سولەیمانی ئەوەندە ئاگایان لە مەولەویی نەبوو. مەلا عەبدوڵڵا لەبەر ئەوە کە پیاوێکی زانا و ئەدیب بوو حاجی تۆفیقی پیرەمێردی سولەیمانی بەهەلی زانی مەلا عەبدوڵڵای لەخۆی نزیک خستەوە. گۆڕینی هۆنراوەکانی مەولەویی بۆ سەر شێوەی سولەیمانی بەناوی پیرەمێردەوە لەژێر ناوی «ڕۆحی مەولەویی»دا ئەم ئیشە گەورە و بە نرخە بە دەستیاو و یارمەتی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی بووە»[٢]

مامۆستا سەجادی ژیانی مەلا عەبدوڵڵا بە (١٨٦٠- ١٩٣٨) دیاریی دەکات. من ساڵی کۆچی دوایی ئەم پیاوەم بۆ ڕوون نەبووەتەوە. بەڵام وەک پێشتر لە دەست و زمانی خۆیەوە نووسیم - بۆم دەرکەوت کە ساڵی (١٢٨٨)ی کۆچی بەرابەر بە (١٨٧١)ی زایینی لەدایک بووە، واتە دانانی ساڵی (١٨٦٠) لەلایەن مامۆستای سەجادییەوە بۆ لەدایکبوونی هەڵەیە و دەبێ بکرێت بە (١٨٧١).

لێرەدا کە ئەم موژدە خۆشە بەخوێنەرانی کورد ڕادەگەیەنم دەبێ داوای لێخۆشبوون بۆ مامۆستای مەزنمان مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی لە بارەگای خودا بکەین. ئەو مامۆستایەی کە لەو هەموو بەردەڵبەرد و، گەڕان و، نەبوونی و، کوێرەوەرییەدا ئامادە نەبووە ئەم گەنجینە بەنرخە بە ماڵی دنیا بگۆڕێتەوە و، هەمیشە هاودەم و، هاوڕێی ژیانی بووە و بەنرخترین سامانی دنیای بووە، بەجۆرێک لە لاپەڕە (١٦٢)دا ئاخ هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

(خدا میداند بە نصیب کە باشد. آخ!!»

ئێمەیش دەڵێین: مامۆستای نەمر خودا بەبەهەشتی بەرینی خۆیت شاد بکات. ئارام لە ئارامگای هەمیشەییدا بۆ خۆت ئاسوودە بە. دیارییە بەنرخەکەت لە دەستی ئەمیندایە و، جێگەی ڕێز و شایانی سوپاس و قەدر زانینی نەوەکانی دواڕۆژی گەلەکەتە.

هەروەها دەستی ڕێز بۆ مەلا حەمەئەمینی کوڕی مامۆستای نەمرمان بەسنگەوە دەگرین کە ئەم دیارییە یادگارەی باوکی بەو شێوە جوانە بۆ پارازتووین.

دوای ئەمانیش ڕووی دەم و قەڵەممان دەکەینە ئەو کەسانەی کە دەستخەت و دیوانی شاعیران و سامانی کەلەپووری ئەدەبییان لایە و، هێشتا لای خوێنەران ناویان نەزانراوە و

(٢) بڕوانە: علاء الدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، ١٣٩٠ھ ١٩٧١م چاپخانەی معارف، بەغداد.

باسیان نەکراوە، بیرێک لەو کارەیان بکەنەوە. پێشینانمان فەرموویانە: ئەو کەسەی یەک کوڕی ببێ بەوەجاخ ڕۆشن دانانرێت، ئەو کەسەیش یەک جووت گای ببێت بەجووتیار نازانرێ، چونکە ئەو ئەو کوڕەی بمرێ وەجاخی کوێر دەبێتەوە ، ئەمیش گایەک لە گایەکانی بمرێ سەری نیڵەکەی دەکەوێتە زەوی و، جووتی بۆ ناکرێت و لە جووتیاریی دەکەوێت.

ئەو کەسانەیش کە یەک نوسخەی کەشکۆڵ یان دەستخەتێکیان هەیە مەترسییان لەوان کەمتر نییە؛ چونکە گەلێ جار بە چاوی خۆمان دیومانە ئاگر بەر بووەتە ماڵ و کتێبخانە و چەندین تاکە نوسخەی نایابی دەستخەت و، دیوان و کتێبی نایاب بووە بە خۆڵەمێش! بەڵام لەم چەرخەدا کەرەستەی نوسخە زۆرکردن لە ژمارە نایەت و، کتێبخانە گشتییەکان دەرگایان ئاوەڵەیە بۆ کەسانێک لەو ڕووەوە داوای یارمەتییان لێ بکەن و، بەکەمترین ماوە چەندین نوسخە وێنە لە کتێبێک دەگیرێتەوە و، کتێبەکەیش هیچ کەم ناکات. بەڵکو ئەم کارە دەبێتە هۆی زیندووکردنەوە و لە مەترسی ڕزگارکردنی دەستخەتە تاک و نایابەکان.

## مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی وەک مامۆستا ئەحمەدی کوڕەزای دەیناسێنێ

مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا مەعرووفی کوڕی صۆفی قادرە.

لە بنەچەدا خەڵکی گوندی (سەرخوار)ی ناوچەی شاربازێڕن.

باوکی لە ساڵی (١٨٥٨)دا سلێمانی بەجێ دەهێڵێت و، ڕوو دەکاتە ناوچەی پێنجوێن و، زوبەیدە خانی کچی شێخ محەمەدی هەرگێنە دەخوازێ. زۆری پێ ناچێ ڕوو دەکاتە ناوچەی مەریوان و لە گوندی (ولەژێر) دادەنیشێت و دەبێتە مەلای گوندەکە. بەپێی نووسینەکەی خۆی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا لە دەوروبەری ساڵی (١٨٧١)دا لەدایک دەبێت و، لە منداڵییەوە لای باوکی دەست دەکات بە خوێندن و لە پاشان بۆ خوێندن ڕوو دەکاتە شاری (سنە).

مەلا عەبدوڵڵا هەر لە سەرەتای خوێندنیەوە زیرەکیی و بلیمەتیی پێوە دیار دەبێت و، مەلا و ناودارانی شاری سنە دەیناسن و ڕێزی لێ دەگرن. دوای ئەوە ماوەیەک کە لە شاری سنە دەخوێنێت بەرەو سلێمانی ڕێ دەکەوێت و، دوای ماوەیەکیش لەوێوە ڕوودەکاتە شاری هەولێر و، لای مەلا گیچکەی هەولێر دەخوێنێت و، دوای ئەوەیش ئیجازەی مەلایەتی لە لای وەردەگرێت.

مامۆستا مەلا ئەبوبەکر (مەلا گیچکە) لەبەر زیرەکیی و وریایی مەلا عەبدوڵڵای زۆر





خۆشدەوێت و، لە مامۆستا و قوتابییەوە دەبن بەهاوەڵ و هاوڕێی یەکتر و، تەنانەت سەفەری تورکیا بەیەکەوە دەکەن.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا پاش ئەوەی ئیجازەی مەلایەتیی وەردەگرێت دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و دەبێ بەمامۆستای مزگەوتی گەورە و، لەو سەردەمەدا دەرسی بەشێخ مەحموودی نەمر گوتووە[١].

ماوەیەک دوای ئەوە دەچێت بۆ شاری (سنە) و خەڵکی شارەکە بەو چوونەی زۆر خۆشحاڵ دەبن و، تەنانەت کەسایەتی ناسراوی ئەو سەردەمە قازی فەتاحی ناسراو بە (افتخار الاسلام) ڕەعنا خانی کچی پێشکەش دەکات و دەبێتە خێزانی.

مەلا عەبدوڵڵا پاش ئەوەی دێتە سلێمانی (شەمسەخان)، کە خەڵکی گوندی سەرزەل دەبێت دەخوازێت، واتە دوو ژنی هەبووە. مەلا عەبدوڵڵا دوو سێ ساڵ پێش لە جیهان دەرچوونی بینایی لەدەست داوە و هەردوو چاوی کوێر بوون، بەمەیش شادمان بووە و، دڵخۆشی خۆی بەوە داوەتەوە کە مەولەویی پێش کۆچی دوایی کوێر بووە. واتە پاش مردنی مەولەویش ئەم بەگیان لەتەکیدا بووە و، حەزی کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە وەک ئەو بێت.

باوکی مەلا عەبدوڵڵا و شێخی بەهادین هاوڕێ دەبن و، ئەمە دەبێتە هۆی پەیدابوونی هاوڕێیتی لەنێوان شێخی حیسامەدین و مەلا عەبدوڵڵادا و، شێخ بەهادین وەصیەت بۆ شێخ حیسامەدین دەکات کە دەست لە مەلا عەبدوڵڵا بەرنەدات سوودی لێ وەردەگرێت. دوای مردنی شێخ بەهادین شێخ حیسامەدین دەنێرێ بەشوێن مەلا عەبدوڵڵادا کە لە شاری سنە دەبێت. هەرچەند مەلا و پیاو ماقووڵانی شاری سنە ئەوەیان پێ ناخۆش دەبێت کە مەلا عەبدوڵڵایان لە دەست دەربچێت، بەڵام قسەی شێخ حیسامەدینیان پێ نادرێتە دواوە و، مەلا عەبدوڵڵا دێت بۆ تەوێڵە و، شێخ باخ و شوێنی بۆ دابین دەکات و، تا ساڵی (١٩٣٠) لە تەوێڵە دەبێت، دوای ئەوە دێتەوە سلێمانی و لە ماڵی وەستا عەلی کارگەچیی ئامۆزای دەبێت. لە ساڵی (١٩٤٢)دا هەر لەو خانووەدا کە ئێستا لە مەزادخانەی خوارەوە بازاڕی ئامێری کارەباییبە کۆچی دوایی دەکات و، لە گردی سەیوان بەخاک دەسپێررێت.

(١) مەلا مەعرووفی کوڕە گەورەی مامۆستا کە ئێستە تەمەنی (١٠٤) ساڵە دەڵێ: شێخ مەحموود خۆی پێی گوتووم: کە مەلا عەبدوڵڵای باوکت لە مزگەوتی گەورە دەرسی پێ گوتووم.

### زیرەکیی و بلیمەتیی:

وەک دەگێڕنەوە مەلا عەبدوڵڵا هەر لە منداڵییەوە زیرەکیی و بلیمەتیی پێوە دیار بووە و، لای هەر مامۆستایەک چ دەرسێ یا بابەتێکی خوێندبێ لەبەری کردووە و توانای لێکدانەوەی لەسەری بووە. جگە لەوەیش هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە.

بەهۆی تێکەڵیی لە تەک شاعیرانی ئەو سەردەمەدا شارەزایی تەواوی لە ئەدەبی فارسی و کوردیدا بووە. بەتایبەتی شیعرەکانی باش زانیوە و زۆربەیانی لەبەر بووە.

### بۆچی پێی گوتراوە مەریوانیی؟

لە لایەکەوە دەڵێن: چونکە لە ناوچەی مەریوان لە دایک بووە ئەو سەردەمەی لە شاری سنە بووە ناوبانگی دەرکردووە.

لە لایەکی دییەوە دەڵێن: ئەو سەردەمە لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی مەلا بووە مامۆستایەکی دیکەیشی لێ بووە ئەویش ناوی مەلا عەبدوڵڵا بووە و، بۆ ئەوەی لە یەکیان جیا بکەنەوە و، چونکە ئەمیش لە مەریوان لە دایک بووە ئەم لەقەبەیان داوەتێ و، بەناوی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانییەوە بانگیان کردووە.

### بەرهەمی مەلا عەبدوڵڵا:

بەداخەوە ئەم مامۆستا بەهرەمەند و وریا و زیرەکە کە بێ گومان بەهۆی ئەو کار و بار و خزمەتانەوە کە لە ماوەی ژیانیدا کردوونی دەیان نووسراو و بابەتی بەبایەخ و جێگەی سەرنجی هەبووە، بەڵام بەداخەوە جگە لە کەشکۆڵە ڕەنگینەکەی کە پێشتر باسمان کرد بەرهەمێکی دیاری نەماوە.

مامۆستا عەلائەدین سجادی دەڵێ: مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی یەکەم کەس بوو مەولەویی بەناوچەی سلێمانیی ناساند.

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵیش – خوا لێی ڕازیی بێ – ڕۆژێک بە مەلا حەمەئەمینی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا دەڵێت: پارچەیەک شیعری باوکتم لایە شاکاری شیعری کوردییە، کاتێ لە هەولێر بووە دایناوە.

مەلا عەبدوڵڵا ئەوەندە لە شیعری مەولەویشدا شارەزا بووە و دەستی باڵای هەبووە کاتێ خوالێخۆشبوو پیرەمێرد بەشێک لە شیعرەکانی دەگۆڕێتە سەر زاراوەی سلێمانی،





پشت بە مەلا عەبدوڵڵا و مەلا عەبدولعەزیزی موفتی دەبەستێت و، نازناوی (کعب الاحبار)ی کوردستان دەدات بەمەلا عەبدوڵڵا.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا بەهۆی لێهاتوویی و ئەمدیوە و دیوکردنی و گەڕانی بە کوردستانی ئەودیو وئەمدیوداو مانەوەی لە پایتەختەکانی وەک تاران و بەغدا دا.. ناسراویی و تێکەڵاویی لەتەک گەلێ لە کەسایەتی و شاعیران و ئەدیبانی ئەو سەردەمەدا پەیدا کردووە، لە سەرووی هەموویانەوە پیرەمێردی شاعیر کە زۆری خۆشویستووە و، لە کاتی مردنیدا زۆر بۆی گریاوە و، لە ڕۆژنامەی (ژین)دا شین و کۆتەڵی بۆ نووسیوە.

جگە لە پیرەمێردیش لەتەک: مەحوی و، ناریی و، بێخود و، گۆران و، بێکەس و، عەلی کەمال باپیر و، شێخ ڕەزا و، قانیع و، زێوەر و، حەمدیی صاحیبقران و... پێوەندیی پتەو و برایانە و دۆستانەی بووە.

ناریی بەم بەیتە ستایشی کردووە:

غەیری (عەبدوڵڵا)، عیبادوڵڵایە من یارم نەبوو
قەلبی کەس لایەق بە شێوەی شۆخی ئەشعارم نەبوو

شێخ ڕەزای تاڵەبانیش دەربارەی دەڵێت:

مەعدەنی دوڕڕ و کانی
منم و فاضیلی مەریوانی

لەو کەسایەتییە ناودار و گەورانەیش کە مەلا عەبدوڵڵا پێوەندی پتەوی لەگەڵیان هەبووە مەحموود پاشای جاف بووە کە بەڕێزەوە بۆی ڕوانیوە و، بە پەرۆشەوە بووە ژیانی باشی بۆ دابین بکات و، داوای لێ کردووە کە گوندێک لە گوندەکانی خۆی لەسەر تاپۆ بکات، بەڵام مەلا عەبدوڵڵا ئەوەی نەویستووە و، ژیانە سادە و ساکارەکەی خۆی لەوە بەلاوە باشتر بووە کە وەک خۆی گوتوویەتی – ببێ بە پیاوی بنەماڵەی پاشا.

جەعفەر سوڵتانی هەورامان ساڵانە زەخیرە و میوە و دیاریی بۆ ناردووە. شێخ مەحموودی نەمر چەند جار نامەی بۆ شێخ حیسامەددین ناردووە کە دەستبەرداری مەلا عەبدوڵڵا ببێت بۆ ئەوەی شێخی نەمر بیکات بە مامۆستای مزگەوتی گەورە لە سلێمانیی.

کە مەلا عەبدوڵڵا چووبێ بۆ سەردانی ئەحمەد بەگی موتەصەڕڕیف، ئەحمەد بەگ تا حەوشەی سەرا چووە بەپیریەوە.

دەگێڕنەوە کە موظەفەر پاشا یامۆڵکی چووە بۆ سەردانی مەلا عەبدوڵڵا کە لە پلیکانەکانی سەرکەوتووە وتوویەتی: مامۆستا ئەمە پلیکانە نییە پردی صیراطە!

### هەر لەڕووی بلیمەتیی مەلا عەبدوڵڵاوە دەگێڕنەوە:

جارێک ڕەزا شای ئێران نامەیەک بۆ شێخی حیسامەددین دەنێرێ. شێخیش داوا لە مەلا عەبدوڵڵا دەکات وەڵامی بداتەوە. کە وەڵامەکە دەگاتە لای شا، بە نووسین و وەڵامەکەی سەر سام دەبێت و، تەلگراف دەکرێت بۆ ئوستانی (سنە) کە نووسەری ئەو وەڵامی نامەی شێخی حیسامەددینە بنێرن بۆ لای شا. لە ڕێگای ئوستانداری سنەوە مامۆستا بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەتی دەینێرێت بۆ تاران و، لە کۆشکی شادا شا دەبینێ و، لەتەک چەند زانایەکی وڵاتدا گفتوگۆ بە ئاگاداریی شا دەکات. دوای ئەو دیدارە شا داوا لە مامۆستا دەکات کە بچێتە تاران و لە دەرباری شادا جێگەی تایبەتی هەبێت، بەڵام ڕازی نابێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای شێخی حیسامەددین.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ساڵی جارێک سەردانی چەند زانایەکی شاری بەغدای کردووە و گفتوگۆی لەتەک موفتیی و نەقیب و ئەو زانایانەدا کردووە. مەلیک فەیسەڵی یەکەم ڕێوڕەسمی وادەبێت شەوانی جومعە مامۆستا و ئەدیب و پیاو ماقووڵان لە دیوەخانی خۆیدا کۆدەکاتەوە و، تا درەنگانێکی شەو بە نوکتە و شیعر و باسی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە کات دەبەنە سەر. لە یەکێک لەو شەوانەدا کە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا بەسەفەر لە بەغدا دەبێت، مامۆستایان لەتەک خۆیاندا دەیبەن بۆ کۆڕی لای مەلیک. لەنێوان قسەکانیدا باسی تەفسیر و لێکدانەوەی بابەتێک دێتە پێشەوە، مامۆستایان قسەی لێدەکەن، دوایی داوا لە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا دەکەن قسەی تێدا بکات، کە دەکەوێتە قسەکردن و لێکدانەوەی بابەتەکە، بەجۆرێک باسی دەکات و لەسەری دەدوێ، مامۆستایان و مەلیک لەتەکیاندا دەبنە گوێگری سەرسامی و، بە شێوەیەک سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، وەک ئەو باسانەیان پێش ئەوە نەبیستبێت وەها بۆ مامۆستا دەڕوانن.

بەیانی مەلیک فەیصەڵ دەنێرێ بە شوێن مامۆستادا و ئەویش لەتەک موفتیی و یەکێک لە زاناکاندا دەچنە لای. مەلیک داوای لێ دەکات کە بێتە بەغدا و چ مزگەوتێکی دەوێ لەوێ دایبنێن و، ژیانی باشی بۆ دابین بکەن و، هەر یەکێکیش لە منداڵەکانی کار و مووچەی خۆیان هەبێت. بەڵام دیسان مامۆستا کوردستان و لای شێخی حیسامەددین





ناگۆڕێتەوە بە مزگەوتی گەورەی بەغدا و کۆڕی دیوانی مەلیک و ژیانی دەرباری پڕ لە ناز و نیعمەت!

### نوکتە و قسەی خۆشی مامۆستا:

دەگێڕنەوە جارێک مامۆستا لە کۆڕی شێخی حیسامەددیندا دەبێ لەتەک چەند مامۆستای ئەودیودا، لەو کاتەدا بەرچینەیەک هەنجیر دێنن بۆ شێخ، هەنجیر دەبەنە ماڵەوە. دوایی داوا لە مامۆستا دەکەن عەشەرەیەک قورئانیان بۆ بخوێنێ. مامۆستایش (بسم الله) دەکات و دەفەرمووێ: (والزیتون وطور سنین) تا دوایی.. یەکێک لە دانیشتوان دەڵێ: مامۆستا (و التین)ت پەڕاند! ئەویش دەڵێت: بەڵێ هەنجیرەکەیان بردە ماڵەوە! هەموو دەست دەکەن بەپێکەنین و، شێخ فەرمان دەدات هەنجیرەکە دێنن دەیخۆن.

### ئەو سەرچاوانەی باسی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵایان کردووە:

١- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلادین سەجادی، چاپی دووەم.
٢- گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢٩) شوباتی ١٩٨٥.
٣- دیوانی ناریی.
٤- ڕۆحی مەولەویی، پیرەمێردی نەمر.
٥- دیوانی پیرەمێرد، محەمەد ڕەسووڵ هاوار.
٦- ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥٠) ١٠ / ٩ / ١٩٩٧ .
٧- گۆڤاری جگەرگۆشەکان.
٨- ڕۆژ ژمێری هاوسەر ساڵی (٢٠٠٣) .
٩- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیی. ئومێد ئاشنا.(*)

(*) مامۆستا ئەحمەدی کوڕەزای مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا بەشێکی ئەم زانیارییانەی لە باوکی و مەلا مەعرووفی مامی وەرگرتووە.







## حاجی صادقی پاوەیی شاعیرێکی دێرینی نەناسراوی کوردە

**٤٦٣**

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ - خودا بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادی بکات - کاتێک فیهرەستی بۆ دەستخەتەکانی کتێبخانەکەی - لەسەر داوای ڕژێمی ئەو سەردەمە - ئامادە کردووە، دیارە، جگە لە سەرقاڵیی و ڕەتبلاویی خۆی، ماوەی کەمی لە بەردەستدا بووە بۆ ئامادەکردنی فیهرەستەکەی.

بۆیە گەلێ وردە زانیاریی و، باسی زانایان و شاعیرانی نەناسراوی بەسەردا تێپەڕیوە، یان هەر خۆی بواردوونی و بەهیوای ئەوە بووە دوایی بێتەوە سەریان و کاری باش و تێر و تەسەل و جیایان بۆ بکات، بەڵام بەداخەوە ئەو هەلانەی بۆ نەڕەخساون.

بەهەرحاڵ خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا هەندێ لەو کارانەی مامۆستای خاڵ بەهیوای تەواوکردنیانەوە ماڵئاوایی لێکردین، کەوتنە ئەستۆی من و، دوکتۆر خالیدی کوڕی مامۆستای خاڵ ئەو متمانەی پێ کردم کە یەکە یەکەی دەستخەتەکانی باوکی ببینم و، ئەو ناتەواوییانەی فیهرەستەکەی تەواو بکەم.

لەم هەلەدا چەند زانیاریی پڕ سوود و بایەخم دەستکەوتوون وا بەباش دەزانم خەمساردییان تێدانەکەم و، دەسوبرد لە بڵاوکردنەوەیاندا بکەم.

یەکەم بابەت بۆ مامۆستایەکی مەزن و شاعیری کورد تەرخان دەکەم، کە بەگوێرەی پشکنینی من تا ئێستە لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژووی زانایان و شاعیرانی کورددا ناوی نەهاتووە و، ئەمە یەکەم جارە هەواڵی دەدرێت بەگوێی مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

هەرچەند ئەم هەواڵەی منیش دەربارەی ئەم مامۆستا تێر و تەسەل و چڕ و پڕ نییە و، بەهەموو لایەکی ژیانی مامۆستاماندا ناگات، هەواڵێکی چاک و پاک و پوخت و جێگەی متمانەیە و، چیمان لە دەستدایە لە قەڵەمی خودی مامۆستای باسەکەمانەوە وەری دەگرین و، هیچ زانیارییەکیش نییە لەمە دروستتر بێت کە لە دەست و دەمی ئەو کەسەوە وەربگیرێت کە دەربارەی دەنووسین.

چەند جار گوتوومانە دەستخەتی مامۆستایانی کورد گەنجینەی مێژووی کوردە، سەرچاوەی ئەم باسەیشمان بەڵگەیەکی دیکەی ئەم قسە ڕاست و دروستەیە.

دەستخەتێکی پڕ بایەخ لە دەستخەتەکانی کتێبخانەی مامۆستای خاڵ چەند دانراوی لە خۆ گرتووە کە ژمارەکانی ٥٣٥ ، ٥٨٢ ، ١٠٠٥٣٦ی دراوەتێ.

سەرجەمی ئەم دەستخەتە بەخەتی خوالێخۆشبوو حاجی مامۆستا (مەلا صادقی پاوەیی مەعاذیی)یە. وەک پێشتر گوتم ئەم مامۆستا لە هیچ سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا ناوی نەهاتووە و، ئەم دەستخەتە ماوەیەک هاورێ و هاورازای مامۆستای پاوەیی بووە و، لەگەڵێ شوێندا قەڵەمی تێبردووە و، زانیاریی پڕ بایەخی تێدا تۆمار کردووە.

وا باش دەبینم لە پێشدا گەشتێکی خێرا بەناو دەستخەتەکەی مامۆستا مەلا صادقدا بکەم و خوێنەری ئازیز- بەکورتی - لە ڕەنجی ئەم مامۆستا بەڕێزە لەم دەستخەتەیدا شارەزا بکەم و، دوایی وردە - وردە ئەو زانیارییانەی لێی وەردەگیرێن بیانکەین بەدیاریی ئەم جارە و ئەم باسەمان و، ئەڵبەتە وەک گەلێ جاریش گوتوومانە هیوا بڕاوی ئەوە نین ڕۆژانی داهاتوو بەزانیاریگەلی دیکە ئاوس بن و، لە دوو توێی دەستخەتانی دیکەدا لە دایک بین.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

سەرەتای ئەم دەستخەتە ناتەواوە و نازانین چەندەی لێ لەناو چووە، بەپاشماوەی پارچە شیعرێکی عەرەبیی دەست پێدەکات، لە کۆتایی پارچە شیعرەکەوە مێژووی ساڵی ١١٦٧ نووسراوە.

لاپەڕەی دوای ئەمەیش چەند بابەتی جۆرا وجۆر لە لاپەڕەیەکدا کۆکراونەتەوە بەخەتی مامۆستا (صادق)ەو، یەکێکیان مێژووی دەرچوونیەتی لە شاری مەککەی پیرۆز مانگی شەوالی ساڵی ١١٧١.

لاپەڕەی دوای ئەمەیش پارچە شیعری:

(دڵە خەیاڵان)ە کە لەم وتارەدا دەیخوێنیتەوە، مێژووی نووسینەوەی ئەم پارچە شیعرە ساڵی ١١٨٥ک ە.

دوای ئەمە چەند پارچەیەک شیعری ئیمامی شافیعی یە. لە کۆتایی شیعرەکانەوە بەخەتێکی جیاواز - کە هەر هی صادق خۆیەتی. مێژووی ١١٦٠ نووسراوە.

دوای ئەمانەیش چەند پارچە شیعری عەرەبیی نووسیوە.

دوای ئەمانە یەکەم کتێبی ناو دەستخەتەکە دێت کە کتێبی (تعليم المتعلم فی طريق التعلم) دێت. مامۆستا صادق لە کۆتایی ئەم کتێبەوە کە ٤٣ لاپەڕەیە دەنووسێ:

«تمت كتاب تعليم المتعلم بعون الملک الأرحم، في بلدة دياربكر، في شهر ربيع الثاني





سنة تسع وخمسين ومائة بعد الف. حرره صادق المعاذي الانصاري المدني. سنه ١١٥٩».

دوای ئەمە کتێبێکی تەجویدی قورئانی پیرۆز نووسراوە بەناوی سبعة الابواب. ١٤ لاپەڕەیە. لە کۆتایی ئەمەیشەوە نووسیویە:

«تمت في بلدة دياربكر، شهر ربيع الثاني سنة ١١٥٩. أقل العباد صادق»

دوای ئەمە شەرحی قەصیدەی بوردییە دێت بەسەر قەصیدەی بوردییەی بۆصیرییەوە. ئەم کتێبەیش ٧٥ لاپەڕەیە. لە کۆتایی ئەمەیشەوە نووسیویە:

«تمت شرح القصيدة بعون الله تعالى في بلدة دياربكر في شهر جمادي الاول سنة ١١٥٩».

دوای ئەمە قەصیدەیەکی ئیمامی غەزالیی دێت. دوای ئەوەیش قەصیدەیەکی فارسیی (همام) دێت. دوای ئەوانەیش دیسان شیعری ئیمامی غەزالیی دێت. لە کۆتایی ئەمانەیشەوە مێژووی ساڵی ١١٦٠ نووسراوە کە تیایدا لە ١٣ی مانگی (محرم الحرام)دا شاری مەککەی بەجێ هێشتووە.

دوای ئەمەیش شەرحی قەصیدەی (بانت سعاد)ی ئەبوبەکری کوڕی عەلی خەطیبی تەبریزیی دێت. کە ٣٢ لاپەڕەیە. مێژووی کۆتاییهاتنی ئەمەیش هەر ساڵی ١١٦١ بووە.

پاش ئەمەیش شەرحی قەصیدەی (معين الدين ابن نصر احمد بن عبدالرزاق الطنطرانی)دێت کە لە ستایشی (نظام الملک)ی وەزیردایە. ٣٥ لاپەڕەیە.

لە کۆتایی ئەمەیشەوە نووسیویە:

«تمت هذه القصيدة الشريفة الطنطراني يوم الثلاثاء دوازدهم شهر شعبان المعظم في بلدة حلب. في مدرسة عثمان پاشا يسرالله تعالى له ما يشاء. سنة الف ومائة وخمسين وتسع ١١٥٩.»

دوای ئەمەیش پارچە شیعرە هەورامییەکە دێت کە باسی ڕێگەی حەجەکەی دەکات و، لەم وتارەدا دەیخوێنیتەوە.

دوای ئەوەیش قەصیدەی (بدء الامالی) دێت کە بە (الامالية)یش ناو دەبرێت.

دوای ئەمەیش دوا لاپەڕەی دەستخەتەکە تەخمیسێکی فارسیی پارچە شیعری (الا ايها الساقی أدر کاسا وناولها)ی حافظ دێت، بێ مێژووی نووسینەوە و، بەمە دەستخەتەکە کۆتایی دێت و، ئەم گەشتە خێرای ئێمەیش لێرەدا کۆتایی دێت.

پاش ئەمە دەگەڕێینەوە سەر باسی مامۆستا صادق و بزانین چ مێژوویەکی لەم دەستخەتەوە بۆ دەنووسین.

دوای گەشتی ناو دەستخەتەکەو پشکنینی پەڕاوێز و ناو دێڕەکانی بەهەندێ زانیاریی مێژوویی دروستەوە دەگەڕێینەوە، کە دەتوانین ژیانی مامۆستا صادق بخەینە چوارچێوەیانەوە.

یەکەم: مامۆستا ناوی صادقی کوڕی عەبدولعەزیزە و، هەر (صادق)یشی کردووە بەنازناوی شیعریی.

دووەم: چەند نیسبەتێکی دیکەی بۆ خۆی داناوە کە دەڵێ:

(مەعاذیی، ئەنصاریی، مەدەنیی) دەبێ مەبەستی ئەوە بێت کە ڕشتەی دەچێتەوە سەر مەعاذی کوڕی جەبەل.

سێیەم: یەکەم مێژوویەک کە مامۆستا صادق لە دەستخەتەکەیدا تۆماری کردووە ساڵی ١١٥٩یە، کە لەو ساڵەدا لە دیاربەکر فەقێ بووە، یان بۆ کاری دی چووەتە ئەوێ، ئەگەر لەو سەردەمەدا فەقێ بووبێت ئەوە فەقێیەکی ئاخر مادە و موستەعید بووە و، لە پلەی مەلایەتیدا بووە؛ چونکە خەتەکەی و نووسینەکانی ئەوەمان پێ دەڵێن.

بەو پێیە دەبێ تەمەنی مامۆستا لەو سەردەمەدا لە (٢٠) ساڵ کەمتر نەبووبێت.

چوارەم: ساڵێ دوای ئەوە حەجی ماڵی خودای کردووە و، لە ڕێگەی حەجەکەیدا ماوەیەک دوای دیاربەکر لە حەڵەب ماوەتەوە.

پێنجەم: پارچە شیعرەکەی کە باسی سەفەری حەجی تێدا کردووە لە ساڵی ١١٦١دا لە بیارە نووسیویەتیەوە. دەبێ لەوێ پاکنووسی کردبێ؟ یان هەر یەکەم جار لەوێ دایبنابێ؟

شەشەم: مێژووی لێبوونەوەی لە حەجی یەکەمی و بەجێهێشتنی شاری مەککەی پیرۆزی ڕۆژی سیازدەهەمی مانگی موحەڕەمی ساڵی ١١٦٠ بووە.

حەوتەم: دیارە دوای حەجەکەی، یان پێشی حەجەکەی، کە لە ڕێگەی دەریاوە بووە سەردانی (جدە)ی کردووە.

هەشتەم: دەستخەتەکەی هەمووی لە نێوان ١١٦٠و ١١٦١دا نووسیوەتەوە، بەڵام دیارە ئەم دەستخەتەی یەکێک بووە لە دەستخەتە خۆشەویستەکانی و هاوڕێی ژیانی بووە؛ چونکە دەبینی مێژووی ساڵی ١١٨٥ی پێوەیە کە لەو مێژووەدا شتی تیا نووسیوەتەوە.

نۆیەم: مامۆستامان خۆی پاوەیی بووە بەشێکی دەستخەتەکەی لە بیارە نووسیوەتەوە، جا دەبێ چۆن ڕێگەی کەوتبێتە بیارە، بەفەقێتیی یان بەمەلایەتیی؟

دەیەم: بەداخەوە پارچە شیعری حەجنامەکەی باش ناخوێنرێتەوە و تەڕ بووە و شێواوە و



گەلێکی کوژاوەتەوە، ئەگینا ئاوێنەیەکی ڕوونتری سەفەرەکەیمان لە دەستدا دەبوو، بەڵام لەتەک ئەوەیشدا گەلێ ناو و شتی لێ وەردەگیرێ، وەک ئەوەی حەجەکەیان ئاسوودە و بێ مەترسیی گەورە بووە و، میر حەجی باشیان بووە و، میر حەجەکەیان نازناوی پادشای پێوە بووە و، بەو پێیە گەلێ ئاسوودەیی بۆ فەراهەم کردوون. هەروەها لە حەجنامەکەیدا باسی گەلێ کەلەپووری دێرینەی ئایینەکانی پێشوومان بۆ تۆمار و ناونووس دەکات، کە لەو سەردەمەدا لە (قدس)دا بوون و، ئێستە نازانین وەک خۆیان ماونەتەوە یان نا؟

ناونووسی ئەو شەخص و مەرقەد و شوێنانە ناکەینەوە کە لە ڕێگەی چوون و هاتنەوەیدا زیارەتی کردوون؛ چونکە ئەوانەی بخوێنرێنەوە لە وتارەکەدا لە ناو شیعرەکاندا نووسراون.

یازدەهەم: هەر لە دەستخەتەکەوە بەڕوونیی دەردەکەوێ مامۆستامان - بەلای کەمییەوە - دوو جار حەجی ماڵی خودای کردووە، جاری دووەمی ساڵی ١١٧١ بووە و، ئەم جارەیان ماوەیەکی زۆر دوای حەجەکەی لە شاری مەدینە ماوەتەوە؛ چونکە نووسیویە کە لە مانگی شەوالی ساڵی ١١٧١دا شاری مەککەی پیرۆزی بەجێهێشتووە. جا دەبێ بۆ ئەم جارەیان حەجنامەیەکی لەوەی پێشووی تێر و تەسەلتری نەنووسیبێ؟ ئەگەر وایە دەبێ مابێ؟ ئەی دەبێ لە کوێ بێ؟ وەک گوتمان ئەم دەستخەتەی بەردەستمان بەری ڕەنجی ساڵێکیەتی، ئەی دەبێ ئەو (٢٥) ساڵەی کە بێگومان تیایاندا فەقێ و مەلا و شاعیر و ڕۆشنبیر بووە چی نووسیبێتەوە و، چەندەی شیعر دانابێ؟

وەک نووسیشم دوا مێژووی کە لە دەستدایە ساڵی ١١٨٥ە کە شتی تیا نووسیوەتەوە و، دوای ئەوە نە ساڵی کۆچی دوایی نە شتێکی دی نازانین.

دەبێ لە دامێنی ئەم باسەدا ئەوە نەبوێرم کە بەشی زۆری پارچە شیعرەکەی باسی حەجی مامۆستا صادق تەڕ بووە و، بەشێکی هەر بەتەواویی شۆرراوەتەوە و، ئەوەی کە نووسیومەتەوە بەزەحمەتێکی زۆر چیم بۆ کرابێ لەگەڵیدا کردوومە، بەڵام لەوە زیاتریم بۆ ساغ نەکرایەوە کە لێرەدا دەیبینی، هەر شوێنێکیشی بەتەواویی نەخوێنرابێتەوە ئەوە خاڵم بۆ داناوە، ئەو شوێنانەیش گومانم لە خوێندنەوەیاندا بووە لە ناو کەوانەدا بە نیشانەی سەرسوڕمان ( !) ئاوا ئاماژەم بۆ کردوون.

## حاجی مەلا صادقی پاوەیی

دڵە خەیاڵان...

دڵە وەس کەرە فاسید خەیاڵان
ویر بدە بە دەور ویەردە ساڵان
کەی پەی کێ نەشی عومرش بە تاڵان؟
کۆن ئەنبیاهان ئەولیای شەهیر؟
کۆن پاتشاهان وەزیر و ئەمیر؟
کۆن (ابو البشر) بێ بوغض و کینە؟
کۆن نووح نەبی صاحیب سەفینە؟
کۆن شی ئیبراهیم خەلیل وەدوود؟
دایم دەعواش بی ئەو چەنی نەمروود؟
کۆن شیث و ئیدریس (اورە!) نمایان؟
کۆن ڕەسوولوڵلا شای ئەنبیاهان؟
کۆن مووسا عیمران گوستاخ کۆی طوور؟
عیسا بن مەریەم ئەو (سرشتەء) نوور
وە کۆ شی داود عەدل و زنجیرش؟
سا کۆن سولەیمان تەخت و سەریرش؟
بە نیم ڕۆ یەک ماە مەشی بەڕاوە؟
نیمەء ئاخرش ماما دماوە!
کۆن یەحیای مەظلووم سا کۆن زەکەریا؟
یەعقووب مەحزوون یونس بن مەتا؟
کۆن حوسن یوسف زوڵەیخای مەفتوون؟
کۆن لەیل پڕ مەیل؟ وە کۆشی مەجنوون؟
کۆ شی ئەبابەکر صەداقەت مەئاب؟
عەدل و عەدالەت عومەر بن خەطاب؟
وە کۆشی عوثمان سەخاوەت پیشە؟
حەیدەر صەفدەر ئەو شێر بێشە؟





کۆن حەمزەی عەرەب؟ وە کۆ شی عەبباس؟
حەسەن و حوسەین هەم خضر و ئیلیاس؟
خالید بن وەلید، عەبدل بن عومەر
مەعاذ بن جەبەل دۆست پێغەمەر
عەبدوڵڵای عەباس پەی عیلم خەزانە
ئەویچ وە کۆ شی؟ ئەرێ دێوانە!
ئیمام غەزالیی ئیسمشەن مەعلووم
کۆن ئیمام ئەعظەم؟ وە کۆ شی مالیک؟
(احمد بن حنبل قد و الکالک!)
کۆن پاڵەوانان شێران ڕۆی جەنگ؟
ڕۆستەم بن زاڵ کوشندەی ئەرژەنگ؟
سا کۆن قەهرەمان وەقت قەهر و قار
جە لاش یەکێ بێ یەکێ تا هەزار!
عەبدولقادر کۆن؟ کۆن مەعرووف کەرخیی؟
سا کۆن بایەزید؟ شەقیق بەڵخیی؟
وە کۆ شی عورفیی؟ سا کۆن نظامی؟
شیرازیی حافظ؟ هەم مەلای جامی؟
سا کۆن نازداران گوزیدە و دین پاک؟
تۆ تەمات چێشەن؟ خاک بەسەرت خاک!
غافڵ مەنیشە تۆ جە ڕۆی مەردەن
فکر ... کەردین نەکەردەن
ببە پەشیمان بکەرە تۆبە
نەبا جە ناکا نۆبەت بۆ نۆبە
(صادق) صادقی با صیدقت صاف بۆ
نە قەوڵت درۆ فیعلت گەزاف بۆ
ئەر خواهیشت هەن صادق بی (صادق)
دڵ و زبانت بکەر موافیق

زبانت ذاکیر، دڵ خۆفناک بۆ
خەوفش هەر جە قەهر خوای پاک بۆ
وەرنە چە سوودەن (واتە!) زبانی؟
زبان زیانەن بە وێت مەزانی
تمت کتبه ناظمه سنه ١١٨٥

***

**ملا صادق پاوەء در تعداد منازل حج گفته است**[1]

شەهروڵڵای ئەعظەم...
دوو شەنبەی شەریف شەهروڵڵای ئەعظەم
بە عەزم طەواف کەعبەی موعەظظەم
داخڵ بیم بە ئەرض قودس موحتەرەم
جە بەلدەی (بیرجوک)... وەبەر
ڕووم کەرد نە (حەڵەب) دەلیل (کورا!) نەوەر
صەباحەی خەمیس (یوم المبارک)
بەرشیم جە حەڵەب کەردیم تەدارەک
... وە (قەصیران) سالیک بیم سالیک
پەرێ زیارەت (قدوە المسالک)
(أعنی) شێخ ئەحمەد خەڵوەتیی لەقەب
قەصیران مەسکەن مەشایخ نەسەب
بە ئیذن خادیم ئەو شێخ ئەکبەر
داخڵ بیم نەقصر ڕیضوانی ئەخضەر
مەجمووع بی نەو قەصر چەندان ئەولیا
چون بەیت ئەقدەس (برج الانبیا)
بیست و یەکەی شەهر (یوم الاربعاء)
کەردیم زیارەت ڕەوضەی ڕیضوان جا

(١) واتە مەلا صادقی پاوەیی ئەم شیعرانەی لە ژماردنی قۆناغەکانی حەجدا گوتووە.





جەو بارگەی پڕ نوور قوطب زەمانە
(شیخ المشایخ) یەکتای یەگانە
بە عەزم لا ...
خیر حافظا ....
(یوم الاربعاء) ڕۆی بیست و هەشتەم
بە عەزم طەواف سوڵتان ئەدهەم
جە (لتقیه!) شار ئەو خورووجمان کەرد
وا ستانەی ئەدهەم ئیلتیجامان بەرد
کەردمان دۆعا حەق کەرۆش قەبوڵ
دۆستان شاد بان دوشمنان مەلوول
ئیبراهیم ئەدهەم (اژش!) دوعامان
(آیة الكرسی)ش وانا دمامان
جە یوم...
بعزم طرابلس...
ثمان...
نیشتبم نە کەشتی...
(طەرابلوس)شەهر ... بەجا
بە عەزم (سەعدا) راهیی بیم نەرا
ڕۆی (یوم الخمیس) سەلخ مای صیام
جە سەعدا بەرشیم ڕوومان کەرد نە شام
{پیمان} بی سەبەب بامر سوبحانیی
حەق بدۆش تەوفیق عوثمان ثانیی
(أمیر الحاجی) پاتشای ئەسعەد
ئەسعەد پاشا[2] بی، حەق بدۆش مەدەد

(٢) نەمزانی ئەم ئەسعەد پاشا کێیە.

(مضرب الخيام) کەرد چە... ندا[٣]
هەفت شەب و هەفت ڕۆ... شش
ئەز ڕۆی هەفتەم ڕاهی بی نەراه
بدۆش تەوفیق تەوفیق دڵخواه
... ... ... با بۆ
... ... میر حاج خانەی خودا بۆ
کەهیا... چێش وەکیل وەزیر
سەر ئەفرازەنی... نە سەریر
طەپڵ پاشایش دایم بژنیۆ
دوشمنش بنیاد جە بێخ بکنیۆ
جە مەضرەبان خێزا شای حەجاج پەنا
مەنزڵ بەرد... ... جا
چۆگە هۆڕێزا حەجاج ئیسلام
جە قەڵعەی (زلفا) کەردمان مەقام
غورەی ذولقەعدە ڕۆی (یوم الثلثا)
کەردمان مەنزڵ جە قەڵعەی (یلغا)
ئەو ڕۆ جەو مەنزڵ خێزا خورۆشا
پەی قەلا قەطران... ...
بەرشی جە قەطران ئەحرار و بەندە
کەردمان مەنزڵ هەم قەرامەندە
چاگە هۆڕێزا شای... سولەیمان
مەنزڵ بەرد وە شەهر بەلدەی (مەعان)
جە مەعان بەرشی حەجاج عەرەب
ئەورۆ گرت مەنزڵ جە (دار العقب)
چۆگە هۆڕێزا بەور ناموەر
مەنزڵ بەرد نەدەور قەڵعەی مودەووەر

(٣) لێرەدا دوو بەیت بەیەکجاریی سڕابوونەوە.





چۆگە کەرد ئاخێز سەرخێڵ حەجیج
ئەورۆ بەرد مەنزڵ وە (برک تحجيج)
جە تەحجیج خێزا (افتخار الملوك)
مەرحەل نشین بی جە قەڵعەی (تەبووک)
چۆگە ڕاهی بی شای شوهرەت شەهاب
... (قەڵا حەیدەر) بە بەرۆش مەئاب
چۆگە هۆڕێزا حەجاج ئەکرەم
بگەرتش قۆناغ جە (برک اعظم)
جە (برک اعظم) ئەو ڕۆ کە بەرشی
بکەردش مەنزڵ (نجد اواسی!)
چاگە بی ڕاهی (حجاج النجا)
ئەو شەو بی ساکن جە قەڵعەی عولا
جە عولا خێزا (میر حاتم دڵ!)
جە (بیر الغنم) بگەرتش مەنزڵ
چاگە نەقڵەت کەرد وەزیر شەهیر
بگەرتش مەنزڵ ئەو جە نمەکی بیر
چۆگە کەرد ئاخێز... شام
جە قەڵعەی ... ئەو شەو گرت مەقام
(ثلاثه عشرین) مای (ذوالقعیده)
(یوم الاربعا) یاوایم وە (شیده)
چاگە هۆڕێزا شای مەسنەد نشین
بگەرتش مەنزڵ جە (برک قرین)
جە قەرین بەرشی میر شا دەستوور
بکەردش مەنزڵ مەدینەی پڕ نوور
(افضل الایام) یانی ئادینە
داخڵ بە شەهر بەلدەی (مەدینە)

کەردمان طەواف زوبدەی ئەنبیا
صددیق و فارووق هەم...
بواستش دەستوور جە شای ئەنبیا
بکەردش مەنزڵ... شوهەدا
چاگە هۆرێزا شای موراد حاصڵ
قەریەی (مزین)(٤) ئەو شەو بیم واصڵ
چۆگە نەقڵش کەرد شای (بدرالحجمین)
جە بەدر و (حنین)(٥)(تکیش) کەرد تەمکین
جە بەدر و حونەین شای (مبغض الشرک)
ڕاهی بی بە قەصت پەی (رابعە البرک)
دل... ... ...
بری مەجنون... ...
هەر کۆ بری هەن...
بەڵێ نەک وێنەی بەڕی مەجنوونیی
درەخت موغیلان سورابن ئابش
سەنگش کیبریتەن ڕەمڵەن تورابش
... (٦)

...
خەیرش مەعدوومەن شەڕش مەوفوورەن
ئاب و ئابدانیش سێ مەنزڵ دوورەن

(٤) لەوانەیە مەبەستی (موزەینە) بێت.
(٥) (بەدر) و (حونەین) ناوی دوو شوێن و دوو جەنگی گەورەن کە لە سەرەتای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕوویان داوە، ماوەی نێوانیان لە ڕووی (مەکان) و (زەمان)ەوە زۆرە و، دوورن لەیەکەوە، بەڵام لەسەر زاری کوردان وا ڕۆیشتووە دەڵێن (بەدر و حونەین)و دەبێ مەبەستی مامۆستا صادقیش لێرەدا شەڕگای (بەدر) بێت و، ئەو زاراوە باوەی لەوەوە بەکار بردبێت.
(٦) لێرەیشدا بەیتێک ناخوێنرێتەوە.





جەو دما بە ئەمر سەتتار بێچوون
بەڕی مەجنوون کەرد بە بەحر جەیحوون
... ... (٧)

... ...
جە ... ... ... ...
مەنزڵ یاونا بە نەجد (عەسفان)
جە عەسفان خێزا میر موکەڕەم
داخڵ بی بە شەهر مەککەی موعەظظەم
ڕوی (الثلاثا ، محب العلوم)
بکەردش طەواف (طواف القدوم)
ڕۆی (اربعا ) ثامین (ذوالحجە)
... (عەرەفە) قەدەم کەرد ڕەنجە
ڕۆی (یوم الخمیس)... غورووب
کەردیم ئیستیغفار ئیقالەی ذنووب
جە دمای غورووب شەس زەڕ نیگار
پەی (موزدەلیفە) کەردمان یەلغار
وەر جە نمای صوبح (بوردین!) نەپا
خێزا یاونا جەژنش وە (مینا )
ئەو ڕۆ ساکن بیم نەشیم بەرێدا
هەم جومعە و هەم عید کەردیم نەوجێدا
فەردا ڕۆی شەنبە (من حیث مجموع)
وە (بیت الحرام) کەردمان ڕوجووع
کەردمان طەواف کەعبەی موعەظظەم
(حجر الاسود) هەم بیر (زەمزەم)

(٧) لێرەیشدا هەروەها.

(حجرەء) ئیسماعیل ئیبراهیم مەقام
مەکان نماز هەر چوار ئیمام
نوعمان بن ثابت ئیمام ئەووەڵ
مالیک بن ئەنەس ئەحمەد بن حەنبەل
محەمەد بن ئیدریس شافیعیی لەقەب
بەحر علوومەن قورەیشیی نەسەب
شاد بان بەرەحمەت ڕەوضەی ڕیضوان جا
داخڵ بان نە قەصر سەوز با صەفا
جە دمای طەواف هەم شیم وە مینا
سێ شەب و سێ ڕۆژ موقیم بیم نەو جا
بەعدەز ڕۆی سێیەم... ...
کەردمان ڕوجووع هەم وە (مەککە) شار
بەعضێ نە مەککە ساکن بین ساکن
بەعضێ کەردشان ڕوجووع وە زامن
ئێمەیچ یا گەردیم ڕوو نەرای دەریا
پەرێ زیارەت جوملەی ئەنبیا
(جدە) خەلائیق صاحیب طەهارەت
جە (جدە) شاردا کەردیم زیارەت
وەر جە زیارەت ئەنبیای کیرام
کەردمان طەواف ئیمام هومام
ئیمام شافیعیی ئیمام ثالیث
حەسەن و حوسەین پەی ڕەسوول واریث
عەلی بن عولەیل ئەولیای بێ عەیب
شەفاخوای ئوممەت (لا شك ولاريب)
جەو پەی زیارەت دۆست عام و خاص
موعاذ بن جەبەل کەردیم جە (عەمواص)





یەک شەوو یەک ڕۆ چاگە بیم موقیم
کەردیم تیلاوەت قورئان قەدیم
پەرێ ڕۆح پاک صەحابەی کیرام
خەلیفەی {یمین!} صاحیب ئیحتیرام
چاگە هۆرێزایم ڕوومان کەرد نەرا
(مصمم) بە عەزم (برالانبیا)
بە صیدق نییەت بە عەقیدەی صاف
(بیت المقدس) کەردمان طەواف
ئەووەڵ جای میعراج زوبدەی ئەنبیا
دووەم (صخرة الله) موعەللەق نە هەوا
قەڵخان حەمزە، ئالآیی عومەر
یاگە پای شەریف سەیید سەروەر
زنجیر داود، ترازوو و میزان
(مسجد الاقصی)، (جنّان) و موکان
نەبی سولەیمان، میحراب ڕەسووڵ
مەقام ئیدریس، هەم زەوج بەتوول
ڕەوضەی جەننەت، وەضع داود نەبی
کورسیی سولەیمان، هەم سەیف عەلی
هەم قوبەی مەریەم ئەو (خیر النسا)
میحراب نماز جوملەی ئەنبیا
هەم سەفینەی نووح[٨]، کەشکۆڵ حەیدەر
هەم جای ئیمامەت ڕەسوول ڕەهبەر
صیراط پڕ هەول ئەو رووش نە طوورەن
طوول و عەرض ئەو خەیلێوە دوورەن
جەو پێ جای نوزوول (أخی جبرائیل)
هەم ماوای پڕ نوور نەبی (اشمویل)

(٨) ئەگەر سەفینەی نووح لە قودس بووبێت ئێستە بۆچی لە شوێنانی دیکە بۆی دەگەڕێن.

هەم حەوض كەوثەر یاگەی مصطەفا
چەنی چوار یار بە صیدق و وەفا
هەم وادی (الیاز!)[٩] ئەو ڕۆ دیم بە چەم
راستەن حەقیقەن بێ زیاد بێ كەم
قبة الارواح زومرەی ئەنبیا
... ... (ای اقتدا)
ئەبو هورەیرە، شوهەدای عەسقەلان
ئیبنو عەوف، چەنی فارسیی سولەیمان
عبدل بن عمر ... ...
قوطبی بەسطامیی یەعنی بایەزید
یونس بن مەتتی، جەرجیس مەظلووم
زەكەریای زەكیی، هەم یەحیای مەعصووم
یاڵڵا باجەتی كەعبەی مونەووەر
هەم بە ئەنبیاهان تەمام سەرانسەر
ببەخشی گونای ئێمە و هامسەران
... داد خوێش یاوەران
موصحەف شەریف...
خەلیفەی سیم...
...
خاتم الرسل پەیمان بۆ شەفیع
داخڵ كەی نە تەخت لیوای ئەحمەدیی
واصڵ كەی بە قەصر سەوز سەرمەدیی
یە واتەی كەسێن عەقڵش ... امەن
صەدو پەنج و نۆ ئیسمش تەمامەن
مەعاذیی نەسەب صادق عەقیدەن
بە (لا تقنطوا) فرێش ئومێدەن

(٩) ئەم وشە بەهۆی تەڕبوونەوە شێواوە و دەشێ (النار) بێ.





بەڵێ شەرمەندەی عیصیان وێشەن
خەوف عەرەصات فراوان پێشەن
یا حەق باجەتی زومرەی ئیمان
جە (نار السعیر) بدەی پەنامان
فەردا جە مەحشەر ڕۆی فەصڵ بەین بۆ
دەستم بە دامان ئیمام حسەین بۆ
حرره ناظمه روز جمعه نهم شهر ذی قعیده
الحرام سنه ١١٦١ در قریهء بیاره[١٠].

(١٠) دانەری شیعرەكان ڕۆژی جومعەی نۆهەمی مانگی ذیلقەعیدە لەساڵی ١١٦١دا لە گوندی بیارە نووسیویەتیەوە.



شیعر و دەستخەتی صادقی پاوەیی







دەستخەتی صادقی پاوەیی

## ٩١/ع أداه التعليق
## دانراوی مامۆستای پێنجوێنی

٤٦٤

١٧ بەیتە بەزمانی عەرەبیی سەرەتاکەی ئاوایە:

اداة تعليق إذ، إن، من، وما

متى، ميتما، ايّ، أين، أينما

کۆتاییەکەیشی ئاوایە:

بالجبر من طفل او المجنون أو

بهجة وهكذا الكل وأو

ناوی نووسەرەوە و ساڵی نووسینەوەی دیاریی نەکراوە.

## ٩٠/ع هەمیشە بەهار:

٤٦٥

دانراوی شاعیرێکی کوردە کە نازناوی (بەدیع)ە ناوی باوکی حسەینە، بەرەچەڵەک (حسەینی)یە. لە دەستخەتەکەدا ناوی خۆی کووژاوەتەوە. دانیشتووی گوندی (هگەژاڵ) بووە و، لە بنەڕەتدا خەڵکی بانە بووە. دەستخەتەکە تێکڕا ١٩٩ لاپەڕەیە، لە سەرەتاوە (٢٥) لاپەڕە و، لە کۆتاییشیەوە لاپەڕەیەک یان زیاتری کەوتووە. بەوە باشە لە لاپەڕەی پێش کۆتاییدا مێژووی دانانی کتێبەکە ماوە و لە بەیتێکدا هاتووە کە دەڵێ:

هەزار و سێصەد حەفتا و دووی هیجریی

تەئریخی ساڵی عەرەبیی فەخریی

کتێبەکە بریتییە لە وەرگێڕانی (یوسف زلێخا)ی شێخ عەبدوڕەحمانی جامیی لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردیی. بەداخەوە دەستخەتەکە باش هەڵنەگیراوە و دڵۆپە لێی داوە و لە قوڕ هەڵکێشراوە و، مەرەکەبەکەی - کە شینی کاڵە - تەڕبووە و پیتەکانی تێکەڵاو بوون و باش ناخوێنرێتەوە.

ئەم دەستخەتە یەکێکە لەو دەستخەتانەی لە لای مامۆستا مەلا عوثمانی موفەتیشی ئەوقاف بوو.





## ٥/٥١/ حاشیەی پێنجوێنیی بەسەر ئادابەوە-

٤٦٦

سەرەتاکەی:

قوله: متون علم الآداب إضافة الدال إلى بعض المدلول.

کۆتاییەکەی:

ق: وفيه مافيه، (كان وجهه) انه كما يجوز النقض الشبيهى الذى هو ابطال الدعوى الغير المدللة باستلزامها شيئا من الفسادات، فليجز إبطال تلك المقدمة الغير المدللة بدليل يدل على فسادها، إذ الفرق تحكّم بحت. وصلى الله تعالى وسلم على محمد وآله.

٤٩/ع

نوسخەی دووەمی ئەم دانراوەیە. ناوی نووسەرەوەی پێوە نییە، ساڵی ١٣٢٨ نووسراوەتەوە.

## دانراویکی مامۆستا سەید عەلی بەرزنجیی

٤٦٧

دەستخەتی ژمارە ١٩٠ی کتێبخانەی مامۆستای خاڵ حاشیەی سەید عەلی کوڕی سەید ڕەسووڵی بەرزنجییە بەسەر دێباجەی (شرح الطوالع)ەوە ساڵی ١٢٦٥ بەخەتی دانەرەکەی نووسراوەتەوە، ١٦ لاپەڕەیە. سەرەتاکەی ئاوایە:

«وبعد: فيقول المفتقر الى الله المنجي على بن السيد رسول البرزنجي: لما كان ديباجة شرح الطوالع مشتملة على فوائد شتى، ولم يكن لها حاشية حتى تنقّح اصولها، وتخرّج فصولها.. اردت ان أحشّيها بما يجيء من الفكر الفاتر، ونظري القاصر، فوفقني الله عليها وحشيته، وقد استنبطتها من الكتب بحسب المقام، بعون الملك العلام.(قوله الحمد...)»

کۆتاییەکەیشی ئاوایە:

«... ترک العاطف في بفضله. والقول بتعلقه بيتلّقي، ورجْعِ الضميرين إلى المشير، يسوغه كون المتعلق اقرب لكنه ركيک...

قد تمت هذه الحاشية الشريفة على ديباجة شرح الطوالع تصنيف على ابن السيد رسول ابن السيد محمد ابن السيد رسول البرزنجى غفرالله لهم آمين. وكتب بخط لأجله يوم

الاحد في تسعة من ذي القعدة في سنة الف ومأتين وست وخمسين بعد الهجرة النبوية. اللهم اغفر لنا ولسائر المسلمين آمين  والحمدلله رب العالمين».

لە پەڕاوێزی ئەم لاپەڕەوە شتێک نووسراوە باش بۆم نەخوێنرایەوە، ئەوەندەی بۆم لێ هەڵکرا لێرەدا دەینووسم:

«حاشية كانها (الورقا!) بزينتها، والحوراء بحسنها، لكن المكثار ربما يطرق عليه عثار، هدرا ان نلت فيها فاغددن أي جبر كلما فاه درى مقرظه ومقرضها الحقير مصطفى غفر له.







## داستانی (تاڵەبانی) یان

## جەنگنامەی شێخ محەمەد نووری دژی دەوڵەت

### ٤٦٨

لەم دواییبیانەدا دەستخەتێک لە (د.ع)دا لەنگەری گرتووە لە دوو جەنگ و هەرا دەدوێ کە تاڵەبانییەکان دژی سوپایەک کە سەرهەنگ سالار و فەریق پاشا فەرمانیان پێ داون و جەنگیان پێ کردوون .. جەنگاون.

تا ئێستە ئەم دانراوەم نەدیوە و، باسی ئەو جەنگ و هەرایشم بەو شێوە نەخوێندوەتەوە. بۆیە وام بەباش زانی لەم هەلەدا خوێنەرانی لێ ئاگادار بکەم و، بەڵکو ئەگەر کراو مەچەک چەرخا دەقەکە وەک خۆی بلاوبکەمەوە.

پێش ئەوەی نموونە گەلێک لە دانراوەکە وەربگرم - بەکورتیی - دەربارەی دانراوەکە دەڵێم:

یەکەم: دانراوەکە بەزمانی کوردیی و زاراوەیەکی تێکەڵاو لە گۆرانیی و جاف و زەنگنەیە. ناوە ناوەیش تورکیی تێدایە.

دووەم: شوێنی ڕوودانی جەنگەکە دیار نییە.

سێیەم: ساڵی نووسین یا ڕوودانی جەنگەکە دیاریی نەکراوە.

چوارەم: دانەر ناوی خۆی نەبردووە و بەڕوونیی خۆی پێ نەناساندووین.

دانەر هۆی ڕوودانی جەنگەکە وا دادەنێ سەید خەلیل ناوێکی کاکەیی - کە دوور نییە خەلیل مونەوەر بێت - نامەیەک بۆ سوپا سالار دەنووسێت و شکات لە دەستی سەید نووریی تاڵەبانیی دەکات و، سوپا سالار دێت بەدەنگیەوە و نامە بۆ فەریق پاشا دەنووسێت و لەوێوە شەڕەکە هەڵدەگیرسێت و، لەم ڕووەوە دەڵێت:

ڕوێ سەید خەلیل بەدخووی بەدئەطوار
نامە نویسا جە ڕووی بوغض و قار
فاسق وە (خمسە) نە ڕووی مەذهەب ڕەد
ڕەوان کەرد دەردەم وەلای سەید وەڵەد
مەعلووم بۆ بە تۆ سەرهەنگ سالار
زەوق بەزمگای باوە و یادگار

قەسەم بۆ بەذات ئەو باوە باوە
بە مەعصوومیی طیفل (کراز) ساوە
هەم قەسەم وە ذات قەدیم ئۆجاخان
وە زەمزەمەی بەزم بلند دەماخان
هەم وە هەریسەی خووگ یەکسالە
جە داغ نووری حالم بەدحالە
هەر تۆنی {قدت!} پشت و مایەمان
تۆنی جە بان باوە و دایەمان!
{وکی!} نەیارین غەیر جە تۆ بەشەر
دەخیلم وە تۆ عیلاجم بکەر
وە خەلیفە باپیر! و مەرگ (قطە)
هەم وە هەلیسەی خەمیرە پێتە
تەحقیمە حالمان نەکەری چارە
بێ زێد و مەسکەن مەبین ئاوارە...

ماوەیەک دوای ئەمانە و چەند بەیتێکی تورکیی دێتە سەر باسی جەنگ و باسی قارەمانێتیی تاڵەبانییەکان و لە ناویاندا ناوی شێخ فەیضوڵڵا و، نووریی و، عیزەدین و، قەدووریی و، دەروێش نادر و، عەلی گرمە و، سەید ئەمین و، ئەحە قژە و، خەلیفە رەشید و، صالح دەمە و، چەند کەسی دیکە دێنێت و، باسی پاڵەوانێتیان دەکات و، باسی ئەوە دەکات لە جەولەیەکی شەڕدا ئێستر سواران و سوپای ڕۆم دەشکێنن و لێیان دەکوژن و لێیان بریندار دەکەن... و لەم ڕووەیشەوە دەڵێ:

هەر چەندێ دەستڕێز مەکەردەن پەرێش
هەرگیز عیزەدین نمەکەرد ئەندێش
پەیاپەی وە جەخت تفەنگ مشانا
جاندرمە و عەسکەر حەیران مانا
جە سایەی هیممەت غەوث گەیلانیی
خودا دا تەوفیق وە طاڵەبانیی





جاندرمە و عەسکەر نە مەیدان جەنگ
پەشێو بێن جە حاڵ تەمام خاطر تەنگ
بێگباشی نەودەم دەست کەرد وە فوغان
داد مکەرد جە دەست ئەهل طاڵەبان

دوای ئەمە جارێکی دیکە سوپای ڕۆم هێرش دێننەوە و طاڵەبانیی دەشکێنن و شێخ نووری و دەستە و تاقمەکەی لە گوندەکە وەدەردەنێن و سەر لەبەر گوندەکە تاڵان دەکەن. لەم ڕووەیشەوە دەڵێ:

غەڕرا وە عەسکەر دەردەم دا فەرمان
سوار بێن نەودەم تەعجیل بە دەوان
کەردەن جەلەورێز بەعزێ وە یەلغار
هەر تا بۆ جە کەم نەگرتن قەرار
داخڵ بێن وە ناو خانە و عەمارەت
عەسکەر چون جەردە دەست کەرد بە غارەت
ئاخر بێگباشیی فەرمان دا بە قەصت
قەریەی شێخ نووری ئاوەردش وە دەست
هەرکەس پەرێ وێش چون باج کەرباج
(نیکیجە)و لاسێن هەم کەردەن تاراج
چەند عەدەد صفر چەند عەدەد ئانیک
چەند عەدەد مەرکەب کاروانچیی (خیک)
چەند ئەشیای نایاب جە قاپ و قاچاغ
دۆشەک و یورغان کلیم قازاغ
چەند بار قاطر (ختوی) خورما
چەند شووشە سرکە هەم شەراب بورما
چەند عەدەد (پشون) سیای سورمەلیی
چەنی چەند چەفتە کار مەندەلیی
چەند کەوای هەفت ڕەنگ زینەت زەنگار
{تازە قاچی یرهم مکینە دار!}

چەند سالْطەی جەدید چەند مشکیی تەوریز
جە سەر تا وە پا یەکسەر سورمەڕێز
چەند لاکێش عەجەم لباد نەقشین
چەند سجادەی خاص شیرین و ڕەنگین
چەند نمرە یورغان چیت (مشترخان)
چەندێ سەر وە ناز کار خۆراسان
یەکایەک ئەشیای ئەهل طالەبان
جەندرمە و عەسکەر بەردش وە تالان
بی وە واوەیلا چون ڕۆز مەحشەر
کەس جە حالْ کەس نەبی باخەبەر
کارێ ئەی دەفعە بێگباشیی کەردەن
کەس وە کەس نەکەرد تا ڕۆز مەردەن

دوای ئەمە دانەری داستانەکە بەدرێژیی لە ئەنجامی ئەو کارەساتە دەدوێت و، شین و ڕۆ ڕۆیەکی زۆر بۆ طالەبانیی و ئەو کوێرەوەرییەی بەسەریان هاتووە دەکات و، داخ و پەژارەیەکی زۆریان بۆ هەڵدەڕێژێت، تا دوایی دەڵێت:

مەعلووم بۆ لێتان شێخ طالەبان
ئەی باس و ئەحوالْ من کەردم بەیان
جەی بەندەی زەعیف هەرچی بی عەیان
مەبۆ جەنابتان نەکەرۆم تاوان
نەک باچۆن مەلا عەقلش لێویان
بە وێنەی مەجنوون سەرش شێویان
مەبۆ جەی دەمدا کەس نەکەن پەنەم
{چزی!} بشویان سەرچەشمەی زەینەم
نەوینیی ئێوە لێم کەردەن ئەثەر
ڕۆز وە ڕۆز مەیۆ هەزارم خەبەر
وەرنە تەعریفتان هەزار کەلام بی





جە دلْئازاریم سوخەن تەمام بی
تەمام بی دستان شێخ طالەبان
بە گفتەی مەلا (شاعر الزمان)

دوای ئەمە ناونیشانێکی دی دەست پێدەکات و لەسەری نووسیوە:
(جنگ نامەء شیخ محمد نوری با دولت یاراغان با عسکر و طوپ خانە).
ئەم بابەتە لە لاپەڕە (١٧)ی دەستخەتەکەدا دەست پێدەکات و پاش حەمد و ثەناو پاڕانەوەیەکی زۆر کە (٣٢) بەیتە دێتە سەر باسی ئەوەی دەیەوێ بیگێڕێتەوە و، دەڵێ:

ئەمجار دمای وەصف خودای کەرەمدار
گۆشدەن بە دەستان فیتنەی ڕۆزگار
شوهرەی شاعیریم نە عام کەم بلْند
نوسخەی تەرجەمەم ببۆ دلْپەسەند
زومرەی سامیعان بیان بەهرەمەند
مەقبوولْ بۆ پەی عەزم ئەهل ئەرجومەند
ئەر بدۆ تەوفیق دانای موعەظەم
حەبیبش ئەحمەد ئەنبیای ئەکرەم
داستان جە تۆ مەکەرووم ئیظهار
بەعث کاکەیی باوە و یادگار
سەید وەلەد نامێ نوطفەی ئەلخەناس
بێ شەرم و شەوالْ ڕاگەی حەق نەناس
نە تەرسا جە خەوف یەکتای بێ پەناە
ئاشووب و فەساد هەم کەردش وە پا
دایم مەشغوولْ بی وە تەشغەلەکار
وێش یەک مەردێ بی ئەفسوونش هەزار
وە شەوو وە ڕۆز دایم خەجلْ بی
ئەو جە شێخ نووری قینش نە دلْ بی
جە ڕووی حوکومەت خەیلێ بی عاقلْ

جه طالّەبانیی نمەبی غافلّ
گاه پەرێ بەغداد گاه پەرێ ئەسطەمبوول
ئەو مەدا نه تێل نه جەستەی مەلوول
هەر وەقت حازرەن ئەو نه تەلخانه
دایم بێزار بی لە عال و یانه
هەیتێ وه موشیر هەیتێ وه والیی
هەیتێش پەرێ ئەو باب عالیی
کەردش شکایەت ئەهل طالّەبان
ماجەرای نووری یەک یەک کەرد بەیان
ئاخر کە سولّتان ئەمرش کەرد صادر
بەرێ قەتلّ عام نەوەی شێخ قادر
دەردەم پادشا قەهرش خوروّشا
ئەمرش کەرد دەردەم وه فەریق پاشا:
سەرش پەرێ من، مالّش پەرێ تۆ
نووری و عیزەدین بکەر ڕەنجەڕۆ

لەم داستانەیدا میرزا باسی (دەولّەتیار)ێک دێنێتە ناو کە لە ناو لەشکری میریدا بووە و، بە دڵ دۆستی شێخانی طالّەبانیی بووە و، حەزی لە زەرەرو زیانیان نەبووە، بەلاّم بەناچاریی بەشداریی کردووە و، بەناو و ڕەنگ لە هێرشەکەدا بووە بۆ سەر طالّەبان، بەلاّم بە دڵ ئارەزوو و خواستیاری شکانی سوپاکەی میریی بووە، بۆیە فەرمانی داوە بە سەرباز و ژێردەستەکانی خۆی ئەگەر تەقەیشتان لە تالّەبانییەکان کرد هەر بە درۆ بێ و (تەقەی دز ڕەوێن)بێ: لوولەی تفەنگەکانتان بکەنە عاسمان.

لەم ڕووەیشەوە میرزا دەنووسێ:

بەلّێ دەولّەتیار تەمام بی حەزین
جه واتەی فەریق خەیلێ بی غەمگین
وێش بە وێش مەوات: خودا چێش کەروون؟!
چەنی شێخ نووری چۆن دەعوا کەروون؟
من وه شێخ عەلی چێش بدەم جەواب؟





ئەر صەد حەقم بۆ مەگیرۆ عطاب
جه لای گشت عەشیرات مەبووم سەرزەنشت!
بەدنامیم واچان تا وه پشتەلپشت
ئاخر دەولّەتیار نەداشتش چاره
خەیلێ جەو دەمدا کەردش مشواره
چەنی مەفرەزه ڕاهیی بی دەردەم
ئەو کەردش تەعقیب بەو دلّەی پڕغەم
نه جستوجۆ بێن مەفرەزەی پڕقین
پەرێ شێخ نووری هەم پەی عیزەدین
بەلّێ نەو دەمدا شێخ طالّەبان
نەزانان وه کار قەزای ناگەهان

هەر لەم ڕووەوە دەولّەتیار دەربارەی طالّەبانیەکان و جەنگەکە دەلّێ:

وێش بەوێش مەوات: چبکەم خودایا؟
قازانجم چی بی من لەی دەعوایه؟
واتش: ئەی قەومەل من پێتان بووشم
بە قسەم بکەن هەرچی من ئووشم
ئەمرۆ یەکێتان بکا یەک تەقه
پشتی ئەشکەستم وه چەمکە و لەغه
ئەر تەقەیشتان کرد ئاگای دەستان بن
یەک لە یەکتری گشت خەبەردار بن
گشت دەم تفەنگتان بکەن سەرەو ژوور
هەر قاژه پای با بڕوا بو وه دوور
من شیخ نووریم کوشت چی وه من ئەوڕێ؟
فەریق خەلاّت وه بالاّم بڕێ!

دوای ئەمانە میرزا لە دە لاپەڕەدا بە دوور و درێژی لە جەنگێکی خوێناویی دەدوێ کە لەلایەن بێکباشیی و سوپای میرییەوە تۆپ و جبەخانە و تاقمی ئێستر سوار و گەلێ

جۆری دی چەکدار و هێز و سوپا بەکار براوە تیایدا دژی کۆمەڵی تاڵەبان کە بەهێز و چەکدار و دەرامەتێکی کەمەوە بەرەنگاری ئەو سوپا زۆرە دەبنەوە و، ماوەیەکی زۆر پاڵەوانانە دەجەنگێن و زیان لە دوژمن ئەدەن.

تا ئەنجام کە دەبینن بەرهەڵستیی ئەو سوپا زۆرەیان پێ ناکرێ، بەقنگەشەڕەوە لە مەیدانی جەنگەکە دوور دەکەونەوە و، خۆیان دەگەیننە حەسار و شوێنێک کە وەک پێشتر بۆ ئەوان ئامادە کرابێت لەو شوێنەدا جەنگێکی باش دەکەن، تا خودا هەورەگرمە و بارانێکی لێزمە دەنێرێت، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لە یەکیان جیابکاتەوە و بەو ئاوە ئاگری شەڕەکە دەکوژێتەوە.

پاش ئەم گێڕانەوەی بەسەرهاتە میرزا بەم جۆرە کۆتایی بە باسەکەی دێنێ:

ئەهل طاڵەبان ساغ و سەلامەت
بە ئەمر خودا نەدین نەدامەت
تەمام بی داستان شێخ طاڵەبان
بە گوفتەی مەلا شاعیر ئیران
مەعلووم بۆ لیتان یاران هەمدەم
حەرف من ئێدەن نە زیاد و نە کەم
ئەی جەنگ و دەعوا من کەردم بەیان
جەی بەندەی زەعیف هەرچەند بی عەیان
نەوا بواچۆن کەمەن یا زیاد
ئەر تەقصیرم بۆ برەسێنن جە یاد
بە سەرتان قەسەم هەر ئێد بیم تاقەت
خەیلێ بەی داستان من کێشام زەحمەت
هەفت شەو و هەفت ڕۆژ من ڕەنجم بەردەن
قیمەت دەستم سێ لیرەی زەردەن
یان حەق تفەنگێ هیچ کەس نەدیدە
جە لای گشت عام زۆر پەسەندیدە
قوناغ دارگوێز برنجش فەرەنگ بۆ
لایەق وە مەیدان هەم ڕۆژ جەنگ بۆ





{یادمش پر تقش} پاپر ضەربش بۆ
دایم ئارەزووی ڕۆژ حەربش بۆ
تێلش کارخانەی دەست نیظام بۆ
پەسەندیدەی دەور گشت خاص و عام بۆ
دەرزیش بانەیی لوولەی عەجەم بۆ
فیشەک فرە درپۆڵای دوودەم بۆ!
یەکایەک ئالات پەسەندیدە جۆ
هیچ وەستا وەنەش نەخەندیدە بۆ
ئەگەر وەیطەور بۆ هەر {نبوا} خاصە
بلێ کۆتا و بۆ ئەی دەعوا و باسە
تمام شد

بەم شێوە باس و داستانەکە کۆتایی دێت و، نووسەرەوەی دەستخەتەکە-یا دانەر خۆیەتی یان یەکێکی دی-نەناوی خۆی و نە ساڵ و شوێنی نووسینەوەی دیاریی نەکردووە.

ئەمە ئەوەیە لە دەستخەتەکە وەردەگیرێت، دوایی پرسیارم لە بەڕێز د. موکەڕەم تاڵەبانی دەربارەی ئەم جەنگ و ڕووداوە و پیاوانی ناو باسەکە کرد.

د. موکەڕەم وتی: شێخ نووریی و شێخ فەیضوڵڵا و شێخ عیزەدین برابوون و، شێخ نووریی برا گەورەیان بووە و، شەڕەکانیش لە دەوروبەری طاوغ و داقووق و ئەو ناوچانەدا بووە و، بەزۆریی لەسەر کێشەی زەوی و زارو دێهات و سنووریان بووە و، تاڵەبانییەکان ویستوویانە بچن بۆ موصڵ و شکات بکەن لەوانەی ئەو هەراو بەزمەیان ناوەتەوە و، دوایی ناوبژیبیان کردوون و ئاشتیان کردوونەتەوە.

### بایەخی ئەم دانراوە:

ئەم دانراوە - یان وەک دانەرەکەی دەنووسێ ئەم داستانە - گەلێ بایەخی هەیە و، لە چەند ڕووەوە سوودی بۆ مێژووی کورد و ناودارانی کورد هەیە.

لە لایەکەوە لاپەڕەیەک لە مێژووی چەند پیاوێک و چەند لایەنی ناوچەگەلێک دەگێڕێتەوە کە - وادیارە - تا ئەم سەردەمەی دوایی پیاوانێک بوون ئەو ڕووداوانەیان بیستووە و لە بیریان بوون، بەڵام وا خەریکە وردە وردە لەبیر دەچنەوە و لاپەڕەکە

فەرامۆش دەکرێت. بەڵام بەدۆزینەوەی ئەم دانراوە – بەتایبەتی – کە زەلامێکی شایەتی ڕووداوەکان کە بەچاوی خۆی دیونی و لە گەڵیاندا ژیاوە و کاریان لە ناخی کردووە ئەم لاپەڕە – تا ئەندازێک – بەزیندوویی دەپارێزرێت و، بەدروستیی دەنووسرێتەوە.

لەولایشەوە گەلێ وشە و زاراوەی کۆنی کوردیی تێدایە، زانینیان بۆ ئەدەبی کوردیی و نووسینی فەرهەنگی کوردیی بایەخی شیاوی خۆیان هەیە.

وەک وتم لەم هەلەدا تەنها ئەم دانراوە بەخوێنەر دەناسێنم، کاری لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی وشە و زاراوەکان دێڵمەوە بۆ کاتێک دەقەکە بەتەواویی بڵاودەکرێتەوە، تا ئەو کاتە لێرەدا – بەزۆریی – وشەکان وەک خۆیان دێنمەوە سەر ڕێنووسی کوردیی و، کەمتر هەڵەکانیش چاک دەکەم، لەو نموونانەدا لێرەدا دەیانهێنمەوە.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

ئەم دەستخەتە لە (د.ع)دا بەژمارە (٤٢٤٩١) پارێزراوە، (٣٧) لاپەڕەیە، لاپەڕەی (١٧) دێڕی تێدایە، پێوانەکەی (١٧×٢٥)ە. وەک باسم کرد نەناوی نووسەرەوە و نە مێژووی نووسینەوەی پێوە نییە.

وا دیارە دانەرەکەی – یان نووسەرەوەکەی وای کردووە – نیمچە خوێندەوار و کۆلکە میرزا بووە، بۆیە هەڵەی زەق لە دەستخەتەکەدا دەبینرێت. بۆ نموونە: لە باتیی (عتاب) دەنووسێ (عطاب) لە بری (بحث – باس) دەنووسێ (بعث). لە جیاتیی (تەشقەڵە) (تەشغەڵە)ی نووسیوە... هەروەها گەلێ نموونەی دیش.













## مامۆستا شێخ جەعفەری بەرزنجیی

### ٤٦٩

یەکێکی دی لەو مامۆستا بەرزنجییانەی لە شاری مەدینەی پیرۆز نیشتەجێ بوون و، ئەو شوێنە پیرۆزەیان کردووە بەگۆڕەپانی کۆششی زانستییانەیان و، هەوڵی باشیان تێدا داوە و، کاری گەورەیان ئەنجام داوە: مامۆستا شێخ جەعفەری کوڕی شێخ حەسەنی کوڕی شێخ عەبدولکەریمی کوڕی محەمەدی کوڕی شێخ عەبدوڕەسوولی بەرزنجیی بووە.

ئەم مامۆستا لە شاری مەدینەی پیرۆزا لە دایک بووە و هەر لەوێیش خوێندوویە و، بووە بەپیاوێکی زانا و ناوداری چەرخی خۆی و، یەکێک بووە لە هەڵکەوتووەکانی جیهان و، بەلێهاتوویی خۆی جێگەی باڵا و پلەی بەرزی بەدەست هێناوە. بووە بەپێشنوێژ و خوتبەخوێنی مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) هەروەها بووە بەموفتیی شاری مەدینەی پیرۆز و، لە پەنای ئەو کارانەیشدا بایەخی زۆری بەدەرزوتنەوە و پێگەیاندنی فەقێ و مامۆستایان داوە و، لە هەمان کاتیشدا لایەنی کتێبدانانی پشتگوێ نەخستووە و لەم بوارەیشدا کاری گەورەی ئەنجام داوە و، بگرە لە کارە هەرە دیار و گەورەکانی دانراوە جۆراوجۆرەکانی بوون، کە یادگاری مامۆستایان زیندە بۆ پاراستووین، بەڵام بەداخەوە پاش کۆچی دوایی مامۆستا خۆی یادگارەکانی پەرتەوازە بوون و گەلێکیان بێ سەر و شوێن بوون و، ئەوانەیشیان ناویان زانراوە زۆریان هەر ناوەکەیانە و نوسخەیان نەماوە و شوێنیان نازانرێت.

کاتی گەڕانم بەناو دەستخەتەکانی (د.ع)دا هەندێک شوێنەواری ئەم مامۆستام دیوە و ژمارەکانیم تۆمارکردووە، لە پاشماوەی کتێبخانەی شێخەوڵای خەرپانیشدا دوو دانراوی نایابی ئەم مامۆستام بینی. لەم هەلەدا لە پێشدا ناوی ئەو دانراونەی تۆمار دەکەم کە لە سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە، دوای ئەوانەیش ناوی ئەو دانراوانەی کە لە (د.ع)دا دیومن. دواتر دێمە سەر باسی ئەو دوو دانراوەی کە لە دەستدان و شتێکی کورتیان لێ وەردەگرم.

**دانراوەکانی:**

١- نظم مولد النبي - صلى الله عليه وسلم -.

٢- قصة المعراج. یان (الرسالة المعراجية)

٣- الفيض اللطيف باجابة نائب الشرع الشريف.

٤- مناقب سيد الشهداء سيدنا حمزة.

٥- البرء العاجل باجابة الشيخ محمد غافل.

٦- جالية الكدر باسماء اصحاب سيد الملائک والبشر.

٧- جالية الكرب بأصحاب سيد العجم والعرب.

٨- شقائق الاترجية في مناقب اشراف البرزنجية.

٩- الطوالع الاسعدية من المطالع المشرقية.

١٠- العرين لأسماء الصحابة البدريين.

١١- فتح الرحمن عن اجوبة السيد رمضان.

١٢- النفح الفرجى في فتح الچتەچی.

١٣- نهوض الليث لجواب أبي الغيث.

١٤- الكوكب الأنور على عقد الجوهر في مولد النبى الازهر.

ئەو دانراوانەی نوسخەیان هەیە:

١- جالية الكدر بأصحاب سيد الملائک والبشر.

هۆنراوەیەکە ١٩٧ بەیت شیعرە، دوو دانەی لە کتێبخانەی مەرکەزیی ئەوقافی بەغدادا هەیەو بەگوێرەی (معجم المؤلفين) چاپ کراوە نوسخەیشی لە (د،ع)دا بەژمارە ١/٣٢٧١٥ پارێزراوە.(١)

٢- جاليه الكرب بأصحاب سيد العجم والعرب.

نوسخەی لە (د.ع)دا بەژمارە ٢/٣٢٧١٥ پارێزراوە.

٢- مولد النبي - ص - دوو دانەی لە کتێبخانەی (د.ع)دا هەیە بەژمارەکانی: ١٤٥٧٢ شێخ طاهیری کوڕی شێخ محەمەدی شووشیی ساڵی ١٣٥٢ لە گوندی شووش نووسیویەتیەوە.

نوسخەکەی دیش بەژمارە ٤٣٢٦٥ پارێزراوە. ساڵی ١٣٢١ نووسراوەتەوە و ئەم کتێبە بەلێکۆڵینەوە چاپکراوە.

(١) بروانە: فهرس المخطوطات العربية، في مكتبة الاوقاف العامة في بغداد، عبدالله الجبوري، مطبعة الارشاد بغداد. ١٩٧٤ ج/٤ ص: ٢٢٣.





٣- الجنى الداني في ذكر نبذة من مناقب القطب الرباني الشيخ عبدالقادرالجيلاني

ئەم دەستخەتە لە کتێبخانەی شێخەوڵای خەرپانیدایە و سەرەتاکەی ئاوایە:

«الحمدلله الذي ارسل سيدنا محمدا - صلى الله عليه وسلم - بكامل الشريعة وخالص الدين، وحلى جيد رسالته بباهر الخوارق وأيده بكمالات الاصحاب المهتدين...

وبعد: فيقول المفتقر الى فضل الكريم المنجي جعفر بن حسن بن عبدالكريم البرزنجي: هذه نبذة من احوال القطب الربانى والغوث الصمداني، سلطان الاولياء العارفين، وامام العلماء السالكين...»

لە کۆتاییەوە ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەی پێوە نییە. دوا شتی ئەمەیە:

«اللهم صل على سيدنا محمد شفيع ارباب الذنوب، وعلى آله وأصحابه أطباء القلوب، وعلى أمته الذين كشفت لهم كل محجوب، وأنلتهم كل محبوب. ما هبت النفحات السحرية، وتعطرت المجالس بعرف الاخبار الأخيار الزكية، وسلم تسليما كثيرا. وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.»

٤- هەر لەم دەستخەتەدا کتێبی میعراجنامە یان (الرسالة المعراجية) نووسراوە، کە ئەمیش دانراوی مامۆستا شێخ جەعفەری بەرزنجییە.

سەرەتای ئەم دانراوە ئاوایە:

«افتتح تحبير أبراد إيراد الأخبارية المحمدية، مهذبا حواشيها بفرايد فوايد بسم الله. وأشنّف اواني الاسماع بمنشور ايأل الليالي الاسرائيلية...

... وبعد فلما كان حاملو أعباء الوراثة المصطفوية، قد ضمخوا وجوه الطروس بعنبر مداد احبار ليلة مسراه، وفاض (جعفر) الفيض بحسن المواهب اللدنية...»

ئەم دانراوە ٢٢ لاپەڕەیە، کۆتاییەکەیشی ئاوایە:

«وقلّدت اجياد عرائس من البداعة الباسمة، بنظيم نشر سموطها الدرية، ونجح بغاية الانتهاء تأريخ (حسن الخاتمة) ودبج عراص المشاهد نفح كباه...

قد استراحت من نكد تسطير هذه النسخة المعراجية، المحررة لحب العلماء ومدقق الفضلاء يوم السبت وقت ضحاه، الاجل الاستاذ مولانا محمد المعروف بالكورديمية، لائذا به أن يدعو لى بحسن دعاه. محمد»

ئەم دانراوانە مێژووی نووسینەوەیان لە دواوە نییە و، دوای ئەمە دوو دانراوی دی دێن، بەڵام هەردووکیان ناتەواون.

یەکەمیان: (سیر السلوک الی سلک المسلوک)ە

دوای ئەمەیش نامەیەک دێت کە لە کۆتاییەوە ناتەواوە و، نامیلکەکە لە باسی (اسماء الله)دایە، بەڵام بەداخەوە ئەمیش ناتەواوە.

مامۆستا شێخ جەعفەر وەک لە شاری مەدینەی پیرۆز لە دایک بووە و، خزمەتی ئایین و زانیاریی کردووە هەروەهایش لە هەمان شاردا ساڵی ١١٨٧ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بەقیع بەخاک سپێرراوە.







## مامۆستا شێخ محەمەدی کوڕی عەبدوڕەسووڵی بەرزنجیی

٤٧٠

مەگەر کاتێ ناوی مامۆستا کۆنەکانمان - ئەوانەی کەمێک لە ژیان و شوێنەوار و بەرهەمیان زانراوە - بنووسین و لیستی ناوی دانراوەکانیان کۆبکەینەوە و، دوایی بەوردیی و شێنەیی چاویان پێدابگێڕین و، بزانین چییان چاپکراوە و چییان چاپ نەکراوە، دوای ئەوە بگەڕێین بزانین لەوانەی چاپ نەکراون چەندیان ماوە و، چەندیان تێداچووە.. ئەوسا بزانین چەند لە شوێنەواری مامۆستایانمان لەناوچووە.

گەلێ جار بەشوێن شوێنەواری ئەو مامۆستایانەماندا گەڕاوم کە بەختیان یاربووە بۆیان لواوە لە کوردستان دوور بکەونەوە و، لە پایتەختی وڵاتان و شارە گەورەکانی جیهاندا جێگەی خۆیان بکەنەوە و، لەو شوێنانەدا بناسرێن و شوێنەوارەکانیان بکەونە حوجرەی فەقێ و مەلایان و کتێبخانە ناودارەکانی ئەو وڵاتانە. کاتێ ئەم کارەم کردووە بەزۆریی بەخەم و پەژارەی زۆرەوە گەڕاومەتەوە، چونکە چەندین مامۆستای لەم جۆرەمان هەبووە کە دەیان و زیاتریش دانراوی چاک و بەپێزیان هەبووە، بەڵام کە بۆ ئەو دانراوانە گەڕاوین یان هیچیان نەماوە، یان شتێکی زۆر کەمیان ماوە و، ئەوانی دیبیانیان تەنانەت ناویشیان نەزانراوە.

با بۆ نموونە مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی عەبدوڕەسووڵ بکەین بەمامۆستای ئەم باسەمان.

ئەم مامۆستا دوای ئەوەی لە کوردستان هەڵکەنراوە لە شاری مەدینەی پیرۆز نیشتەجێ بووە و، درێژەی بەخزمەتە شایستە و بەپێز و فرەکانی داوە.

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ دەفەرمووێ[1]: دانراوەکانی مامۆستا شێخ محەمەدی بەرزنجیی لە ١٠٠ صەد دانراو زیاتر بوون. دوای گەڕان و پشکنینی سەرچاوەکانیش توانرا ناوی ٦٠ لە دانراوەکانی بزانرێت.

بەڵام ئەپرسین لەو (٦٠)ەی کە ناویانمان زانی چەندیان لە دەستدان و؟ چەندیان چاپ کراون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە گەلێ خەمئاوەر و دڵتەزێنە؛ چونکە ئەوانەی زانراون و دیارن - لە

(١) بڕوانە: النودهی، دانراوی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، چاپخانەی (التمدن) بەغدا، ل: ٧٥.

لای ئێمە – لە پەنجەی دەستێک تێپەڕ ناکەن.

دوای ئەمەیش پرسیارەکەی دی دێتەوە گۆڕێ کە هەمیشە لە خۆمان و خوێنەرانی دەکەین: مامۆستایەک لە شوێنێکی وەک شاری مەدینەی پیرۆزدا ژیابێت و، چەندین مەلا و فەقێ و پیاو ماقووڵی بەدەورەوە بوو بێت و، شوێنەوارەکانی بەو دەردە چووبن.. دەبێ مەلایەکی هەژاری خوێندەواری کورد کە لە کوێرە دێیەکدا ژیابێت و، هەر لەوێیش ژیانی تەواوکردبێت و، سەری نابێتەوە و، دێکەی لە دۆڵ و چیایەکی وادا بوو بێت هەتاویش بەزەحمەت ڕێی تێی کەوتبێت.. کاتێ هەر لەو جێگەیدا بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە جیهان کردبێت.. دەبێ شوێنەوارە نایاب و دانسقەکانی چییان بەسەر هاتبێت؟

دەگەڕێمەوە خزمەت مامۆستای بەرزنجیی و لەم هەلەدا شتێکی بچووکی بۆ دەکەم. بۆ ئەمەیش دیاریی لەوە باشتر شک نابەم کە خوێنەری کورد بەجێگە و شوێنی یەک دوانێک لە دانراوەکانی شارەزا بکەم.

لێرەدا ئەوەیش دەڵێم: هەمیشە و لە زووەوە ئاواتم ئەوە بوو کە قوتابیانی کورد دەچنە قۆناغی خوێندنی باڵا و دەست دەکەن بەنووسینی نامەی ماجستێر و دوکتۆرا، نووسینەکانیان لە بواری بووژاندنەوە و زیندووکردنەوەی بەرهەمی مامۆستایانی کوردا بێت و، هەر لەبەر ئەمەیش بووە گەلێ قوتابیم بۆ ئەم مەبەستە هان داوە و، پشتگیریشیم کردوون و، دەستخەتم بۆ پەیدا کردوون و، ڕێنومایيم بۆ سەرچاوەی پێویست کردوون. تەنانەت گەلێ جار قوتابی عەرەبیشم بۆ لای دانراوی مامۆستایانی کورد ڕێنومایی کردووە و[٢] بەگوێیان کردووم و، کارگەلی باشیشیان ئەنجام داوە و، سوپاس بۆ خودا تێکڕا لەم بوارەیشدا شوێندەستم دیارە.

ئەوەی خستمیە ناو ئەم باسە ئەوە بوو ماوەیەکی زۆر بوو وێنەی دەستخەتی دانراوێکی نایابی مامۆستای بەرزنجیم لە لای خۆم پاراستبوو، بەهیوای ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانم شتێکی بۆ بکەم، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی دەستخەتەکە لە لایەکەوە دانراوی مامۆستایەکی کوردە و تا ئێستە چاپ نەکراوە. لەو لایشەوە دەستخەتەکە چارەسەری دەردێکی کوشندەی کۆمەڵایەتیی دەکات کە (جگەرە کێشان)ە.

کاتێک جووتە کچی خۆشەویستم شیلان و ڕێزان لە خوێندنی باڵا وەرگیران و، داوای

(٢) چەند قوتابیی عەرەب بەهاندان و ڕێنوماییکردنی ئێمە ناوی مامۆستایانی وەک (یوسف الأصم) و (ئیبنولحاج) و چەندی دی بە زانکۆکان ناساندووە.





باس و نامەیان لێ کردن. دیاریی لەوە جوانترم لە لا نەبوو خەڵاتیانی بکەم کە دانراوەکەی مامۆستا مەلا محەمەدی بەرزنجییان بدەمێ بۆ ئەوەی وەک بەشێک لە بڕوانامەکەیان لێی بکۆڵنەوە.

جا ئەم نامە وەک گوتم یەکێکە لەو دانراوە زۆرانەی مامۆستای بەرزنجیی مەدەنیی کە ئێمە ئاگاو هەواڵمان لە زۆریان نییە.

١- ئەم دانراوە ناوی (مخرج المنباک فی دخان التنباک)ە، تێکڕا ٨٦ لاپەڕەیە. لە (د.ع)دا بەژمارە (٢٠٦٣٢) پارێزراوە.

شیلان و ڕێزان بۆ بەشی یەکەمی بڕوانامەکەیان یەکی بەشێکیان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە و، بەپلەی (امتیاز) کارەکەیان ئەنجام دا.

مامۆستای بەرزنجیی زانایانە و وەستایانە لە باسەکە دواوە و، وردو قووڵ بەتانیدا چووە و، چارەسەری مەسەلەکەی لەڕووی شەرعەوە کردووە و، جگەرەکێشانی بە (خۆکوشتنی لەسەرخۆ) داناوە.

هیوادارین ئەم کتێبە چاپ ببێت و جێگەی خۆی لە کتێبخانەکاندا بگرێت.

٢- دانراوی (الفصول في مناقب عبدالرسول)

لەم دانراوە نایابەی مامۆستا دوو نوسخەم دیوە:

یەکەم: وێنەی دانەیەکە بەخەتێکی خۆش و جوان نووسراوەتەوە، لە ناو چەند دانراوێکدایە یەک دەستخەت کۆی کردوونەتەوە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«الحمدلله الذي خلق الناس من ذكر وانثى، وكلفهم العبادة اذا بلغوا الحلم وأتوا حنثا... وبعد فهذه نبذة من ترجمة والدي رحمه الله تعالى، أحببت أن أبينها تبصرة للمحبين، ومعذرة للمبغضين فأقول...»

کۆتاییەکەی:

«تمت النبذة بحمدالله وعونه وحسن توفيقه. وكان الفراغ منها صبيحة يوم الثلاثاء المبارك في شهر جمادي الأولى سنة ألف وماءة وسبع وخمسين...»

ئەم دەستخەتە سێ دانراوی تێدایە.

١- دانراوێکە لە سەرەتا و کۆتاییەوە ناتەواوە ٨٣ لاپەڕەی دەستخەتەکەی گرتووەتەوە، لە باسی (تصوف) و (كلام) و پرسیار و وەڵام و شتی دیدا. نەمزانی دانراوی کێیە. محەمەد شەوقیی قادریی ساڵی ١٢٢٩ک نووسیویەتیەوە.

٢- دانراوی (الفصول فی مناقب عبدالرسول)ی مامۆستای بەرزنجییە. کە سەرەتا و کۆتاییەکەیان لە پێشەوە نووسی. ئەمیش هەمان مامۆستا نووسیویەتیەوە.

٣- شەرحی (الهمزیە)ی ئیبنوحەجەرە، محەممەدی حەفنی کاتێ لای دانەرەکەی خوێندوویە ئەم شەرحەی لەسەر کردووە.

ئەم شەرحە تەواو نەبووە و، واتە: دەستخەتەکە لە کۆتاییەوە ناتەواوە. لەگەڵ ئەوەدا ئەم شەرحە ٣٢٠ لاپەڕەی لە ٤٣١ لاپەڕەی دەستخەتەکە گرتووەتەوە.

دووەمیان: نوسخەیەکە وێنەییم لە لایە، لە لایەن جەنابی شێخ محەممەدی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانییەوە دەستم کەوت.

ئەم نوسخە مەحمودی کوڕی سەید مەعرووفی کوڕی سەید حەسەنی گڵەزەردەیی بەرزنجیی حسەینیی ڕۆژی شەمەی ٢٠ی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٤ لە سلێمانیی نووسیویەتیەوە.

دوای ئەم نامیلکە هەر لەو دەستخەتەدا پارچەیەک شیعری عەرەبیی شێخ حسەینی قازیی نووسراوە. ئەحمەدی بەرزنجیی گڵەزەردەیی نۆدێیی سێی سەفەری ساڵی ١٣٠٦ کاتی هاتنی فائیق پاشا نووسیویەتیەوە.

دوای ئەمەیش لە هەمان دەستخەتدا پارچەیەک شیعری کوردیی شاعیرێکی کورد نووسراوە کە نازناوی شیعریی (بەرقی)یە.

یەکێکی دی لەو دانراوانەی مامۆستا هەواڵیان زانراوە

٤- إلهام الصواب لأولي الألباب -ە

ئەم دانراوەی مامۆستا ئوەیسی قەرەنیی کوڕی عەلی ئەفەندیی ساڵی ١١٩٧ لە گوندی کارێزە نووسیویەتیەوە.

ئەم دانراوە بەژمارە (٢٤٣٢٣) لە (د.ع)دا پارێزراوە.

یەکێکی دی لە دانراوەکانی ئەم مامۆستا کتێبی:

٥- التأیید والنصر والعون للقائل بکفر أبي جهل وفرعون

ئەم دانراوە ٨ لاپەڕەیە لە دەستخەتێکدا بەژمارە ٧٢٧ لە کتێبخانەی ئەوقافی قادرییەدا پارێزراوە. بەپێی فیهرەستی ئەو دەستخەتخانە سەرەتاکەی ئاوایە:(٣)

(٣): مخرج المنباک في دخان التنباک. بحث أول لنیل درجة الماجستیر في کلیة العلوم الاسلامیة، ڕێزان محمد علي القرەداغی، ١٤٢٤هـ ٢٠٠٣م.





«اللهم لک الحمد کما أنت أهله ومستحقه، فصل علی محمد کما هو أهله ومستحقه...»

کۆتاییەکەیشی ئاوایە:

«وهامان وقارون وشدید وشداد أن أبیت عن التوبة.

انتهی»

٦- شرح الخارق وجرح المارق:

ئەمەیش یەکێکی دی لەو دانراوانەی مامۆستا محەممەدی کوڕی عەبدوڕەسوڵە کە نوسخەیان لە دەستدایە و هەواڵیان زانراوە.

بەپێی فیهرەستی کتێبخانەی ئەوقافی قادرییە سەرەتاکەی ئاوایە:(٤)

«الحمدلله الذي أعطی عبده محمداً - صلی الله علیه وسلم - الفرقان.. أما بعد فلما بعد العهد بنور النبوة أظلمت زوایا بیت الاسلام، وتناقض الدین وتفاقم الشرور والبدع کل عام بعد عام. فلما انتهی التأریخ الی عام ثمان وتسعین وألف، ذهب الذین کانوا یأمرون بالمعروف وخلف بعدهم خلف.

ووصلت الفسوق والبدع الی عدد اعوام التأریخ فصاعدا، واتسع الخرق علی الراقع، وصار منار الشرع نائیا متباعدا، بحیث وقع الخلل فی الجیوش والأجناد القائمین فی نصر الدین والجهاد...».

مامۆستای دانەری ئەفەرموێ: ساڵی ١١٩٢ لە ماڵی خۆیا کە دەکەوێتە کۆڵانی (القشاشی)ی دەرەوەی شاری مەدینەی پیرۆز تەواوی کردووە.

دوایی دیارە دواتر پیایدا چوەتەوە و لێی زیاد کردووە چونکە دەفەرموێ: ٢٤ی مانگی ذیلحەجەی ساڵی ١١٩٨ک لە ماڵەکەیا لە سەرەتای شاری مەدینەی پیرۆزدا تەواوی کردووە.

**کورتەیەکی ژیانی مامۆستای باسەکەمان:**

مامۆستا ناوی محەممەدی کوڕی عەبدوڕەسوڵی کوڕی عەبدوسەییدی کوڕی عەبدوڕەسوڵی کوڕی قەلەندەرە... تا کۆتایی شەجەرەی بنەماڵەی بەرزنجیی. دوو

(٤) بروانە: الآثار الخطیة في المکتبة القادریة في جامع الشیخ عبدالقادر الگیلاني، الدکتور عماد عبدالسلام رؤف، الجزء الثالث، مطبعة المعارف بغداد، ١٩٧٨، ص: ٨٢.

محەمەدی کوڕی عەبدوڕەسووڵ هەیە، یەکەمیان: ساڵی ١٠٤٠ک - ١٦٣١ز لە گوندی بەرزنجە لە دایک بووە، ساڵی ١١٠٣ک ١٦٩١ز لە شاری مەدینەی پیرۆز کۆچی دوایی کردووە.

لە سەرەتاوە لای باوکی لە گوندی بەرزنجە خوێندوویەتی، دواتر لای مەلا مووسای باقیی و، شێخ نوورولڵلا و، مامۆستا مەلا ئیبراهیمی شارانیی و، مامۆستا مەلا محەمەد شەریفی شاهۆیی و، مەلا زیرەک و، شێخ ئەحمەدی سەلامیی و چەند کەسی دیکە خوێندوویە.

مامۆستامان بۆ خوێندن جگە لە کوردستانی عێراق و ئێران، چووەتە ماردین لە کوردستانی تورکیا و، دواتر حەڵەب و دیمەشق گەڕاوە و، لە بەغدایش خوێندوویە و، پێش ئەوەیش بۆ یەکجاری بچێتە وڵاتی حیجاز لە میصر خوێندوویە و، دوا قۆناغی مەکە و مەدینە بووە و، لەو دوو شارە پیرۆزەدا بەشی زۆری ژیانی بەسەر بردووە و، هەر لەوێ پەرەی بەکارە پیرۆزەکانی لە پێگەیاندنی زانایان و دانانی دانراوەکانیدا داوە و، وەک گومان پتر لە صەد دانراوی داناوە و، بەجیهاندا بڵاوبوونەتەوە، لە شاری مەدینەی پیرۆزدا چی بۆ دانراوەکانی و چاپکردنیان و پاراستنیان کراوە. ئەوەی لەم ڕووەوە زانراوە کتێبی (الاشاعة لاشراط الساعة)ی زوو چاپ کراوە. ئیتر دەربارەی دانراوەکانی دیی شتێکی ئەوتۆ نازانین.

لە پێشەکیی (مخرج المنباک في دخان التنباک)[٥] دا بەدرێژیی لەسەر ژیانی ئەم مامۆستا نووسراوە.

(٥) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل: ٤٧٨.






سنة الف وماءة وسبع وخمسين وحسبنا الله ونعم الوكيل
وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه اجمعين آمين والحمد لله
رب العالمين اللهم اغفر لمن الف
وقاريها وكاتبها وصاحبها
والمسلمين اجمعين
حرره شوقي
القادر

البرزنجي نسبة الى برزنجة وهي قرية
من اعمال شهرزور من سواد العراق اول من عمرها القطب
الاعظم السيد عيسى الكوراني قال الامام المحقق الشيخ ابو سعود
مفتي الديار الرومية في كتابه المسمى بروضات الجنان في ترجمة
عيسى المذكور ابو عبد الكريم عيسى ابن بابا علي الهمداني بن يوسف
بن منصور بن عبد العزيز بن عبد الله بن اسماعيل المحدث ابن موسى
الكاظم بن الامام جعفر الصادق بن الامام محمد الباقر بن الامام زين العابدين
بن الامام.

## مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان

### ٤٧١



بڕوا ناکەم ئەوەندەی لە خزمەت ئەم مامۆستا و دەستخەتەکانیدا ژیاوم بەسەر یەکەوە ئەوەندە لە خزمەتی سەرجەمی مامۆستایانی کورددا ژیابم، چونکە نزیکەی ٢٢ ساڵ لە خزمەت ئەم مامۆستا و کتێبە پیرۆزە بێ وێنەکەی (اقتران النیرین)دا ژیاوم.

ئەو ماوە دوور و درێژەیش لە خزمەت ئەو بەرهەمە پیرۆزەدا ژیاوم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆشەویستیی دانەرەکەی لە دڵمدا زیاتر چەسپاوە و، زیاتر لەوە گەیشتووم کە لە خزمەت پیاوێکی کەم وێنەی جیهانیی و، بێ وێنەی ناو گەلی کورددا دەژیم و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەوەم باشتر لێ ڕوون بووەتەوە کە ئەم کتێبە و کارەکانی دیکەی مامۆستا تاقانەی بابەتی خۆیانن و، کەسی دی لەو بوارانەدا نەیتوانیوە بەجارێ مامۆستاماندا گوزەر بکات. بۆیە حەق وابوو ئەم مامۆستا ئەگەر یەکەم کەس نەبوایەت لەوانەی لە بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا لەسەری نووسراوە ئەوا لە ڕزی هەرە پێشەوەدا بوایەت.

ئەی بۆچی وا نەبوو؟ لەلایەکەوە لەبەر ئەوەی لە پێشەکیی و پاشکۆی (اقتران النیرین)دا دەورو خولی ژیانی مامۆستام داوە و هەوڵی ئەوەم داوە بەکورتیی بەخوێنەرانی بناسێنم و، لەوێدا شتێکی کەمم بۆ کردووە. لەلاکەی دییەوە، کە ئەمەیان هۆی سەرەکیی دواکەوتنی نووسین لەسەر ژیانیەتی، لەم پڕۆژەدا تا ئێستە، ئەم مامۆستایش وەک گەلێ لە مامۆستایانی دیمان وەک: نالیی و، کوردیی و، حاجی قادریی کۆیی و... لە ئاوارەییدا بێ ناز و بێ خەمخۆر سەری ناوەتەوە و، تا ئێستە هەواڵێکمان لە شوێنەوار و کتێبخانەکەی نییە و، گومانی زۆر بۆ ئەوە دەچێت گەلێ بەرهەم و شوێنەواری دیکەی بووبێت، ئەگەر تێدا نەچووبن ئێمە هیچیان دەربارە نازانین و، منیش گەلێ هەوڵی ئەوەم





داوە سۆراخێکیان بکەم و لە چوارچێوەی نووسینێکی تێر و تەسەلدا لەسەر مامۆستا زانیاریی لەسەر ئەو شوێنەوارانەیش بخەمە ڕوو، بەتایبەتیی کە مامۆستای خوالێخۆشبوو پاش خۆی کوڕێکی زانا و ڕۆشنبیری دوای خۆی لێ بەجێماوە کە پرۆفیسۆر نەوزادی ناوە و، لە زانکۆکانی تورکیادا دیار و ناسراو بووە.

بەڵام بەداخەوە لەگەڵ هەوڵ و پرسیاری زۆرمدا لەم ماوە دوور و درێژەدا نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێک و سەر و سۆراخم بۆ نەکراو بەدەستبەتاڵیی گەڕامەوە.

ئەمە وای کرد لەمە زیاتر بەچاوەڕوانییەوە نەمێنمەوە، نەوەک مەرگ مۆڵەت نەدات و، پڕۆژەکەم بێ ناوی ئەم مامۆستا مەزن و پیرۆزە بمێنێتەوە و، لەم هەلەدا لەوەی لە دەستدایە شتێکی پوخت لەسەر مامۆستامان بخەمە ناو پڕۆژەکە.

#### ناوی و بنەماڵەی:

ئەم مامۆستا ناوی مەلا محەمەد ڕەشید بەگی، کوڕی فەتاح بەگی، کوڕی محەمەد بەگی، کوڕی خالید بەگی، کوڕی محەمەد پاشای ناسراو بەخانەزێڕینیی، کوڕی خالید پاشای، کوڕی ئەحمەد پاشای، کوڕی میر سولەیمانی، کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیی، کوڕی کاکە میرە.

#### لە دایکبوونی:

گەلێک گەڕام و هەوڵمدا بۆ ئەوەی شتێکی ڕاست و دروست لە بارەی جێگە و مێژووی لە دایکبوونیەوە بدۆزمەوە بەڵام هیچم دەست نەکەوت.

ئەوەندە هەیە ئەتوانین لە قسەیەکی خۆیەوە مێژووی لە دایکبوونی وەربگرین.

قسەیەکیش ئەوەیە لە پێشەکیی کتێبەکەیا - اقتران النیرین - ئەڵێ: «لە دوای حەمد و صەلات و سەلام، ئەم عەبدە گوناهکار و زەلیل و بێچارەیە دەڵێ: کە عومرم لە حەفتا ساڵ تێپەڕیوە...» لەمەیش ڕوونتر لە وەصیەتنامەکەیا ئەڵێ: «لە عومری حەفتا و دوو ساڵیما ئەم بارە قورسەم هەڵگرت...» کە دەستپێکردنی کتێبەکەیشی ساڵی (١٩٤٠) بووبێت ئەتوانین بڵێین: لە ساڵی (١٨٧٨ز - ١٩٢٥ک)دا لە دایک بووە.

#### ژیان و خوێندنی:

ئەگەر بمانەوێ لەسەر ژیانی ئەم مامۆستا بنووسین دەتوانین بڵێین:

وەک هەر منداڵێکی کوردستان سەرەتایەکی سادەی ژیانی دەست پێکردووە، بەڵام کە

بێینە سەر باسی خوێندنی و ناونووسکردنی ئەو جێگە و شوێنانەی تیایاندا خوێندوویەتی هەرچەند مامۆستا جەمال بابان دەڵێ: «... بەمناڵی لە حوجرە خوێندوویەتی و کە پێی ناوەتە تەمەنی گەنجی و هەرزەکاری لەگەڵ فەقێکانی هاوڕێیدا یاخود هەر خۆی بەتەنها چۆتە سەرگەڵۆ، سنە، بانە، موصل وەهەندێک شوێنی تر، لە دواییدا لە پێنجوێن گۆپاڵی ئەمسەرەوسەری لێ فڕێداوە و لە خزمەت مەلا ئەوڕەحمانی پێنجوێنیدا ماوەتەوە،... »(١)

ناتوانین بێگومان ناوی ئەو شوێنانە بەرین ئەم مامۆستا یان هەر مامۆستایەکی دیکە تیایاندا خوێندوویەتی، قسەم لەوە نییە مامۆستایەکمان خۆی بەدەستی خۆی بیرەوەریی خۆی بەوردیی نووسیبێت و لە و نووسینەدا ناوی هەموو شوێنەکانی خوێندنی خۆی تۆمار کردبێت. ئەمەیش لە ناو مامۆستایانی کورددا - بەمامۆستا مەلا ڕەشیدیشەوە - کەمیاب یان نایاب نەبووە.

کە واتە ناتوانین بڵێین: مامۆستا مەلا ڕەشید لای کێ و کێ و، کام جێگە و کام جێگە خوێندوویەتی؛ چونکە گەلێ فەقێ هەبووە لە یەک ساڵ یان لە کەمتر لە یەک ساڵدا چەندین حوجرە و مزگەوت و لای مامۆستایانی کردووە و، مەرز و سنوورێک نەبووە بەری لێبگرێت و، کەسێک نەبووە پێی بڵێت: بۆ کوێ دەچیت؟ یان گوزەر نامەکەت کوا؟

ئەوەی روونە لای مامۆستای گەورەی کورد مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوێنیی دواقۆناغی خوێندنی گوزەراندوە و هەر لای ئەویش ئیجازەی مەلایەتیی و دەرسوتنەوەی وەرگرتووە. دووبارە مێژووی دروستی ئەم ئیجازە وەرگرتنەیش نازانین.

ئەوەیش زانراوە دوای ئیجازە وەرگرتنی مامۆستا مەلا حەمە ئەمینی برای مامۆستای پێنجوێنیی ڕەزێ خانی کچی خۆی لە مامۆستا مەلا ڕەشید مارە کردووە و، مامۆستا هاتووەتە شاری سلێمانیی و، بووە بەمامۆستای مزگەوتی شێخ سەلام و، لەوێ دەرزی بەفەقێیان گوتووە.

وا دەردەکەوێ مامۆستامان هەر لە سەرەتاوە و دوای ئیجازەوەرگرتنی پلەیەکی خوێندەواریی بەرزی بووە و، هەر ئەمەیش بووە کە مامۆستای پێنجوێنیی وا لێ بکات کە کوڕی خۆی بنێرێ بۆ لای بۆ مزگەوتی شێخ سەلام بۆ ئەوەی لە لای بخوێنێ، بەڵام ئەم کوڕەی مامۆستای پێنجوێنیی جوانەمەرگ بووە و خوێندنی تەواو نەکردووە.

(١) مامۆستا جەمال بابانیش سەرچاوەی ئەم قسەی دیاریی نەکردووە.





مامۆستامان پاش ئەوەی کە ماوەیەک لە مزگەوتی شێخ سەلام دەرسی گوتوەتەوە کراوە بەمامۆستای (مەدرەسەی ڕوشدییەی عەسکەریی) لە سلێمانیی و لەو شوێنەدا بەدەرسوتنەوەوە خەریک بووە تا ساڵی ١٩١٢ز، لەو ساڵەدا ، واتە دوو ساڵ پێش شەڕی جیهانیی یەکەم کوردستانی بەجێهێشتووە و چووە بۆ ئەستەموول و لەوێ بووە بەپارێزەر، چەند ساڵێک بەم فرمانە و بەفرمانی دادوەریی لە چەند شار و شوێنی تورکیا ژیانی بەسەر بردووە، تا لە دەوروبەری ساڵی (١٩٣٥)دا خانەنشین کراوە.

**کۆچی دوایی:**

هەر کاتێک کە باسی کۆچی دوایی ئەم مامۆستا گەورە بکرێ لەگەڵ (مجمع البحرین)ەکەیدا نەبێ باس ناکرێ؛ هۆی ئەوەیش ئەوەیە کە مامۆستا پاش بەساڵاچوونی و خانەنشین کردنی و پێش کۆچی دوایی دەستی داوەتە دانانی ئەم کتێبە و، وەکوو خودا درێژەی بەتەمەنی دابێ بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبە وایە؛ چونکە دوای تەواوکردنی کتێبەکەی بە (٤٣) ڕۆژ، لە ڕۆژی هەینی ١٣ی مارتی ١٩٤٢ی زایینیی ڕێکەوتی ٢٥ی سەفەری ١٣٦١ی کۆچیدا بۆ یەکجاریی چاوی لێکناوە و، گیانی پاکی چووەتەوە بارەگای یەزدان.

**بلیمەتیی و زیرەکیی:**

مامۆستا مەلا ڕەشید یەکێک بووە لە زانا هەڵکەوتوو و تاقانەکانی چەرخی خۆی و، ئەم مامۆستا ئەگەر نەوەی گەلی کوردی کوڵۆڵ و ژێرچەپۆکەی دوژمنگەلێکی سەرسەختی وا نەبوایە کە هەرگیز نەیانویستووە زاناکانی بەرێپی خۆیان ببینن و ناویان لە چواردیواری ماڵی خۆیان زیاتر بڕوات.. لە جیهاندا ناوی دەنگی دەدایەوە و، ناوبانگی کۆڕ و کۆمەڵانی گەلێ وڵاتی ئیسلامیی و جیهانیی دەگرتەوە.

هەر بۆ نموونە: بەڵگەی بلیمەتیی ئەم مامۆستایە بەرهەم و نووسینەکانیەتی کە پاش خۆی وەک جوانترین دیاریی بۆی بەجێهێشتووین.

کاتێک سەرنجی دەسنووسەکەی (مجمع البحرین) بدەین، دەبینین مامۆستا کاتێک لە تورکیا ژیاوە و ئاگاداری نووسینی کوردیی و ڕەوتی ڕەوڕەوەی ڕۆشنبیریی کوردیی و، یاسا و ڕێنووسی زمانی کوردیی نەبووە و، شتێکی وایشی لە بەردەستدا نەبووە کە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا دەسبەکار بێت و، نووسینی کتێبەکەی لە ڕێی ئەو ڕچەو ڕێبازەوە بەڕێوەبەرێت.



مامۆستا مەلا رەشید دوای خانەنشین بوونی





لەبەر ئەمە مامۆستا بیری لەوە کردووەتەوە کە یاسایەک بۆ ڕێنووسی کوردیی دابنێت و خۆی پێش هەموو کەس لە کتێبەکەیدا پەیڕەویی بکات و، بگرە دوای خۆیشی کەس پەیڕەویی نەکردووە!

مامۆستامان توانیویەتی ئەم ڕێنووسەی، کە خۆی دایناوە، لە کتێبێکی گەورەی نۆ بەرگیدا، بەزۆریی، پەیڕەویی بکات و، هەڵە و دەرچوونی لەو یاسایە کەم و دەگمەن بێت.

لایەنەکانی جێگەی سەرنج و سەرسوڕمان لە (اقتران النیرین)دا گەلێکن و بەسەرکردنەوەیان، لێرەدا، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام کە باس باسی بلیمەتیی ئەم مامۆستایە چاک وایە بێ ئەوەی لە یەک دوو لایەن بدوێین بەسەریدا نەڕۆین.

## ١- لایەنی تەرجەمە و وەرگێڕانی دەقەکە:

بەڵێ دانەر وشە و ڕستەی عەرەبیی، وەک گفتوگۆ و نووسینی ئەو سەردەمە، زۆر بەکارهێناوە، بەڵام لە مەرجەکانی وەرگێڕان و تەرجەمەدا زۆر ورد و بەسەلیقە بووە و، گومانم بۆ ئەوە دەچێت کە لەو سەردەمەدا مەعهەد و قوتابخانەی فێرکردنی تەرجەمە لەو ناوەدا بووبێت و، دانەر لەو شوێنانەدا فێری ئەم فەننە بوو بێت و، قسەیێکی خۆیشی کە ئەفەرموێ:

«أعنت: صەحیحە، (عنت) لە (عنو)ە ناقیصە. ئەم تۆزە موخالیفی شەرطی تەرجەمەیە بۆ عەوام، ئەمما مەجبورییە» (حەدیثی ١٩/٣٠٤١).

هەندێ پاڵپشتی ئەم گومانەم دەکا؛ چونکە دوای چل ساڵ نووسین و بۆ پێشەوە چوونی زمانی کوردیی، ئێستەیش تەرجەمەکەی ئەم لە پێش تەرجەمەی زۆر لە نووسەران و وەرگێڕانی ئەمڕۆی کوردەوەیە، بەتایبەتی ئەوانەی من وەرگێڕانیانم لە بابەتی تەفسیر و حەدیث و کتێبی ئاییندا دیوە ئەم ئەگەر لە پێش هەموویانەوە نەبێ سڵاوی بەسەر زۆر بەیاندا هەیە. بۆ نموونە ئێستەیش زۆربەی ئەو وەرگێڕانە هەر لەژێر باری تەرجەمەی حەرفیی و وشە بەوشەدا دەژین و کەمتریان دەتوانێ وەرگێڕانەکەی بخاتە قاڵبێکی کوردییەوە و (کوردییەکەیان بەعەرەبیی نەنووسن). بەڵام ئەمە لای مامۆستامان بەدەگمەن ڕێدەکەوێت و کوردییەکەی کوردانە و بێ قۆرت و گرێیە.

## ٢- ئەمانەتی عیلمیی و پێشکەوتنی لە چەرخی خۆی:

کە خوێنەر بەوردیی ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە و سەرنجی ئەرک و ماندووبوونی مامۆستا مەلا

ڕەشید دەدات و، سەرجەمی ئەو ئەرک و ماندوبوونە لەگەڵ قەوارە و قلختی کتێبەکە و، ئەو ماوەی کتێبەکەی تێدا نوسراوەتەوە و، ئەو تەمەنەی دانەر تیایدا خەریکی دانانی کتێبەکە بووە و، ئەو شێوە ڕێک و پێک و پوختەی کتێبەکەی پێ نووسراوەتەوە.. بەراورد دەکات لەگەڵێ ڕووەوە سەرسامیی ڕووی تێدەکات و بۆی دەردەکەوێ، کە لە بەرامبەری کارێکی ئاسایی و، کتێبێکی وەک هەموو کتێبەکانی دیکەدا نیە و، ئەم ئیشە وزە و توانایەکی گەلێ تایبەتیی بۆ بەکاربراوە، دەستی زانایەکی کەموێنە و، بیری بلیمەتێکی کەم هاوتا دایڕشتووە! تۆ لەگەڵ مندا - بەئەرکی مەزانە - چەند بەرگێکی ئەم شاکارە ئەمدیو و ئەو دیو بکەو، هەندێک لاپەڕە هەڵدەرەوە و، لەناو توێی لاپەڕەکان و دێڕەکان ورد بەرەوە بزانە ئەم زانا بلیمەتە چ ڕەنجێکی داوە؟!

پێشەکیی بۆ هەموو حەدیثێک بەگوێرەی توانا سەرچاوەکەی بەوردیی و ڕوونیی نووسیوە و، وای کردووە ئەگەر خوێنەر گومانێکی بۆ پەیدابوو بێ سەرئێشە و گەڕان و ماندوبوون بتوانێ بگاتەوە سەرچاوەکە و گومانەکەی لابەرێت. دوای ئەوە نەیفەرمووە: من خەریکی تەرجەمەم بۆ کوردیی و ئیتر پێویست ناکات بێم هەموو حەدیثە عەرەبییەکان بنووسمەوە. بەڵکو بەوەیشەوە نەوەستاوە و هەر شوێن و وشەیەکی گرانی لە حەدیثە عەرەبییەکاندا دیبێ چووەتەوە بۆ لای نەوەویی و قەسطەلانیی و، بەگوێرەی ئەو مانا ئەوان بۆیان کردووە حەدیثە عەرەبییەکەی بەعەرەبیی و لە نێو دوو کەوانەی تایبەتیدا - بۆ ئەوەی شەرح و حەدیث تێکەڵاو نەبن - مانا لێکداوەتەوە، وشە عەرەبییە نامۆ و کەم بیسراوەکانی بەسەرو بۆر بۆکردن ئاسان و خۆشخوێن کردوون. جاری وایش هەیە بەوەیشەوە نەوەستاوە و لە ناو دەقە عەرەبییەکەیشدا پێش تەرجەمە کوردییەکە وشە گرانەکانی بەکوردیی مانا کردووە. ئەمانەیش هەمووی بێ ئەوەی شتێکی وای کردبێ یەکێک لە یەکێک بکەوێ و، شەرح و مەتن تێکەڵاو ببن، بەڵکو وەک گوتم بۆ هەموویان کەوانە و ئیشارەی تایبەتیی داناوە و، وای جیاکردوونەتەوە کە خوێنەر کاتێ تەماشای دەکا وەک کتێبێکی ئەکادیمییانەی پێشکەوتووی سەرکەوتووی ئەمڕۆ بخوێنێتەوە وایە.

کە ئەم کارەیشی کردووە دەقی حەدیثەکانی بەئامادەکراویی و بەجیاکراوەیی لە بەردەستدا نەبووە. بەڵکو گەڕاوە وشە بەوشە و، دێڕ بەدێڕ لە ناو کتێبی (ارشاد الساری لشرح صحیح البخاری)دا حەدیثەکانی وشە - وشە لە ناو کەوانەکان دەرهێناوە و کۆی کردوونەتەوە و، یەکی خستوون و نووسیونی و جیاوازیی ڕیوایەت و نوسخە و دەقەکانی بەهەمان ئەمانەت و بەشێوە جوان و پوختەکەی خۆی تۆمارکردووە.





## ٣- نووسینەوەی بێ هەڵە و بێ کوژانەوە:

من لە خۆم دائەگرم و کاتێک ئەمەوێ شتێک تەرجەمە بکەم، ئەگەر یەک دوو جار نەینووسمەوە و بەوردیی خەریکی تەرجەمەکەی نەبم لەوانەیە لە چەند لاوە هەڵەی تێدا بکەم و بیکوژێنمەوە و دەسکاریی بکەم. بەڵام ئەم کارەی مامۆستامان لەو ڕوەیشەوە زۆر سەرسوڕهێنەرە؛ لە نووسینێکیا کە بۆ مامۆستا مەلا حسەینی نووسیوە دەفەرموێ: «.. ئەمەیشت عەرز بکەم: ئەم وەرەقانە کە ئەینێرم بەخدمەتی بگەی (تأمل؛ لأنها احادیث) هەم تەبییضە هەم موسوەددەیە، لە خدمەت هیچی تریانا نیم کە بزانم موکەڕەڕی تیایە یا تیا نییە. ڕەنگە زۆری تیابێ، شایەد فەرقیان نەبێ مەینووسن. (والسلام علیکم والسلام). » (ل: ٣/٢٠٥). واتە هەر یەک جاری نووسیوەتەوە.

دەی ئەم شاکارە بەم هەموو وردەکاریی و ئەمانەت و ڕێک و پوختییەوە چۆن ئاوا یەکدەست بێ کوژانەوە و هەڵە گونجاوە؟!

هەروەها جێگەی سەر سوڕمانێکی ترە کە دانەر توانیویەتی لەو تەمەنەدا کە خۆی دەفەرمووێ: «ذیهنم کول بوە، دەستم زۆر ئەلەرزێ، مەرەکەب هەمووی بۆیایە دائەداتە ئەو دیوەوە، قەڵەمی خۆمان نییە، کاغەزی چاک نییە، هەر ئەوەندە ئەتوانم...» (ل: ٣/٢٠٤) چۆن بۆی کراوە لە (٢٢) مانگدا لەم دوو دەریا بێ پەیەدا مەلە بکات و بەپشووقوڵییەوە بگاتە بنیان و، دورو گەوهەریان لێ دەربهێنێ و، بەو شێوە جوانە بیانهۆنێتەوە و، بیکا بەدیاریی دەستی پیرێکی پیرۆزی دڵسۆزی گەل و ئایین و، سنگ و دەروونی هەموو مرۆڤێکی کوردی خاوەن باوەڕی پێ زاخا و بداتەوە و، یادگارێکی شاکاری هەمیشە زیندوو لە پاش خۆی بەجێ بهێڵێ؟!

کاتێ مرۆڤی بەوێژدان سەرنجی ئەم ئەنجامە بدات لەگەڵ هەموو سەرنجدان و وردبوونەوەیەکیدا سەرسوڕمانی زیاتر دەبێت و، وەڵامی زۆریشیان - جگە لەوەی کە خوا وەک موعجیزەیەک بۆ پێغەمبەر - د- لەپاش خۆی ئیشی ئاوای بۆ ئەکاو زەلامی ئاوای بۆ ئەڕەخسێنێ - نازانێ!

بۆیە دەڵێم: ئەگەر ئەم زانا مەزنە لە هەرەتی لاویدا لە باتی دووریی و دەربەدەریی و گەڕان بۆ نان و ژیان وە ببینینی چەندین فەرمان و کاری میریی، باری لەباری بۆ بلوایە و بەکاری نووسینی شاکاری ئاواوە خەریک بوایە دەبوو چەند کاری گەورەی بۆ دین و دنیای ئەنجام بدایە؟؟؟

**دانراوەکانی:**

کە دێینە سەر باس و ناونووسکردنی دانراوەکانی ئەم مامۆستا - بەداخەوە - وەک زۆربەی مامۆستایانی پێشوومان لە عاستی دانراوەکانی ئەمیشدا دەستەوسان و بێ ئاگاداریی و زانیاریی ورد ناتوانین بێ گومان و بێ سێو دوو بڵێین: مامۆستا ئەو دانراو و ئەو دانراوەی بووە و، ئەوەی لە دەستماندایە و هەواڵی دەزانین - ئەویش بەتەواویی نا - ئەو دانراوانەیەتی کە بۆیان لواوە و لای مامۆستایانی کوردستان نوسخەیان بووە و پارێزراون. ئیتر هەواڵمان لە شوێنەوار و دانراوگەلێکی نیە کە لە تورکیا داینابن و نوسخەیان نەهاتبێتەوە کوردستان و دۆستانی کوردستان و سلێمانیی ئاگایان لێیان نییە.

ئێمە گومانمان لەوەدا نییە ئەم مامۆستا جگە لەو دانراوانەی لێرەدا ناویان تۆمار دەکەین نووسراو و دانراوی دیکەی هەبووە و ئێمە هەواڵیان نازانین؛ چونکە زانایەکی وا کە خاوەنی گەلێ هەست و بیری بەرز و جوان و ناسک بووبێ بڕوا ناکرێ سی و دوو ساڵ لە ژیانی لە تورکیا بەسەر بردبێت و، گەلێ بەرهەمی نایابی تێدا نەنووسیبێت. بەتایبەتی کە بزانین توانای مامۆستامان لەو ئەندازەدا بووە بەحەوت مانگ شەرحی فەریدەی شێخی سیووطیی کردبێت و، بەبیست و دوو مانگ شەرحی موسلیم و بوخاریی کردبێت. کە ئەو ماوە هەمووی ناکاتە سێ (٣) ساڵ، دەبێ سی (٣٠) ساڵی دیکەی تەمەنی کە لە تورکیادا بەسەری بردووە هیچ نووسراو و دانراوی تێدا نەنووسیبێت؟ بەتایبەتیی کە ئەم مامۆستا ماوەیەکی باش پارێزەر و دادوەر بووە بڕوا ناکرێت، وەک مامۆستایەکی بلیمەت، چەندین لائیحە و لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوە و ڕەتکردنەوەی فەرمانی نادروست و ناڕەوا و، چەندین شوێنەواری جۆراو جۆری کەمیاب و کەموێنەی بابەتگەلی جۆراو جۆری لێ بەجێنەمابێت، بەڵام داخی ئاوارەیی و، دەردی بێ خەمخۆریی و، سەرنانەوەی یەکجاریی لە دووریی لە دۆست و هاوەڵانیدا ئەو شوێنەوارانەی - ئەگەر تێدا نەچووبن - بێناز و پەرتەوازە و لەبەر مەترسیی تێدا چووندا داوەتە دەست چارەنووسی نادیار.

هەر چۆن هەبێ هیوابڕاو نابین و چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتووین بەڵکو خەمخۆران و دڵسۆزان پەردە لەسەر لایەنگەلێکی شوێنەواری ئەم مامۆستا و مامۆستایانی دیکەمان لابەن. تا ئەو کاتە لێرەدا بەکورتیی خوێنەری ئازیز لە دانراوە ناو زانراوەکانی مامۆستا شارەزا دەکەین:





**یەکەم: (اقتران النيرين فی مجمع البحرين)**

ئەم کتێبە وەک گەورەترین دانراوی مامۆستا مەلا ڕەشیدە گەورەترین دانراوی کوردیی و مامۆستایەکی کوردیشە تا ئێستە چاپکرابێت و هەواڵی زانرابێت.

ئەم دانراوە شیاوی ئەوەیە ڕۆشنبیرانی موسوڵمانی کورد گەلێ بەوردیی لێی بکۆڵنەوە و، لە عاستیدا دەست بەسەر و سنگەوە بگرن و، پلەی زانیاریی و بلیمەتیی دانەرەکەی بکەن بەئۆلگۆ و نموونەی بەرز و دیاری شوێنکەوتن و چاولێکردن و، بەرجەستەکردنی وزە و توانای مرۆڤی بەتوانا و، سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤ ئەگەر هەوڵ بدات و بیەوێ دەتوانێ بگاتە پلە گەلێک جێگەی بڕوای فرەکەس نەبێت و، کاری وا ئەنجام دەدات وەک ئەوە وایە بەتەنیا کێوێکی گرتبێ بەکۆڵیەوە.

بەداخەوە پتر لە (٣٠) ساڵە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە دەرچووە و ناوی دراوە بەگوێی خوێنەری کورددا، بەڵام تا ئێستە خوێنەرانی کورد وەک پێویست لایان لەم شاکارە نەکردووەتەوە و، بەزمانی کوردیی هەڵیان نەسەنگاندووە و ئەوەی شیاویەتی بۆیان نەکردووە. خۆشبەختانە برای ئازیزم مامۆستا حەسەن پێنجوێنیی ئەم کتێبەی کرد بەنامەی ماجستێر و، بەزمانی عەرەبیی بڕوانامەی ماجستێری لەسەر وەرگرت[(١)].

ئێمەیش لێرەدا بەکورتیی لە چەند خاڵێکدا یەک دوو لایەنی بایەخی ئەم کتێبە دەخەینە ڕوو:

١- ئەم کتێبە تا ئێستە گەورەترین کتێبی کوردییە بەقەوارە و بارسایی و ژمارەی لاپەڕەکانی و، تا ئێستە کتێبێکی دی نۆ بەرگیی وا گەورە بەزمانی کوردیی لە دەستدا نییە.

٢- ئەم کتێبە لە بابەتی خۆیدا تاک و تاقانەیە و، تا ئێستە هیچ زانایەکی کورد کاری وای نەکردووە کە فەرمایشتەکانی پێغەمەر(د.خ) ئاوا بەم فراوانییە کۆ بکاتەوە و، مانایان لێکبداتەوە و، بیانخاتە بەردەستی موسوڵمانانی کورد. واتە ئەم کتێبە کتێبێکی گەلێ بەبایەخ و گەورەیە بۆ موسوڵمانانی کورد و، دەتوانن لە ڕووی ئەم کتێبەوە مانا و مەبەستی فەرمایشتە پیرۆزەکانی پێغەمەر (د.خ) تێبگەن و بۆ موسوڵمانانیان ڕوون بکەنەوە.

(١) بڕوانە: العلامة البابانی ومنهجه فی کتابة اقتران النيرين فی شرح الصحيحين، تألیف حسن محمد امین الپنجوینی، اسلام آباد، پاکستان، ١٤٢١هـ ١٩٩٩م الطبعة الاولی.

٣- ئەم کتێبە بۆشاییەکی فراوان لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ ئەکاتەوە کە دەمێکە چاوەڕوانی پڕکردنەوەیە؛ چونکە - وەکو و گوتمان - تا ئێستە کارێکی وا نەکراوە کە فەرمایشتەکانی پێغەمەر (د.خ) بەتێکڕایی کۆبکرێتەوە و، بەزمانی کوردیی مانایان لێکبدرێتەوە، ئاشکرایە کە هەر خوێندەوارێکی کورد بیەوێ لە فەرمایشتەکانی پێغەمەر - د - تێبگات، یان لە باسێک بکۆڵێتەوە.. پێویستی بەسەرچاوەیەک هەیە کە بەزمانەکەی خۆی بێ، تا بتوانێ بەئاسانیی و بێ ماندووبوون مەبەستەکەی خۆی بەدەست بهێنێ و، لە هەوڵ و باسەکەیدا بەهەڵەدا نەچێت. ئەم کتێبە گەورەترین هەنگاوە لەسەر ئەو ڕێگەیە نراوە.

٤- کاتێک بمانەوێ بەراوردێک لە نێوان زمانی کوردی ئەم سەردەمە، یا هەر سەردەمێکی تر، لەگەڵ ئەو سەردەمەدا بکەین کە ئەم کتێبەی تێدا نووسراوە و، جیاوازیی وشە و زاراوە و بەکارهێنان بزانین دەبینین ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی پوخت و، ئاوێنەیەکی باڵاڕوانی ئەو مەبەستەیە.

زیاد لەوە ئەم کتێبە لەوانەیە ببێ بەسەرچاوەیەکی گەلێ بەکەڵک لەبارەی زۆر وشەی کوردییەوە کە دانەری ئەم کتێبە لە مانالێدانەوە و تەرجەمەکردنی فەرمایشتەکانی پێغەمەردا - صلى الله تعالى عليه وسلم - بەکاری هێناون.

٥- ئەم کتێبە باشترین بەڵگەیە بۆ ناسین و یادکردنەوە و لەبیرنەچوونەوەی زانایەکی بەرزی وەکو مامۆستا مەلا ڕەشید بەگ کە هەمیشە لە هەوڵی پێشکەوتنی گەلەکەیا بووە و، هەموو کات هیوای ئەوە بووە کە خوێندن و خوێندەواریی لە کوردستاندا لە پەرەسەندن و گەشەکردندا بێ. ئەو زانایەی کە گەلی کورد زۆری وای بووە، بەڵام لەبەر نەبوونی کتێب و نووسینیان بەزمانی گەلەکەیان، پاش خۆیان ناویان کوێر بووەتەوە و لە بیرکراون، یان - وەک گوتمان - بەزۆر دەبرێن بەسەر گەل و وڵاتێکی ترا.

٦- ئەم کتێبە - وەک هەموو کتێبێکی دیکەی بەبایەخ و بەکەڵک - بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای ئەوەیە کە زانا نامرێ و بەرهەمەکەی هەمیشە بەزیندوویی لە دڵ و زمانی گەلدا ئەپارێزرێ. پیاوێکی وەک مامۆستا مەلا ڕەشید کە لە ئاوارەیی و دوور وڵاتیدا سەری ناوەتەوە و هەر لەوێ بەخاک سپێرراوە، ئەگەر خاوەنی سامان و داراییەکی فراوان بوایە و، چەندین جۆرماڵی نرخداری دنیای بەهەزار - هەزار بوایە، ماوەیەک دوای خۆی ماڵ و سامانەکەی دەچووە قوڕگ و گیرفانی ئەم و ئەوەوە و، خۆیشی زۆری پێ نەدەچوو بۆ هەتا هەتایی لە بیر ئەکرا. بەڵام - وەک دەبینی - لەو دوور وڵاتیەوە





چەند دەفتەرێکی زەرد هەڵگەڕاوی پواوی ناردۆتەوە بۆ گەل و وڵاتەکەی، ئەو دەفتەرانە خۆیان بایی چەند فلسێکی ئەو سەردەمە بوون، بەڵام ناوەڕۆکەکەیان ئەوە بوو کە ئەو خزمەتە گەورە و بەبایەخەی بەئایین و گەل و زمانەکەی کرد و، خۆیشی ڕۆژ بەڕۆژ لای گەلەکەی ناسراوتر دەبێت و، ساڵ بەساڵ زیندووتر دەبێت و، هەمیشە موسوڵمانانیش دەم بەدۆعاوە بۆی یادی ئەکەنەوە و، ڕەحمەت بۆ خۆی و باو باپیری ئەنێرن.

**دووەم: الدرر النضيدة في شرح منظومة الفريدة:**

لە کۆتایی کتێبەکەدا مامۆستا نووسیویە.

«وبعد: فهذا غاية ما أمليناه، ونهاية ما أملناه في هذا الشرح، في يوم الجمعه قبيلها تاسع عشر شعبان المعظم سنة الف وثلاثمائة وسبع عشرة...»

لە سەرەتایشیەوە نووسیویە:

«ابتدأت بشرحه ٢٢ ربيع الاول ١٣١٧»

واتە مامۆستا ئەم کتێبەی لە ماوەی حەوت مانگ کەمتردا داناوە.

**سێیەم: قەواعیدی نەحو و صەرفی کوردی:**

ئەم کتێبە - من بزانم - تەنها یەک نوسخەی هەیە و ئەویش کاتی خۆی لای خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بوو، زۆرم حەز دەکرد بتوانم دەستی بخەم و شتێکی لەگەڵ بکەم و وەک بەرهەمێکی نایابی ئەم مامۆستا گەورەیە زیندووی بکەمەوە، بەڵام تا ئێستە ئەم ئاواتەم هەر ئاواتە! بەڵکو لەمەولا وا نەبێت[1].

**هەندێک لە کار و فرمانی تورکیای:**

وەکو پێشتر باسمان کرد مامۆستامان پێش شەڕی جیهانیی یەکەم چوە بۆ ئەستەموڵ و، هۆی چوونەکەیشی ئەوە بووە کە بکرێ بەقازیی لە سلێمانیی. بەڵام لەو کاتەدا کە ئەم چووەتە ئەوێ شەڕی جیهانیی هەڵگیرساوە و، ئەیش کراوە بەئەفسەر - ضابطی ئیحتیاطی بەشی ئیعاشە - پاش کۆتایی هاتنی شەڕ لە شاری (اطنه) کراوە بەحاکم و،

(١) بەزۆریی ئەم باسە لە پێشەکیی بەرگی یەکەم و پاشکۆی بەرگی نۆیەمی (اقتران النيرين) وەرگیراوە.

تا ساڵی (١٩٣٤ز ١٣٥٣ک) لەسەر ئەو کارە ماوەتەوە و، لەو ساڵەدا خانەنشین کراوە. پاش خانەنشین کردنی چووەتە شاری (بورسە)و ماوەیەکیش لەوێ واعیظی مزگەوتی (ئەمیر سولطانی بوخاریی) بووە.

دوای ئەوەی ماوەیەک لەسەر ئەم شوێن و کارە دەوامی کردووە گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمووڵ و بووە بە واعیظی مزگەوتی (لالەلی) ئەمەیش ناونیشانی تورکیای بووە:

ئەستەمووڵ، لالەلی، ئاقسەرای جادەسی، نومرە **٢٧** خانەدە، حاکمی موتەقاعید ڕەشید بەگی بابان.

دەمێک بوو لە نووسینی ئەم باسە دەربارەی مامۆستا مەلا ڕەشید بوو بوومەوە، ژمارە (٥٦)ی گۆڤاری سلێمانیی هەواڵی دانراوێکی دیکەی ئەم مامۆستای بۆ هێناین.

ناونیشانی وتارەکە ئاوایە: «تیشکی وشە لە دەستنووسە بەنرخەکەی مەلا ڕەشید بەگی بابان - دا» کە مامۆستا هیوا خطاط نووسیبووی.

هیوادارین ئەم دانراوە چاپ بکرێت و سوودێکی دیکەی لە ڕەنج و بلیمەتیی ئەم مامۆستا مەزنەی کورد پێ دەربخرێت.

وەک هیوادارم ئەمە دوا بەرهەمی نەبێ کە دەدۆزرێتەوە و، ئێمە - تا ئێستە - هیچ هەواڵێکمان دەربارەی نییە.







دەستخەتی مەلا ڕەشید بەگی بابان

## جارێکی دییش شێخ ڕەزای تاڵەبانیی

### ٤٧٢

لە بەرگی شەشەمی ئەم کتێبەدا کە دوا شتم لەسەر شێخ ڕەزا و شیعرەکانی بڵاوکردەوە باسی ئەوەم کرد ئەوەندە هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی شیعری شێخ ڕەزا دراوە هەوڵ بۆ هیچ شاعیرێکی تر نەدراوە و، ئەوەندەیش مامۆستای شارەزا و کارامە بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە داهاتوونەتەوە ئەوەندە بۆ کەم شاعیری دیکەمان لواوە، کەچی هەر بەین نابەینێک ماوەیەکی کەمی پێ دەچێت، یان هێشتا چاپی نوێی دیوانەکەی لە چاپخانەدایە شیعری بڵاونەکراوە و نەبیستراوی ئەم شاعیرە سەر هەڵدەدات.

وەک ئەوەی لە چارەم نووسرابێت - بێ ئەوەی حەز بکەم - بەدوا بەش و بەرهەمی ئەم شاعیرەدا بگەم، یان لە ڕێگەی کۆششی منەوە لە کەسانی دی زیاتر بەرهەمی بڵاوبکرێتەوە. ئەم جارەیش لە ڕێگەی برای بەڕێزم مەلا عوثمانی پشکێنەری بەڕێوەبەرێتیی ئەوقافی سلێمانییەوە دەستخەتێکی بچکۆلەم دەستکەوت چەند شیعرێکی شێخ ڕەزا و چەند شاعیری دیکەی تێدا بوو، پێش هەموویان سەرنجی شیعرەکانی شێخ ڕەزام دا، کەچیی دوو سێ بەیتی بڵاونەکراوەی تێدا بوو بەم شێوە:

١- پارچەی «چوومە لای یاری مومتازم...» لە دیوانە چاپەکەدا دوو بەیتە بەڵام لەم دەستخەتەدا سێ بەیتە و ئەم بەیتەی خوارەوەی لە چاپەکە زیاترە:

یەک سەعات و نیم کەوتە پێمەلە عەینی گیانەڵاو

دوای ئەوە دەسم برد و وتم: وەرە ئەی...

## مختصر الچغمینی و شەرحەکەی یان دانراوێک لە هەیئەتدا

### ٤٧٣

دەستخەتی (٧٤/٢/ع) کتێبێکە بەناوی (مختصر الچغمینی)دانراوی مەلا عەلی کوڕی مامۆستا مەلا ڕەسوڵی زەکییە.

ئەم دەستخەتە ساڵی ١٢٩٩ بەخەتی عەلی کوڕی عوثمانی عوثمانیی نووسراوەتەوە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«الحمدلله الكريم والصلاة على رسوله الحليم، وعلى آله القويم، وبعد:





فلما تقاصرت همم الطلبة عن تحصيل علم الهيئة لكون كتبها طويلة صعبة... ألفت فيها رسالة سهلة، على معظم مقاصدها مشتملة، وشرحتها على طبقها لتزيد يسرة، وجعلتها لوزير العالم تحفة، فإن قبلها يكون لآية «من جاء بالحسنة فله خير منها» له ذخرة، وإن ردها يكون آية «فعسى أن تكرهوا شيئا وهو خير لكم» لي تسلية.

کۆتاییەکەی:

والسنة القمرية ناقصة عن السنة الشمسية بعشرة أيام وإحدى وعشرين ساعة بالتقريب.

نازانین ئەو وەزیرەی مامۆستامان کتێبەکەی پێشکەش کردووە کێیە.

لە لاپەڕە ٢٩١ی بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەدا شتێکمان دەربارەی بنەماڵەی زەکیی نووسی.

## دانراوێکی دیکەی مامۆستا مەلا محەمەدی تەوەکەڵی

### ٤٧٤

لە سەرەتای بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەوە خۆم گلەییم لە هەندێ باری بڵاوکردنەوەی بوو و، ئەگەر لە توانادا بوایەت و، ئێمەیش وەک گەلانی خواپێداوی جیهان جێگە و ڕێگە و شوێن و کات و کەرەستە و دەرامەت و خەرج و کادر و کارمەندی پێویست و لێهاتوومان هەبوایەت دەبوو ئەم کتێبە بەو شێوەی بڵاوکراوەتەوە بڵاونەکرایەتەوە.

ئێستەیش ئەگەر خۆم ڕووی ڕەخنە و سەرنج بکەمە هەندێ لایەنی ئەم کتێبە دەڵێم:

- دەبوو ئەم کتێبە بابەتمەندییەکی ورد بکرایەت پێش ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە بخرێتە چاپخانە. بۆ ئەمەیش بەلای کەمییەوە دوو ڕێگە هەیە:

**یەکەم:** بابەتەکان و ناوی زاناکان بەگوێرەی ساڵ ڕێکبخرایەن و، زانای صەدەیەک نەچوایەتە صەدەیەکی دی و، خوێنەر کە بۆ زانایەکی ژیاو لە صەدەی فلاندا بگەڕایەت بێ سەر ئێشە بگەیشتایەتە مەبەستی خۆی.

**دووەم:** ناوەکان بەپێی پیتی هیجا و ناوی زاناکان ڕێکبخرایەن و، خوێنەر لەم ڕەویشەوە دەیتوانی بێ ئەوەی کاتی بەفیڕۆ بچێت بگاتە ژیان و بەسەرهاتی ئەو زانای مەبەستیەتی.

وەک دەکرا ئەم دوو خاڵەیش بەیەکەوە پەیڕەویی بکرێت و، لە پێشدا بەگوێرەی ساڵ و

له ناو ساڵەکانیشدا پەیڕەویی پیتەکان بکرایەت.

وەک له پێشەکیی بەرگی یەکەمدا ڕوونمکردەوە مەترسیی نابەکامبوونی کارەکەم و بەزایەچوونی ڕەنجەکەم پێش ئەوەی بەئەنجام بگات ئەو هەلەیان لەکیس دام و، یەکێکیش لەو کەموکووڕییانەی لەم (بێ مەنهەجییە)وە ڕوویداوە ئەوەیە کە زانیارییم دەربارەی مامۆستایەک دەستکەوتووە و گەڕاوم و هەوڵمداوە چیم دەربارەی دەست کەوتووە هەمووی بەیەکەوە بنووسم، کەچیی زۆری پێ نەچووە زانیاریی نوێم دەربارەی ئەو مامۆستا دۆزیوەتەوە، بۆیە گەلێ جار دەربارەی یەک مامۆستا دوو سێ جار شت دەنووسم و، هێشتا باسەکەیش تەواو نابێت و لەوانەیە زانیاریی دیشی بەدوادا بێت.

لەم بەرگەیشدا چەند مامۆستای وا دێنە پێشەوە پێشتر لەسەریان نووسراوە و، بەرهەم و شوێنەواریان دۆزراوەتەوە و لێرەیشدا بابەتی تازە سەری هەڵداوە و، جارێکی دی ناویان هاتووەتەوە ناو ناوان.

یەکێک لەو مامۆستایانە مامۆستا مەلا محەممەدی تەوەکەڵیی بانەیییە:

ئەم مامۆستا لە بەرگی پێنجەمی ئەم کتێبەدا باسی کتێبێکی بچکۆلەییم کرد، بڕوا ناکرێت مامۆستایەکی گەورە و زانا و خاوەن مەدرەسە هەر بەو کتێبە بچکۆلەوە وەستا بێت، بەڵام کە هیچمان لە دەستدا نەبێت ناتوانین شتێک بڵێین. لەم ماوەیشدا لە پاشماوەی دەستخەتێکدا، کە بە بۆ چوونی خۆم بە بەشێک لە کۆمەڵێک فەتاوای دەزانم و وێنەی چەند لاپەڕەیەکیم لەلایە و دەستخەتەکە بەخەتی شێخ جامیی باپیرە گەورەمە.. نامیلکەیەکی بچکۆلەی مامۆستا مەلا محەممەدی تەوەکەڵیی تێدایە لە باسی تەقلیدا، سەرەتا و کۆتاییەکەی وەردەگرین.

سەرەتاکەی:

«الحمدلله العليم الحكيم، والصلاة والسلام على سيدنا محمد نبيه الكريم، وعلى آله وأصحابه ذوى الفضل العميم. أما بعد فليكن معلوما لدى العلماء الفاضلين والفضلاء الكاملين أن مسألة تقليد من كان شافعي المذهب ووقف على آخر...»

کۆتاییەکەی:

«فكما أن هذا الموجب يرتفع بحكم المخالف بخلافه، فكذا ذاك يرتفع بتعلق اعتقاد وتقليد آخر بخلافه. هذا ما بلغ إليه فهمي، ووصل اليه





علمي، وفوق كل ذي علم عليم. محمد التوكلي المدرس ببروژه. كتبه جامي»

ئەم دەستخەتە – ئەوەی کە ماوە – تێکڕا ١٣ لاپەڕەیە، بەخەتی شێخ جامیی باپیرە گەورەمە، ساڵی ١١١٠ک نووسیویەتیەوە.

فەتاوای چەند کەسی تێدایە و، نەقڵیشی لە چەند کتێبەوە تێدایە، لەوانە نەقڵ لە شەرحی موحەڕڕەرەی میصرییەوە کە مەبەست (المقرر فى شرح المحرر)ە کە لە لاپەڕە (١٠٠)ی بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژیی لە سەریمان نووسی. ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە ئەم کتێبە لە کوردستاندا لە برەودا بووە و جێگەی متمانە و بڕوا بووە.

هەروەها فەتوای مەولانا قیوامەدینی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی فەقێ نەجمەدین. کە مامۆستا قیوامەدینی حەسەنیمان هەیە و لەم کتێبەدا لەسەر ئەویش شتێکم نووسیوە.(١)

وەک فەتوای مەولانا حسەینیشی تێدایە کە بەمەولانا حسەینی شەبەکیی دەزانم.

لەوەیشەوە کە ئەم دەستخەتە ساڵی ١١١٠ نووسراوەتەوە دەگەینە ئەوە مامۆستای تەوەکەڵیی پێش ئەو مێژووە لە ژیاندا بووە، بەڵام جارێ نازانین کەی بووە.

## کتێبی دۆعای شێخ حسەینی بەرزنجیی

٤٧٥

لە ناو دەستخەتەکانی مامۆستا عوثمانی موفەتیشی ئەوقافدا دانراوێکی ناتەواوی دۆعا هەیە بەوە باشە لە کۆتاییەکەیەوە ناوی دانەر و نووسەرەوەی تێدایە، بەڵام بەداخەوە ناوی دانەرەکەی باش ڕوون نەکراوەتەوە.

ئەو کۆتاییەی کە ماوە وەک خۆی دەینووسم:

«تمت الدعوات بعون الله تعالى حفظنا الله من شر ابليس وجنوده أجمعين، وجعل خاتمة امورنا كلها الى الحق واليقين بجاه محمد سيد المرسلين، بيد العبد الضعيف المحتاج الى عفو الملك اللطيف عبدالقادر ابن محمد فاطمه خان الگلالى، جامعها المحتاج الى رحمة مولاه الغني حسين الحسني البرزنجي، قد اتينا على جميع ما في حياة الحيوان من الادعية والرقى تماما وكمالا، ولم نترك شيئا الا مازاغ عنه البصر، وخادعته

(١) بڕوانە: بەرگی پێنجەمی سەرچاوەی ناوبراو، ل: ٢٨١ .

النظر. رضوان الله تعالى وعلى جميع المؤمنين. وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه الطاهرين. والحمدلله رب العالمين. سنة ١٣٤٥٨!/ مولود ٢٥»

ئەوەی ماوە لە دەستخەتەکە ١٨ لاپەڕەیە. بەمەرەکەبی ڕەش و سوور نووسراوەتەوە، ئاوی بەرکەوتووە. گەلێکی کوژاوەتەوە.

نازانرێ شێخ حسەینی دانەری کتێبەکە کێیە. دەبێ شێخ حسەینی قازیی نەبێت؟

ئەم دەستخەتە لە ناو دەستخەتەکانی مەلا عوثمانی موفەتیشی ئەوقافدایە و بەژمارە ٢١٧/ع پارێزراوە.







کۆتایی دانراوەکە

## داستانی ئەسپی ڕەش

### ٤٧٦

یەکێکە لە چیرۆک یان داستانە ئەفسانەیییەکان، کە ماوەیەکی درێژ و سەردەمێکی لە مێژ لە کۆڕ و دیوەخانی میر و پاشا و ئاغایانی کوردستاندا بە بەیت و مەقام و دەنگی خۆش شەوگاری پێ زرنگێنز و، شەوی پێ ڕۆژ کراوەتەوە.

ماوەیەک لەتەک زەلامێکی نەخوێندەواری چیرۆککگێڕەوەی دیوەخانی ئاغایانی ناوچەی پشدەردا یەک کەوتین، ئەم داستانەی بە بەیت و دەنگی خۆش دەخوێندەوە، بەڵام داخم ناچێ و - هەرگیزیش لەبیرم ناچێ - کە ماوە و کەرەستەی نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەم چیرۆکە و گەلێ شتی دیکەم نەبوو کە لە سنگی ئەو پیاوە نەخوێندەوارەدا تۆمار کرابوون و، ڕووی ڕۆژ ڕەش بێت ئەو هەلە زێڕینەی لە کیس دام!

لەوانەیە کۆنترینی ئەو دەقانەی ئەم بەسەرهاتە - یان ئەفسانەیان - بەزمانی کوردیی گێڕاوەتەوە دەقەکەی فەقێ تەیران بێت.

لە (د.ع)دا ڕێگەم لە دەستخەتێکی کۆن کەوت کە مامۆستایەکی کورد نووسیویەتیەوە و لە ناویدا داستانێکی کۆنی بەزمانی فارسیی تۆمار کردووە، داستانەکە ناوی (داستان اسپ سیاه)و لە کۆتایی داستانەکەوە کە بەهەڵبەست نازناوی (جانی) نووسراوە، (جانی)ش شاعیرێکی کۆنی کوردە، بەڵام شتێکی ئەوتۆی دەربارە نازانین، ئەوەندە نەبێ کە لە لاپەڕە ٦٠٦ی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناوی هاتووە و، لە ڕشتەی بنەماڵەی سەیدەکانی جەباریشدا جانی ناوێک هەیە. هەروەها لە لاپەڕە ١٥٣ی بەرگی سێیەمی کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانیدا نووسەرەوەی دەستخەتێک ناوی محەمەدی کوڕی محەمەد صاڵحی کوڕی جانی یە.

**سەرباسەکانی داستانەکە**

- در بیان اوصاف حضرت رسالت پناه محمد مصطفی علیه السلام.
- در بی وفایی دنیای فانی که احدی تکیه بر نکند
- داستان وحی کردن خداوند تبارک وتعالی بر محمد و روانەکردن آن جناب عمر را برای اسپ سیاه و آوردن اورا بأسانی
- داستان ربودن عمر علیه السلام اسپ سیاه با شلیمون را و رفتن عسکر از عقبش...





- داستان جواب بردن طیرا أبابیل بخدمت محمد - ع م - وأمدن لشکر صحابه.
- داستان اغتشاش کردن لشکر صحابه با لشکر شلیمون وشکسته شدن لشکر شلیمون و کشته شدن صحابه ایشان را.
- داستان اختلاط شدن هرد و لشکر وشهیدن (١). شدن دندان حضرت علیه السلام را.

**کۆتاییەکەی:**

بسی هست این درّ تغر و پسند — زنزدی یکی عاقل و هوشمند
٠٠که ای (جانی) جان و دل پر جراح — تو بر کش چو بلبل صحر که سیاح
چو بلبل همه صبح در پیش گل — بزاری بکن عرض واحوال دل
خدایا دعای من اضطراب — ز ألطاف جودت بفرما اجاب
ز بحر معاصی غریقم غریق — کریما کرم کن بفرما عتیق
دوچشمم بختمش منور شدی — مرادم همین بود میسر شدی

تمام کتاب داستان اسپ سیاه من مصنفات (جانی) از دست حقیر پر تقصیر، المحتاج الی عفو ربه القدیر، محمد امین ابن ملا نبی آکو بن ملا حیدر بن ملا نبی المشهورون بآکو، من قبیلة اوجاغزادکان زنگل، فی سنة هزار و دوصد و هفتاد و یک سال من هجرة رسول رب العالمین.

یا ناظر ادع لکاتبه ولمؤلفه بالغفران علیک الرحمة والرضوان فی ٩ن ١٢٧١

## دانراوێکی مامۆستا مەلا مەحموودی حەکاریی

### ٤٧٧

ئەم مامۆستا یەکێکە لەو مامۆستا فرە و بێ شومارانەی کورد کە لە سەردەمی خۆیاندا کەڵە زانای چەرخی خۆیان بوون و دانراوی باش و، فەقێی زیرەک و، مەدرەسەی گەورەیان بووە، بەڵام لەبەر خەمنەخوراویی دوای خۆیان ناویان کوێر بووەتەوە و، شوێنەوارەکانیان تێداچوون و، ئەگەر شتێکی کەم لە بەرهەمی زۆریان مابێت لە سووچ و کەلێنی لە بیرچوونەوەدا دەیان مەترسیی گەورە هەڕەشەی لە ناوبردنیان لێدەکەن.

ناوی ئەم مامۆستام لە هیچ سەرچاوەیەکی لەدەستدابووی لای خۆماندا نەدیوە و، نازانم کەی و لە کوێ ژیاوە و، شوێنەوار و بەرهەمی چی بوون. کتێبخانەی مامۆستای خاڵ ئەم

دانەی لەم دانراوەی بۆ پاراستووین و، منیش لێرەدا بەکورتیی بەمێژووی زانایانی کوردی دەناسێنم.

مامۆستا ناوێکی تایبەتیی بۆ کتێبەکەی دانەناوە و سەرەتاکەی ئاوا دەست پێکردووە:

«وبعد: يقول العبد المحتاج الى ربه الغني محمود بن حيدر الحكاري، اورق بلطفه اغصان آماله الباري: لما اختصرت رسالة السمرقندي في سالف الزمان، لما فيها من طول ونمط غير ملائم للوجدان.. اردت أن اكتب عليه – ان شاء الله تعالى – ارقاما في غاية الاختصار والوضوح، ولا راجع استمدادا في ذلک الى غير شرحها من المتون والشروح، لانا في سفر والكتاب مفقود، والوقت غير مساعد، والقلب بالآلام معلول، والخاطر متفرق، ويد الطبع من هجوم الحوادث الى العنق مغلول. فنقول وبالله التوفيق...»

کۆتاییەکەیشی ئاوایە:

«هذا آخر ما كتبنا على الرسالة بالاستعجال، من غير تبختر فيه لبرائد من قبل البال، فيا معشر الإخوان الخلان لعلكم لا تلتفتوا الا بالاصلاح والاحسان، الى ما فيه من اثر الذهول والنسيان، او تقريرات مستدركة عند ارباب التبيان، لأنه قد ورد في زمان لم اقدر فيه على التأمل بالامعان، والمقصود منه ان يكون ملائما لمذاق الصبيان، تجرى مجراه مع صغر الحجم وثقل الاركان، متبخترا بجر الذيل في رياض رسوخ الاذهان، والحمدلله على هذا الاحسان، العظيم الجسيم الشان، والصلاة على رسوله اشرف ما في عالم الاكوان، وعلى آله وصحبه المتدينين بأكمل الاديان، مادام المردود للدهور والجريان للازمان.

كتبه عثمان المجروح بسهم الصبيان المثلم! بآلام الدوران، لاجل استاذنا المشهور بين الفضلاء بكثرة الاذعان وشمس الاديان.»

دەبێ لێرەدا ئەوە نەبوێرم کە لە بەرگی چوارەمی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد)دا شتێکی کورتم لەسەر مامۆستا مەلا مەحموودی هەکاریی – یان شاعیری هەکاریی – نووسیوە[1]، بەڵام نازانم ئەو مامۆستا و ئەم مامۆستا یەک کەسن یان نا؟

(١) بڕوانە: لاپەڕە ١٥٠ی سەرچاوەی ناوبراو.





چونکە لەوێ ناوی باوکی نەنووسراوە و، ئەوەی لەیەکیان نزیک دەکاتەوە ناوی (مەحموودی هەکاریی)یە.

شایانی باسە مامۆستایەکی دیکەمان لە ناوچەی بادینان بەناوی مەحموودی کوڕی حەسەن هەیە کە زانایەکی گەورە بووە و بەڕێزەوە ناوبراوە و، گەلێ حاشیەی بەسەر دەستخەتە جۆراو جۆرەکانی مامۆستایانی کورد و حوجرەکانی کوردستانەوە هەیە.[1]

**باسێکی دەستخەتەکە:**

ئەم دەستخەتە لە کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مامۆستای خاڵدا بەژمارە (٢٨٧) پارێزراوە، ٢٤ لاپەڕەیە. عوثمان ناوێک لەبەر خاتری مامۆستایەک نووسیویەتیەوە، ناوی مامۆستاکەی نەنووسیوە و، مێژووی نووسینەوەکەیشی دیاری نەکردووە.

دەستخەتەکە بێجگە لەم دانراوە سێ دانراوی دیکەیشی لە خۆ گرتووە کە ئەمانەن:

١- (البهجة المرضية)ی شێخی سیووطیی.

٢- حاشیەی سەید عەلی کوڕی سەید ڕەسووڵی بەرزنجیی بەسەر دیباجەی (شرح الطوالع)ەوە، ساڵی ١٢٥٦ بەخەتی دانەرەکەی نووسراوەتەوە. ١٦ لاپەڕەیە.

٣- شەرحی عیصامەدینی ئەسفەراییینی بەسەر نامیلکەی عەضودیەوە، لە کۆتاییەوە ناتەواوە، حاشیەی گەلێ لە مامۆستا کوردەکانی بەسەرەوەیە.

(١) مامۆستایەکمان لە پەراوێزی کتێبێکدا بەراوردی لە نێوان مامۆستا زەینەدینێک و مامۆستا مەحموود حەسەندا کردووە و ئاوای فەرمووە:

اگر چه (زين الدين) زين جهانست

وليكن مثل (محمود حسن) نيست

(بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی چوارەم، ل: ٢٨٢)


بسم الله الرحمن الرحيم
حمداً لمن يانع ثمر العقل اغصان نفوس العقلاء
وزين مرآة النفس بعكوس حقايق الاشياء ونصلي
على نبيك المصطفى من اهل الارض والسماء وعلى آله
وصحبه الراسخين في التدبير على الاعداء وبعد
يقول العبد المحتاج الى ربه الغني محمود بن حيدر الهكاري
اوردنا بلطفه اغصان آلاء البارى لما اخضرت
رسالة السمرقندي في سالف الزمان لما فيها من طول

سەرەتای دانراوەکەی هەکاریی





## شاه حسەین

## ٤٨٧

سەرەڕای ئەو زیانە زۆر و سنوور نەزانراوەی لە کەلەپوور و مێژووی ئەدەبی کوردیی کەوتووە و، سەرەڕای ئەوەی کە هێشتایش نەتوانراوە بەر لە لافاویی دامالەر و مالکاولکەریی شوێنەواری زانایانی کورد بگیرێ و، هێشتا ڕۆژانە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش هەواڵی تێداچوونی سامانی نەتەوایەتیی گەلی کورد - بەهۆی کەمتەرخەمیکردنی نەوەکانیەوە لە عاستی پاراستنیدا - دەبیسین... سەرەڕای ئەمانە و چەندین دەردی کوشندەی دیکە کە هەڕەشە لە شوێنەوار و سامانی نەتەوایەتیی کورد دەکەن، ئەگەر کەسێک نەختێک بەخەمەوە منە بکات و، هەندێک بەشارەزاییەوە مەدرەسە و ماڵ و مزگەوتەکان و بنەماڵە ئایینییەکان و، جێگە گومانەکانی شوێنی ئەو شوێنەوارانە بگەڕێت، بەڵگەگەلی وەهای دەست دەکەوێت گومان لەوەدا ناهێڵن کە ئەوانەی لە بوارگەلی جیا - جیا و، جۆراو جۆری کاروانی ڕۆشنبیریی کوردیدا کاریان کردووە گەلێ لەوانە زیاترن تا ئێستە باسیان کراوە و، ناویان لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی تۆمار کراوە و، ئەمەیش پێمان دەڵێت: با هەرکەس لە عاستی خۆیەوە چیی لە توانادایە و، چۆن مەچەکی دەچەرخێت، با هەموو شارەزایان و لێهاتووانی بواری کۆکردنەوەی کەلەپووری کوردیی، بەدەستی گەل، بەگوڕ و تینێکی لەمەوپێش زیاترەوە بکەونە خۆ و، هەوڵی چڕتر و زیاتر بدەن بۆ دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ڕزگارکردنی ئەو شوێنەوارانەمان - هەر شوێنەوارێک - کە ماون و، لە مەترسیی تێداچوون دەربازیان بکەن.

ماوەیەک لەمەوبەر بیستم لە ماڵێک دەستخەتێکی کوردیی شێوەی گۆرانیی هەیە، ئەوکەسەی هەواڵەکەی دامێ وتی: دەستخەتەکە دیوانی شاعیرێکە ناوی حسەینە و کتێبەکەی ناوی (حسەینیەیە) دوای هەواڵەکە کەوتم تا ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/١٥ لەتەک مەلا عەلی پێشنوێژی مزگەوتی (حاجی مەلا شەریف)دا چووین بۆ ماڵی کاک (مەحموود حەمەرەحیم ڕەمەزان چوارتاقیی).

ئەو دەستخەتەی کە ماوەیەک بوو عەودالی بووم و بەدوایدا دەگەڕام لە لای کاک مەحموود بوو، کە باسیم کردو مەبەستەکەمم بۆ ڕوون کردەوە - ماڵی ئاوا بێت - دەستی

بەڕوومەوە نەناو، دەستخەتەکەی بۆ هێنام و، مۆڵەتی ئەوەیشی دام کە لەتەک خۆمدا ببیەم و سوودی لێ وەربگرم.

دوای ئەوەی هێنامەوە ماڵەوە و بەشێنەیی بۆی دانیشتم، بینیم ئەمەیش یەکێکە لەو دەستخەتە بێنازکەوتووانەی بواری ئەدەب و کەلەپووری کوردیی، کە سەربازە گومناو و نەناسراوەکانمان ڕۆژانێکی ژیانی خۆیان بۆ تەرخان کردووە و، هەرکەس بەبۆچوونی خۆیی و، بەپێی باوی ئەو شوێن و ڕۆژگارەی ئەوان تیایدا ژیاون، شوێنپەنچەی خۆیان لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو و ئەدەب و زمانی کوردیی بەجێهێشتووە، بەڵام بەداخەوە لەم سەردەمەی ئێمەدا، کە دەکرێ بەسەردەمی تەقینەوە و ڕابوون و ڕاپەڕین بۆ بووژاندنەوەی زمانی کوردیی دابنێین، لا لەو بابەتانە ناکرێتەوە و، ئەو کەمە کەمەیش لە شوێنەواریان لە چنگ نەهەنگی لەناوچوون قوتار بووە خەریکە کەمتەرخەمیکردنی ئەم وەچەی ئەمڕۆی کورد دەیخاتەوە قوڕگی ئەو نەهەنگە و، بۆ هەتا هەتایی سەری تێدا دەچێت.

ئەم شوێنەوارەی لێرەدا باسی دەکەین ڕەنگە لە ڕووی ناوەرۆک و مەبەستی باسەکەیەوە بۆ ئەمڕۆ نەگونجێت و، ئەگەر نووسەرانی ئەو بوارانە بیانەوێ لەو ڕووەوە شتێک بنووسن گەلێ لەوە چاکتری بنووسن. بەڵام لە ڕوەکەی دییەوە کە سەربازێکی گومناویی کورد – کە نازانین کێ بوەو کەی بووە و لە کوێ بووە – لە سەردەمێکدا گەلێ کەس بەلایانەوە بەکوردیی نووسین نەنگ بووە و قەڵەمی خۆیان لێ پاراستووە، ئەم هاتووە بەسۆز و شەوقەوە لەو بوارەدا ئەو بابەتەی خۆی پەسەندی کردووەی هەڵبژاردە و، بەزمانی شیرینی کوردیی و شێوەی گۆرانیی هەزاران بەیتی بۆ هۆنیوینەتەوە و، کردوونی بەملوانکە و، کردوونی بەگەردەنی بەرزی ئەدەب و زمانی کوردیدا.

ئەم جۆرە کارانە، جگە لەوەی بەشێکن لە کەلەپووری گەلەکەمان و، یادگاری زیندووی ئەو مامۆستا گومناوانەی ڕۆژگاری تاریک و ئەنگوستەچاوی کاروانی ئەدەب و زمانی کوردین، کەرەستەیەکی پڕ لە گەوهەر و مروارین لە بوخچەی کارەکانی ئەواندا هەڵگیراون بۆ ئێمەی ئەمڕۆ کە بمانەوێ فەرهەنگی ڕەسای زمانی کوردیی دەوڵەمەند بەوشەی ڕەسەنی کوردیی بنووسینەوە و، بۆ ئەو پڕۆژە بێ پشکنینی ئەم بوخچە نەکراوانە هەرگیز ناتوانین دان بەوەدا بنێین کە هەرچی وشەی ڕەسەنی ماوی پاشماوەی دەیان و صەدان کارەسات کە بەسەر ئەم گەلە و زمانەکەیدا هاتوونمان لە دوو توێی فەرهەنگی کوردیدا گونجاندووە.

بۆیە دەیڵێین و دەیڵێینەوە: کە دەبێ هەرچی زووترە و تا هەل لە کیس نەچووە بەپەرۆشەوە لە ئاستە بەرزەکانی خوێندنی باڵاوە و، لە لایەن ڕۆشنبیرانی کارامە و





شارەزاوە، بە بەرنامەی ورد و، نەخشەی دروستەوە پڕۆژەی بووژاندنەوەی سامانی ئەدەب و کەلەپووری نەتەوایەتیمان دابڕێژرێت و، شانی پێدا بکرێت و، هیچ شتێک پشتگوێ نەخرێت و، ئەم سامانە لە نرخاندن نەهاتووە بەجوانترین شێوە ببووژێنرێتەوە و، ئێمەیش وەک گەلانی خودا پێداوی جیهان – با کەمیش بێت – ببینە خاوەنی سامانی نەتەوایەتیمان.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

ئەم شوێنەوارەی باسی دەکەین دەستخەتێکە بریتییە لە (٢٥٥) لاپەڕە، لاپەڕەی هەژدە بەیت شیعری تێدایە، پێوانەی دەستخەتەکە (١٤×٢٠)ە، بەمەرەکەبی شین و سوور نووسراوەتەوە، بەدەستی دەروێش سەعید – یا عەبدولقادر –لەیەکی (ربیع الاول)ی ساڵی ١٣٥٩ک بەرانبەر بە یەکی چواری ٩٤٢دا نووسراوەتەوە.

خەتەکەی شێوە فارسییە و، خۆشخوێنە و، سەرەتا و کۆتایی ماوە و، تا ئەندازێک باش پارێزراوە.

**دانراوەکە:**

کە تۆزێک بەقووڵیی بەلاپەڕەکانی دەستخەتەکەدا شۆڕبینەوە دەبینین دانەرەکەی نە ناو و شۆرەتی خۆی بەوردیی نووسیوە، نە ناوی تەواویشی بۆ کتێبەکەی داناوە. هەرچی وەک خۆی دەڵێ ناوی (قادر)ە، بەڵام لەوە بەولاوە ڕوونی ناکاتەوە قادر کوڕی کێیە و خەڵکی کوێیە و، لە چ مێژوویەکدا کتێبەکەی نووسیوە، لەم ڕووەوە ئەو بەیتانە دێنینەوە کە ناوی خۆی تێدا بردوون:

بمبەخشی بە عیشق یاران ڕەسوول
(قادر) بە ئوممەت وێت کەری قەبوول

لە کۆتایشدا دەڵێ:

یا ڕەب بە خاطر ذولجەلالیی خۆت
بە ذات و صیفات لایەزالیی خۆت
(قادر)ی میسکین ببەخشی خودا
لەگەڵ ئوممەتان عەبدی ڕوو سیا

دوای ئەم بەیتانەیش نووسەرەوەیەک بەم جۆرە کۆتایی بە دەستخەتەکە دێنێ:

« هەم (دەروێش سەعید) خوانندەی کیتاب
بە عەبدی دەرگای رەسوول کەی حیساب
تمت شد کتاب خوشنوای شاه حسین از همت {یان صمت!}
عبدالقادر فقیر، سراپا تقصیر، از تأریخ هم ربیع الاول،
در سنه ١٣٥٩ هجری، مطابق ٩٤٢/٤/١ »

که جارێکی دیکه بەچاوی موشتەریی دەگەڕێینەوە بەسەرەتای دەستخەتەکەدا و بۆ ناو و ناوەرۆکی کتێبەکە دەگەڕێین، دەبینین دانەرەکەی ناوەرۆکەکەی بۆ ڕووداوی (کەربەلا)و شەهیدکرانی (حەزرەتی حسەین) – خ – تەرخان کردووە و، لە پەنای ئەو ڕووداوەیشدا مێژوویەکی ئەو بنەماڵە و بەسەرهاتیان دوای شەهیدبوونی حەزرەتی حسەین لە چەند سەرچاوە وەردەگرێت و، ئەم هەڵبەستەیش کوردیی دەنووسێ. لەم ڕووەیشەوە چەند بەیتێکی هەڵبژاردە لەسەرەتای کتێبەکە وەردەگرین:

فەردو تەنیاو تاک رەحیم و رەهبەر
بدەریم تەوفیق پادشای ئەکبەر
بەشق محەمەد شای تاج (لولاک)
بواچووم تەعریف (شاه حسەین)بێباک

پاش پاڕانەوە و دۆعای خێر بۆ خۆی و داوای فاتیحە و چەند باسی دی دەڵێ:

ئومێدم بە تۆن رەحیم و رەحمان
بواچووم تەعریف حسەین پاکجان
بواچووم ثەنای دەعوای کەربەلا
(جەنگ شاه حسەین) ئەو شاه جەلا
باز ها نە سەرم هەوای شەڕ و شۆڕ
تەعریف جەنگش باوەرووم خەبەر
دەعوای (کەربەلا) بواچووم بە نەظم
تا گۆش بگیران مەجلیس بێ غەم
تاکە حاڵیی بان جە مەعنای کیتاب
هەرکەس رەحمش بۆ جەرگش بۆ کەباب
داستان کیتاب تەمام دا خەبەر





(روضة الاحباب) تەمام سەراسەر
بەعضێ(جەوهەری) چەنی چەند (بەیاز)
بە نەظم ئاوەردم یاران هەمراز
جە هەر کیتابێ بەعضێ وەرگرتم
(بەیاز) ێ سازام پەرێ ئەی رەزم
هەرکەس بوانۆ یاخو گۆش گیرۆ
چون دوڕڕ شەهوار لەذەت لێش بەرۆ
هەرکەس بە لەونێ کەردەن ریوایەت
تەمام نمەبۆ پەی کەس حیکایەت
وەصف ذەلیلیی ئەولاد ئەطهار
تەمام نمەبۆ تا (یوم القرار)
بە صەد ریوایەت مواچان کیتاب
هەرکەس بە نەوعێ کەردشان خیطاب
منیش گوڵچنیی راویان کەردم
هەتا ئەی کیتاب بە نەظم ئاوەردم

لە دامێنی ئەم بەیتانەوە و لە پەنای ناونیشانێکدا کە بەخەتێکی نوێ لەسەر لاپەڕەی یەکەمی دەستخەتەکە نووسراوە ناوی (شاه حسەین) بۆ ئەم کتێبە دادەنێم.

لەبەر ئەوەی من ناتوانم ئێستە ئەم کتێبە وەک خۆی چاپ بکەم و، لەوانەیشە کەسانێک هەبن، ئێستە، یا لەمەولا، بیانەوێ لەم کتێبە یان لە سەرجەمی کتێبگەلی ئەم بابەتە بکۆڵنەوە و، نەبوونی ناوەرۆکی کتێبەکە لە بەردەستیانا و، نەزانینی مەبەست و سەرباسەکانی ببێتە کۆسپ لە ڕێگەی ئەو ویستەیاندا و، لەبەر ڕەچاوکردنی ئەم بابەتەیش بۆ نووسینەوەی نوێی مێژووی ئەدەبی کوردیی.. وام بەباش زانی ناوەرۆکی کتێبەکە بەپێی ئەو سەرباسانەی دانەرەکەی دایناون بۆی، لێرەدا بخەمە ڕوو. دەبێ ئەوەیش بڵێم دانەر سەرباسەکانی بەزمانی فارسیی نووسیوە و، منیش وەک ئەو چۆنی نووسیون وەهایان دەگوێزمەوە ئێرە.

## سەرباسەکان

٥- مشورت کردن یزید سفیه در بیان کشتن آل أطهار وادعاکردن خلافت.
٦- نامه نوستن یزید بخدمت حضرت حسین.
٨- جواب نامه نویشتن حضرت حسین با نزد یزید گمراه
١٠- جواب نامه بردن قاصد بنزد یزید بشهر شام شریف
١١- طلب کردن یزید وزیر و أمیران ومشورت کردن از بابت جنگ حضرت حسین.
١٣- مشورت کردن حضرت حسین با اهل وبیت طاهرین ورفتن ایشان
١٥- رسیدن موعد حج و شهید گرفتن اولاد اطهار برای طواف حج وزیارت کردن.
١٨- آمدن سرهنگ یزید بالشکر وراه گرفتن بأهل و بیت و إمامان
١٩- آمدن سرهنگ شامی بمکهء شریف وقاصد روانەکردن بحضرت حسین
٢٠- بیرونرفتن حضرت حسین با اتباع وحاجیان از احرام
٢٥- آمدن قاصد کوفه وجمع گردیدن یزید لشکر باشمر ملعون برای جنگ حضرت حسین.
٢٩- نامه نوشتن شاه حسین در عقب محمد حنیفه فرزند حضرت علی ورفتن شهزاده عمر.
٣٣- راهی شدن حضرت حسین با شهر کوفه
٣٤- آمدن ابن سعد شوم باشهر کوفه وراه ندادن بەحضرت حسین
٣٦- مشورت کردن حضرت حسین با تابع خود ورفتن ایشان بصحرای نینوا
٣٧- آمد بیداغ غیبی ومقدرات وحالی شدن همگی یاران
٣٩- تدبیر کردن حضرت حسین ورفتن براه عراق وشط فراط وآمدن عرب بخدمت امام
٤٤- آمدن ابن السعد بأردوی حضرت حسین
٤٧- غضبگرفتن حضرت عباس از ابن سعد و فرار کردن او
٤٧- بدی کردن بدان سعدرا در خدمت یزید
٤٨- طلبکردن یزید شمر ذوالجوشن بجهت حرب حضرت حسین ورفتن او
٥٠- آمدن ازرق شامی بنزد شمر ذوالجوشن با پنجاه هزار کس
٥٠- آمدن عبدالله حلب ویعقوب اسقلان بأردوی شمر لعین





٥١- آمدن سپای شمر ذوالجوشن وخبر رسیدن بحضرت حسین
٥٤- رفتن حرّ پاکدین واحاط کردن او کافران وشهید شدن حرّ
٥٧- آمدن شمر لعین بمیدان حضرت حسین
٥٩- تدبیر کردن شمر لعین بجهت گرفتن شط فراط از اتباع امام
٧٩- آمدن جعفر جنی باسپاه جنی بامداد حضرت حسین وقبول نکردن او
٩٦- تدبیر کردن ضریر با أهل مسجد ورفتن ایشان بجنگ کفار
١٠٤- آوردن ابن السعد شوم اسیران وسران شهیدان بنزد یزید بدگر
١٠٨- غضبگرفتن یزید از اولاد امام امر کردن (بملا) و برای قتل عابدین وبخشیدن او وفرستادن ایشان بزندان
١١٢- منازعه کردن فرنگی بایزید و جنگ کردن ایشان وکشته شدن فرنگی را
١١٤- رسیدن قاصد اسقلان ویعقوب وکشته شدن او بدست یزید
١١٦- کاغذ نوشتن یزید بعبید زیاد پادشای بغداد برای جمع آوردن لشکر رفتن بشار اسقلان بجهت تسخیر کردن او
١١٧- آمدن محمد حنیفه و در خواب دیدن امام علی
١٢٦- رسیدن ابراهیم ولد مالک اژدر بولایت شام ورسیدن شهزاده عمر
١٢٨- رسیدن عبید زیاد بشهر اسقلان بر سر ضریر بالشکر بیگران
١٣٠- فرار کردن طغیان وداخل شدن او بشار اسقلان
١٣٢- نامه نوشتن خواهر ضریر به پیش ضریر وآمدن طغیا واحوالات لشکر یزید بیانکردن
١٣٥- قبولشدن دعای ضریر وآمدن شهزاده عمر وفضل وعلی
١٤٠- رفتن عبید زیاد بشهر اسقلان
١٤١- مناجات کردن خواهر ضریر جهت خلاص از دست بدگر
١٤٢- آمدن شهزاده عمر وفضل ابن جعفر وعلی ابن حسین بامداد خواهر ضریر وکشته شدن کافران
١٤٧- آمدن مصیب وابراهیم بامداد ضریر ورسیدن بشهر اسقلان
١٥١- رسیدن شهزاده محمد حنیفه بولایات شام واگاه شدن یزید از او
١٥٢- نامه نوشتن یزید بخدمت شهزاده محمد حنیفه برای قبولکردن بیعت یزید

١٥٤- جواب نامه یزید از طرف محمد حنیفه وغضب گرفتن او از یزید شوم

١٥٩- مناجات کردن محمد حنیفه

١٦٢- غضب گرفتن یزید از شکسته سپاه وفرستادن عطیه بجنگ محمد حنیفه

١٦٤- کوچکردن شهزاده محمد حنیفه بنزد یک شهر شام

١٦٥- فرار کردن شکسته لشکری عبید زیاد وآمدن ایشان پیش یزید وفریادکردن آنها

١٦٨- آمدن شهزاده عمر وفضل هنرور وعلی نیکوفر بامداد محمد حنیفه

١٧٤- مشورت کردن یزید با سرداران بجهت کشتن زین العابدین

١٧٦- فرستادن یزید زین العابیدین را بسر حد لبنان بشهر مغلوب

١٧٧- خوا بدیدن تبکشاه بحضرت رسول

١٨٤- طیپ آرای کردن محمد حنیفه ویزید بجنگ یکدیگر

١٩٢- موقوفکردن جنگ برای گرفتن تعزیه شمر وجمع کردن لشکر

١٩٣- طیپ أرای کردن یزید وطلب کردن عمر ابن سعد وقاص

١٩٦- جنگ کردن مرتبه سیم با محمد حنیفه وجنگ کردن

١٩٨- طلب کردن یزید عطبه وفرستادن او بجنگ کشته او

١٩٨- آمدن قاسم بمیدان عطبه

٢٠١- طیپ آرای کردن یزید از برای جنگ محمد حنیفه باصول خری

٢٠٣- آمدن قاسم شیراز وکشته شدن پنجاه نفر بدست او

٢٠٦- آمدن قاسم شیرازی بمیدان وشهید شدن او بدست بدکار

٢٠٧- آمدن شهزاده عمر بمیدان وگرفتار شدن ابن السعد

٢١٦- فرار کردن یزید بکوه لبنان از ترس اسلام ومقدماتی ایشان

٢١٧- آگاه شدن محمد حنیفه از فرار یزید ورفتن ایشان بدنبالش

٢٢٠- نامه نوشتن محمد حنیفه بنزد یزید در خصوص زین العابدین

٢٢٢- رسیدن قاصد بنزد یزید بجهت فرستادن زین العابدین وقبولکردن او

٢٢٤- جواب نوشتن کاغذ حضرت محمد حنیفه از طرف یزید

٢٢٥- فرستادن یزید هرقن را بعقب اسیران وعابدین پیش تبک شاه

٢٢٦- فرستادن محمد حنیفه شهزاده عمر و علی و ابراهیم ابن مالک اژدر بعقب هرقن





٢٢٦- رسیدن هرقن بمغلوبشار ودادن کاغز یزید بتبک شاه

٢٣١- رسیدن شهزاده عمر و علی و ابراهیم بشهر مغلوب

٢٣٤- رفتن شهزاده ابراهیم بعقب هرقن وبین و گوش بریدن او

٢٣٦- راهی شدن زین العابدین بخدمت محمد حنیفه

٢٤٤- وفاتکردن حضرت زینبه دختری حیدری کرار

٢٤٧- وفاتکردن سکینه روز دویم وتسلیم کردن او بخاک بزاری

## نوسخەیەکی دی

ئەم بەشەم لەسەر ئەم کتێبە نووسیبوو، خەریکی ئەوە بووم خەمی بڵاوکردنەوەی بخۆم، لە ناو کتێبە دەستخەتەکانی برای خۆشەویستم مەلا عوثمانی موفەتیشی ئەوقافدا نوسخەیەکی دی هەمان کتێبم بەهەمان ناونیشان و ناوەڕۆک بینی، گوتم لەوانەیە هەر هەمان کتێب بێت و دانراوی ئەو مامۆستای پێشووە بێت و، بەمەوە دەبن بە دوو نوسخە، بۆیە هەندێ بەراوردم کردن، ئەنجام بۆم دەرکەوت: ئەمە دانراوێکی دیکەیە و مامۆستایەکی دیکە هەمان مەبەستی بەهەمان زاراوە بەهۆنراوە داناوە.

بۆیە بەپێویستم زانی لێرەدا باسێکی کورتی ئەم نوسخەیەش بخەمە پاڵ باسەکە بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک بیەوێ لا لەم بابەتە بکاتەوە بە بەرچاوڕوونیەوە دەست پێ بکات و، ئاگای لەو هەولانە بێت لەم ڕووەوە دراون.

### باسێکی دەستخەتەکە:

بەداخەوە ئەم دەستخەتە لە سەرەتاوە ناتەواوە و، بەگوێرەی ژمارەی لاپەڕەکانی (٨) هەشت لاپەڕەی کەوتووە و لە لاپەڕە (٩) نۆوە دەست پێدەکات، بەمەیش گەلێ زانیاریی بەبایەخ کە لەپێشەکیی کتێبەکەدا بووە لە ناوی دانەر و مەبەست لە دانانی و، کات و شوێنی و، چەند بابەتی دیکە لە کیس چوون.

لە لاپەڕە (١٩٥)دا کۆتایی دێت و، وا پێدەچێت لە کۆتاییشیەوە شتێکی کەم کەوتبێت.

هەروەک بۆ دانراوی پێشوو کردم بۆ ئەم دانراوەیش ناوەڕۆک و سەرباسەکانی تۆمار دەکەم:

١- نامە نوشتن شا حسین بە عقب محمد حنیفه ١٣

٢- بدی کردن بد ابن سعد در خدمت یزید ١٧
٣- فرستادن حر پاکدین بر سید الشهداء ومسلمان شدن ١١
٤- آمدن بیداغ از غیب ومقدرات حالی شدن ٢٠
٥- تدبیر کردن جناب شاه حسین وبراه رفتن بعراق وشط فرات آمدن عرب بخدمت امام ونشان جاه ومکان نینوا و عروت الوثقی ونشاندادن چهار صەد سال ازین تأریخ در غیب نوشته برای هفتادودو نفر. ٢١
(لێرەوە تا لاپەڕە ٣٥ کەوتووە)
٦- آمدن شمر بمیدان حضرت حسین ٣٧
٧- شهید کردن حضرت عباس علمدار ٣٩
٨- آمدن شمر بمیدان وشهید شدن علی اکبر ٤٥
٩- آمدن شمر بمیدان وشهید شدن قاسم گوید ٥١
١٠- أمدن جعفر جن بخدمت سید الشهداء ورخصت ندادن ٥٩
١١- خروج کردن ضریر تجار دعوا کردن در شهر اسقلان گوید ٦٩
١٢- خریدن ضریر اسباب جنگ در رفتن به مسجد شهر اسقلان ٧٤
١٣- بردن شمر وابن سعد سر اسیران برای شام بخدمت یزید ٧٨
١٤- گفتوگو کردن یزید باسر مبارک شا حسین ٨١
١٥- خشم گرفتن یزید از امام زین العابدین ٨٢
١٦- آمدن مرد فرنگی و کشته شدنش بدست یزید ٨٤
١٧- نامه نوشتن یزید بر سری عبید زیاد ٨٨
١٨- در خواب دیدن محمد حنیفه علی علیه السلامرا ٩٠
١٩- لشکر فرستادن یزید بر سر شهر اسقلان گوید ٩٩
٢٠- نامه نوشتن خوا هر ضریر به نزد برادرش گوید ١٠٢
٢١- مناجات کردن خواهر ضریر ١٠٩
٢٢- لشکر آوردن ابراهیم اژدر بر سر عبید زیاد ١١٤
٢٣- کشته شدن عبید زیاد بدست ابراهیم اژدر ١١٦
٢٤- خروج کردن محمد حنیفه بر یزید کوید ١١٧





٢٥- نامه نوشتن یزید به پیش محمد حنیفه ١١٨
٢٦- پاسخ دادن محمد حنیفه بر یزید ١٢٠
٢٧-آمدن شکسته عبید زیاد برای شار شام ١٢٦
٢٨- رزم محمد حنیفه با یزید وگریختن یزید گوید ١٤٥
٢٩- کشته شدن شمر ذا الجوشن بدست عون بن حسین ١٤٩
٣٠- شیون کردن یزید برای شمر لعین ١٥١
٣١- رزم یزید با سپاه محمد حنیفه گوید ١٥٦
٣٢- گریختن یزید بکوه لبنان ١٦٩
٣٣- پاسخ نامه نوشتن یزید برای محمد حنیفه ١٧٦
٣٤- رفتن زین العابدین به شار دمشق ١٨٦
٣٥- وفات نمودن زینبه خاتون ١٩٣

**چەند بەیتێکی کۆتایی دانراوەکە:**

بە تەوفیق حەق حەیی لایەنام
تەمام بی غەزای حسەین ئیمام
ئیستیدعام ئێدەن پادشای جەبار
ببەخشی گونای بەندەی شەرمەسار
ئەهل ئەی مەجلیس جە پا تا وەسەر
صەغیر و کەبیر ئونشا بە ذەکەر
سەعید و شەقی ئەر خێر و ئەر شەڕ
ببەخشی بە نوور پاک پێغەمەر
عەفو کەر گونای مەجلیس ئەحباب
کاتیب و سامیع (قارئ الکتاب)
هەزاران درود هزاران سلام
ز ما بر محمد علیه السلام
تەمام بی کیتاب دەر ماه شەعبان
بە عەون خودای حەییی لامەکان

عــەرەبیی تەئریخ جــە ســاڵ هیــجـریی
بە دەست حــەقــیــر ســەراپا (کــســری)
نە ڕۆز جــومــعــە تەحــریر بی تەمــام
هەزار و ســێــصـــەد با هەشــتــاد تەمــام

تمام شد بدست حقیر فقیر ملا محمد گوبان

لە لاپەڕە ١٥٤دا نووسراوە:

این کتاب نویسنده ملا محمد گوبان از سال ١٣٥٠

بەم پێیە دەبێ ئەم دانە دانراوی مامۆستا مەلا محەمەدی گۆبان بێت، کە بەداخەوە دەربارەی ژیانی هیچ شتێکمان لە دەستدا نییە.

ئەم دەستخەتە لە دەفتەرێکی ئێرەتیدا و بەمەرەکەبێکی شین نووسراوەتەوە، هەندێ شوێنی تەڕ بووە و کاڵ بووەتەوە.








رفیقان مپندید دل بر جهان      جهان بی وفا هرکس ندارد امان
[illegible]
[illegible]
الهی بحق خداوندیت      به بخشای بنده چون عبدویت
[illegible]
[illegible]      عفوهان بدا لەگەل کل امم
هرکس شهادت آورد بر رسول
دعای او له جه[illegible] بی قبول
یا رب بجاه [illegible] الجلال خوت
[illegible] صفات [illegible] خوت
[illegible] بە بخشی خدا
لەگەل [illegible] عبد [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] ۱۲۵۹ هجری
[illegible]





## (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی د. مارف خەزنەدار لە تای تەرازووی نووسینی مێژووی ئەدەبدا

## ٤٧٩

لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە بەرگ لە دوای بەرگ کتێبێک بەناوی: (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەوە، لە نووسینی د. مارف خەزنەدار دەکەوێتە بازاڕی کتێبی کوردییەوە، لەو کاتەوە چاوەچاومە و گوێم هەڵخستووە بەڵکو نووسەر و پسپۆڕێکی لێهاتوو دابێتەوە و، بەر بەو بەرگانەدا بگرێت و هەڵیان بسەنگێنێت و سەرکەوتوویی و ناسەرکەوتوویی نووسەر لە کارەکەیدا بخاتە ڕوو، بەڵام تا ئێستە هیچم لەو بارەوە بەر چاو نەکەوتووە. هەرچەند لەملا و لەولا لە کۆڕ و کۆمەڵدا هەندێ قسەی جۆراو جۆرم بیستووە.

منیش بەو پێیەی سەر و ساختەم لەگەڵ ئەدەب هەیە و، شەرەفی ئەوەم پێ براوە لەم بوارەدا چەند خزمەتێکی بچووک بەکتێبخانەی کوردیی پێشکەش بکەم، هەندێ لای نادیار و شارراوەی مێژووی ئەدەب و شاعیرانی کوردم ئاشکرا کردووە و، شارەزاییم دەربارەی بابەتگەلێک پەیدا کردووە پێش من باس نەکراون و پەییان پێ نەبراوە.. وام بەباش زانی کەمێک لە عاستی ئەو کارەدا بووەستم و بەبۆچوونی خۆم و بەپێی ڕێبازی نووسینی مێژووی ئەدەب لای گەلانی جیهان و، بەتایبەتی پسپۆڕانی کارامەی ئەم بوارە، ئەم کتێبە هەڵبسەنگێنم.

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم: گەلانی جیهان بایەخێکی گەورەیان بەمێژوو، بەگشتیی، داوە و لق و پۆپیکی زۆریان لێ کردووەتەوە و، زۆری ئەو لق و پۆپەیش بەوردیی باس کراون و، بەتێر و تەسەلیی لەسەریان نووسیون و، هەر لە مێژووی: گەل و، وڵات و، ئاو و، خاک و، کانزا و، جەنگ و، سوپاوە بیگرە تا دەگەیتە مێژووی دەریا و گیانلەبەر و، باڵندە و، گژو گیا و... بەدەگمەن بار و بابەت ماوە بەتێر و تەسەلیی لەسەری نەنووسرابێت. بەڵام ئێمەی کورد گەلێ بابەت و لایەن هەیە هەر بەلایدا نەچووین و هیچمان بۆ نەکردووە، ئەگەر لایشمان لە چەند لایەک کردبێتەوە ئەوە زۆر سەرەتایی و سادەیە و، زۆری بە بەرەوە ماوە وەک پێویست لەسەریان بنووسرێت.

یەکێک لەو لایەنانەی مێژوو کە کەمێک زوو لای لێ کراوەتەوە مێژووی ئەدەبە.

یەکەم کەس لەم بوارەدا بەشێوەیەکی ڕەسا و بەپشوو قووڵییەوە کاری کردووە خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلائەدین سەجادیی بوو کە مێژووی ئەدەبی کوردیی نووسیی و

ساڵی ١٣٧١هـ-١٩٥٢م چاپی یەکەمی دەرچووە و، ساڵی ١٣٩١هـ-١٩٧١م چاپی دووەمی.

ئەم کارەی مامۆستا عەلائەدین بۆ ئەو سەردەمە کارێکی گەورە و دەستپێشخەرییەکی[1] شایستە و بێوینە بوو، ئەگەر لە هەندێ ڕووەوە جێگەی سەرنج بووبێت، وەک ئەوەی بەشێکی بۆ وشە ئارایی و پیاهەڵدانی شاعیران تەرخان کراوە، کە لە کاری مێژوو نووس بەدەرە و، لێکدانەوەی هەندێ بابەتیش کە جێگەیان ئەوێ نییە، ئەوا بەوەی یەکەم کاری ئەو بوارەیە بەزمانی کوردیی پاساودانی ئەوانە ئاسانن.

دوای مامۆستا عەلائەدین بەو ناوەوە - مێژووی ئەدەبی کوردیی - کارەکەی د. مارف گەورەترین و فراوانترین کارە لەو بوارەدا، بەڵام ئایا د، مارف چەند لە کارەکەیدا سەرکەوتووە و، تا چ ئەندازەیەک توانیویەتی لە پرۆژەکەیدا ئەکادیمییانە هەڵسوکەوت لەتەک باسەکەدا بکات و، مەرجەکانی نووسینی سەرکەوتووی ئەو بوارە بێنێتە جێ؟

بەگوێرەی دەرەتانی وتارێک کە لە گۆڤارێکدا(*) جێگەی ببێتەوە پرۆژەکەی د. مارف هەڵدەسەنگێنم و، لە هەر شوێنێکدا کورتی هێنا بێت، یان لارەسەنگ بێت، پەنجەی وردبوونەوە و دیاریکردنی دەخەمە سەر.

**ئەدەب کامەیە؟**

ئەدەب لای گەلان مانایەکی گەلێ فراوانی هەیە و، بەو مانا فراوانەی بە: هەموو شتێک کە ئادەمیزاد لە قاڵبی زماندا دایڕشتبێ بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە بیر و مێشک[2].. دەوترێت.

بەم تەعریف و مانایە کەم شت و زانست دەمێننەوە نەچنە قاڵب و بازاڕی ئەدەبەوە.

ئایا د. مارف بەم مانا بۆ ئەدەبی ڕوانیوە؟

---

(١) بڕوانە: علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف - بەغداد ١٣٧١هـ - ١٩٥٢م. چاپی دووەم ١٣٩٠هـ - ١٩٧١م چاپخانەی معارف - بەغداد.

(*) ئەم بابەتەم وەک وتارێک نارد بۆ گۆڤاری (ڕامان) دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لایان مایەوە وتارەکەمیان بەهەندێ دەستکارییەوە بۆ گەڕاندەوە و بڵاویان نەکردەوەوە. دواتر ناردم بۆ گۆڤاری (کاروان) لە ژمارە (٢١٢)دا بڵاویان کردەوە، بەڵام دەسکاری زۆر کراوە و شێوێنراوە.

(٢) بڕوانە: کارل بروکلمان، تأریخ الادب العربي، نقله الی العربیة الدکتور عبدالحلیم النجار، الجزء الاول، الطبعة الثالثة، دار المعارف بمصر، ١٩٧٤. ص: ٣.





* لە سەرەتای بەرگی یەکەمدا د. مارف جگە لەوەی لە سەرەتای بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا وەک زانیاریی گشتی - کە دوایی دەچینەوە سەر باسی - ناوی هەندێ کتێب و بابەتی هێناوە، کە دێتە سەر باسی ئەدەبی کوردیی لە دوو لاپەڕەدا لە ئەدەبی سەرزاریی و ئەدەبی کلاسیکیی دەبێتەوە و، دەچێتە سەر باسی شیعر و لەسەری دەڕوا، ئیتر: ئەفسانە و، داستان و، ڕاز و، پەند و... باسیان نییە و بەلایاندا ناچێ. لە کاتێکدا، نەک ئەدەب بەو ناوەی ئێمە لەسەری دەڕۆین و باوە لە لامان، لەلای مێژوونووسانی گەلانی دی ئەوەندەی لق و پۆپ لێ دەکەنەوە بەئاسانیی لە ژمارە نایەن، وەک: نەحو و، صەرف و، بەلاغە و، مەنطیق و... هەرچی بەزماندا بێت و بیر و مێشک وەری بگرێت.

* سەرچاوە: یەکێک لەو کارە سەرەکییانەی پێویستی سەرشانی نووسەری مێژووی ئەدەبە دیاریکردنی سەرچاوەی کارەکەیەتی و، ئەگەر مێژوونووس دەستی پڕ و مەودای کاری فراوان نەبێت ئەوە ناتوانێ پەل بکوتێت و هەنگاو هەڵبنێت و، دەبێ لە جوغزێکی تەسکدا بخولێتەوە و، بەری ڕەنجیشی پووچەڵ و نابەکام دەبێت و، ڕەنی خەرمانی نایەتە بەر شەن و سوور نابێت.

بەڵێ ئێمە ناڵێین: سەرچاوەی مێژووی ئەدەبی کوردیی زۆر دەوڵەمەندە و، مێژوونووس دەست بۆ هەرچی بەرێ لەبەر دەستیدایە و، لە هیچ پەکی ناکەوێ!

بەڵام ئەگەر مێژوونووس خۆی ماندوو بکات و، مەودای گەڕان و پشکنینی هەندێک فراوان بکات بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە.

دیاریکردنی سەرچاوەیش نابێ هەڕەمەکیی و بێ بەرنامە و شپرزە بێت و، دەبێ ئەکادیمییانە بێت و، خوێنەر چەواشە نەکرێت.

لێرەدا برۆکلمان بەنموونە دێنینەوە، ئەو نووسەرە کە سەرچاوە بۆ نووسینەوەی کتێبەکەی (تأریخ الادب العربي) دەستنیشان دەکات چی دەنووسێ؟ برۆکلمان هەر دوای پێشەکییەکی زۆر کورت دەربارەی مێژووی ئەدەبی عەرەبیی ناوی ١٦٨ (فهرست) و (ببلیۆگرافیا)ی کتێبخانەی دەستخەتی گشتیی و تایبەتیی و گەورە و بچووکی وڵاتانی عەرەبیی و، ئیسلامیی و، ئەوروپیی و، جیهانیی دەنووسێت و، خوێنەر گومانی بۆ ئەوە دەچێت ئەو پیاوە زانا هیچی نەبواردبێتو، سەرچاوە نییە لە دەستی دەرچووبێت و، چاوی پێی نەکەوتبێت.

ئەو ژمارە سەرچاوەیش کە ناونووسی کردوون ساڵ و شوێنی چاپ و، ژمارەی چاپ و،

ناوی دانەری و چی پێویست بێ بۆی هیچی نەپەڕاندووە[٣].

کە لەم چاوەوە سەر لە کارەکەی د. مارف دەدەین و، لە تەک ئەم کارە ئەکادیمییەدا بەراوردی دەکەین چی دەبینین و چیمان دەست دەکەوێت؟

د. مارف سەرباسێکی نەنووسیوە بەناوی سەرچاوە بۆ کارەکەی، بەڵام لە لاپەڕە ٧٠ی بەرگی یەکەمدا سەرباسێکی بەناوی دەسنووس نووسیوە، باسی دەسنووسی چەند جێگەیەکی کردووە، بێ ئەوەی ناوی کتێب و، دانەر و، چاپخانە و، ساڵی چاپ و، شتی وا بهێنێت.

کەمێک وەستان لە عاستی ئەم خاڵەدا - کە خاڵێکی سەرەکییە لەم جۆرە کارگەلەدا - دەبێ بەنموونە بۆ گەلێک لە بەشەکانی دیکەی کتێبەکە و، سەرکەوتوویی یا ناسەرکەوتوویی د. مارف تیایدا دەشێ بکرێ بەسەنگێک بۆ کێشانەکردنی بەشەکانی دیش پێی.

د. مارف سەرباسێکی داناوە بەناونیشانی (جێگەی دەسنووس لە وڵاتدا) دیارە - وەک دواتر دەردەکەوێ - مەبەستی لە وڵات عێراقە بەگشتیی.

لەژێر ئەو سەرباسەدا دەڵێ: «تا ئەم دواییییە چارەنووسی دەسنووس و نموونە و پاشماوەی مەتریالی ئەرکیۆلۆجی بەرەڵا بوو، دەوڵەت دەستی بەسەردا نەگرتبوو...» نازانم مەبەستی لە (لەم دواییییە) کەی و چ ساڵێکە؟ دیارە ئەمە قسەیەکی نازانستییانەیە و سەرو خوار هەڵدەگرێت، بەلای کەمییەوە ٣٠ ساڵ لەمەو پێش دەوڵەتی عێراق کەوتە کۆکردنەوەی دەسنووس و بەشی زۆری ماڵە زانیارییەکان و تایبەتییەکانی گسک داو، هەمووی لە بەغدا خڕ کردەوە.

دواتر د. مارف دەڵێ: «بەم جۆرە و بەرێکەوت هەندێ دەسنووسی کوردی کەوتە نامەخانەی دەسگا خوێندەوارییەکانی وڵات...» ئەمەیش دووبارە قسەیەکە لەوەی پێشوو نازانستییانەتر. ئەو هەندە دەسنووسە کە بەرێکەوت کەوتوونەتە دەسگا خوێندەوارییەکان چەندن؟ شوێنیان کوێیە؟ بابەتەکان چین؟ کەی نووسراونەتەوە؟ ئەگەر دوکتۆر ئاگای لێیانە و دەزانێ هەن دەبوو سەردانی بکردایەن و، بیبینیایەنو، سوودی لێ وەربگرتایەن و، خوێنەری کوردیشی بۆ لایان ڕێنومایی بکردایە. دووبارە نایشزانم مەبەستی لە (دەسگا خوێندەوارییەکان) چییە؟

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.





دواتر کە دەڵێ: «بەڵام تا ئێستا بەشێکی تایبەت بۆ دەسنووسی کوردی لەم دەسگایانەدا نییە» ... دەڵێ: «ڕەنگە هۆی ئەوە کەمی ژمارەی ئەو دەسنووسانە بێ» لێرەیشدا دەبێ بڵێین: دوکتۆر بێ ئەوەی پشت بە هیچ ئامار و بەڵگەیەک ببەستێ لە خۆیەوە قسە ئەکات، چونکە ئەگەر نەزانێ ئەو دەسنووسانە چەندن و شوێنیان کوێیە و باسی چی دەکەن چووزانێ ژمارەیان کەمە؟ من بۆم هەیە - وەک هەموو خوێنەرێک بۆی هەیە - بڵێم: ڕەنگە زۆر بن و شتی نایابیشیان زۆر تێدابێت!

هەر لەم تاومۆدا دوکتۆر قسەگەلێکی دیکەی پشت نەبەستوو بەهیچ بنەمایەک دەکات و دەنووسێ: «بەم جۆرە دەبینین دەسنووسی کوردیی لە نامەخانەی هەموو دەسگا زانستییە بەرزەکانی وڵاتدا هەیە... »

دوکتۆر کە دەنووسێ (بەم جۆرە) نازانم چ جۆرێکی مەبەستە؟ بۆ ئەو بەکەم - نەک بەزۆر - ناوی هیچ دەسگایەکی بردووە؟ هیچ ژمارە و ئامارێکی دیاریی کردووە؟ ئەو چەند دێرێک پێش ئەمە گلەیی لە ( کەمی ژمارەی ئەو دەسنووسانە ) بوو، ئێستە کوێڕا وایان لێ هات ( لە نامەخانەی - هەموو! - دەسگا زانستییە بەرزەکانی وڵاتدا ) هەبن؟!

دوای ئەمە د. مارف دەنووسێ: «لەبەر ئەوەی تا ئێستا کاتالۆجی دەسنووسی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەوەی وڵات بڵاونەکراوەتەوە، ئێمە ناتوانین جۆر و بابەتی ئەو دەسنووسانە دیاری بکەین... »

لێرەدا لە دوکتۆر دەپرسین: ئایا هیچ زەحمەتی بەر خۆی دا و کەمێک خۆی ماندوو کرد تا بزانین دەسگا زانستییە بەرزەکان چەند دەسنووسی کوردییان تێدایە، تا نموونەیان بخاتە ناو باسەکەی؟ من ئەوەندە بەدوکتۆر دەڵێم: لە ساڵی ١٩٩٠ و پێش ئەو ساڵەیشەوە دەیان دەستخەتی کوردیی نەوازەم بەجیهانی دەستخەتی کوردیی ناساندووە و، بەدرێژیی باسم کردوون و، وێنەم لێ پێشان داون.. ئایا بۆ ئەوانە چی کردووە؟ ئەوانە دەستخەتی کوردی نین؟ ئەوانە سەرچاوەی ڕەسەنی مێژووی ئەدەبی کوردیی نین؟ ئایا پێویست نەبوو لەسەر شانی دوکتۆر کە ئەو بەقسەی خۆی گەورەترین کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی دەنووسێتەوە شوێن ئەو باسانەی من بکەوتایەت و ئەگەر ڕاست بوایەن سوودی لێ وەربگرتایەن و، ئەگەر وایش نەبن ڕووی ڕاستیی باسەکەی بخستایەتە ڕوو، تا ئێستە بەرپرسیار نەبوایەت؟

هەر لە ڕزی ئەو قسانەدا کە پشتیان بەهیچ بنەمایەکی ئەکادیمیی و زانستیی نەبەستووە دوکتۆر دەنووسێ: «بەڵام دەتوانین ناوی ئەو دەسگا زانستییانە ببەین کە دەسنووسی

کوردییان تێدا پارێزراوە لە ناوەوەی وڵات.. » ل: ٧٤.

لێرەیشدا ئەوپرسیارە مل قوت دەکاتەوە: دوکتۆر چووزانێ ئەو دەسگا زانستییانە دەسنووسی کوردییان تێدایە؟ خۆ خۆی کەمێک لەمەو پێش نووسی: «لەبەر ئەوەی تا ئێستا کاتالۆجی دەسنووسی کوردی بەشێوەیێکی گشتی لە ناوەوەی وڵات بڵاونەکراوەتەوە» کە دەسگاکان کاتالۆجی کوردییان نییە و دوکتۆریش یەکە یەکە پیایاندا نەگەڕاوە و نەیپشکنیون چووزانێ دەستخەتی کوردییان تێدایە؟ دووبارە ئەگەر ئاوا لێی ڕوونە دەستخەتی کوردییان تێدایە بۆ سوودی لێ وەرنەگرتوون؟

دوای ئەمە دوکتۆر دەکەوێتە ناونووسکردنی ئەو دەسگا زانستییانەی کە بەقسەی ئەو دەسنووسی کوردییان تێدایە. پێش ئەوەی ناوەکان وەک دوکتۆر نووسیونی بنووسین لە دوکتۆر دەپرسین: ئەو شوێنانە یان کتێبخانە یان مۆزەخانەن ئەو بۆ پێیان دەڵێت (دەسگای زانستی)؟ ئەم ناوەی لە کوێوە بۆ هێنان؟

**ناوی شوێنەکان:**

«١- نامەخانەی ئەوقاف لە بەغدا

٢- مۆزەی بەغدا.

٣- مەجمەعی عیلمی عیراقی (ئەکادیمیەی زانستی عیراقی) لە بەغدا.

٤- نامەخانەی دیراساتی بەرزی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا.

٥- نامەخانەی زانستگای سلێمانی.

٦- مۆزەی سلێمانی.»

ل: ٧٤

لێرەیشدا ناچارین لە عاستی یەکە یەکەی ئەم شوێنانەدا بووەستین و، بە بەڵگەوە ئەوە دەربخەین کە دوکتۆر لە خۆیەوە قسە دەکات و، ئاگای لە مەحموودی بێ زەواڵ نییە و، نووسراوەکانی هیچ بایەخێکی زانستییان نییە.

یەکەم شوێن ناوەکەی هەڵەیە و، ناوی تەواوی شوێنەکە ئاوایە:

«کتێبخانەی ئەوقافی گشتیی لە بەغداد»

ئەم کتێبخانەیە لە لایەن (د. عبدالله الجبوری)یەوە فیهرەستی بۆ کراوە و، فیهرەستەکەی چوار بەرگ و پاشکۆیەکە. چوار بەرگەکە بۆ دەستخەتە عەرەبییەکانن و، پاشکۆکەیش بۆ کتێبە دەستخەتە غەیرە عەرەبییەکانە ئەمەیش تورکی و فارسیی و





کوردیی دەگرێتەوە، ئەمەیش ساڵ و شوێنی چاپیان:

١- فهرس المخطوطات العربية في مكتبة الاوقاف العامة في بغداد، الجزء الاول، عبدالله الجبوري، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٧٣. (٨٠٠ لاپەڕەیە)

٢- بەرگی دووهەم، هەر لە بەغداد و لە هەمان چاپخانە ساڵی ١٩٧٤ چاپ کراوە. (٦٥٦ لاپەڕە)

٣- بەرگی سێهەمیش بەهەمان شێوە و هەر لە ساڵی ١٩٧٤دا چاپ کراوە (٥٠٠ لاپەڕە)

٤- هەروەها بەرگی چوارەمیش. (٦٠٦ لاپەڕە).

٥- پاشکۆکەیش ٥٥ لاپەڕە بەئالەتی طابعة چاپ کراوە. ڕێکخەرەکەی کە د. عەبدوڵلایە زمانەکانی دی نەزانیوە تێکەڵاویی لە نێوانی تورکی و فارسی و کوردیدا کردووە و، ناونیشانەکەی ئاوا داناوە:

(فهرس المخطوطات التركية المحفوظة في مكتبة الاوقاف العامه) ئەمیش ساڵی ١٩٧٢ چاپ کراوە.

«٢- مۆزەی بەغدا.»

ئەم ناونیشانەیش نیشانەیەکی دیکەی بێ ئاگاییی د. مارفە لە دەنگوباسی کتێبخانەکان.

ئەوەی کە پێی دەگوترا مۆزە یان مۆزەخانە ساڵانێکی زوو واتە دوای ئەوەی صەدام کاروباری وڵاتی گرتە دەست بەشی دەستخەتەکانی لە مۆزەخانەی عێراقیی جیاکردەوە و ناوی نا (دار صدام للمخطوطات)و بەم ناوەوە مایەوە تا ڕژێمی صەدام ڕووخا.

ئەم کتێبخانەیە پتر لە (٤٥٠٠٠) چل و پێنج هەزار بەرگ دەستخەتی تێدایە، بەڵام پتر لە (٢٠٠٠٠٠) دووصەد هەزار کتێب و ناونیشان دەبن. من پتر لە ١٠ ساڵ لەو شوێنەدا خۆبەختکەرانە کارم کردووە و، (اندکس)ی تایبەتیم بۆ دەستخەتی کوردیی تێدا دامەزراندووە و، پتر لە (٢٠٠) دووصەد دەستخەتی کوردیم تێدا دۆزیوەتەوە، بەشێکیان بەنایابترین دەستخەتی بابەتی خۆیان دادەنرێن و، وێنەیان لە جیهاندا نییە[٤].

هەروەها فیهرەست بۆ بەشە عەرەبییەکەیشی لە چەند بەرگدا کراوە بەم شێوە:

(٤) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی (ومیض) ١٤١٩ک - ١٩٩٨ز، ل: ١١٢.

١- المخطوطات اللغوية في مكتبة المتحف العراقي، اسامة ناصر النقشبندي - دار الجمهورية بغداد، ١٣٨٩هـ - ١٩٦٩).

٢- مخطوطات الحساب والهندسة والجبر في مكتبة المتحف العراقي، اسامة ناصر النقشبندي، ظمياء محمد عباس. دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

٣- مخطوطات الفلك والتنجيم في مكتبة المتحف العراقي، اسامة ناصر النقشبندي، ظمياء محمد عباس، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٢.

٤- مخطوطات التأريخ والتراجم والسير، اسامة ناصر النقشبندي، ظمياء محمد عباس، دار الحرية للطباعة - بغداد، ١٩٨٢.

٥- مخطوطات الادب في المتحف العراقي، اسامة النقشبندي، ظمياء عباس، الكويت، ١٤٠٦هـ - ١٩٨٥م. (منشورات معهد المخطوطات العربية).

٦- مخطوطات الحديث النبوي الشريف وعلومه في دار صدام للمخطوطات، اسامة ناصر النقشبندي، ظمياء عباس، دائرة الآثار والتراث، بغداد، ١٩٨٨.

ئەم کتێبخانە گەورەترین مەڵبەندی دەستخەتە لە هەموو عێراقدا و، پتر لە (٢٠) ساڵە لە مۆزەخانەی عێراق جیاکراوەتەوە و، دەسگایەکی کلتووریی سەربەخۆیە.

«٣- مەجمەعی عیلمی عیراقی (ئەکادیمیەی زانستی عیراقی) لە بەغدا..»

ئەم ناونیشانەیش بەم شێوە دروست نییە و، کۆڕی زانیاریی کورد و، دواتر دەستەی کورد لە کۆڕی زانیاریی عێراق مەڵبەندێکی کەم وێنەی کەلەپووری کوردیی بوو، کۆمەڵێکی کەم وێنەی دەستخەتی کوردیی تێدا بوو، تا ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوەیش دەستخەتەکانی پارێزرابوون و، بیرەوەرییەکی تاڵم لە تەکیاندا هەیە و، وتارێکم لەسەر نووسیون بەناونیشانی:

«شێوەنێک بۆ کۆڕی زانیاریی کورد» بەتەما بووم لە سیمینارێکدا لە کۆڕی زانیاریی کوردستان بیخوێنمەوە، بەڵام جارێ دواخراوە.

پاشماوەی دەستخەتەکانی کۆڕی زانیاریی کورد پتر لە (٦٣٠) دەستخەتە، بەئەمانەت لە (د.ع) پارێزراون. نایابترین دەستخەتی کوردییان تێدایە، یەکێک لەو دەستخەتانە کۆنترین و باشترین دەقی (مەم و زین)ی (خانی)یە تا ئێستە هەواڵی زانرابێت[٥].

«٤- نامە خانەی دیراساتی بەرزی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا.»

(٥) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٥ ل: ٢٦٤





لێرەیشدا د. مارف پشتی بەزانیاریی کۆنی خۆی بەستووە و، ئاگای لە گۆڕانکاریی دنیای ڕۆشنبیریی - بەتایبەتی کەلەپووریی - نییە.

دەستخەتەکانی ئەم کتێبخانەیش ساڵی ١٩٩٤ گوێزراونەتەوە بۆ (دار صدام للمخطوطات)و، لەو کاتەوە لەوێ پارێزراون و، ژمارەیان (١٣٩٦) دەستخەتە و، نایابترین دەستخەتی کوردیی و، یەکێک لە هەرە نایابەکانی سەرچاوەی مێژووی ئەدەبی کوردیی تێدایە[٦].

«٥- نامەخانەی زانستگای سلێمانیی»

ئەمەیش بەڵگەیەکی دیکەی بێ ئاگایی د. مارف خەزنەدارە لە جیهانی کەلەپوور؛ چونکە کاتێک زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە بۆ هەولێر، دەستخەتەکانیش گوێزرانەوە بۆ ئەوێ، پێش گواستنەوەی ئەم دەستخەتانە بۆ هەولێر و لە سەرەتای دروستبوونی زانکۆی سلێمانیدا، لەسەر داوای زانکۆ (اسامة ناصر النقشبندي)یان لە بەغداوە بەئیفاد بۆ ماوەیەک هێنا بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی (فهرست) بۆ ئەو دەستخەتانە بکات. ئەویش ئەو کارەی ئەنجام دا و ناوی نا:

« مخطوطات الامانة العامة للمكتبة المركزية - جامعة السليمانية »

ساڵی ١٩٨٠ لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانیی چاپ کرا. دوای دەرچوونی ئەم (فهرست)ە، من خوێندمەوە و دیم کۆمەڵێک کەموکووریی تێدایە، لە وتارێکدا کەموکوورییەکانیم دەسنیشان کرد[٧]. دوا بەدوای وتارەکەی من کارەکەی (اسامة ناصر النقشبندي) پووچەڵ کرایەوە و، تەکلیف لە مامۆستایان: (د. محمد فاضل محمد عزيز قفطان، عبدالقادر رسول البحركي، عبداللطيف عبدالله البرزنجي) کرا سەر لەنوێ فیهرەستیان بۆ ئەو دەستخەتانە کردەوە و، لەژێر ناونیشانی (مخطوطات المكتبة المركزية بجامعة صلاح الدين) ساڵی ١٩٨٧م - ١٤٠٧هـ لە چاپخانەی (جامعة صلاح الدين) چاپکرا.

دوای ئەوە ناوی (مۆزەی سلێمانی) دێنێت بێ ئەوەی هیچ زانیاریی و ئامارێک

(٦) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٤ ل:١٨٣.
برای خۆشەویستم مامۆستا - ژین نەقشبەندیی پێی وتم: لە ١٩٩٤/١١/٩دا ئەو دەستخەتانە گوێزراونەتەوە.

(٧) بڕوانە: محمد علی القرەداغی، ملاحظات حول كتاب مخطوطات الامانة العامة للمكتبة المركزية، جامعة السليمانية، جريدة العراق، العدد: ١٣٤٥، ١٩٨٠/٧/٢٤.

دەربارەی بنووسێت و، بەخوێنەر بڵێت چ جۆرە دەسنووسێکی تێدایە.

پاش ئەمە د. مارف کۆمەڵێک بەرهەم و ڕەنجی مامۆستایانی کورد لە سەرچاوە دەرئەهاوێژێ و دەنووسێ: « ... جگە لەوەش تا ئێستا دەسنووسی کوردی لە دەسنووسی موسوڵمانی جیانەکراوەتەوە، واتە هەموو دەسنووسێکی لە کوردستان نووسرابێتەوە، یا خاوەنەکەی کورد بێ، یا لەلایەن کوردێکەوە ڕوونووس کرابێ، بەتایبەتی ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییانەی خاوەنیان نییە، بەکوردی دانراوە، ئەمەیان ڕاست نییە... »

وا بزانم دوکتۆر لێرەدا باسی قسەیەکی من دەکات بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوە بکات، یان ناوی من بەرێت[٨]. من بە بەڵگەی دروست و حاشا هەڵنەگر ئەوەم سەلماندووە کە باشترین سەرچاوەی مێژووی زانایان و ناودارانی گەلی کورد و، بنکەی ڕۆشنبیریی و، حوجرە و مەدرەسەکانی و، زانینی مێژووی شاعیران و ئەدیبانی... ئەو دەستخەتانەیە کە فەقێ و مامۆستایانی کورد - بەهەر زمانێ بێ - نووسیویاننەوە و، سەردانێکی بەرگەکانی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ... هیچ گومانێک لەمەدا ناهێڵێتەوە. ئەوا گریمان دەستخەتە عەرەبییەکان بەسەرچاوەی ئەدەبی دانانرێن، ئەی فۆلکلۆری کوردیی کە بەکوردیی نووسرابێتەوە، بە چ حەقێک لە سەرچاوەی ئەدەبی کوردی دەرباوێژرێت؟

د. مارف دوای ئەمانە دەچێتە سەر باسی (جێگەی دەسنووس لە دەرەوەی وڵات) بێ ئەوەی چەندین جێگەی دیار و ناسراوی دیکە باس بکات، با بەناوهێنانێکی سارد و سڕ و هاوڕێی هەڵە و پەڵەیش بێت!

لێرەدا چەند نموونەیەک لەو شوێنانەی ناو وڵاتی بۆ دێنینەوە کە سەدان دەستخەتی مەلای کوردیان بەعەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی تێدایە و، زۆریان لێوانلێون لە زانیاریی نایاب و نەزانراو و نەبیستراو دەربارەی مێژووی کورد و ئەدەبی کوردیی:

١- کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانیی.

ئەم کتێبخانە هەزاران دەستخەتی تێدایە و، بەزۆریی دەستخەتەکان ناسێنراون و، (محمود احمد محمد) فیهرەستێکی پێنج بەرگیی بۆ کردوون و، هەموو بەرگەکانی لە دەستدان و، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٩٠ لە چاپخانەی (بغداد) چاپ کراون.

٢- دەستخەتەکانی کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کە پتر لە (٦٠٠) دەستخەتن و، مامۆستای خاڵ لە سێ ژمارەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردا

(٨) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی یەکەم. ل: ١٠٩





یەکە - یەکە باسی کردوون و، چەند دەستخەتی کوردییان تێدایە[٩].

٣- کتێبخانەی ئەوقافی موصڵ، هەزاران دەستخەتی تێدایە و، (سالم عبدالرزاق) فیهرەستی لە نۆ بەرگدا بۆ کردووە و، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠، ١٩٨٢و دوای ئەو ساڵانەدا لە چاپخانەی (جامعة الموصل) چاپ کراون.

٤- کتێبخانەی ئەوقافی قادرییە لە بەغدا. ئەمیش هەزاران دەستخەتی نایابی تێدایە و، سەرچاوە گەلێکی پڕ بایەخی مێژووی ئەدەبی کوردییان تێدایە.

(د. عماد عبدالسلام رؤف) فهرستی بۆ کردوون و، لە نێوانی ساڵانی ١٩٧٤ - ١٩٨٠دا لە چاپخانەکانی: (الارشاد، المعارف، دار الرسالة) چاپ کراون، پێنج بەرگن.

ئەمانە ناوی بەشێکن لە کتێبخانە گەورە و دیارەکانی ناو وڵات کە د. مارف یان ئاگای لێیان نییە یان بواردوونی، ئەمە جگە لە چەندین کتێبخانەی دی کە لە عێراقدان و، فیهرەستیان بۆ کراوە و، یان سەربەخۆ یان لە گۆڤارە دیار و ئەکادیمییەکانی وڵات و دەرەوەی وڵاتدا بڵاوکراونەتەوە، هەر بۆ نموونە ناوی چەند دانەیەکیش لەوانە دێنم. دەستخەتەکانی کتێبخانەی (جمعية التربية الاسلامية) لە بەغدا. دەستخەتەکانی کتێبخانەی (الخلانی) لە بەغدا. دەستخەتەکانی (الحوزة العلمية)ی نەجەف، کتێبخانەی (سامی باش أعيان) لە بەصرە ... چەندین کتێبخانەی دیش کە هەریەکەیان لە بارێکەوە، یا لە چەند بارێکەوە، پێوەندییان بەمێژووی ئەدەبی کوردییەوە هەیە.

د. مارف کە دێتە سەر باسی دەستخەتەکانی دەرەوەی وڵاتیش لەوانەی ناو وڵات باشتر و وردتر باسیان ناکات و، باسەکانی نازانستییانە و نا ئەکادیمییانەن.

یەک دوو نموونەیش لەم لایەنە وەردەگرم:

کە باسی دەسنووسەکانی (شاری سانت پیترسبورگ لە ڕووسیا ل: ٧٤) دەکات ناوی دوو نامەخانە دەبات کە کاریان بۆ کراوە و وەسفی دەستخەتەکانیان کراوە، بەڵام نەناوی ئەو کارانە دەبات نە ناونیشانیان دەنووسێ، نە ناوی ئەو گۆڤار و کتێبانە دەبات کە وەسفەکانیان تێداکراوە، دیارە ئەمەیش لە قاڵبی قسەی ڕووت دەرناچێت.

لە خاڵی دووەمی باسی کتێبخانەکانی دەرەوەی وڵاتدا دەنووسێ:

(دەسنووسی کوردی لە نامەخانەی گشتی ل: ٧٥)

(٩) بڕوانە: مجلة المجمع العلمي الكردي الاعداد: الاول، ١٩٧٣، المجلد الثاني العدد الثاني، ١٩٧٤، المجلد الثالث، العدد الاول ١٩٧٥.

دوکتۆر لێرەدا ناڵێ کام نامەخانەی گشتی، دوایی دەردەکەوێ مەبەستی (نامەخانەی گشتیی سانت پیترسبورگ)ەو دەستخەتەکانی ئەو نامەخانە لە ڕێگەی ئەلیکساندەر ژاباوە کۆکراونەتەوە و بەدەست هێنراون، کاتێ ئەم زانا قونسولی ڕووسی بووە لە ئەرزەڕۆم لە دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٨٥٦.

د. مارف لەم سەرباسە بەدواوە ناوی چەند دەسنووسی کوردیی بردووە، بەڵام لێرەیشدا بەشێوەیەکی زانستییانە نییە و، ژمارەی یەک دەستخەتیشی لەو دەستخەتانە - کە بێگومان هەموویان لە نامەخانەکەدا بەژمارەی تایبەت سپێرراون - دیاریی نەکردووە.

سەیر ئەوەیە لەم باسەدا لە لاپەڕە ٧٨دا یەک پەراوێزی هەتیو - کە لە سەرانسەری کتێبەکەی دوکتۆردا دانسقەیە - پەڕیوەتە ناوەڕاستی ئەم لاپەڕە.

(دەسنووسی کوردی لە ئەڵمانیا ل: ٧٩)

لە ژێر ئەم ناونیشانەدا د. مارف ناوی چەند پرۆفیسۆری ئەڵمانی دێنێ کە بەکوردستاندا گەڕاون و، چەندین دەستخەتی کوردییان کۆکردووەتەوە و، بردوویانەتەوە بۆ ئەڵمانیا و، لە نامەخانەکانی بەرلین و ماربورگ پارێزراون. دواتر باسی ئەوە دەکات کە:

« دوکتۆر کەمال فوئاد لە کاتی خۆیدا ساڵی ١٩٧٠ کارێکی بەجێی کرد بەوەی وەسفێکی ئەم دەسنووسانەی بەشێوەیەکی زانستییانە بلاوکردەوە ... »

لێرەیشدا دەڵێم: د. مارف کە باسی یەکە یەکەی ئەو دەسنووسانەی نەنووسیوە، هیچ نەبێ دەبوو ناوی کتێبەکەی د. کەمال فوئاد و شار و، چاپخانە و، ساڵی چاپ و، ئەو شتانەی بنووسیایەت و، ئەوەی ڕوون بکردایەتەوە کە ئەو کتێبە نامەی دوکتۆرایە یان نا[١٠].

لە ژێر سەرباسی (دەسنووسی کوردی لە لەندەن ل: ٨١)دا

بێ ئەوەی باسی ژمارەی دەستخەت و قەوارە و ژمارەی لاپەڕە و شوێنیان بکا، بێ ئەوەی ناوی ئەو مەکتەبانە بەرێت کە ئەو دەستخەتانەیان تێدا پارێزراوە، دوو بابەت دێنێتەوە:

١- چیرۆکی شیعری کە بەشێوەی مەسنەوی دانراوە.

٢- شیعری گۆرانی دە کەرتی:

(١٠) ئەم کتێبەی د. کەمال گەنجینەیەکی پڕ بایەخی ئەو کتێبخانەیە کە دەیان سەرچاوەی نایابی ئەدەبی کوردیی تێدایە، خۆزگە کارێکی وا دەکرا ئەو دەستخەتانە وێنە دەگیران و دەهێنرانەوە بۆ کوردستان.





لە ژێر خاڵی دووەمدا دەڵێ:

« ئەم دەسنووسانە بریتین لە کۆمەڵە شیعرێک بەشێوەی گۆرانیی زمانی کوردی هی کۆمەڵە شاعیرێکی پێش ساڵی ١٧٨٨ن کە دەسنووسەکان تێیدا نووسراون... » ل: ٨٢

دوای ئەمە ناوی کۆمەڵێک شاعیری نووسیوە، بەپێی ئەو ناوانەی د. مارف نووسیونی (ئەم دەسنووسانە) نییە و، یەک دەسنووسە و، ئەو دەسنووسە بریتییە لە کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمینی مەردۆخیی کە مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی ساغی کردووەتەوە و بلاوی کردووەتەوە[١١].

د. مارف بەو ئەندازەیش لە سەرچاوەکانی دەرەوەی وڵات دەبێتەوە.

بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێک نابێ بەباسی سەرچاوەی شوێنەواری زانایانی کورد لە دەرەوەی وڵات و، من چەند جار ئەوەم نووسیوە بەبۆنەی ئەوەوە کە سەرچاوەی کوردی لە کتێبخانەکانی جیهاندا دیاریی نەکراوە، دەکرێ گومانمان بۆ ئەوە بچێت لە هەموو کتێبخانەیەک لە کتێبخانە جیهانییەکاندا سەرچاوەی کوردی هەیە[١٢]. لەم بارەوە برای خۆشەویستم مامۆستا حەسەن پێنجوێنیی لە نامەیەکدا ناو و ژمارەی ١١ دانراوی مامۆستا مەلا ئیبراهیمی شارانیی بۆ ناردم کە لە کتێبخانەی (دبلن) لە (استرالیا) پارێزراون!

بەم ئەندازە دەست لە باسی سوود وەرگرتنی د. مارف لە سەرچاوە هەڵدەگرم و، خوێنەری ئازیز و ژێر خۆی دەتوانێ بەکەمێک لێوردبوونەوە بزانێت کە دوکتۆر نەیتوانیوە، وەک کارەکەی لێی دەخوازێت، سوود لە سەرچاوەی پێویست وەربگرێ، وەک نەیتوانیوە لەو ئەندازەیشدا باسی کردووە وەک مامۆستایەکی ئەکادیمیی ڕەفتار لەتەک سەرچاوەدا بکات و، وەک ڕێبازی زانستیی داوای لێ دەکات وەها سوود لە سەرچاوە وەربگرێت.

(١١) بڕوانە: ئەنوەری سوڵتانی، کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی، گردەکۆیی شێخ عبدالمؤمنی مەردۆخی (١٧٩٧ - ١٧٣٩(!). ساغکردنەوە و سەرەتا نووسینی ئەنوەری سوڵتانی. تراستی سۆن بۆ کوردستان لەندەن، ١٩٩٨. ئەم کتێبە بەپێداچوونەوەی نووسەری ئەم وتارە ئێستە لە (بنکەی ژین) لە سلێمانیی چاپی دووەم دەکرێت.

(١٢) بڕوانە: محمد علي القرەداغی، العنوان المفقود او المولود المرتقب، مجلة التراث العلمي العربي، العـــــدد: ٣، ١٤٢٢ھ ٢٠٠١م بغـــــداد. هەروەها بڕوانە: لاپەڕە (١٩٥)ی بەرگی چوارەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد.

## ڕێبازی د. مارف لە نووسینی مێژوودا:

مێژوو - بەمێژووی ئەدەبیشەوە - زانستێکی فراوان و بەرینی جیهانییە و، گەورە زانایانی جیهان لە زۆر کۆنەوە بایەخیان بەمێژوو داوە و، هەزاران بەرگ کتێب لەم زانستەدا بەزمانە جیا جیاکانی جیهان نووسراون و، ڕەنگە لە هەر کتێبخانەیەکی جیهاندا بەشی مێژوو - سەرجەمی مێژوو - لە هەموو بەشەکانی دی زانست بەژمارەیش و قەوارەیش پانتایی و جێگەی زیاتر گرتبێت.

دیارە زانستێکی ئاوەها ئەوە نییە هەر کەس لە خۆیەوە و بۆ خۆی و، بێ پەیڕەویی یاسا و ڕێبازێک، چۆن بیەوێ و چی بوێ بنووسێت، بەڵکو بۆ ئەم زانستەیش ڕێبازی ورد دانراوە و، دەبێ مێژوونووس - بۆ ئەوەی کارەکەی جێگەی بایەخ بێت - زۆر بەوردیی پەیڕەویی ئەو ڕێباز و یاسایانە بکات کە دەبێ مێژوونووسی سەرکەوتوو لە سەریان بڕوات.

ئێمە لێرەدا ناتوانین جێگەی ئەو یاسا و ڕێبازانە لە وتارێکی کورتدا بکەینەوە، بەڵام دەتوانین بەکورتیی ئاماژە بۆ یەک دوو خاڵ بکەین و، بەو پێودانەیش کتێبەکەی د. مارفیان پێ بکێشین.

## دەبێ مێژوونووس چۆن بێت؟

لەو ڕەوشتانەی ئەگەر لە مێژوونووسدا نەیەنە جێ بایەخ بەنووسینەکانی نادرێت و، ناچێتە خانەی مێژوو نووسانەوە ئەوەیە: کە ئەمین و دەستپاک و ئازا و دڵسۆز بێت. درۆ نەکات، شت هەڵنەبەستێت، ڕوپامایی بۆ دەستەڵاتداران و میران و خاوەن شکۆیان نەکات، ڕووداو نەشارێتەوە، ویژدانی زیندووی خۆی چاودێری نووسینەکانی بێت...

هەروەها مێژوونووس دەبێت: بێ لایەن بێت و، تا بۆی دەکرێت خۆی ئازاد بکات لەوەی ئارەزووی لایەکی هەبێت، یان چەرخ و سەردەمێکی خۆش بوێت...

چونکە مێژوونووس وەک دادوەر وایە چەندە بتوانێ خۆی لە هەوا و ئارەزوو و لایەنگریی دوور بخاتەوە، ئەوەندە حوکم و بڕیارەکەی لە ڕاستییەوە نزیک دەبێت(١٣)...

لێرەدا وەک دەڵێن: کورد بدوێنە شەرحی حاڵی خۆی دەکات. من لە دەم و قەڵەمی د.

(١٣) بۆ زیاتر شارەزابوون لە مەرجەکانی مێژوونووسی سەرکەوتوو بڕوانە: الدكتور حسن عثمان، منهج البحث التأريخي، الطبعة الثالثة، دار المعارف بمصر. ١٩٧٠، ص: ١٨ و ١٩...





مارف خۆیەوە کارەکەی دەدەم لە سەنگ و ترازووی ئەم مەرجانە:

١- «هەر کەسێکی مێژووی ئەدەبی نەتەوەییێکی دیاریکراو بنووسێتەوە، ناوەرۆکی کتێبەکە ڕەنگدانەوەی بیر و باوەڕ و بۆچوون و فیکری خاوەنەکەی دەبێ. زیاد لەسەر ئەوەی ئەو ڕێباز و شێوازەی لێرەدا بەکارم هێناوە تایبەتییە بەخۆم و پێویستە هەرواش بێ...»

ل: ٥ بەرگی دووەم.

«٢- خاوەنی ئەم کتێبە هەوڵی داوە بەزۆری خۆی قسە بکا، قسەکەش تەنیا پێوەندی بەنموونە ئەدەبییەکانەوە هەیە، لە ئەنجامدا ئەم کتێبە دەبێتە سەرچاوەی زانیارییێکی قوتابخانەیی بیروباوەڕی خاوەنەکەی ڕەنگی تێدا دەداتەوە...»

هەمان لاپەڕەی پێشوو.

ئەم دوو قسەی د. مارف بەسن بۆ ئەوەی کە بزانین دوکتۆر پابەند نییە بەهیچ یاساو ڕێبازێکی مێژوونووسانی جیهانەوە و، لەبەر ئەمەیش دەتوانم بێ سێ و دوو بڵێم: تای ترازووی کارەکەی د. مارف زۆر لارەسەنگە و، هیچ قەپانێکی مێژوو نایخوێنێتەوە.

هەر لەم لاپەڕەدا دوو دێڕی دیکە لە قسەکانی د. مارف دەخەمە بەرچاوی خوێنەری ئازیز تا زیاتر پابەندنەبوونی دوکتۆر بەڕێبازی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبەوە دەربکەوێت:

«... جگە لەمە بەزۆریی تەواوی شیعرەکە بڵاوکراوەتەوە، چونکە مەبەس لەم کتێبەدا ئەوەیە تا پلەییێک ببێتە ئەلبوومی هەڵبژاردە یا گوڵبژێری شیعری کوردی لە هەموو قۆناغەکانی ئەدەبدا، بێگومان مێژووی ئەدەب ئەم جۆرە بەرنامەیەی گەرەکە...» ٢/٥.

د. مارف کە لێرەدا مێژووی ئەدەب و بەرنامەی مێژووی ئەدەب دێنێتە ناوەوە چ بەرنامەیەکی مەبەستە؟ بێگومان ئێمە لەسەرووی هەموو ڕێبازێکی مێژووی ئەدەبی جیهانەوە نین، هەروەها لە مێژووی ئەدەبی جیهانیش دانەبڕاوین، دەبا سەرنجێکی کاری گەورە مێژوونووسی ئەدەبی دنیا بدەین بزانین ئەو چۆنی کردووە؟

بڕوا ناکەم د. مارف لاریی لەوە هەبێت کە (بروکلمان) پێشکەوتووترین کەسە - ئەگەر بەدرێژایی مێژووی نووسینی مێژووی ئەدەب نەبێ - کە ماوەیەکی زۆر لە پلەی یەکەمدا بووە بۆ نووسینی مێژووی ئەدەب. ئەم زانا لە کتێبە گەورە جیهانیەکەیدا (تأريخ الادب العربي) لە سەرتاسەری بەرگێکیدا کە ناوی دەیان کەڵە شاعیری وەک: «بشار بن برد،

صالح بن عبدالقدوس الازدي، ابو دلامة، العباس بن الاحنف، ابو نواس، ابو تمام، ابو العتاهية، البحتري، الشريف الرضي...» دەبات تاقە یەک بەیت شیعر چیە نییە و نەیهێناوە. ئەم زانا ئەگەر بیویستایە وەک د. مارف کتێبەکەی بکردایە بە (ئەلبوومی شیعری شاعیران) ئەوا دەیتوانی کتێبێکی - نەک شەش حەوت - صەد ١٠٠ بەرگیی لە ئەدەبی عەرەبیدا بنووسیایەتەوە، بەڵام دیارە ئەو زانا پابەندی ڕێبازی (مێژووی ئەدەب) بووە و نەیویستووە کتێبەکەی بکات بە (ئەلبووم! ).

ئەم لایەنەی کتێبەکەی د. مارف لەسەر نووسین زۆر هەڵدەگرێت و، پەڵەی ناتەواویی هەرە گەورە بەکارەکەیەوە ئەوەیە کە مێژووی ئەدەبی نەنووسیوە و، بەگواستنەوەی بەشێکی زۆر لە دیوانی شاعیران - بێ پەیڕەویکردنی ڕێبازی زانستیی و ئەکادیمیی - کتێبەکەی فووداوە و، قەوارەکەی قەبە کردووە. بۆ ئەمەیش جگە لە (ئەلبووم پاساوێتیی) لەم ڕووەوە دەنووسێت:

«١- ئەو بەڵگانە لە تێکستی شیعر بەنموونە هێنراونەتەوە، لە ئەنجامی بەراورد لە نێوان دەسنووس و شیعری چاپ کراوەوە هەڵبژێردراون، باس لە کارەکە نەکراوە وەک کردەوەیێکی لێکۆڵینەوەی زانستی، بەڵکو ئەو تێکستە هەڵبژێرراوە کە لە ئەنجامی بەراوردەکە کەوتۆتە دەستمان...» ل: ٢/٥.

دوکتۆر هەرچی بڵێ دەربارەی سەرچاوە خوێنەر - و ڕێبازی ئەکادیمییانە و زانستییانەیش لەگەڵیدا - مافی تەواوی ئەوەی هەیە بەدوکتۆر بڵێت: کام سەرچاوەی دەسنووست لەبەر دەستدا بووە و، پشتت بەچەند دەسنووسی باوەڕپێکراوی وا بەستووە کە لە چاپەکان دروستتر بن تا تۆ بەڵگە تێکستەکانیان لێ وەربگریت؟

بێگومان ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دیوانی دادگای ئەدەب دەرگای بخاتە سەرپشت و، سکاڵانامەی ئەدیبان و لێکۆڵەران و خاوەن دیوانان وەربگرێت ئەوا پەروەندی د. مارف لەو دادگادا - ئەگەر لە هی هەموو شکات لێکراوان قەبەتر نەبێت - لە پەروەندە قەبە و سەنگینەکان دەبێت؟

بەڵام من پێش ئەوەی ئەو دیوانە دەرگای واڵا بکات لێرەدا یەک سکاڵا دژی د. مارف دەنووسم و، داوای وەڵامی ڕاست و دروستی لێ دەکەم.

وەک لەم چەند دێڕەدا خوێندمانەوە دوکتۆر لێرەدا وا پیشان دەدات کە بەڵگەکانی لە ئەنجامی بەراورد لە نێوان دەسنووس و شیعری چاپکراوەوە هەڵبژێردراون.





دیوانی ڕەنجووری: منساڵی ١٩٨٣ بەلێکۆڵینەوەوە ئەم دیوانەم بڵاوکردووەتەوە.

د. مارف لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا نزیکی ٣٠ سی لاپەڕەی لەسەر ژیان و شیعری ئەم شاعیرە نووسیوە، من مافی خۆمە بەدوکتۆر بڵێم: ئەم سی لاپەڕەت لە چ سەرچاوەیەکی دەسنووس هێنا؟ کوا وێنەکەی؟ لە چ کتێبخانەیەکدا پارێزراوە؟ گومانم نییە کە وەڵامی هیچیانی پێ نییە و، بەرو دوای سەرچاوەکانی دیوانی ڕەنجوورییەکەی لە مەڕ منە. جا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: کە سی لاپەڕە لە دیوانێک وەربگرێت و، بەیەک پەڕاوێزیش باسی نەکردبێ دادوەری دادگای ئەدەب ئەو کارە بە چ ناوێک ناو ئەبات؟

ئەمەیش تەنها بۆ دیوانی ڕەنجووریی نییە و، دیوانی سالم و، کوردیی و، خانی و، جزیریی و، مەولەویی و، هەموو ئەوانەی دی حاڵیان لە حاڵی ڕەنجووریی خۆشتر نییە و، لەو باشتریان لە تەکدا نەکراوە.

## لایەنێکی دی بێڕێبازیی و پابەندنەبوون:

یاسای نووسین وایە کە نووسەرێکی ناسراو کارێکی گەورە و بە بەرنامە بنووسێت، هەر لە سەرەتای کارەکەیەوە بەتەمای چی بێت و چ نەخشەیەکی لە مێشکی خۆیدا داڕشتبێت لە پێشەکیی کتێبەکەیدا - یەک جار - دەینووسێت و، لە بەرگەکانی دوای بەرگی یەکەمدا ناگەڕێتەوە سەر پێشەکیی. بەڵام د. مارف ئەمەیشی نەکردووە و، لە سەرەتای بەرگەکانی دیشدا پێشەکیی نووسیوە، جا خۆزگە پێشەکییەکانی شتی نوێیان تێدا بوایەت! دوکتۆر وا دەزانێ خوێنەر ئاگای لەو نییە چی دەکات و چی نووسیوە، یان خۆی لە بیری نەماوە پێشتر چی نووسیوە، بۆیە جارێکی دیکە و چەند جاری دیکە کوڵک و موو شی دەکاتەوە.

بۆ ئەم لایەنەیش نموونە زۆرە وەک: لە لاپەڕە ٦ی بەرگی دووەمدا نووسیویە: «ناوی کەسان و جێگەی جوگرافی و زاراوەی زۆری زانستییە کۆمەڵایەتییەکان لەم کتێبەدا هاتووە، ڕەنگە هەندێ جار پێویستییان بەڕوونکردنەوە هەبێ کەچی ئەمە نەکراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی خەریکی تێگەیشتنی ئەو لایەنە قورسانە بکا، بەهۆی فەرهەنگ و ئەنسیکلۆپیدیا جیاوازەکانەوە...»

هەر لەلاپەڕە ٦ی بەرگی پێنجەمدا دوکتۆر دەنووسێ: «١- لە تێکستی بەڵگە و نموونە شیعرییەکانی ئەم کتێبە هەندێ وشە و زاراوەی فەرهەنگی هەیە لەوانەیە پێویستییان بەلێکدانەوە و ڕوونکردنەوە هەبێ، کەچی ئەم کارە پشت گوێ خراوە بۆ ئەوەی خوێنەر بەهۆی سەرچاوەی دیکەوە بتوانێ بگاتە مانای وشە و زاراوەکان...».

نموونەیەکی دیش:

«لەم کتێبەدا هەندێ وشە و زاراوەی زمانی بێگانە لە ڕووی ڕاست نووسینەوە بەچەند شێوەیێک نووسراون بۆ بەڵگە وەکو «عیشق = عەشق = عشق» ئەمانە هەموویان بەڕاست دەژمێردرێن. چونکە لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بەم جۆرە هاتوون...» ل: ٢/٦.

هەر لەلاپەڕە ٦ بەڵام لە بەرگی پێنجەمدا دوکتۆر دەنووسێ:

«٣- کۆمەڵێک وشە و زاراوە لە تێکستی شیعرەکاندا لە ڕووی ڕاست نووسینەوە بەجۆرێک هاتوون، لە زمانی کتێبەکەدا بەشێوەیەکی دیکە نووسراونەتەوە، هەندێ جاریش هەردوو بابەتەکە لە تێکستی شیعر و نووسینی کتێبەکەدا تێکەڵ بەیەکترین، لە ڕووی زانستییەوە ئەم دیاردەیە هیچ گیر و گرفتێک نانێتەوە...»

لە لاپەڕە ٩ی بەرگی دووەمدا باسی بابان دەکات، کەچی لەلاپەڕە ٩ی بەرگی سێیەمیشدا هەمان بابەت دێتەوە ناو، کە بابەتەکەیش لە بنەڕەتدا جێگەی - بەو شێوە - ناو مێژووی ئەدەبی کوردیی نییە.

لەبەر تارمایی ئەم خاڵانەیشدا پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە؛ کە د. مارف دەڵێ:

«ناوی کەسان و جێگەی جوگرافی زاراوەی زۆری زانستییە کۆمەڵایەتییەکان لەم کتێبەدا هاتووە، ڕەنگە هەندێ جار پێویستییان بەڕوونکردنەوە هەبێ کەچی ئەمە نەکراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی خەریکی تێگەیشتنی ئەو لایەنە قورسانە بکا...» بۆ ئەمە تا سەر پەیڕەویی ناکا؟

باشە وا ئەمەمان لێ سەلماند و وتمان دوکتۆر دڵسۆزی خوێنەری کوردە و، دەیەوێ بەخەریکبوون و گەڕان بەسەرچاوەکاندا مێشکی خوێنەر بکاتەوە، ئەی بۆچی بۆ دەقی شیعرەکان ئەمەی نەکردووە؟ ئەی بۆچی دەیان لاپەڕەی ڕەش کردووەتەوە بەلێکدانەوەی مانای دەقی شیعر گەلێکەوە، کە - وەک بە بەڵگە سەلماندمان - هێنانی دەقی شیعرەکان خۆیان زیادن؟

زیاد لەمانەیش دوکتۆر کە مانای شیعرەکانی لێکداوەتەوە لە زۆربەی زۆریاندا بەهەڵەدا چووە، تەنانەت کاتی وا هەیە لێکدانەوەی خەڵکی دیکەی بەهەڵەوە وەک خۆی گواستۆتەوە ناو کتێبەکەی بێ ئەوە هەست بەهەڵەکە بکات!





لێرەیشدا یەک نموونە دەهێنمەوە:

پارچەیەک شیعری مەولەویی لە ل: ٣٩٢ی بەرگی سێیەمدا دێنێت، دوای ئەوە لێکدانەوەی یان مانای بەیتەکان بەشیعر لە پیرەمێردەوە دێنێ. ماناکانی پیرەمێرد ورد و دروست نین و، هەڵەیان تێدایە، بەڵام د. مارف شیعرەکانی پیرەمێردی وەک خۆیان هێناوە، بێ ئەوەی ئیشارە بۆ کەموکوڕییەکانی دەقەکەی پیرەمێرد بکات بۆ نموونە:

مەولەویی:

خامەی سەراوێز نە چای سیایی
مەڕێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی

پیرەمێرد:

قەڵەم سەرەوژێر کەوتە چاڵی ڕەش
فرمێسکی دادێ دووری بوو بە بەش

بەکەمێک بەراورد دیاردەدات کە ئەم دوو دەقە چەند لەیەک جیان.

بەیتێکی دی:

مەولەویی:

دەوات دووی دەروون گێچدان وە هەمدا
لیقە وێش کێشان وە لیتەی خەمدا

پیرەمێرد:

دەویت دوکەڵی ڕەشی لە دڵدا
لیقە خۆی کێشا بە کووپەی لیلدا

ئەم دوو دەقەیش بە بەراوردێکی کەم دەردەکەوێ کە ماناکانیان لە یەکەوە دوورە و، جیاوازیی لە مەبەستیاندا هەیە.

**چەند خاڵێکی دی:**

ناکرێ و ناگونجێ لە وتارێکی وا کورتدا هەموو لایەکی کتێبێکی گەورەی چەند بەرگیی بەسەربکرێتەوە و، تیشک بخرێتە سەر هەموو کەموکوڕییەکانی، ئێمە لێرەدا تەنها نموونەمان هێنایەوە، ئەویش نەک لە هەموو لایەنەکانی کتێبەکە، بەڵکو نموونە بۆ چەند لایەنێکی کەمی هێنراوەتەوە، لەم ڕووەوە لەسەر نموونە هێنانەوە دەڕۆم و، ماوەیەک لە

خزمەتی (نالی)دا دەژیم چونکە د. مارف خۆی بەنالییەوە خەریک کردووە و، لە شاعیرەکانی دی زیاتر کاری بۆ کردووە، تا بزانین توانیویەتی حەق بدا بەنالی؟

یەکەم شت بەوە دەست پێدەکەم کە د. مارف تاوانێکی زانستیی گەورەی بەرانبەر بەنالی کردووە و، لە خۆیەوە بێ ئەوەی ئاگای لە هەست و بیر و وزە و توانای نالی بێت، نالی زۆر بچووک کردووەتەوە، بەشێوەیەک ئەگەر نالی ئەو کارەی د. مارف ببینێ ڕەنگە پێی بلێ: تۆ جارێ برۆ بخوێنە و بخوێنەرەوە و من بناسە، ئەوسا وەرە باسم بکە!

لە ل: ٥٣ی بەرگی سێیەمدا دەڵێ:

«لە ژیانی شیعرایەتی نالی ئەوە دەردەکەوێ چێژێکی ئەوتۆی لە زمانی عەرەبی وەرنەگرتبێ، ئەگەر چی خۆشی دێڕە شیعر و ڕستەی عەرەبی هەیە تێکهەڵکێشی شیعرە کوردییەکانی کردووە، بەڵام ئەو عیبارەتانە بێ هێزن. هەروەها شیعرە فارسییەکانیشی ئەوەندە کەمن هەر ئەوە دەتوانین بڵێین فارسی زانیوە نەک شاعیری فارسی زمان بووە. لە بابەت شیعری تورکی عوسمانییەوە نالی شیعری بەم زمانە نییە، ئەوەندە هەیە لە یەک دوو شوێن وشەیێکی تورکی بەکارهێناوە.

نالی هەموو هۆش و بیر و هێزی شاعیریەتی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی شیعری کوردی بەکارهێناوە، لەبەر ئەوە دەبێ تەنیا بەشاعیرێکی کوردی گەورە بناسرێ...»

پێش هەموو شتێ لە ڕستەی (ژیانی شیعرایەتی) ژیانی کۆیلایەتی و شتی وا بەبیری خوێنەردا دێت.

دەربارەی شیعری فارسیی و تورکیی هێشتا بە بەریەوە ماوە و دوور نییە لە پڕ لە کتێبێک یان لە کەشکۆڵێکدا شیعری شاکاری ئەو دوو زمانەمان دەست بکەوێ کە نالی تیایاندا مەلەوان بێت وەک کوردی، چونکە ئەو کەڵە زانا و بلیمەتانە ئەوەندە جوغزی بیر و هەست و زمانیان تەسک نەبووە بەوەوە وەستابن لە یەک زماندا کاریان کردبێ و، لە زمانەکانی دیدا دەستە پاچە بووبن، بەتایبەتیی ئەو زمانانە لەو سەردەمەدا زۆر باو بوون و، زمانی دەسەڵاتداران و فەرمانگە و ڕۆشنبیریی و سیاسەتیش بوون، بۆیە ناکرێ نالی کاری گەورە و دیاری بەو زمانانە نەبێت.

بۆ زمانی عەرەبییش کە دوکتۆر نالی بە (بێ هێز!) تیایدا دایناوە، دیارە د. مارف،





هەرچەند خۆی وا پیشان دەدات کە واریشی شەرعیی و ئەدەبیی نالی تەنها ئەوە و، کەسی دی ناکرێ لەو باشتر لە جیهانی نالی شارەزا بێت، زۆر لە جیهانی نالی بێ ئاگایە و، هەر لە بندەستی ئەودا پارچەیەک شیعری نالی بەزمانی عەرەبیی بڵاوکراوەتەوە، کە نالی دەباتە ڕزی هەرە پێشەوەی کەڵە شاعیرانی عەرەب و، پێش کورد عەرەب ئەو پلە و پایەیان داوەتێ و شانازییان بەوەوە کردووە پارچە شیعری وەها بەزمانی عەرەبیی وتراوە.

پارچە شیعرەکە مەلحەمەیەکی شیعریی ١١٦ بەیتییە لە بنەڕەتدا لە کتێبی «نزهة الفكر في ما مضى من الحوادث والعبر في تراجم القرن الثاني عشر والثالث عشر، تأليف احمد بن محمد الحضراوي المكي الهاشمي، تحقيق محمد المصري، طبع ونشر وزارة الثقافة، دمشق سوريا، ١٩٩٦.»دا بڵاوکراوەتەوە. دواتر مامۆستا فائیزی مەلا بەکر لە ژمارە ٢٧ی گوڵانی عەرەبیی ساڵی سێیەم ٢٥ ئابی ١٩٩٨دا بڵاوی کردووەتەوە. دوای ئەمیش مامۆستا ڕەئوف عوسمان لە ژمارە یەکی گەلاوێژی عەرەبیدا بڵاوی کردووەتەوە و، پارچە شیعرەکە هەر بەزیندوویی و هەتیویی دەمێنێتەوە، تا هاورێ و دەستە خوشکی بۆ دەدۆزرێتەوە.

جگە لەمانەیش دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێت کە نالی دەنووسێ:

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە دیوانی هەیە
ل: ٣/٧٧.

بەخۆڕایی ئەو قسە ناکات و، بێ ئەوەی هیچی لە دەستدا بێت نابێ بەحاکمی سێ مولک، بەڵکو ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە نالی لەو سێ زمانەدا شیعری هەیە و، بەبۆنەی شیعرەکانیەوە و، لە ڕووی دیوانییەوە بەو سێ زمانە، خۆی بەحاکمی ئەو وڵاتانە زانیوە و، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمیش وا بۆ ئەم مەبەستە چووە و، لەم ڕووەوە نووسیویە:

«واتە: من ئەمڕۆ دەسەڵاتم بەسەر ئەم سێ زمانەدا ئەشکێ و، شیعرم بەهەرسێ زمانەکە خستووەتە دەفتەری خۆمەوە و، دیوانی شیعرم بەم سێ زمانە هەیە.

ئەم بەیتە کە باسی زمانی تورکیی تیا نییە، نیشانەی ئەوەیە نالی بەر لە بەجێهێشتنی کوردستان وتوویەتی. هەروەها بەڵگەی ئەوەشە کە نالی شیعرێکی زۆری بەم سێ زمانە وتووە، کە بەداخەوە ئێستا هەر ئەم چەند

پارچە کوردیی و دوو سێ پارچە فارسییەیمان لە بەردەستدایە.. بەڵکو لە دوارۆژدا لە (سنە) و (شام) و (ئەستەموولّ) و (مەککە) و (مەدینەش) شیعری تری سەر هەڵ بدا»(١٤).(*)

وەک ئاماژەم بۆ کرد لە هەر کۆڕ و کۆمەڵێکدا د. مارف بکەوێتە قسە کەم وا دەبێ ناوی نالی نەبات و، کەم جار ناوی نالی لە دەمی دەبڕێت، خۆیشی دەنووسێ:

«نووسەری ئەم کتێبە دەوری هەیە لە ناساندنی نالی بەکۆمەڵی ڕووس و ڕۆژهەڵاتناسی کارەکانی بەزمانی ڕووسی (دامەزرێنەری قوتابخانەی کلاسیکی نوێ لە کوردستانی باشووردا...»

ل: ٣/٥٠. جگە لەمانەیش نووسەری کتێبی (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی)یەو. لەم کتێبەیشیدا (٧٣) لاپەڕەی لەسەر نالی نووسیوە.. با بزانین چۆن سوودی لە سەرچاوە وەرگرتووە؟ خوێنەری بۆ لای چەند دەسنووسی دیوانی نالی ڕێنوومایی کردووە؟

لە باسی نالی دا د. مارف دەڵێ:

«بەپێویستی دەزانین بەکورتی باس لە هەندێ لەو دەسنووسانە بکەین کە بەچاوی خۆمان دیومانن، ئەگینا ئەوەی ناوبانگیانمان بیستووە گەلێ زۆرن: » ل: ٣٠/٥٠.

وەک دیمان بروکلمان کە باسی شاعیرێک دەکات ناچێت بەلای شیعریدا و، یەک تاکە بەیتیش چییە ناینووسێ، بەڵام لەو پەڕی دنیا لە دەسنووسێکدا باسی شیعرێکی ئەو شاعیرە هەبێت ئەم بەوردیی شوێن و ژمارە و ساڵی چاپ و چی پێویست بێ - ئەکادیمییانە - دەربارەی ئەو سەرچاوە دەینووسێ.

کەچی د. مارف لە باسی نالی دا ناوی (١٢) سەرچاوە دێنێ لەوانەی کە دەربارەیان دەڵێ: (بەچاوی خۆمان دیومانن). بۆ یەکەم سەرچاوە قسەکەی خۆی لەبیر دەچێت و دەڵێت: (بەپێی قسەی ئۆسکارمان ئەم دەسنووسە لە ساڵی ١٨٨٠دا نووسراوەتەوە) ئەی ئەگەر خۆت دیوتە بۆ دەڵێت: (بەپێی قسەی ئۆسکارمان)؟

(١٤) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، مەلا فەتاحی کاگردەڵی و ١٣ گوڵبژێری لە باخچەی ئەدەبی کوردی، عێراق، ژمارە: ١٢ - ١٣ شوبات و ئازاری ١٩٧٨.

(*) هەڵەچنیی ئەم کتێبەم لە تەواوبووندا بوو بیستم لە کەناڵی (العربية)ەوە هەواڵی ئەوە بڵاوکراوتەوە کە لە وڵاتی (عەرەبیی سعوودیی) قامووسی (عربی - عربی) نالی دۆزراوەتەوە و خەریکی لێکۆڵینەوەیین.





بۆ یازدە سەرچاوەکەی دیش شوێنی سیانیان دیاریی دەکات و، ئیتر ئاو بێنە و دەست بشۆ!

دەبێ هەمیشە ئەوە بڵێینەوە: کاری سەرەکیی نووسەری مێژووی ئەدەبیی ئەوەیە بگەڕێت و، شوێنان بپشکنێت و، سەرچاوان ببینێت تا بەرهەمی تەواوی ئەو شاعیرە ببینێ و بناسێ کە مێژووی ژیانی دەنووسێت.

لەم ساڵانەی دواییدا چەندین سەرچاوەی نایابی مێژووی ئەدەبی کوردیی دۆزراونەتەوە و، لەسەریان نووسراوە و، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، سەرچاوە گەلێک کە بۆ هیچ کەسێک ڕەوا نییە دەم لە ئەدەب بکوتێت و ئاگای لێیان نەبێ و، هەر کارێکی ئەدەبیی لەمەولا ئەنجام بدرێن بێ ئەو سەرچاوانە کرچ و نابەکام دەبن.

هەر بۆ نموونە باسی کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵیی کە من لە ڕۆژنامەی عێراقدا لەسەرم نووسیوە یەکێکە لەو کەشکۆڵە نایابانەی سەرجەمی شیعری نالی تێدایە و، دوکتۆر لە عاستیدا خۆی کردووە بەتووڵبڕ.

جگە لەوەیش لە ٦ بەرگی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا لەسەر چەندین کەشکۆڵ و بەیاضی نایابم نووسیوە، کە زۆر تا کەم شیعری نالییان تێدایە و، گەلێکیان نوسخەی نایابی دیوانی نالییان تێدایە، دوکتۆر لە عاستی ئەمانەیشدا گوێی خۆی کەڕ کردووە، بەڵام بەمە پەڵەیەکی گەورەی ناتەواویی سەرباری پەڵەکانی دیکەی کتێبەکەی کردووە.

هەر لەم باسەدا د. مارف دەنووسێ:

«باوەڕناکەم یەکێک هەبێ بەتاقی تەنیا لە هەموو شیعری نالی بگا!
هەندێ لەوانەی دەچنە ناو ئەم تاقمەی دواییەوە و من دەیانناسم ئەمانەن:
مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیی، کاکە حوسێنی خانەقا، هێمنی شاعیر، فاتیح عەبدولکەریم، مەسعوود محەمەد، عەبدولخالیق مەعرووف» ل: ٣/٥٢.

وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد مێژوونووس دەبێ بێلایەن بێت و، ڕق و خۆشەویستیی بۆ کەسانێ کار نەکەنە سەر هەستیی و، ڕاستیی کامەیە و لای کێیە نەیشارێتەوە. د. مارف کە باسی فاتیح عەبدولکەریمی کرد بۆ مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاکە حەمەی کوڕی بوارد؟ مامۆستا عەبدولکەریم چەتری سەری کاکە حەمە و کاک فاتیح بوو و، هەرسێکیشیان سێکوچکەی ڕاستکردنەوەی شیعری نالی و کەلەپووری کوردین.

د. مارف لە لاپەڕە (٥)ی بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا نووسیویە:

«٢- خاوەنی ئەم کتێبە هەوڵی داوە بەزۆریی خۆی قسە بکا»

بەڵێ هەموو کەس دەیەوێ و حەز دەکا خۆی قسەبکات و قسەکانیشی - وەک دەڵێن - گەوهەر و مرواریی بن و، قسەگەلێ بکات کەس پێش ئەو پەیی پێ نەبردبن.

بەڵام کە قسەی کرد و قسەکەی لە سەنگی مەحەک درا و وا دەرنەچوو کە ئەو ئەیڵێ، ئەوە لە باتی ئەوەی (شهادة الابداع) یان (براءة الاختراع)ی بدەنێ پێیی دەڵێن: قسەکانت کاوێژکردنەوەی قسەی خەڵکن.

وا بزانم هەر لەبەر ئەمەیە کە د. مارف قسە ئەکا، یان باس و بابەت دەنووسێ، ئاماژە بۆ هیچ سەرچاوەیەک ناکات و، لە نووسینەکانیدا هیچ پەراوێز و ڕێنماییکردنی خوێنەر بۆ ئەو شوێنانە نابینرێت کە زانیارییەکانی لێ وەرگرتوون، لەبەر ئەوە نییە کە - وەک چەندین کەس لێیی دەگێڕنەوە - دەڵێ: (من فووول پرۆفیسۆرم و خۆم سەرچاوەم و پێویست ناکات ئاماژە بۆ سەرچاوە بکەم! )

لێرەدا یەک دوو نموونە لەو قسانەی د. مارف دێنمەوە کە قسەی خۆی نین و، پێش ئەو کراون و، ئەویش ئاماژەی بۆ نەکردوون:

د. مارف کە باسی ئەوە دەکا ڕەنجووریی وەلی دێوانە بەکەسێکی سەر بە بەعەشرەتی گێژ دەزانێ ل: ٢/١٠٣. بەڵام ئەوە قسەی د. مارف نییەو، وابزانم پێش من (محەمەد عەلی قەرەداغی) کەس ئەو ڕاستییەی نەدرکاندووە[(١٥)].

هەروەها کە دوکتۆر دەنووسێ:

«لە وردبوونەوە لە شیعری وەلی دێوانە ئەوە دەردەکەوێ نابێ کەسێکی بێ سەودا و نەخوێندەوار بووبێ...» ل: ٢/١٠٣

بۆ ئەم قسەیش من گەلێ پێش دوکتۆر بە بەڵگەوە ئەوەم سەلماندووە کە وەلی دێوانە خوێندەوار بووە و لەم ڕووەوە نووسیومە:

«لەم پارچە شیعرەوە چەند ڕاستیی وەرئەگیرێ:

یەکەم: لە نیوە شیعری «بنیان نە رووی طاق مەجمووع فەردم»ەوە ئەوە

(١٥) بڕوانە: دیوانی نالی «مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی» لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محەمەد مەلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٦.





ئەزانرێ کە (وەلی دێوانە) خوێندەوار بووە و، دیوانی شیعری خۆی بووە و، شانازیشی پێوەکردووە و، ویستوویە دوای مردنیشی شاکارەکەی بەسەر گۆڕەکەیەوە بێ و، لە ناو ئەو تاقەدا کە لەسەر شێوەی بڕۆی شەم دروست کراوە دابنرێ»[(١٦)].

هەروەها د. مارف لە لاپەڕە (٦)ی بەرگی دووەمدا نووسیویە:

«لەم کتێبەدا هەندێ وشە و زاراوەی زمانی بێگانە لە ڕووی ڕاست نووسینەوە بەچەند شێوەییێک نووسراون، بۆ بەڵگە وەکو «عیشق = عەشق = عشق» ئەمانە هەموویان بەڕاست دەژمێردرێن...».

ئەم بابەتەی لە بەرگی پێنجەمیشدا لە لاپەڕە (٦)دا دووپات دەکاتەوە.

بەڵام من ئەم قسەم چەند جار کردووە، بۆ نموونە تەماشای لاپەڕە (١٧)ی بەرگی پێنجەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی بکە کە منیش لەوێ هەر نموونەم بە «عەشق» و «عیشق» هێناوەتەوە.

خاڵێکی دیکە هەیە د. مارف تیایدا بەپێچەوانەی نووسەران و لێکۆڵەرانەوە کاری کردووە و، بۆچوونێکی گەلێ جیاوازیی هەیە کە دەنووسێ:

«٢- لە تێکستی هەموو ئەو شیعرانەی بۆ بەڵگە لەم کتێبەدا تۆمار کراون دەستووریی خاڵبەندی بەکار نەهێنراوە، چونکە لەبەر کێش و ئاواز و ڕیتمی شیعرەکە نابێ هۆشی خوێنەری بۆ هیچ لایەکی دیکەدا بچێ، ئەم دیاردەیە لە شیعری کلاسیکی هەموو نەتەوە هاوسێکانمان وەکو عەرەب و عەجەم و تورکی عوسمانی ڕەچاوکراوە...» ل: ٥/٦.

پێش هەموو شتێ کە د. مارف دەنووسێ (هەموو) نەتەوە هاوسێکانمان... ئایا بیری لەوە نەکردووەتەوە ئەو (هەموو)ە لەسەر ئەو زۆر ئەکەویت و، حوکمدانی وەها کارێکی سانا نییە؟

دوای ئەوە لەم چەرخەدا خاڵبەندیی بۆ هەموو دەقێک - بەشیعر و پەخشانیشەوە - مەرجێکی لێکۆڵینەوەی زانستییە و، ئەو کەسەی دەقێک ئەنووسێتەوە یان لێیی ئەکۆڵێتەوە چەند بتوانێ بەوردیی پەیڕەویی خاڵبەندیی بکات بەو ئەندازە دەری دەخات

(١٦) بڕوانە: دیوانی ڕەنجووری مەلا عومەری زەنگنە، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (آفاق عربية) ١٤٠٣ک - ١٩٨٣ز بەغدا، ل: ٣٤.

توانای بەسەر دەقەکەدا[17] شکاوە و لێی تێگەیشتووە و دەزانێ مانای چییە، پێچەوانەکەیشی پێچەوانەکەیەتی.

لە لایەکی دیشەوە خاڵبەندیی دەستگرتنی خوێنەر و یارمەتیدانیەتی بۆ ئەوەی بێ سەرئێشە و تێرامانی زۆر دەقەکە بخوێنێتەوە، دەقێک خاڵبەندیی تیادا ڕەچاو نەکرابێت وەک ئەوە وایە خوێنەر ڕێبوارێک بێت نەشارەزا بەڕێگەیەکی بەردەڵانیی و پڕ کۆسپ و تەگەرەدا بڕوات و، دەقێکیش کە پەیڕەویی ئەو ڕێبازەی تێدا کرابێت، خوێنەرەکەی وەک ڕێبوارێک وایە بەڕێگایەکی تەخت و قیرتاودا بڕوات و، ڕێگاکە هەموو نیشانەکانی هاتوچۆی تریفکلایتی تێدا بێت و، بێ سەرئێشە و پێ ئێشە پیایدا بڕوات.

بۆیە ئەو قسەی دوکتۆر نووسیویەتی لە بازاڕی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆدا جێگەی نابێتەوە و، کەس بایەخی بۆ دانانێت و، دەکرێ خوێنەر بڵێت: لەوانەیە دوکتۆر بەو قسە خۆی لە پرسیاری خوێنەر قوتار بکات ئەگەر کاتێ دەقێک لەو دەقانەی کە - خۆی واتەنی - بۆ بەڵگە هێناویەتیەوە هێزی بەسەریدا نەشکێ و، بەدروستیی بۆی نەخوێنرێتەوە و، لە خاڵبەندیکردنەکەیدا بەهەڵەدا بچێت.

د. مارف صەدان شیعری نالی لە کتێبەکەیدا نووسیوەتەوە و نالیش لە هەر بەیتێکدا چەند داو بۆ خوێنەر دەنێتەوە، خۆ ئەگەر خاڵبەندیی ورد نەبێ خوێنەر بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت هەر زوو ملی دەبێت بەداوی - داوی نالییەوە!

هەر بۆ نموونە تاکە بەیتێکی نالی دێنمەوە:

ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینەی مونەووەرە!
لوطفێ بکە، بفەرموو: مەدینەی منە و، وەرە

سەیر ئەوەیە د. مارف لە عاستی ئەم بەیتەدا خۆی پێ نەگیراوە و ڕێبازەکەی خۆی شکاندووە و لە دوای (بفەرموو)ەوە جووتخاڵی لەسەر یەک (نوقطەی شاریحە)ی داناوە! ل: ٨٤.

لە کاتی چاوگێڕانم بەم کتێبەی د. مارفدا دەیان هەڵەم لە دەقەکاندا دیوە و لەلایەکەوە لەبەر ئەوەی وتارەکەم زۆر درێژ نەبێت و، لەلایەکیشەوە من لەم کارەدا مەبەستم دیاریکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵە نییە و، لەو لایشەوە گوتوومە - هەر چەند دوکتۆر

(١٧) بڕوانە: گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٤) ساڵی ١٩٧٧.





دەڵێ: ئەم کتێبە هەڵەی کەمە -: لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت.. بۆیە ئەو هەڵانەم بواردووە. بەڵام لە کاتی چاوگێڕانم بەکتێبەکەی دوکتۆردا بۆ ئەوەی نموونە لە خودی کتێبەکە بهێنمەوە لەلاپەڕە ٥٣دا هەڵەیەکی سەیرم بینی کە لە هەمان لاپەڕەدا دووجار بەهەڵە نووسرابوو، بۆ تەئکیدبوونم لەوە کە هەڵەی دوکتۆرە یاهەڵەی چاپە سەرێکی (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی)م دا، نەخەیر لەوێیش هەر وابوو، بۆیە گومانم لەوەدا نەما کە د. مارف خۆی ملی بووە بەداوی - داوی نالییەوە!

بەیتەکەیش ئەمەیە:

چەند واسیعە ئەم زیهنە ئەفلاکی تێدا ڕەهنە
ئەجیالی لەلا عیهنە ئەدواری لە کن پەشمە

بەیتەکە دەبێ ئاوا بنووسرێت:

چەند واسیعە ئەم ذیهنە؟ ئەفلاکی تێدا ڕەهنە!
ئەجبالی لە لا عیهنە، ئەدواری لە کن پەشمە!

داوەکەی نالی لە وشەی (ئەجبال) دایە کە دوکتۆر ئەجیالی نووسیوە و، نەیزانیوە نالی مەبەستی چییە و، ئەگەر هەر لەبەر کارەکەی خۆی تۆزێک ئاگای لە قورئانەکەی حوجرە بوایەت لەو داوە قوتار دەبوو؛ چونکە لە سوورەتی (القارعة)ی جزمی (عم)دا خوا دەفەرمووێ: (وتكون الجبال كالعهن المنفوش).

**ئەنجام:**

دوای ئەم گەشتە بەکتێبەکەی د. مارفدا و، دوای تاو و توێکردنی لەبەر ڕۆشنایی مەرجەکانی مێژوونووس و نووسینی مێژوودا.. دەرکەوت د. مارف پەیڕەویی مەرجەکانی نووسینی ئەکادیمییانەی نەکردووە و، پشتی بەسەرچاوە نەبەستووە و، ئەگەر پشتیشی بەسەرچاوە بەستبێ بەشێوەیەکی زانستییانە نەبووە و، خوێنەری لە هەوڵ و کۆششەکانی ئاگادار نەکردووە و، بەگواستنەوەی بەشێکی زۆر لە بەرهەمی شاعیران و شیعری دیوانەکانیان بەری ڕەنجی کەسانی دیکەی بۆ خۆی قۆرخ کردووە، کە ئەمەیش لە دنیای ئەدەب و مێژووی ئەدەب و زانستدا دروست و ڕەوانییە.

بۆیە ئەم کتێبە لەژێر ناوی مێژووی ئەدەبدا جێگەی نابێتەوە و، بارێکی قورس دەبێ بەسەر کتێبخانەی کوردییەوە ئەگەر لەو خانەدا دابنرێت و، لە بری ئەوەی کەلێنێک پڕ بکاتەوە جێگەی کتێبەگەلێک دەگرێت و شوێن بەچەند کتێبی دیش لەق دەکات.

## «التحفة الكردية فاكهة القصيدة البردية»ی
## مامۆستا شێخ عەزیزی دۆڵپەموویی

٤٨٠

لە چەند شوێن و بۆنەدا باسی بایەخدانی مامۆستایانی کوردم بە (قەصیدەی بوردییە) کردووە و، هەیانە بەعەرەبیی شەرحی کردووە، هەیانە بەشیعر تەرجەمەی کردووە بەفارسیی، هەیشیانە کردوویەتی بەپێنج خشتەکیی...

بەڵام تا ئێستە نەمبیستبوو کەس لێکدانەوەی لەسەر ئەو قەصیدە بەکوردیی کردبێت تا برای خۆشەویستم مامۆستا عەلائەدینی کوڕی شێخ حامیدی دۆڵپەمویی وێنەی دەستخەتێکی بۆ ناردم، مامۆستا عەلائەدین پێشتر بەڵێنی دابوومێ دەستخەتێکی فارسیم بۆ بهێنێ، دیارە لەبەر ئەوەی دەستخەتەکە کۆنە و بەڕێنووسی کۆنیش نووسراوەتەوە مامۆستا عەلائەدین بەفارسیی زانیبوو.

بەهەرحاڵ وێنەی دەستخەتەکەم وەرگرت و چاوێکم پێدا گێڕا بینیم شەرحی قەصیدەی بوردییەیە و، لەم دەرفەتەدا ئەم کتێبەیش بەکتێبخانەی کوردیی دەناسێنم و، بۆ ئەم مەبەستەیش هەندێک لە سەرەتا و کۆتایی کتێبەکە وەردەگرم.

سەرەتاکەی:

الحمدلله الذى أنشأ الخلق من العدم، والصلاة والسلام على محمد الذي هو الموصوف بالجود والكرم، وعلى آله واصحابه الذين هم المتخلقين(!) بأخلاقه العظيم(!)

(أما بعد): لە دوای سەلام لە برادەرانی کوردی، عەزیزی بنی شێخ محەمەدی بنی شێخ ڕەسووڵی بنی شێخ حەسەنی بنی شێخ عەبدەی بنی (قطب العارفين) شێخ عەلییە کۆستەی دۆڵپەمو - رفع الله درجاتهم، وغفرالله عن ذنوباتهم - عەرزتان ئەکات:

وەقتێ کە قەصیدەی بوردیی بەعزێ لە تەصنیفات و مونشاداتی مەرحوومی مەبروور شێخ محەمەدی بۆصیریی بوو، وە جامیعی ئەنوار و گوفتار بوو لە بەحثی: عیشق و، تەوبیخ و، ئیرشاد و، وعظ و، مەدح و، موعجیزە و، مەدحی قورئان و، ئەصحاب و... ذەممی کوففار و نەدەمی





ڕەفتار، وە لە فەصاحەت و بەلاغەتا مافەوقی لە بەشەرا کەمتر بوو، وە لە ناو میللەتی ئیسلاما زۆر مەرغووب و موعتەبەر بوو، ئەمما چونکە گەوهەری مەعانیکانی لە سیلکی ئەلفاظی عەرەبییا مەنظووم بوو فەهمی لە ذیهنی برادەرانی کوردیی دوور بوو.. (لهذا) بەعینوانی هەدییە و یادگار تەقریر و تەحریری مەعانیەکانیم کرد بەئەلفاظی کوردیی تاکو فەهمی کەن بەدەستوبردی. (لهذا) سميته ب(التحفة الكردية فاكهة القصيدة البردية) و ما توفيقي الا بالله البدء وحسن الخاتمة.

کۆتاییەکەی:

«الحمدلله على اختتام تحرير الترجمة البردية بالألفاظ الكردية، والصلاة والسلام على خير البرية، وعلى آله وأصحابه المتخلقين بالصفات القدرية، وقد مضى الف وثلاثمائة وثمانية وخمسون سنة واربعة أشهر من الهجرة النبوية، ونرجو من الاخوة والاخوات الكردية والعربية أن يحسنون[١] الي ويذكرونني باهداء التحفة الفاتحة العافية السرمدية، كما اني اهديت إليهم الترجمة المسماة بالتحفة الكردية فاكهة القصيدة البردية»

دەستخەتەکە ١١٢ لاپەڕەیە بەخەتێکی گەورەی خۆشخوێن نووسراوەتەوە، دیارە بەخەتی دانەرەکەی نییە؛ چونکە لە کۆتاییەوە نووسراوە:

«بەیادی خودا پاش نیمەڕۆی ٧٤/٥/١١ ڕوونووسی ئەم قەصیدەیەم تەواوکرد...»

بەپێی ئەم دەقە عەرەبییەی دوایی مامۆستا شێخ عەزیز ساڵی ١٣٥٨ی کۆچیی کتێبەکەی تەرجەمە کردووە.

---

(١) بۆ نموونە: مامۆستا فەخرەدینی کوڕی ئەبو ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکر شەرحی ئەم قەصیدەی کردووە و نوسخەکەی کە لە دەستدایە ساڵی ١٠٩٩ک نووسراوەتەوە. (بەرگی شەشەمی مێژووی زانایانی کورد) هەروەها مامۆستا (ضیائەدین حەیدەری حەیدەریی)ش شەرحی ئەم قەصیدەی کردووە و شەرحەکەی ناوناوە: (عمدة الكلام في شرح برأة الأنام). ئەم شەرحەی ساڵی ١٣٠٤ک کردووە، لەو کاتەدا کە لە قەزای (الحميدية) قاضیی بووە و، شەرحەکەی پێشکەش بەسوڵتان عەبدولحەمیدخانی عوثمانیی کردووە. (بەرگی شەشەمی مێژووی زانایانی کورد...).

## (ڕۆمیی) شاعیرێکی نەناسێنراوی کوردە

### ٤٨١

لە ناو ئەو پەڕە - پەڕە کاغەزە کۆنانەدا کە لەملا ولا دەستم کەوتوون و پاراستوومن پەڕەیەک کاغەزی کۆنی درێژ کۆلە (شەش گۆشە) هەیە، کە دیارە پاشماوەی (بەیاض)ێکی کۆنە کە دیار نییە قەوارەی چەند بووە و کەی نووسراوەتەوە. گەلێ جار ئەو پەڕە کاغەزەم ئەمدیوە و دیو کردووە و دامناوەتەوە. بەڵام دوا جار وتم: ئەم پەڕە ناوی شاعیرێکی تێدایە من بزانم لە سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردیدا ناوی نەهاتووە و ناسراو نییە، بۆ ئەوەی ناوی بکەوێتە ناو ناوان و، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگەی شیاوی خۆی بگرێت، وام پێ باش بوو پارچە شیعرەکە وەک خۆی لە تەک یەک دوو وردە تێبینیدا بڵاوبکەمەوە.

یەکەم: نووسەرەوەی دەستخەتەکە خودا پاداشتی بداتەوە نووسیویەتی: ناوی ڕەشیدە و نازناوی (ڕۆمی)یەو، لە هۆزی زەنگنەیە.

دووەم: ساڵی نووسینەوەی دەستخەتەکەی دیاریی نەکردووە و، لە سەردەمی نووسینەوەی شیعرەکاندا (ڕۆمیی) لە جیهان دەرچووە و لە ژیاندا نەبووە.

سێیەم: دەستخەتەکە باش نەنووسراوەتەوە و کەم کەم هەڵە لە نووسینەوەکەدا هەیە و منیش هەڵەکانم وەک خۆیان ڕوونووس کرد؛ چونکە نوسخەی دی لە دەستدا نییە تا لە بەریدا ڕاستیان بکەمەوە.

چوارەم: بۆ (فەرهەنگی نازناوی شاعیرانی کورد) ئەم پاچە شیعرە و ناوی خاوەنەکەی سوودی خۆی هەیە.

پێنجەم: شیعرەکان شاکار و باڵا نین و، بەری هەستی شاعیرێکی مامناوەندین.

هذا کلام (رومی) رشید - نور الله مرقده -

دڵ بێقەرارەن، دڵ بێقەرارەن
یا ڕەسوولەڵڵا دڵ بێقەرارەن
ئەوەند تەقصیرات وە جەستەم بارەن
لە شەرەمەندەییم عالەم بێزارەن
لەعین پێم کەردەن گوناهان هەزار
بە وێنەی حیمار من وێم کەریم بار





بە زبان چون کەلب بە بار چون حیمار
یا خالیق تەوبە هاوار صەد هاوار!
نەدانم سەفید ئیستە رووم سیا
کارێ من کەردەم لە عام جیا (!)
گا وە گەداهان مکەردم بازیی
گا گا وە دەوڵەت وێم نەویم رازیی
گا مدووم نە سەر هەوای سیاهیی
گا گا مکەردم ئیددیعای شاهیی
داخڵ وە مەیدان (دار الغرور) بیم
نەو مەدرەسەی جەدد سەییدان دوور بیم
نەجای عیبادەت شەراب مەوەردم
چنی ذیخلاصی دنیا مکەردم(!)
ئیستە مزانووم بێوەفا بەینەن
خەریک دڵ جە غەم کەیلەن
مترسم نە خەوف ئاوەڵەی مەحشەر
پەدەر نە فەرزەند نەدارۆ خەبەر
پەی یەکێ خاسەن خدمەتیی کەردەن
منی دەست بەتاڵ نیگاه وە گەردەن!
جەهەننەم پەی من مناڵۆ چون شێر
مدۆ وە یەکدا ئاهیر وە ئاهیر
چونکە شەرمەندەم عاصیی و شەرمەزار
چەنی پەرێ وێم مگروی وە زار
موانووم یا حەی بە حاجەت ڕەسوول
ئیستیدعا داروم جە لات بۆ قەبوول
ڕەحمەت چون سەیلات ئەوەڵ بەهارەن
ببەخشا گوناه مەعصیەت بارەن

وە زۆر مکێشون (بروین!) بەی دۆزەق
مەدەن عەذابم بە فەرمان حەق
عەذاب نە هەیبەت شەرارەی سەقەر
بیم وە کۆی زووخاڵ لەو زووخاڵ بەتەر
بیم وە ئاشیانەی مەکان قەقنەس
مایەی کەچبازیم بەرشیەن عەبەس
حاڵ وێم وەی تەور مەوینوون وە چەم
سامدار سەرسام دڵ ماتەن جە غەم
وەصیەت ئێدەن هەرکە بوانۆ
دنیای بێ وەفا وەیار مەزانۆ
دنیا یار نیەن دەخیلم خارەن
ئاە مەحبەت خار دایم بیمارەن
نە عومر، نە ماڵ، نەسەر نە دەوڵەت
نە کەیف، نە ئاهەنگ، نە شادیی و شەوکەت
نە تیپ، نە لەشکر، نە تەشقان و باز
نە راو، نە شکار، نە دەعیە و سەرواز
(فیرعەون) بەو جەلال بێشمارەوە
(نەمروود) بەو کەلام کە چ گوفتارەوە
(شەدداد) بەو مایەی زوڵم و زۆرەوە
(زوحاک) بەو ماران طیفلان خۆرەوە
چێشیان وە چێش کەرد؟ ئاخر مەردن
ئەرواح وە دەروون دۆزەخ سپەردن
یا صاحیب موڵک چوار گۆشەی جیهان
(یا حي القیوم حيّ لا مکان)
بێ فیکر و خەیاڵ بێ شیبە و شەریک
تاک تەنهای فەرد (سابق - ...)





پادشای شاهان یەکتای بێ نەظیر
فەریادرەسیم کەر نە سەختیی ئاهیر
یا رەب بە حورمەت سەیید سەروەر
(قاضی الحاجات) رۆی دەشت مەحشەر
بمانبەخشی بە نام ئیسم مصطەفا
مادا بەو ئاهیر بدەروین جەفا
(رۆمیی) نە هیجران دنیای بێ بەینەت
وەقت بی ئەجەل شۆ وە قیامەت
یە (رۆمیی) وات قەبرت پڕ نوور بۆ
رۆحت جە عەذاب جەهەننەم دوور بۆ

«تمت اشعار رومی رشید زنگنه از دست رسول دیبگەء در قریەء پلکانه في وقت الفجر»

## ڕەواندز ساڵی ١٢٨٤ی کۆچیی شار و لیوا - پارێزگا - بووە(*)

## ٤٨٢

بڕوا ناکەم گەلێک هەبێت بەقەدەر گەلی کورد کەمتەرخەم بووبێت لە عاستی نامەی مامۆستایان و ڕۆشنبیران و بەڵگەنامەی میر و سەرکردەکانیدا، جا ئەگەر ئەم کەمتەرخەمیکردنەیش لە لایەنی مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی گەلی کورد خۆیەوە بووبێت ئەوە ئەوەندەی دی دەردەکە کوشندەیە و، کارەکە سەختە.

دەمێکە هەستم بەم کەمتەرخەمیکردنە کردووە و، قەوارەی ئەو زیانە گەورە و قەرەبوونەکراوەم لەبەر چاو گرتووە و، دەمێکیشە هەوڵم داوە چیم لەو نامە و بەڵگەنامانە دەست بکەوێ کۆی بکەمەوە و، لە پەیجۆری ئەوەدام هەلم بۆ بڕەخسێت ئەو بەڵگەنامانە لە شێوەی کتێب، یان لە هەر شێوەیەکی گونجاودا بڵاوبکەمەوە، تا ئەمانیش بەدەردی ئەوان نەچن، تا ئەو کاتەیش ئەو ئاواتەم دێتەدی ناو بەناو لەو نامە و بەڵگەنامانە دەخەمە بەرچاوی خوێنەران و ئەو کەسانەی بەشوێن ئەو جۆرە بابەتانەدا دەگەڕێن.

(*) لە ژمارە ٦٦ی ساڵی ٢٠٠٦ی گۆڤاری سلێمانی بڵاوبووەتەوە.

پێش بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەم جارە یەک دوو نموونەی ئەو کەمتەرخەمیکردنە دەخەمە ڕوو:

یەکەم: گەلێ جار لە ناو دەستخەتەکانی مامۆستایانی کورددا نامەی زۆر نایابم دیوە کە وەک خۆی ماوەتەوە -یان پارچە پارچە کراوە- بۆ نووسینەوەی (زەوائید)[1] بەکارهێنراوە.

دووەم: لە سەردەمی پێشوودا کە بەرگیان بۆ کتێبەکان کردووە، ئەگەر بەرگی پێست و ئامادەکراویان لە دەستدا نەبووبێت، ئەوە هاتوون خۆیان بەرگیان دروست کردووە و، بەو بەرگە دروستکراوە گوتراوە (مقەبا – مقەووا)، جا ئەم مقەبایە چۆن دروست کراوە؟ بۆ ئەم مقەبا دروستکردنە پەڕە – پەڕە کاغەزیان سەر یەک خستووە و، سرێش و کەتیرەیان کردووەتە بەینەکانیان و، بە (جەڕ و مەنگەنە) لەسەر یەکیان پەستاوتوون، تا قایم و ئەستوور بووە. بەڵام پەڕە کاغەزەکانیان لە کوێ هێناوە؟ بۆ ئەو پەڕە کاغەزانە زیاتر چی بەلای ئەوانەوە بێ بایەخ بووبێت ئەوەیان بۆ ئەو کارە بەکارهێناوە. بەداخەوە بەزۆریی ئەو نامە تایبەتییی و ئەو بەڵگەنامانە و پەڕە کاغەزی شیعری شاعیرانەیان لەلا لە شتانی دی بێ بایەختر بووە، کە ئەمەیش دەڵێم لە خۆمەوە نایڵێم و، تا نموونەی زۆریانم نەدیبێ ئەم کارە نادەمە پاڵ مامۆستایانمان.

جارێک بەرگێکی لەو جۆرەم پیشانی مامۆستا حەمە بۆر دا، بەرگەکەی لێ وەرگرتم، لە ماڵی خۆیان لەسەرخۆ – لەسەر هەڵمی کتریی ئاوی کوڵ بەکوڵ بەرگەکەی خاوکردبووەوە، دە پەڕە شیعری نایابی شاعیرانی لەیەک جیاکردبووەوە، یەک دوانێکیان شیعری وەفایی بوون.

سێیەم: لە سەردەمانی پێشوودا بۆ ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر نووسین و خەتخۆشبوون و، لە هەمان کاتیشدا شارەزابوون لە شێوەی نامە نووسین و ئینشای ڕەسا و دارشتنی باڵا، هاتوون نامەگەلی جۆرا و جۆریان، لە هەر بابەتێکدا ڕێک کەوتبێ، کۆکردووەتەوە، دوایی نامەکانیان بەکەتیرە و جەویی داوەتە دەم یەک لەسەر باری درێژیی، واتە سەرەتای

(١) زەوائید بەوە دەوترێ کە کاتی خۆی مامۆستایان و فەقێیانمان پەراوێزی زۆریان بەسەر کتێبەکانیانەوە نووسیوەتەوە و، لاپەڕەکان پڕ بوونەتەوە و، جێگەی نووسینیان تێدا نەماوە، هاتوون پارچە کاغەزی زیادیان لە ناو بەینی پەڕەکاندا داناوە و پەراوێزە زیادەکانیان بەسەر ئەو پارچە کاغەزانەوە نووسیوە.





نامەیەکیان لکاندووە بەکۆتایی نامەیەکەوە و، سەرەتای نامەیەکی دیشیان لکاندووە بەکۆتایی ئەم نامەوە... تا وای لێ هاتووە نامە لە دوای نامە چەند مەتر درێژ بووەتەوە و، بەو کارەیان گوتووە (تۆمار)..

ئەم تۆمارانەیش وەک گوتمان – بەزۆریی – دراونەتە دەست منداڵ و مێردمنداڵ و کەسانێک کە بایەخی ئەو جۆرە نامانەیان نەزانیوە و، تەنها بۆ مەبەستی خۆیان بەکاریان هێناون و، بەزۆر بەکارهێنانیشیان وردە – وردە نامەکان پواون و دڕاون و فڕێدراون، یان سووتێنراون.

ئەمانە چەند نموونەیەکن و نموونەی دیکەیش زۆرن[2].

ئەمە وە نەبێ کە هەموو نامەیەک بەو شێوە مامەڵەی لە تەکدا کرابێت، بەڵکو جۆرێکی دیکە لە نامە هەبووە – تا ئەندازێک – بایەخی پێدراوە و لە چارەنووسیدا بووە بپارێزرێت، بەتایبەتی ئەو نامانەی بۆ مامۆستایانی گەورە و ناودار نێرراون و، پرسیاری تەڵاق و نیکاح و، باسی بەست و جۆگە و باخ و مەزرا و، کاروباری شەرعیی خەڵکی کوردستانیان تێدابووە، بۆ ئەم نامانە بەچاوێکی دی ڕوانراوە و – بەزۆریی – پارێزراون و، کتێبخانەکانمان گەلێکیان لە خۆ گرتووە و، ئەمانەیش شیاوی بایەخپێدانی زۆرن و، گەلێ بابەتی کەلەپووریی و مێژوویی و ئایینیمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

یەکێک لەو نامانەی لە دەستمدایە و کاتی خۆی بۆ کێشەی دزرانی دوو گوێدرێژ نووسراوە و، ئێستە کێشەکە باسی نەماوە و، هەر چۆن ببێ بڕاوەتەوە و، ئەمڕۆ هیچ سوود و بایەخێکی بۆ مێژوو نییە.. لە کۆتایی نامەکەوە و لە ئیمزای نووسەری نامەکەوە یەک دوو شتی زۆر بەبایەخمان دەست دەکەون، لەوانەیە لەو نامەدا نەبێ لە شوێنێکی دیدا وا چنگ نەکەون:

یەکەم: لە سەردەمی نووسینی مێژووەکەدا کە ١٥ی ڕەمەزانی ساڵی ١٢٨٤ی ک ه ڕەواندز لیوا بووە.

دووەم: سەید مصطەفای ئەسرار قائیم مەقامی لیوای ڕەواندز بووە.

(٢) خوالێخۆشبوو مەلا ڕەئووفی برازای مامۆستا مەلا حەسەنی دزڵیی بۆی گێڕامەوە: گەلێ جار مامۆستا مەلا حەسەن کە هیچی دەست نەکەوتووە بیکات بەئاغزە جگەرە – کە ئەو کاتە جگەرەی بەرماخیان کێشاوە – دەستی بردووە هەرچی دەست کەوتبێت لە شیعری خۆی یان نامەی دۆستانی پارچە پارچەی کردووە و، کردوویەتی بەئاغزە جگەرە!

سێیەم: قادر ئاغا بریکاری بەڕێوەبەر و، سولەیمان ئاغا، میری قەزای باڵەک بووە.

چوارەم: باڵەک لەو مێژووەدا قەزا (قضاء) بووە.

پێنجەم: کێشەکە لە نێوان مام ڕەسووڵی کوڕی خضر ئاغای شێوەزووریی لەلایەک و، مەلا حەسەن و صوفی ئەحمەدی چۆمبالووکیی لەلایەکی دیبیەوە بووە.

شەشەم: لە پەنای یەک دوو زەوائیدی دیدا دوو سێ شت نووسراون دەربارەی ڕەواندز جێگەی خۆیەتی نەیانبوێرین؛ وەک:

١- لە ساڵی هەزار و دوو صەد و حەفتا و حەوتی کۆچیدا گرانییەکی زۆر لە ویلایەتی کوردستاندا داکەوت. عەلبەی گەندم لە هەولێر بەصەد و بیست قەران بوو. لە شاری ڕەواندز عەلبەی گەندم بەصەد و دوانزە قەران بوو. لای من نووسرا تا کاتی خۆی سوودی هەبێت.

٢- لە ساڵی هەزار و دووصەد و هەشتا و دووی کۆچیدا ڕۆمەکان میر محەمەدی میری باڵەک و، محەمەد ئاغای مەزنی مێرگە و، فەقێ محەمەد ئاغای مەزنی شێوە زووریان برد بۆ بەغدا.

٣- لە پەراوێزی ئەو نامەیشەوە، کە دەقەکەی بڵاودەکەینەوە، نووسراوە: لە ساڵی هەزار و دووصەد و هەشتا و پێنجی کۆچیدا مەلا حەسەنی ئوستاد خاڵە بەهۆی لە کارلابرانی مەلا ئەحمەدی شێخ مەمموودیی قازیی ڕەواندزەوە فەرمانی قازییێتی لە دەست دەرچووبوو. ئەمەم نووسی تا بۆ کاتی خۆی بەکەڵک بێت. هەر لەو ساڵەدا محەمەدی کوڕی مەلا حەسەن لە دایک بوو.

شایانی باسە مەلا عەبدوڵڵای شێخ مەمموودیی کە زاوای مامۆستا مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمیی بووە و، شەرحی کتێبەکانی وەضع و ئیستیعارەی مامۆستای ناوبراوی کردووە.. مامۆستایەکی ناسراو و بەناوبانگ بووە، مامۆستا مەلا ئەحمەدی قازیی ئەمە یەکەمجارە کە ناوی بەر گوێ و قەڵەمی من دەکەوێت.

دەقی نامەکە:

«آنکه حمیتکاران قادر آغا وکیل مدیر، وسلیمان أغا میر قضای بالک - زید رشدهما - بدانند.

چون در پایز گذشته مام رسول نام پسر خضر آغای شیوه زوری دو رءس درازگوش، یکی مال ملا حسن، ودیگر ازان صوفی احمد چومبالوکی





دزدیده، ومرقوم دراز گوشهای مسروقەرا حین کە با شنو[٣] مشاهده کردەاند،

واحقاق حقوق را نیاز واسترحام گشته، بنابران باید بورود شقه مرقوم مام رسول را بدانجا جلب هرگاه اقرار بدراز گوشها نمود از وی تحصیل وبجانب مرقومان تسلیم وتوصیل دارید، واگر خود سالف الذکر مام رسول انکار کرده باشد آنگاه حسب الشرع مادەرا رؤیت، وکیفیت را برای ما اشعار دارید، لا بد احقاق حق را کرده باشید دانسته، ودر عهده شناسند.

١٥ رمضان سنه ٢٨٤

قائمقام لواء رواندز

السید مصطفی اسرار»

ئەوەیشی لە پەراوێزی ئەم نامەوە نووسراوە ئەوەیە:

«در سنهء هزار و دوصد و هشتادو پێنج از هجرت نبوی ملا حسن اوستاد خاله سبب به عزل شدن قاضی رواندز اعنی به ملا احمد شیخ ممودی حکم واحکامی قضای از دست او بدر شده بودند. کتبت هذا تا وقت حاجت بکارآید. فولد محمد ابن ملا حسن فی هذه السنة المرقومة».

شایانی باسە ئەو زەوائیدانەی لەو دیوی ئەم نامانەوە نووسراون فەتواو ڕای مامۆستای مەزنی کورد مامۆستا مەلا محەمەدی خەتێن.

(٣) ئەمە لە نامەکەدا پینەکراوە و بووە بەژێر پینەکەوە و ناخوێنرێتەوە.







## مامۆستا مەلا خدری ڕواریی

### ٤٨٣

مامۆستا مەلا خدری ڕواریی یەکێکە لەو دەیان و صەدان و زیاتریش لەوانە، یان دروستتر بڵێین: یەکێکە لەو ژمارە زۆرانەی زانایانی کورد کە مەگەر هەر خودا خۆی ژمارەی خۆیان و، قەوارەی کار و خزمەتیان بۆ ئاییینی ئیسلام و ڕۆشنبیریی گەلی کورد بزانێت. ئەو زانایانەی کە بێگومان گەلێکیان هەر ناویان بەرپای گوێی ئێمە نەکەوتووە و، مێژووی زانایانی گەلی کورد و گەلانی موسوڵمانیش هەواڵێکیان لێیان نییە.

ئەم مامۆستایش کە لە پەنای یەک دوو یادگاری بچکۆلەیدا ناوی زیندە پارێزراوە، بەتایبەتیی (دەوڵەت نامە)کەی کە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مدرِس لە زاراوەی گۆرانییەوە کردووە بەسۆرانیی و، مێرمندالانی کورد لە ڕێگەیەوە لە ڕۆشنبیریی کوردیی ئیسلامیی و کۆمەڵایەتی سوودی باشیان وەرگرتووە.

کە بەناوی ئەم مامۆستا ئاشنا بووم هەوڵم داوە - وەک بۆ مامۆستایانی دیکەی کوردم کردووە - بەشێوازی تایبەتیی خۆم خزمەتێکی دروست و شیاو بەم مامۆستایش بکەم. لەم بوارەدا لە هەر شوێنێکی سەرچاوەی دەستخەتەکاندا ناو و بەرهەمی مامۆستا مەلا خدرم دیبێ لای خۆم تۆمارم کردووە.

کە بیستم برای وریا و هێژام مامۆستا مەلا جەمیلی فاروقیی خەریکی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی مامۆستا مەلا خدرە ویستم هاوبەشیی ئەو خزمەتە بکەم و، دەستە بارەی خۆمی تێبخەم، هاتم زانیارییەکان - وەک لەم چەند دێڕەدا باسیان دەکەم - لەتەک خۆم هەڵگرت.

لە سەفەرەکەمدا بەشاری سنەدا ڕۆیشتم و هەواڵی دەستخەتم پرسی، تا سەرم لە کتێبخانەی مەرکەزی شارەوانیی دەرچوو، لەو کتێبخانەدا شوێنەواری خوالێخۆشبوو زانای پایەبەرز مامۆستا بورهانەدین حەمدیم[١] بینی. لە ناو شوێنەوارەکانی مامۆستا حەمدیدا

(١) مامۆستا حەمدیی خاوەنی ئەو دەستخەتانە بە (ئاغا حەمدیی) ناسراوە، مامۆستایەکی زانای پایە بەرز و، پیاوێکی کۆمەڵایەتیی ناوداری شاری (سنە) بووە، وتیان لە هەفتەنامەی (ژیار)دا ژیاننامەی نووسراوە، هەوڵم دا بیبینم و شتێک لە ژیانی شارەزا ببم، بەڵام من بەرێوە و بەسەر پێوە ئەوەم بۆ نەگونجا. ئەوەندەم زانی کە دەستخەتەکانی نزیکی چل دەستخەتی نایابن، دانراوی =

چاوم بەدیتنی گەلێ شوێنەواری مامۆستایانی کورد ڕوون بووەوە، بەڵام لە هەموویان زیاتر جێگەی خۆشیی و مایەی شادیم شوێنەوارێکی، یان دروستتر بڵێم، شاکارێکی مامۆستا مەلا خدری ڕواریی بوو کە تا ئێستە هەواڵی بەگوێی مێژووی زانایانی کورد و شوێنەوارانیاندا نەدراوە.

ئەم شاکارە دوو بایەخی گەورەی هەیە:

یەکەم: جوانیی خەتەکەی و سفتیی و ڕەوانیی نووسینەوەکەیی و بەتوانایی و بلیمەتیی نووسەرەوە بەرێزەکەی. کە بەڕاستیی من لێرەدا هەرچیی بنووسم و بڵێم ناتوانم وەسفی بکەم و مافی بدەم، تەنها ئەوەندە دەڵێم:

خۆزگە ئەگونجا بۆ دەرخستنی بەتوانایی ئەو زاتە مەزنەی کورد دەستخەتەکە وەک خۆی بەئۆفێست چاپ دەکرا و ئەو شاکارە لە لەناوچوون ڕزگار دەکرا و، چاوی نەوەی ئەمڕۆ و دواڕۆژی - وەک چاوی منی ڕوون کردەوە - ڕوون دەکردەوە.

ئەم بایەخە لای نەوەی مامۆستای ڕوودباریش هەروا بووە و، وەک دواتر باسی دەکەین مامۆستا فەخرەدینی کوڕەزای شانازیی بەو نوسخەوە کردووە و، وای زانیوە هاوتای نییە.

دووەم: بایەخی هەندێک زانیاریی کە مامۆستا لە چەند دێڕێکی کۆتایی دەستخەتەکەدا تۆماری کردوون و بەسەنگی دەستخەتەکە و، دەیان نوسخەی وەک دەستخەتەکەیش گەوهەر و تەڵا نانرخێنرێت.

لەبەر ئەوەی ئەو چەند دێڕە شوێنەواری بیر و قەڵەمی مامۆستان و ئێمەیش شتی وامان لە دەستدا نییە و، ڕزگارکردنی ئەو چەند دێڕە بەکارێکی پێویست دەزانین، وام بەباش زانی دەقەکە وەک خۆی تۆمار بکەم و دوایش ئەو زانیارییانەی لێی وەردەگیرێن لێی هەڵبێنجم:

«أحمد الله الذی أعدنا لاستکتاب مفاتیح کلامه بتحریر القاموس،

=مامۆستا حەمدی خۆییان تێدایە. مامۆستا زۆر جوان پاراستوونی، خۆی خەتخۆش بووە، هەروەها مامۆستا مەلا عەبدولحەمیدی باوکیشی زانایەکی بەتوانا و خەتخۆش و هیمەت بەرز بووە، لە بەغدا و سلێمانیی و ئەربیل و شوێنانی دیکە خوێندوویەتی، گەلێ کتێبی نایابی بەخەتە جوانەکەی بەحاشیەی زۆرەوە نووسیوەتەوە، فەقێ و مامۆستایانیش گەلێ کتێبیان بۆ نووسیوەتەوە. مامۆستا حەمدی - وەک گوتم - جوان پاراستوونی و، ئێستەیش باش لە کتێبخانەی ناوبراودا پارێزراون و، وەک باسمان کرد دەستخەتە قامووسە نایابەکەی مامۆستا مەلا خدری ڕواریی یەکێکە لەو دەستخەتانە.





وأمدنا لاکتساب تصحیح تمامه بتأیید الناموس. وشکرا له في مقابلة تجدید نعمه تصحیحا، وحمدا له علی مناولة کلامه ترقیما وترجیحا، وصلی الله علی من سبح في کفه الحصاة بدل الخط تسبیحا، وعلی آله واصحابه الذین حاولوا للدین تنقیحا.

فیقول الفقیر المرتجی إلی رحمة الباري ابن ملا احمد خضر الرودباري، من ناحیة (أرمان) من توابع اردلان: فرغت من کتابة هذه النسخة الشریفة ثانیا من النسخة الاولی بخطي - ایضا - التی قابلتها بنسختین صحیحتین احداهما قوبلت بنسخة المصنف بلا واسطة، وهذه بواسطتین، ظهر یوم الجمعة لثمانیة عشر من شهر صفر المبارک بتوفیق الله تعالی وتبارک ۱۲۰۳، متحریا لمسطره علی الوضوء تماما، ولکتابته ایضا غالبا اکراما لما فیه من لغة کلام الله القدیم السرمدي. ولسان الرسول المکي العربي، مکتسبا لنیل الثواب السنة النبوي[٢]، وتیمنا لدوام دولة من بیمن همته عمّر ولایة الاردلان بعدما دارت خواء هاویة، ونضر أیالة الکردستان بعدما صارت هواء خاویة، وقد اصبح قبل سماءُها أرضا، وطولها عرضا، لأن فی أیامه أرخی عذَبَةَ الدّعة والسعة اهلُ العمامة، ونال الانام في المنام بالامن و السلامة، الذي شوکته أخذ بالاقدام و النواصي، وحملته شبکة النوافر والقواصي، المقدم بالحسب علی الاکفاء و الاقران، والمتقدم بالنسب والاجداد الفخام العظام في الایران، الخان بن الخان، العالي الوالي خسروخان، بن الخان احمد خان، لازال موفقا بعنایة المعز المنان، وانیقا حظه وجده ببهجته وبسطته کالجنان، وکل ذلك بحمد الله فقد کان لا اقول ذلك سمعة ومداهنة، لأن الخبر لیس کالمعاینة، بل شکرا لانعامه، وذکرا لاکرامه، فمن لم یشکر الناس لم یشکر الله. بلغه الله الی اقصی مناه، ورزقنا الخاتمة الحسنی وایاه، یا الله یا الله یا رباه. و علی محمد النبي - صلی الله وسلم الله - وعلی آله واصحابه الذین

(٢) مامۆستا مەلا خدر لەم نووسینانەیدا چەند هەڵەیەکی بەپێی ڕێزمانی عەرەبی من وەک خۆیان نووسیمن. لەوانە: (لنیل ثواب السنة النبوي) باشتر وایە (السنة النبویة) بێ. هەروەها (في الایران) کە (في ایران) گونجاوترە و (في العشر الآخر من رمضان)، (في عشر الأواخر) ڕەساترە...

اهتدوا بهداه. آمين يا اكرم الاكرمين. ويا غياث المستغيثين. والحمد لله رب العالمين. تم الختام والسلام.»

لە پەراوێزی ئەم نووسراوەیشەوە نووسیویە:

«تم القبال بتوفيق الموفق المفضال، على هيئة الاستعجال، في العشر الآخر من رمضان. و العشرين من شوال مع ولديَ الرابع مصطفى، جعله الله اهلا للوفاء. واولاه ببركة اهل الصفا، علما وفضلا وشرفا، ورزقه خيراً خلفا، فجاء بحمد الله معربا مصححا تهذيبا، على ان مدة الكتابة والمقابلة سنة تقريبا، لأنا بدأنا بكتابته في السنة السابقة، و فرغنا من مقابلته ٣٠ شوال في السنة اللاحقة ١٢٠٣ . وقد حصلت فترة اربعة اشهر بالاسفار العائقة، ختم الله لنا بالافعال الفائقة، و هدانا الى الاعمال اللائقة، وأبدَلّنا من هذه القرية الظالم اهلها، ببقعة يذهب الحزن سهلها، و بدّلنا بجوار الاشرار برودبار، بجوار الاخيار، بحق السيد المختار، وآله الابرار يا كريم يا غفار آمين، آمين، آمين يارب العالمين. بادئا به منتصف جمادي الاخرى يوم الاربعاء ١٢٠٢ ».

پێش ئەوەی بێـمە سـەر لێکدانەوەی ئەو زانیـاریـیـانەی لەو نووسـینەوەی سـەرەوە وەردەگیرێن وا بەباش دەزانم ئەو دەق و زانیارییانەی دیش دەربارەی مامۆستای رواری کۆم کردوونەتەوە لێرەدا بیانخەمە ڕوو ئەوسا بە کورتیی سەرجەمی زانیارییەکان بدەمە بەر لێکۆڵینەوە:

١- الربع الاول من تحفة المحتاج لابن حجر. کە لە (د.ع) بە ژمارە (٥٤٧٦) بەخەتی مامۆستای رواریيە و نووسیویە:

«بيد الحقير ابن ملا احمد خضر الرودباريي الاورامانی، معتكفا في الجامع السليمانية ببلدة قلعة چوالان يوم الثلاثاء ١١٧٠»

٢- (الربع الثاني من تحفة المحتاج) کە بە ژمارە (٧٢٢٢) پارێزراوە، مامۆستا لەسەری نووسیوە:

«الحمد لله على اتمام الربع الثاني بتوفيق هداية الرباني، من الشرح المسمى بتحفة المحتاج، في شرح المنهاج. للعالم الفاضل الكامل المشتهر بابن حجر احمد بن محمد الهيثمي الانصاري المتبحر المعتبر. بيد الفقير





الى رحمة الباري، خضر بن مولانا احمد الرودباري، سنة الف ومائة وسبعين. مع عدم السكون موضعا في الاربعين. جزء في الخلوات، وجزء في الملوات، صفحة في الفلاة، وصفحة في الغرفات، اوراق بالليل، واوراق بالنهار، شطر في الحجرة، وشطر في الدار، راقما للكتاب ، و متكلما مع الاحباب، خاطبا لخطاب المخاطبين، وكاتبا كتاب المكاتبين، يوما بالحزن و يوما بالسرور، مع تكرار الايام والاسبوع والشهور، رحم الله امرأ ينظر إلى مقالتي و يتدبر في حالتي و لا يجعلني هدفا للطعن والملام، في زلة اقدام الاقلام وانا راج منه ذكر الخير والسلام.)

دیارە ژیانی مامۆستای ڕوودباریی بە دروستیی نەنووسراوە و، نە ساڵی لە دایکبوونی و نە کۆچی دوایی دیارە. جا ئەگەر بمانەوێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی سەرەوەدا چوارچێوەیەک بکێشین و وێنەیەکی ژیانی مامۆستای ڕوودباریی تێ بخەین، ئەوا دەگونجێ وێنەیەکی - با کاڵ و لاوازیش بێ - دروستی ئەم مامۆستا بەڕێزەی تێدا بسازێنین و سەردەمی ژیان و، توانای زانستی و، باری ژیانی و... چەند لایەنی دیکەی لەبەرچاوی خوێنەراندا بنوێنین. کە ئەمەیش دەنووسین و لە عاستی گەلێ باری ژیانیدا دەستەوسانین و ڕێگەمان لێ دەچێتە بەست، هیوابراوی ئەوە نین کە ئەگەر بە وردیی بە شوێن شوێنەوارەکانی و دانراوەکانیدا بگەڕێین و، سۆراخی بەرهەمەکانی بکەین زانیاریگەلێکی وەها بەدەست بهێنین بتوانین تابلۆیەکی ڕەنگامەی باڵای بۆ بڕەنگێنین، کە چاوی مێژووی زانایانی گەلی کوردی پێ گەش ببێتەوە.

بەهەر حاڵ و بەو هیواوە لەو خاڵەوە دەست پێ دەکەین کە مامۆستای ڕوودباریی ساڵی (١١٧٠) لە مەدرەسەی سلێمانی لە شاری قەڵاچوالانی پایتەختی میرانی بابان فەقێ بووە و بەرگی یەکەمی توحفەی نووسیوەتەوە و، دەگونجێ لەو ساڵەدا فەقێ بووبێت - ئەمە جۆرە گومانێکە - وەک دەیشگونجێ لەو سەردەمەدا مامۆستا بووبێت لەو مەدرەسەدا، چونکە ساڵێک دوای ئەوە، واتە ساڵی (١١٧١) دەیبینین مامۆستایەکی جەنجاڵ و سەرقاڵ و بێ ماوە و دەرەتانە و، لەتەک قسەکردن لەگەڵ ئەم و ئەودا خەریکی نووسینەوەی بەرگی دووەمی توحفە بووە. جا ئەگەر بتوانین بڵێین ساڵی (١١٧٠) لە قەڵاچوالان فەقێ بووبێت و لە دوای ئەوە ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتبێت و هاتبێتەوە ڕوودبار لە جێگەی باوک و باپیریدا بووبێت بە مەلا، ئەوا گومان بۆ لای ئەوە دەچێت ساڵی (١١٥٠)و دەور و بەری لەدایک بووبێت. دوای ئەمە شتێکمان لەدەستدا نییە بۆ

تۆمارکردنی قۆناغەکانی ژیانی بگونجێت و، یەکەم شت و تەنها شت سوودی بۆ ئێمە هەبێت شاکاری قامووسە دەستخەتەکەیەتی کە گەلێ سوودی لێ وەردەگیرێت، وەک:

لە کاتێکدا مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای بێتووشیی هاوچەرخی ئەو بووە و کەڵە زانایەکی کورد بووە کە باسی گوندی بێتووشی زادگای خۆی دەکات بە پارچە شیعری:

ألاحيّ بيتوشا و اكنافها التي ... و

تیایدا دەڵێ:

بلاد بها حل الشباب تمائمی
واول ارض مس جلدی ترابها

تابلۆیەک لەو گوندە کوردستانییە و خەڵکە جوامێر و بەشەرەفەکەی دەڕەنگێنێ دڵێ هەزار دڵ شەیدای دەبێت، کەچی مامۆستای ڕوودباریی بەجۆرێک لە ڕوودبار بێزارە لەوە زیاتر هەڵناگرێت و، (اخرجنا من هذه القرية الظالم أهلها)ی بۆ بەکاردێنێت و، خەڵکەکەی بەستەمگەرگەلێکی وا ناو دەبات ژیان لەتەکدا هەڵکردنیان نەگونجاوە و، هات و هاواری گەل و کەسانێکی دیبەتی.

دەستخەتی قاموسەکە ئاوێنەیەکی باڵاڕوانی بە توانایی و زانایی و لێکۆڵەرەوەیی مامۆستایە.

ئەوەتا لەلایەکەوە لە کەمتر لە ساڵێکدا، بەڵکو لە (٨) مانگدا ئەو کتێبە گەورەی بەو خەتە جوانە کەم وێنە نوسیوەتەوە، نووسینەوەیەک، دوای بەراوردی ورد دەردەکەوێت هەڵە و لەبیرچوونی تیایدا دەگمەنە.

لە لایەکی دیبەوە کە باسی نوسخەی یەکەم و دووەم و بەراوردکردن بە نوسخەی دانەرەوە دەکات، زاراوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمییانەی دانشگا باڵاکانی جیهانیش لەوە زیاتر نین و، مامۆستای ڕوودباریی خۆی و زانایانی هاوچەرخی کە خاوەنی ئەو بیر و زاراوانە بوون، بێ گومان مامۆستا گەلی مامۆستایانی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەم سەردەمە و پێشتر و دواتریشن.

ئەوەتا کە باسی نوسخەی یەکەمی دەستخەتی قامووس دەکات، کە مامۆستا خۆی، پێش ئەم نوسخەی باسی دەکەین، نووسیویەتیەوە، باس لەوە دەکات: کە ئەم نوسخە دووەمەی لەبەر نوسخە یەکەمەکەی خۆی بەراورد کردووە، کە ئەویشی لە بەرانبەری دوو نوسخەدا بەراورد کردووە، کە یەکێکیان ڕاستەوخۆ لە بەرانبەری نوسخەی دانەری قامووس خۆیدا بەراورد کراوە!





جا ئەم نووسینە جگە لە بایەخی زۆری نوسخەکەی مامۆستا کە ڕەنگە بێ وێنە بێت و، لەوانەیە تا ئێستەیش کە قامووسی موحیط دەیان چاپی جۆراوجۆر و زانستییانە کراوە، بۆی نەلوابێ لە بەرانبەری وەها نوسخەیەکدا چاپکرابێت.. بایەخێک بە زاراوەی - یان زاراوەگەلی - لێکۆڵینەوەی زانستی و نوسخەی دایکانە (نسخه الام) دەدات، ڕەنگە پێش ئەویش و دوای ئەویش لەوە زیاتر نەنووسرابێت و نەبیسترابێت.

* مامۆستامان وەک ئەو بێزارییە بێ سنوورە لە ڕوودبار و خەڵکەکەی دەردەبڕێت، دیارە لە ڕەشبینی و بێزاریی خۆی لە ژیان نییە و، مامۆستا ویستوویەتی بەتاڵ بڵێ تاڵ و بەشیرین بڵێ شیرین و، ڕەش بەڕەش و سپی بەسپی ببینێ. ئەوەتا کە باسی میری ئەردەڵان خوسرەوخان دەکات - بێ ڕووپامایی و خونکیی و شانتەکاندن - وڵاتەکەی دەکاتە بەهەشتی سەر ڕووی زەوی و، خۆیشی - واتە خوسرەو خان - بەمیرێک کە لەوە زیاتر هەڵنەگرێت و، بەجۆرێک دەیکات بەچاودێریکەری زانایان و مامۆستایان کە مامۆستایان هیچ کات لەوە زیاتر لفکەی ژیانی ئاسوودەیی و بەختەوەریی و کامەرانییان شۆڕتر نەبووبێت.

* دیارە وەک ژیانی مامۆستا خۆی بەوردیی نەنووسراوە ژیانی نەوە و کوڕەکانیشی نەنووسراوە و، هەر زانیارییەک لەو بارەوە نوێ و جێگەی بایەخە. لەو ڕووەیشەوە مامۆستا خۆی دەفەرمووێ: کە قامووسەکەی لەتەک مصطفەفای کوڕیدا، کە کوڕی چوارەمی بووە، بەرانبەر کردووە، ئاشکرایە هیچ هەواڵێکمان لە سێ کوڕەکەی دی نییە و، ئەم کوڕەیشی کە دیارە زانایەکی باش بووە هیچ لە ژیانی نازانین و، لەوانەیە کوڕی پێنجەم و زیاتریشی بووبێت.

* هەروەها دەزانین کە مامۆستا مەلا خدر تەنها خۆی تاکە زانای بنەماڵەکەیان نەبووە و وەک لە پشتی قامووسەکەوە دەردەکەوێت مامۆستا مەلا خدر کوڕەزایەکی زانا و مەلا چاکی بووە کە شانازیی بەباپیری و نوسخە نایابەکەی دەستخەتی قامووسەکەیەوە کردووە، ئەم کوڕە بەڕێزە مامۆستا مەلا فەخرەدین بووە کە لە ژیانی خۆیدا بەرگی قامووسەکەی نوێ کردۆتەوە و، جزو بەندەکەی تازە کردۆتەوە و، ژیانێکی نوێی کردووەتەوە. بەبەری کتێبەکەدا ئەمەیش لە ساڵی (١٢٧٣)دا بووە.

ئەم مامۆستا فەخرەدینەیش خەتخۆش و زانا و شاعیر بووە و، لە ڕووی شانازیکردنیەوە بەدەستخەتەکەی باپیریەوە لەسەر یەکێک لە لاپەڕەکانی پێش کتێبەکە نووسیوبە:

اذا نسَّخُ القاموس يوما تنازعوا
وكان ادّعى كلٌ على الآخر الحسنا
فنسختنا هذي لها الحسن ثابت
و ليس لدعواهم محل، ولا معنا(!)
فارجع البصر هل ترى من فطور.

ئەوەیش دەبێ لەبیر نەکرێت و پێش هەموو شت باسی بکرێت ئەو ڕێزە بێ سنوورەی مامۆستای ڕوودبارییە بۆ قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمەر کە دوو سەرچاوە گەورەکەی ئایینی ئیسلامن، ئەوەتا لە ناو نووسینی کۆتایی قامووسەکەدا دەفەرمووێ: لەبەر ئەوەی قامووس زمانی عەرەبییە و پیت و کەرەستەی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمەرە.. بەزۆریی لە کاتی نووسینەوەی ئەم قامووسەدا دەستم بەدەستنوێژەوە بووە و، کەم وابووە بێ دەستنوێژ لە نووسینەوەی قامووسەکەدا کارم کردبێت.

* جگە لەوەی لە قامووسەکە وەردەگیرێت لە دەستخەتی ژمارە (٣٣٢٤٢ د.ع) ئەوە وەردەگیرێت کە ئەو دەستخەتە – کە (لسان العرب في علوم الادب)و هۆنراوەی (شرف الدين ابى سعيد شعبان بن محمد القرشى الشافعى) یە- فەخرەدینی ڕوودباریی ساڵی (١٢٣٩) لەبەر خاتری مەلا موئمین نووسیویەتیەوە.

ئەگەر ئەم فەخرەدینە کوڕەزای مامۆستا مەلا خدر بێت ئەوا دیارە مامۆستایەکی بەتەمەن بووە، چونکە (٣٤) ساڵ دوای ئەم مێژووە ئەو شیعرانەی نووسیوە.

هەر لەو دەستخەتەیشدا مامۆستا باسی لەدایکبوونی دوو کوڕی خۆی کردووە، یەکێکیان ناوی عەبدوڕەحمان بووە و ساڵی (١٢٤٥) لەدایک بووە، لە ٢٠ ی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا. کوڕی دوومیان کە ناوی عەبدوڵڵا بووە لە ٢١ ی ڕەمەزانی ساڵی (١٢٤٨)دا لە دایک بووە.

* دانراوێکی مامۆستا مەلا فەخرەدین:

دانراوێک هەیە بەناوی (تذهيب المرام في ترجمة تهذيب الكلام) بەزمانی فارسی دانراوی مامۆستا فەخرەدینی کوڕی مەولا ئەحمەدی ڕوودبارییە کە تەرجەمەی (تهذيب الكلام)ی مامۆستا شێخ محەمەد وەسیمی مەردۆخیی پێ کردووە بەفارسیی.

ئەگەر ئەم مامۆستا فەخرەدینە هەمان فەخرەدین بێت کە پێشتر لەتەک باسی





قامووسەکاندا ناویمان هێنا، ئەوا ناوی دوو کوڕی مامۆستا مەلا خدرمان زانی یەکێکیان مەلا مصطەفا بوو کە مامۆستای باوکی دەفەرمووێ: قامووسەکەم لەتەک ئەودا لەسەر نوسخەی یەکەمی دەستخەتی خۆم بەراورد کردووە. کوڕی دووەمیشی مامۆستا مەلا ئەحمەدی باوکی ئەم فەخرەدینەیە، کە دیارە مامۆستا مەلا خدر بەناوی خۆیەوە ناوی ناوە. واتە فەخرەدینی کوڕی خدری کوڕی ئەحمەد.

ئەم مامۆستا فەخرەدینەیش کتێبەکەی بەئەمانوڵڵا خانی کوڕی خوسرەوخان پێشکەش کردووە و، وا دیارە مێژووی دانانی کتێبەکەی ساڵی (١٢٦٠)ی کۆچیی بووە.

دەستخەتی ئەم کتێبە مامۆستا مەلا فەتحوڵڵا ناوێک ساڵی (١٣٠٦) بەخەتێکی (نستعليق)ی زۆر جوان نووسیویەتیەوە. بیستم مامۆستا ڕەئووفی تەوەکەڵیی چاپی کردووە، بەڵام من بۆم نەلوا بیبینم.

لەم کورتە نووسینەدا کە باسی مامۆستایەکی پایەبەرزی ئاوا بکەین چەندین پرسیار بێ وەڵام دەمێننەوە. لە سەرووی هەموویانەوە: دەبێ مامۆستا چەند دانراوی بووبێت؟ دەبێ دانراوە نەناسراوەکانی مابن؟

دەماودەم بیستوومە کتێبێکی گەلێ بەرزی – جگە لە دەوڵەتنامە – لە ئەخلاق و کۆمەڵایەتیدا بووە، بەڵام هەواڵی نازانین. هەروەها بیستوومە کە مامۆستا مەلا خدر کتێبێکی گەلێ نایابی لە ئەستێرەناسی و باسی حسابی مانگ و ڕۆژ و زانینی کات و وەرزەکاندا بووە، بەڵام مامۆستایەکی کورد بەشێکی بەناوی خۆیەوە لێ هەڵپڕوکاندووە و چاپی کردووە!

وەک گوتم مامۆستا مەلا خدر بەدەوڵەت نامەکەیەوە ناسراوە، هەروەها (ڕۆڵی بزانی) هەیە و ئێستە مامۆستا مەلا جەمیلی فارووقیی سەرگەرمی لێکۆڵینەوەیان و بڵاوکردنەوەیانە، ئومێدەوارم سەرکەوتوو بێ لە کارەکەیدا و سەرەتای کاری گەورەتر و بەپێزتر و، یەکەم قۆناغی کاروانی دوور و درێژی لێکۆڵینەوەی بەرهەم و ژیانی مامۆستایانی گەورە و زانایانی ناو ونبووی کورد بێت.

هەر بەم بۆنەیشەوە ژمارەی چەند دانەیەک لە دەستخەتەکانی(دەوڵەت نامە) و (ڕۆڵە بزانی) کە لە (د.ع)دا دیومن تۆمار دەکەم:

ژمارە (١٨٣٠٠) نوسخەیەکی دەوڵەت نامەیە تیایدا هاتووە کە مامۆستا ساڵی (١١٩٧) ئەم کتێبەی داناوە. نوسخەکە ساڵی (١٢٦٢) نووسراوەتەوە.

ژمارەکانی: ٢٨٦٣٤ و ٣١١٣٦ و ٣٣٦٤٨ نوسخە گەلی (ڕۆڵە بزانین)و یەکەمیان ساڵی (١٣٣٧) لە گوندی (ئاریان) لەبەر خاتری فەقێ عەبدوڵڵای کوڕی حاجی حەبیبی ئاریانی نووسراوەتەوە.

هەروەها دەستخەتێکی ئیستیعارەم لە سلێمانی دیوە کە محەمەدی کوڕی حسەینی روودباریی ساڵی (١٢٢٠) لە گوندی (پیر ڕۆستەم) نووسیویەتیەوە، بەڵام لێم ڕوون نییە کە ئەم مامۆستا لە نەوەی مامۆستا مەلا خدرە یان نا.

دەستخەتی ژمارە (٢٦)ی دەستخەتەکانی مامۆستا حەمدیی کوڕی مامۆستا عەبدولحەمید کە لە کتێبخانەی مەرکەزیی شارەوانی لە سنە پارێزراون نوسخەیەکی نایابی (دەوڵەت نامە)کەی مامۆستا مەلا خدرە.

١٩ / جمادي الآخرة ١٤٢٦

تاران ٢٦ / ٦ / ٢٠٠٥

## شوێنەوارێکی دیکەی بنەماڵەی رووداریی:

بنەماڵەی مەلا خدری ڕوواریی پشتاوپشت مەلا و مەلازادە بوون و، بەزۆریش مەلای چاک و خوێندەواری باش بوون، بەڵام بەداخەوە شوێنەوارەکانیان تێدا چوون و[(١)]

شتێکی کەمی پەرتەوازە و ئاوارە و بێنازیان ماوەتەوە، کۆکردنەوەی ئەو شوێنەوارە کەمانە تیشک ئەخاتە سەر دەوری زانایانی ئەو بنەماڵە و، پلە و پایە و ڕێزیان دەردەخات.

لە کۆتایی دەستخەتێکی ئەم بنەماڵەوە کە بە خەتی فەخرەدینی کوڕی مەلا ئەحمەدی ڕوواربیە دەقێک دەخوێنینەوە دوو لایەنی پڕ بایەخمان بەدەستەوە دەدات:

**یەکەم:** پلەی زانایی و خوێندەواریی نووسەرەوەی دەقەکە، کە زمانی عەرەبییەکەی و، داڕشتنی دەقەکەی ئەوە بەڕوونیی دەدەن بەدەستەوە.

**دووەم:** پلەی (أمان الله خان)ی والیی ئەردەڵان کە چەند جێگەی ڕێزی زانایان بووە و، چۆن بایەخی بەخوێندن و ڕۆشنبیری داوە و، ئاسوودەیی و، ژیانی خۆش و کامەرانی بۆ

(١) برای بەڕێزم مامۆستا جەمیلی فاروقیی بۆی گێڕامەوە ئەویش زەلامێک بۆی گێڕاوەتەوە: کە مەلایەک - دیارە کوڵکە مەلا بووە- دەچێتە گوندی ڕووار بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی گەنم و جۆ، زەکاتەکەی دەکاتە ژوورێک کتێبی دەستخەتی تێدا دەبێت، لەوانەیە کتێبەکان جێگەیان لە زەکاتەکەی ئەو گرتبێت، پڕ دوو گونیە دەستخەت دەدەن بەدەم ئاوەوە.





مەلایان و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆی فەراهەم کردووە، تا بەو شێوە هەموویان لێی ڕازیی بن و ستایشی کرداره جوان و شایستەکانی بکەن. ئەمەیش یەکەم دەق نییە کە ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو، مامۆستا مەلا خدریش - وەک ڕابورد - لە کۆتایی دەستخەتی قامووسەکەیەوە ئەمەی ڕاشکاوانە نووسیوە.

هەروەها مەولەویی یەکەمیش لە کۆتایی فەرهەنگەکەیەوە بەشێوەی ئەمان ئەوەی نووسیوە.

ئەمەیش دەقەکە وەک خۆی و بە زمانەکەی خۆی:

«حامداً للّة الذي أحيا بالعدل أراضي أشباحنا، و نوّر بشموسها أفلاك ارواحنا، وجعلها في الدنيا وسيلة لنجاحنا، وفي الآخرة باعثة لفلاحنا، ومصليا على قطب دائرة العلوم والكمال، ومسلّما على ياقوتة تيجان محاسن الفضل و الجلال، فلق صبح أنوار الوحدانية، وضياء شمس اللمعات الربانية، سيدنا ومولانا محمد المصطفى ذي الجلال الظاهر، والجمال الزاهر، والكمال الفاخر، والنور الباهر، وعلى آله الاخيار، واصحابه الابرار، على ان حداني وهداني على استكتاب الربع الثالث من كتاب إحياء العلوم لحجة الاسلام الذي تحيرت في بحار علومه الفهوم، بادئابه مستعينا بالله تعالى وتقدس، في سابع ربيع المولود، ومختتما إياه ليلة الخميس رابعا و عشرين من جمادى الاولى باعانة الملك المعبود، ووقع تعويق للكتابة بين بين من الايام نحو ثمانية و عشرين، على ما هو العادة والمقتضي للشهور و السنين، لازلت بحمد الله تعالى في كتابته متوضيا و مستقبلا القبلة، أعني بيتة الحرام. الا ما قلّ بسنوح الضرورات التي معفوّة لدى الانام، ناديا بكل ذلك لذوام ايام عظمة من كانت دولته مشرعة للكرم، و مطلعة للهمم، التى لاحت فيها الشموس، و ارتاحت فيها النفوس، وارتفعت فيها اقدار العلماء، و بلغت نحو الجوزاء مراتب الفضلاء، لايتكلم الا لراحتهم فوه، نعم لايعرف ذا الفضل من الناس الا ذووه، اذ به بدء العلم والحكمة وختم، ولديه ثبت البيان واتم. استقرت الفضائل لديه، استقرار السيف والجنَّة في يديه، واختالت الفواضل في مناه، اختيال الرّمح في يمناه، وتباهت منابر الحكم بوجوده، تباهي الذهب والفضة عن جوده، وتمنى... بتمدّغ مداده، تمنّي المعدن من

كفه في امداده، وحيثما جلس حلماً رأيته الطود في الوقار، او غَضِبَ خلته كأنه هزبر ليس له قرار، ها هو الوالي العالي، ذو الجود المتواليِ، نتيجة الامراء العظام، وفخر الولاة الكرام، ذو النسب القديم بايران، صاحب ايالة ولاية كردستان. الوالي بن الوالي بن الوالي بن الوالي، صاحب التأيدات الرباني، آمان الله خان الثاني، لا زال رفيعا عَلمه، ودفيعا ألمه، وكثيرا اولاده، وغفيرا اجداده، بجاه النبي خير البشر، فخر ربيعة ومضر، وان تسل عن الكاتب فقد كان قدما خادما لحضرته، وداعيا لشوكته، وراجيا لحشمته، كل ذلك بحمد الله قد كان، ووافق له دوننا الزمان، لكن نحن – معاشر علماء رودبار – اخرجها الله تعالى عن يد الاشرار، بألطاف اولياء النعم الاخيار، كان ديدنا سلفا وخلفا، انا زينا مفاتيح مؤلفاتنا بحدودهم السامية، و مغاليق زُبرُنا و مستكباتنا برسومهم النامية.

چونکه در درگاهشان پروردئیم
رو بدرگاه کسی ناوردەئیم

و لأن في ذلك حصل التيمن بحمد الله تعالى مشاهدنا وتجربة كأنه فى حقنا قيل:

ما گرفتاران بیدل هر کجا نالیدەئیم
لرزه بر عرش از دعای مستجاب افگندەیم

والحمد لله تعالى على ذلك وعلى الاتمام، وانا اقل الانام، ابن العالم الفاضل المولى احمد، بن المولى العالم العلامة المولى خضر، بن العالم المولى احمد الرودباريين، فخرالدين. حفهم رضوان ربهم المعين، والحمد لله رب العالمين. وصلى الله على سيدنا ونبينا ومولانا محمد وآله الطاهرين، وأصحابه المعظمين.

سنة ١٢٧٤.

سيبقى الخط في القرطاس دهرا
و انملتى رميم في التراب
گر بهم برزده بینی خط من عیب مکن
که مرا محنت ایام بهم برزده است»





دوای خوێندنەوەی دەقەکەیش چەند مانا و مەبەست لە دوو توێی دێڕەکانەوە دەردەکەون لەوانە:

وەک دەڵێن: دەڵێی نوسخەیەکی (طبق الاصل)ی مامۆستا مەلا خدری باپیریەتی لە: جوانی خەت و نووسینەوەیدا، گەرمدەستی و تەڕدەستیی و گورجی لە کاریدا، شێوەی پیاهەڵدان و جوانی و ڕەسایی دارشتنی وشە و ڕستەیدا، بەجۆرێک گومانی خوێنەر بۆ ئەوە دەچێت دەستخەتی (القاموس المحيط)ەکەی باپیری دانابێت و، لاسایی ئەوی کردبێتەوە.

لێرەیشدا گلەیی لە بارودۆخی ناباری ڕوودبار دەکات و، وەک ئەوە وایە ڕوودبار لەژێر دەستی داگیرکەردا بێت و، ئەم دۆعا بۆ ڕزگاربوونی دەکات.


هو الحق

باسم الله والصلوة والسلام على رسول الله و بعد

مۆری مەلا خدری رواری







دەستخەتی مەلا خدری رواری

## دانراوێکی مامۆستا مەلا ڕەسووڵی سوورچیی زەکیی

٤٨٤

لە لاپەڕە (٢٩٠)ی بەرگی سێیەمی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد)دا باسی دانراوێکی مامۆستا مەلا ڕەسووڵی زەکیی و هەندێک دەربارەی ژیان و بنەماڵە و نەوەییم نووسی.

لەم ماوەدا لە کاتی گەڕانم بەناو دەستخەتەکانی کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵدا ڕێگەم لە دانراوێکی دیکەی ئەم مامۆستا مەزنە کەوت، وا بەباش دەزانم هەلی ناساندنی بەکتێبخانەی زانایانی کورد لەدەست نەدەم. دەبێ پێش ناساندنی کتێبەکەی ئەوەندە ڕوون بکەمەوە کە ئەم مامۆستا بەڕێزە بایەخی زۆری بەبابەتی شەرع داوە، ئیتر نازانین لە بوارەکانی دیشدا بەرهەمی هەبووە یان نا؟ لەواندا چ کارێکی کردووە. ئەوەی زانراوە دوو بەرهەمەکەی کە ناویان دەزانین هەردووکیان لە بابەتی (شەرع)دان.

ئەم دانراوەیش کە ئێستە باسی دەکەم حاشیەی مامۆستای زەکییە بەسەر توحفەی (ئیبنولحەجەر)ەوەو، سەرەتاکەی ئاوایە:

«... و بعد: فيقول الفقير الى ربه رسول بن يعقوب: ان كتاب التحفة، اعنى شرح شيخ الشهاب الدين ابن حجر على المنهاج، لما كان مشتملا على فوائد كثيرة ونفايس جليلة، بل هو من العجايب في النفع والاشتمال على النفايس، ومع ذلک كان فى غايه الصعوبة...

أردت ان اصنف كتابا لتسهيلها على الطالبين.. لاحول ولاقوة الا بالله

قوله: شرعة .. اي شريعة...»

### کۆتاییەکەشی ئاوایە:

«.. بل الفرق انه ببطلان مالية المبيع.. لايبقى في مقابلة الثمن شيء، ولا يلزم مثل ذلك في بطلان مالية المرهون لكون الرهن عقد ارفاق كالقرض، والله اعلم.

تمت الحاشية الواقعة على كتاب التحفة، اعني شرح الشيخ شهاب الدين ابن حجر المنهاج، لرسول الزكى، على يد احقر العباد





١٤٢٧٠١٢٣٠١٠١:١٢٣٠١٤٢٧٠ ابن اويس بن عباس بن حسن، بن حسن هندستاني، لاجل استاذي مولانا حمزة[١] ١١٧٢ .»

### باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم دەستخەتە لە کتێبخانەی مامۆستای خاڵدا بە ژمارە (٧٢) پارێزراوە، بەخەتێکی خۆش نووسراوەتەوە، نزیکەی (٢٢٦) لاپەڕەیە.

نووسەرەوەکەی ناوی خۆی – وەک لەسەرەوە نووسیمان – بەژمارە نووسیوە، ساڵی (١١٧٢) بۆ مەولانا حەمزەی نووسیوەتەوە.

لەپێش ئەم کتێبەوە کتێبی (الاجازة البالغة)ی ئیبنوحەجەر هەیە، ئەویش بەخەتی هەمان نووسەرەوەیە، لە دوو سێ جێگەدا شتی لێ کوژێنراوەتەوە.

(١) مەولانا (حەمزەی باسنی)مان هەیە دەبێ ئەمە ئەو بێت؟ هەروەها مەولانا حەمزەی سوورچیمان هەیە، بەڵام نازانین ئەم مەولانا حەمزەی ئێرە یەکێک لەم دووانەیە یان مەولانا حەمزەیەکی دیشمان هەیە؟



بسم الله الرحمن الرحيم وبه نستعين وعليه التكلان الحمد لله على ان علم بالقلم علم الانسان

ما لم يعلم حمدا يوافي نعمه ويكافئ مزيده اللهم لا احصي ثناء عليك انت كما اثنيت على نفسك نحمده بجميع محامده

على جميع نعمه عدد جميع خلقه واشهد ان لا اله الا الله وحده لا شريك له وان محمدا عبده ورسوله الذي جعله







وسائر الانبياء والمرسلين والملائكة المقربين وكل اسم وسلم عدد معلوماتك ومداد

كلماتك كلما ذكرك وذكره الذاكرون وغفل عن ذكرك وذكره الغافلون دعويهم فيها سبحانك

اللهم وتحيتهم فيها سلام وآخر دعويهم ان الحمد لله رب العالمين

تمت هذه الرسالة في يد العبد الحقير الفقير الراجي الى الملك الغفار

في يوم الثالثة من رجب المرجب ١١٢٢

## مامۆستایەکی دیکەی شەوەکیی:

٤٨٥

لە لاپەڕە (١٧٧)ی بەرگی چوارەمی ئەم کتێبەدا باسی مامۆستا مەلا حسەینی شەوەکیی و مەلا ڕەسوڵی شەوەکیم کرد.

دواتریش دەستخەتێکم دۆزییەوە نامیلکەیەکی تێدابوو، بەناونیشانی (قاعدة في توريث ذوي الارحام) کە دانراوی مامۆستا مەلا حسەینی شەوەکیی بوو، بەپێی ئەو دەستخەتە مامۆستای شەوەکیی پێش ساڵی (١٠٨٥)ک ئەم دانراوەی داناوە. واتە مامۆستای شەوەکیی پێش ئەو مێژووە ژیاوە.

دوای ئەمانە دەستخەتێکم دەستکەوت کە محێدینی کوڕی سەید عەبدوڕەحمانی جەباریی نووسیویەتیەوە.

مامۆستای جەباریی لەم دەستخەتە بەبایەخەیدا گەلێ دانراوی کۆکردۆتەوە، لەوانە:

١- رسالة المنبهات. دانراوي ئیبنولحەجەر.
٢- ابحاث منتخبة من السفيرى شرح البخاري.
٣- نامیلکەیەک لە باسي حورووفدا.
٤- فرع تلاوة القرآن من شرح العباب.
٥- هۆنراوەی (محاسن الغرر)ی بێتووشیی.
٦- نامیلکەیەکی ئەبو سەعید بەفارسیی.
٧- (ايقاد الضرام)ی ئیبنولحاج.
٨- چەند حاشیە و مەسئەلەی دیکەی مامۆستایانی وەک ئەحمەدی کوڕی حەیدەر و، ڕەسوڵی سوورچی و (یوسف الاصم) و چەند کەسی دی. لەپەنای ئەمانەدا حاشیەیەکی بچکۆلەی مامۆستایەکی شەوەکیم بینی کە تا ئێستە ناویم لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا نەدیوە و، مامۆستای جەباریش وای باس دەکات وەک خۆی لە خزمەتیدا خوێندبێتی و هاوچەرخی بووبێت وەهایە چونکە نووسیویە:

«مد الله ظلال افادة من كشف حجب المشكلات عن وجوه هذه المسألە التي جاؤا اليها بالدلائل من الجهات، وهو العالم النحرير الدافع للأمر الخطير بالحجج الواضحه والقلب المنير، محمد بن عبالقادر بالشوكى الشهير، أسألك اللهم بجاهه و علمه المبين، زدني علما و ألحقني بالصالحين. كتب هذا على خطه المبارك الكثير الذنوب المتين عليها فى الاقدام وهو من احقر تلامذته السيد محي الدين الفقير المفرط الذى بعيوبه غير بصير، سنه (١٢٦٥) في آخر شهر صفر».





بەم پێیە مامۆستا محەمەدی کوڕی عەبدولقادری شەوەکیی کە مامۆستای مامۆستا مەلا سەید محێدینی جەباریی بووە و، ئەو بە شێوە پیایدا هەڵداوە ساڵی (١٢٦٥) لە ژیاندا بووە. بەڵام مامۆستای جەباریی شوێنی نووسینەوەی دەستخەتەکەی دیاریی نەکردووە.

## (فرح الضمير)ی مەلا صالح بەگی شەیدایی(*)

٤٨٦

یەکێکی دی لەو مامۆستا گومناو و نەناسراوانەی - کە ڕەنگە دەیان و صەدانی وەهامان بووبن و هەبن- لە ڕۆژگارگەلێکی دژوار و سەخت و پڕ دەردەیسەری و بێ خەمخۆردا چاکی مەردانەیان لێ کردووە بەلادا و، بەپێی بارودۆخ و چەرخ و بۆچوونی خۆیان، خزمەتی گەورە و نەوازە و دانسقەیان بە کەلەپوور و ئەدەب و مێژوو و ئایینی کورد کردووە و، ماوەیەکی (زۆر) کەم دوای خۆیان خزمەتەکانیان فەرامۆش کراوە و، لە سووچ و قوشبنی لەبیرچووندا دراونەتە دەم نەهەنگی چارەنووسی لەناوبردن و تێدا بردن.. یەکێکی دی لەو مامۆستایانە مامۆستا (مەلا صالح بەگی کوڕی عوثمان)ە کە نازناوی (شەیدا)یان (شەیدایی) بووە.

بەسەرچاوەکانی بەردەستماندا گەڕام و، ئەو جێگەی گومانی ئەوەی لی بکرێت ناوی ئەم کەسانەی تێدا هاتبێت بەسەرم کردنەوە، بەڵام هیچ سووسەیەکی هەواڵێکم دەربارەی ئەم مامۆستا دەست نەکەوت. تەنها سەرچاوەیەک کە سوودێکی بۆ ژیانی ئەم مامۆستا لێ وەربگیرێت ئەم دەستخەتەی بەردەستمانە کە ئەمیش تەسکینی دڵ نادات و، یەکلاکەرەوەی بەسەرهاتی نییە. ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە:

ناوی مەلا صاڵحی کوڕی مەلا عوثمانی کوڕی (أشرف الحاج) حاجی ئیسماعیل بووە.

دوای خۆی کوڕێکی بووە ناوی مەلا ئەحمەد بووە.

کتێبەکەی ناو ناوە (فرح الضمير).

---

(*) لە ژمارە (٣١)ی خۆری ئیسلامدا بڵاوبوەتەوە.

کتێبەکەی لەسەردەمی شێخی سیراجەدیندا داناوە. تا باسی حەجی لە کتێبی (غاية الاختصار – فتح القريب) کردووە بە کوردی. نازناوی شیعریی شەیدایی بووە. پێ دەچێ ئەم نوسخە نوسخەی دانەر بێت.

**باسێکی دستخەتەکە (دانراوەکە):**

ئەم دەستخەتە لە قەوارەی بچووکدا نووسراوەتەوە تێکڕا (١٢٠) لاپەڕەیە، واپێدەچێ بەخەتی دانەرەکەی بێت، ڕۆژ و مانگی نووسینەوەکەی نووسیوە، بەڵام ساڵەکەی لەبیرچووە.

قەوارەکەی (١٠ × ١٦) ە، بەمەرەکەبی ڕەش و لەکاغەزێکی زۆر ناسکدا نووسراوەتەوە، سەرباسەکانی بە مەرەکەبی سوور نووسراوە. هەندێ جار وشەگەلی بە شێوازی سەرنجڕاکێش نووسیوە.

لەبەر ئەوەی نازانین ئایا کەسێکی بۆ هەڵدەکەوێ چاپی بکات و لەناوچوون ڕزگاری بکات یان نا، وا بەباش دەزانم سەرەتا و کۆتایی هۆنراوەکە لەم دەرفەتەدا جێگە بکەمەوە بەڵکو سوودی خۆی هەبێت و ناوی کتێبەکە و خاوەنەکەی بپارێزرێن:

سەرەتاکەی:

طەلەبکار مەدەد لە تۆم خوداوەند
(لا شریک لک) حەیی بێ مانەند
هەم لە محەمەد ڕەسوولی تۆیە
(خاتم النبي) مەقبوولی تۆیە
هەم لە چوار ئیمام : بویەکری صدیق
ئەو با پەیەمبەر لە غار بوو رەفیق
هەم لە عومەری صاحیب صەلابەت
لە چو قەتل ... حەضرەت
هیدایەتی دا (رب العالمین)
کرد بەیعەت سەر دەست رەسوولی ئەمین
هەم لە عوثمانی جامیعی قورئان
هەم لە شێر عەلی ئەسەدی مەننان





لە پاش خوداوەند رەسوول و چوار یار
مەدەد دەخوازم لە وەلی کیبار
خوصوص لە حەضرەت شاهی نەقشبەند
مەقبوول بارەگای فەرد بێ مانەند
... محیدین غەوث
فریاد ڕەسم کە بدەر دین غەوث
لەپاش ئەمانە لە جەمعی ئەولیا
مەدەد دەخوازم وەرن تو خودا
بوڕران کەن ئێوە تێغی ئەم زبان
لە نەضمی ئەم شەرع نەبم پەشیمان
من بیکەم نەظمی (غایە اختصار)
بە زبانی کوردی دەرکی مەزەدار
ئەفصەحی کوردان لەبۆ زبانی
خاصەی لیسانە بۆ سلێمانی
ئەم مەدەدانە لە ئەصل و فەرع
دەخوازم بۆ نەظم مەعانی شەرع
نەظم بە زبانی سلێمانی بێ
گەر چە کوردیە دوڕ ئەفشانیی بێ
(کتاب الطهارة)

کۆتاییەکەی:

وا هاتە ڕشتەی نەظم هەم تەحریر
روبعی ئەوەڵ تام لە غایەت قەصیر
بەعزێ جێ شەرحی بەعزێ حاشیە
من کردم نەظم حەق دای یاریە
خاتیمە جوان هات (تقبل الله)
(لکج خشت!) خاطر مصطفا

بوورن تەقصیر، مەڵێن کوردییە
گەرچی کوردییە کاری گوردییە
ڕاستە کوردییە کوردیی ئاسانە
تەرجەمەی شەرع (بوری!) دەرکانە
مەڵێن کوردییە بەبێ دەرکییە
دەربەوان دەرکی لەوبێ بەش نییە
تەرجەمەی شەرعی کوردیی هونەرە
شاییەی فورسە: بلوور شەکەرە
خوصووصەن نەظمی شەککەر ستانە
نەظمی شەکەر و بێ نەیستانە
(صالیح)بە (شەیدا) بەس بە خود نما
هەڵدە شەق نەف و لە کیبر و هەوا
گەر تۆ ئەم نەظمەت کردووە بۆ خودا
هیچ نەدبێ بەسەر مەخلووقی خودا
لەلای خوداوەند ناچێ بە زایع
بۆ خۆت دەزانی [خیرن!] طەبایع
جەمعی طەبایع هەموو موختەلیف
هەرکەس کاری خۆی لەلایە ظەریف
لەشی ڕەش و سپی دەکەوێ دیار
هەموو لە ئاخر دەدەین لە بوار
دەبێتن ظاهیر لای خودای قەههار
لا سەعید نازدار بۆ شەقی هاوار
ئیسمی شیرینی (فرح الضمیر)
سەیرکەن بیبینن کە ڕیس بێ یا کوێر
[کویش بر دبی چاو هلدینی!]
لە ڕێگەی شەرع [سارزا دبی!]





خودایا خاطر خودای تۆ بووە
ئەمەی من کردم لە قووەی کێ بوو؟
تۆ داتن یاریدەم بانەبی نازدار
کردم من نەظم (غایە اختصار)
بە کوردیی زبان بۆ موسوڵمانان
کە کردم ظاهیر ئەم مەسائیلان
دوەم هیدایەت شاهی نەقشبەند
کە کردم نەظم شەرعی دڵپەسەند
سێیەم هیدایەت سیراجەدین بو
شاە ئەورامان ئەو قوطب دین بوو
چوارەم هیدایەت (عمادالدین) بوو
والید ئوستادم ڕەحم هەمین بوو
ببەخشی گوناە ئەم بەندەی زار
بە حاجەت جەمع ئەنبیا کیبار
خوصووصەن خاطر شای قابە قەوسەین
جەددی حەسەنەین مەبعووث ثەقەلەین
خاطر عیززەت هەر چوار خولەفا
خاطری فەضلی زومرەی ئەولیا
ببەخشی گوناە (شەیدایی) حەزین
دووری کەی لە نار سەعیر و سیجین
صالحی بەگی ئیبنی عوثمانە
خاطیری هەمنام جامیع قورئانە
ببەخشی گوناە بەندە زیب و زشت
خوصووصەن شەیدا تەواو هەموو شت
بیانکەی زوو شاد بە (حوری العین)
دوورکەی لە عەذاب جەمعی موسلمین

تەواو بوو نەظمی (غـایە اختـصـار)
ڕۆژی چوارشـەممە بیست و پێنج بو جـوار
لە مـاهی شەووال خاتیـمەی جوان هات
بێت سـێبـەر سـەرم لە ڕۆژ عـەرەفـات

ئەم دەستخەتە یەکێکە لەو دەستخەتانەی بنکەی ژین بەدەستی هێناون و هەوڵی ئەوە دەدرێت لە شوێنی شیاوی خۆیاندا بپارێزرێن.







## میرزای شێخانیی کێیە؟(*)

-٤٨٧-

دەبێ خوێنەری ئازیز و خوێنەرەوەی مێژووی زانایانی کورد پێی سەیر نەبێت ئەگەر بڵێین ڕزگاربوونی هەر دەستخەت و شوێنەوارێکی مامۆستایەکمان و، لەش بەسەلامەت دەربردنی هەر دانراوێکی کۆنی زانایەکمان، ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و، تروسکاییەکمان لە تارمایی ژیانی مامۆستایەکی گومناو و بەرهەم و مێژوو تێداچوو و فەوتاوەوە بۆ هەڵدەکات!

گەلێ جار وەهایش دەبێت یەک دەستخەت بڵێسەیەک هەڵدەکات و چراوکێک بەدەست لێکۆڵەرەوەوە دەدات لەوانەیە بەچەندین دەستخەت ئەوەیان لێ سەوز نەبێت.

چەندین ساڵە - بەڵکو دەیان ساڵە- لە خزمەت وێنەی دەستخەتێکی نایاب و نەوازەی مامۆستایەکی کورددا دەژیم و بەیەکێک لە دەستخەتە نایابەکانی کتێبخانەی کوردی دەژمێررێت و، بەڵگەی وەفا و جوامێری و جوانمەردیی مامۆستایەکی گومناوی کوردە، کە سۆزی ئەوینی ڕاستی لەدڵیدا بەجۆرێک تاوی سەندووە و بڵێسەی دەگرێ لەبەر تیشکی ئەو بڵێسەدا داستانی عیشقی پیرۆز و، وەفای پیاو بۆ هاوسەریی و، ڕێزی بێ سنوور لە عیشقی ڕاستی و، پاراستنی وەفا و، زیندە ڕاگرتنی کڵپەی ئەو سۆزە پاش کۆچی دوایی هاوسەر و... بنووسرێتەوە، سۆزێکی ئەوینی ڕاستی وەها ئەگەر لە گیانی ئەو مامۆستا گومناوە کوردەدا نەبوایە پیرەمێرد گوتەنی:

ئەڵێن فـەرهادیش کـوردە بەجـێیـە
ئەو بێـچـارەیە کـورد نەبێ کـێـیـە؟!

داستانەکەی زیندە دەپارێزرا و، بەچەند بەیت و مەقام دەبێژرا و دەگێڕرایەوە.

ئێمە بەسەرهات و ئەنجامی ئەو کارەساتەی بەسەر مامۆستای خاوەنی دەستخەتەکەدا هاتووە بە دروستیی و درێژی نازانین و، تەنها بەڵگەی دەستمان ئەو دەستخەتەیەتی کە هەتا هەتایە تیـشکی نەبڕاوە و نە کـوژاوەی لێ بەرز دەبێـتـەوە و، بەهەرکەس چاوی پێ بکەوێ و کەمێکی لێ بخوێنێتەوە دەڵێ: دەبێ عیشق ئاوا بێت! دەبێ پیاو ئاوا خێزانی خۆی خۆش بوێت! ئا ئەمەیە نموونەی ڕاستی (عیشقی پیرۆز)!

(*) لە ژمارە (٢٥)ی گۆڤاری (هەزار مێرد)دا بڵاوکراوەتەوە.

لەو کاتەوە بەخزمەت ئەو دەستخەتە گەیشتووم و لە دوو توێی لاپەڕەکانیدا ئەو سۆزە زیندوو و نەبڕاوەم خوێندۆتەوە، چاوەڕوانی ئەوەم لە لاپەڕەیەکی دیبەوە تروسکاییەکی دیم بۆ سەر ژیانی ئەو مامۆستا گومناوە دەست بکەوێت، بەڵام تا ئێستە جگە لەیەک لاپەڕەی پاشماوەی دەستخەتێکی مامۆستا شتێکی دیم نەدیوە. بۆیە دەڵێم: با لەمە زیاتر چاوەڕوان نەبم و، جارێکی دی بچمەوە خزمەت ئەم دەستخەتە و یادێک لە نووسەرەوە بەڕێزەکەی بکەمەوە.

ئەوە بوو ساڵی (١٩٧٨) وتارێکم بەزمانی عەرەبیی بەناونیشانی (نكبة ميرزاى شيخانى من خلال مخطوطته) نووسیی.

ئێستەیش کە دەمەوێ بەزمانی کوردی لایەکی دی لەم مامۆستایە بکەمەوە و، ناوی بخەمە ناو زانایانی گەلی کوردەوە شتێکی ئەوتۆ و تازەم پێ نییە، بەڵام وەک گوتم تەنها سۆز و ئەوینە ڕاست و پاکەکەی بەسە بۆ ئەوە لە ڕزی هەرە پێشەوەی گەلێ لە زانایاندا دابنرێت.

لە گەلێ کات و شوێندا دەبیسین و دەبینین کەسانێک هەن کە دووچاری کارەساتێکی سەخت و دژوار دەبن و لەڕێ دەردەچن و پەنا دەبەنە بەر کارگەلێکی ناڕەوا و ناشایستە و، هەیانە تەنانەت لە دین دەردەچێت، هەیانە پەنا دەباتە بەر خۆکوژیی، هەیانە بەگژ دار و بەرد دا دەچێت و- وەک دەڵێن - دۆ و دۆشاو تێکەڵاو دەکات و، کاری وای لێ دەقەومێت بەچەندین ژیر و زانا چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە! بەڵام مامۆستای شێخانیی بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەموویانەوە بووە و، خاوەنی هەڵوێستێک بووە نموونەی دەگمەن و دانسقەیە و، تەنها لای ئەو جوامێر و جوانمەردانە دەرەخسێت کە هەمیشە لە جێگەی خۆیاندا توند و پتەو پێ لەسەر زەمینەی ئاوەز و وریایی دادەگرن و گێژەڵووکەی سەخت و لافاوی بەتەوژمی کارەساتی سەخت نایانهەژێنێ و، لەو تاو مۆدا مەودای بیر و ڕشتەی تامڵ لەدەست نادەن و کارێکیان لێ ڕوو نادات دوایی پەشیمانی لەدوا بێت.

ئەم مامۆستا بەڕێزە دیارە لەو کاتەدا - بەپێی نووسینەکانی - باوکی لەدنیادا نەماوە و، ئەمیش کە نموونەی جوامێریی و وەفا بووە زۆر ئالوودەی دایکی بووە و، سۆز و خۆشەویستی بۆ باوکیشی لەودا دیوەتەوە، هەروەها سۆز و ئەوینێکی ڕاست و دروست و بێگەردیشی بۆ خێزانەکەی بووە و، ئەم دوانە دوو قەڵای پتەو بوون کە پاڵی هەست و سۆز و ئەوینی - هەریەکەیان بەجۆری شیاوی خۆی- پێوەداون و لە پەنایاندا ژیانێکی ئاسوودە و پڕ کامەرانی گوزەراندووە، بەڵام لەپڕ قەڵاکانی هەرەسیان هێناوە و لەبن هاتوون و،





ماڵی پڕ کامەرانی گۆڕاوە بە پارچەیەک دۆزەخ و، ئەو دوو خۆشەویستەی لە ماوەی سێ ڕۆژدا لەبەر چاوی ون بوون و بۆ دواجار و بە یەکجاری ماڵئاواییان لێ کردووە.

دیارە کارەساتەکان ئەوەندە کوشندە و جەرگبڕ بوون نەیتوانیوە لەو ماڵەدا ژیان بەسەر بەرێت و شەو ڕۆژ بکاتەوە، بۆیە هەر لەوێوە لەسەر ئارامگای هەمیشەیی ئەوانەوە ماڵئاوایی لە زێد و ماڵ و برا و کەس و کاری کردووە، بوخچەی کتێبەکانی کردووە بە نووکی گۆپاڵێ یان قەڵەنگێکدا و ڕووی کردووەتە حوجرەیەک و، سەر لە نوێ شانی کردوەتەوە بە خوێندندا، بەڵام چ خوێندنێک؟ خوێندنێک لە ڕەشی مەرەکەبەکەیەوە زوڵف و برۆی یار و خێزانی کۆچکردووی و، لە سووریی مەرەکەبەکەی دیبەوە ئاڵیی کوڵم و لێوی خوێندوەتەوە و، ئەو خوێندنەوە تایبەتییەی بۆ بووە بە ئاەو ناڵە و بە کوڵ و سۆزێکی هاوتا لەتەک دووکەڵی سینە و فرمێسکی خوێنیندا لە کۆتایی حاشیە و پەڕاوێزەکانی دەستخەتەکەیەوە لەهەر لاپەڕەیەکدا جەند جار بەگەلێ شێوە زیندە پاراستوونی!

کاتێ بمانەوێ شوێنەوارەکەی ئەم مامۆستا مەزنە بخوێنینەوە و، لەتەک ئاەو ناڵەکانی ئەودا لاپەڕە هەڵدەینەوە ئەوە هەر زۆر زۆری دەوێت، بەڵام بۆ مێژووی پیاوی وەفادار و دڵدار و خاوەن ئەوینی ڕاستی جوامێر، یەک دوو جێگەی دەگوێزینەوە ئێرە.

دەبێ پێش ئەوانە ئەوە بنووسین کە مامۆستا و پاڵەوانی ئەم وتارەمان ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەلی شێخانی شنۆییە، لە ساڵی (١٣٠٧) ئەم کارەساتەی بەسەردا هاتووە و، دوای ئەوە گەلێ حوجرە گەڕاوە و، وا دیارە لەهیچ شوێنێکدا جێگەی بەخۆی نەگرتووە و، ئارامی لێ هەڵگیراوە و، لە حوجرەو مەدرەسە و گەڕان و نەسرەوتنندا ئۆقرەی خۆی دۆزیوەتەوە!

لە کۆتایی پەڕاوێزێکەوە نووسیویە:

نووسرایەوە بەدەستی عەبدوڕەحمانی ناسراو بەمیرزای شێخانی، ئاخ هەزار ئاخ لەبەر مردنی ئامینەی خێزانم، لە ناوەڕاستی زستاندا دوو ڕۆژ دوای مردنی دایکم کۆچی دوایی کرد. دوای ئەوان چوومە ماڵەوە کلیلەکەم دا بە براکەم و، گورج دەرچووم بۆ خوێندن لە خزمەتی مامۆستای پێشووم مامۆستا مەلا ڕەسوولی گۆرانکەییدا و، ئێستە لە خزمەتیدا دەخوێنم و نایشزانم و دوایی چی دەکەم.

هەر لەو لاپەڕەدا لە کۆتایی پەڕاوێزێکی دیبەوە نووسیویە:

نووسرایەوە بەدەستی خەفەتبار بۆ خێزانی کۆچکردووی کە ناوی ئامینە بوو، ئاخ هەزار

ئاخ! خوایە لەقیامەتدا پێم ببەخشیتەوە... نووسرا لە گوندی زێوکە، لە خزمەتی مامۆستا مەلا ڕەسوڵی گۆرانکەییدا کاتی خۆرئاوادا.

هەر دوابەدوای ئەوە لە لاپەڕەی بەرانبەریدا نووسیویە:

عەبدوڕەحمانی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ناسراو بەمیرزای شێخانی شنۆیی ئاخ هەزار ئاخ! بۆ مردنی ئامینەی خێزانم کە لەگەڵ دایکما سێ ڕۆژ بەینی مردنیان بوو. لە زستاندا مردن. دوای ئەوە ماڵی خۆم وێران کرد و، هیچ ژنێکم نەهێنا و، دوای بە گۆڕسپاردنی لە وڵات دەرچووم و، نیشتیمانم جێهێشت و، دەستم لە ماڵ و منداڵ بەردا و خوا نەکا ژنێکی دی بێنم، ئاخ ئامینە!

لە شوێنێکی دیدا دەنووسێت:

بەدەستی میرزای شێخانی. ئاخ چی بکەم لەدەست مردنی ئامینەی خۆشەویستم؟ خۆزگە یەک تۆز لە کاتی بێداری یا خەودا لەبیرم بچوایەتەوە! هەزار ئاخ!

هەر لەپاڵ ئەمەدا نووسیویە:

دووصەد و بیست و حەوت هەزار جار ئاخ ئامینە! بەندەی بەر دەرگای میرزای شێخانی ساڵی (١٣٠٧) لە گوندی زێوکە نووسیویەتیەوە.

ئەمانەی تا ئێرە نووسیمن یان بە فارسیی بوون یان بە عەرەبی و کردمن بە کوردی. بەڵام لە جێگەیەکدا ئاوا بە کوردی نووسیویە:

«وضوح بيد عبدالرحمن الملقب بميرزاى شيخانى بن ابراهيم بن على. غفر لهم الملك الجلى، وماتت زوجتي اه الف آه صرت خلي وهي المسماة بآمينه».

سوبحانەڵڵا چەند شرینە
ڕوومەت غونچەی ڕەنگینە
دڵم وەنیە تا دەمرم
نەژن بێنم نە یار بگرم
گەر عەزمم کرد لە پاشی وی بەیەقین
ژنێ بێنم وی لەبیرکەم دادە ئامین
خوا بمکوژێ مورادم نەبێ حاصڵ
دەگەڵ خوێرییەکی، دی ببم واصڵ
آه آه أمينه!





بەم شێوە هەر چەند لاپەڕە لەو دەستخەتە هەڵدەدەینەوە و، چەند کۆتایی پەراوێزەکان بخوێنینەوە چەکە دووکەڵ و بۆچە کەوری جەرگی برژاو و هەڵقرچاوی مامۆستای شێخانی لە تاوی کۆچی دوایی ئامینەخانی خێزانی دێ بە ڕوومانا و، وەک خۆی دەڵێ، یەک چرکە لەبیری ناچێت و، لاپەڕە و پەراوێزی دەستخەتەکە نابینی بێ ناوی ئاوێتەکراوی ئامینە بە ئاخ و داخ! هەروەها، وەک گوتم لەدەستخەتەکەوە بێ ئۆقرەیی و نەسرەوتنی مامۆستای شێخانی دەخوێنینەوە و، دەبینین لە کەمتر لە ساڵێکدا چەند حوجرە و مەدرەسەی کردووە و، چەند شوێن گەڕاوە، لەوانەی ناوی بردوون:

گوندی جلدیان، گوندی زێوکە، گوندی نای بێن لە ئورمییە، گوندی زێوکە لە مامش، گوندی بالاو لە ئورمییە، گوندی منکان، گوندی میاوە، ..

هەر لە دەستخەتەکەوە دەردەکەوێ کە مامۆستای شێخانیی ٣ سێ ساڵ واتە تاساڵی (١٣١٠) ئەم دەستخەتەی لەبەر دەستدا بووە، چونکە لە ساڵی (١٣١٠)دا دەڵێ: ئەم پەڕاوێزەم نووسی لەو ڕۆژەدا کە مەلا غەفووری شێخانیی قازی لە شاری شنۆ کۆچی دوایی کرد.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

مامۆستای شێخانیی وەک لە دوو توێیی دەستخەتەکەیدا سۆز و ئەوین و وەفا و جوامێرییەکی کەم وێنەی تۆمار کردووە، ژیرانە سێ و چوار دانراوی نایابی مامۆستایانی کوردیشی بۆ پاراستووین کە زۆر دانسقە و کەم وێنەن و، بەڵکو هەندێکیان بێ وێنەن و، تەنها لای ئەم باسیان هەیە و بەس.

بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز شتێکیش دەربارەی ناوەڕۆکی دەستخەتەکە بزانێ کورتە باسێکی دەستخەتەکەی پێشکەش دەکەین:

دەستخەتەکە تێکڕا (٩٢) لاپەڕەیە و هەمووی - جگە لەچەند پەراوێز - بەخەتی مامۆستای شێخانییە و، ئەم نامیلکانەی لەخۆی گرتووە:

یەکەم: نامیلکەی مامۆستای پێنجوێنیی لەباسی تەڵاقدا.

سەرەتاکەی:

«بسم الله الرحمن الرحيم قول الكردي: (تەلاقم کەوتبێ) او (کەوتبن) اما ترجمة كناية او ترجمة لغو، وكل ما كان كذلك فهو تابع للمترجم عنه...»

کۆتاییەکەی:

«... ذكر في شرح ديباجة العباب والفتاوى في باب الدعوى ان فتاوى الشخص مقدمة على تأليفه، وتلميذُه السيفي عدَّ الفتاوى من اجل مؤلفاته والله اعلم. تمت رسالة الپينجويني، حرره عبدالرحمن الملقب بميرزا ابن ابراهيم بن على الشيخاني الاشنويةج. آه آه الف آه من موت زوجتي المسماة بآمينه...»

دووەم: الرسالة العمرية في طلاق الأكراد، نازانم دانراوی کێیە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد و آله و صحبه اجمعين. وبعد: فقد سئلت عن طلاق الأكراد، فأجبت...»

کۆتاییەکەی:

«و مولانا المرحوم محمد افندي الخطي افتى بصراحة القول المعهود بالاشهار هكذا، و كان مستنده ما كررناه و ما علمنا بافتائه بكونه كناية مع الشهرة في المعنى المذكور، الا أن يكون إفتاؤه بذلك مقدما علينا لم يصل إلينا ثمه. تمت كتابة الكتاب بعون الملك الوهاب. مدها الحقير الفقير خادم كل الطلاب، عبدالرحمن بن ابراهيم بن على الاصلي الشيخاني الاشنوية، الف آه من موت زوجتي المنكوحة المسماة الواضحات آمينة. صلوات...»

ئەم دانراوە لە ل: ١٦ ەوە تا ل: ٣٥ ی دەستخەتەکەی گرتوەتەوە.

سێیەم: نامیلکەی مامۆستا مەلا محەمەدی ئیبنولحاجە لە باسی تەڵاقدا، دیارە ئەم نامیلکە جگە لە کتێبی (ايقاد الضرام على من لم يوقع طلاق العوام)ە،

سەرەتاکەی ئاوایە:

«بسم الله الرحمن الرحيم مقدمة في امور تعين على مانحن فيه بصدده من بيان وقوع طلاق الأكراد، وهي (طەلاقم کەوتبێ) أو (کەوتبێ) و نحوه بلغاتهم الكردية المعلومة الوضع...»

کۆتاییەکەی:

«مثل قول الكردي المذكور، فليس فيه مايشعر بذكر المرأة، فهو كناية





تحتاج الي النية اصحا. قد تمت رسالة ابن الحاج (١٣٠٧) بيد الغريب عبدالرحمن الملقب بميرزا بن ابراهيم بن على الشيخاني الاشنوية، وهو المتأسف لزوجته الميتة المسماة بآمينة، قد ماتت في وسط الشتاء (١٣٠٧) آه آه آه ألف ألف ألف آه آه آه. وبعد رمسها زيلت من محلي وتركت الوطن...»

ئەمەیش لە ٣٦ ەوە تا ٧٢ ی گرتووەتەوە.

چوارەم: دانراوێکی مامۆستا مەلا عەلی شێخ حامیدی ئەشنەویی - ئەمیش - لە باسی تەڵاقدایە وەک نامیلکەکانی دی. وابزانم ئەمە یەکەم نوسخەی ناسراوی ئەم نامیلکەیە و، پێشتر باسی ئەم دانراوەی مامۆستای ئەشنەویی نەزانراوە. سەرەتاکەی:

«اعلم إن قول الأكراد (طەلاقم کەوتبێ) هل هو صريح لأنه في قوة طلاقي الذي على فلانة واقع اولا، لأنه لم يذكر المحل ولم يضف إليه، وكلاهما شرط في كونه صريحا فقد وقع الاختلاف فيه بين...»

کۆتاییەکەی:

«... هذا ما ظهر بعد المراجعة من الكتب المعتبرة للحقير علي الاسم بن الشيخ حامد الشيخاني الاشنوية، و نسأل التوبة و المغفرة لكافة المؤمنين و المؤمنات، بحرمة محمد صلى الله عليه وسلم سيد السادات آمين و الحمد لله رب العالمين تمت في سنة (١٣٠٧)».

قد تمت الكتابة بيد الغريب عبدالرحمن الملقب بميرزاي شيخاني الاشنوية، بن ابراهيم بن على الساكن بالشيخان غفر لهم الملك المنان بحرمة من أنزل عليه القرآن آه الف آه لموت زوجتي المسماة بآمينة قد ماتت بالقرية المذكورة. غفر الله لها آمين. ١٣٠٧»

ئەم نامیلکەیش تا لاپەڕە (٩٠)ی گرتووەتەوە دوو لاپەڕەکەی دی هەندێ حاشیەی جۆراوجۆری تێدایە.

بەم شێوە ئەم دەستخەتە دوایی دێت، بەڵام لێرەدا چەند پرسیارێک دێنە پێش و وەڵامی ڕوونیشیان لەدەستدا نییە:

مامۆستای شێخانی تاکەی لە ژیاندا بووە؟ چەند دەستخەتی دیکەی نووسیوەتەوە؟ دوا قۆناغی ژیانی لە کوێ بووە؟ ئایا هەر وەک خۆی بڕیاری داوە- تا دوایی ژیانی بەڕەبەنی

ماوەتەوە؟ ئەم دەستخەتە چۆن گەیوەتە دوبز؟

لە پێشدا ڕوونکردنەوەیەک لەسەر دوا پرسیار دەنووسم:

ساڵی (١٩٧٥) دوای نسکۆی شۆڕشی کورد و، گەڕانەوەم بۆ بەغدا، چووم بۆ شارۆچکەی دوبز بۆ ماڵی زەلامێکی عەرەب کە لەبەغدا دراوسێمان بوو، بە پیاوی باشم دەزانی و پێش پێوەندی کردنم بە شۆڕشی کوردەوە ئەوەی کە بووم لە کتێب و شت و مەکی ناو ماڵ بە ئەمانەت دابووم بەو زەلامە بۆم بپارێزێ، بەڵام ئەو لەخۆیەوە بڕیاری تێداچوون و کوژرانی منی دابوو دەستی خستبووە ماڵەکەم و بەشێکی گەیاندبووە دوبز، کە خۆی لەوێ کارمەندی کارەبا بوو.

بە کورتی کە نەکوژرام و گەڕامەوە بۆ بەغدا و، چووم بۆ سۆراغی پاشماوەی ماڵەکەم، شەو لە دوبز مامەوە، کە چوومە مزگەوت مامۆستایەکی کوردی بەتەمەنی لێ بوو، کتێبخانەیەکی بچکۆلەی هەبوو، بەشی زۆری دەستخەت بوو، بەپەلە چاوێکم پێدا گێڕان و، ئەو دەستخەتەی مامۆستای شێخانی لە هەموویان زیاتر سەرنجی ڕاکێشام و، بەئەمانەت لێم وەرگرت و لەتەک خۆمدا هێنامەوە بۆ بەغدا. بەڵام وەک گوتم نەمتوانی بە وردیی سەرنجی هەموو دەستخەتەکان بدەم و بزانم چین و دەستخەتی کێ و کێن. لەوانەیە دەستخەتی دیکەی مامۆستای شێخانییان تێدا بووبێت، بەڵام ئایا چییان بەسەر هاتووە؟ لەو کاتەوە هەواڵم لە مامۆستا نەماوە و، نازانم کتێبەکانی مامۆستا چییان بەسەر هاتووە و، وەک نەشمزانی مامۆستا خەڵکی کوێ بووە و چۆن گەیوەتە ئەو شارۆچکە و، دوور نییە پێوەندییەکی بە مامۆستای شێخانییەوە بووبێت و، لەوانەیە پاشماوەی کتێبخانەکەی مامۆستای شێخانی لای ئەو مامۆستا بووبێت و گەلێ زانیاری بەکەڵکیان تێدا بووبێت... ئەمانە هەموو بۆچوونن و چاوی چاوەڕوانیی یەکجاری بۆ بەرهەم و شوێنەواری دیکەی ئەم مامۆستا لێک نانێین و هیوا بڕاو نابین.

**مامۆستا میرزا:**

مامۆستای شێخانیی پێش ئەوەی ئامینە خانی خێزانی کۆچی دوایی بکات میرزا بووە، بەڵام میرزای کام خان یان میر بووە؟ دیارە میرزاییەکەی هەر ناو نەبووە و، ناوەرۆکیشی هەبووە، چونکە بەڕاستی مامۆستای شێخانیی خەتخۆش و دەستڕەنگین بووە و، هونەری لە نووسینەوەی دەستخەتەکەیدا نواندووە.

بێ گومان ئەگەر پاشماوەی کتێبخانەی مامۆستامان لەدەستدا بووایە گەلێ لایەنمان





دەزانی، بەڵام وەک گوتم با جارێ بە چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتووەوە کۆتایی بەم باسە بهێنین.

دەکرێ لە کۆتایی ئەم وتارە کورتەدا بڵێین: دەبێ چەند مامۆستای دیمان وەک مامۆستای شێخانیی بووبێت؟ دەبێ چەند دەستخەتی نایابی ئاوامان تێدا چووبێت؟ هەرچۆن هەیە دەبێ زۆر بەگەرمیی بەشوێن دەستخەتەکاندا بگەڕێین و، کیوماڵیان بۆ بکەین و، شوێنیان بزانین و، بە وردیی پەراوێز و کۆتاییەکانیان بپشکنین و بزانین چییان تێدایە، چونکە تاکە سەرچاوەی دروستی نووسینەوەی پوخت و ڕاستی مێژووی زانایان و ناودارانمان دەستخەتەکانیانە و بەس.[١]

(١) بڕوانە: محمد علی القرەداغی، نکبة میرزاي شیخاني من خلال مخطوطته. العراق، ژمارە ٦٥٧، ١٩٧٨/٤/٢٤.



دەستخەتی میرزای شێخانی







دەستخەتی میرزای شێخانی

## نوسخەیەکی نایابی دیوانی (عارف)[*]

٤٨٨

لە بەرگی چوارەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا نووسیم:

«پێش ئەوەیش دەست لەم وتارە هەڵگرم دەڵێم: ئەم کەشکۆڵە - کەشکۆڵی شێخ حیسامەدین - بەڵگەیەکی ڕوونی ڕۆڵی گەورەی تەکیە و خانەقاکانە لەگەشەپێدان و بزواندن و بەرەو پێشەوە بردنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا و، شێخی حیسامەدین و خانەقای باخەکۆن لەم ڕووەوە ئەم کەشکۆڵەیان بەسە و، ئەم کەشکۆڵە مایەی شانازییە بۆ ئەو شێخ و مورید و مەنسووبانە کە هەر یەکێکیان بە ڕەنگێک دەوریان لە کۆکردنەوە و نووسینەوە و بەدیهێنانیدا بووە»[1]

ئەوە نموونەیەک بوو لە دەیان کاری گەورەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کە شێخانی ڕێبازی نەقشبەندیی دەوریان بووە لە نووسینەوەیدا و، خەتخۆش و زانایان بۆیان نووسیونەتەوە. بێ گومان ئەگەر هەر هیچ نەبێ - دەستخەتەکانی مەدرەسەکانی تەوێڵە و بیارە وەک خۆیان بمایەنەتەوە ئەوە ئێستا گەنجینەیەکی جێگەی شانازیی گەورەمان لەدەستدا دەبوو کە دەشیا بکرێ بەکەرەستە و سەرچاوەی چەندین لێکۆڵینەوەی فراوان و بەپێز لە باسگەلی پڕ بایەخدا. بەڵام بەداخەوە دەستخەتەکانی ئەو کتێبخانانە بەجۆرێک پەرتەوازە و بڵاوبوونەتەوە ڕێگەبردنەوەسەریان و ناساندنەوەیان بەجێگە و شوێنی خۆیان لە توانا دەرچووە.

بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە دەستەوەستان بکەوین و گوێ بەهیچ نەدەین، بەڵکو ئەگەر کەسێک بیەوێ و هەوڵ بدات دەتوانێ لەو شوێنانەی جێگەی گومانی ئەوەن ئەو شوێنەوارەیان پێگەیشتبێ و تێدا پارێزرابێ، شتگەلی نایاب و زانیاریی نەوازە کۆبکاتەوە و، بەناونیشانی: (دەوری تەکیە و خانەقاکانی کوردستان لە گەشەپێدانی ڕۆشنبیریدا) سووچێکی ئەو دەورە پڕ بایەخە بخاتە ڕوو.

لەسەر ئەو ڕێگە پیرۆزە و بۆ دیاریکردنی کەرەستەی ئەو بابەتە ئەم چەند دێڕە دەنووسم:

(*) لە ژمارە (٦٧)ی گۆڤاری (سلێمانی)دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم، چاپخانەی الخنساء. ١٤٢٢ک - ٢٠٠٢ز. ل: ١٩٥.





شاعیرێکی گەورەی کورد هەیە، کە بەداخەوە شیعری کوردیمان لەدەستدا نیە و شیعرەکانی بە فارسیین، تا ئێستە لەسەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا باسی نەکراوە و، بە مێژووی زانایانی کورد نەناسێنراوە. مامۆستا حیرەتی سەجادیی دەفەرمووێ: دیوانەکەی چاپکراوە، زۆرم پرسی و هەوڵم دا نوسخەی چاپەکەیم دەست نەکەوت. لە کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵدا نوسخەیەکی زۆر نایابی ئەم دیوانە پارێزراوە، ناساندنی بە جیهانی دەستخەتی کوردی و شوێنەواری ئەدیبان و زانایانی کورد کارێکی پێویستە.

ئەم دەستخەتە لە کتێبخانەی ناوبراودا بە ژمارە (٥٦٥) پارێزراوە. تێکڕا (٥٣٩) لاپەڕەیە. لاپەڕەی (١٥) بەیتی تێدایە. پێوانەکەی (٢١ × ١٣)یە.

بابەتی شیعرەکان - بەزۆریی - تەصەوفە. لەسەر داوای شێخی ضیائەدین نووسراوەتەوە، بۆ ئەم کارە یەکێک لە خەتخۆشەکانی ئەو سەردەمە هەڵبژێراوە و، ئەویش بەخەتێک و بەجۆرێک کە لەوە جوانتر کەم ڕێکدەکەوێ دیوانەکەی نووسیوەتەوە.

سەرەتای دیوانەکە لە لاپەڕە (٨)ەوە دەست پێدەکات و، ئەم بەشەی قەصیدەکانە کە لە ستایشی پێغەمبەر -د- و خەلیفەکانی و، یاوەرانی و، پیرانی تەریقەتدا چەندین قەصیدەی وتووە. ئەم قەصیدانە تا لاپەڕە (٣٥)ی دیوانەکە دەگرنەوە، لەوێوە دیوانەکە لەسەر رزی پیتەکانی هیجا دەست پێ دەکات و، تا لاپەڕە (٤٣٧) دەخایەنێت. لە کۆتاییی ئەو لاپەڕەدا نووسراوە:

«تمت الغزليات ديوان عارف بعون عنايت حضرت قاضي الحاجات، على يد الحقير كثير الخطايات محمد جعفر خلف مرحوم مغفور لطفعلى بيك كردستاني در يوم شنبهء ٢٧ شهر شوال المكرم مطابق (.........) (١٣١٣) حسب الامر مبارك حضرت مستطاب قدوهء علماء العاملين و الكاملين المستغرق في التجلي ذات الله ابي عبيدالله شيخ أعظم و مرشد اكرم الشيخ عمر الملقب بضياءالدين ادام الله عمره واقباله و فضله و ارشاده آمين يارب العالمين».

لەوێ بەدواوە بە ناونیشانی (من تضمينات) دەست پێ دەکاتەوە و، بە تەضمینات لەتەک شیعری شێخ عەبدوڕەحمانی ئەبو لوەفا و، حافظی شیرازی و کەسانی دیکە چەند پارچە شیعر دەنووسێت، دوای ئەوە دێتە سەر تەخمیسات، دوای ئەوەیش دەچێتە سەر (تەرجیع بەند) بە ناوی (ترجيعات)، دوای ئەوە دەچێتە سەر موستەزادی دیوان، دواتر

دەچێتە سەر (رباعیات) دوا باس دەچێتە ناو (المفردات) و بەو بابەتە کۆتایی دیوانەکە دێت و، لەو کۆتاییەدا نووسیویە:

«تمت الکتاب دیوان العارف من کلام مرحوم مغفور مبرور حاجي شیخ محمود کردستاني، علی الید اقل الکتاب و العباد میرزا محمد جعفر، خلف مرحوم مغفور لطف علی بیك غفر الله، حسب الفرمایش حضرت مستطاب نور المشرقین و ضیاء المغربین، و القطب الواجد، و الغوث الساجد، ابی عبدالله شیخ المشایخ الشیخ عمر الملقب بضیاءالدین ادام الله تعالی اقباله وارشاده و بقاء اولاده و احفاده بجاه محمد وآله الامجاد، بتأریخ / یوم پنجشنبه ٩ شهر... الحرام هجري ١٣١٣».

ئەم دیوانە بە مەرەکەبی ڕەش و سوور نووسراوەتەوە: دیوانەکە بە مەرەکەبی ڕەش و، ناونیشانەکانی و دوابەیت لە هەموو پارچە شیعرێک بە مەرەکەبی سوور نووسراوەتەوە، لە تەخمیسات و تەضمیناتەکانیشدا بەمەرەکەبی سوور شیعرەکانی دی لە شیعری (عارف) جیاکراونەتەوە.

سەرجەمی شیعرەکان - وەک لەسەرەتاکەیەوە نووسراوە -(٦٨٥٠ - شەش هەزار و هەشتصەد و پەنجا) شیعرە.

لەسەرەتایەوە لە دوو پەڕەدا زاراوەکانی تەصەووف نووسراوە. دوای ئەوە نامەیەکی زۆر بەرزی مامۆستا مەلا حامیدی بیارەی ناسراو بە (مەلا حامیدی کاتب) لە شێوەی بە باڵا بڕینێکی زۆر شایستە و باڵادا، کە بۆ مامۆستا مەلا شێخ مەحموودی (عارف) کوردستانی دەربارەی دیوانەکەی نووسیویە، نووسراوە. ئەم نامەیش پەڕەیەک زیاترە.

لەچەند جێگەیەکیدا ئاوی بەرکەوتووە و ئەو شوێنانەی کەمێک شێواون و وشەگەلێکی لێڵ و شێواون و باش ناخوێنرێنەوە.

ئەم دیوانە لە ڕووی ڕێکوپێکی و جوان نووسراوەییەوە بۆ ئەوە دەشێت وەک خۆی بە ئۆفسێت چاپبکرێت و، یادەوەریی ئەو خۆشنووسە بەڕێزەی کورد و ئەو خەمخۆرییەی شێخی ضیائەدین بۆ ڕۆشنبیری وەک خۆی بخرێتە کتێبخانەوە.

لەسەر ژیانی ئەم خۆشنووسە و بەرهەمی دیکەی ئەگەر ببێت - بێ گومان هەیشی بووە هیچمان لەدەستدا نییە و نازانین.

دەربارەی (عارف)ی شاعیریش مامۆستا حیرەتی سەجادیی دەفەرمووێ: حاجی شێخ





مەحموودی شافیعیی نەقشبەندیی کە نازناوی (عارف) بووە لە خەلیفەکانی حەزرەتی سیراجەددیندا بووە لە ڕێبازی نەقشبەندیدا، تا سەرەتای صەدەی چواردەهەم لە ژیاندا بووە، هیچ لەسەر ژیانی نازانرێ، ساڵی (١٣٤٧)ی هەتاویی بە کۆششی حاجی مەحموودی حەکاک دیوانەکەی کۆکراوەتەوە و بەختەتی ئەو چاپکراوە.(٢)

جێگەی داخە لە دیوانەکەیدا کە نزیکەی حەوت سەد هەزار بەیتە یەک بەیتی کوردیی نابینرێت.

(٢) بڕوانە: سید عبدالحمید حیرت سجادی، شاعران کرد پارسی گوی، نشر احسان، تهران، ص: ٥٣١.


دل سخن با آن دهن دارد همی — میل بر سیب ذقن دارد همی
گرچه در کون و مکان پیدا نبود — لیک جا در انجمن دارد همی
چون نسیم از جعد زلفش می وزد — طعنه بر مشک ختن دارد همی
یار با چنگ و نی و می هم زبان — میل بر باغ و چمن دارد همی
صد هزاران یوسف اندر یک تار زلف — بسته در چاه ذقن دارد همی
قبرم اندر خاک سیخ نه کنید — زانکه دل حب وطن دارد همی
جمله خوبان خوشه چین از حسن یار — زانکه بس حسن حسن دارد همی
از لطافت آن تن بهتر ز گل — لطف بر برگ سمن دارد همی
از کلامش شد مسخر انس و جن — معجزات اندر سخن دارد همی
لیک بنی در بتکده جان و دل است — کافرم گر برهمن دارد همی
چشم خونریزش چو عارف صد هزار
مرده اندر کفن دارد همی

کۆتایی دیوانی عارف







کۆتایی دیوانی عارف

## مامۆستا مەلا عەبدولعەزیزی کوڕی مووسایش
## مامۆستایەکی دیکەی نەناسراوی کوردە

**٤٨٩**

مەلا عـوثمـانی پشکنەر لە ئەوقـافی سلێـمـانی لەم ڕۆژانەدا دەسـتـخـەتێکی دیکەی مامۆستایانی کوردی بۆ هێنام.

دەستخەتەکە دوو دانراوی تێدایە:

یەکەم: (تخميس قصيدة البردة للشيخ معروف النودهي)

دووەم: تەرجەمەی قەصیدەی مونفەریجەی تاجەدینی سوبوکی. تێکڕای دەستخەتەکە بە خەتی مامۆستا مەلا عەبدولعەزیزی کوڕی مووسایە و ساڵی (١٣٤٤) نووسیویەتیەوە. ئەم مامۆستا خەتی زۆر خۆش بووە.

ئەوەی لەم باسەدا مەبەستمە مامۆستا مەلا عەبدولعەزیزی نووسەرەوەی دەستخەتەکەیە. ئەم مـامـۆسـتـا لەتەک خەتخۆشـییـەکەیدا خوێندەوارێکی باش بووە و شـاعـیـریش بووە. نازناوی شیعریی (عزت) بووە.

لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا باسی ئەم مامۆستایش نییە. ئەم مامۆستا وەک ژیانی نازانین ناشزانین بەرهەم و شوێنەواری چی هەبووە، کە بێ گومان ئەو خاوەنی ئەو بەهرە و زانایییە بووبێت گومان ناکرێت دانراو و شوێنەواری پڕ بایەخی نەبووبێت.

خۆشبەخـتـانە لەم دەسـتـخـەتەدا ئەوەندەمـان دەستکەوت کە ناوی بخەینە ڕزی زانا ناودارەکانی کوردەوە.

مامۆسـتـامـان قـەصـیـدەی مـونـفـەریجەی شیـعـر بەشیـعـر بەفارسی تـەرجـەمـە کردووە و، بەخـەتە جـوانەکـەی خـۆی نووسـیـویەتـیـەوە. پـێش ئەوەی شـتـێک لە سـەرەتا و کـۆتایی تەرجـەمـەکـەی وەرگرین ئەوەندە دەڵێین: مـامـۆسـتـا مـەلا عـەبدولعـەزیز لە شارۆچکەی خانەقیندا بووە.

سەرەتای کتێبەکە:

الحمد لله منور القلوب، ومفرج الهموم والكروب. والصلاة والسلام على سيدنا محمد النبى المحبوب، الذى دعا الى الله عند هزيمة الاحزاب، فآتاه النصر و الفرج على وفق المطلوب....





وبعد: اين عبد أثيم، عبالعزيز عزت بافكر عديم و طبع سقيم، خواست كه قصيدهء منفرجه كه از تأليفات حضرت شيخ تاج الدين سبكى است أورا بزبان فارسى به نظم ترجمه كند، بعون الله تعالى موفق شد.

اميـد از اخوان دين و گروه مؤمنين انست كه اين مسكين دل حزين را از دعـاى خير فـرامـوش نفرمايند، ومـا توفـيـقى الا بالله عليه توكلت و اليه أنيب.

اشتدى ازمة تنفرجى      قد أذن ليلك بالبلج

شوبشدت اى مصيبت يابي آخر انتها

ليل توتبشير دل سازد بأنوار و ضـيا

کۆتاییی‌یەکەی:

دوای ١٠ دە بەیتی فـارسی پاڕانەوەی خـۆی و باسی دانانی کـتـێـبـەکـەی لە کۆتاییی‌یەکەیەوە دەڵێ:

بمنه تعالى اين نظم و ترجمهء قصيدهء منفرجه تمام شد، اميد از اخوان دين انستكه در حق اين بندهء ضعيف عبدالعزيز كه مترجم اين قصيده است دعاى خير دريغ ندارند و ما توفيقى الا بالله و الحمد لله رب العالمين.

حرر فى نوزدهم شهر شوال المكرم سنه (١٣٤٤) الهجريه حررها عبدالعزيز بن موسى، غفر الله لهما ولجميع المسلمين.

جێگەی خۆیەتی باسی ئەوە بکەین ئەم مامۆستامان مامۆستایەکی خەتخۆشیش بووە و، ساڵی (١٣٢٨) کـتـێبێکی (٣٤٨) لاپەڕەیی بەناوی سیرة النبی یان (تأريخ الاسلام) نووسیوەتەوە. کۆتایی ئەم کتێبەی ئاوا هێناوە:

تمام شد كتاب سيره النبى كه مشهور بتأريخ اسلام است در شهر مبارك شعبان روز شانزدهم در تأريخ سال (١٣٢٨) از هجرت سيد البشر صلى الله عليه وسلم بقلم پريشان رقم عبدالعزيز بن موسى اتمام پذيرفت.

لەمەوە دەردەکەوێ کە مامۆستامان ساڵی (١٣٢٨) لە ژیاندا بووە. لەدەستخەتەکەی دیشدا (١٣٤٤) لەژیاندا بووە.



باورن بە یاد جفاو رنجم | بە پوشین خطای رازی سنجم
هرکاه موانان بخاطر کشاد | من بفاتحای باورین نیاد
پری وسیلهٔ دعای خاصان | دعای مستجاب بندهٔ مخلصان
واتم ویردم لی دنیای دون | پر جور محنت بی شرط بی شون
یارب بحرمت نور محمد | باآل واصحاب اخیار احمد
ببخش جرمن جرم گناهان
ارصد جه درگای تو شرساریم | غیر جه ذات تو پنای نداریم
نه کشت گناهان بندهٔ ناتمام | کافین قطرهٔ لطفت والسلام

هزاران درود هزاران سلام
بروح احمد علیه السلام
تمام شد کتاب سیرة النبی که مشهور بتاریخ اسلام
است در شهر مبارک شعبان
در تاریخ سال ۱۳۲۸ هزار و سیصد بیست
هشت از هجرت حضرت
سید البشر صلی الله علیه
وآله وسلم

دەستخەتی عەبدولعەزیز

## بابەت و سەرباسەکانی ئەم بەرگە


وتەیەک لەسەر حوجرە و مەدرەسە ..... 7
نیشانەی دەستخەتەکان ..... 7
پیتی ئەلف ..... 8
پیتی بێ ..... 10
پیتی پێ ..... 13
پیتی تێ ..... 13
پیتی جیم ..... 14
پیتی حێ ..... 15
پیتی خێ ..... 15
پیتی دال ..... 15
پیتی ڕێ ..... 17
پیتی سین ..... 17
پیتی شین ..... 21
پیتی عەین ..... 22
پیتی قاف ..... 24
پیتی کاف ..... 25
پیتی لام ..... 28
پیتی میم ..... 28
پیتی نوون ..... 30
پیتی واو ..... 30
پیتی هێ ..... 31
خۆشنووسانی کورد ..... 35
وتەیەکی کورت و پێویست ..... 35
گەورە خۆشنووسی نەناسراوی کورد (شێخ محەممەدی شێخ یوسف) ..... 37
بنەماڵەی شێخ محەممەدی شێخ یوسفی سیاگوێزی ..... 38
تەمەنی مامۆستا شێخ محەممەد ..... 39
شێخ محەممەدی دووەمی سیاگوێزی ..... 40







(دقائق الأخبار)ی مامۆستا شێخ مەعرووفی سیاگوێزی ..... 45
تەرجەمەی (دقائق الأخبار) ..... 50
شێخ محەممەدی شێخ یوسف خۆشنووسێکی نەناسراوی کورد ..... 53
مامۆستا شێخ محەممەد و نووسینەوەی قورئانی پیرۆز ..... 60
مامۆستا شێخ محەممەد و نووسینەوەی حەدیثەکانی پێغەمبەر (د. خ) یان نووسینەوەی... ..... 67
شوێنەوارێکی دیکەی مامۆستا شێخ محەممەدی شێخ یوسف ..... 68
نوسخەی بوخاریی کتێبخانەی مەرکەزیی (بزورگی سنە) ..... 73
نوسخەی بوخاریی کتێبخانەی بیارە ..... 78
دەقی یەکەم ..... 78
دەقی دووەم ..... 80
نووسراوەی دیکەی مامۆستامان – شێخ محەممەدی شێخ یوسف – ..... 82
نموونەی یەکەم ..... 82
نموونەی دووەم ..... 84
شوێنەوارێکی دیکەی ..... 86
دوا وتەی باسەکە ..... 89
قورئانێکی دەستخەتی شێخ مەعرووفی قەرەداغی ..... 90
ئیسماعیل بەگ کێیە؟ ..... 95
قورئانێکی دیکەی دەستخەتی شێخ مەعرووفی قەرەداغی ..... 96
قورئانە دەستخەتەکانی کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانی ..... 99
شێخ حەسەنی گڵە زەردە ..... 111
قورئانە دەستخەتەکەی مامۆستا مەلا حەمید ..... 115
باسێکی دەستخەتەکە ..... 121
وەقفنامە ..... 121
زانیاریی دی ..... 121
قورئانەکەی سەیید ئەحمەدی قەیتوولیی تاوگۆزی ..... 123
باسێکی دەستخەتەکە ..... 146
شێخ محەممەدی نۆدێیی بەرزنجیی ..... 126
قورئانەکەی مامۆستا مەلا مووسای تەوەکەڵیی ..... 131
قورئانە دەستخەتەکەی مامۆستا شێخ خالیدی دارۆغا ..... 136
قورئانی دەستخەتی ئاغا سەید محەممەدی چۆڕ ..... 139
قورئانەکەی محەممەدی مامۆیی ..... 139

قورئانەکەی شێخ ڕەزای دێلێژە ..... 140
قورئانی فارس ئاغای زێباریی ..... 140
مامۆستا محەممەد طاهیری کوردیی ..... 141
ژیانی ..... 147
خوێندنی ..... 147
ژنهێنانی ..... 149
قورئانێکی بچووک ..... 150
نموونەیەکی دیکە لە بایەخدانی مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد بەشیعری مەلای جزیری ..... 153
باسێکی دەستخەتەکە ..... 156
پێشەکی (الفتحیة) دوای وەرگێڕانی بۆ کوردی ..... 159
دەقی شیعرەکان ..... 162
لاپەڕەیەکی نەزانراو لە ژیانی باوکی موفتیی زەهاویی ..... 164
قسەکانی باوکی موفتیی زەهاویی ..... 165
دەبێ مەلازادەی کوردیی سۆرانیی کێ بێت؟ ..... 168
باسێکی دەستخەتەکە ..... 171
(تذکرە الادباء)ی شارەبانیی ..... 173
دەستخەتەکە ..... 174
شعراء بغداد وکتابها ..... 175
بایەخی ئەم کتێبە ..... 175
ناوەڕۆکی هەردوو دەقەکە ..... 178
ناوەڕۆکی کتێبەکە بەگوێرەی دەقە تورکییەکە ..... 179
ناوەڕۆکی کتێبەکە بەگوێرەی دەقە عەرەبییەکە ..... 181
بەراوردێک ..... 183
زیادەی دەقە تورکییەکە ..... 184
زیادەی دەقە عەرەبییەکە ..... 185
(صاحیب)ش شاعیرێکی نەناسراوی کوردە ..... 188
دەستخەتێکی دیکەی مامۆستا عەزاوی ..... 189
سەگێکی بەوەفا ..... 190
شێخ محێدینی دووەمی گڵە زەردەیی ..... 193
(زوبدەی عەقیدە)م خوێندەوە ..... 195
ڕێنووسی کتێبەکە ..... 197





منهواتەکان ..... 199
پابەندنەبوون بەدەستخەتەکەوە ..... 200
گوێ نەدان بەدەقی دەستخەتەکە ..... 202
هەڵەی چاپ ..... 203
لایەنێکی دیکە گوێ نەدان بەدەقی کتێبەکە یان بەرێنووسی کتێبەکە ..... 204
باس نەکردنی دەستخەتەکە ..... 205
مامۆستا مەلا محەمەدی ئالانیش مامۆستایەکی دیکەی نەناسراوی کوردە ..... 205
دانراوێکی دیکەی یوسف الأصم ..... 207
مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی ..... 210
گەنجینەیەکی دیکەی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ..... 211
کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی ڕەنجی بەری چل ساڵ گوڵچنیی لە باخچەی ئەدەبی کوردیدا ... 211
مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای مەریوانیی وەک مامۆستا ئەحمەدی کوڕەزای دەیناسێنێ ..... 217
زیرەکیی و بلیمەتیی ..... 219
بۆچی پێی گوتراوە مەریوانیی؟ ..... 219
بەرهەمی مەلا عەبدوڵڵا ..... 219
هەر لە ڕووی بلیمەتیی مەلا عەبدوڵڵاوە دەگێڕنەوە ..... 221
نوکتە و قسەی خۆشی مامۆستا ..... 222
ئەو سەرچاوانەی باسی مەلا عەبدوڵڵایان کردووە ..... 222
حاجی صادقی پاوەیی شاعیرێکی دێرینی نەناسراوی کوردە ..... 224
باسێکی دەستخەتەکە ..... 225
حاجی مەلا صادقی پاوەیی ..... 225
(أداة التعلیق) دانراوی مامۆستای پێنجوینی ..... 243
هەمیشە بەهار ..... 243
حاشیەی پێنجوینی بەسەر ئادابەوە ..... 244
دانراوێکی مامۆستا سەید عەلی بەرزنجیی ..... 244
داستانی (تاڵەبانی)یان ..... 246
بایەخی ئەم دانراوە ..... 254
باسێکی دەستخەتەکە ..... 255
مامۆستا شێخ جەعفەری بەرزنجیی ..... 258
دانراوەکانی ..... 258
مامۆستا شێخ محەممەدی کوڕی عەبدوڕەسوڵی بەرزنجیی ..... 262

کورتەیەکی ژیانی مامۆستای باسەکەمان ..... 266
مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان ..... 269
ناوی و بنەماڵەی ..... 270
لە دایکبوونی ..... 270
ژیان و خوێندنی ..... 270
کۆچی دوایی ..... 272
بلیمەتی و زیرەکیی ..... 272
١- لایەنی تەرجەمە و وەرگێڕانی دەقەکە ..... 274
٢- ئەمانەتی عیلمیی و پێشکەوتنی لە چەرخی خۆی ..... 274
٣- نووسینەوەی بێ هەڵە و بێ کوژانەوە ..... 276
دانراوەکانی ..... 277
یەکەم: اقتران النيرين في مجمع البحرين ..... 278
دووەم: الدرر النضيدة في شرح منظومة الفريدة ..... 280
سێیەم: قەواعیدی نەحو و صەرفی کوردی ..... 280
هەندێک لە کار و فرمانی تورکیایی ..... 280
جارێکی دییش شێخ ڕەزای تاڵەبانیی ..... 283
مختصر الچغمینی و شەرحەکەی یان دانراوێک لە هەیئەتدا ..... 283
دانراوێکی دیکەی مامۆستا مەلا محەمەدی تەوەکەڵی ..... 284
کتێبی دۆعای شێخ حسەینی بەرزنجیی ..... 286
داستانی ئەسپی ڕەش ..... 289
سەرباسەکانی داستانەکە ..... 289
کۆتاییەکەی ..... 290
دانراوێکی مامۆستا مەلا مەحموودی حەکاریی ..... 290
باسێکی دەستخەتەک ..... 292
شا حسێن ..... 294
باسێکی دەستخەتەکە ..... 296
دانراوەکە ..... 296
سەرباسەکان ..... 299
نوسخەیەکی دی ..... 302
باسێکی دەستخەتەکە ..... 302
چەند بەیتێکی کۆتایی دانراوەکە ..... 303







(مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی د. مارف خەزنەدار لە تای ترازووی نووسینی مێژووی ئەدەبدا ..... 308
ئەدەب کامەیە ..... 309
ناوی شوێنەکان ..... 313
ڕێبازی د. مارف لە نووسینی مێژوودا ..... 321
دەبێ مێژوونووس چۆن بێت؟ ..... 321
لایەنێکی دی بێ ڕێبازیی و پابەند نەبوون ..... 324
چەند خاڵێکی دی ..... 326
ئەنجام ..... 334
(التحفة الكردية فاكهة القصيدة البردية)ی مامۆستا شێخ عەزیزی دۆڵپەموویی ..... 335
(ڕۆمیی) شاعیرێکی نەناسێنراوی کوردە ..... 337
ڕەواندز ساڵی ١٢٨٤ی کۆچیی شار و لیوا - پارێزگا - بووە ..... 340
مامۆستا مەلا خدری ڕواریی ..... 346
شوێنەوارێکی دیکەی بنەماڵەی ڕوواریی ..... 355
دانراوێکی مامۆستا مەلا ڕەسووڵی سوورچیی زەکیی ..... 361
باسێکی دەستخەتەکە ..... 362
مامۆستایەکی دیکەی شەوەکیی ..... 365
(فرح الضمیر)ی مەلا صالح بەگی شەیدایی ..... 366
باسێکی دەستخەتەکە (دانراوەکە) ..... 367
کۆتاییەکەی ..... 368
میرزای شێخانیی کێیە؟ ..... 372
باسێکی دەستخەتەکە ..... 376
مامۆستا میرزا ..... 379
نوسخەیەکی نایابی دیوانی (عارف) ..... 383
مامۆستا مەلا عەبدولعەزیزی کوڕی مووسایش مامۆستایەکی دیکەی نەناسراوی کوردە ..... 389